- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر

**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری


**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

- لۆگۆ و بەرگ

**ئاسۆ مامزادە**


١٠٤

**مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە**

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ کانوونی دووەم ٢٠٠٥**



**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**



**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

# ناوەڕۆکی

## ● سەروتار

- میوانداریی کردنی ڕۆشنبیرانی غەیرە کورد.. سەرنووسەر 3

## ● دەق

- ناوم بنێن ماڵەوە.. جەلال بەرزنجی 4
- سادەیی چاوەڕوانکردنی یارە لە سیلەی کۆڵاندا.. هیوا قادر 7
- عومرێک لە سێبەرەکانی سێو.. چنوور نامیق حەسەن 8
- شنای.. ئازاد دلزار 11
- سیارۆ.. تریفە دۆسکی 12
- چەپکە شیعرێکی فازیل ئەلعەزاوی.. لە عەرەبییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا 13
- ئەوەی گوت نیتشە.. د. موحسین ئەحمەد عومەر 15
- من کێم؟.. جەلیل کاکەوەیس 26
- کەمێ لەولا سنوورەوە.. ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی 31
- مردن.. سەلام مەنمی 34
- پەسەند.. موحسن عەبدولڕەحمان 36
- دەیزانی خەریکە دەمرێ.. لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی 37

## ● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ نووسەری ناودار (محەمەد ئوزون)ی ڕۆماننووس.. ئا: ئازاد عەبدولواحید - د.موحسین ئەحمەد عومەر 39
- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (ڕۆستەم ئاغالە).. ئا: کامەران حەمەکەریم سوبحان 54

## ● لێکۆڵینەوە و ڕەخنە

- سەمەندی سیابەند قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت.. د. مارف خەزنەدار 64
- نالی و سۆفیگەری.. د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود 74
- لیریکای نیزامی گەنجەوی و کورد.. عادل محەمەدپوور 83
- صەیدیی هەورامی و چەند لایەنێکی جیهانەکەی.. عوسمان محەمەد هەورامی 92
- «خەزعەل ئەلماجیدی» و گەشتەکانی عەقڵی شیعری.. هاشم سەڕاج 99

## ● وتار

- لیۆتارد.. فەلسەفە و دابڕان و بەخۆداچوونەوە.. لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 110
- کیربلۆف.. لە تورکییەوە: یووسف عزەدین 114
- چیرۆکنووسین و ڕەخنەگرتن لە چیرۆک.. لە فارسییەوە: هاوار ئەحمەد 118

## ● هزر و فەلسەفە

- سایکۆلۆژیای زیرەکی.. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی 122
- هولدرلین و گەوهەری شیعر.. لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز 130
- تۆماس هۆبز گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک بنیاتی کۆمەڵگای.. لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی 140
- تیۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی.. لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 147

## ● مێژوو - کەلەپوور

- سووررداش.. عەبدولڕەقیب یووسف 158
- بنج و بناوانی میتۆلۆژی خەتەنەکردن.. محەمەد سلێمان عەباس 167

## ● زمانزانی

- چۆن زمانی نەتەوەکەمان تێدەگەین.. زەیتۆ شێخانی 173

## ● هونەر

- ترۆپکی چێژگەیاندن بە بینین.. سۆران ئیسماعیل 181
- فیستیڤاڵی موزیکی کورد یان کۆنسێرت و گۆرانییە.. نەشمیل کرمانج 185
- من و پیتەر بروک.. دانا ڕەووف 187
- ڕۆژێک دێ، با بمانبات.. عەلی دەسماڵی 189
- وێنەگرتنی دیجیتاڵی بەراوردکارییەک لەنێوان.. فارس سەعدی 191

## ● خوێندنەوەی کتێب

- نووستووی بەرباران.. لێدوانی: کەریم سۆفی 193
- هاوار و هاوارییەکان.. لێدوانی: عەتا عەبدوڵڵا 196
- کەسێتی تاکی عیراقی.. لێدوانی: ئارام عەلی سەعید 199
- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی.. لێدوانی: جەلال سنجاوی 204

## ● دۆکیومێنت

- دووەم خەلاتێ ئۆسمان سەبری.. ئا: ئەحمەد قەرەنی 206

## ● ئێستێک

- شیعر وەک چالاککردنی هەستەکان.. سەباح ڕەنجدەر 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# میوانداریی کردنی ڕۆشنبیرانی غەیرە کورد

* دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی لە پاش ساڵی ١٩٩٨ بە دواوە کەناڵەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئێمە هەریەکەی لە ئاستی خۆیەوە کەوتنە بانگهێشت کردنی زۆر ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و نووسەر بە مەبەستی سەردانی کوردستان و بینینی ئەو واقیعەی ئەمڕۆمان و ئاشنابوون بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئێمە. ئەمە کارێکی چەندی بڵێی باشە هەنگاومان بۆ ناوە، بەڵام لە کەموکوڕیش بەدەر نییە.

* داخەکەم هاتنی ئەو کەسانە لە نەتەوەکانی وەک عەرەب و فارس و تورک و بیانی لە توێژی [ڕۆژنامەنووس- هونەرمەند- نووسەر] و هەڵبژاردنیان بۆ سەردانی کوردستان هیچ پێوەر و بنەمایەکی نییە و تا ئێستا لەلایەن ئێمەوە بە لێکۆڵینەوە و بەرنامەیەکی تۆکمەوە بانگهێشت نەکراون، بۆیە ئەوانیش کە هاتوون و گەڕاونەتەوە تۆزقاڵێک ڕاستییەکانی ئەو هەرێمەی ئێمەیان نەگواستۆتەوە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، کتێبێک، بگرە زۆرجار بێویژدانانەش کەوتوونەتە وێزەی ئەو ئەزموونەی ئێمە و شێواندوویانە و بێئەمەکانە لە کورد و کوردستان دواون و سەلماندوویانە لە ئاستی ئەو خزمەت و ڕێزە نەبوون کە لێیان گیراوە.

* وەک چۆن لە سیاسەتدا، سیاسەتمەدارەکانی ئێمە لەسەر بنەڕەتی دانان بە دروشم و داوایەکانی میللەتەکەمان هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەبەستن، لە بواری ڕووناکبیری و هونەری و ئەدەبیشدا پێویستە پێوەرێ هەبێ بۆ داوەتکردنی ئەو جۆرە کەسانە، بە لانی کەم دەبێ دۆست و لایەنگری کورد و دۆزە ڕەوایەکەی بن، ناکرێ کەسێک هێندە ناحەزو دڵڕەش بێ و ئێمە بهێنین لەسەر دەستانی بگێرین تا پەنجەی هەنگویناوی هەبێ بیمژێ و دواییش کە هەنگوینەکە نەما گاز بگرێ، بە تەجروبەش بۆمان دەرکەوتووە بەشێکی زۆری ئەوانەی هاتنە سەردانی کوردستان لە گەڕانەوەیاندا کەوتنە شێواندنی ڕاستییەکان و وێنەکان و بوختانیشیان پێکردین!

* ئەوانەی باوەڕیان بە کێشەی ڕەوای میللەتەکەمان هەیە و بە دەمارگرژی و شۆڤینییەتەوە بەرانبەرمان هەڵوێست وەرناگرن و جارێ دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ ئێمە داوە و داکۆکیمان لێدەکەن ئەوانە هەرچییان بۆ بکرێ شایانن، بەتایبەتی مەبەستم لە توێژی ڕۆشنبیرانیانە، نەک سیاسییەکانیان کە هەر ڕۆژە و سەعاتە بەپێی گۆڕینی ئاووهەوایەکە بیروڕایان بەرانبەرمان دەگۆڕن، مەبەستم ئەو نووسەرە دەمارگیر و شۆڤینستانەیە کە باوەڕناکەم لە شەوو ڕۆژێکدا قەناعەتیان لە سەنگەری دژایەتی و ناحەزییەوە وا بە ئاسانی بگۆڕێ.

* عەرەبەکان پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد تا بتوانن (ڕۆجیە گارۆدی) لە گۆنگرەیەک، کۆنفراسێک حازر بێ بە دوو دێریش بێ هەڵوێستی خۆی لە مەڕ کێشە مەرکەزییەکەیان (فەڵەستین) دەرببڕێ، کەچی ئێمەی کورد پشتیوانی وەک (سارتر) و (ئەلبرت مۆرافیا)مان هەبوو، یەکەمیان بە نابینایی لەگەڵ (سیمۆن دی بۆڤوار)ی خێزانی بۆ کورد و کێشە ڕەوایەکەی بەشداری لە خۆ پیشاندانددا دەکرد کەچی کەسێکمان نەچووینە لایان و نەمانتوانی ناوبانگ و کاریگەریی ئەوانە بەسەر خوێنەرەکانیان لە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە.

* کورد بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لە بانگهێشت کردن و میوانداریی کەسایەتی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕۆژنامەوانیی کاریگەر درێغی نەکات، بە تایبەتی لە ناو هەر سێ نەتەوەی سەردەست کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چونکە دەتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە کار لە ڕای گشتی بکەین و سۆزی ئەو ڕای گشتییە بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، نەخاسما ئەوانەی قسەیان گوێی لێدەگیرێ، بەڵام لەو مەسەلەیەدا پێویستمان بە پێداچوونەوە هەیە تا چیتر کات بە فیڕۆ نەدەین و خەرج و مەسرەف لە کەسانی ناحەز و پەراوێزی و بێ تەئسیر نەکەین کە ئەنجامێکی لێ بەدەست نایەت و بە هیچ جۆرێ بە قازانجی ڕۆشنبیری و کێشە ڕەوایەکەمان ناشکێتەوە، لەو بوارەشدا ئەزموونی تاڵمان لەبەردەستدایە.

* لەبەر زۆریی داوودەزگا و کەناڵی ڕۆشنبیری و ئیعلامی، ئێستا کارەکان بەمگێزی کەسەکان بەڕێوە دەچن و نزمترین ئاستی هەماهەنگی لەنێوان ئەو دەزگا و کەناڵانە نابینرێ، بۆیە هەر دەزگایەک بۆ خۆی کار دەکات و چی ویست و چۆنی ویست ئەوە دەکات، زۆر جاریش ململانەی ناڕەوای نێوانیان کاری سەیر و سەمەرەی لێدەبکەوێتەوە. لەو کاتەدا دەکرێ ڕۆشنبیریی کوردی لەو پاشاگەردانییە قوتار بکرێ و کاری زۆر بەردار و گرنگ و ستراتیژی هەر بەو توانایانەی بەردەستمان ئەنجام بدەین.

* بێگومان هەر کارێک بکرێ ئامانج و نیازی خۆی لە پشتە، تەنیا لەلای ئێمە نەبێ کاری بێ ئامانج و پڕ مەسرەف و بێ سەمەر دەکرێ و لێپرسینەوەی بەدواوە نییە. زۆرجار کارێ دەکرێ بە مەبەستی کۆکردنەوە و ڕازی کردنی توێژی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، کەچی لە جیاتی ڕەزامەندیی دەبێتە مایەی گلەیی و تووڕەیی و بێزاری ئەو توێژە حەساسە. پێم وایە تەنیا عیلاجێکی ئەو پاشاگەردانی و میزاجییەت و کارە لاوەکییانە پێکهێنانی **(ئەنجوومەنی باڵای ڕۆشنبیری و هونەر)**ە کە دەبێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێ تا کاری ستراتیژی بکرێ و بمێنێ و خۆمان لە کاری پەراوێزانە و سەرپێیی ڕزگار بکەین و لەبەر ڕووناکی پیلانێکی تۆکمە و بەرچاوڕوونانە ستراتیژی کارەکانمان دابڕێژین.

**سەرنووسەر**



# ناوم بنێن ماڵەوە

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)

(١)
باڵندەیەک،
پێش بەیانی،
لە خەوم هەڵدەستێنێ
و
تەماشای ڕۆژێکی تریشم لێ دەگۆڕێ
(٢)
دەمێکە ڕووبارێک بە دوامەوەیە،
دەیەوێت،
لاساییم بکاتەوە!
(٣)
نەورەسیش سەر زەریای جێهێشت،
دوور دوور فڕی
من
و
ئەو
دەمێکە بە ماڵەوە ناکەوینەوە
(٤)
ئەو شوێنەی بۆی دەچم،
وەک جوانی ئەدرێسی نییە!
(٥)
لە ڕێگای چوونە مەکتەب،
تەماشای هەردوو لای پەلکە گیای سەر ڕێگام دەکرد
(٦)
شانەکەی،
لەناو جوانی خۆیدا جێهێشت
(٧)
گەر هاتییەوە،
خەیاڵ لەبیر نەکەیت

(٨)
ماکرۆسۆفتێک،
لە نهۆمی سەدو بیستەمی باڵەخانەیەک،
غلۆر بووەوە
لای کونەمشکێک وەستا!
(٩)
شەوێک بەناو شیعری،
شاعیرێکدا ڕۆیشتم،
زانیم لە وڵاتی ئەودا جوانی لە کوێیە!
(١٠)
بەیانیان،
لە خەو هەڵسایت
دەرگای ماڵەکەت بخەرە سەر پشت
(١١)
مۆمەکە بۆ دوایی هەڵگرە
(١٢)
کاتێکی گونجاو بوو،
بۆ فرینەوەی بە خۆڕایی
(١٣)
چیتر نامەم بە شەماڵدا
بۆ مەنێرە!
(١٤)
لە هەر کوێیەک
گوڵت بینی بۆی بووەستە
(١٥)
تا ئێستا،
خەریکی نزیک کردنەوەی،
نێوان
هزر
و
دڵم
(١٦)
بۆ چوونەوە منداڵیم
یەکسەر دێمەوە لای ئێوە
(١٧)
ئەوە کۆتاییە
(١٨)
هێشتا توانای
خۆشویستنم ماوە
(١٩)
مرۆڤ ناوی نهێنی،
خودایە!
(٢٠)
لە بنەوەی ڕوح
ئازادی تەنیا بوو
(٢١)
بەیەک خێرایی
ئەوخۆر جێیان هێشتم
(٢٢)
لە تەنیشت گۆڕی شەهیدێک
شوێن پێی دایکێک بووە دار بەڕوو
(٢٣)
کەمێکی تریش ڕابمێنیت
ڕووناکی ناخت زیاد دەکات
(٢٤)
ڕەنگەکان
لە نێوانماندا ون بوون
(٢٥)
بڕۆ بە شوێن ئەوەی خۆشت دەویست
یان بخەوە
(٢٦)
هیچم نەماوە،
لەبەر خۆمەوە گۆرانی بۆ بڵێم!
(٢٧)
کە ڕێگاکان بەرەو ماڵ
ببنەوە،
نازانم ئەم سەفەرە درێژەم بۆ کرد؟
(٢٨)
لەگەڵ پایز،
دنیا جوان دەکەین
(٢٩)
ڕووبار هەمیشە لەشی
نەرم ترمان پێ دەدات
(٣٠)
لە ڕێبەندان،
هەمیشە هەتاوێکی گەرمم بوو

(٣١)
با لەوەتەی هەڵی کردووە
بەرێی خۆی نابینێ
(٣٢)
زەریا،
لە تەنیاییە گەورەکەیدا
خەریکی شێت بوونە
(٣٣)
ئەو سێبەرەی،
لە کەناری ئەلوەند
جێمان هێشتبوو
بووبووە لم
(٣٤)
ئەو بەردانە،
پەیوەندییان بە داگیر کردنێکی کۆن هەیە
(٣٥)
بۆ چوونە گۆڕیش خۆی نەگۆڕی
(٣٦)
کات،
هەروا لەسەرت وەستاوە
(٣٧)
ئەمشەو مانگ
شتێکی ڕەنگ نەکرد
(٣٨)
ڕێگای گەڕانەوەم
لە سەرەخۆ ڕژایە زەریا
(٣٩)
نیوەی گەڵاکانی،
ئەم پایزەشم نارنجی کرد
(٤٠)
زۆربەی حیکایەتەکان،
مەبەستیان نەبوو!
(٤١)
حەوت ساڵە،
تەیر لێی داوم
(٤٢)
گەر منتان ون کرد،
لە تەرمیناڵێک دەمدۆزنەوە

(٤٣)
بە پەیژەی ڕوحدا
دەتوانن سەرتر کەون
(٤٤)
ئەو قەڵەباڵغییەی کاتی لێ بردبووم
هەروا لەوێیە
(٤٥)
هەستم بەر بۆتەوە،
ناو کۆمەڵێک،
هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ
(٤٦)
هەندێک شتم بیر کەوتەوە،
مەبەستم بوو
لەبیریان کەم
(٤٧)
لە شوێنێک دەگەڕێم،
خەونی تیا نەبینم
(٤٨)
لە جیاتی ڕیشۆڵەی،
ناو بەفری حەوشەکەیان
تەپکەکە بەسەر ویژدانیان دا ڕووخا
(٤٩)
ئەم تەمومژە بوو،
منی گەیاندە ئێرە
(٥٠)
خۆر بە تیشێرتێکی ڕەنگین،
لە گۆمی پوونگانی دڵشاد ئاوابوو
(٥١)
شەوێک لە (سکتان)
کوندە پەپوویەک
لە ترسی دەنگی خۆی نەخەوت
(٥٢)
سێبەر بووایە،
ئێوارەیەک،
دەمبینی

نۆڤەمبەری /٢٨/٢٠٠٥

# ساده‌یی
# چاوه‌ڕوانکردنی یاره له سیله‌ی کۆڵاندا به‌بێ ئه‌وه‌ی ده‌رکه‌وێ

هیوا قادر
(سوێد)



له ساده‌ییدا من هه‌ر هاواری خوا ئه‌که‌م،
من ئه‌و بانگ ناکه‌م
من به‌دوای خۆمدا ئه‌گه‌ڕێم،
خۆمێک که ده‌ست به‌ڕوخساری خه‌مباریدا بهێنم و
پێی بڵێم هێنده دوور مه‌که‌ره‌وه لێم،
تا جارێکی تر ناچار نه‌بم خودا به‌دواتا بنێرم.

دوعا ساده‌کانی من
ساده‌ن وه‌ک خۆم،
دوعاکان له چاوی مندا
بۆ به‌ڕه‌نگبوونی گوڵه‌کانه
به دڵی خۆیان.

وشه‌کانی من وه‌ک ئه‌و بۆڵه‌ترێیانه ساده‌ن
که له‌به‌ر هه‌تاودا سه‌یری رووتیی خۆیان ئه‌که‌ن و
له تاوا پڕ ئه‌بن له شیرینی.

گۆرانییه‌کانی من ساده‌ن
به‌قه‌د ساده‌یی تێگه‌یشتن
له دڵیه‌شانی په‌نجه‌ره
له زوو تێپه‌ڕبوونی مانگ.

خوداکه‌ی من ساده‌یه،
خوداکه‌ی من لێوڕێژه له‌ناو ده‌نگی دڵۆپه بارانێکدا
که بێده‌نگی قووڵایی بیرێک پڕ ئه‌کات له مژده‌ی
گه‌یشتن.

ده‌ری بوونی من ساده‌یه
وه‌ک ساده‌یی بیرنه‌که‌وتنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و ماسیانه‌ی
به درێژایی عومری خۆم بینیومن.

ساده‌یه شه‌ڕی من،
شه‌ڕی من فووکردنه له‌و که‌شتییه کاغه‌زییانه‌ی
به باری پڕ له په‌یڤه‌وه
به‌جۆگه‌له‌کاندا
ده‌یان نێرم بۆ دورگه نه‌دۆزراوه‌کانی ئینسان.

ساده‌یه لاساریم
لاساری من ختووکه‌دانی ژێر سکی هه‌وره‌کانه
بۆ گه‌یشتنی رووناکی به‌هه‌موو جێ.
ته‌کاندنی تاریکییه به‌ڕۆژی نیوه‌ڕۆ.
به‌ڕۆژی نیوه‌ڕۆ دزیکردنه له‌شه‌و.
..................
ساده‌یی
ته‌قولبابه له ماڵی ئالۆزی
تا ژیان به جامۆلکه‌یه‌ک ئاوه‌وه ده‌رگام لێبکاته‌وه.

# عومرێک له سێبه‌ره‌کانی سێو

چنوور نامیق حه‌سه‌ن
(که‌رکووک)

بۆنی سێو دێ
ئه‌وه‌ی که به دزییه‌وه گازمان لێگرت
ئه‌وه‌ی به‌ده‌م خواردنێوه
خوێن له لێوه‌کانمان ڕژا
ماچه‌کانمان به ده‌مێوه زامار ئه‌بوون
ئه‌و سێوانه‌ی به به‌ربوونه‌وه‌یان خه‌یاڵ ئه‌بووین
بۆنی گریان دێ
تامی نمه‌ی ئه‌و ده‌مانه‌ی
که له تینوێتی چاوه‌کانمدا ون بوو
تا خه‌م بڕکا
بۆنی نائارامیم لێدێ و قه‌ت بڕ ناکه‌م
ئه‌مێستا ئادەم به به‌رچنه‌یه‌کی قووڵه‌وه
گشت دارسێوه‌کانی به‌هه‌شت
ڕووت ئه‌کاته‌وه و پڕ نابێ
بۆنی شه‌رابی سێوه حه‌رامزاده‌کانی دنیا دێ
که چۆن به‌ره‌و ئه‌مارەته‌کانی خه‌یاڵ
کێشمان ئه‌که‌ن

*   *   *

ترپه‌ی سێو دێ
سێوی گه‌ییوی نیوه زامار
زامار به گه‌زه‌نده‌ی کاڵی پێش خه‌وتنمان
به‌و خه‌ونانه‌ی له بێداریمان وه‌ڕس بوون
زامار زامار
به‌خوێنی ئه‌و هه‌نارانه‌ی
که له پیاسه‌ی ئێوارانه‌ی کانییه‌کدا به‌ڕێوه بوون
ئه‌و هه‌ناره‌ی که ئه‌وه‌نده له‌من ئه‌چێ
به شنه‌یه‌کی بێتاوان



لەناو حەسرەتی کانییەک ئەبێتە گوڵە فرمێسک و
ئەڕژێتە ناو مەنفای تاری دیدارتەوە
* * *
بۆنی ئەو شەوانەم لێدێ کە زامار بووم
بە خوێنی هەنارە پژاوەکان
هەنارە دزراوەکانی گوڵان
ئەوانەی بە نمە میهرەبانەکانی چاوم لێبوونەوە
دزراو لە باخەکانی لێزمە بوون
ئەوانەی لە ئاودا ون بوون
ئەو ئاوەی ئێمەی لێهاتینە بوون
بوونێکی ڕەنگاو ڕەنگ بە پەرتبوون
ئاخ چ ژیانێکە پەرتبوون
لە ژێر شینی ئەو ئاسمانەی
خەو بە دڵۆپە عەیارەکانی چاوی شەوەوە ئەبینێ
* * *
هەنارێک غل ئەبێتەوە و
دەنکە خوێناوێکانی کۆ ئەکەمەوە
خەون بە پەرتبوونی درەختەکانی مەحشەرەوە ئەبینم
ئاخ چی خەیاڵبوونێکە پەرتبوون
لەژێر تنۆکە خەواڵووەکانی ئاسمان
* * *
بۆنی سێو دێ
سێوی نیوە گاز لێدراو
ئاخ چەندە بەتامە گریان
بە دەم خواردنی سێوە زامارەکەوە
چەندە ژیانە فەنا بوون
لەژێر سێبەری سێوە دنیا دیتەکەدا
چەندە بێتامە تووڕەییم
بەدەم کۆنە زامانەوە
چەندە مەستە خواردنەوەی هەناسەکەم
بەدەم زەردەخەنەی تووڕەی
خواوەندەکانی عەشقەوە
بۆن دێ لە بۆنی زوڵاڵی هاوارم
دایکایەتیم تا قیامەتیش بڕ ئەکا

لایلایەکەم نەغمەی گڕو گاڵی مردووی
لێهەڵئەستێ
مردوو لە قینی تووڕەییم لە غەریزەکانی جێمان
لە تووڕەبوونی ئەو پیاوەی بەبێ ویستم
گازی لە سێوەکەی دەستم گرت و
پەنجەیەکمی بریندار کرد
* * *
بەسورمە بارینی نیگام
پرشی فەلسەفە ترساوەکانی شەو دائەگیرسێ
هەتاکو دە بانگت ئەکەم
بۆ گەڕەکی پرسەگێڕە نەفامەکان ئەڕۆمەوە
بۆنم لێدێ
بۆنی گلەییەکانی قەدەر لە دەمی شەوەکانی عومرەوە
ئەو عومرەی کە هەڵمی دراوسێکانی ئەوساکەی
لیهەڵئەستێ
بۆنم لێدێ
بۆنی عەتری خەواڵووبوونی ئەو کچە جوان بۆشانەی
تەنانەت ماچەکانیشیان بۆنی درۆی لێهەڵئەسێ
بۆنم لێدێ
بۆنی گریانی ئاسمان و ئاژاوەی قومار بازەکانی مێژوو
گڕوگاڵی کۆرپەکەم و
ماچەکانی هاوسەرەکەم بە درۆ ئەخاتەوە
دەنگێکی دوور لەخوار ژوورەکانی ژوانە کۆنەکەمانەوە
کەڵەشێرە جێماوەکان خەبەر ئەکاتەوە
زۆر بەپەلە جڵەوی ڕۆژەکان ئەگرێ و
چەپک چەپک بەرائەتی ویژدانمان
لێ ئەکاتەوە
* * *
بۆنم لێدێ
بۆنی پیاوگەلێک لە سێبەر
کە گشت ڕۆژێ هەندێ لە لایلایەکانم
لە چاوی کۆرپەکەم ئەکەنەوە
پیاوگەلێک لەبەرگی مێژوو
کە عومرێکە ڕاوە سێبەری عەسرەکانمان ئەکەن

له مێژووی پاشاکانەوە سێبەرەکان ئەشێوێن
بەرائەتمان لەگەڵ سەرماو گەرما و گەردەلوول ئا ڵوگۆڕ
ئەکەن
بۆ هەمیشە ئەمشێوێنی
دەنگم لێدێ
دەنگی شپرزەیی مێژوو بە چەکمە نیوە دڕاوەکانێوە
بە شوێن سەرابا ڕا ئەکا
ئەو گاز لە هەموو سێوەکانی نێوان دەست و یەخەم
ئەگرێ
بەبێ ئەوەی تامی هیچ کامێکیان بکات
هەر هەموویان زامار ئەکاو
لە لاڕێی کۆڵانەکانی پیاوێکی تر توورپیان ئەدا
ئەو کۆڵانانەی بە ئەمانەت تۆزێ لەولای ژیانەوە
جێمان هێشتن
ئا ئەو شوێنەی تاکو ئێستاش
فەلسەفەی پیاوە جوان کوژەکانی تیا ئەخوێنرێ
*   *   *
دەنگم لێدێ
دەنگی درۆی دەسگیرانە گەوجەکانم
دەنگی بەبا چوونی عومرم
بۆنی پیاوە دۆڕاوەکانی دیوەخانەکانی ژیان
جگەرەکانی سەر لێوی شەوگارێکی درەنگم
پێ ئەناسێنێ
ڕەنگە لێوە هەڵئەقوڵێ
زەردی وێڵ و سەوزی کاڵی سەر لێشێواو و سپی
چون گەمەی دیار بەشەوبوونی هەموو زەمین
ئەو ڕەنگانەی بەدەست پیاوانی پاڵ سێبەرەوە
تێکەڵ کران
*   *   *
بۆنم لێدێ بۆنی ئیمان هێنان بە خەیلقەت بە مەرگ
بە ژان
بە عەشقێک کە هەڵمی نیشتمانی سەربڕاوی
لێهەڵئەسێ
بۆنی مەرگەوەرترین جەنگی ئەمجارە

چرپە بێ لێوەکانی دیار شەوێک ئەکاتە ڕۆژی نیوەڕۆ
بۆنم لێدێ بۆنی تۆ لە نیوەڕۆیەکی ماندوو
پڕە لە باوێشکەکانی مێژوو
تاساوم و بۆنی گوناهی ئەو سەربازەم پێوەیە
کە دوێنێ شەو زۆر بەپەلە
ماچێکی لە لێوی سەماکەرێکی بێ پەنا کردەوە و
تیژ تێپەڕی
بۆنم لێدێ بۆنی سێوە نیوە زامارەکانی سەر لێوم
قەدەرێکە لەتە گوناهاوێکانیم توور هەڵداوە و
سێبەری ئەو باخەوانە گەوجە بەسەریدا ڕاکشاوە
لێ سبەینێ ئەو کازیوەیەی کە مەحشەر
بۆنی قەسیدەکانی من ئەگرێ
دەمەو سوبحێکی وەکو رووم
هەزاران ڕوخساری توورەی وەکو منی لێئەخولقێ
*   *   *
بۆن دێ
بۆنی درۆی مەعشووقەکانی پاڵ مێژوو
ئاخ ئەی مێژوو
ئەی پەرتووکی گوناهەکانی خەیلقەت
ئەی بەهەشتی گوناهاوی ناو کوشتارەکانی دنیا
دوور لە شپرزەیی و دووریت خەو ئەمگرێ
هەتاکو عومرم هەتەر کا
هەر بۆنی میوە زامارەکانم لێهەڵئەستێ
بۆنی سێوی نیوە مردوو و
هەناری لەت و شەقار بوو
هەتاکو عومرم هەتەر کا
بۆنی میوە دزراوەکانی بەهەشت
لە لێوانمەوە هەڵئەستێ

٢٠٠٥/٧/٢٤

# شنای

ئازاد دڵزار



من و مەدام
بەکرمانجی دەئاخاوتین
لە بازاڕێکی ڕۆشن و پاکی «قزلای».
کچێکی بەژن بەیداغی،
بە گەردنی هەڵکشاو و یەخەی والآی
دەنگ وەک ئۆرگونی کلیسا،
دەستی هێنا گوتی: «شنای».
– «منیش وەک هەوە کورمانجم.
خەلکی باژارکێ «ئاگری»مە.
هەر شۆلەکی بەمن چێبت
ئەز حازرو لسەر پێمە
دیاو بابێت من حەژی دکەن
گەر هەوە مێهڤانیت مەبن.
قەدرێت وە لسەر سەرێ مە»..
شنای جوان
وەک گوڵە بەڕۆژەی بەر هەتاو
تەنکەڵەو ناوقەد زراوکە
جلوبەرگ زەردو بەڵەک،
وەک ڕەنگی هەنگ و زەرگەتە!
چاو گۆمیلکە ڕاوی هەنگوین
پڕ لە پاکی پڕ لە ئەوین
دواتر گوتی:
– «لبۆ زارۆک لگەل نینە
ئەدی بچیک لکێرێنە؟»..
– شنای جوانم
شەپۆلی مانگ لە هەمێزی
گۆلی «وان»م!.
چڵە ڕەیحانە کێویلەی ئاگری داغم
کزە کزی جەرگی داغم
تۆ زارۆکی ناو هەلورکی* دڵی منی
ئێستە لێرە
تۆ تەوان و سەبری منی
ورشەو چراخانی «قزلای»
کچە تاقانەکەی ڕۆحم
شنای... شنای!.

١٦– ٧ – ٢٠٠٥
ئەنقەرە – قزلای

* هەلورک: جۆلانە

# سیارۆ

تریفە دوسکی
(دهۆک)

سیارۆ
هو ئەوێ تو سیارێ خەونێن من بووی دوهی
ئەڤرۆ ددلی دا بوویە بهارەکا بەهی
چەوا شعرێن تە بخوینم و ببمە روحەکا کەهی
هەرۆ لبەر سینگێ ڤی وا هاتو دکەی بەهی
دا بدەمە تە ماچەکا ژوان لێڤێن سپەهی


ئیدی ئەز بێهنا جاران ژ تە ناکەم
ئێدی ئەز خەریبی ژ چاڤێن تەدا پەیدا ناکەمێ
دچاڤێن تەدا بارانێن زیندانکری دبینم
ئها دێ پەڤن و ڤولکانەکا دی وان کەتە سیبەر

هەموو وەختی خۆ ببە بێدەنگیێ بێ مفاییە
تبلێن تە ژ تبلێن من درەڤن
هوزانێن تە لسەر پەرێن من دبەزن
تو وەکی باروڤانی جارێ هاری
جارێ بهاری
جارژی گژلۆکەکا سارباری
جارژی زستانەکا گرداری
جارژی سیارەکێ خەریب و هەژاری



# چەپکە شیعرێکی
# فازیل ئەلعەزاوی

و/ د. سەروەر عەبدوڵڵا
(ئەڵمانیا)



## پێک

سەرباری ئەوەی مەست و غەمگینم و توانام لە قسەکردن نەماوە
لێمگەڕێن با پێکەکەم بۆ دواجار بەرز کەمەوەو بیخۆمەوە:
پێکی ئەو کوێرەی لە تاریکیدا دەبینێت
پێکی ئەو لاڵەی لەسەری چیادا لەگەڵ خودادا قسە دەکات
پێکی ئەو کەڕەی گوێ لە مۆسیقای ئەبەدی دەگرێت
پێکی شاعیر وەختێ ئاگر لە خوداوەند دەدزێت
پێکی خودا وەختێ جیهانێکی تازە لە جاری داهاتوودا دروست دەکات
پێکی شەیتان وەختێ گرەوی خۆی دەدۆڕێنێت و دەگەڕێتەوە دۆزەخ
پێکی دایک کە بەهەشت لەژێر پێیەکانییەتی
پێکی کچەی ئاشق کە لە کەناردا چاوەڕێیە
پێکی ئەو هاوڕێیەی کە نکووڵیمان لێناکات تەنانەت گەر کەڵەشێر سێ جاریش بقووقێنێت
پێکی ئەو ئەهریمەنەی سۆسە ناخاتە دڵی خەڵکەوە
پێکی سێدارە وەختێ بۆ لە سێدارەدراو سەر دادەنوێنێ
پێکی ئەو جەللادەی وەختێ خۆی بەرقامچی خۆی دەدات
پێکی ئەو قوربانییەی وەختێ لە ئازارەکانی خۆی ڕادەپەڕێت
پێکی ئەو چۆلەکەیەی وەختێ قەفەسەکەی جێدەهێڵێت
پێکی ئەو وڵاتەی لە ژێریا ئاوەڕۆیە
پێکی ئازادی تا کۆتایی
پێکی ئەو جیهانەی وەک موڵکێک بۆ هەموو کەسێک بێت
پێکی ئەو فەرمانڕەوایانەی بە یاساوڵ دایاندەمەزرێنین لە مۆزەخانەکاندا
پێکی ئەو درەختەی ڕەگی لە قووڵایی زەویدا داکوتاوە
پێکی ئەو مانگەی وەختێ گوێڕادێری سکاڵای عاشقانە
پێکی خۆر وەختی سەرما بردەڵەی ڕەشەمێ
پێکی ئەو هەسارانەی هێشتا لە تەقینەوەی یەکەمەوە دەپرژێنەوە
پێکی ئەو بەهەشتەی لەسەر زەمینە
پێکی ئەو دۆزەخەی دەرگاکانی بە چەمەنتۆ دادەخەین
پێکی ئەو ڕابردووەی یادگارییەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە
پێکی ئەو ئایندەیەی وەک ڕووبارێ هەڵدەڕژێتە شەقامەکان
پێکی ئەو دواڕۆژەی بەبێ پەیژە پێیدا هەڵدەگەڕێین
پێکی ئەم ژیانە جوانە کورتە.

## کاتێک کە دەمرم

حافز لە مەیخانەکەدا پرسیاری لێکردم:
دەتەوێت خەڵکی چیت بۆ بڵێن کاتێک کە دەمریت؟
لە کاتێکدا پێکەکەم تا ئەوپەڕی مەستی هەڵدا.. گوتم:
ئەگەر مردم ئەوا هەموو خراپەکارییەکانم بژمێرن
چی بەلامەوە گرنگ بێت لەوەی خەڵکی دەیڵێن؟
ئەوەندەم بەسە کە من شاعیر بووم.

**لە خراپترین حاڵدا**

ڕەنگە ئەستێرەیەک...
ڕەنگە مروارییەکی ونبوو...
ڕەنگە کەشتییەکی وەلاچوو...
ڕەنگە شاخێک...
یان دارێک...
ڕەنگە ئەستێرەیەک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەریدا بێتە خوار
ڕەنگە مرواریییەک کە بەڕێکەوت بیدۆزیتەوە
ڕەنگە کەشتییەکی وەلاچوو بە پەتێک ڕابکێشیت
ڕەنگە شاخێک بەسەریا هەڵگەڕێیت.
یان
دارێک پێیدا هەڵپاسێیت
هەمیشە شتێک هەیە دەکرێت بیکەیت:
زوو بخەویت
درەنگ لە خەو ڕابیت
دەموچاوت بەسابوون بشۆیت
جگەرە بکێشیت پێش خواردنی بەیانیت
لە شەقامدا بە تەنیا بڕۆیت
لە قاوەخانەیەکدا دابنیشیت.
تەنانەت ئەگەر شتێکیش نەبوو بیکەیت
گرنگ نییە بیکەیت
چونکە لە خراپترین حاڵدا دەکرێت بەخۆت بڵێیت
(*) «So ist das Leben»

(*) " ئا ئاوەهایە ژیان" - بە زمانی ئەڵمانی-

**لە بەلەمی ژیاندا**

هەمیشە شتێک هەیە ڕوودەدات:
لە ناکاو بڕیار بۆ هەڵگیرسانی جەنگێک بدرێت
منداڵێک لە ئەشکەوتێکدا لە دایک ببێت
دڵێک لە ئازاردا شەق ببات
ئەرێ دەکرێت وێڕای لە یادکردنیان بم؟

هەمیشە شتێک هەیە بچۆڕێت:
ئاو لە ڕووباردا
شەراب لە مەیخانەکاندا
فرمێسک و خوێنیش.
ئەرێ دەکرێت بیان وەستێنم؟
هەمیشە شتێک هەیە و بزرە لێمان
ڕستەیەک لەبەر دڵمانەوە لەبەرمان کردووە
چەترێک لە یەکێک لە قاوەخانەکاندا لە یادمان کردووە
ئافرەتێک بەهەموو زامەکانمانەوە خۆشمان ویستووە.
ئەرێ دەکرێت بەم شتەوە شادمان بم؟
هەمیشە شتێک هەیە کە قەت ڕوونادات:
ملیۆنێک ببەمەوە لە یانەسیب
گەنجینەیەک لە باخچەی ماڵەکەمدا بدۆزمەوە
بۆ سەری مانگ سەفەر بکەم
ئەرێ دەکرێت خەم نەخۆم بۆ ئەم شتە؟



# ئەوهای دەگوت نیتشە...

# Ainsi Parlait Nietzsche...

د. موحسین ئەحمەد عومەر

* کەسی هەرە بەتواناو ئازا لەناو ئێمە بەدەگمەن توانا و ئازایەتی ئەوەی هەیە پێمان بڵێ بە ڕاستی چی دەزانێ...

* بۆ ئەوەی بە تەنیا بژی دەبێ گیانەوەر بی یان خودا، ئەمە قسەی ئەریستۆیە، ئەم قسەیە نوقسانی تێدایە چونکە شیمانەی سێیەمی تێدانییە، ئەمەش دەبێ یەکێکیان بی، یان ئەم یان ئەو، یانیش دەبێ ببیتە فەیلەسووف.

* هەموو هەقیقەتێک سادەیە، ئایە ئەمەش درۆیەکی دوو ڕووانە نییە؟

* لە قوتابخانەی جەنگی ژیان نام مرێنێ بەهێزترم دەکا.

* ئایە گوێدرێژ (کەر) حاڵەتێکی تراژێدی نییە؟ لەبن فەردەیەک دەڕزێتەوە کە نەدەتوانێ هەڵیگرێ نە فرێیبدا... ئەمەش وەک فەیلەسووف وایە.

* تۆ هەقیقەتی؟ یانیش تۆ نمایشکەرێکی؟ تۆ نوێنەری؟ یانیش تۆ ئەو شتەی کە نمایشت دەکەن، واتە پیشانت دەدەن؟ سەرەنجام ڕەنگە تۆ لاسایی کەرەوەیەکی نمایشکەرێک بیت، ئەمەش جۆری دووەمی هۆشیارییە.

* بەدوای مرۆڤی گەورە گەڕام، سەرەنجام تەنیا مەیموونم دۆزییەوە.

* پێشان دەیانگوت ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە مەیموونەوە دێ، بەڵام سەیرکەن ئەمڕۆ مرۆڤ لە مەیموون مەیموونترە!

**فرێدریک نیتشە...**

(١)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی بمێنێتەوە و خۆی چۆنە ئەوها بێتە پێشەوە، هەر هەمووویان ماسکێکی ئاڵۆزیان پێیە و کە لە ئەوانی دیکە نزیک دەبنەوە دەیخەنە سەر ڕوخساریان، ئەمەش ماسکێکە جوان و قەشەنگ، کە سەیری دەکەی وەک هەقیقەتێک دەدرەوشێتەوە، یانیش لەمە زیاتر هەست بە شتێکی دیکە ناکەی، ئەمەش پێی دەگوترێ هەقیقەتی ئاشکراو، ژێرەوەش پێی دەگوترێ هەقیقەتی ڕووت، هەقیقەتی هەقیقەت، ئیتر ئەو شتە هەر هەڵکەوت و ڕوخسارێکی هەبێ، بەڵام ئەوەی ژێرەوە ناوەرۆکەکەی چۆنە، چ فۆرم و پێکهاتوویەکی هەیە، هەڵبەت ئەوان دەزانن لە چی پێکهاتووە، بۆیە بۆ هەر حاڵەتێک ماسکێک لە گیرفانیان دەردێنن، ماسکێک بۆ درۆ، یەکێک بۆ هەڵوێست، یەکێک بۆ خیانەت، یەکێکی تر بۆ گیانی مافیایی و بۆنی خوێن، یەکێکی دیکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەوانی دیکە، یەکێکی دیکە بۆ حەزکردن لە پارە و، یەکێک بۆ بەدەست توێژ نزیکبوونەوە لە خەڵک، یەکێک بۆ خۆ بە بەگزادە و ئاغا و شەرافەتمەند دانان، یەکێک بۆ نزیکبوونە لە دەستەڵات و برادەرایەتی کردنی پیاوە گەورەکان، یەکێک بۆ خۆشاردنەوە لەبن وێنەیەکی مەزن و جوان، یەکێکیش بۆ جوێندان و دەمپیسی، یەکێکیش بۆ دەستراکردن لە گیرفانی بەرپرسان، یەکێک بۆ تیرۆری ئەخلاقی و دەروونی، یەکێک بۆ خۆ بە گرینگ زانین و گاڵتە کردن بە ڕوانینی ئەوانی دیکە کە هەقیقەتی ڕاستی بێ ماسکی خۆی دەزانن... تاد.

لە هەموو دانیشتنێک ماسکێک دەردێنێ، لەکاتێکدا، ئەگەر بیەوێ ئەو ماسکانە فڕێ بدا، دارو بەرد لێی هەڵدێن، برادەرەکانی لەبیری دەکەن، چونکە لە ڕوخساری، لەبن ماسکەکان، لە درۆ و خیانەت و خوێن و گیانی مافیایی و پارە پەیداکردن لەملاو لەولا، هەستی خۆ بەبچووک دانان و فێڵ و تەڵەکە و جوێن و دەمپیسی...تاد زیاتر لە ڕوخساری نابینرێ، بەڵام، ئەو باوەڕی بەوە نییە، خۆی بەو شێوەیە پێشکەش بکا، باوەڕی بەوە نییە پاک بێتەوە، چونکە ئەمە مانای پیسی دەگەیەنێ، ئەو دەیەوێ دیاربێ، پیاوی ناوپیاوان بێ، بە قوربان و ئەزیزم و چاوی چاوم لەگەڵ ئەوانی دیکە هەڵسوکەوت بکا، بە کورتی ئەو باوەڕی بە حەقیقەتی ڕووت نییە، ئەو باوەڕی بە ماسکە، ماسکی جوان، ماسکی نایاب، ماسکی گرانبەها، ئەو بۆ خۆی ماسکە، من لەم قسەیەی خۆم دڵنیام، باوەڕ ناکەم لەژێرەوە ڕوخسارێک هەبێ، واتە ڕوخسارێک لە گۆشت و ئێسقان و خوێن، ئەو تەنیا قەڵافەتێکە لە ماسک، بەڵێ بشمکوژن لەم قسەیەی خۆم پاشگەز نابمەوە، ئەو تەنیا ماسکە، ماسکی جوان.

(٢)

.. کەسم نەبینی وەک خۆی خۆی بەجیهان بناسێنێ، ئەمڕۆ ڕۆژی پاڵەوانی و دەنگ هەڵبڕینە بەناهەق، ئەمڕۆ ڕۆژی گیرفان پڕکردنە بە ناهەق، ئەمڕۆ ڕۆژی دزینە، ڕۆژی سەرلێشێوان و ڕۆژی سەرلێشواندنە، ئەمڕۆ من ڕقم لە هەمووتانە، کەستانم خۆش ناوێ، هەمووتان نوێنەرایەتی کەسایەتییەکی درۆزن و لاواز دەکەن، بەڵام هی وەکو من نەبێ پێی نازانێ، چونکە ئێوە کەسایەتی درۆزن و لاواز و قسە گەورە و دەنگ هەڵبڕی خۆتان لەبن تارایەکی سوورمەچن داپۆشیوە، ئێوە خۆتان لەبن ژیانێکی دیکە شاردۆتەوە، حەقیقەتی ئێوە زۆر ناسکە، گەلێک زۆر ناسکە، لە بلوور و کریستال ناسکتر، بەدرۆ و دزی و فزی و قسەی گەورە و خۆ بەزل زانین و پاڵەوان ئامێز ئەم بلوور و کریستاڵانەی کەسایەتی خۆتان ئەستوور کردووە، بۆیە، نەک هەر بە بەرد، بەڵکو بەتانک و زرێپۆشیش ناشکێ، مرۆڤ دبێ هەمیشە وەک خۆی بێ، من لەسەر حەقیقەتی خۆمم، من وەک خۆم خۆم پێشکەش دەکەم، بۆیە بە فوویەک دەشکێم، ئەمەش تارایەکی دیکەیە، ئەمەش درۆیەکی دیکە، ئەمەش حەقیقەتێکی دیکەی ئارایشکراو، جوان و هەڵخەڵەتێنەر. لەم دونیایە کەسێکم نەبینی بە پاکی خۆی بێتە پێشەوە، هەر هەمووتان، کامەتان لەناوتان بە ڕاستگۆ و دڵسۆز ناسراوە، دڵنیابن کە بەزمانی خۆی قسە ناکا، بەشتێکی دیکە، زمانێکی خواستراو... جیهانێک دروست دەکا لە دەرەوە وەک ڕاستی و هەقیقەت دەبینرێ، لە بنەوە لە زگرەشی و تەڵەکە و داو دانانەوە بۆ ئەوانی دیکە زیاتر نییە.

کەسێکم نەبینی وەکو خۆی خۆی بە ئێمە بناسێنێ، دڵپاکی و دڵپیسی خۆی بەئاشکرا بڵێی، دڵپاکەکان وەک مرۆڤی نموونەیی خۆیان دەناسێنن، لە کاتێکدا مرۆڤی نموونەیی لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە،

دڵپیسەکانیش لەجیاتی ئەوەی بەدەنگی بەرز هاوار کەن خەڵکینە من، ئێمە دڵمان پیسە، کەچی لەبن تارایەکی سوورمەچن زۆر خاوێن، خاوێنتر لە باڵی پەپوولە هاوار دەکەن و خۆیان دەناسێنن... ئیتر تەواو، لەمڕۆوە، من نە باوەڕم بەخۆمە نە بەئێوە، ئەمڕۆ ڕۆژی بەیانکردنی مردنی مرۆڤە، لەمەودوا ئیتر مرۆڤ بەمردوویی لەدایک دەبێ، مرۆڤ مرد، بەڵێ ئەم سەردەمە سەردەمی مرۆڤی مردووە، بشمکوژن لەم بیرەی خۆم پاشگەزنابمەوە، من باوەڕ بەخۆم ناکەم، چونکە من مرۆڤم، مرۆڤیش مرد.

(٣)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی خۆی پێشکەش بکاو لەگەڵ یەکەم بینین وەک پەنگرێکی هەقیقەت و ڕاستی شەپەنگی خۆی بنێرێ بۆ هەمووڵایەک، من بەدوای مرۆڤی نموونەیی ناگەڕێم، هەروەها چاوەڕێی ئەمەش ناکەم، باسی ئەو کەسە ناکەم بۆ خۆی دەژێ و هەقی بەسەر هیچەوە نییە، ئەمەشیان یەکێکە لەو درۆ و کلێشانەی لە منداڵییەوە فێرمان دەکەن و هەرزوو بە پیاومان دادەنێن و لەپێستی منداڵی دەمانبەنە دەرەوە، ئەمەش درۆ و سەرابێکی دیکەی دڵبەڵندی کە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئاو و نانخواردن دەچێتە خوارەوە. من باسی ئەو کەسە دەکەم ڕۆژانی هەینی بەرماڵ دەخاتە سەرشانی و دەچێتە کۆبوونەوە و نوێژی هەینی، لەپاڵ ئەم دیمەنە جوانە و نوورانییە خۆی شاردۆتەوە، دەیەوێ وەک کەسایەتیەکی دڵگیر و خاوەن ڕێز سەیری بکەن و ئەویش خۆی بناسێنێ، ئەمەش ماسک و ڕواڵەتێکی جوان و هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە ئەو لە ژێرەوە کەسایەتیەکی هەیە وەک دووپشک و مار و ئەژدیها، خیانەت لەخۆی و لەمنداڵەکانی و لە ژنەکەی و لە هاوسێکانی و لە حکومەت و لە گەل و نیشتمان دەکا، بەلایەوە ئاساییە، چونکە خاوەن هیچ پرەنسیپێک و ئەخلاقێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی نییە، بۆیە خیانەتکردن بە هەقێکی شەرعی خۆی دەزانێ، خیانەتیش ئەو بە ئامێری ڕاستەقینەی خۆی دەزانێ.. من باسی ئەو مرۆڤە دەکەم، بە مرۆڤێکی بێ گوناه و ساویلکەی دادەنێم، چونکە بیرناکاتەوە، چونکە لە پەیوەندییەکان ناگا، هەڵبەت ئەمەش درۆیەکی دیکەیە، چونکە ئەو دەزانێ چی دەکا، ئەو خاوەن کارێکتەرە، وەک حەربا و گوڵەبەڕۆژە ڕەنگ دەگۆڕێ و ڕووی خۆی وەردەگێڕێ.

کەسێکم نەبینی وەک خۆی لەناو پاکی خۆی خۆی بناسێنێ و لۆژیکی دروستی لێوە فێربین، لێرە، لەم دەڤەرە، لۆژیکی ڕاست خوارترین لۆژیکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خواری ڕوانین و تێفکرین و نەبوونی ڕێژەیی، چونکە هەموومان یان بێ گوناه و سادەین یان دیکتاتۆرین، هەموو بیر لەخۆیان دەکەنەوە، کەس بیر لەوەی دیکە ناکاتەوە، ئەوی دیکەی خۆی، کە بێ ئەو، ئەو هیچ مانای نییە، چونکە مرۆڤەکان لە تەک یەکتری جوانن، مرۆڤی تەنیا وەک درەختێکی تەنیایی ناو دەشتێکی پان و بەرینە، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەتاشە بەردێک، ڕووبارێک، جۆگەیەک، قەرسیلێک.

من باسی کەس ناکەم، باسی ئەو مرۆڤە سادەیە دەکەم، کە لە ڕوانگەی ئەوانی دیکە زۆر ناشرینە، بەڵام لە ئاوێنە گیرۆدە بووە و زۆر جوان خۆی دەبینێ و توانای ئەوەی نییە بچێتە سەرەوەی ڕوانینی ئەوانی دی و ڕوانینی خۆی، هەڵبەت ئەمەش سەرابێکی دیکەیە، تەنیا لەناو مرۆڤە مردووەکان هەیە، چونکە لەم پەیوەندییە هیچ حسێبێک بۆ ڕێژەیی بینین نەکراوە.

باسی ئەو مامۆستایە دەکەم زانست فێری قوتابییان دەکا و لێشیان دەدا، باسی ئەو مامۆستایە دەکەم لە وانەکانی شارەزا نییە و ناشتوانێ لە قوتابییان بدا، ئەمە چ بەدبەختییەکە دووچاری ئێمە بووە، مرۆڤی ئەم دەڤەرە کەی قیت دەبێتەوە، کوا ناسنامەیان، کوا سنوورەکانی ئەخلاقی سروشتی و بیرکردنەوە، کوا دروستی هەڵسوکەوت و ڕەفتار. هەڵبەت ئەمەش سەراب و درۆیەکی دیکەیە دووچارمان بووە، باشترە بڵێین خۆما خۆمانمان دووچارکردووە... درۆیەک کە بێ ئەو ناتوانین بژین، درۆیەک کە ئێمە بەرەو ڕووی دەچین.

(٤)

... کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی خۆی پێمان بناسێنێ و هاوار بکا و بڵێ خەڵکینە منیش هەم، تکایە عەدالەت پەیڕەو بکەن، کەسیان گوێیان لێ نەگرت، چونکە عەدالەت لەم دەڤەرە وەک بسکویت و نان وایە بە پیپسی و قەیماغ دەیخۆن، کەچی عەدالەت دەنگی نایێ، ئەمەش لە ڕاستیدا بۆ خۆی سەراب و درۆیەکی دیکەیە، چونکە، ئێمە بەرامبەر کەسانێکین کەسایەتیەکیان هەیە وەک جەللاد، بەڵام جەللادێکی ئارایشکراو بە ڕواڵەتی حەقیقەت و کەولی ڕاستی، هەر لەبەر ئەوەشە، ئەگەر

تاوانبار و بێ تاوان وریا و زیرەک نەبن، ئەگەر ئەوانیش هەمـان کـەسـایەتی ئەو جـەللادە ئارایشکراوەیان نەبێ سەریان تێدەچێ، هەڵبەت ئەوان لە حاکم و بەرپرسەکان فـێـڵـبـازترن، حـاکم بێ ئەوەی بزانێ فـێـڵی لێکراوە، تاوانبار بێ ئەوەی بزانێ ئازاد کراوە، لەم نێوانە، گیانی مافیایی و درۆ و پارە وەک فەردەگەنم دەڕژێ و ناچێتە گیرفانی کەسیشەوە، تەنیا بۆ ئەو کەسە نەبێ، کە لەسەرەوە هەموو دیمەنەکەی لەبەرچاوە، وەک بەردی دامە مرۆڤەکان دەجووڵێنێ و لەژێر پەرنسیپی (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە) رەفتار دەکا و لەو سەریش کە دێتە ناو مەجلیس باشترین و شایستەترین جێگای دەدرێتێ و جوانترین ڕێزی لێ دەگیرێ. بێگومان ئەو دەتوانێ عەدالەت بپارێزێ، حاکم بە ئاسوودەیی ئێواران بخەوێ و تاوانباریش لە زیندان بەدیار تاوانەکانی شەو و ڕۆژ لەسەر یەکتری بنێ.

من کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی خۆی بناسێنێ و بڵێ منیش قسەم هەیە و تکایە لەبیرم مەکەن... کێشەی سەرەکی ئەوەیە، ئەو مرۆڤێکە چونکە زانیویەتی مردووێکە لە پێستی زیندوو دەژیێ، دەزانێ چۆن قسە بکا و ڕەفتار بنوێنێ. کێشەی سەرەکی ئەو کەسە مردووە ئەوەیە، وێنەیەکی زۆر زل و زەبەلاحی لەسەر خۆی هەیە، بە کەسایەتی تانک و زرێپۆش ناسراوە، هەڵبەت تانک و زرێپۆشی پلاستیکی بۆ هەڵخەڵەتاندنی دوژمن. دوژمن، یان ئەوانی دیکە دەبینن ڕاستەوخۆ بەرامبەری دەسڵەمێنەوە، ڕێزی لێ دەگرن، درۆی بۆ دەکەن، بە چاوی شاگەشکە و بێ نموونە سەیری دەکەن، هەڵبەت ئەمەش درۆیەکی دیکە و سەرابێکی دیکەیە، چونکە تەنیا ئەو لە چاوی مرۆڤی سادە ئەوها بەدیار دەکەوێ، نەقوڵاو لەبن نەهاتوو، مرۆڤێک تاسەر ئێسقان پێکهاتوو لەدرۆ و تەڵەکەبازی، چونکە کێشەی سەرەکی ئەم مرۆڤە جەوهەرەکەی لەوەدا کۆدەبێتەوە ئەو ئەوها سەیری خۆی دەکا، بەڵام ئەوانی دیکە ئەوهای نابینن، لەم نێوانە ڕاستی لە شوێنێکی دیکە خەوتووە- منیش ڕەنگە لەم ڕوانینەم هەڵەبم، چونکە ئەگەر بمەوێ دەرسی ئەخلاقی بڵێمەوە، مانای وایە دەبمە بەشێک لە درۆ و ناعەدالەتی، بەڵام من تەعبیر لە هەستی خۆم دەکەم، تەعبیرێکی بێ ڕتووش و پێچ و پەنا. درۆ درۆیە و ڕاستیش ڕاستی.

(٥)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی قیت بێتەوە خۆی پێمان بناسێنێ و باسی پیسیمان بۆ دەستنیشان بکا، هەموویان بە پێچەوانەوەن، لەناو پیسی قیت دەبنەوە و باسی پاکیمان بۆ دەکەن، من دەزانم و توانام هەیە درۆ و خیانەت و گیانی مافیایی و بۆنی خوێن و دزی و هەروەها جوانی و برادەرایەتی و ڕاست و دروست ببینن بکەمە مۆروو و زەنگیانە و خشڵ پێتانی بفرۆشم، بکەمە دەرمان نەخۆشییەکانتان پێ چاک بکەمەوە، دەتوانم پێی دەوڵەمەندبم و باشترین ماشێن و جوانترین خانووی پێ دروست بکەم و ناوەوەی پڕ لە سەوزایی و جوانی و پاکی بێت، بەڵام من ئەوە دەکەم هەر تەنیا بۆ خۆمە، من دەمەوێ تەنیا خۆم ئەوها بژیم، ئەگەر لە تەنیشت ماڵەکەم کەلاوەیەک هەبێ، باکم چییە، با هەروابێ، گیانم هیچ ئازارم نادا، چونکە ئەوەی تێیدا دەژیێ، هەژارە، نەخوێندەوارە، نەزانە، وەکو من فروفێڵ و تەڵەکەبازی نازانێ، چونکە ئەمەش سروشتێکە خودا دەیدا، سروشتێکی خۆڕسکە، من هەر لەو کاتەی لە دایکبوومە بە فێڵبازی و بێ باکی لەدایکبوومە، باکم بە هەژاری و نەداری ئەوانی دیکە نییە، با ئەوانیش زیرەک بن، بدزن، ببڕن، بکوژن، خیانەت بکەن، با گیانی مافیایی لەناو خۆیان پەروەردە بکەن، هەتا هەتایێ کەلاوەی تەنیشت کۆشکی من بەکەلاوەیی دەمێنێتەوە، حەزیش دەکەم هەر ئەوها بمێنێتەوە، ئینجا بۆ هەراسانکردنی ئەو هەژارە، ڕۆژێک خۆی و ژنەکەشی داوەت دەکەم تا ماڵە نایابەکەم ببینن، تا شاگەشکە بن، شتی جوان و نایاب تەنیا لەوانە دەوەشێننەوە کە دەزانن بیخۆن. من هیچ گیانێکی کۆمەڵایەتیم نییە، من دەوڵەمەندم، بەڵێ دەوڵەمەندێکی کوردم، ئاغام، لەشار دەژیم، ڕقم لە کتێبە، ڕقم لە هونەرە، ڕقم لە ئازادی پیاو و ژنە، ڕقم لە هەموو شتێکی لەم جۆرەیە هەڵمخەڵەتێنێ، ڕقم لە موسیقایە، چونکە ناتوانێ گیرفانم پڕ بکاتەوە، ڕقم لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەرانە، ڕقم لەو ژنانەیە باسی ئازادی ژن دەکەن، ڕقم لەو پیاوانەیە، باسی پەروەردەی منداڵ و ئازادی ژن دەکەن، باسی دامەزراندنی کۆمەڵێکی مەدەنی دەکەن، باسی دامەزراندنی کۆمەڵێکی پڕ لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، ڕقم لە حکومەتیشە داوای زەریبەم لێ بکا، ئامادەم دژیشی بووەستم ئەگەر ئەو داوایەم لێ

بکا، خیانەتیشی لێ دەکەم، دەچم بێگانان دەهێنم لەم دەڤەرە حوکم بکەن و مرۆڤە زیندووەکان بکوژن. من کە ئەوهام پێدەچێ منیش درۆ و سەرابێک بم، هەر تاماوەیەک باوم هەبێ، دوایی دەپووکێمەوە، بەڵام هەموو کەسایەتی و زانینی خۆم بۆ نەوەکانم جێ دەهێڵم، دەبێ ئەوانیش لەسەر ڕێگای من بڕۆن.

من کەسێکم نەبینی لەناو پاکی قیت بێتەوە و بەرەو ڕوومان بێ و شتێکمان فێربکا. ئێمە حیکمە و فەلسەفەمان ناوێ، وشەمان دەوێ، وشە لە شێوەی هێشووە ترێیەک، کردەی جوان، ڕەفتاری دروست، بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەش، مرۆڤی هەژاری زیرەک کەم هەیە، هەژاری و زیرەکی لێکدەوەشێتەوە، هەڵبەت، بێگومان، ئەمەیان نە درۆیە نە سەراب، بەڵام ئەوەی درۆ و سەرابە و دروست نییە، ئەو هەژارەیە کە پێچەوانەی ئەو دەوڵەمەندەی سەرەوەیە، واتە هەژاری مێشک پووت، مێشک پووتی هەژار، هەژاری لە مێشکدا، دەوڵەمەندی مێشک پووت،... ئەمانە دوو دووانەی تەواوکەری یەکترن، لەم دەڤەرە زۆرن و ڕقیان لە هەموو شتێکە، ڕقیان لە نیشتمانە، ڕقیان لە ئاوپژێن و پەیکەرەکانی ناو شارە، ڕقیان لە شۆستەی جوان و باڵاخانەی گشتی جوانە، لەلایەکی دیکە حەز دەکەن هەمووی هی ئەوان بێ، ئەمانەش سەراب و درۆی هەقیقین، پڕن لە ڕاستی، بەڵام دەبێ ببینرێ، پەنجەی لەسەر دابنرێ، ئەمەش توانا و هێزی دەوێ، دەبێ مێشکت بە گەڕ بخەی. مۆری خۆیانیان لە نێوچەوان بدەی.

(٦)

کەسێکم نەبینی بێت و هەقیقەتی خۆی ڕاست و ڕەوان بەیان بکاو سەرئەنجام هەرچییەک بێ ببێتە جێگای سەرەنجمان.

من باسی ئەو مرۆڤە مەزنە دەکەم کە وێنەیەکی دروستی لەسەر خۆی هەیە و ئەوانی دیکەش وەکو خۆی دەبینن، بێ لاف و گەزاف، ئەو لە ڕۆژنامەکان خۆی دەشارێتەوە، قسەی پەنماو قەڵەو ناکا، بەیانیان زوو لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆر زیندووە و قیت دەبێتەوە، ڕوانینی خۆی بەملاک و کەوچک دەپێوێ، مرۆڤێکە دیار نییە، پرسیارێکە لەناو ئەوانی دیکە دێ و دەچێ، هەڵبەت هیچ لە گۆڕێ نییە، بەڵام ئەو ئەوها پێی خۆشە، نەبێتە کەڕەنا و شەیپووری هیچ کەسێک، هیچ لایەنێک، ئەو لەسەرەوەی هەموو پەیوەندییەکی حزبی و حکومییە، تەنیا ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە و حەز لە کتێب و مۆسیقا دەکا و ژنانی خۆش دەوێ و دڵپیس نییە و داوای ئازادی ژن و پیاو و منداڵ دەکا، داوای مافیان دەکا، بە بینینی کۆشکێک و کەلاوەیەک لە تەنیشت یەکتری پرسیار دەکا و بیری لێ دەکاتەوە و ڕادەمێنێ، ئەو کەسە سەرەڕای ئەم هەڵکەوتانەی- ڕقی لە نوێژ کردنە، ناچێتە مزگەوت، بەموجامەلە و دەستنوێژ لە خەڵک نزیک نابێتەوە، سلاوێک ناکات، چونکە بۆتە نەریتێک و خوویێک، باوەڕی بە سڵاو و برادەرایەتی بێ لزووم نییە، ناچێتە کن هیچ خزمێک، باوەڕی بەخزمایەتی و پلە و پایە نییە، بەڵام مرۆڤێکی ئاسایی چالاکە و واجبی خۆی بەدڵسۆزی دەکا و قسەی خۆی بە ئاشکرا دەکا، خاوەن جورئەتێکی هێمنی و پۆزەتیڤە، هاوار ناکا، بەڵام بێدەنگیش نابێ، بەڵام ئەم مرۆڤە نەناسراوە و کەس نایناسێ، هەموو بەلایدا تێدەپەڕن بێ ئەوەی لە تەنیشتی هەڵوەستەیەک بکەن، ئەمەیان سەراب و هەقیقەتی تەواوە، مرۆڤی زیندوو هەردەم لەناو مردووانی زیندوو دیار نییە، بەڵام لە کوێ لەدوای ئەم مرۆڤە بگەڕێین، چۆن بیدۆزینەوە بێتە ئەم دەڤەرە فەرمانڕەوایی بکا، هەڵبەت ئەمەیان کارێکە لە ئەستەم دەچێ و ناشێ، بێگومان درۆ و خیانەت و کەسایەتی هەلپەرست و چرووک و گیرفان پڕی کاسەلێس و بەکرێگیراو مێشک پڕ لە خیانەت و خوێن، بە ئاسانی ڕێگای ئەم مرۆڤە نادەن بەربەستەکان ببڕێ و بڕیار لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بدا، سیستەمێک دانێ، بێگومان ئەو ساویلکەیە و جێگای نابێتەوە، ئەگەر جێگاشی بکەنەوە، تەنیا بۆ ڕواڵەتە و نە ئیمزای دەخوا نە هیچ، سەرەنجام دەگەڕێتەوە ناو نادیاری و تەنیایی خۆی، بێگومان مرۆڤی زیندووی تەنیا، وەک درەختێکی تەنیا لە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و پڕ لە هوڕە و گەرمایی وایە.

(٧)

... کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و پرۆتێستۆ بکا و هەقیقەت بەخەڵک بگەیەنێ و لەو خەوتنە بێداریان بکاتەوە، لەوانەیە بڵێین ئەمەش درۆ و سەرابێکی دیکەیە، نە خەوتن هەیە نە بێداری، بەڵێ ئەمەش ڕاستیەکی دیکەیە، چونکە کۆمەڵێک مردووبێ،

مرۆڤێکی مردوو بێ، نە دەخەوێ نە بێدار دەبێتەوە، ئەسڵەن لە پلەی سفری هەقیقەت و ڕواڵەت دەژیێ، بەڵێ، ئەمەش جۆرێکە لە لۆژیکی تایبەت بەهێزی خەیاڵی چەواشە و خەیاڵی ڕاستەقینە یان بیرکردنەوەی واقیعی دروست دەکرێ، سەرەنجام نە چاوەڕێ کردن سوودی هەیە نەکار، ڕەفتار و کردەی جوانیش لەوێ بوەستێ، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا وشەیە، بۆیە من باسی مرۆڤێک دەکەم کە زیندووە و لەناو مردووەکان دەژیێ، تەنیا لەلای ئەو شتەکان وەکو خۆیانە و هەر ئەویش دەتوانێ، بچێتە ئاستی ڕواڵەت و بەپێچەوانەشەوە ڕوانینێکی واقیعبینانەی هەبێ. من باسی ئەم مرۆڤە ناکەم، ئەمەیان لە ڕوانگەی ئەوانی دی، ئەوانی مردوو، کە خۆیان بە زیندوو دادەنێن مردووە و هیچ سوودێکی نییە.

باسی ئەوکەسە دەکەم کە لەم دەقەرەی ئێمە زۆرە، دەنگ هەڵدەبڕێ تەنیا لەپێناو ئەوەی ببینرێ، ئیتر دەنگ هەڵبڕینەکەی هەرچییەک بێ و لەسەر هەر کەس و لایەنێک بێ، گرینگ بەلای ئەو تەنیا دەنگ هەڵبڕینە، بەڵام کە دەکەوێتە بەرامبەر لێپرسینەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی شێلگیر و ڕاستەقینە، کەوڵ لەدوای کەوڵ فڕێ دەدا و تا ئەو ئاستەی بەهێزی ئەفسوونێکی تایبەتی وەک ئەوەی بەرامبەری کە لێ پێچینەوەی لەگەڵ دەکا، دەبێتە پەڕەی گوڵ، ئەمە لەخۆیدا پێی دەگوترێ هێزی خەیاڵی ئەفسوون و هێزی ڕواڵەت و کاژ دروستکردن، ئەو هێرش دەکاتە سەر مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام لە بەرامبەر مرۆڤێکی نائاسایی وەک ڕێوی لێ دێ و کلکی دەباتەوە ناوخۆیی و تێی دەتەقێنێ. ئەو حەزی لە پارەیە و شیعریش دەنووسێ، قسەی بە توێکڵ و کاکڵیش دەکا، بە ڕواڵەت ژنی خۆش دەوێ، بەڵام حەز دەکا هەردەم لێیان بدا، بەڵام دەگرییێ. لێرەوە هەست دەکەین، هەقیقەت و ڕواڵەت تێکەڵی یەکتر دەبنەوە و جۆرێک لەسەر لێشێواندن دروست دەبێ، سەرەنجام نازانی، سکت بەم مرۆڤە بسووتێ یان هێرش بکەیتە سەری، کێشەکە لەوەدایە، ئەمەش هەمووی وەک سەراب و تراویلکە دێتە بەرچاو، من دەپرسم: سنووری هەقیقەت لەکوێ دەست پێدەکا و لەکوێ تەواو دەبێ، لەکوێ ڕواڵەت لە هەقیقەت هەڵدێ و لەکوێ هەقیقەت بزر دەکرێ و چۆن؟ کەسم نەبینی لەناو پاکی و سادەیی خۆی قیت بێتەوە و ڕێگای ڕاستەقانی نێوان ئەم دووانەمان پیشان بدا.

(٨)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی و بێگەردی خۆی قیت بێتەوە و هاواربکا بەسەرمان و ڕێگای چەوت و ڕاستمان پیشان بدا، هەر هەموویان لەولاوە دێن، دەرسی ئەخلاقیمان دەدەنێ، من باوەڕم بە دەرسێک نییە فێری ڕەوشت و ئەخلاقم بکا، ئەمەیان لەگەڵ سروشتی من ناگونجێ، بەڵام لە هەمان کات ڕێگاش بەخۆم نادەم شتی جوان و شایستە و نایاب ڕەتکەمەوە، چونکە من بە هەست و ئاگایی زیندوویی خۆم دەجووڵێمەوە، حەز دەکەم یەکێک لەولاوە بێت باسی هەستی ناوەوە و ئاگایی خۆی بکا تا شتی لێوە فێربم، بەڵام کە ویستی ببێتە مامۆستا، تکای لێ دەکەم ئەم دەقەرە بەجێ بێڵێ. من باسی مرۆڤە مردووەکانی ئەم دەقەرە دەکەم کە هەموویان مامۆستان، کەسیان باسی هەست و نائاگایی و ئاگایی خۆی ناکا، هەموویان مامۆستان و دەرسی ئەخلاقی دەڵێنەوە، بەڵام هەر هەمووشیان دژی قانوونی سروشت و دەستکردن، یاخود قانونی سروشت و قانونی مرۆڤ، گشتیان بەیەکەوە بیردەکەنەوە، لەگەڵ یەک ناحەوێنەوە، کەچی ئێواران دوو سێ کیلۆ پرتەقاڵ و ئاروو دەکڕن و دەچنە سەردانی یەکتری، ئای لەم درۆیە زەبەلاحە، موجامەلەی یەکتری دەکەن کەچی نیگایان بەرامبەر یەکتری شکاوە.

گەورەکان بەدوو یان سێ مۆنیکا و پاژێرۆ دەچنە ماڵە هەژارەکانی خزمییان یان بەکۆمەڵ دەچنە پێش دوکانی ساردەمەنی بەیەکەوە دۆندرمە و گلاس دەخۆن و دەخۆنەوە، گەنجەکان بەلای کچەکان بەنوقورچەوە تێدەپەڕن، ئەوان خاوەن کەسایەتی و ڕەفتاری سروشتی نین، کوڕەکان بەدەرێ و لەناو زبری و توندوتیژی گەورەبوون، کچەکان لەناو هەستی مێینە و سەرشۆڕی و داپلۆسین، هەردووکیان لەناو تیرۆری کولتووری و ئەخلاقی پەروەردە بوون، هەستی تەمەلوک، ئیتر تەمەلوکی کچ یان مۆنیکا، یان خانوو، یان پارە، هی هەرچییەکی دیکە بێ، بۆتە ئاگایی کۆمەڵایەتی، لەم ناوە بینینی ڕاست و دروست بوونی نییە، لەولاتی ئێمە، ئەگەر جوان بیربکەینەوە، بە شێتت لەقەڵەم دەدەن، هەستی خۆت دەربڕی بە گەوج و نەفام سەیرت دەکەن، خەریکی شیعر و مۆسیقا و ڕەخنە بیت و بە گومڕا و

سەرلێشێواو، لە قەڵەمت دەدەن، ئیمڕۆ لۆژیک گۆڕاوە، لۆژیکێکی دیکە فەرمایە، دەبێ بە پارە و بۆ پارە شیعر بنووسی، مۆسیقا داهێنی و بژەنی، ڕەخنە و کولتوور واتە دروستکردنی جەهەننەم، بە هەشت ئەوەیە بە چاوی سووک سەیری ئەوانی دیکە بکەی، بەڵام ئەمەیان سەراب نییە و هەروا درۆش نییە، بشمکوژن لەم هەستەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

(٩)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و بەرەو ڕوومان بێ و هاوار بکا، خەڵکینە من مامۆستا نیم، بەڵام بە گوێرەی بیرکردنەوە و ڕوانینم دەبێ ئەوهابێ. هەڵبەت دەبێ ئەوهابێ، تکایە تێبگەن، زەوی بە دەوری خۆر دەسووڕێتەوە، زەمەن تێدەپەڕێ، لافاو و بوومەلەرزە لەسەرەوەی دەستەڵاتی مرۆڤن، بەڵام ئەمانە نابنە بەشێک لە مێژووی مرۆڤ بەڵکو خیانەت و خوێن ڕشتن و تاوان و قوربانیدانەکان دەبنە بەشێک لە مێژوو. مەسەلەکە ئەوەیە چۆن درۆ لە ڕاستی جیابکەیتەوە، هەیە درۆیەک دەکا ئەوەندە واقیعییە، دەتوانی بڵێی میتاواقیعی، سەرەنجام باوەڕی پێ دەهێنی و دەیکەیتە سەمبۆڵ و ڕاستە ڕێگا، هەمیشە هەقیقەتت بە فەوزا و گەڕەلاوژە بۆ باس دەکا کەچی پێیت خۆشە کوێر بی نەیبیستی. کێشەکان ئەوهان، بۆ نموونە، ئەمڕۆ کەسانی دڵسۆزمان هەن سی ساڵ پێشمەرگایەتیان کردووە، ئێستا هەر لەناو دوو هۆدە و هەیوان دەژی و زۆریش قەناعەتی هەیە و لە خزمەتی گەل و نیشتمان هەردەم لەسەر پێیە. هەشە، لە هەموو ژیانی خۆی پێشمەرگایەتی نەکردووە، ئەمڕۆ لەناو یەک ڕیزە خانووی گرانبەها دانیشتووە دە مۆنیکا و هامەر لەبەر دەرگای وەستاوە، کەری نێر ناکێشێ، ئای کە سەردەمێکی سەراوقوونە، خۆ ئەگەر ئەم حکومەتەمان گیانی بکەوێتە خەتەری، خوانەخواستە، دەڵێم خوانەخواستە، چونکە ئاواتی من سەرکەوتنیەتی، پێشمەرگە سادەکە دەست دەداتە تفەنگ و لەگۆشەی ماڵەکەی دەست بە خەبات دەکا تا گیانی سەرفرازی دەفڕێ و دەچێتە ڕیزی نەمران، ئەوەی تریش لەگەڵ یەکەم تەقە لە سلۆپی خۆی دەبینێتەوە، لەوێوە سواری فڕۆکە دەبێ و دەگاتەوە ناو خانووەکانی لە لەندەن و ستۆکهۆڵم.

بەڵێ، کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و هاوار بکا، خەڵکینە من مامۆستا نیم و هیچ مێژوویەکیشم نییە، بەڵام شتەکان، پەیوەندییەکان ئەوها نابێ، کێشەکە ئەوەیە، چۆن درۆ بناسی و چۆن لە هەقیقەتی ڕەق بگەی، ئایا ئێوە دەزانن درۆ وەک پارووی نان و کەرە نەرمە، حەقیقەتیش وەک قووتدانی بەردێکە و لەو سەر وەکو خۆی دەردێ، کەم کەس هەیە بتوانێ دەست لە پەنگری هەقیقەت بدا، بەڵام پەنگری درۆ، ئەوەتە لە گیرفان و ناو سەر و دەستی هەموو کەسێکە.

(١٠)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و لەولاوە بێ و هاواربکا خەڵکینە کەمێک گوێ لە ئێمەش بگرن. ئەم وڵاتە، ئەم دەڤەرە پڕییەتی لەمۆنۆپۆلکردن، مۆنۆپۆلکردنی بواری ئەخلاقی و دەرسدانەوە و خەڵک بە کەروگا حسێبکردنی و لەسەر وشکایی و بەرد دزینی پارە و سامانی کۆمەڵان و گشت، مۆنۆپۆلکردنی لە ڕەسیفەکان و شۆستەکانەوە بگرە تا دەگاتە بۆشایی ئاسمان، خۆ بەزل زانین و کردنەوەی دەلاقەیەکی نائاگایی لە کەسایەتی کەسانی بەرامبەر، بیرنەکردنەوە لە پەککەوتەکان و پیرەکان و نابیناکان، بیرنەکردنەوە لە دابەش نەکردنی سامانی وڵات بە یەکسانی بەسەر کۆمەڵانی چالاک و بنیاتنەر و ناچالاک و نابنیاتنەر، ئێمە وڵاتێکمان دەوێ، بەهێزبێ، دیمۆکرات بێ، دادپەروەربێ، هەموو ئەوانە بباتە جەهەننەم کە دەیانەوێ ڕێگای خوار بەناوی ڕێگای ڕاست پیشانی کۆمەڵانی خەڵک بدەن، دەوڵەتێکمان دەوێ عیلمانی، مرۆڤ پەروەر، ئاشتیخواز، عەدالەتخواز، بەهێز و چەنگی ئاسنین، دەوڵەتێکمان ناوێ بەناوی خزمایەتی و موجامەلە و برادەرایەتی و بڕیاری حزبایەتی، ئەندامەکانی پیاوە گەورەکانی، وەزیرەکانی فەرمانڕەوایی بکەن. ئەمەش درۆیەکە ئارایشکراو بە بۆن و سیمای هەقیقەت پێمانی دەناسێنن و پێمانی دەفرۆشن، دەوڵەتێکمان دەوێ لەسەر پرەنسیپە جیهانیەکان دامەزرابێ، دەوڵەتێکمان دەوێ ئەگەر نەتوانێ ژیان و بەرژەوەندی تاکە کەسێک بپارێزێ چۆن دەتوانێ ژیان و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵک بپارێزێ. دەوڵەتێکمان دەوێ هەموو ڕۆژێ وەک خوێنی لەشی ناو مرۆڤ نوێ بێتەوە و

هەموو ڕۆژێ بێ ئەوەی نەوەی ڕابردوو لەبیربکا هەمیشە ڕووی لە داهاتوو بێ. دەوڵەتێکمان دەوێ کە درۆ هەبوو پیشانی بدا، کە هەقیقەت هەبوو پیشانی بدا، دەوڵەتێکی قانونی، لەم ڕووەوە ڕێگا بەهیچ کەسێک نەدا بتوانێ سەرپێچی قانون بێ، بەڵام هەموو ئەم قسانە جوانن، نایابن، دوا شت سەراب و تراویلکەن، چونکە من لە گوێی گادا نووستووم، هەقیقەت ئەوەیە، حکومەتی ئێمە لە خەڵکی ئێمە دەترسێ، پۆلیس و ئاسایش لە خەڵک دەترسن، ئەوان هەمووی بە مریشک و مامر تێدەگەن، یەکێک دەتوانێ قانون پێشێل بکا و کلاویش لەسەر حکومەت بنێ، حکومەت هەمیشە وەک بەرزەکی بانان تێدەتەقێنێ و بۆی دەردەچێ، کوا دەستی ئاسنین، کوا چەپۆکی ئاسنی کوردایەتی، کوا گیانی پێشمەرگایەتی، کوا...تاد، ئەمانە، ئەم هەقیقەتانە چییان لێ هات، تکایە ڕێ لە شەپۆلی نەزانی و موجامەلە و خزمایەتی و حزبایەتی بگرن، ڕێ لە شەپۆلی هۆلاکۆ بگرن، کوردایەتی واتە هێز، واتە دیموکراسی، واتە عەدالەت، واتە مرۆڤپەروەری، واتە نوێخوازی، واتە دابەشکردنی دەستەڵات، واتە لەناوبردنی فەسادی و کوشتنی سەرچاوەکانی، ئیتر ئەو سەرچاوە خۆزگەی دەکرد لەسەری سەرەوە دەهات تا ناو ڕەش و ڕووت.

(١١)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی خۆی بناسێنێ و پرۆتێستۆ بکا و ملی خۆی لەسەر باوەڕەکانی لە چەقۆ بسووێ، هەموویان بە پێچەوانەن، لە پێش هەموویان ڕۆشنبیرەکان، ئەوان چونکە توانای وەهم دروستکردن و فرۆشتنیان هەیە بەناوی واقیع و هەقیقەت لە پێش هەموویانەوە دێن. ئەوان جیهانێک لە وەهم دروست دەکەن، شەبەنگێک لە درۆ و بوختان و هەڵخەڵەتاندن دروست دەکەن، ئەوان هەقیقەت بە پارەی درۆ و ساختە دەکڕن، درۆ و بوختانیش بەناوی هەقیقەت دەفرۆشن و دابەشی دەکەن، هەمووشی لە پێناوی دروستکردنی وێنە و ئیمـــــــاژێکی درۆیە، چاوی ئەوانی دی پێ هەڵدەخەڵەتێنن.. کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و لەسەر قەڵەمەکەی خۆی کار بکا و بنوێ و هەڵوێست وەرگرێ، لێرە قەڵەمی درۆ هەیە و قەڵەمی ڕاستەقینە، قەڵەمی درۆ پیاوی ناوپیاوانە، ڕابەری کۆمەڵایەتییە، لەپێناوی عەدالەت کار دەکا، هەردەم بەرپرسەکان پرسی پێ دەکەن، لەسەر هیچ، لەسەر وەهمێکی تایبەت بەخۆی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بەیان دەکا، بانگاژە دەکا، هاوار دەکا، خەڵک بەبیرییەوە دەچن، قەڵەمی ڕاستەقانیش، خۆی شاردۆتەوە. ناتوانێ بەناو درۆیان تێپەڕێ، بەربەستەکان ئەوەندە زۆرن هەموو ڕۆژێ سەری دەشکێنن، ئەمەش بۆتە نەریتێکی ئاسایی و ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە و کێشەیەکی دیالێکتیکی دروست ناکا، قەڵەمی ڕاستەقینە هەردەبێ سەری بشکێ، نووچ بدا، دواتریش ئاوزینگ بدا، دواتریش بزربێ، بەڵام، ئەو گوتی، بەهار دێ و تێدەپەڕێ، هەموو ساڵێ، لەوەختی بەهار قەڵەمی ڕاستەقینە، گوڵێکە لەکاتی خۆی لە دەشتی بوون و گەردوون شین دەبێتەوە، قەڵەمی درۆش بۆ خوارەوە ڕووەدەچێ و هەمیشە ژیانی لە تاریکی بەسەردەبا... کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە، هەموویان خەریکی تاریکی چاندنن، ڕۆشنبیرە ساختەکان، ئەوانەی درۆ دەچێنن، تاریکی چاندی سەر زەوین، وەهمێک بلاودەکەنەوە، مرۆڤ دوو لەت دەکا، نووکی قەڵەمی بۆ خوارەوە دەچێ، لەناو خوێن و برین ڕوو دەچێ، بە ئەسپایی وێڕای ئازارەوە دەردەچێ، هەقیقەت هەڵدێ، ڕادەکا ئەو سەر و ئەو سەر دەکا، ئۆقرە ناگرێ، دەبێتە گلۆتە ئاگرێک لە چەقی ئاسمان دەوەستێ، کێشەکە لەوەدایە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاگرە درۆ و ساختەچییەتی ڕێگای خۆی دەکاتەوە، ماسوولکەکانی پیشان دەدا و و هەڕەشە دەکا و بە درۆ خۆی دەسووتێنێ، بە ڕواڵەت وەک مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی ئاشنا بەکێشە دەروونییەکان خۆی ڕەپیش دەکا و ناسراوە، کەچی چونکە ئەوانەی بەرامبەری، ساویلکە و سادەن. ڕوخسارایان بەتارماییەک داپۆشراوە و هەقیقەت نابینن لە تەنیشتیانە، ئەو لەبەرگی هەقیقەت وشە دەفرۆشێ، ئاوەز دەفرۆشێ، جیهانێکی جوانی ئارایشکراو دەفرۆشێ،...

(١٢)

## مردنی مرۆڤ

(١)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوومان بێتەوە، نیشانەی پاکی خۆی پیشان بدا، چونکە کێشەیەکی لۆژیکی ئاڵۆز و سەراوبن هەیە، ئەوەی باسی ئاڵوودەیی بکا خـــۆی ئاڵوودە و ئاڵوودەیی بینیوە. ئەوەی باسی پیسی و فەسادی بکا و

پرۆتێستۆ بکا، خۆی پیس و فەسادە، مرۆڤی بە شەرەف و پاک دەچێتەوە ماڵی خۆی و دادەنیشێ و گیانی خۆی بە شتە مەزنەکان پەروەردە دەکا، بە هەقیقەت، بەدوورخستنەوەی درۆ، دوورکەوتنەوە لە ڕواڵەت، بەداخەوە، ئەمڕۆ ڕواڵەت هەقیقەتێکە وەک بەرگێک لەبەر هەموو کەسێکە، ڕاستییەکەی، لێرە، لەم دەڤەرە، لۆژیکی مەیموون باوە، مرۆڤ بە دەگمەن دەبینییەوە، مرۆڤی زیندوو لە ژێر گڵە، مرۆڤی مردوو لەسەر گڵە، ئەمەش وەک جیاوازی نێوان هەقیقەت و ڕواڵەتە. تۆ دەتوانی جیاوازی لەنێوان ئەم دووە بکەیت؟ لەم دەڤەرە، هەقیقەت هەردەم بە ڕواڵەت دەبینرێ، ڕواڵەت هەردەم بە هەقیقەت. مرۆڤی ئەم دەڤەرە، ئەقڵ و ئاوەز ناناسێ، هەروەها باوەڕیشی بەعاتیفە و سۆز و لێبوردن و کارکردن نییە، شارستانی ئەم دەڤەرە شارستانیەکە ئەقڵی نییە، بەڵکو شارستانیەکی رووحی ئاڵوودە بووە بەڕواڵەتی پرۆسەیەکی مێژوویی بیروتەفسیری نێگەتیڤ. مرۆڤەکان شتێکن و بیری ئاینییان شتێکی دیکە، ئەوان جورئەت ناکەن ئایین بەپێی ڕوانینی تازە و پێویستی مرۆڤی نوێ بخوێننەوە، ئەوان تەواو بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن، خۆیان، ژیانی تازە و سەردەمی نوێیان لەگەڵ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایین دەگونجێن، هەر لەبەر ئەوە، شەوان کە دەخەون، لە جیاتی خەون بەژیانێکی نوێ و تازە ببینن، خەون بەوە دەبینن وەک یاوەرەکان، ئەسحابەکان، ڕەفتار بکەن، باشە، ئەمان چاکەت و پانتۆڵ و سووراو و سپیاوو تەنوورە و مکیاج و ئۆتۆمبیل و تەکنەلۆژیای نوێیان دەناسی، ئایا بە ئەنتەرنێت پەیوەندییان بەیەکتری دەکرد. هاتوچوو لەنێوان شارەکان بە ئۆتۆبان دەکرا یان بە سواری حوشتر. هەر لەبەر ئەوە، ئەم سەردەمە، سەردەمی مرۆڤی مردووە، سەردەمی پرەنسیپ و کولتووری مرۆڤی مردووە. تەنیا مرۆڤی مردوو لە سەدەکانی ناوەڕاست دەژی، تەنیا مرۆڤی زیندوو لەژێر گڵە، بۆیە من گومان دەکەم، چونکە لەم نێوانە ئەقڵ و ئاوەز هیچ شوێن و جێگایەکی نییە لە بیرو ڕەفتار و کردەی شارستانی ژیانی ئەم دەڤەرە، مەحاڵە ئەو شارستانیە بگاتە ئەو ئاستەی زیندوو بێتەوە یان مرۆڤێکی دیکە لە دایک بێتەوە، ئەم کارە پێویستی بە تێکشکاندنی تەواوی کولتووری شارستانی و ئایینی و ئەخلاقی هەیە، ئەمەش لەوە ناوەشێتەوە، مرۆڤی ئەم دەڤەرە کارێکی لەم جۆرە بکات، چونکە مردنی فیزیکی تێدایە، بەڵام مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە نازانن دەمێکە مردوون ئەگەرچی دەژین.

(١٣)

**مردنی مرۆڤ**

**(٢)**

کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و هاوار بکا و بڵێ من دەمەوێ نەمرم. مرۆڤی ئەم دەڤەرە مردووە چونکە نازانێ بە ئەقڵ و ئاوەز و تێفکرین هاوسەنگی و جیاوازیی لەنێوان واقیع و هەقیقەت و گۆشت یان لەش بکا. ئەوان زۆر حەزیان لە گۆشتە، لەکاتێکدا سنوور و کۆنتڕۆڵێکی مەزنیان داناوە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی لەش، چونکە باش دەزانن هەموو ئازادییەک سەرەتا لە لەشەوە دەست پێدەکاو پاشان دەبێتە دەستوور و ژیانی نێوان لەشەکانی پێ ڕێکدەخرێ، بە ڕاستی هەڵکەوتێکی فیکری و ڕوحی سەیر و پێچەوانەوەی هەقیقەت و هەتا پێچەوانەی ڕواڵەتیش لەم دەڤەرە، لەنێوان مرۆڤەکان هەیە. لە کۆمەڵی پڕ لە کولتووری کەڵەکەبووی نێگەتیڤ، هەموو شتێک لەگەڵ تەمەلوککردنی لەش دەست پێدەکا، ئەم تەمەلوکەش بریتییە لە لەشی ژن ئینجا لەشی پیاو. ژن هیچ وەسیلە و ئامێرێکی نییە لەشی پیاوی پێ کۆنتڕۆڵ بکا لە غەیری لایەنی جوانی نەبێ. واتە ژنی جوان دەتوانێ پیاو کۆنتڕۆڵ بکا. ئەمەش بیرێکی کلاسیکی ئاساییە. ئەوەی کێشە دروست دەکا، کۆنتڕۆڵکردنی لەشی ژنە لە ڕووی مەعنەوی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لەلایەن پیاو و نەبوونی ئیرادەش لەلایەن ژنەکان خۆیان، کە ئەمەش دوایی ئەوەندەی دیکە کارەکە ئاسان دەکا. هەر بۆیە لەم دەڤەرە چونکە ئەو پەیوەندییە هاوسەنگە لەنێوان پیاو و ژن نییە، سەرەنجام پیاوەکان لەلایەن خۆیانەوە مردوون و ژنەکانیش لەلایەن پیاوەوە.

بۆ دەرچوون لەم هاوکێشە شارستانیە نێگەتیڤە، دەبێ سەرلەنوێ پەیوەندییەکان ڕێکخەینەوە، تێکستە ئاینییەکان بەپێی ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤی ئەمڕۆ بخوێندرێتەوە، نەک بە ئەقڵ و ئاوەزی پازدە سەدە پێش ئێستا، دەبێ کۆت و زنجیرەکانی داب و نەریت و ئەخلاقی باو و کلاسیکی بخنکێنرێ، تا لەش ئازادبێ، هەڵبەت، هەمووی ئازادییەک لەلەشەوە دەست پێدەکا، ئەگەر ئازادی لەش بێ پایان و بێ سنوور بێ، ئازادی بەمانا گشتییەکەی لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تاک، بێ پایان و بێ سنوور دەبێ، لێرەشەوە، سەرەتای لە

دایکبوونی مرۆڤێکی دیکەیە، تا ئەو مرۆڤە لە دایک دەبێ، مرۆڤی ئەمرۆ مردووە، مرۆڤی زیندوو لەبن گڵە، مرۆڤی مردوو لەجادە و بانەکان پیاسە دەکات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسەت دەکات، ئەندامی پەرلەمانە و نووسەرەو مامۆستای زانکۆیە و ئێوارە دەچێتە بارەگاکان و بەرگریش لەمافی ژن و منداڵ و پیرەکان دەکا، داوا لە حاکمی شار دەکا، تکایە شارەکەمان جوان بکەن، جادە و ئاو و کارەبای بۆ ڕاکێشن، قوتابخانە و نەخۆشخانە بکەنەوە، بەڕاستی مرۆڤی مردووی ئەم دەڤەرە زۆر ماندووە، هیلاکە، بێ تاقەتە، هەمیشە وەک چەرخوفەلەکێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی لەکارو جوولەدایە، ئەمەش ڕواڵەتێکە، درۆیەکە لە شێوەی هەقیقەت خۆی پیشان دەدا، هەقیقەتی ڕووتیش لەسەحرایەکی کاکی بەکاکی زنجیرکراوە، پرۆمیسۆس ئاسا، هەمیشە لە ژیان و مردندایە، بەلام کەی زیۆس دێ، بەلام کەی زیۆس دێ، ئەمە قسەی دوا مرۆڤی هێلینی بوو کە بەدەم چاوەڕێکردنی زیۆس، بەدەم هەلاتنی هەقیقەت سەری نایەوە.

(١٤)

... کەسێکم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و هاوار بکا و بەرەو ڕوومــــان بێ و بە ئاشکرا ئەو ماسکەمان لە ڕوخسار بکاتەوە تا هەقیقەت بەدەرکەوێ، ئێوە بۆ درۆ دەکەن، ئێوە بۆ ئەوەندە حەزتان لە پارەیە، ئێوە بۆ ئەوەندە حەز دەکەن بە فریشتە خۆتان پیشان بدەن، کەچی ناوەوەتان، هەناوتان پڕبیەتی لە ڕیخۆڵە و پیسایی و خوێن، ئایا ئەمەیان هەقیقەت نییە، ئێوە بۆ خۆتان ناناسن، بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستن، لە گۆزەی سارد و فێنک ئاو دەخۆنەوە کەچی ناتوانن وەک ئەم ئاوە سازگارە خۆتان ڕابگرن، خۆتان پیشان بدەن، وەک فریشتە بە بەردەمم ڕادەبوورن، بەلام هەناوتان پڕبیەتی لە خەنجەر، لە چەقۆی تیژ، لە وێنەی پارە، لەوێنەی خیانەت، لە فێڵ و تەڵەکەبازی، تکایە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەقیقەتی ڕووتی خۆتان، سەر مانای خاک و زەوی، شتێک نییە لەو ئاسمانە چاوەڕێتان بکا، شتێک نییە لەم ژێر زەوییە لە شێوەی جیهانی پەنهانی چاوەڕێتان بکا، تکایە بگەڕێنەوە بۆ هەقیقەتی خۆڵ و بەردی سەر زەوی، مانای ئاو و خۆڵ و بەرد و قوڕی ژێر زەوی، ئەمانە هەموو هەقیقەتن، درۆ تەنیا لەناو ئێوەدایە نەک لەبن زەوی نەک لە ئاسمان، ئەگەر باوەڕیش بەوە نەهێنن، ئەوا ئیمڕۆ ڕۆژی مردنە مرۆڤە.

(١٥)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتەوە و بەقەد سەنگینی بەردێک ڕووبەڕووی خۆی بێتەوە و پەنجە لەسەر ئەو هەموو تاوانانە دابنێ کە لەبەر چاوی ئەو دەکرێ و بێدەنگی لێ دەکرێ. لە ولاتی ئێمە، شتێک هەیە پێی دەگوترێ ڕەگەزپەرستی کۆمەڵایەتی، بەڵێ، ڕەگەزپەرستی کۆمەڵایەتی لەشێوەی منداڵێکی گوڵەبەڕۆژە فرۆش، پیاوێکی پاقلەفرۆش، منداڵێکی کلینیکس فرۆش، بنێشت فرۆش، پاقلاوە فرۆش، بە چلەی زستان، بەچلەی هاوین، لەکاتێکدا شاعیرەکان و بەرپرسەکان و فەرمانبەرە گەورەکان، لەماڵەوە، لەبەر سۆبا دانیشتوون یان لەبەر فێنکایی ژوورەوە پاڵیان داوەتەوە، خەون بە جیهانێکی خۆشتر دەبینن، ئەوانەی سەرەوەش بەدوای دینارێک ڕادەکەن، بۆ ئەوان پارە و گوزەران و خەون بینین لەدەمی شێردایە، بۆ ئەوانیش هەموو شتێک لە بڕانە، خەنجەر لەکایە و بەهەڵوێستێک وەرگرتن بەرامبەر بە کوردایەتی گیرفانی پڕ دەبێ لە پارە، هەمووشمان دەزانین پێشتر مێژوویێکی نەبووە بۆ کوردایەتی، بەداخەوە، هەزاران جار بەداخەوە، ئەمڕۆ هەموو شتێک بەو ناوەوە دەفرۆشرێ، کوردایەتی بۆتە کالاو بازرگانی پێوە دەکەن، ئەمەش لەلایەن هەندێک کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە دیمەنێکی کوێرەوەری کە لەسەر جادە دەڕوا هەستی پێناکەن، بەڵێ تاکەی گوڵەبەڕۆژە فرۆشتن، تاکەی پاقلە فرۆشتن، تاکەی منداڵی ناسک و خەون و جوانی بەپێی پێخواس و پێستی سووتاو و وشک هەڵگەڕاو لەکۆلانەکان بگەڕێ، تاکەی سەرچۆپی کەرە درۆزنەکانی کوردایەتی هەموو ڕۆژێک مۆنیکایەک لێ دەخوڕن و پارە لە پەنجەرەکانیان فڕێ دەدەن و قوونیان پێ دەسڕن و.. تاکەی ئەمانە وەک ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی لە بەرگی هەقیقی دەمێننەوە، ڕووی ڕاستەقینەیان پیشان نادەن، یانی چی بوونی دوو دیمەنی ناوێزە و پڕ لە درۆی لەم جۆرە لە کۆلانەکانمان پیاسە دەکەن، ئەی مرۆڤە هۆشیارەکان لە کوێن، مرۆڤە هەقیقەت بینەکان لەکوێن، پێشمەرگەکان لەکوێن، پێشمەرگە کۆمەڵایەتییەکان لەکوێن، ئەوانەی هەردەم

دژی چەوسـانەوە و درۆ و ڕواڵەت بوونە. ئەمـە ڕواڵەت نییـە لە ڕێگای درۆ و سـاختـە و بازرگـانیکردن بە کـوردایەتی لەناکـا و بکەوینە ناو بەهەشـتـێکی پان و بەرین و کـوێرەوەریش لەشـێـوەی منداڵێکی بێ بەرگی پێخواس و ڕووت و قووت بەبەردەمت تێپەڕێ و هەستت نەجـوولێ و بۆی دەرچی وەک ئەوەی ژیان ئەوەندە هێـمن و ئارام بێ، هیچ کێشـەیەکی سیاسی و کـۆمـەڵایەتی و شـارسـتـانی لە ئارادا نەبێ، ئای لەو سـەردەمـە پڕ لە ڕواڵەت و درۆپەرسـتـییـە، ئای لە مـردنی مرۆڤ، ئەمـڕۆ ڕۆژی مردنی مرۆڤە، سەردەمی مرۆڤە مردووە، ئێمە بەدەم لەدایکبـوونی مـرۆڤ دانیـشـتـووین، بەڵام ئایا ئەو ڕۆژە دادێ؟!

(١٦)

... کەسم نەبینی لەناو پاکی خۆی قیت بێتـەوە و بە گـوڕ و تەوژم بەرەو ڕوومـان بێ هەقـیـقـەتمان بە وشکی لەناو دەست بنێ، پێمان بڵێ مرۆڤی ئەم دەڤەرە دەمێکە مـردووە، مرۆڤی ئەم دەڤـەرە بەدوای قـیـامـەت دەگـەڕێ و دەیەوێ لەسـەر زەوی قـیـامـەتمان بۆ دروست بکا، لە کـاتێکدا ئەگـەر ئەو لەو خەوە قـورسـەی قیت بێـتـەوە دەتوانێ بەهەشت دروست بکا. مـرۆڤی ئەم دەڤـەرە، نازانێ و ئاگـای لێ نییـە لەناو خـەوێکی مـوگناتیـسی دەژیێ، ئەو گـوایە بە ڕواڵەت هەست دەکـا مـرۆڤـێـکی باشە، نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێ و بۆ خوا دەژیێ، بەڵام تەنیا ئەو خۆی خۆش دەوێ، ئەو کاردەکا بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕەستاخیز بچێتە بەهەشت، ئاگای لێ نییە، خەوتووە، کە دەمـرێ بە هەشت و جەهەننەم بەجێ دەهێـڵێ، ئەو تەنیـا خۆی خۆش دەوێ، ڕقی لە ئەوانی دیکەیە، ڕقی لە جادە و شەقام و باڵەخانە و جلوبەرگی جوانە، ڕقی لە هەمـوو داهێنانێکی جوانە، ڕقی لە مۆسیقایە، ڕقی لە کتێبە، ڕقی لەوەیە کە یەکێک دەبینێ بەجـوانی و بە پوختـی و بەخـاوێنی دەژێ، ڕقی لە ڕاسـتـی گـوتنە، درۆی خـۆش دەوێ، ڕەسـتـاخـیـز درۆیەکی زەبەلاحـە، تراویلکەیە، سەرابە، شەبەنگە، بەڵام ئەو خۆشی دەوێ، چونکە خۆی خۆش دەوێ. کە بیـریش لەوانی دیکە دەکـاتەوە، دە نان دەکـرێ، بەسـەر هاوسـێکانی دابەش دەکـا، کـە ئەوانی دیکەی خۆش دەوێ، گایەک دەکرێ لە کۆڵان لەبەر چاوی منداڵان سـەری دەبڕێ، هەتا هەفـتـەیەک جـۆگـەلە پڕ لە خوێنە، بەیانیان، شەوان، ئەو منداڵانە لە جۆگەلەی پڕ لە خوێن دەترسن، شەوان بیریان بۆ چەقۆی تیـژ دەچێ چۆن سەری گا دەبڕێ، ئەو قەت بیر لەوە ناکاتەوە، بەلای ئەو گـرینگە خـێـر بکا ئیـتـر بە هەر نرخـێک بێ، ئەمـەش درۆیەکی زەبەلاحی پڕ لە ئیـهـانە و خۆهەڵکێـشـان، بەم شێوەیە لەلای نەدارەکان وێنەیەکی مەزن بۆ خۆی دروست دەکا گوایە ئەو ئێوارەیە وای کردووە هەمـوو کۆڵان گۆشت بجـوون، بەڵام ئەمـە گۆشـتی ئیـهـانەیە، ئیـهـانەی ڕۆحی ئینسـانە، بەڵام ئەو لە خـەوێکی ترسناکی مـوگناتیـسی دەژێ، بیـری تەنیا لەلای خۆیەتی، بیری تەنیـا لە ڕۆژی ڕەسـتـاخـیـزە، کـە جـارێکی دیکە ئافـەریدە دەبێـتـەوە و حسـێب و کـتـێبی لەگـەڵ دەکـەن، ئەو ئاگـادار نییـە و نازانێ، قـیـامـەت لەدواوەی خـۆی بۆی دادەمـەزرێ، لەو دەمـەی دەیخـەنە ناو گـۆڕ، ئەو نازانێ، ئاگـای لێ نییـە، ئەم دونیـا خـڕە و سـەراوبنە و بێ پایانە، کـە ئەو دەڕوا، واتە تـەنیـا ئەو دەڕوا، لەپاش خـۆی لەوحـەی مـەحـفـوز دەبێتەوە، کە دەچێتە ناو گۆڕ ئینجا لە خەوی ترسناکی موگناتیسی بێدار دەبێتەوە، کە بەخۆ دێتەوە هەزار تف لە ژیانی ڕابردووی سـەر زەوی دەکـا، چۆن نەیزانیـوە بەهەشت و جەهەننەم هەر لەوێ بوون، ئەفسووس.

(١٧)

ئەوە بۆ هەڵدەپەڕی، بۆچی و لەبەرچی هەڵدەپەڕی، تۆ مەیموونی یان مرۆڤ؟

بۆ لەسـەر سک دەخـشـێی، بۆ کـڕنۆش دەبەی، بۆ کێ کڕنۆش دەبەی، بۆچی کڕنۆش دەبەی، لەم دنیایە شتێکی مەزنتر هەیە لە گۆشت و ئێسقان و ڕوحی خۆت!

ئەوە بۆ ڕادەکەی، لەبەرچی ڕادەکـەی، بۆچی ڕادەکـەی، ئەو بریقەی لەو سەرەوە بینیت زێڕ بوو یان زەردایی.

ئەوە بۆ ڕادەکـەی، لەبەرچی ڕادەکـەی، بۆچی ڕادەکـەی، ئەوەی لێی هەڵدێی گیـان و ڕوخساری پڕ لە درۆی خۆتە یان پەنگری هەقیقەت؟

ئەوە بەرەو چی دەچی بە شەتاو، بۆچی دەچی، لەبەرچی دەچی، ئەوەی بۆی دەچی هەقیقەتە یان درۆی ئارایشکراو بە هەقـیـقـەت، ئایا توانای ئەوەت هەیە لێکیـان جیابکەیتەوە؟

# من کێم؟

جەلیل کاکەوەیس
(کەرکووک)



تیــــشکێکی زەردباو ئەم دیوی پەردەکــــەی ڕووناک کردووەتەوە، قۆڵ و باسک و لا ڕوومەتی وردە عارەقەیان لێ نیشتووە و بە توێکڵە لیمۆیەکی گوشراو دەچن. بە توندی هەناسە دەدات و دەخـواتەوە و پشـووی سـوارە. شەکەتییەکەی بە کەسێک دەچێت کە بە هەورازێکی ڕکدا هەڵزنابێت و تازە گەیشتبێتە ترۆپک.

– یەکجار ماندوو دیاریت، سەفەرێکی پڕووکێنەر بوو، وانییە!؟

ئەمە پرسیارێکی تەوسامێزی ئەوەی تەنیشتی بوو کە چەشنی گـوڵە گـورگـێکی تێـرخـواردوو چوارپەلی لێ ڕاکێشابوو، ئەم بەبێ وازییەوە لێوەکانی وەک برینێکی قەتماغە نەگرتوو دەکرێنەوە؛ «ئێوەی هەمیشە برسی و تێر نەخـواردوو ئاوها سـەربژەننە هەناوم، چۆن مـاندوو نابم، چۆن بێزارو بەدبەخت نابم!».

دوو جـەسـتـەی لینج و بەیەک نامـۆ بەتەک یەکـەوە هەڵاوێکی خنکێنەریان لێ هەڵدەسـتـێت. پەردەیەکی ئەستوور هەردوو جەستەکە لە هەراو زەنای ناو هۆڵەکە جیا دەکاتەوە، ناوبەناو دەنگێک لەنێو ژاوەژاوەکەوە بەرز دەبێـتـەوە؛ «دەویت باوک پەلە کـە، خـوانەناسی تێـر نەخـواردوو پەلە کـە، خـەڵکی دیکەش هەن!». ئەوەی تەنیشتی بە لاموبالاتییەوە منجە منجێک دەکات؛ «ئەم سـەرحـانە هەڵەوەڕە بووەتە مـووی لووت و وا دەزانێت خۆڵمان داوە! گـوێی مەدەیە، با هەر بۆ خـۆی بڵێت..».

هەر ئەوەی تەنیشتی بە چپەدوو ڕووی لێ دەنێت: «ئەرێ ناوت چی بوو!؟». بەم پرسـیـارە توون دەبیـاتەوە، ئاخـر شـەو نییـە ئەم پرسـیـارەی لێ نەکـرێ، ناوی لێ بووەتە مۆتەکەیەک و تەنگەنەفەسی دەکات. هەست دەکات چ

ناوێکی نییە، خەڵکانی دیکە ناوی لێ دەنێن، ناوی سەرزاری و ڕەوتەنی، هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی، چۆن عەقڵی گرتی و ناوێکی لێدەنێت، ڕەنگە بەپێی شێوەو ڕوخسار، کەسێکی دیکەیان دیبێت و کەمەکێک لەم چووبێت و هەمان ناوی هەبووبێت. ئێ ئەم تا ئێستا ناسنامەیەکی بەناوی خۆیەوە لە گیرفان و جانتاکەیدا نەدیوە! ئیدی هەر شەوەو بە چەندین ناو بانگ دەکرێ، بگرە جگە لە ناوە تازەکە نازناوێکی ناتۆرە ئاساشی دەخەنە دوو، ناوی هەرزان و تووڕەهات. هەست دەکات ئەو سەگانەی کە خاوەنیان هەیە، ناوی خۆشیان لێ نراوەو هەتا هەتایە هەر بەو ناوەوە بانگ دەکرێن، کەچی ئەم هەر شەوەو بە چەندین ناو بانگ دەکرێت و بۆ سبەینێ لە بیری کەسدا نامێنێت، تەنانەت لە بیری خۆشی دەچێتەوە، کە بە چەند ناو بانگیان کردووە! ئەرێ بەڕاستی دەبێ ناوی چی بێت!؟

ئەمێستا کەوتووەتە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی کە خۆی بە ڕابردوویەکەوە ببەستێت، دیارە لەو ڕابردووەشدا دەبێ ناوێکی هەبووبێت، ڕابردوویەک با دەستکردی خەیاڵیش بێت، خۆ هیچ نەبێ لەو ڕابردووەدا شوێنێک هەیە، کەسانێکی ئاشناو نزیک هەن، دیارە هەر ئەو کەسانەش ناوێکی خۆشیان لێناوەو هەر بەو ناوەوە بانگیان کردووە، کەچی هەست دەکات ئەمە لە مێشک گوشین پتر نییە، ئەو ڕابردووە لە تەمێک زیاتر نییە، نە شوێنێکی تێدایە و نە سەردەم و ڕۆژگارێک، نە کەسانێکی ئاشناو نە ڕەگ و ڕیشەیەک، هەتا دێت مەژگی جەنجاڵتر دەبێت: «من کێم!؟ ڕەنگە هەر لە ئەزەلەوە لەنێو ئەم هۆڵە پەیدا بووبم، یان لەنێو ئەو داوە ئاڵۆزانەی ئەو جاڵجاڵۆکانەی بنمیچەکە سەرم هێنابێتە دەرێ و ئەم شتەی ئێستام لێ دروست بووبێت! یان لە گەرای ئەو سیسرکانەوە سەرم دەرهێنابێت کە شەوانە بەنێو ئەم هۆڵەدا بە زریکەزریک پەرت دەبن! دوور نییە، بێ ئۆقرەییەکەی من لەوان دەچێت! ئەی ئەم سەرحانە، ڕەنگە لە خڵتەی ئەم جەستە بۆگەنەوە پەیدا بووبم! بەبیری کەسێکدا نایات ئەم سەرحانە پیرو چاوکزە لە کەیەوە لێرەیە؟ ئاخۆ دەبێ چەندین کەسی بێ ناو ونیشانی وەک من خستبێتەوە!؟».

ئەوەی تەنیشتی هەمان پرسیار دووبارە دەکاتەوە: «ئەرێ هەر پێت نەوتم ناوت چییە!؟».

ئەمێستا ئەم لە قاڵۆرەیەکی بەتاڵ، لە تەنێکی لینج و بێ هەستەوەری پتر نییە، تەنها خولیاکەی نێو کاسەی سەرێتی بووەتە فڕندەیەک و لە شەقەی باڵی داوەو لە هیچ شوێنێک نانیشێتەوە، گەیشتووەتە پشت هەموو ڕۆژگارەکان و شوێنێکی ئاشنای نەدۆزیوەتەوە: فڕندەیەکی نامۆ و نابەڵەد، نە هێلانەیەک، نە نێرێکی هاولف، نە زەڕنەقووتەیەک، فڕندەیەکەو سەر بەهیچ تیرەیەکی باڵندان نییە، کەچی ئەوەی تەنیشتی چون گورگێکی برسی دووبارە سەری ژەنیوەتە قاڵۆرە بەتاڵەکەی و ئەم هەست بە چ قورسایی و هەناسەیەک ناکات. ئەوەی تەکی جارێکی دی چوار پەلی لێ ڕاکێشایەوەو بەهەمان پرسیار بۆژەی کرد: «هەر پێت نەوتم، ناوت چییە و لە چ تیرەیەکیت!؟».

ئەم تەنگەتاو دەبێت و لێوە برین ئاساکانی دەکاتەوە: «ئێوە چ پێویستتان بەناوی منە! ئێ ئەوە نییە هەریەکەتان ناوێکم لێدەنێت، من دەیان ناوم هەیە.. من هەر ئەوەندە دەزانم ناوم مێچکەیەکە و.... ئێستا زانیت ناوم چییە!؟».

جارێکی دی فڕندەکەی نێو کاسەی سەری کەوتە دنیای نەدیوەوە، ئەمجارە هەستی دەکرد ئەوە خۆیەتی بە هەموو بوونێکییەوە کەوتووەتە ڕێ، لێ ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی نەدەزانی، هەستی دەکرد جەستەی بووەتە چەندین لەتەوەو هەر لەتەی ئاراستەیەکی گرتووەتە بەر، بیرکردنەوەیەک، یان لێکدانەوەیەکی سەرووی بیرکردنەوەی خۆی بوو، بە هاوارێک هەموو لەتەکانی جەستەی کۆکردەوە و لە شێوەی ڕۆبۆتێکدا کەوتە ڕێ. ڕۆبۆتێک کەوتبووە ڕێ و لە چاوی ئەمدا هەموو دنیا تاریک بوو، تاریکاییەک کە هەرگیز ڕۆژی بەسەردا نەیات، ڕۆبۆتێک نە ئاراستەی هەیەو نە هەنگاوێک بەر پای خۆی دەبینێت، دەڕوات و لرخەلرخێکی لێ بەرز دەبێتەوە.

– زینەت، ئەو لرخە لرخە چییە، وا خەریکە دەخنکێیت!

چاوەکانی زینەت دەپشکوێن، ئیدی وەک ئەوەی لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا بیری لەوە کردبێتەوە کە بڵێت: «نارنج، ئەوە تۆش هاتیت؟ ئای! چەند خۆشحاڵم ئەو دۆزەخەمان جێ هێشت و واپێکەوە کەوتووینەتە ڕێ... ئەرێ نارنج گەیشتووینەتە کوێ؟ تۆ بڵێیت زۆرمان مابێت بگەینە جێ!؟»

– زینەت، بۆ ئێمە لە کوێ بووین، تا بگەینەجێ!؟ ئێ ئەوە نییە هەر لە وێرانەکەی خۆماندایین!

چاوێکی گـێـژ و وێژ بە دەوری خـۆیدا دەگـێـڕێت و دایدەخاتەوە؛ «دەزانم تۆ نارنجیت، بەڵام ئەی من کێم! ؟ نارنج تۆش ناوی دیکەت هەیە؟ تۆش ئەو هەمـوو ناوەت لێ نراوە؟ نا.. نا، دەبێ یەک ناوم هەبێت، دەبێ دوو بنیادەمی نێر و مێ باوک و دایکی من بن! تۆ بڵێی هەر لە ئێجادەوە من ناوم نەبێت و لە ڕەچەڵەکی بەشەر نەبم! ئێ ئەگەر بەشەر نەبم، دەبێ لە هێلکە شەیتانەیەکی ئەم ڕۆحی دەریا بۆگـەنە، یان لە گـەرای مـاسـیـیـەک، کیسەڵێک، لە جانەوەرێک، دەعبایەک کەوتبێتمەوە! نارنج، تا دێت دنیـا لەبەر چاوم تاریک و بچـووک دەبێتەوەو جێگەی جەستەی منی تێدا نابێتەوە. هەست دەکـەم ئەم ژوورە بووەتە گـۆڕیچـەیەک و تادێت وێک دێتـەوە و ئێـسکەکـانم وردو خـاش دەبن، گـوێم لە چرکەچرکی پەراسووەکانمە.. نارنج، پەلە کە بابڕۆین و لەم گـۆڕە ڕزگـار بین، پەلە کـە وا ئەم گـۆڕیچـەیە دەمخنکێنێت!».

– زینەت، ئەوە خـەون دەبینیت؟ ئاخـر بۆ کـوێ پەلە کـەم، ئێـمـە هەر لەنێـو ئەم کـەلاوەیەین و لە شـوێن خـۆمـانین! زینەت، ئاخـر من و تۆ و هەمـوو ئەوانەی هۆڵەکە گردمـان دەکاتەوە و شەوانە... نا.. نا، زینەت دەست لەو وڕێنانە هەڵبگرە، تازە ئێمە کارمان کراوە، نە دنیایەکی دیکەمان هەیەو نە شوێنێکی دیکە ئێمە پێمان لەسەر بەردێکی لەق گیر کردووە، ئیتر هەر کە بەردەکە خزا، یان پێی ئێمە خزا، بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک غلۆر دەبینەوە، ئاه! ئەو دەمە تووشی نەفرەتێکی دیکە دەبین، کە یەکجار لە نەفرەتەکەی ئێستاو ئێرەمان بە هەستەمتر و بە سـوێتـرە! زینەت، گەرەکە ئەوە بزانیت ئێـمـە لێـرە شەوانە کۆمەڵە نێرەوسێک لەبەر پێمان دەبنە منداڵێک، کۆبلەیەکی زەلیل، بەڵام هەر کە پێمان نایە دەرێی ئەم چوار دیوارە، ئیدی ئەو نێرەوسانە بەو کۆبلەیەتییە قایل نابن و هەر خۆیان پەتی نەفرەتمان لەمل دەکەن.. زینەت ئەوەی تۆ بیـری لێـدەکـەیتـەوە دەرچوونە لە نەفـرەتی دۆزەخێک بۆ دۆزەخێکی سووتێنەرتر. (ئەی خودایە، تۆ ئێمەت لە پرشەی ئاوی کـانییە ئەستێـرە دروست کرد، کـەچی تووشی نەفـرەتت کـردین! ئەی خـودایە، ئەوە چی بوو، چ گەمـەیەک بوو، چ ئارەزوویەک بوو، چ دەسـتێک بوو! ئەوە دەستی کێ بوو وا ئێـمـەی گـرمـۆڵە کـردو وەک تۆپەڵێک خستینیە نێو چنگەکانی و تا تینی تێدا بوو بۆ ئێـرەی تووڕ داین!؟ ئەوە کێ بوو، خـودایە کێ بوو!؟).

زینەت، واز لەو خـەون و وڕێنانە بێنە، تۆ وێڵگەردی بەهەشتێکی ونبوویت، ئاخر لەوانەیە ئەوانەی بەهەشتی خەیاڵەکەی تۆ ونبوویەکی دیکەی ئەم دنیایە بن. دەی وا گریمان دۆزیتەوە، ئاخر کەسانی نێو ئەو بەهەشتە نارنج و زینەتێکی دیکەیان گەرەکە، نارنج و زینەتێکی نێر نەدیو و پاکـیـزە، ڕەنگ و ڕوخـسـاریان لە هی خۆیان بچێت. ئامان! تووشی مەرگ و نەفرەتێکی دیکەمان مەکە.

زینەت، ئێـستا پەیکەرێکی کۆن و تۆز لێ نیشـتووی نێـو کۆنە دێرێکی چەپەکەو کەوتووەتە پەراوێزی هەمـوو یادەوەرییەکەوە، تەنها فڕندە دارکونکەرەکەی نێو کاسەی سەرێتی ناحەجمێت؛ «من.. من کێم!؟ دەبێ من جاران هەبوویەک بووبم، ئەی ئەو جارانە کەی و کوێیە!؟».

– زینەت، ئەوەی ئۆقرەی لەتۆ هەڵگرتووە، لە منیـشی هەڵگرتووە. ئاخر ئێمەی لەوتاوی نیـوە شەوە سوورەکان تازە بەکەڵکی چی دێین؟

تۆ فـوو لە پشکۆیەک دەکـەیت دەمـێکە خـامـۆش بووەتەوە.. فووی لێ مەکە دەمانسووتێنێت.

بنیادەمی هەوەسباز هەر بە بۆن، بە بۆنی ناجسنی ئەو کـوختـە تەریک و لاپەڕە دەدۆزێتـەوە کـە دوو تارمـایی لێـڵـی لەخـۆ گـرتووە، دوو تارمـایی لەپشت نارنج و زینەتەوە دەیان ناوی تریان هەیە و کـوختـێک لە دنیـای دەرەوە جیـایان دەکـاتەوە، کوختـێک لەنێو زەل و گژ و گـیـای نێـوان ڕیزە دارخـورمـایەک خنکاوە. بنیـادەمی ناجسن گـەر مـەیلی چوونە ژوورەوەشی نەبێت، ئەوا بە دەست بەتاڵی ناگـەڕێتـەوە، هەر بۆ لاقـرتێ بە پارچە گەچێک چەند وشەیەکی داماڵراوی وەک (......) لەسەر دەرگا ژەنگنەکە دەنووسێت و دەڕوات.

زینەت هێـشـتـا هەر پەیکەرە کـەڕ و لاڵ و خـۆڵ لێ نیـشـتـووەکـەی نێـو کـوختـەکـەیەو تەنهـا باڵندە دارکونکەرەکەی نێو کاسەی سەرێتی دەجریوێنێت؛ «من کـێم!؟» نارنج تارمـاییـەکی دیکەیەو ڕووی دەمی لە بۆشـاییـەکی بێ کـۆتاییـە؛ «دەزانم، زینەت دەزانم ئەم پرسیـارە چەشنی خۆرە دەتپـووکێنێـتـەوەو پیرو خەڕۆت دەکـات. من دەزانم ئەو ڕازەی عـەیامـێکە لێم شاردوویتەوە، بەرگەی ناگریت. کەواتە دەی غیرەتێ بدە بەر خۆت، دەی کچە گەرمیانییەکە بەرگەی ڕازێک بگرە، کە حەڤدە ساڵە کوناو کون دەیگێڕم. دەی زینەت لەگەڵ تۆمـە. ئا... تۆ زینەتیت، ئەو زینەتەی لە کـۆچەک، کـۆچەکی خـەیاڵەکـانت، لە پشـتی سـەرحەد و لە هەناوی

ئولفەت بەر بوویتەوە. (هێی زینەت، ئەوا منیش لەگەڵ درکاندنی ئەو ڕازە، بارێکی گران لە کۆڵم دەبێتەوە. هۆ خودا کەسەکەم کێ دەتوانێت حەڤدە ساڵ بارێکی قورس هەڵبگرێت و ئۆف نەکات؟ لەمن زیاتر کام خەڵقەندە دەچێتە ژێر ئەو بارەوە؟ لەمن زیاتر کام خەڵقەندەی مێینە حەڤدە ساڵ بەرگەی زگێکی شەیتان ئاوس دەگرێت؟ ئاخر خودایە، زینەتێکی تەمەن دوو ساڵ، لەپە گۆشتێکی باوک و دایک نەدیوت کردە ئەو نوتفە قورسە و لە ڕەحم و کۆڵ و هەمێزی من جێگیرت کرد. من لە خوایشتی تۆ لام نەداوە، هەر لەو چرکەساتەی کە زینەت چەشنی گۆیەک لە باوەشی خڵتان خوێن بووی ئولفەت پەڕی و کەوتە هەمێزی کچێکی نابالق و پاکیزەی وەک من، ئیدی من ئەو ئامانەتەی تۆم وەک چاوەکانی خۆم پاراستووە. هەر لەو ساتەوە کە سەی فەروخ کەوتبووە پێش سەدان سیما بیابانی و بە زمانێکی خۆمانە بانگی دەکرد؛ (دەی نمەک حەرامینە جیا بنەوە، دەڵە شڕەکان بە جیاو هەتیویش بە جیا.. دەی ماتەڵمان مەکەن..). ئا.. هەر لەو کاتەدا دەنگی گوللەیەک تێکەڵی دەنگی سەی فەروخ بوو، ئیتر کەس نەیزانی ئەوەی سەرحەد و ئولفەتی لەنێو خوێندا گەوزان، هەر سەی فەروخ خۆی بوو، یان سیما بیابانییەکان، خودایە، خۆ تۆ قەڵەمی چارەنووسەکە بەدەست خۆتەوە بوو، ئەی بۆچی نووسیت: گەرەکە ئەم دوێتانە بکەونە دەست ئەم بێ مەزەبانە، گەرەکە بە ژەمێ تێرو بە سێ برسی، حەفتەیەک بەم پاس و بەو قەتار دنیایان پێ تەی بکەن و دواجار لەم کەلاوە تەریکە ببنە بەردی بن گۆم!. زینەت گوێت لێمە؟»

زینەت بەعاستەم چاوێکی لێڵ هەڵدەبڕێت و دەینووقێنێتەوە، ئەو لە هەموو سەردەمێک دابڕاوە و تەنها فڕندە دارکونکەرەکەی نێو کاسەی سەری دەجریوێنێت؛ «بە بۆن دەیاندۆزمەوە، لە هەر شوێنێک پەکم کەوت، چاوەکانم لێک دەنێم و خەون دەبینم، لە ئاوی ئەو کانییە خۆم بسمیل دەکەم کە بەردەوام لە خەونەکانمدا دیومە، ئەو کانییە شەوانە ئەستێرەکان دەڕژێنە ناوی و ڕێنماییم دەکەن. نارنج، تۆ ئەو کانییەت دیوە؟ جەستەم لە پونگەڵانی دەم کانییەکە هەڵدەسووم و جەستەم دەبێتە چڵە پونگەیەک.. بۆنی جەستەم پێش خۆم دەگاتە جێ، ئەوسا بەدەم ئەو بۆنەوە پیرێژنێک و پیرەمێردێک دێن و لە ئامێزم دەگرن (ئۆخەی! چەند بۆنت خۆشە، بۆنی پونگەو خاکت لێ دێت. کەنیشکە، یەژی قەت ئەیرەت جێ نەهێشتە! ئەرێ ئەو هەموو ساڵە لە کوێ بوویت!؟). ئەرێ نارنج لە کوێ بووم!؟».

نارنج لە سووچێکی کوختەکەدا بووەتە تۆپەڵە پەڕۆیەکی کۆن و ڕووی لە بۆشاییەکی بێ کۆتاییە؛ «زینەت، دەزانم ئیدی ڕۆحت بەو جەستە بۆگەنەت قایل نییە، زینەتی ڕاستەقینە ڕۆحەکەیە و خۆی دۆزیوەتەوە، منیش لەوە زیاتر ناتخافڵێنم، بەڵام لەوە نیگەرانم لەو خەون و خەیاڵەتدا دایک و باوکی لەخوێن گەوزاوت نابینیت، دیمەنی ئەوساتەی سەی فەروخ نابینیت کە بە زمانێکی خۆییانە هاواری دەکرد؛ (دەی پەلە کەن، جیا بنەوە، ئیتر ئەو باوکەتان مرد هەتا هەتایە لێرە زاوزێ بکەن..). ئای! زینەت لەوە دەترسم کلیلی بەهەشتی خەیاڵەکانی تۆ ئێستا بەدەست سەی فەروخەوە بێت. ئەرێ زینەت تۆ لە کوێیت، خەریکە تارماییەکەتیش نابینم.. وەی تەنهایی کوشتمی!»

لە سووچەکەی بەرانبەر، ڕاست لەو شوێنەی کە زینەتی تێدا گرمۆڵە بوو نرکەیەکی بەسوێ هەڵدەستێت؛ «نەمردم و گەیشتمە حەقەجێ، ئای! چەند بۆنتان خۆشە، ئێوەش بۆنی پونگەو خاکتان لێدێت... گەیشتم نارنج، ئەوە گەیشتمە هەورازەکەی بەرماڵان و گوێم لێیە بانگم دەکەن، ئەوەتا بە چاوی خۆم دەیانبینم، ژن و پیاوێک لە هەرەتی لاویدان، بە دوو عاشقەو ماشقە دەچن و بەرەو پیرم دێن: بە یوسفی گورگ خواردە شاد بووینەوە، جارێکی تر ڕووناکی زایە چاوەکانمانەوە. دەی نارنج، تۆش وەرە.».

ماوەیەک، بە بیری کەسدا نایات، لە کەیەوە کوختێکی ئاوها تەریک، دوور لە ئاوەدانی لەنێو گژوگیای بن ڕیزە دار خورمایەک هەر ئەوەتا دیارە.. هەر لە دەوروبەری ئەو کوختەدا بەردەوام حەپەی سەگ دەبیسترێ، ئەو سەگە بەرەڵڵایانە هەر لەوێ دەترەکێن، ناوبەناو بزر دەبن و لەپڕ بە گوانی شۆڕ و پڕ شیریانەوە پەیدا دەبنەوەو لە پەنا دیواری کوختەکە بەسۆزێکی دایکانە وەردەکەون و تووتکەکانیان بێن بە گوانیانەوە دەنێن. ئەو سەگانە بە نووزە نووز بۆن بە دیوارو دەرگای کوختەکەوە دەکەن، وەک ئەوەی بڵێن: هەرچەندە ئێمەو ئێوە لە دوو ڕەگەزی جیاوازین، بەڵام هەردوو لامان هاودەردین و وەک یەکیش نەفرەت لێکراوی ئەم دنیایەین.. دە بنوون، بێ خەم و خەیاڵ ڕازەکانی خۆتان بلاوێننەوە. جاران ئەو دوو تارماییەی نێو کوختەکە هەستیان بە هاوسۆزی و

هاومالێتی ئەم سەگانە دەکرد، ئەو پارووەی لە دەمی ئەمانەوە بەر بوایەتەوە، دەکەوتە دەمی سەگەکان، کەچی ئێستا ئەو هاومالێتییە ڕوو لە کزییە و ئەو سەگانە لە چاوەڕوانی و حەسرەتدا هەر دەلووریێن و بۆن بەدەرگاو دیواری کوختەکەوە دەکەن، بێ ئاگان لەوەی ئەم دووە ڕۆژ بەڕۆژ دەبنە دوو بوونەوەری بێ زمانی وەک ئەوان. هەر ئەوەندە پەیوەندییان بەم دنیایەوە ماوە؛ ڕۆحیان لەنێوان دوو بۆشاییدا دێت و دەچێت، بۆشاییەکی دۆزەخ ئاسای شەوە سوورەکان، کە بەردەوام وەک ئاگرێک بەربووەتە تەمەنیان و پیریان دەکات. بۆشاییەکی خەیالکردە و دوورە دەست بە زیندوویی لە چاوی نارنجـــدا دیارە؛ دنیایەکی بەهەشت ئاسا کە دایک و باوکی وەک جاری جاران بە بەرچاویدا دێن و دەچن، نە خەمێکیان هەیەو نە ترس، ئەوە بۆنی پونگەیە و لەکانییە ئەستێرەوە بەدەم باوە هەڵدەکات و دەگاتە ئەم، هەمـوو جەستـەی، جلەکانی، سیبەکانی پڕ دەبن لەو بۆنە.

کەچی ئەو دیمەنە لە پڕ دەگۆڕێت و کانییە ئەستێرە چک دەکات، لە بری بۆنی پونگە، بۆنێکی گەنیوی گۆگرد ئاسا بەسەریدا دێت و لەبەرچاوی دایک و باوکی پیر پیر دەبن، بە چاوی خۆی سەی فەروخ دەبینێت و گوێی لێیە دەڵێت؛ (هۆو خەڵکینە، گەر من گۆشتتانیش بخۆم، ئێسقانتان ناشکێنم، دەی بە وردو هەراشتانەوە جیا بنەوە، کوڕە بە قسەم نەکەن حەیاو حەیسەتتان دەچێت، ئێوە خاوەن ژن جوان و جحێڵن، خاوەن کچ عازەون، ئەی ئەو گەلە هوڕانەتان نەدیوە!). ئیدی ئەم دیمەنانە لەنێو هاڕە هاڕی پێچکەی زنجیرو تەپوتۆزی پێی سەدان ڕوخساری نەناس لەبەر چاوی تێکەولێکە بوون. هەناسەیەکی قووڵ و جەخاراوی هەڵدەکێشێت و چاوەکانی لێک دەنێت؛ «ئاخر زینەت، تۆ بە خەیاڵی خۆت، بەرەو بەهەشتێکی جوان و دڵڕفێن دەڕۆین، بەڵام تۆ سەی فەروخ ناناسیت، دڵنیام ئێستا دەیان سەی فەروخی دیکەی لێ کەوتۆتەوە و کلیلی بەهەشتەکەش لە گیرفانی ئەودایە، دەترسم زینەت، دەترسم وەک جاری گۆڕین بەهەشتەکەمان لێ بکاتەوە دۆزەخ!». هەست دەکات ئەوە سەی فەروخ بە زرپ و زیندوویی دێت و دەچێت، بەڵام بەشێوەیەکی تر دێتە بەرچاوی، دەبینێت کەڵبەو چرنووکی هەیە، پێیەکانی لە سمی بەراز دەچێت و کەسیش هەستی پێناکات! ئەوەی سەری لە نارنج تێکداوە ئەو مـڕە مـڕەیە کە لە سەی فەروخ بەرز دەبێتەوە.. ئەوانەشی بەدەوریدا کەپرۆکەیان بەستووە، دەنگێکی دیکەیان لێ بەرز دەبێتەوە، دەنگێک هەر لە بارەبار و باعەباع دەچێت.

سەگەکان لووتیان ناوەتە دەرگای کوختەکەوە و دەلووریێن، بەعاستەم دەنگیان دەگاتە گوێی دوو تارماییەکەی نێو کوختەکە، ڕەنگە تەنها گەیشتبێتە گوێی نارنج، بۆیە بە دەنگێکی نووزە ئاسا دەڵێت:

– زینەت، ئەو دەنگەی دەرەوە چییە؟ گوێت لێی نییە؟

– نارنج، هەر ئەوەتا دەتبیستم، ئەوە دەڵێی چی؟

– زینەت، من ئێستا هیچ نابیستم، گوێیەکانم تەواو کپ بوون، بەعاستەم لێوەکانت دەبینم دەجووڵێنەوە. ئەوە چیت وت!؟


– نارنج، دنیا زۆر تاریکەو هیچ نابینم، ئەرێ ئێستا شەوە، یان ڕۆژ؟

– منیش هیچ نابینم.. وەی ئەم تاریکییە هەناسەم توند دەکات، زینەت، ئەوە تۆ لە کوێیت...؟

– نارنج، من لە هیچ شوێنێک نیم، پێیەکانم لەسەر زەوی نەماون، نازانم لە کوێم، نااااا....

ئەمێستا دوو تارمایی لەشێوەی دوو تۆپەڵە پەڕۆی کۆن، هەریەکەو لە سووچێکی ئەو کوختەدا گرمۆڵە بوون. پشتیان بووەتە کەمەی گۆچان و پرچ و گیسوویان لۆکەیەکی سپی سپییە، نە زمانیان هەیەو نە گوێ، تەنها دوو تارماییین و هەر ئەوەتا لەگەڵ کەلوپەلەکانی دەوروبەریان جیا دەکرێنەوە. دوو تارمایی سەر بە هیچ چاخ و سەردەمێک نین، نە نیشانەی ناسینەوەیان دیارە و نە سەر بە هیچ تیرەیەکن، چ ئاگاشیان لەوە نییە لە دەرێی ئەو تاریکستانەی ئەواندا، وا شۆڤڵێک چەشنی گیاندارێکی ئەفسانەیی لەنێو هەراو زەنای مەردمێکی زۆر دڕ بە سەگەکان دەدات و دێتە پێشێ، دێتە پێشەوەو وەک جانەوەرێکی کێوی قەپ بە کوختەکەدا دەکات و لە چاو تروکانێکدا کوخت و دوو تارماییەکەی ناوی دەبنە تەپۆڵکەیەکی نارێک. مەردمەکەش بە زاری کراوەوە چاوەچاوی ئەوەیانە، ئاخۆ ئەو جانەوەرە کێوی و ئەفسانەییە لەسەر چ زبڵخانێک دەیانتفێنێتەوە!؟

**هەولێر ۲۰۰۵/۷/**



# کەمێ لەولا سنوورەوە

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی
(سلێمانی)

نێوەڕاستی پووشپەڕبوو، بەیان ئەنگووتبوو و بایەکی فێنک بە ئاستەم لکوپۆپی درەخت و دەوەنەکانی دەلەراندەوە؛ بۆنی خۆشی شنگ و گیای ئەو کوێستانەی سەرەوەی دەهێنا. ڕووناکی، کەم کەم، لووتکەو دامێنی ماهو هەڵەمووتی ئەو دەوروبەرەی ئاشکرا دەکرد؛ لەوەدابوو بزنە کێوی بەرەو کانیاو و سەرچاوەکان ڕیز بگرن و دووی یەکدی کەون.

لە ناکاو لەملاو لەولا فرتەو فڕەی باڵی باڵندەیە دەهات؛ بەو سۆزییە کتوپڕ بەرەو بژوێن و وەردو پێدەشتەکان یا بۆ سەر کانیەک دەردەپەڕی، تا بە یەکەم تنۆکی ئەو ئاوە سازگارە ژیانی ڕۆژ دەست داتێ.

حەمە فەرەجی ئەولکەریم چمکی لێفەکەی لاداو وەدەرکەوت، خاوو خلیچک بەدەم باوێشکدانەوە هەستاو بە چیچکانەوە ڕووەو لای ڕاست ڕوانی. ئەوەی ئەولاتری لەخەودابوو.

وردە وردە دنیا ڕۆشنتر دەبۆوە، سیرەی باڵندەو پڕمەی ئێسترەکانی خوار خۆی تێکەڵ بەیەک دەبوون، هەروا لە جێوەی بزووت، بەرەو حەسار و گوێسەبانەکە بۆوەو ملە درێژەکەی ڕووەو لای ئێسترەکان سەرەوخوار کردەوەو داینیە بەر نەزەر؛ هەر سێکیان لەم زووتر وە ئاگا هاتوون و بار و شمەکەکانیش لە هەیوانەکەدا وەک شەو چۆن دایناون، ئاوها.

دڵنیا بوو. ملی بۆ دواوە کێشاوەو ئەمجا ڕووانییە ئەوبەر، دامێنی ماهە بەرزەکەی ڕووەو ئاسمان چووبوو، پاشماوەی بەفری زستان لەنێو بەندەن و دامێنە نسرمەکاندا سپی دەچوونەوە؛ ئا لەوێوە بوو ئەو بێنە خۆشە بایەکە سەرەو ژێر دەیهێنا و دەیدا بە ڕوویدا. یاڵە بەرزەکەی ناوقەدیشی، بە تەپڵی سەریەوە ڕەبیەیەکی سەربازە ئێراقییەکانی لە کۆنەوە لەخۆ گرتبوو. دەیزانی چاویان کردوون، بەڵام لێیان دڵنیابوو! بەو شنەی فێنکییە و بۆنی خۆشی گیاوگوڵە کوێستانیانە بیر و هۆشی چۆوە بۆ چوار ساڵی لەوەبەر کە سەر لە ئێوارەکە کەڵە کێوییەکەیان ڕاوکرد و بەیانییەکەی وەک ئەم حەلە لەسەر سکڵی گەشاوە و گەورەی داربەڕووی وشک سی و

جگەرەکەیان دەبرژاند:

– دەستی شکاوم... ڕۆی.

ئەمەی لەبەرخۆوە وت و ڕووی بۆ ئەولاتر کرد.

هەر لەو سەربانە بەو سەبایی ساڵحانە، «حەیات»ی ژنی بە هەموو بۆشناخی و لەشولاری پڕیەوە، دوور لەم، هێشتا لە پرخەی خەوێکی قوولدابوو، پەتووەکەی وا لەخۆ پێچابوو، چەسپیبووە عازای ئەندامی؛ هەرچی بەرزی و نشێوی جەستەی بوو خستبوویە ڕوو.

«بەڵام ئەم، هەیهوو. دەمێکە بێبەشە لەو لەش و لارو جوانییە....».

هەستی کرد دیسانەوە خوێن زایەوە نێو دەمی، لای کردەوەو تفێکی خەستی سوور وەک کوتە جەرگی فڕێ دایە قەراغ حەسارەکەو چمکی پشتێنەکەی بەلغاوەیدا هێنا.

– لەوەلاتر چیت سەگبابی کەچەڵ وەک دەردەوارت کردم.

لە سەرەخۆو هێواش چووە کن جێگەکەی حەیات و بە ئەسپایی پەتووەکەی لاداو خۆی خزاندە لایەوە.

حەیات وەک ماسی ناو ئاو فرتەی کرد و لێی ڕاپەڕی، گورج سەری وەرچەرخاندو باوەشێ قژی ڕەشی زبری شەوەیی بەودیودا خست و بە قینەوە بەمدا هەڵشاخا:

– دیسانەوە، کوڕە تۆ نابێ بفامیت؟

– حەیات، بۆ هێند پێم قەڵسیت، ئەی مێردت نیم؟

– نا، وتم نا... حەزم نییە و لاچۆ.

– بۆ، ئەی تۆ ژن نیت. خۆشیت لێ نایێ؟

کە ئەمەی دەوت لەژێر هەنگڵیشیەوە دەستی دەبرد بۆ سنگی و توند خۆی پێوە نووساند.

حەیات تا هێزی تێدابوو هەر بەو ڕاکشاوییە پاشە لەققەیەکی ئامبازی نێوگەڵی کرد و ئەم لەژان و حەیبەتدا دەستی بەرداو توند گرتی بەنێو گەڵیەوە:

– ئۆف باوکەڕۆ... کچێ کوشتمت.

– تۆ پشیلەی حەوڕۆحیت، نامری، بەڵام بفامە.

حەمە فەرەجی ئەولکەریم بە کوڵێ ئێش و سوێوە کشایە دواوە، حەیات پەتووەکەی دادایەوە بەسەر لەشیدا و پشتی تێکرد.

ئەو دەیزانی جافری ددانساز ئەم کوشتوویە، سێ ساڵ لەمەوبەر چووە لای ددانی بۆ بکێشێ، لە پلایسێک و شووشەیە ئاوی مێخەک زیاتری نەبوو، خۆی زۆری لێکرد:

– تیمارم ناوێ بیکێشە، دەری بهێنە و ڕزگارم بێ. لەوساوە شوێنی ئەو ددانە دوابڕاوە خۆشەوە نەبوو، هەر خوێن لێی دەتکێ، بەوەوە سەرومل و ناوشانیشی داویەتە ژان. ژیان لێی بۆتە دۆزەخ.

سەروسەکوتی حەمە فەرەجی ئەولکەریم تا دەهات دەچووە سەر شکڵی ڕێویەکی لەڕ. پیاو نەفرەتی لە هالاوو بۆنی دەم و ددانی دەکرد، بەتایبەت کە جگەرەی دەکێشاو بەدەم قسەوە بە باقە دووکەڵ دەردەهات.

حەیات تەواو پەست و دڵشکاو ببوو لێی، وایدەزانی لە زینداندایە و ئەویش بەسەر سەریەوە وەردیانە، ئیدی وایلێهات لووتی پێدا نەدەهێناو قیروسیای لەو ژن و مێردایەتیەش کرد.

– لە جێی نەبووانە، بە مانگ ماڵ ناکەوێ... ئاڵش و وێڵشەکەی ئەمدیوو ئەودیوی پێ باشترە.

*   *   *

کە جافر لە دیوەکەی ئەمدیو ئەمی دەگەوزاند و دەتلانەوە، بۆ سات و چرکە کورتەکانیش دەچووە دنیایەکی ئەفسووناوی و خەیاڵیی واوە کە میچی ژوورەکەو دارەڕاکانی لێدەبوونە دارستانە چڕوپڕەکەی دامێنی ئەو ماهەی بەرامبەریان و لەنێویاندا تەزووی خۆشیە سەرمەدیەکەش تەختی ڕووی گەشتر دەکردەوەو شەوقی چاوە گەشە ڕەشەکانی شکستی بە ڕووناکایی فانۆسەکەی لایانەوە دەداو بێ ئەوەی بەخۆبزانێ پەتی شەرمی دەپساو توند توند باسک و قۆڵی سپی و ناسکی لە دەوری کەمەری ئەو پیاوە دەهێنایەوە یەک و خوازیار بوو بۆ هەتا هەتایە ئاوا پێوەی بلکێ...!

– بەینی بخە، ئارامتبێ و ناوە ناوە وەرە.

– بۆ، لێم وەڕسی؟

– نا، نا... ئەو هێجگار وا گێل نییە، ئەمڕۆ لەسەر حەوز پلارێکی هاویشت.

– تۆ بەشکی.

حەیات لەپی دەستی بەلامل و گەردنی تەڕبوو بە ئارەقەی تلاندنەوەکەیان هێناو، ناوشانی پڕوپانی سپی کە قەفی قژی ڕەشی ئاڵۆسکاوی گرتبووی تێی کرد و ڕووی نایە سەر هەردوو ئەژنۆی و مات و بێ تاقەت ما.

جافر بەرلەوەی تاکی دەرگاکە بکاتەوە و وەدەرکەوێ چرپاندی:

– وام نەوت زویر بیت. خۆشم دەوێی.

حەیات سی و دوو ساڵی تەمەنی پاڵ پێوەنابوو، دە ساڵی خشتی لەلای شووەکەی بەڕێ کردبوو، بەڵام بە ئەندازەی ئەم چوارمانگەی پڕ لە ترس و بیمی نێو باوەشی جافر خۆشی نەچەشتبوو.

لەملاشەوە شووەکەی موبتەلای ئەشقێکی یەک لایەنە بوو، ئاسنی ساردی دەکوتی و شەوانی ئەمدیوو ئەودیوکردنی سەرسنووری بەدووی بارەوە ڕۆژ دەکردەوە.

وە نەبێ حەمە فەرەجی ئەولکەریم بەو حەرامزادییەی جافری نەزانیبێ؛ دەیزانی ئەو فووی لە چرا کردووە و کوڵەوژی وەرداوەتە ناو ژیلەمۆی مێشکی. حەیاتی بۆ خۆی لێستاندووە!

بۆیە بڕیارەکەی ترسناک بوو کە درەنگانێ حەیات دەرگای کردەوەو هاتەوە، حەپەسا و بووە تەختەی سەر ئاو:

– ئەوە هاتوویەوە؟ چ زوو.

– دیرێکه... ئەی تۆ؟
– لای ئەو کچەتیوەی خوشکم. کوێم هەیە بە ناشوکری نەبێ.
بەڵام بەوکزی و لاوازییەی شەوقی چرای ژوورەکە هێشتا ئەم هەستی بە تێکەڵبوونی ڕەنگە نامۆکانی نێو چاوە گەشەکانی حەیات دەکرد و... بەیەکا چوون و هاتنەوەیەک برۆکانی ڕاستییان ئاشکرا دەکرد.
خۆ کە جەستەی ماندوو و شەکەتی ئەو ژنە قسەرە وازوو چووە خەو، ئەم تەورزینەکەی هەڵگرت و وەدەرکەوت.

* * *


گزینگی دا، دامێن و لووتکە بەفراویەکانی ئەوبەر وەک چۆڕی زێڕی تواوەیان کرێ بەسەردا، ئاوا شەوقیان دەدایەوە، حەیات نەنوستبۆوە، مات لە جێدا خۆی تل دەدا.. هەستاو بەملاولای خۆیدا ڕوانی. وەک بۆ یەکێک بگەڕێ، چاوی کرد.
بە قەراغ جۆگەی لای چاخانەکەدا بەنەخوێنەکەی دەبەستەوەو بە ئاوەکەیشیدا دەڕوانی، دەمانچەکەی لە کەمەری توندکردو داگەڕا بۆ ناو قسنەکەی خوار چاخانە چۆڵکراوەکە باوەشێ چیلکەو داری هێناو لە نێوان بارەکان و ئێسترەکاندا دای بە عەرددا.
حەیات هەستاو نوێنەکانی پێچایەوە، دای بەلای هاولانەکەیداو لاتریسکەی لێ بەست؛ وەک نەیارێک خۆی لێ وەلا خست.
– تفاقی چالێنان لەو گوێنیەدایە. گورجکە، وا ئاگرێ دەکەمەوە.
–...
کە لە جۆگەکە گەڕایەوە، دەستبەتاڵ، لەولاوە...
– کچێ بۆ دەڵێی ئاو لای داوی، وا دێرە، بجووڵێ.
– من نایەم، دەگەڕێمەوە.
– چۆن؟.... گوایە بۆ؟
– نامە هاوەڵی پیاوکوژ.... بۆ نازانم چیت بەسەر ئەو قوڕبەسەرە هێناوە.
– تۆ ئەفامی، ژێر بە واز لەم تەرحە باسانە بێنە... ئەوەی ناو باخی خەڵکی کەوێ بە هەققەت تێی دەخوڕن.
– من و تۆیان نەگوتووە، ڕێمدە با بگەڕێمەوە.
– نا.... تۆ هی منی. پێکەوە لەو گەرمێنە، لە شار... ژیانێکی تر دەژین، ئەم خوێناوەی پووکێشم ڕادەگرم.
ئەمەی وت و بە قیاسی نیو پیاڵەیەکی بەولایدا تف کردەوە.
حەیات وەک بیەوێ هەموو شت یەکلایی کاتەوە:
– تۆ پیاوکوژی، کەللەی جافرت هێناوە بۆ ئەو سەربازگەیە (لەگەڵیشیا ئیشارەی بۆ یاڵە بەرزەکەی ناوقەدی ماهەکەی ئەوبەر کرد) گوایە پاسدارە، پارەیەکی مفتی پێ لە باخەڵ نێی!!

لەمەدا، حەمە فەرەجی ئەولکەریم قرچە لە گازەرای پشتیەوە هات و گرژبوو، بڕستی لێبڕاو تەکانیدا، لەو ژنە بێ پۆبە چووە پێشێ و بەسەریدا نەڕاندی:
– هەوەسبازی لەسەگبوو، کێ ئەمەی نایە مێشکت، چۆنت زانی؟
حەیات لە ترسان هەستاو بۆ دواوە ڕەتێکی برد، عازای ئەندامی کەوتە لەرزین. ڕووەو تووڵەڕێی قەراغ جۆگاکەی گرت. بەرەو چڕو نزارەکە.
کابرا بووە خەنیم و بە دویدا،.... ببووە عیبرەت، هاواری لێکرد، بێ فایدە، لێی پاڕایەوە، هەر هیچ. حەیات هەنگاوی بەگوڕ و گورجی دەنا، تا دەهات چڕو نزارەکەش دەیگرتە خۆ. ئەو ناوە هێشتا تاریکی و سامی شەوی پێوە مابوو.
حەیات دەڕۆیی، بەگوڕ هەنگاوی تێکەڵ و پێکەڵی بۆ پێشەوە دەنا؛ هەروەک بەرەو مەرگ بێتەوە. هەناسە ساردە بانگ و هاوارەکانی ئەوەی دواوەی وەک گرمەو هاڕەی شەتاوەکەی سەرووتری دەهاتە بەرگوێ.
حەمە فەرەجی ئەولکەریم کە نائومێدبوو لەو مامزەی پەتی پچڕاندو بە بەرچاویەوە وا هەڵات؛ بڕیارێکی سامناکی دا، تۆیەڵێ خوێنی مەییووی ناودەمی تف کردەوەو دەمانچەکەی لە کەمەری ڕاکێشا.
یەک بە دووی یەکدا سێ فیشەکی تێگرت. ڕاستەو ڕاست ناوشان و گازەرای پشتی حەیاتیان پێکاو دەستبەجێ لە پەوڕوو کەوت.
کە گەیشتە سەری هیچی نەوت، چاوە گەشە ڕەشەکانی ئەبلەق ببوون، دەتوت بۆ ژوور دەڕوانن، هەردوو چنگی لە خۆڵەکە گیر کردبوو وەک بیەوێ ژیان بەجێ نەهێڵێ... لە دەم و لێویشیەوە دەزووڵەیە خوێناو دادەڕژا.
حەمە فەرەجی ئەولکەریم سست و کز و شڵەژاو، دانەویەوەو دەستی تاسەر ئەژنۆی هێناو بێ ئەوەی بەخۆ بزانێ هۆن هۆن فرمێسک دادەکەوتە سەر زامەکانی سەر پشتی حەیات.
– خوا بتگرێ فووت لە سکڵی ژێرکا کرد، وتم بگەڕێوە.
ڕاستەوەبوو و سەری بڵندکرد. بەنێو دارو چڕو بێشەکەیدا ڕوانی. کۆلارەیەک بە سەر لقێکەوە کە لەو ڕووداوەی دەڕوانی باڵەکانی کردەوەو بەرز هەڵفڕی و ڕۆیی. ڕووەو کێو و بەندەنەکانی ژووروو... فڕی تا لە چاو ون بوو.
کە هاتەوە بۆلای بارو ئێسترەکان گرمەو ناڵەی دوو فڕۆکە بێدەنگی و ماتی ئەو ئاقارەیان دادڕی، بە دوویدا شریخەی سێ ڕۆکێت چاخانە چۆڵکراوەکەو ئێستر و بارو کابرایان ئاوێتە بەخۆڵ و بەردو دارو تۆز کرد، بەحەوادا چوون.

**ئەیلوولی ۲۰۰۵**

# مردن

سەلام مەغی
(سلێمانی)



(١)

دوای وەفـــاتی «مــــیکایل» کــە بە شـــێخ مـــیکایل بەناوبانگ بـوو.. کەسوکاری سەردانی گۆڕەکەیان کرد و کێل و گۆڕ و گۆڕیچەیان ماچ کرد پێیان وت:

– دوای نەمانی شێخ حەمدان خوومان پێوە گرتوویت و بۆ باڵندە و زیندەوەرەکانیش مایەی خۆشبەختی و فەڕ و بەرەکەتیت و ئەوانیشت کەمەنکێش کردووە، بەڵام ئەوەی بە لامـانەوە سـەیرو نامـۆیە ئەوەیە ناچنە سـەر گۆڕەکـەی شێخ حـەمدان و وەک ئێـمە بۆی نەبوونەتە قـەرەبرووت و سووتەمەڕۆ..

لەو قـسـانـەدا بوون کـاتێکیـان زانی شـێخ مـیکـایل بە خۆی و ڕیشـێکی سـپی و دارعـاسـاکـەیەوە لە گـۆڕەکـەی هاتە دەرەوە و سـەیرێکی ئاسـمـان و ڕاست و چەپی خۆی کرد، بەڵام شپرزە و لێو بە بار و لەش داهێزراو... زمانی تەتەڵەی دەکـرد و لە گـۆ کـەوتبـوو، دارعـاسـاکـەیشی ڕەونەقەکەی جـارانی نەمابوو، کەچەڵەی کردبوو.. بەرزە پێ لەبەری هەســتـــان و دەست و شـــانیـــان مـــاچ کـــرد، ئەوەندەی تر لایان خـۆشـەویست و مـەزنتـربوو.. چاویان لێنەدەترووکان و چاوەڕوانی ئامـۆژگـاریییەکـانی بوون لای خـۆیانەوە ئەیانـوت: «ئێـسـتـا باسی بە هەشت و دۆزەخ و ژیانی ئەو دنیامان بۆ دەکات».

بەڵام سەیریان کرد مرۆڤەکەی جاران نییە و سرکە لەناو چەوانی دەبارێ و لۆچەکـــانی ناوچەوانیت یەک یەک بژماردایە. مێزەرەکەی فڕێ داو دارعاساکەی بەرز کردەوە و بە تووڕەبوونەوە وتی:

– باسی شـێخ حـەمـدانت کـرد لەم گـۆڕسـتـانەدا بە «عـەمماش کـولیب..» بەناوبانگە.. مـێـژوویەکی ڕەشی هەیە.. ئەوەی لای ئێـمـە باوو لەناوبوو ئەوەنەبوو، بەڵێ لە دیمەنا پەپوولە و فریشتـە بوو، بەڵام ماکەکەی گـورگ حەفیان بوو، گیای گەمژەیی و گەمۆڕی دەردخوارد داین و

بەدوایی بلّقی سەر ئاودا وێرغەمان دەکرد و گەڵای درەختی پایزانە بووین ڕەشەبا شێت و وێتی کردبوو..

بێ ئەوەی بزانین شێخ حەمدان کێیە شوێنپێمان هەڵگرت و ئاوی ژێر پێڵاوەکانیمان خواردەوە و وشەی مردنی لەناو دڵ و چاو و ماسولکەکانمان ڕواند، بە بست لێمان جیا نەئەبۆوە و ڕەشماڵی ڕەشی تەمەڵی و تەوەزەلی و بێهۆشی و نەزانی بەسەرماندا هەڵدایەوە و پاروویەکمان نەبوو پێخۆرەکەی وشەی مردن نەبێ، تارمایی مردنی دنیای لێکردینە شەوەزەنگ و بەرپێی خۆمان نەئەبینی، بە دەردێکی بردووین ناوی خۆمان و نیشتمانەکەیشمان لە بیرچۆتەوە، ئەمانوت کە مردن لە ڕەگی پەناگوێ نزیکترە بۆچی خۆمان ماندوو بکەین و کار و کاسبی بکەین..؟! نیشتمانی گەورەمان ئەو گۆڕەیە جا خوا بکات جێگامان بە هەشتبێ و نەکەوینە ژێر چنگی مارو مێروو.. ئەم دنیا فانییە بیرکردنەوەی نەگەرەکە..

ڕاستە وتوویانە: دنیا پێچی مێزەرێک و پێنج و دوو ڕۆژێکە و ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەم دنیا کاکی بە کاکی و هەزار لۆغانەیە و هەتابێ تەمەنی سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە و کۆتایی نایەت کەس دانگە و کەوانەی نازانێ.. وەک شێخ پێیدەوتین گۆڕیش زەخیرەی دەوێت، زەخیرەیش بە ئاسانی گیان لە لەش جیا دەکاتەوە و باشترین توێشە بەرەیە..

(٢)

بەشبەحاڵی خۆم تاوانبارم و یەکێک بووم لەو ملپانانەی قەننەی بەرپشتێنەکەی حەمدان بووم و بە شەو و بەڕۆژە دەهۆڵژەنی بووم و دەنگ و باسی مردنم لە زمانی ئەوەوە بڵاودەکردەوە گوێی خەڵکم پێ ئاخنیبوو، کەڕوکاسم کردبوون، ئەو چەندەی دەڕێسا دە ئەوەندەم بۆ دەخستە سەری و وامدەزانی زووتر دەچمە بەهەشتەوە..

بۆ ڕاست و دروستی ئەم قسانە وەرن لەم گۆڕستانە، بپرسین و بڵێین حەمدان کێیە..؟! لەکوێوە هاتووە و ئیش و کاری بە ئێرە چی بووە..؟! چۆن گەیشتۆتە ئێرە...؟! لە وەڵامدا پێتان دەڵێت:

– لە بنچینەدا خۆی و هۆزەکەی بۆ داگیرکردن و ئەتک و تاڵان و بڕۆ و کولتووری ئەم ناوە هاتوون و بەکرەیی و پاڵەییان لە تاواندا کردووە، بەڵام هەر لێرەدا قڕیان تێخستوون و کۆزەروو بەربای عەمریان ناون و خواستیان چاڵەمشت کردوون.. بە تەنها ئەم وەک قازی کوێر ماوەتەوە و دەمی چووە بە خوری خۆیا، بۆ چڵەپووشێک گەڕاوە لە بن ئەم کۆڕە دارو گڕناڵە بەردەدا دەهۆڵی شێخێتی بۆ خۆی لێداوە و ناوی خۆی گۆڕیوە و لە بەردی ئەم ناوە وشکە کەڵەکێکی بۆ خۆی هەڵچنیوە و ئێوەیش ناوتان ناوە خزنەکەی شێخ حەمدان و بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندووتانەتەوە و بەردەوام ماڵیاتتان لەسەر سەر بڕیوە.. بۆ ئەوەی لە دەرد و بەڵای ناگەهان دووربن..

سکی ژنەکانتان پڕ کات، لە باقی ئەو پڕوپاگەندەی مردنتان بڵاودەکردەوە و مێشکی خەڵکتان کەڕەپوو دەکرد و سەپانی کاوو کۆت بوون.. بەلای ئێوەوە شەوانە باڵی دەگرتەوە و لە ئاسمان پشووی دەگرت و یاسای نوێی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ناو بەناویش بەرەو «غەزا» پاڵی پێوەدەنان و کۆشکەکانی بەهەشتی نیشان دەدان و یاساو ڕێبازی زەردەشت و ئاڤێستایان لا سووک و پووچەڵ دەکردن..

جا نەگبەتی لەوەدایە دوای مردن بیر لە خاک و داگیرکەر و ستەم و لەوچەکردن دەکەینەوە و کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێین و درەختی خەم و نەهامەتیمان لە قەف و گوڵدایە و شەربەتی ڕووباری چارەنووسی تاڵ و بێبەر دەخۆینەوە و بۆنی کەڵەکە بەرد و نیزای نەزۆک و عەبرەش دەرمانخواردمان دەکات..!!

ئێمەی مردوو ئاگامان لێبوو کە دەهاتنە زیارەتی حەمدان و گۆڕستانەکە دەتان وت:

– خۆزگەمان بە ئێوە، بەس نەبوو زوو مردن و لەتارمایی مردنی ئەم دنیا نەزۆک و ناو چاو تاڵە قوتارتان بوو شێخ دەمێکە پەیمانی باخ و باخاتی بەهەشتی پێداوین و بە کۆمەڵ کلیلی بەهەشتی بۆ بەجێهێشتووین و ڕێگای غەزای نیشان داوین زۆرمان خوا بەزەیی پێمانا هاتەوە و لە غەزا نەگەڕاینەوە..

– ئێستایش گۆڕەکەی حەمدان ئاوەدان و ئاوەنیایە و ڕووناکە پڕ لە خێر و بێرە، بەیداخەکانی دەشەکێنەوە، بەڵێ عەقڵە چەمەڕەقێدراوەکانی ئێمە دەیانشەکێنێتەوە ئێستایش ئێوەی زیندووی بەشی مردوو خۆر هەناوە کوتێتانە و نانی گەمۆڕی دەست و قاچی ڕککردوون و خێرتان بەخشراوەتەوە و دەستتان لە پاشەڵی هەمان کەوە دەرچووە.. ئێمەی مردوویش ناچارین لەم چرکە دژوارە بەولاوە گوڕ بدەینە خۆمان و چاکی مەردایەتی بەلادابکەین و ڕابردووی چاڵەمشتەکراومان بگێڕینەوە و دژ بە هەورە چڵکنەکان بدەین، کە ڕابردوومان گێڕایەوە ئاڤێستایش نەمردووە و لە دارە مەیتەکە دێتە دەرەوە وشەی زیندوو مردنی بۆ نییە.

٢٠٠٥/٩/١٠

# پەسەند

**موحسن عەبدولڕەحمان**
**(دهۆک)**

سەر بوو دەهۆل و چاڤ ب رێزانڤە وەستیان، ئەزموونێن گشتی بدوماهی هاتن، هەمی چاڤەرێی ئەنجامانن، هەرئێک جیهانا خۆ یا تایبەت لدوڤ رێژەیا نمرێن کاروانێ ژیانا وی دەستنیشان دکەت؛ بۆ خۆ ژ دندکێن خیزی ئاڤا دکەت.

– بێهنا خوینێ.. دلێ من دبوریت، و ناڤێ من لکولیجا نوژداریێ دەرکەڤتییە!

– ئەز گەلەک حەز لفرینێ دکەم، هەما دێ چمە هێزا ئەسمانی.

– شیعە و شیوعی؛ هەما بێ هیڤی بە!

– ها.. یاسین باخڤە ناڤێ تە لکیدەرێ دەرکەڤت؟

– دێ چمە ئەکادیمیا هونەرێن جوان، رێژە پێ نەڤێت، هەرچەندە نمرەیێن من دباشن.

کاغەزێن خۆ پێشکێش کرن و چاڤپێکەڤتن کر، ناڤ خویندن، یێ ئێکێ عەبباس و یێ دوویێ یاسین.. هەر ئێکی پارچە کاغەزەک دا دەست و گوتێ: لرۆژا (١٩٧٥/٨/٢٥) لگەل پەسەندا حزبی دبەرهەڤبن.

– عەباس.. ئەم نەهاتینە وەرگرتن، دێ چمە زانکۆیا میسل.

– نە.. بۆچی؟ ئەم یێن ئێکێ و دوویێ نە، ئەم دوەرگرتینە و ژبیر نەکە ئەڤە ئارەزوویا مەیە.

– تۆ.. شیعە.. و ئەز کورد...!!! کاغەز دڕاند و پارچێن وێ وەکو هەستیکێن خەلیفێن ئەمەویان دانە بای.

سالێن درێژێن عەسکەریێ و لەشکریا نەمللی و جاشاتی و گرتن و زیندان و فیلاری و سەرهەلدانێ زنجیرەکا ژەنگار و بسەنگە تابورێن سەر بوز بوو، لوێ هاڤینا گەرم گەلەک هاتوچوو کر، ژ داخوازنامێ تا باوەڕنامێ و پشکنینا نوژداری و لداویێ داخوازناما ژ موهر و ئیمزایان بویە گێلما گاڤانی لسەر مێزێ دانا، سەیدایێ رێڤەبەر لێ نێڕی پشتی وی ژی ب موهر و ئیمزا خۆ پەسەندکری و گوتێ:

– لرۆژا (١٩٩٥/٨/٢٥)ێ پەسەندا حزبی بینە و دەست بکاری بکە.

– چ!؟

دپشتا پیکەمێدا یێ رازایی و لگەل ترومبێلێ لجادە یا پڕی کەند و کور د هەژیا، و لداویێ ب ئارامی پێنڤەدایە و پێدڤی ب پەسەندا مەزنترین کەس نینە، ژ نشکەکێڤە ترومبێل راوەستیا و بهیست ئەوێ لهنداڤ سەری یێ دپرسیت

– خێرە برا تە چ دڤێت؟

– دێ چکەن؟

– دێ ڤی مری بن ئاخ کەین.

– هەوە پەسەند ئینایە؟





# دەیزانی خەریکە دەمرێ

بیژەن نەجدی
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

دار زەیتوونەکە هێندە پیر ببوو، ئەگەر کەسێک پاڵی پێوە بدایە بەو گەڵایانەوە کە نەیبوو و بەو دەنکە زەیتوونانەوە کە نەیگرتبوو دەکەوت بە لادا.

مورتەزا لە دەست ئەو ژاندارمانە هەڵدەهات، ڕانی ئارەقەی دەردابوو، شەکەتی لە قولاپەی لاقییەوە یەسقان بە یەسقان تا گرێی ملی وەسەر کەوتبوو، گەرووی وشک داگیرابوو و لە چاویەوە دەڕژا دەرێ تا شوێنێک بۆ خۆ شاردنەوەی مورتەزا بدۆزێتەوە. دارەکان بە دەوریدا دەسووڕان.

چاویلکەیەکی بەدەستەوە بوو. پایز بەخشپەی گەڵاوە بەبن پێیدا تێدەپەڕی. چۆمێکی تەنک بە ئاسمانی تەڕەوە بە پاڵ خیزەڵانەکەدا دەڕۆیشت. مورتەزا بەری پێی نایە سەر ئاسمان و دیسان خۆری پێشێل کرد و هەتا پشتێنەی خۆی دا بە ئاوەکەدا. لەو بەری چۆمەوە دارستانەکە هێندە شەکەت بوو کە مورتەزا ئیتر نەیدەتوانی هەڵێ. ڕاوەستا. چاویلکەکەی لە چاو کردو لە دەور و بەری خۆی ڕوانی.

بێدەنگی و لقوپۆپ و زەوی، دڵۆپ دڵۆپ ببوون. ژاندارمێک ئەوی لە پەنا تەختە بەرد و دار زەیتوونەکاندا دی. قامکی لەسەر پەلەپیتکە دانا و یەسقانی چۆکی چەپەی مورتەزا لەتوکوت بوو. تۆزێ دوورتر، دەنکە برینج ژان دایگرتبوون و نەیاندەتوانی سنگی خاک بقلێشێننەوە و سەر دەرهێنن. مورتەزا کەوت.

– پێکام جەناب سەروان، پێکام.

– تۆ و تۆ... تۆش لەگەڵ گوروبان بچن و تەرمەکەی بێننە خوارێ.

هۆی کوڕە ناوت چییە؟ لەسەر بەیانیی هەینی مورتەزا دەمەوڕوو کەوتبوو، پێی وابوو ئەگەر گاز لە خاک و خۆڵ بگرێ هەتا تەواو بوونی ژانەکە دەتوانێ بێدەنگ بێ. خوێن لە ئەژنۆیەوە شۆڵاوگەی بەستبوو.

هەر جارێ کە ژنەکە زۆری بۆ دێنا، چۆڕێ میزی لەبەر دەڕۆیشت و خەجاڵەتیی لە خۆی و عەرزەکەی ژێری

دەکێشا. ئێستا دەلینگی شەڕواڵەکەی پڕ لە ماسینی لاقی بوو. ئێستا دەیزانی کە ئەوە هەر ژنیش نییە، تەنیا بیرەوەرییەکانی لەسەر یەسکی ئەژنۆی هەڵکۆڵدرابوون و جینگڵی دەدا. دوو لەتکە ئاسمانی شووشەیی کەوتبووە سەر چاویلکەکەی لەگەڵ تۆزێ هەوری ڕێ ڕێ. ڕیزێکی درێژی گوڵەبەڕۆژە بە پاڵیدا تێدەپەڕین و هەر کامیان دوو ڕکاتیان نوێژ لەسەر دەکرد. ژاندارمەکان دەوەن بە دەوەن بەشوێن چەند دڵۆپە خوێن و تەرمێکدا لە گردەکە وەسەر کەوتن. سەرانسەری زستان سوور نەبوو تەنیا ئەو عەرزە نەبێ کە مورتەزا بە هەنیشک و سینگەوە خۆی بەسەردا خشکاندبوو. بەر لەوەی مورتەزا بتوانێ لەسەر لاقە ساغەکەی ڕاوەستێ و پاڵ بدا بە دار زەیتوونەکەوە، دار زەیتوون کەوت و مورتەزا لە سەڵڵا درا بە عەرزەکەدا.

سەروان گوتی: ئەوە تەپەی چی بوو؟

مورتەزا بە شانەوە درا بە عەرزدا. هاوین بۆنی برینی ئەژنۆی ئەوی گرتبوو. دانیشت و هەوڵی دا بە چنگەکڕکێ خۆی بگەیەنێتە نیسێی نێوان دوو تاشەبەردەکە. پاشان هەردوو دەستی لەسەر گوێچکەی دانا تاکوو تۆزێ بیر بکاتەوەو بزانێ دەتوانێ ناوی خۆی وەبیر بێتەوە.

– من بۆ ئاوام لێهاتووە؟ خەریک بوو تاویاو دایدەگرت.

– چی قەوماوە؟

زستانی بێ سەرما بە گۆشتی سووتاوی لاقییەوە گرێدرابوو.

– نەکا من هەر ئەو کەسە بم کە خەریک بوو بەنێو دارەکاندا هەڵدەهات.

پایز لە جەستەی مورتەزا دەبۆوە و هەینی لەو لاترەوە ببووە سێبەری ژێر پێی.

– نەکا خەریکم بمرم؟

ئەگەرچی ناوی دارەکانی دەوروبەری خۆی وەبیر نەدەهاتەوە بەڵام هێشتا دەیدیتن کە گەڵاکانیان بە ڕوخساری قرتاوەوە دەشنێتەوە. لاقی جووڵاندەوە تاکوو ئەو ژانەی کە زیندوو بوونی خۆی لەوەوە دەزانی، لە لەشی کەسیرە بووی نەڕواتە دەرێ. دەستی کرد بە بژاردنی ئەو یەسقانانەی جەستەی کەوا ژانیان پێدا سەردەکەوت و وشە لە دەمییەوە دادەکەوتنە سەر عەرزەکە.

ئەو جۆرەی کە خوێن لە دڕاویی پاتۆڵەکەیەوە هەڵدەقوڵا هاوین تەنیا یەک ڕەنگ بوو.

بەو هەموو سەرمایە کە بەبن پێستی مورتەزادا دەگەڕا، زستان تەنیا سپی بوو. بەری دەستی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا. ژاندارمەکان تفەنگیان سەرەو خوار لەشان کردبوو بۆ ئەوەی بارانی تێنەچێ.

مورتەزا کراسەکەی داکەند. هاوین شانی گرت تاکوو مورتەزا بتوانێ دانیشێ. پایز هێندەی خۆ لە لاقی مورتەزا هەڵساوی تاکوو توانیی خوێنی ئەژنۆی بوەستێنێ. مورتەزا لاقی لە قولاپەیەوە تا ڕانی نایە بەینی لقەدارەوە و بە کراسەکەی توند بەستی. قۆڵەکانی لەسەر ئەژنۆی و برینەکە گرێ دا و شەڵتانی ئارەقە زستانی لە ئامێز گرت. دەنگێک کە لە چۆمەکەوە دەهات، دەستی دا بن پیلی مورتەزا و توانی هەستێتە سەرپێ.

چەن ژاندارمە قامکیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ دانا و مورتەزا دابێژ دابێژ، دابێژ بوو. بە لاقێکی پڕ لە لقە زەیتوونەوە بەرەو پایز ڕۆیشت.

هیچ ساتێکی دوێنێ و سبەینێی وەک ئەم ساتەی بێ پایان نەبوو کە دەیزانی دەمرێ، بەڵام هێندە زیندوو بوو کە دەیدی ڕەنگەکانی دەور و بەری چۆنی دەورە دەدەن. ڕەنگەکانیش هەر یەکەی تۆزێ خۆیان تیهەڵدەساوی.

سپی سەرمای خۆی بەسەر مورتەزادا ڕشتبوو. هەر ئەو جۆرەی کە سوور یەسقانەکانی گەرم داهێنابوو. هەر ئەو جۆرەی کە ساتێکی لای ئێوارەی هەینی دەستی بەنێو چاوانیدا دێنا و بە جەستەیدا ڕۆدەچوو و بەپاڵ دەمارە پچڕاو و گۆشتە سووتاوەکەیدا تێدەپەڕی تا خۆی لە ڕۆژمێری دیواری و هەینییەکانی ١٣٤٩ دوور بخاتەوە.

لە دەرەوەی مورتەزا دارستان هەناسەی دەکێشا و گەڵاکانی بۆ لای لقوپۆپێک دەنارد کە لە دەوری بەلەک و ئەژنۆی بەسترابوو.

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە سەروان و ژاندارمەکان بنچک بە بنچک بەشوێن تەرمێکدا دەگەڕان. گیا بەگیا بۆ دۆزینەوەی مورتەزا و بەرد بە بەردی دارستانەکەیان پشکنی و زۆر جار بە پەنا زەیتوون و دەنکە سەوزەکانیدا تێپەڕین. بێ ئەوەی هیچکامیان بتوانن مورتەزا ببینن، چونکە دەستی مورتەزا لەنێو گەڵاکاندا بوو. لاقیشی لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی دارەکان بە زەویدا ڕۆچووبوو. ڕوومەتی بوونە گەڵا، پێستی جەستەی بە چیلکەو چاڵی تەڕەوە نووسابوو و چاوی لەنێو مشتی پایزدا دوور دەکەوتەوەو خوێن لەسەر عەرزەکەوە بەر چاو دەکەوت و سەروان لەنێو بێتەلەکەدا دەیگوڕاند:

– تیمسار ئێمە پێکامان... بەڵام.... بەڵێ قوربان... تەرمەکەی؟ نا، هیچی لێ نییە، نادۆزرێتەوە.

**سەرچاوە: دوبارە از همان خیابانها، بیژن نجدی، نشر مرکز، تهران، ١٣٧٩**

مــحــەمــەد ئۆزون نووســەرێكی ئەمــڕۆی بەناوودەنگی كــوردە، ناوێكە قــورســایی و ئامــادەبوونی داهێنەرانەی خــۆی هەیە. ئەو نووسەرەی باكووری كوردستان تا ئێستا (٧) ڕۆمانی بە چاپ گەیاندووە، كە دانەیەكیان لە دوو بەرگ پێكهاتووە. لەبەر گرنگی كارەكانی بۆ ســەر (١٥) زمــانی زیندووی دنیــا وەرگێڕدراون، گرنگی ئەو ڕۆمانانەش لەوەدا خــۆ دەبینن كــە بێــجگە لەوەی ســووژە و ناوەرۆكەكەیان لە كەرستە كوردییەكانەوە وەرگــیراون، بە زمــانی شــیرینی كــوردیش نووســراون، لەوەش گــرنگتــر ئەوەیە لەو سەردەمەدا كە ڕۆمان بە مەلحەمەی سەدەی بیســتــەم لە قــەڵەم دراوە، ئەم ڕۆمــاننووســە كوردە توانیویەتی لەو دنیا پان و پۆڕەدا جێ دەستی خۆی هەبێ و خوێنەرێكی ئێجگار زۆر لە دەوری ڕۆمــانەكــانی كــۆبكاتەوە، دەنگۆی ئەوەش هــەیە كــە ئەم نووســەرە بۆ خــەڵاتی (نۆبڵ) هەڵبــژێراوە و دوور نییــە لە ســاڵانی داهاتوو ئەو خەڵاتەی بەركەوێ.
ئەو نووســەرە وەك لە پاشكۆی ئەم دیالۆگــە دیارە، جگە لە ڕۆمــاننووسین لە زۆر بواری دیكەی نووسینیشدا كتێبی چاپكراوی هەیە. ســەردانی ئەم دواییــەی ئەم نووســەرە بۆ هەولێری پایتەختی كوردستان دەرفەتێك بوو تا لە دیالۆگــێكی كــراوە و گــەرمــوگــوڕدا سەبارەت بە جیهانی نووسین و ڕۆمــانەكانی بیــدوێنین و لە ئەنجــامــدا ئەم گــفــتــوگــۆیەی لێكەوتەوە.



# محەمەد ئۆزون: دەبێ شتێ بنووسین لایقی ئێشوئازاری كوردبێ

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید - د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**رامــان:** بۆچی دەتەوێ سووژە و ناوەرۆک و کەرستەی ڕۆمانەکانت لەناو کەلەپوور و مێژوو و ژیانی ڕابردووی سەدساڵەی کورد دەربینی، دەتەوێ لەمەدا بڵێی چی؟

**محەمەد ئوزون:** ئەز نڤیسکارەکی کوردم، ب زمانی کوردی دنڤیسینم، لێ بەرێ ڤێ پرسێ ئەز بەرسڤ بدم، کو چما ب کوردی دنڤیسینم، من ئیمکان هەبوو، ب تورکی، ب سوێدی و ب زمانێن دن ژی بنڤیسینم.. لێ من ژ بۆ هونەری خوەیێ ڕۆمانێ کوردی هەلبژارت، ئەڤ نە بێ سەبەب بوو، ئەڤ توجیەک ب زانین بوو، زمانی کوردی زمانێ منە، زمانەکی قەدەغە کریبە ل ترکیایێ، زمانەکی دبن خەتەری ئەسیمیلاسیۆن (سیاسەتی تواندنەوە- Assimilation) و ونداکرنێ دایە، ل هەمبەر زمان هەر ڕەوشەنبیر، هەر نڤیسکار خوەدی بەرپرسیاریەک ئەخلاقیبە. ئەڤ ژ بۆ من بەرپرسیاریەک ئەخلاقی بوو، بەحسی بەرپرسیاریا سیاسی ناکم، بەحسی بەرپرسیاری ئەخلاقی دکم، زمانی کوردی هەم ب گشتی هەم ل ترکیێ زمانەکی بریندارە، ژ سەد سال ژ دوو سەد سال ڤردە، کو زمانەک دبن خەتەرێ وندابوونێ دایە، زمانەکی کو ئیرشێن گەلەکی توند ل سەر هەیە، زمانەکی کو نەهاتیە بکارئانین، ئەز ب وی زمانی دنڤیسینم. گاڤا ئینسان ب زمانەکی دنڤیسینە بڤێ نەڤێ مەنتقی وی زمانی، ڕێفەرەنسێن (سەرچاوەکان) وی زمانی، جیهانی وی زمانی ڕێگەیێن نوو، مەتووتێن نوو، مژارێن نوو پێشکێشی نڤیسکاری دکە. هەر زمان ل گوری خوە مژارێن خوە پێشکێش دکە... زمانی کوردی ژی، تاریخی مللەتی کورد، ڕۆژێن ڕابردوو، قەدەرێن ئینسانێن کورد، پێوەندیێن شکەستی و ئێش و ژانێن کوردی پێشکێشی من دکە، کو ئەز بکارم وانا بنڤیسم، ئەڤ ل ملکەکی، ل ملی دن نڤیسکارێ کورد دڤێ بزانبە کو ئەو ژی ل هەموو نڤیسکارێن دن یێن جیهانێ جهێیە، مە هیچ ئیمکانێن کو نڤیسکارێن دن هەیە نینن، ئەم نڤیسکارێن ملەتەکی بندەستن، کو ئێش و ئازارا وی زۆر زۆر مەزنە. د هەموو تاریخا مەدا خوین هەیە، ئێش هەیە، کەدەر هەیە، حەسرەت هەیە. ئەم ب ئیمکانێن زۆر کێم دەست ب نڤیسکاری دکین. هیچ کەس پشتگری مە ناکە، هیچ خوەدیێ مەنینە، ئەم مینا تەیرێ قەقنەس، ژ نووڤە ڤەدژن، ئەڤ پرۆسێک زۆر زەحمەتە، ئەم دڤێ ڤێ بزانین، و ئەم دڤێ لائیقی ئێش و ئازارێ کورد بن، وەلاتێ کوردا بن، زمانی کوردی بن، یێ کو ئەم دابفرێنن



**ئازاد عەبدولواحید، محەمەد ئوزون، د. موحسین ئەحمەد عومەر**

دڤێ ئەم ل گوری وی بن. نها گاڤا من دەست ب نڤیسکاری کر نە زمانەکی ئەدەبی پێشکەتی هەبوو، نە خوەندەڤان هەبوو، نە دەزگایی ئەدەبی کوردی هەبوون، نە پەیوەندییەک مەدەنی دناڤ کوردان دا هەبوو، هەژمارێ خوندەڤانێ من (٢٥- ٥٠) کەسبوون، ژ بەر کو ل ترکیێ زمانی کوردی قەدەغەیە، ئینسانی کورد نکارە ب کوردی بخوینە، هیچ ڕەخنەگرەکی کوردی نی بوو، خوەندەڤانی کوردی ژی نی بوو، پەیوەندی ژی نی بوو، کەس نزانی بوو هونەری ڕۆمانی کوردی چیە ژی، شەرتی من ئەوبوو ل دنیایێ کیژان نڤیسکارێن دن ل گورا ڤان شەرتان دا دنڤیسینە، کەس نانڤیسینە بێی مە، ئها ئەم جهێ نە. نڤیسکارەکی کو د ڤان شەرتان دا دەست ب نڤیسینێ دکە، دڤێت بزانبە ئەوێ چ بنڤیسینە ژی، ئەز بێگومان دڤێ مژارێن خو ژ زمان، وەلات و تاریخا خوە هەلبژێرم، لێ ب قاسی چ نڤیساندن، چاوا نڤیساندن ژی گرنگە، تو نزانی چاوا بنڤیسینی هنگی تو نکاری ژ ئێش و ئازار، ژ تراژیدیێن مللەت ئان ژی ئینسان ئەدەبیاتەک بەدەو (جوان- نایاب) ئاڤا بکی. بەحسی ئێش و ئازارکرن تشتەکە و بەحسی فەلەکەکرن و تراژیدیا تشتەکی دنە ژوان ئەدەبیاتەک بەدەو ئاڤاکرن و ئافراندن تشتەک دنە.

**رامــان:** لڤێرە پرسیارێک دێتە پێش، بەحسی ئەوەت کرد کە ئێش و ئازاری کورد گەلەک لازمە نووسەر و ڕۆمانوسی کورد لائیقی ئەو ئێش و ئازارانە بن. بە زمانێکی خورت ناوەرۆکێکی ئەدەبی خورت دەربڕن، نەک بە ئەدەبیاتەک کەشیعار و سلۆگان تێدا بێ، لەو بڕوایەداین جەنابتیش وەکو ئێمە بیردەکەیتەوە و لەگەڵ

ئەوەدا نیت؟

**محەمەد ئوزون:** نە، تەنها ل جیهانی زۆر تشت ل سەر من تێ نڤیسین و زۆربەی کەسێن ل سەر من دنڤیسن دبێژن محەمەد ئوزون نڤیسکارێ بەرخوەدانێ یە، لێ بەرخوەدانا من بەرخوەدانێک ئینسانییە، ئەدەبیاتا من ئەدەبیاتەک جیهانییە و ئەز دخوازم ئەدەبیاتەک ئینسانی و یونیڤەرسەل (جیهانی) ئاڤا بکەم، یانی چڤاس بسەردکەڤم نزانم، مەبەستی من ئەدەبیاتەک وەها بەدەو، خورت، ئینسانی ویونیڤەرسەل ب قایدیێن ب نۆرمێن ب کۆدێن تاریخا ئەدەبیاتێن جیهانی چێ دبە، ب سلۆگان و ب شیعار و ب ئیدیۆلۆژی و ب سیاسەت و ب قووەتا ئیمانێ چێ نابە. مەرڤ دڤێ ل گورا وان کۆدان وان نۆرمان، وان تەرجویان بنڤیسینە، یەعنی ل ڤێ دەرێ موشکیلەک گەلەک مەزن هەیە ژبۆ نڤیسکارێن کورد، مەرڤ دەبی بزانبە چاوا بنڤیسینە، زمان تەکنیک، ئوسلوب، ئەستاتیک و رێکخستنێن مژارکەر (ناڤەرۆک) دڤێ مەرڤ ڤان باش بزانبە.ئەگەر مەرڤ ڤان باش نزانبە، تشتی کو تۆ دنڤیسینی دکارە ببە تێکستەک ئیدیۆلۆژیک، دکارە ببە تێکستەک شیعاری، تێکستەک سلۆگان، ئەز ژوێ جۆرە ئەدەبیاتێ حەز ناکەم.

راستە ئەدەبیاتا من، ئەدەبیاتا بەرخوەدانێ یە، ئەز بەحسێ سیاسەت ژی دکم، بەحسێ تاریخی ژی دکم، بەحسی هەر تشتی ژی دکم.

**رامان:** بەس نەوەک سیاسییەک وەک نووسەرەک جیهانی؟

**محەمەد ئوزون:** ڤان هەموو تشتان بەحس دکم و ئەز دبێژم نڤیسکاریا من نڤیسکارییەک رادیکالە، لێ ئەز ژ ئەدەبیاتی کو بەردەڤکی ئیدیۆلۆژیک و سیاسەت و رەژیم حەز ناکم، چاوان، میسالان بدم. ل بن رەژیمی سۆڤیەت دا ئەدەبیاتەک وەها کو بەردەڤکی رەژیم بوو، ل ترکیایێ و ل وەلاتێ عیراقێ و ل وەلاتێن دن یێن عەرەبان، ل ئیرانی ئەدەبیاتەک رەسمی ئیدیۆلۆژیک هەیە، ئەڤ جەلەب ئەدەبیات نە ئەدەبیاتەک بەدەوە. من بۆ ڤی جەلەب ئەدەبیاتی ناڤەک دیتیە ئەدەبیاتی قرێژ، کورد دڤێ ئەدەبیاتی قرێژ نەکن، کورد دڤێ ئەدەبیاتەک بەدەو و ئینسانی بەتەنێ ب نۆرم و کۆدێن ئینسانی را

**زمانی کوردیی زمانێکی بریندارە، بۆیە بە لای منەوە بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی بوو بە زمانی کوردی بنووسم**

ئاڤابیە.. چ دبە با ببە، مەرڤ نەبە بەردەڤکی ئیدیۆلۆژی و سیاسەت و رەژیم و دەولەت و رێکخستنان، ئەڤ زۆر گرنگە، لێ بێگومان هەلوەستەک ئینسانی ژ بۆ مەزلوومان و ژ بۆ بندەستان ژی ئەساسە.

**رامان:** ئەدی بۆ هاوکێشەی پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و میللەت و نووسەر، دەبێ هەڵوێستی نووسەر چاوابێ؟

**محەمەد ئوزون:** ئەڤ تەجربە ل با مە کوردان مخابن نینە، نڤیسکار راستە راست گرێدایی ئەندام تەڤگەر و حزب و رەژیم و ئیدیۆلۆژی و سیاسەتانە، پرانیا جاران، ئەڤە دڤێ هەبە، ئەدەبیات و نڤیسکاری ئیدیۆلۆژیک و سیاسی ژی دڤێ هەبە، بۆ میللەتی کورد ئەو ژی پێویستە، لێ ئەگەر ئەم دخوازین ئەدەبیاتەک بەدەو و یونیڤەرسەل د ئاستی جیهان دا ئاڤا بکین دڤێ ل گورا کۆد و نۆرمێن ئەدەبیاتی بە. نڤیسکار دڤی نێوانەک داینە دناڤبەرا خوە و نڤیسینێن خوە و تەڤگەرێن سیاسی. مەرڤ دکارە پشکتی تەڤگەران بکە، مەرڤ دکارە ئانکاژە بژی لێ تێکستێن ئەدەبی، دنیایی ئەدەبی، دڤی زۆر جهێ بە، یان مەرڤ نکارە سەربکەڤە یانی ژبۆ وی پیڤان دڤێ ئەدەبیاتا جیهانێ بە.

**رامان:** رۆمان دناڤ کوردان دا تشتەکی نوێ یە، ژانرێکی ئەدەبی تازەیە، هەندێک لە روانگەی سیاسی دەخوێننەوە، سەرەتا ترکەکان دبێژن چاوا رۆمان ب زمانی کوردی دنڤیسین، ئەو مەسەلەیە لەلایان گەلەک عەجیبە، چونکە لە روانگەی سیاسییەوە ئەوان وێنەیەکی خراپیان لەسەر کورد هەیە، تۆ ئەو مەسەلەیە چۆن لێکدەدەیتەوە، راستە رۆمان نوێیە لەناو کورد، بەڵام زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە رۆمانی پێ بنووسێ؟

**محەمەد ئوزون:** هونەری رۆمان، راستەو راست هونەرەک وەلاتی رۆژئاڤایە، ئەوروپییە، بەشی شێوەیێن دن یێن ئەدەبی نە ئەوروپاییە دکارن نە ئەوروپایی بە، لێ رۆمان ژ پێشکەفتنی پرۆسسی پێشکەفتنی جڤاکی ئەوروپا ئاڤا بوویە. ژبۆ کو مەرڤ بکاربە رۆمانێ باش بنڤیسینە مێژوو و مەنتەلیتە دڤێ مودەرن بە. مودەرنێتی ژبۆ نڤیسینی رۆمانی زۆر گرنگە، مێژوو و مەنتیلاتی مودەرن نەبی تۆ نکاری رۆمانی باش بنڤیسی. ئەڤ لاوازیەکە لگەل مەیە د جڤاتی کوردی دا. جڤاتی کوردی

جڤاتەک گرتییە کو مەنتالیتە (ئەخلاق) ژی لگور جڤاتی گرتییە. لڤێرە شۆرەشەک دڤێ، شۆرەشەک زهنیەت، شورەشەک مەنتالیتێ کو ئەم خوە بگیهن رەوشی مەنتالیتێ مۆدەرن. تو دکاری دناڤ جڤاتی گرتیدا ببینی لێ دواری مەنتالیتییێ دڤێ یونیڤەرسەل و مۆدەرن بی، ئەڤ زۆر ئەساسە. نها ل ترکیایێ نێرین ژبۆ زمانێ کوردی ئەدەبیاتی کوردی و هونەرا رۆمانی کوردی زۆری ئیدیۆلۆژیکە. ل ترکیایێ ئیدیۆلۆژیکەک رەسمی هەیە، کو ئولتراناسیۆنالیستە، (نەتەوەپەرستی - موتەتەریف- Ultranationaliste) ئولتراناسیۆنالیستی ترکی، ژبۆ وی ژی گاڤا ئەو بەحسا ئەدەبیاتی کوردی، زمانی کوردی، رۆمانا کوردی دکن ب ڤێ ئیدیۆلۆژیکێ لێ دنێرن و بەحس دکن و کۆمەنتا دکن، ئەڤ شاشە، لێ ل ترکیایێ نە تەجروبا هونەرا رۆمانی هەبوو و مە هەر ئیدیعا دکر مەدگوت کا ب زمانی کوردی مە دکاری رۆمان بنڤیسن لێ ئیدیعا بوو، ئیسبات نی بوو. نها ئیسبات هەیە کو کورد ب زمانی کوردی دکارە رۆمانێن بەدەو بنڤیسە و کورد پێشکێشی خوەندەڤانی ترک ژی بکە، ژبەر کو جڤاکی ترکی ژی نە جڤاتەک ئەوروپاییە، رۆمان ل وێری ژی تەزەیە، لێ رۆمانێ وان هەنە، ئیدی نها رۆمانی کوردی ژی ل وێ دەرێ هەنە. نها هەموو رۆمانێن من وەرگەرینە سەر ترکی و ب سەد هەزاران بەلاڤ دبە و ل هەموو یونیڤەرستی وانا، پرۆڤیسۆرێ وانا، خوەندەڤانێ وانا رۆمانێ من دبەن و دخوینن، ئێستا هیچ موناقەشە نینە کا ب کوردی مەرڤ دکارن رۆمان بنڤیسن یان نکارە بنڤیسینە، نها ئیسبات هەیە.

**رامان:** ئێستا ئەو وێنە خراپە نەمایە؟

**محەمەد ئوزون:** ئولترا ناسیۆنالیست و فاشیست و ترکچی ناسیۆنالیست ئەو بەحس دکەن، نها نەمایە، بەری دوو سێ سالان. ئەز بەشداری پرۆگرامەک ترکی تەلەڤزیونی بووم، من بەحسا رۆمان و ئەدەبیاتی کوردی کر، چەند فاشستێن ترک بەحس کرن کو رۆمان نینە و زمانی نیە و زمان تێرناکە. من هیچ بەرسڤ نەدا، لێ تەنێ داویا وان هەموو بەحسان، من ژ کەسێ کو پرۆگرام پێشکێشی دکر گۆت: (رۆمانێن من هەموو ل وێ دەرێ بوون) کا رۆمانەک بدە من، رۆمانا (مرنا کالەکی رند) دامن. ب کوردی من یەک دوو رووپەل خوند، من گوت فەرموو ئەڤە رۆمانێ کورد. راستە ئیسبات بوویە. لێ تالی ئەڤ بۆ مە موشکیلەکە، رۆمانی کوردی زۆر تەزەیە، هونەرا رۆمانی کوردی زۆر تەزەیە، هێژی نە تەنێ دناڤ ترک و عەرەب و فارسان دا. هەروەها دناڤ کوردان دا ژی گەلەک رەوشەنبیر و نڤیسکار؟ باوەرن کو ب کوردی مەرڤ نکارە رۆمانا بنڤیسینە. دیتنەک وان شاشی هەیە. نها نڤیسکارێن مەزنترینێ عەرەب و ترکا و فارسان کوردن. ب ترکی و فارسی و عەرەبی رۆمانەک بەدەو ئاڤا دکن. لێ زۆربەی وان گاڤا مەرڤ ل وان دپرسە چما تۆ ب کوردی نانڤیسینە، زۆربەی دبێژن، مەرڤ نکارە ب کوردی رۆمان بنڤیسینە، ئەڤ شاشە، مەرڤ دکارە ب زمانی کوردی رۆمانان گەلەک بەدەو بنڤیسینە. نها وەشانخانەیەکا جدی نینە کو ژبۆ مەزلوومەتیا کوردا رۆمانا بوەشینە. کالیتە ئەساسە، ئەو کالیتە نەبە، ئەو ئاستی جیهانی یونوڤەرسەل نەبە، وان رۆمان ناوەشینن، پشکتی ل دۆزا مە دکن دبێژن کورد مەزلوومە، سەمبات نیشان ددن لێ رۆمانێن مە ناوەشینن. ئەگەر ئەڤ رۆمان تێن وەشاندن هنگی ئەڤ ئیسباتە کو ئەڤ زمان د ئاستێ ئەدەبیاتی جیهانی دایە، لێ ئەم دڤێ تجربێ خوێ نڤیسینا رۆمانی دەولەمەنتر و رەنگینتر بکن، یەعنی ئەڤ ژبۆ مە وەزیفەیەکە.

**رامان:** کەواتە ئەو شاشییە کە دەڵێن زمانی کوردی رۆمانی پێ نانووسرێ، پێوەندی بەزمانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەوەوە هەیە کە رۆمانووسین نە ژانرێکی رۆژهەڵاتی ناڤینە، بەڵکو ژانرێکی ئەوروپاییە، بەم زمانانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست تازە نووسراوە ئانکو تازەیە، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە نەک مەسەلەی سیاسی؟

**محەمەد ئوزون:** سەبەب گەلەکن، ئەز دزانم ئەڤ کینە، گەلەک کورد هەنە ب ترکی ب فارسی ب عەرەبی دنڤیسین، مەسەلە یەشار کەمال یەک ژ وانە، ئەڤ ئینسان نکارن ژ زمانی کوردی ئیستیفادە بکن بنڤیسین، ژ زمانی کوردی زۆر دوورکەتنە ئێدی گەلەک زەحمەتە جارەک دن ب کوردی بنڤیسین.

ئەدەبیات زمانە، زمانەکی بەدەوە، گاڤا زمانەکی بەدەو هەبە ئەدەبیات دبە. ب زمانەکی لاواز و قەلس و هیچ و پووچ تۆ نکاری ئەدەبیاتەک بەدەو ئاڤا بکی. گروپەک هاتە گورێ زۆر ژ زمانێ کوردی دوورکەتنە، کەسی مینا یەشال کەمال ئەڤان دبێژن کو زمانی کوردی دەولەمەندە خورتە، مەرڤ دکارە ب زمانی کوردی هەر تشتی بنڤیسینە لێ ئەز نکارم، هۆسا دبێژن. ژبەرکو کوردی من

تێر ناکەت ئاسملیمە بوومە، ئەڤ کاتەگورییەکە، لێ کاتەگوریەک دن ژی هەیە ئەو دبێژن کو ب زمانی کوردی مەرڤ نکارە بنڤیسینە، ئەڤ شاشە. ئەز ناخوازم ناڤان بێژم لێ ئەڤ کاتەگارەک هەنە، نەحەقی ل زمانی کوردی دکن، نەحەقی ل تاریخا کوردی دکن، ناحەقی ل تێکۆشینا کوردی ژی دکن.

گرووپەک دن ژی هەیە، ژبەر بەرژەوەندیێن ئۆپۆرتونیستی (ئینتیهازی) ب کوردی نانڤیسن. نها من ب ترکی بنڤیساندا رۆمانی منی یەکەمین عەینی رۆژ دە هەزار بیست هەزار بەلاڤ دبوو، لێ من ب کوردی نڤیسی خوەندەڤانی من پازدە کەس سی کەس چل کەسی بوون، خوەندەڤان نین بوون، رەخنەگر و دەزگەهـ نین بوون، ئەڤ موشکیلەک جدییە، ژ نڤیسینێ کوردی هەتا ئێستا کەسێ هیچ تشتەکی قەزەنج نەکریە. تو نکاری ژبۆ مال و مولک و پەرە و قەزەنج ژبۆ شان و شوهرەت کو ب کوردی بنڤیسینی. دبێژن کو ئەم ب کوردی نڤیسین ل دەستپێکێدا ئیدیالیزمێک زۆر خورت دبێ، ئیدیالیزم دگەل تەدا نەبە تو نکاری ب کوردی بنڤیسینی.

ئینجا د گروپا سسیاندا، ئەو کەسێن ب زمانێن دن دنڤیسن نە ئیدیالیستن (میسالی)، ژبۆ پەرە وشان و شوهرەت دنڤیسن، بۆ مەسەلەیێن خوە دنڤیسن و دبێژن کو ئەم ب کوردی نانڤیسین. ئەڤ سێ گروپە هەنە. لێ تشتی ئەساسی ژبۆ مە دەبێ ئەم ئیسبات بکین هەم ژبۆ کوردا هەم ژبۆ رۆژهلاتا ناڤین هەم ژبۆ جیهانێ کو مەرڤ ب کوردی دکارە رۆمانی هەرە گەورەترین هەرە بەدەوترینی دنیایێ و جیهانێ بنڤیسینە، ئەڤی گەلەک گرنگە.

**رامان:** تو چاوا دەڕوانێتە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمان لەناو کورددا، واتە ڕۆمانی کوردی هەنە؟ هەروەها ڕۆماننووسی چاوا هاتبوویە ناو کوردان، ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی سەیر بکەین؟

**محەمەد ئوزون:** تاریخا رۆمان نڤیسینا کوردی نە هۆسا تاریخەکا درێژ و کەڤنە، دناڤ کوردێن قەفقاسیێدا هەندی رەوشەنبیر دەستی پێ کر رۆمان نڤیسینە، عەرەبێ شەمۆ و عەلی عەبدولرەحمان ژوانا بوون کو هەولدا بوون رۆمانی بنڤیسن، جارنا ب سەرکەتنە و جارنا بسەرنەکەتنە، لێ ئەو تشتێ وان ل وێ دەرێ نڤیساندی گەلەکی لۆکال (مەحەلی) مایە، ئەو نە ل کوردستانێ و نە ل جیهانێ بەلاڤ نەبوویە، تەنها هەولدانا وان جامێرا نەبوویە. ل کوردستانا عیراقێ (ئەم وەسا دبێژن) یەکەمین رۆمان (ژانی گەل)ە.

**رامان:** جەمیل سائیب (لە خەوما)ی هەیە؟

**محەمەد ئوزون:** نە، بەلکی نە رۆمان بە بەلکی چیرۆک بە. ئەم بەحسی ژانی گەل بکین. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد من دنیاسی، دۆستێ من بوو، مە هەڤ دوو زۆربەی جاران ددیت، ل لوندەنێ ل ستوکهۆلمێ و گەلەک جهێن دن، من هەول دا کو ژانی گەل ترانسیپکەی تیپی لاتینی بە و من ژێ را پێشگۆتنەک نڤیسی و من رادەکسیۆن کر (ئامادەکر) و وەشاند، ئێستا ب تیپێن لاتینی ژانی گەل هەیە و پشتی وی ژی گەلەک تشت هەنە.

ل کوردستانا ئێران (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی هەیە. ئەڤان هەموو هەولدانێن باشن. لێ پروبلەمەکی مەیی جدی هەیە، هەم دوارێ رۆمان و هەم دوارێ شیعردا، هەموو لۆکالیک دمینن ژ بەر گەلەک سەدەمان، لێ هن سەدەمێن ئەساسی یێن ئەدەبی هەنە دوردا:

**دەبێ ئێمە بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنین کە دەکرێ بە زمانی کوردی ڕۆمانی گەورە و جوان بنووسین**

١- زمان نە ئەو چەند خورتە یان زمانێ کو پێ تێ نڤیسین دڤێ ل گورا ئاستێ جیهانێ بە، ئەڤ ئەساسە، ئەگەر ل گورا ئەدەبیاتێن جیهانێ نەبە، دوێ ئاستی دا نەبە، کەس وەرناگەرێنێ، ئەو ناڤ کوردان دا دمینە و نە دناڤ هەمی کوردان دا بەلکی دناڤ بەشەکی، دناڤ هەرێمەکە کوردستانێ دمینە.

٢- دوارێ تەکنیک دا دڤێ مودەرن بە، هەر تۆ بەحسی داستانەکی ژی بکی دڤێ تەکنیک و ستاتیک مۆدەرن بە، مەنتالیتە دڤێ مودەرن بە.

٣- ئەو تشتی بەحس دکی، دڤی بەحسکردنی ڤەکری بە، نەگرتی بە، ڤەکری ژبۆ هەمی جیهانێ، یەعنی هەر ئینسانەک بکار بە تشتی تۆ بەحسی دکی فەهم بکە کو خوە تێدا ببینە.

ئەز بەحسی خوە ناکم، لێ بەری دوو سێ مەهان ل نەرویژێ رۆمانەکی من (رۆنی مینا ئەڤینێ تالی مینا مرنێ) دەرکەت، گەلەک تشت لسەر هاتن نڤیساندن،

خوەندەڤانی نەروێژی دکارە خوە تێدا ببینە، ئەو زۆر زۆر گرنگە، ب واستەی گوتنا ئەدەبی تۆ بکاربی پرەک دناڤبەرا خوە و جیهانێ ئاڤا بکی. دڤان مەسەلەیان دا قەلس و لاواز یێن مە گەلەکن. لێ پرۆسسەکە رۆمانا کوردی دەستپێ کریە و بەردەوامە.

**رامـــــان:** ئێستا باسی ڕۆمانت کرد و پەیوەندی بەخوێنەری جیهانی و دەبێ لەو ئاستانەدا بێت، ئایا تۆ هەست دەکەی تەئسیری رۆماننووسێکی جیهانی بەسەر کارەکانی تۆ ببێ بەتایبەتیش لەسەرەتاوە؟

**محەمەد ئوزون:** بێگومان هەیە، هەموو نڤیسکار دبن تەئسیرا نڤیسکارێن بەرێ نە. خەبات و هونەر هەر هۆسایە. ئەو کەسێ دبێژە ئەز دبن تەئسیری هنەکان نەمامە. شاشە نەراستە. تەئسیر هەر هەیە لێ هەدەف و ئارمانج دڤێ ئەو بە مەرڤ زمانەکی تایبەتی ئەدەبی ئاڤا بکە، بۆی نڤیسینا خۆی خورت بە، مەبەستی من ژی هەر ئەو بووە.

ئەز نەسیاسەتمەدارم، من هیچ سیاسەت نەکریە، لێ ئەز هەر دناڤ جیهانا ئەدەبیاتێ دا بوومە، د ئەڤێ جیهانێ دا ئەو نڤیسکارێن کوردییێن ئیرۆ دنڤیسن باش دخوینم و هەم ژی کلاسیکان دخوینم، یێن هەمی جیهانێ ژی دخوینم، ئەدەبا ئەمریکا لاتینی باش ناس دکم و ئەدەبا ئەنگلوساکسۆنی باش ناس دکم و ئەز رۆمانی ئەفریقا ژی باش دزانم، هایا من ژ رۆمانی فەرەنسزی هەیە و ئەز وانا دخوینم.

ئەگەر ئەم بەحسی تەئسیری بکن، کەسێ کو تەئسیر ل من کرنە کلاسیکێن جیهانی نە، مەسەلە دەستانی گلگامش ژبۆ من زۆر زۆر گرنگە، هەروەها هۆمەرۆس زۆر گرنگە، ئەز هەرتم هۆمەرۆس دخوینم، چاوا موشکیلێن ئینسانی شەڕ، ئێش و ئازارێن ئینسانی دکارە ببە ئەدەبیات دکارە ببە دەستان دکارە ببە گوتن.

دانتە، یەک ژوانە، چاوا زمانەکی لاواز بندەست و قەلس دکارە ببە زمانەکی ئەدەبی. دوستوفیسکی، تۆلستۆی، پۆشکین و گوگول ئەڤ ئەدەبیاتی رووسی کلاسیک زمانی خەلکی زمانی گەلیری دکارە ببە زمانی ئەدەبیاتێ. بەری وانا زمانی ستوقراتی زمانی سەرایێ زمانێ ئەدەبیاتێ بوو. ل ئوسمانیا ژی هۆسا بوو.

نڤیسکار مارسیل پرۆست من ل سەر وی ب فەرەنسی تێز نڤیسیە، چاوا وەخت د رۆمان دا د کارە ببە هونەرەک ئەساسی. جیمیس جۆیس و نڤیسکارێن ب ئەلمانی دنڤیساندن تۆماس مان، هەرمان برۆخت، ئالیاس کاناتی، چاوان ئەدەبیات دکارە ببە بەرخوەدان ل دژی توتالیتاریزمێ، ل دژی فاشیزمێ ل دژی شیدەت و زۆردەستیێ، و چاوا د رۆمانی تۆماس مان دا تێکستێن کەون دکارە ببنە بنگەهـ بۆتێکستێن مۆدەرن، ئەڤان ژبۆمە هەموو تەجروبەنە، دەرسن، بۆ نموونە فوکنەر تەکنیکی وی چاوا مونولوگی شەخصی دکارە بەرگەهەک ئینسانی ئەدەبی ئاڤا بکە.

گەلەک نڤیسکارێن دن هەنە و تەئسیرا وان سەر من گەلەکە. بێگومان تەئسیری دەنگبێژێن کورد کو دەستانێن کوردی ژی گەلەکە. ئەگەر ئەو دەنگبێژێن کورد نەبانا من نکاربا ب کوردی بنڤیساندبا. ئەز هەر سال دەستانێن کوردی دخوینم مەمی ئالان، خەج و سیابەند و بنەفشا نارین و جەمبەلی هەکاری.. ئەز وان دخوینم ژبۆ کو ئەز ب کوردی دنڤیسنم ل وان دەران زمانی کوردی بەدەوە، رەوانە، دەولەمەندە، خورتە، پۆئیتیکە تەئسیری وان ژی ل سەر من گەلەکە.

**رامـان:** لەو حەفت ڕۆمانەی کە جەنابت هەیە، ئالوگۆڕ لە قۆناغەکانی هونەر و تەکنیک لە نووسینەکانت، دەکرێ ئەو ئالوگۆڕانە بکەیە چەند قۆناغێک باسی بکەی لە سەرەتاوە چۆن بوو تا دەگاتە دوا ڕۆمان؟

**مـحـمـەد ئوزون:** دنڤیسکارێن من دا هن تشتێن ئەساسی هەنە، ئەو هەر بەردەوامن:

١- راخستنی وەختەکان، وەخت (زەمان) د رۆماندا هەر ئەساسییە و نەگۆڕایە هەر بەردەوامە.

٢- مژاری ئیگزیلی سورگون پەنابەری ئەو ژی ژبۆ من ئەساسە، تاریخا کورد، رۆژێن رابردوویێن کورد، بوویەرێن راستەقینە و تکسیۆن (ئەندێشە)... تێکلاوی وان ژبۆ من ئەساسینە، لێ ئەگەر ئەز وەها ل پروسیسا نڤیسکارێن خوە بنێرم دەستپێک ئوتوپیۆگرافیک بوو، بێگومان ب گوهەرتن بوویەر و مژار و پێوەندی گوهەرتن ئوتوبیۆگرافی بوون، لێ پاشی وردە وردە ئەز کەتم ناڤ کووریا تاریخا کوردی، من شەخس و شەخسیەتێن تاریخا کوردی ژبۆ خوە کر مژار، کەسێ مینا جەلادەت عالی بەدرخان د (بیرا قەدەرێ)دا، کەسێ مینا مەمدوح سەلیم بەگ درۆمانا (سیا ئەڤینێ)دا، کەسێ مینا میر بەدرخان درۆمانا (هاوارا دیجلێ)یدا ئەڤ ژبۆ من زۆر پێویست بوو، ژبەر کو نڤیسکارێ کورد دڤێ هەر ژبۆ ئاڤاکردنی شعور و حافیزەیەکی کوردی ژی بخەبتە. ئەز

نکارم مینا نڤیسکارەکی تورک یان نڤیسکارەکی فارس یان عـەرەب بفکرم، وان تاریخـەک هەیە، وان هەمـوو جەلەبێن تاریخ ژی هەیە، لێ ل ترکیـایێ تاریخەک مە نینە، هیچ تشـتـەک مـەنینە، تاریخـەک رەسـمی هەیە هەمی درەو ل هەمبەر وێ تاریخا درەو، نڤیسکارێ کورد دڤێ تاریخا کوردی ئاڤا بکە، ل سەر مەسەلەن شۆرەشی ئارارات (ئاگری) ترکان زۆر تشت نڤیسینە. ئەڤ کتێبا منا داوی کو ب تورکی نڤیسییە (کەسکوسۆرا روح) وێ دەرێ ئەز چەند مـیـسـال ددم. رۆمـانەک هەیە د سالێن ١٩٣٥- ١٩٤٠دا هاتیـــە نڤـــیـــسـین تورکـــەکی ئولتراناسیۆنالیست نڤیسییە.

**رامان:** ناڤێ رۆمانی چییە؟

**محەمەد ئوزون:** (داغلەر بەگلەن قز) یەعنی کەچا کو ل چیا لەشکەرە ئان چیا دپارێزە. گەلەکی رۆمان خراپە، ئەدەبیـاتی قرێژە، تێـدا کـورد هەمـوو ئەشـقـیـانە، کـورد هەمـــوو چەتەنە کـــورد باندیتن، کـــورد زالمن، کـــورد نە ئینسانن حەیوان ژ کوردان چێترە، نزانن بخۆن نزانم.. لێ ل هەمبــەری وێ رۆمـانێ من رۆمـانا (سـیـا ئەڤـینێ) نڤـیـسی، رۆمـانا (سـیـا ئەڤـینێ) ژی بەحسـا چیـایێ ئارارات دکـە سەرهلدانا چیـایێ ئارارات دکـە، لێ نە ل گـوری تصـویری ئیـدیۆلۆژیا رەسـمی یا ترکـایە، ئەو ب چاڤێ کورد، پەنجەرا کوردی ڤەدکە بۆ ئەدەبیاتا جیهانێ، ئەڤە ژبۆ من ئەساسە.

ئەگەر ئەز نکارم ئەڤێ بکم، نکارم ببم نڤیـسکارەکی باش. ئەز نکارم بەحسا گول و کولیلکان بکم (لاغت پو لاغت - هونەر بۆ هونەر) ژ بۆ مـن نابە، لێ هەر هونەر ئەسـاسـە. د هەر تشـتـیـدا دەبێ هونەر ئەساس بە. وردە وردە تاریخی کـورد، بوویەرێن تـاریخـا کـورد و جـڤـاکی کورد، ئاڤاکردنی حافیزە و شعورەکی کوردی ب واستەی زمان و هونەری رۆمانی کوردی ژبۆ من بوویە مەبەست و ئەساس. هەروەها د ئەدەبیاتێن جیهانێ دا هند مژارێن گرنگ هەنە ئەو ژی ژبۆ من نها ئەسـاسـە، یەعنی دۆزی کورد دەرڤەی بوویەر و مەسەلەیێن کوردی یێن جیهانی.

نها ئەز ل سەر رۆمانەک دخەبتم هیچ عیـلاقا وی ب کـوردی نییـە، لێ ب ئیگزیلێ (مەنفا) عیلاقا وی هەیە، ل ئیـگزیلێ چاوا مـــەرڤ دکـــارە تێکسـتـێن ئەدەبی بئـافـرینە و ئەو تێکسـتـێن ئەدەبی چاوا ل هەمبـەر

**من ناتوانم باسی گوڵ و گولیلکان بکەم، چونکە هونەر بۆ هونەر بە کەڵکی ئێمە نایەت**

پەنابەریێ، ل هەمبــەر تۆتالیـزمێ، ل هەمبــەر زۆری و موشکیلا، ل هەمبەر فاشیزمێ، ل هەمبەر مەتولێن ئەنتی دیموکراتیک راوەستێ، مژار ئەوە.

ژ بەرکو چەند هەوییـەتی من هەنە، ئەز نڤیـسکارەکی کـوردم، لێ ئەز نڤیـسکارەکی کـو ئەسکەندناڤـیـمـە ژی، هۆسا تێم حسێب، ور دنڤیسن دبێن نڤیسکارێ گەورەی سوێد و ئەسکەندناڤیا، بەحسێ کورد ناکەن. ل ترکیـایێ ژی تورک دبێژن نڤیـسکارێ گەورەی تورک، گاڤا تورک وێ درکێ وسا دبێـژن، کـورد ژی دبێـژن محـەمـەد ئوزون بوویە خـائین بوویە نزانم چی.. قـەدەری من وەها بوو پڕ کلتـووری، پڕ زمـانی و پڕ وەلاتی ئەڤـانە ئەسـاسن، ژبەر وێ ژی هەر تشـتی کو ئەز دنڤـیـسـینم گـەلەکی بالا خـوە ددەمێ کو یونیڤـەرسەل بە، گەلەکی گرنگە، هەر مژارەک بچـــووکی کـــورد ژی دبێ بۆ من ببـــە گـــاڤـــەک ژبۆ هیومەنسالیزمێ، لێ بێگومان ئەز رۆمانێ خوە ب کوردی دنڤیسینم.

**رامـــان:** پێ دەچێ سـەرەتایەکـەمـان وا هێنا، واش بەردەوام بین کە زۆرتر بچینە نێو نهێنییەکانی سنعەتی نووسینی رۆمـانەکانت، بۆیە دەمانەوێ بزانین کەرستـەی کـوردی لە کـەلەپوور وەردەگری، لە کەسایەتی لە مێـژوو وەک پێی دەڵێن کەرستـەی کوردی یانیش ڕەسـەنایەتی، ئەو شتەی لەناو میللەتی خۆ وەردەگری و تێکەڵی دەکەی بە خەیاڵ و بە هاوچەرخایەتی و بە سەردەمەکەوە، ئەمە هاوکێشـەیەکی قورسە، تۆ چاوا ئەو هاوکێشـەیە دروست دەکەی، خۆ زۆر جاریش خەڵک زەحمەت تێدا سەرکەوتوو دەبێت؟

**محەمەد ئوزون:** راستە گەلێکی قورسە، لێ ئەگەر ئەز نەچوومـــایە ئەوروپایێ، گـــاڤـــا چوومـــە ئەوروپایێ (٢٣-٢٤) سـالی بووم، خورت بووم ل ئەوروپـایی مـینا پەنابەر نەژیامـا من ئەڤ چەند زمـان ل ئەوروپایی هین نەبووما، ل یونەڤیـرسیا ئەوروپایی من نەخوبندا، زمان، ئسلوب، تەکنیک، تاریخی ئەدەبیـاتێن جیـهـانێ ئەز نەخەبتیـاما من نکاری بوو ئەڤ نڤیسکاریا کوردی ژی ئاڤا بکرا، ئەڤ پالانسی کو تو بەحس دکی ب خێـرا یونیڤـەرسیلا شـەخسێ من چێــبـــوو، ئەگــەر ئەز کــوردەکی سیـرەگێ ل دیاربەکـر بما من نکاربیـا ئەڤ ئـاڤـا بکرا، ئەز وەها دبینم، ئەو هەمـــوو تیـــۆریێن ئەدەبی ئەو هەمـــوو

زانین و هینبوونی ئەدەبی یێ جیهانێ ئالیکاری من کرن کو ئەز بکارم نڤیسکارییەکی کوردی ئاڤا بکم، لێ ل گورا وان نڤیسکاریێ من یێ کوردی ل وەلاتی رۆژئاڤا هاتە دنێ.

ئەز نڤیسکارێ ئیگزیلێ مە، من گاڤا بەرێ رۆژنامەیەک سوێدی دا برادەران، تێدا گوتارەک ب دوو رووپەلان ل سەر من نڤیسیبوو، ئەو کەسێ کو گۆتار نڤیسییە ئەز پێشنیار کریمە ژبۆ خەلاتی نۆبل، ئەوی جوامێری نڤیسییە دبێژە کو مەمەد ئوزون ل ئیگزیل ب زمانێ کوردی ئەدەبیاتەک جیهانی ئاڤادکە. ئەڤ بە راستی تام ل گورا کەرەکتەری منە، ل تەک نڤیسکاریا منە قەدەری من وەهابوو و ئەز دخوازم نڤیسکارییەک وەها ئاڤا بکەم. موشکیلی مە ب خوە ژی پالاسە، زۆربەی برادەرێن کورد تشتەک دنڤیسین نکارن وێ بالانسێ چێکە، یان زۆر کوردی و لۆکالیکە، یان ژی هیچ پێوەندی ب دۆزی کوردی نینە، هیچ نڤیسکارەکی کورد دڤێ ژ دۆزی کورد رووبانەدە، بەروڤاژی ژی دبێ دناڤەندا دۆزی کورد دابە، لێ ب شێوەی ئەدەبی. ئەز نە سیاسەتمەدارم لێ ئەز ژ سیاسەتمەدارەکی کوردی ترکیێ پتر سیاسەتی دکم، ب واستەی چی، ب واستەی زمان، ئەدەبیاتی خوە، ژ بەر وی ژی رەژیمی ترکیێ ژ من حەز ناکە، کتێبی من قەدەغە دکە، من دادەخەن بەر دادگەهێ، ناخوازە ئەز بۆ ترکیێ وەرم، هەرتم ژبۆ من موشکیلا چێ دکە کو ئەز نەچم ترکیێ لێ ئەز ب سەبرا ئەیووب پێغەمبەر هەر دخوازم پێوەندیێن من ب ترکیێ رە هەبە، ئەڤ موشکیلا وردە وردە حەل دبن، ژبەر کو ئەز نڤیسکارێ میللەتێ خوە مە، ئەز نڤیسکارێ زمانێ کوردی مە، موشکیلەیێن دۆزی کوردی ژبۆ نڤیسکاری کورد مژارێن گەلەکی ئەساسن و مژارێن ب روومەتن. ئەو پەلەنسێ تۆ دبێژی چێکرنە یان تۆیێ چاوا بکاری ڤان مژاران بکی ئەدەبیات.

**رامان:** هونەری رۆمان لەگەڵ هونەری شانۆ دوو هونەری نوێیە، بۆیە نوێیە، چونکە کورد پێویستی بە هونەری رۆمان و شانۆ نەبووە و نەبووە بە زەروورەت تا بەسەر کورد بسەپێ، دەمەوێ بزانم چۆن بوو تۆ کە دەستت دایە نووسین یەکسەر بە رۆمان دەستت پێ کرد؟ بۆچی رۆمانت هەڵبژارد؟

**محەمەد ئوزون:** ژبەرکو ئەز ل ئەوروپایێ بووم (مینا من گۆت) ئەز بەری کو دەست ب نڤیسینێ بکم من خوەست کو ئەز بزانم کو ئەدەبیاتی چیە و د ئەدەبیاتێن جیهانێ دە دڤێ مەرڤ چی شێوەی بۆ خوە هەلبژێرە داکو بکارە چ تشتی باس بکە بەرهەمێن باش بئافرینە، هونەری رۆمان ژبۆ دۆزی کوردی، زمانی کوردی و میللەتی کورد زۆر گرنگە، جڤاتا کورد ئێستا هاتیە قۆناغەکی وەسا کو ئەو سنۆری جڤاتی کەڤنارە بشکێنە، کورد دبنە پارچەکی دنیایێ نها ل ئەوروپایێ دوو ملیۆن کورد دژین، پەنابەر و کارکەر و... و ئێستا ئەڤ سنۆرا دناڤبەرا کورداندا هاتیە راکێشاندن ژی قەلستر دبە، کورد پێوەندی بهەڤرا داتین، دناڤبە ڤان سنۆران دە دکارن وەرن هەرن، رۆمان دکارە رۆلەک ئەساسی بلەیزە، ژبۆ پێوەندی کورد، ژبۆ ئافرینا پێکانینی حافیزە و شعورەکی نەتەوەیی کورد، قوەتی رۆمانی زۆر گەورەیە، ل هەمبەر هەر تشتی رۆمان دکارە براوەستە و دکارە تێکۆشینەک بدۆمینە، ئەڤ یەک، یا د دوویا پاراستنی زمانی کوردییە، نە مازە ل ترکیایێ. پاراستنا زمانی کوردی ئەساسە ژبۆ نڤیسکاری کورد، ب ئالیکاری هونەری رۆمان دکارە زمانی کوردی بپارێزە، نەتەنێ پاراستن مەرڤ دکارە پێشڤە ژی ببە، مەرڤ د کاری دەولەمەندتر بکە، هونەری رۆمان ئەڤ ئیمکان هەیە. ئەڤ ئیمکان پێشکەش دکە کو تۆ بکاری زمان دەولەمەندتر و خورتر بکی. مەسەلەیەک دن ژی هەیە، د هونەری رۆمان دا هەمی شێوەیێن ئەدەبی هەنە، تۆ دکاری شیعر تێدا بکاربینی، تو دکاری شانۆ و گەلەک تشتێن دن بکاربینی، ب وی ئاوای تۆ دکاری تێکستێن ئەدەبی تاریخ و بسکۆلۆژی و فەلسەفە و رەوشەنبیری دکارە دناڤ رۆمانەک دا هەبە، ب ئالیکاریا قەدەرێن شەخسی ژبۆ وی فەرسەندەک پلاتفورمەک گەلەک هێژایە، نەمازە ژبۆ زمان و مللەتێن بندەست ژبەر وێ من هونەری رۆمان هەلبژارت.

**رامان:** ئێستا زاراوەیەک هەیە بە ناوی ئەدەبی مەنفا (تاراوگە)، لەبەر ئەوەی نووسەرانێکی زۆر کەوتوونەتە ئەورووپا شاعیر، چیرۆکنووس، رۆماننووس ئایا تەوژمێک هەیە بەناوی ئەدەبی مەنفا دروست ببێت کە سەر بە ئەدەبیاتی کوردی بێت؟ تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبە چییە کە جیا بێت لەگەڵ ئەدەبیاتی ئێرە؟

**محەمەد ئوزون:** د ئەدەبیاتی کوردیدا مژاری پەنابەری (مژاری ئیگزیل) زۆر ب قووەتە، لێ ئەڤ هەردوو تشت ئەساسن:

– کەسێ کو د نڤیسینە دڤێ کەسێ مەنفایێ بە.
– دڤێ مژار ژی ل سەر مەنفایێ بە.

چەند رۆمانی من یێ وەها هەنە، ئەز خوە مینا نیڤسکارێن ئیگزیلێ دبینم، ژبەرکو هەم ئەز بە خوە ل ئیگزیلی بووم، من نە دکاری بزڤرمە ترکییێ، قەدەغە بوو ژبۆ من. هەم ژی مژارێن گەلەک رۆمانێن من ل سەر ئیگزیلێ یە، یەک ژوان سیا ئەڤینێ، مژاری سیا ئەڤینێ بەحسێ مەمدوح سەلیم بەگ دکە، رەوشەنبیرەک کورد بوو، ددەستپێکا سالا (١٩٢٠) ئاندا بێگاڤ و بێ پەرە و بیچارە مابوو و ل ئیگزیلێ وەفات کر و هەموو حەیاتی وی ل ئیگزیلێ تەمام بوو و ئەو رۆمان بەحسی ژیانی ئیگزیلی مەمدوح سەلیم بەگ دکە.

رۆمانەک دن من هەیە (بیرا قەدەرێ) بەحسی جەلادەت عالی بەدرخان دکە، جەلادەت رەوشەنبیرەکی کوردێ ئێگزیلی بوو، ئەوی ل شامێ کۆڤاری هاوار وەشاند سالی ١٩٣٢ ئاندا. حەیاتی وی هەمی ل ئیگزیلی دەرباز بوو و ل ئیگزیلی وەفات کر. من رۆمانەک دن هەیە (هاوارا دیجلێ) دوو بەرگن، بەحسی سەرهەلدانی میر بەدرخان دکە ل سالێن (١٨٤٦-١٩٤٩) ل جزیرا بۆتان، سەرهەڵدان سەرنەکەفت و میر بەدرخان و هەڤال و مالاباتا وی چوونە سورگونی ل ستەنبۆل و کریت و شامێ و ل ئیگزیلێ وەفاتکر. مژار ژی گەلەک گرنگە.

ل ئەدەبا جیهانی ژی دامارەک ئیگزیلی هەیە، هۆمەرۆس، ئیپۆلیۆس، تۆماس مان، فوکتور هوگۆ... ئەڤان هەموو نڤیسکارێن ئیگزیلێ نە، هەم ل ئیگزیلێ مانە و هەم بەحسی ئیگزیلی کرنە.

**رامان:** باری ئەمرۆی چیرۆکنووس و رۆماننووسانی کورد چۆن دەبینی، ئینجا لەناو ئەوانە کامەی زیاتر سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە کە ئومێدت هەبێ ببێتە رۆماننووسەکی باش؟

**محەمەد ئوزون:** ئەز نکارم ناڤ بدم. واقیعەکە ئێستا ل دوهی چێترە، دوهی گەلەک قەلس و لاواز بوو، لێ ئەز دبینم هەم ل سووریێ و هەم ل ئیرانێ هەم ل کوردستانا عیراقێ گەلەک کەس هەول ددەن رۆمان بنڤیسن. رۆماننڤیسی مینا شعور و حسیات هەست چێبوویە، ل باکوور ل جەم رەوشەنبیری کورد گەلەک کەس دنڤیسینە، دڤی مەرڤ پشتکتی وان بکە، بێگومان هەر کەسێ بنڤیسینە نکارە ببە نڤیسکارێ گەورە لێ مەرڤ پشتکتی بکە کو هەر کەس بنڤیسینە. ئەز ل سوێدی مە، د سەرۆکاتی نڤیسکارێن سوێدانم، ب قاسی سێ هەزار ئەندامی مە هەبوو، زۆربەی وان نڤیسکارێن رۆمان بوون، لێ هەموو نە نڤیسکارێن گەورە بوون، ل هەموو جیهانێ وەهایە هەر کەس دڤێ بنڤیسینە.

**رامان:** هەست دەکەم رۆمان خۆی هونەرێکی سەردەمانەیە، بەلام عەقلیەتێکی کشاوەرزی (کشتوکاڵی) بەسەر نووسەری کورد زاڵ بووە، ب تایبەتی ئەوانەی رۆمان دەنووسن، لە کاتێکدا ئەوە ژانرە ئەدەبییە دەبێت کەرستەکانی یی سەردەم بێت، بەتایبەتی لە رووی تەکنیک و هونەرەوە، چۆن خۆت لەو دیاردەیە رزگارکرد؟

**محەمەد ئوزون:** ئەز چوومە ئەوروپا پاشی ئەدەبیاتی مودەرنی جیهانی بۆ من ئەساس بوو، من هەموو ئەدەبیاتی مودەرنێن ئەوروپایی دخوەندن، نە تەنی ژی خوەند، من ئەنالیزکر (شیکردەوە)، من لێکۆلین کر و ئەز تێگەیشتم کو مەرڤ دڤێ خوەدی مەنتالیتەیەک، بیروباوەرەک مودەرن بە، هەتا بکارە رۆمان بنڤیسینە.

تۆ دکاری بەحسی رەنجبەران بکی، بەحسی جڤاتی گرتی بکی، تۆلستۆی ژی، بەحسی حەجی موراد کریە ل قەفقاسیا، حەجی موراد بیەگی گرتییە، نەمرۆڤەکی مودەرنە، لێ تۆلستۆی ب ئاوایەکی هۆسا بەحسی حاجی موراد کریە، تێکستەک مودەرن چێ بوویە پەیوەندیێن ئینسانی و قەدەرێن شەخسی تێدا هەنە. رۆمانی بەری هەر تشتی دوو تشتان ئەساس دگرە:

١- ئازادی فکری و هونەری.
٢- قەدەری شەخسی.

نڤیسنی رۆمان قەدەری شەخسی و پەیوەندیان ژبۆ خوە دکە ئەساس و ب رێیا وان دکارە بەحسی تاریخی میللەتەکی بکە و بەحسی جڤات و دنیایی بکە، ئەڤە ئەساسە تۆنکاری خەباتەک سۆسیۆلۆژیک بکی ل سەر جڤاتی و بژی ئەڤە رۆمانە، نابە دڤان مەسەلان دا ئەز باوەرم کێمانی مە گەلەکن، نڤیسکار دڤێ ئازاد بە و هەر ئازادی فکری و ئازادی ئینسان بپارێزە.. وەکهەڤی و ئازادی ئەساسە. دۆهی ئەساس بوو، ئیرۆژی ئەساسە، ئەساسە ژبۆ نڤیسکار و دڤێ دەرکەڤە پێش.

**رامان:** رۆماننووسی گەورە هەیە لە جیهان وەکو هیرمان هیسە کە زۆر سوودی لە مۆزیک وەرگرتووە و رۆمانێکی هەیە بەناوی (لعبة الكريات الزجاجية) و لە

زۆر ڕۆمانی تریشدا کە سوودی لە مۆسیقا وەرگرتووە، جەنابت گوتت تەئسیری بەیتبێژ و گۆرانی بێژ لەسەر من هەیە، مانای ئەوەیە پەیوەندیەکیشت لەگەڵ مۆسیقا و دەنگخۆشیدا هەیە، تا چەند لە ڕۆماننووسیندا سوودت لە مۆسیقا وەرگرتووە؟

**محەمەد ئوزون:** د هەموو رۆمان و نڤیسینێن من دا مۆسیک ئەساسە، یەعنی مۆسیکا لیتی و مودرەنیتی ژبۆ من ئەساسن، گاڤا ئەز ب شێوازەک دنڤیسینم دخوازم ناڤ شێوازی من دا مۆزیکا هەبە، جارنا ئەڤ مۆزیکا کەڤنا کوردە، جارنا ژی ئەم بێژن مینا رەسالیتالێن کلاسیکا رۆژئاڤایە ودکارە بهێت گوهەرتن. لێ مۆسیکا لیتێ د زمان و د تێکست و گوتنێدا دڤێ ئەساس بە ژبۆ من. دڤی واری دا چەند رۆمانێن من هەنە، لەهنگێ سەرەکیێ هاوارا دیجلەیێ دەنگبێژەکە (برۆ) مینا دەنکبێژەکی وەلاتی جزیرا بۆتان و هەکار و بەهدینا دبێژە. لێ بێگومان ل وی دەرێ من وەسا راخستیە کو دڤی ب تەکنیک و ئەستاتیک مودەرن بە . د (سیا ئەڤینێ) دا من خواستیە مینا ریستمالەک مۆسیکا کلاسیکا رۆژئاڤا تیدا هەبە. گاڤا من سیا ئەڤینێ دنڤیساند، من گەلەک ل کونشرتۆیێن پارچێن پیانووی ئەریکساتی گوهداری دکر، من دخوەست ئەو مۆسیکا ئەریکساتی دتێکست و نڤیسین و شێوازی من دا هەبە. ژ بەر وی ژی گاڤا ئەز دبێژم زمانەکی خورت ئەز هەم بەحسی زمانەکی پوییەتیک و شیعری دکم و هەم ژی بەحسی زمانەکی مۆسیکی دکم. دڤێ هۆسا بە ئەز گاڤا دنڤیسینم هەرتم مۆسیک ل سەرە، جارنا دەنگبێژێن کوردن جارنا بەتهوڤن جارنا شۆپانە جارنا کەسێن دنە.

گاڤا من بیرا قەدەرێ نڤیسی، هەرتم ل ئارام خاچاتوریان گوهداری دکر د مۆسیکا وی دا دەنگی کورد زۆر خورتە، ئەوی دەنگێ کورد مودەرنیزە کریە، من هەر لێ گوهداری کرییە و من خواست مۆسیکا ئارامێ خاچاتوریان بکەڤە ناڤ زمان و ئسلووبێ من ژی.

**ڕامان:** بیروڕات بەرامبەر بەو کەسانە چییە کە هەست بە کەمایەسی دەکەن و دەڵێن ئەدەبی کوردی نزمە و شایانی خوێندنەوە نییە و لە بەرزییەوە تەماشای دەکەن، تەنانەت بە چاوێکی نزمەوە سەیری شاکارەکانی خۆشمان دەکەن؟

**محەمەد ئوزون:** ئەڤ دیتنەک زۆر شاشە، دیتنەک ئیدیۆلۆژی تێدا هەیە، دیتنەک شاشە، بەری هەر تشتی دڤی مەرڤ ژبیر نەکەت کو ئەڤە چەند سالە کورد شەڕ دکە، مللەتەک کو دناڤ شەڕدایە، هیچ ئیمکانەک وی نەبوویە خوەدی دەزگەیێن ئەدەبی و زانکۆ بن، مەرڤ نکارە ئینسانی کورد، نڤیسکاری کورد و مللەتی کورد بدە بەر ئینسان و نڤیسکاری مللەتێن ئینگلیز و تورک و فارس.. رەوشی کورد زۆر جەوازە، ئێستا یەکەمین جارە ل تاریخا کوردا دەست ب شارستانیێ دکن. بەری هەتا دەمەکی تو ل سەرێ چیا بووی، ل زیندانی بووی ژینامە هەمیان هۆسا بوو، ئیرۆ کو ئەڤ برادەرێن مەیێن کو دەزگەهێن میری لێرە برێڤە دبن هەموو پێشمەرگەبوون، بۆ جارا یەکەمینە شارستانیەتی دکن. کێمانیێن مە گەلەکن، لێ دڤێ ئەم نەحەقی نەکن ئەم نکارن زمان و ئەدەبیاتێن کوردی و نڤیسکاری کورد بدن بەرنڤیسکارێن دن یێن جیهانێ. ئەڤە نە بوێ مانایێ کو دڤێ کورد تشتێن قەلس و لاواز بنڤیسینە، ئەو ژی بۆ مە وەزیفەیە بۆ دلێ مە بەس ئەو بە کو ئەم بکار بن ئەدەبیاتەکی بەدەو یێ ئاست بلند یونیڤەرسەل بۆ هەموو جیهانێ ئاڤا بکن. ئێمە نکارین بێژین کو ئەم مەزلوومین بلا ئەدەبا مە نزم بە. مەرڤ ل گوری مللەتی خوە ئەدەبەکی جیهانی ئاڤا بکە، گەلەک برادەر هەنە تەنێ بەحسا کورد و کوردستانێ، ئێش و ئازار و مرن دکن و باوەڕ دکن کو ئەڤە ئەدەبیاتە، نێ ئەڤە نەراستە.

**ڕامان:** بۆچوونێک هەیە پێی وایە ڕۆمانی درێژ باوی نەماوە و نۆڤلێت دیامیکیەتی زۆرترە، خوێنەر دەتوانێ زۆرتر لەگەڵ ئەو نۆڤلێتانە بڕوا و بخوێنێتەوە و، تاقەت و مەودای ئەوەی نەمایە ڕۆمانی درێژ بخوێنێتەوە، تۆ چ دبێژی؟

**محەمەد ئوزون:** ئەوێ بۆچوونێ تێدا پارا راستیێ هەیە، ژبەرکو ئەڤ پێشکەتنا تەکنیکی وەلێ کریە کو جڤاک زۆر بە پەلە د هەرە، ئێستا ل گوری ئینسان و جڤاتان دڤێ تێکست خورت و کۆمپاکت بە، لێ نایێ وێ مەعنایێ کو مەرڤ رۆمانەکا چار بەرگی بکەتە بیست رووپەل و سی رووپەل، ئەو ژی شاشە، مەرڤ نکارە مینا خەیاتەک ببێژە ئەزێ بیست رووپەل بنڤیسم، ئەز ژ رۆمانی دوو جلد و سێ و چار جلد حەز ناکم، ب راستی ب تەنێ من رۆمانەک هۆسا نڤیساندنە، دوو بەرگە (هاوارا دیجلێ)یە. لێ یێن دن هەمی ب سەرێ خوەنە.

**ڕامان:** ناوچەگەرایی (محلیەت) شتی ناو میللەت و واقعی خۆت بە هەموو داب و نەریت و ئایدیال و

بۆچوونی ئینسـانی کـورد لەناو ڕۆمـانی تۆ هەیە، بەڵام ڕۆمـاننووسی کـورد زۆرجـار دەیەوێ ئەو مـحلیـەتە بکاتە تەمییز و تایبەتمەندی بدە بەخۆی بۆ ئەوەی پێشکەش بە خـوێنەری جـیـهـانی بکات بەبێ ئەوەی لە ئاسـتـێکی جـیـهـانی دا بێت،، وەکـو هونەر وەکـو تەکنیک، ئایا بە تەنیـا ئەو کـەرسـتـانەی کـە پێ دەڵێن مـحلیـەت دەتوانێ سەرنج ڕابکێشێ لای خوێنەر و جیهان؟

**مـحـەمـەد ئوزون:** نا ب تەنێ ناتوانێ، زەحـمـەتە، نهـا مـژاری وەلاتی کـورد بالـکێـشن، ئەڤ تشـتـێن هاتینە سـەرێ ئینسـانی کـورد و وەلاتێ کـورد زۆر بـالـکێـشـە، ئەڤـانا مـژارن. لێ مـەرڤ بزانبـە، چاوا ئەڤـان دێ بیـتـە ئەدەبیات، فەلاکەتێن کوردستانێ نە ئەدەبیاتە نە هونەری ڕۆمـانە، ژبۆ ئەڤ تشـتێ تۆ دکی ببـە ئەدەبی بەدەوێ جـیـهـانێ مـەرجە تو چاوا بهـوونی، تۆ چاوا بنڤـیـسی و لهەڤ بینی. تۆیی چاوا ئەو ئاهەنگی زمان و مۆسیک و بوویەر و تێکەلی و پێـوەندی لهـەڤ بینی ژ وان بـکارن وێنەیەک باش ئینسانی ئاڤا بکی و پێشکێشی جیهانێ بکی.

**ڕامـــــان:** بێجگە لە پێشکەشکردنی کـەرسـتـەکـانی ناوچەیی، ڕۆمـاننووسی کـورد لە مـابەین دوو شـتـدا زۆر جـار تووشی شکست دێ، بەمـانای وشـە ڕۆمـانەکی بە مـەعنای ڕۆمـان ناتوانێ بنووسێ، یەک لەنێـو بیـۆگـراڤی خـۆی (سـیـــرە ذاتیـــە) دەنووسێ و کـــارەســـات و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکاتە ڕۆمان، یانیش هەندێ جار لەناو کەرستەی مێژوو گیر دەخوا، تۆ چۆن لەو نووسەرانە دەڕوانی بەتایبەتی هەندێک جار کـەرسـتـە نییـە، بەڵام بەسەرهاتی شەخسی خۆی لەبەرستدایە؟

**محەمەد ئوزون:** مەرڤ دکارە هۆسا ڕۆمان بنڤیسە، لێ تەجروبە و ژیانی شەخسی دکارە ببە ڕۆمان، مـەرڤ چاوا دکـارە وێ بکە ڕۆمـان، نها مـارسیلی فـەرەنسی هەمـوو تەجروبەیێن شەخسی کرنە ڕۆمان، لێ ڕۆمـانەک گـەلەک بەرکەفتی هەموو تەرجوبەیێن شەخسی مارسیل پروست هەمـوو تەرجوبەیێـن شەخسی چاوا تۆ دکاری حسیـاتەک ئینسـانی یونیـڤـەرسـەل ئاوا بکی، ل تەرجـوبەیێن خـوە شـەخـسی، لڤـێـرە دا پرۆبلەمــەک جـدی هەیە، ژبۆ نڤـیــسکارێن کـورد ئەم نکارین تەجـروبێن خـوە یێن شەخسی بکەن تەجروبەیێن جیهـانی، ئەو ژی ئەز باوەڕم ژبەرکـو جڤـاتا مـە گـرتیـیـە مـێـژوویا مـە کـەڤنە و ئەم نەپەرچەیەک ژ ئەدەبیاتا جیهـانێ نە، گەلەک لوکال مانە

لێ دنڤـیـسـینی ڕۆمـاندا تۆ دکـاری ل ڤێ بنێـرێ ژڤی و کاری ڕۆمانەک گەلەک مەزن و گەورە و بەدەو ئاڤا بکی، لێ تو دکاری ژ تەراژیدییەک گەلەک مـەزن هیچ تشـتـەک ئاڤانەکی، زانینا تە چاوا تۆ دکاری بنڤیسینی، هونەری تە، ئەو جەوهەری نڤیسینێ تە، زمانی تە چاوایە ئەڤانە ئەسـاسن نڤـیـسکارێن مـەزن ژ تشـتـەک بچـوک دکـارن تشـتی گـەورە دروست بکەن. نڤـیـسکارێن بچـووک ژ تشتێن زۆر مەزن گەورە نکارن.

**ڕامـــان:** لە ڕۆماندا چۆن چارەسەری کێشەی ئینسانی کوردت کردووە و لەناو ئینسانی کوردیش ئافرەت؟

**مـحەمـەد ئوزون:** ئافرەت ل ڕۆمانی من دا هەنە، د دوو ڕۆمـــانێن مـن دا ئافـــرەت زۆر خـــورتە یەک ژوان هاوارا دیجلێیـە، قـەهرەمـانا سەرەکی یا ژن ناڤێ وێ ئەستەرە، قـــەهرەمـــانەک زۆر خـــورتە. درۆمـــانەک من دا ب ناڤێ (ڕۆنی مـــینا ئەڤـــینێ تاری مـــینا مـــرنێ)، د وردا ژی کـەڤـۆک هەیە قـەهرەمـانی سـەرەکی ژنە، ئەو ژی زۆر خـورتە. لێ ب گشـتی ئەگەر ئەز ل هەمـوو ڕۆمـانی خـوە بنێـرم ئەز نکارم بێـژم ئافـرەت درۆمـانێن من دا خـورتە، ژبەر وێ ژی ئەز دخوازم ڕۆمانەک بنڤیسم هەمـوو ل سەر قەدەری ئافرەتانە، لێ دعـەینی وەختدا قەدەری میللەتی مەیی کوردە. ل کوردستانا عیراق و ل کوردستـانا ئێران من پرۆژەیەک وا هەیە، ئەز کـێـــمـــانیـــەک دبینم ژبۆ نڤیـسکارێن خوە کـو ئافرەت نە خورتە، لێ ئەز دخوازم ڕۆمانەک هۆسا بنڤیسنم.

د کۆنفرانسێن خوەدا، دگوتاری خوەدا، ئەز هەر بەحس دکم لێ د ئەدەبیـاتا کـورددا دەنگی ئافـرەت کـێـمـە، زۆر قەلسـە، لێ دەبێ ئەم هەول بدین کو دەنگی ئافرەتی کورد دناڤ ئەدەبیـاتێن کـوردی دا دڤێ ب هێـز بە، خـورت بە، ئافـرەت دەرکـەڤن بنڤـیـسن، دەنگی ئافـرەتان بکی ناڤ ئەدەبیـاتێن کـوردی. گـاڤـا ئەدەبیـاتەک خـوەدی دەنگی ئافـرەت بە، هنگی ئەدەبیـات دبە ئینسـانی ژی. نەمـازە ئافرەتی کورد و ژبۆ ل کوردستـانا ترکیێ. ئەگەر ئافرەتا کورد نەبیا ئیرۆ زمانی کوردی ل ترکییێ نەدما.

**ڕامـــان:** ڕۆماننووسـەکانی ئەمریکا لاتینی لە ڕێگای شێـوازەک ڕیالیـزمی ئەفسـوونگەرایی کارەکـانیـان کـرد، توانییـان سەرنجی دنیـا ڕابکێشن بۆ ئەو ئەدەبە مەحلیە، بەڵام ئەدەبەکـە لە ئاسـتـێکی بەرزی جیـهـانی ڕۆیشت. زۆربشیـان توانییـان کێشەی میللەتەکانیـان لە ڕێی ئەو داهێنانانە جـوانە و ئەفـراندنە بگەیەنن بە دنیـا. ئایا تا

چەند دەتوانین ئێمە کێشەی خۆمان لە ڕێی ڕۆمانەوە بگەیەنینە دنیا ؟

**محەمەد ئوزون:** ئەڤ ئیمکانێ مە هەیە، ب باوەڕیا مە ژبەرکو وەلاتێ کوردستانێ میزوپوتامیا، ئەم دبی هیچ ژبیر نەکەین کو ئەم کورێن میزوپوتامیانە، کەلەپووری مەیی کەلتووری، هەموو ئەدەبیاتێن جیهانێ ژ میزوپۆتامیا دەرکەتیە، ئەم سەر دەولەمەندەییەکا زۆر گەورەنە، چاوا نەفتی کورد دەولەمەندیەکا زۆر گەورەیە ژبۆ مللەتی کورد، هەتا ئێستا مللەتی کورد استفادە ژێ نەکریە. میراتێ کورد ژی زۆر دەوڵەمەندە. ئەگەر ئەم بکارین میراسێ خوەیێ کلتووری یێ میزوپوتامایێ بە مودەرناسیوسیونەک بکن یەک، هنگی مە ئیمکان هەیە ئەم دەریەک پەنجەرەیەک نوو ژبۆ ئەدەبیاتا جیهانێ پێشکێش بکن مینا ئەمریکا لاتین مینا ئیرلەندە مینا پۆلۆنیایی مینا کەسێن دن ئیرلەندە و پۆلۆنیا و ئەمریکا لاتین، ئەڤنە هەموو مىللەتێن بندەست بوون، ژ بندەستیا خوە ئەدەبیاتەک بەدەو ژبۆ جیهانێ پێشکەش کردن، ئیرلەندە وەلاتەک زۆر بچووکە نفوسەکەی زۆر بچووکە لێ ئەدەبیاتەک زۆر گەورەیە، چما ژبەرکو ئەوان میراسێ خوەیێ کلتووری کەلتی ئایرش کەلتوور و تشتێن دن مودەرنیزەن کرن و ئەدەبیاتەک ب ئینگلیزی و ب زمانی کەلتی و ئایرشی پێشکێشی جیهانێ کرن، ئەڤ ئیمکانێ مە ژوان پتر هەیە. کەلتوورێ کەلت نە دەولەمەند ترە ژ کەلتوورێ میزۆپوتامیایێ، یەکەمین تێکستێن ئەدەبی ژ میزوپۆتامیایێ دەرکەتییە، دەستانی گلگامش یا کێیە، ژ هەولێرێ تا مووسل (نەینەوا) قاسی سەعاتەک و سەعەتو نیڤەک، ئەم سەر ڤێ میراسێ نە، لێ ژ بۆ مە ئیرۆ دەبێ ئەم ڤێ میراسێ ب شێوەیێن مودەرن ژنووڤە ڤەژینن، گەلەک نڤیسکاران کریە جیمس جویس، تۆماس مان ڕۆمانەک هەیە ب (٤) بەرگ بەحسی یووسف و براکانی دکە. یانی ئەدەبیاتی کەڤن کوتنێن کەڤن، میراسێ کلتووریێ کەڤن دکارە ببە خێمەک ئەساسەک دەولەمەند و گرنگ.

**ڕامـــان:** وەک دەزانی کورد کەلەپوورەکەی هەموو شیعرە، ئەو کەلەپوورەی لە ڕابردوو بۆی بەجێ ماوە، کتێبخانەی کوردی بەشی هەرە زۆری شیعرە، دەتوانین ئێستا بڵێین سەردەمی ڕۆمان دەستی پێکردووە؟

**محەمەد ئوزون:** سەردەمی ڕۆمان نڤیسینێ ئێستا ل کوردستانێ دەستپێکریە، لێ ژێ را پشتکتی لازمە، ب ڕێیاوە ئەز دخوازم ژ حکومەتی کورد ژ وەزارەتی ڕەوشەنبیری کورد ژ هەموو دەزگەییێن کورد، زانکۆ، کۆڕی زانیاری کوردستان و کەسێن دن تکا بکن کو پشکتی ل نڤیسکاری کورد بکن ل ڕۆمان و هونەری ڕۆمانی بکن.

ئەگەر ڕۆمانی کورد خورت بە، ئەو قەزەنجەک گەلەک مەزنە ژبۆ مللەتی کورد ژبۆ پاشەڕۆژی کورد، قەزەنجەک ب قاسی شەڕە، کورد شەڕ کر و هەیا ئێستا و خوینا خوە ڕژاندن و قەزەنجەک ب دەست خستن، لێ ئێستا دەوری ڕەوشەنبیرییە دەوری فکر و دەولەمەندییەکە کو ئەم پێشکێشی ئینسانیەتی بکەین لێ بێ پشکتی نڤیسکارێ کورد نکارە سەربکەڤە.

**ڕامـان:** لە هونەری ڕۆماننووسیندا، بەتایبەتی لە لای جەنابت چەند توانیوتە جێگا بۆ زمانی شیعر بکەیتەوە، لە کاتێکدا بەشی زۆری شاکارەکانی دنیا زمانی شیعر پەڕیوەتەوە ناو ڕۆمانەکانیان، یەعنی زمانی شیعر زاڵە، هەتا لەناو شانۆشدا ئەوە جورج شەحاتە و کەسانی دیکە سوودیان لە زمانی شیعر وەرگرتووە؟

**محەمەد ئوزون:** ل گورا من ڕۆمانەک هێژا، ڕۆمانەک گەورە بەتەنێ د کارە ب زمان ئاوا ببە، ب زمانی ڕۆژانەیێ جڤاکی مەرڤ نکارە ڕۆمانەک گەورە بنڤیسینە، بەری هەر تشتی ژبۆ ڕۆمانەک گەورە، زمانەک گەورە دڤێ، زمانەکی هونادی، هونادی یەعنی ئافری، زمانی ڕۆژانە هەیە زمانی کلاسیک هەیە زمانێن دن هەنە، تویکاری بی ژوان زمانەکی ئەدەبی، هونەری بۆ ڕۆمان ئاڤابکی، بەری هەر تشتی ئەڤە کتێبەک من هەیە ب ناڤی ئاڤرینی زمانەک (ئافراندنا زمانەکی). ئەو کیتاب بەحسێ ئەڤ تشت دکە. ئافراندنا زمانی کوردی و ئافراندنا هونەری ڕۆمان ئەو زۆر ئەساسە، ئەڤ دەستپێکی هونەری ڕۆمانی گەورەیە ژبەر وێ ژی ئەز هەر هەول ددەم (ل گور تەجروبێن خوە ئەز دپەیڤم) کو زمانێ منێ ڕۆمان ببە زمانەکی شیعری پۆیەتیک گەلەکی هەول ددم خوە دئێشینم کو ئەز بکارم زمانەکی شیعری دڕۆمانێن خوەدا بکاربینم.

**ڕامـان:** کە یەکسەر دەستتدا ڕۆمان نووسین، وەکو لە لای ئێمە باوە زۆر کەس بە کورتە چیرۆک دەست پێدەکات ئینجا تەجروبەکەی پێ دەگا ڕۆمان دەنووسێ، جەنابت یەکسەر بە ڕۆمان دەستتان پێ کرد، ئایا پێت وابوو کە لە ناو کورتە چیرۆکدا جێگای خولیا و خەونی ئێوە نابێتەوە، بۆیە ڕۆمانت نووسی؟

**محەمەد ئوزون:** من نکاری کورته چیرۆک بنڤیسم، بۆ من زۆر زەحمەت بوو. هیچ کورته چیرۆکی من نینه ل دنیایێ گەلەک وەشانخانه و کۆڤار و رۆژنامه کو کورته چیرۆک دخوازن یان ئەم بێژن بۆ کۆنفرانسان.. کورته چیرۆک گەلەکی هێسانه، لێ مەرڤ نکاره رۆمانەک ل کۆنفرانسەک ل شەڤەک بخوینه، لێ کورته چیرۆک دکاره، مەرڤ نکاره رۆمانەک دکۆڤارەکدا بوەشینه، لێ کورته چیرۆک دکاره، ژ من زۆر دخوازن من هەول دایه، من خواستییه، ئەز کورته چیرۆک بنڤیسم، ئەز نکارم، هیچ کورته چیرۆکێن من نینن.

**رامان:** تۆ زۆر وڵات گەڕاییی، رۆشنبیران و نووسەرانی کورد زۆر کەم هەوڵیان داوه کێشه رەواکەی میللەتەکەیان به خەڵکی بناسێنن.. دەتوانم بڵێم ئەمه کەم و کورتیەکی گەورەیه بۆ نووسەر و رووناکبیرانی کورد له دەرەوه و ئێوه لەم رووەوه چی دەڵێن که لەمەولا چی بکەین؟ رۆشنبیری کورد به شتی لاوەکییەوه خەریکه و کاره جەوهەرییەکانی لەبیر خۆی بردوتەوه؟

**محەمەد ئوزون:** ل وەلاتی غەریبییێ، ل پەنابەرییێ یەکێتی ئاڤاکرن زۆر زەحمەته، تەجروبا، گەلەک میللەتان وەهایه، زۆر جار خواستنه و هەولێ دانه خەبتینه بۆ یەکێتییێن نڤسکاران یەکەتییێن رەوشەنبیران ئاڤا بکن لێ زۆر زەحمەته. ئێستا ل وەلاتێ مه کوردستانا عیراق خاکەکی مەیی ئازاد هەیه و دەولەتەک دروست دبه، دەولەتەک بێ دەزگەهێن ئەدەبی و رەوشەنبیری نابه، قوەتی رەوشەنبیری ل بەری قوەتی عەسکەری و ئەکونیمیکه، ئەز ژ وەرا بێژم گاڤا د پەیوەندیێن رەوشەنبیریێ دا تو سەرکەفتی دنیا پشکتی یا ته دکه، ڤێجا ئەڤ دەزگەهێن مەیێن نەتەوەیی دڤێ هەول بدەن ژبۆ کو نڤیسکار و رەوشەنبیرێن مەیێن دەرڤە ژی یەکێتیەکا وەها بکن پەیوەندییەک و دیالوکەک چێ بە، کەسێن دکارن بێن دڤێ بێن ڤێ دەرێ، وەلاتێ مه هەیه، ئێدی نه حەوجەیه کو رەشەنبیرێ مه هەرە ل پەنابەرییێ ل پوستەخانا و ل خوارنگەها بخەبته بلا بێت وەلاتێ خوه رەوشەنبیری بکا، نڤیسکاری بکا.. لێ ئەگەر کەسەکی نکاری بێت یان ژی ناخوازن بێن، وێ دەرێ پەیوەندییەک ب دەزگەهێن مەیێن نەتەوەیی ره چێ کەن، یەکەتییەک ئاڤابکن ژبۆ زمان و هەویەت و ئەدەبیاتی کوردی، یەک ژ وەزیفێن مه یێن هەری گرنگ ئەوه کو ئەم ژ نووڤه زمان و ئەدەبیاتەک یەکگرتی ئاڤا بکن، ئەڤه ئەساسه.

**رامان:** ئەوروپییەکان و ئەمریکییەکان زۆر کەم بەرهەم و شاکار و ئەفراندنی کورد دەناسن، دەتوانم بڵێم هەر نایناسن ئێستا کێشەکەمان ناناسن، لەو هەموو قەتلوعام و جینۆسایده وەک رای گشتی بێئاگان، ئینجا وەره نووسینەکانمان بناسن، بەرەئی ئێوه چی بکەین بۆ ئەوەی زیاتر ئەو خەڵکه به دۆزه رەواکەی گەلەمان ئاشنا بکەین؟

**محەمەد ئوزون:** وەرگەڕاندن زۆر گرنگه میللەتی بندەست کو ورده ورده خوه دگەینه ئازادیێ دڤێ گرنگیەکی گەلەک مەزن بدا وەرگەڕاندنێ، وەرگەڕاندنا ئەدەبا جیهانێ بۆ زمانی کوردی. هەموو ئەدەبیاتا جیهانێ دڤێ ب زمانێ کوردی هەبه، ئەڤه هێزەک مەزن بده زمانی کوردی، دەولەمەندییەک و نووبوونەک د زمانی کوردی دا چێ دکه. دعەینی وەختدا ژ زمانی کوردی بۆ زمانێن جیهانێ وەرگەڕاندن. دەزگەهێن مەیێن حکومەتێ و نەتەوەیی دڤێ گرنگیەکێ بدەن وەرگەڕاندنی بەرهەمێن کوردی بۆ زمانێن جیهانێ.

**رامان:** پرسیارەکمان هەیه لەسەر ئەو رۆماننووسانەی کوردن وەک: سەلیم بەرەکات کورده به عەرەبی دەنووسێ، ئیبراهیم یوونسی کورده به فارسی دەنووسێ، یەشار کەمال کورده به تورکی دەنووسێ. نووسەری داهێنەر زۆرجار لەگەڵ زمان تووشی نامۆبوون دەبێت، ئەمه نامۆبوونەک، بەڵام ئەوانەی به زمانی دایکیان نانووسن دووجار تووشی نامۆبوون دەبن.. تۆ پێت وایه ئەو رۆمانانەی ئەوانه دەینووسن پەیوەندییان به کوردەوه هەیه؟ یان به رۆمانی کوردی له قەڵەم دەدرێن؟

**محەمەد ئوزون:** پەیوەندی ب کورد ره هەیه، ب میللەتێ کورد ره، ب کورستانی ره هەیه. ئەو ژی کوردن، ئەدەبیاتی وان نه ئەدەبیاتی کوردییه. مه نکاری ئەدەبیاتی وان بکن ناڤ ئەدەبیاتی کوردی، ژ بەلکی ئەدەبیات ب زمانه، ئەوانه نڤیسکارێن کوردن، لێ نەنڤیسکارێن ئەدەبیاتی کوردینه.

**رامان:** لەناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دادەنێی؟

**محەمەد ئوزون:** مەرڤ دکاره بێژه نڤیسکارێن کوردن لێ نەنڤیسکارێن ئەدەبیا کوردینه ژبەرکو زمان ئەساسه، لێ دناڤ ئەوان دا برادەرێ نکاره ب زمانێ کوردی بنڤیسینه فارسی یان عەرەبی یا تورکی دنڤیسینه. لێ برادەرێ کوردی دزانه و ب کوردی نا نڤیسینه جورمەکی

ئینسانییه.
**رامـــان:** هیچ نووسـەرێکی کـورد نەیتـوانیـوه بەکـاری نووسین بژیت، لە کاتێکدا ئەو نووسەرە هەمـوو ژیانی بۆ نووسین وخــوێندنەوە دانـاوە، سـەرەرای ئەوەش هەمــوو پیشەیەک ئادەمیـزاد دەژینێ تەنیـا نـووسین نەبێت، بەڵام نووسـەری کـورد بێجگە لەوەش کـە پێی نـاژی ناشـتوانێ کاری دیکەش بکا، تۆ ئەو کێشەیە چۆن دەبینی؟
**مـحـەمـەد ئوزون:** ئەڤ کـێـشـەیەک زۆر گرنـگە، دەبێ چارەسـەر ببـە، دڤێ دەزگـەیێ نەتەوەیی کـورد ئالیـکاری نڤیسکار بکن، ل سوێدێ ل نەروێژی و ل دانیمارکێ ژی وسایە، بۆ نموونە وەزارەتا رەوشنبیـریا سوێدی ئالیکاری دده نڤـیـسـکـاران، ل وێ دەرێژی زۆربەی نـڤـیـسـکـاران نەنڤیسکاری گەورەنە، کو ب کتێبێ خوە بکارن بژین، لێ دەولەت یارمـەتی دده وان. نڤـیـسـکار نکارە هەرە ل خوارنگەهێ. بخەبتە و رۆمانەک گەورە بنڤیـسینە. ژبۆ وێ ژی حکومەتی کورد و وەزارەتی رەوشەنبیری و هەموو دەزگەیێن نەتەوەیی یێن کورد دڤێ بزانن کو ئەدەبیاتەک خـورتی کـوردی د خزمـەتا مللەتی کـورددایە. ئەدەبیـاتی کوردی پرۆپاگەندەکی هەری باشە ل سەر کوردستـانێ بۆ جیـهـانێ، یەعنی ژ پروپاگەندی شەر و خەنجەر و تڤەنگ و تۆپ و تـانکا زۆر قــوەتتــرە، لەومـا ژی پشکـتی زۆر پێویستە.
**رامـــان:** دەربارەی خەڵاتە ئەدەبییەکانی جیهانی، کە یەک لەو خەڵاتە جیـهـانیـانە (نۆبڵ)ە، تۆ پێت وانییـە پێوەرەکان لەوەدا زۆر سیاسی بێ لەوەی کە تەنیا هونەری یان ئەدەبی بێ؟
**مـحـەمـەد ئوزون:** ئەز وان برادەرێن خەلاتا نۆبڵ دەدەن ناس دکم، زۆربەی وان دۆســتێ منێ شــەخــســینە، نڤیسکارن، ئەکادیمینە، پرۆفیسۆرێ ئەدەبیاتێنە، ئەز وان دزانم و ئەز باوەرم پیڤان ئەدەبییە و تەرجیح ئەدەبیاتە، هیچ ب تەسادفی ئەو خەلات نادەن، گەلەکی سالێن درێژ لسـەر وی نڤـیـسـکاری لێکۆلین دکن، هەر تشـتـی وی نڤیسکاری دزانن، پشتی وی خەلات ددن. لێ بێگومان بوویەرێن جیهانێ و بوویەرێن وی مللەتی تەئسیرەک وێ هەبە و دکارە تەئیسیرەک ل خەلاتی بکە، لێ ئەدەبیاتەک بەدەو و گەورە نەبە نادەنێ.
**رامـــان:** خەڵاتی نۆبڵیـان دایە نەجیب مەحفوز، لەبەر ئەوەی باوەری بە ئاشتی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیل!
**محەمەد ئوزون:** بەڵێ راستە.
**رامـــان:** پێت وایە ئێمە وەکو میللەتێکی بندەست کە زمانەکەمان خەریکە دەبووژێتەوە لەو خەڵاتە جیهانیانە ئاورێک لە ئێمە بدرێتەوە؟
**مـحـەمـەد ئوزون:** بەلێ، بۆ نەء، ئەز باوەرم دوەختەک نزیکدا ژی بکاربـە، لێ ب شـەرتی کـو ئەدەبیـاتی مـە ئەدەبیاتەک گەورە بە، ئەدەبیاتەک ئینسـانی یونیڤەرسەل بە.
**رامـــان:** جۆرج لۆکاش رۆمانی بە داستـانی سەدەی بیستـەم داناوە، هەندێکیشـیان ئێستا رەئیان هەیە کە دەرکەوتنی ئینتەرنێت و سەتەلایت کارێکی کردووە وردە وردە پاشەکشە بە رۆمان بکەن، چونکە ئەو کۆمپیوتەر و ئینتـەرنێـتـە وەختی خـەڵکی بردووە و ناتوانێ رۆمـان بخوێنێتەوە، جەنابت چی دەڵێی؟
**محەمەد ئوزون:** بەلکی ببە ژبۆ فەرەنسایێ، ئینگلیزان و ئەمریکایێ و وەلاتێن ئەوروپایێ راستە بەلێ ژبۆ کورد نەراستـە. کـورد هێـژ بەحسی تشـتـەکی خـوە نەکرییـە، کەلەپوور و پەیوەندی و تاریخی کورد، ژ بۆ مـە ئیـرۆ رۆژ رۆژا رۆمـانێـیـە. لۆکـاش راست دبێـژە هونەرا رۆمـانێ دەستانی سەد سالی بیستـە، لێ ژبۆ مە هونەرێ رۆمانێ دڤێ ببە دەستانی بەرخوەدانی.
**رامان:** پێت وا نییە شانۆ گرنگ بێت؟
**محەمەد ئوزون:** شانۆ زۆر گرنگە، بەلکی ژ رۆمانێ ژی گرنگترە، کورد هوینی کـەلتـوورێ خوێندن و پەروەردەیێ نەبوویە. لێ شانۆ نەحەوجەیە بخوێنە، شانۆ تەماشا دکە، شـانۆ دکـارە بگەهە گـوندان ژی بگەهە چیـا ژی دگـە هەر دەری، شانۆیی کوردی دڤێ مودەرن و ب هێزبە، خورت و دەولەمـــەند بە، ئەو ژی ئەســـاســـە کـــو ئەم بکاربن پەروەردەیەک رەوشەنبیری ب ئاستەک بەرز ئاڤا بکین.
**رامان:** رۆڵی سینەمای کوردی چۆن دەبینی؟
**مـحـەمـەد ئوزون:** زۆر زۆر گـرنگە، هایا من ژ هەمـوو سینەماکارێن کوردی هەیە، هونەر سەلیم یەک ژوانە، ئەز گـەلەکی حـەز دکم و پشـتگرتنی لێ دکم، گـەلەکی ب سەمباتی لێ دنێرم، ئاواکردنی ئافرینی سینەما کوردی زەڤـەرەک گـەلەک گـرنگە ژبۆ مللەت و وەلات و رۆژێن پاشەرۆژی کوردان، چونکە سینەما گەلەکی ب پەلە دکارە خوە بگەیینی هەموو جیهانێ و دکارە حسیەتەک جیهانی ئاڤا بکە.
**رامـــــــان:** دوا پرسـیـارمـان لە بارەی وابەسـتـەیی (تبعیـە)یە، رەوشەنبیری کوردی ل عیـراق و سووریایی

وابەستەیی بە کلتووری عەرەبە و ل ترکیایێ وابەستەیی بە کلتووری ترکیە و لە ئێران وابەستیووە بە کلتووری فارسەوە، چاوا دەتوانین خۆمان لەم وابەستەییەوە ڕزگار بکەین؟

**محەمەد ئوزون:** مەرڤ دکارە بەڵام بە شەرتی تو بکاری جیهانەکی ڕەوشەنبیری کوردی ئاڤابکی، کورد دڤێ جیهانەک ڕەوشەنبیری خوەسەری هەبە. تو بکاری ژبن تەئسیری وان دەرکەڤی و، ئەڤ جیهانی ڕەوشەنبیری کورد و ئەدەبی کورد دڤێ خورت بە، ئاست بلند بەو د هەر بابەتی دا بکار بە ئالتەرناتیفەک ل هەمبەر ڕەوشەنبیری و ئەدەبیاتێن فارس، تورک و عەرەب براوەستە، هۆسا نەبە ئەو تەقبول ناکن. نڤیسکارێن من ئەدەبیاتێن من ئالتەرناتیڤە ل ترکیایێ چما ژبەرکو من هەول دا ئەز دەنگەکی کوردی ئاڤا بکەم لێ ب ئاستەک بەرز.

**ڕامان:** ئەمە نیوەی پرسیارەکە بوو، نیوەکەی دیکە ئەوەیە کە گلۆبالیزەیشن سوودی بە کورد گەیاند و کێشەکەی گەیاندە دنیا، کە میللەتەک هەیە زۆر غەدری لێ دەکرێت و دەچەوسێتەوە، بەڵام مەترسییەکیش هەیە کە ئەم کەلتوورە ئەگەر لاواز بوو بکەوێتە ژێر ئەو کلتوورە بەهێزە و بیشارێتەوە، ئەمە چۆن دەبینی؟

**محەمەد ئوزون:** ئەڤ خەتەر ژبۆ هەموو زمان و ئەدەبیاتێن جیهانی هەیە، ئیرۆ دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزی و ئەدەبیاتا ئەنگلوساکسۆنی زۆر گەورەیە ل هەموو جیهانێ. بێگومان ئەڤ خەتەرە ژبۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی ژی هەیە. لێ ئەگەر ئەم بکارین (بەشێوەیەک من بە حسکر) ئەدەبیاتەک بەدەو، بلند جیهانی ئاڤابکن هنگی خەتەر نینە ژبۆ مە، هنگی کوردستان ببە مەرکەزەک ژبۆ ئەدەبیاتەک تەزە نوو، ببە پەنجەرەیەکا نوو ژبۆ ئەدەبیاتا جیهانێ.

**ڕامان:** پرسیار زۆرە، بەڵام نامەوێ لەوە زیاتر ماندووت بکەین، سوپاس.

**محەمەد ئوزون:** سوپاس و سەرچاڤان.

**محەمەد ئوزون د چەند دێڕان دا**

- ل سالا (١٩٥٣) ئاندا ل سیڤەرەک ژ دایکبوویە.

- قوناغێن خویندنا سەرەتایی و ئامادەیی ل سیڤەرەک و دیاربەکرێ تەمامکرییە، لێ بەلێ نکارییە خویندنا زانکۆیی ل زانکۆیا ئەنقەرە ب داوی بینە.

- د تەمەنێ (٢٣)یدا چوویە ئەوروپایێ و ل سوێدێ ئاکنجی بوویە دەست ب خویندنێ کریەڤە لێ پێ تەمام نەبوویە و ل دوڤدا دوو سالان ل (سۆربۆن)ێ ل فەرەنسا خویندبیە لێ دیسان ئەو ژی ب داوی نەئانییە.

- ژبلی زمانی دایک (کوردی) ئەڤان زمانێن دن ژی د زانە و ب کار دئینە: (تورکی، سوێدی، نۆرتێبی، دانیمارکی، فەرەنسایی، ئینگلیزی).

- نها ل ترکیایێ و سوێدێ ژیانا خوە ب سەر دبەو وەکو ڕۆماننووس کار دکە و بەرهەمێن وی ژبۆ زێدەتر ژ پازدە زمانان هاتینە وەرگەڕاندن، کو ئەڤەنە:

١- هاوارا دیجلەیێ. ٢ بەرگ.

٢- بیرا قەدەرێ.

٣- مرنا کالەکێ رند.

٤- سیا ئەڤینێ.

٥- تو.

٦- رۆژەک ژ رۆژێن عەڤدالێ زەینەکێ.

٧- رۆنی مینا ئەڤینێ، تاری مینا مرنێ.

- هەروەسا ئەڤ کتێبە ب سوێدی هەنە:

١- هەموو جیهان ل سوێدێیە.

٢- کولیلکێن هەنارێ.

- ب زمانێ تورکی ژی ئەڤ پەرتووکە هەنە:

١- کولیلکێن هەنارێ.

٢- دەنگبێژێن من.

٣- چیرۆکەکا ئۆتۆبیۆگرافی- کەسکە سۆرا رۆح.

٤- گۆتار- وەختێن زنجیرکری - گوتنێن زنجیرکری.

- دوارێ ڤەکۆلینان ژی دا ئەڤ بەرهەمە هەنە:

١- ئەنتۆلۆژیای ئەدەبی کوردی ٣ بەرگ.


ئەڤ بەرهەمە (١٢٠٠) رووپەلە ب سەرپەشتیا وی بیست نووسەرێن ڤە دکرە.

٢- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی.

- دوو هەڤپەیڤێن ب تورکی ژی رە هاتینە ئەنجامدان:

١- ئافرینا زمانەکی.

٢- زمان و رۆمانا کو ل خۆلییێ خوە زیندی دبن.



ڕۆستەم ئاغاله یەکێکه له هونەرمەندە شێوەکاره دیارەکانی کورد، پیاوێکی تا سەر ئێسقان شەفاف و کراوە و ڕاستگۆ، کەم کەس هەیە هێندەی ئەم بەڕاشکاوانە بدوێت. بەشێوازێک زۆرجار دەکەوێتە سەرزەنشتی خۆی، ئەمەش ئەوپەڕی خاکی بوونی ئەم هونەرمەندە نیشان دەدا، کە قسەش لەسەر کارکردنی دەکات هەست بەوە دەکەیت ئەم هونەرمەندە بە ڕۆشنبیرییەکی زۆرەوە لە ئەزموونی خۆی دەدوێت، لە هەمان کاتدا هونەرمەندێکی سەرەڕۆ و یاخییە، بە جۆرێک ئەم یاخی بوونە لە هەموو ژیانی هونەری و کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێوارەیەکی پایز لەسەر چیای ئەزمەڕ تا درەنگانێکی شەو گفتوگۆیەکی هەمەلایەنمان لەگەڵداسازکرد، ئەمەی دەیخوێننەوە پوختەی ئەو گفتوگۆیەمانە.

# هونەرمەند ڕۆستەم ئاغاله:
# من لە دەیان هونەرمەندی کوردستان زیاتر دژایەتی کراوم، بەڵام نەڕووخاوم و گوێشم بەو دژایەتییە نەداوە



* سەرەتای هاتنە ناوەوەت بۆ ناو دنیای هونەرییەوە لە قۆناغی پەیمانگەوە دەست پێدەکات، ئەو کاتەی تۆ لە کۆیەوە هاتیت بۆ سلێمانی بۆ خوێندنی هونەر لە خێزانێکی هەژاری لادێیی بوویت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شەرمن بووی، هەست ناکەیت دژایەتییەک هەیە لەنێوان تۆ و ئەو نێوەندەی کە هونەرت تێدا دەخوێند؟

– ڕەنگە من بەشێوەیەکی تر قسە لەو سەرەتایە بکەم من لە کۆیە باوکم جووتیار بووە و خەڵکی تر واتە ڕەنجبەر زۆر لەبەردەمی ئیشی کردووە، بەڵام من کە لە کۆیە ژیاوین خۆم هەر بە کوڕە جووتیارێک بینیوە، ڕاستە ئێمە موڵک و ماڵێکی زۆرمان لە دەوروبەری کۆیە هەبووە، بەڵام مامەڵەمان لەگەڵ خەڵکی زۆر سادەبووە، سەبارەت بەو ئاغالەش کە هەندێ کەس یان تۆش پێت وایە کە من ئاغابم ئاغالە باپیرمە، لە ئەسڵدا ناوی (ئیسماعیلە) و تاقانە بووە و خەڵکی زۆر خۆشیان ویستووە و بابی کە ناوی (مەزن) بووە، لە دەڤەری (بادینان)ەوە هاتووەتە ناوچەی (کۆیە) و ئیدی ئەو کوڕەشی وەک وتم (ئیسماعیل) کە باپیری منە لە خۆشەویستیدا خەڵکی کۆیە بەناوی (ئاغالە) بانگیان کردووە، تا ئێستا هەندێ لە ئامۆزاکانم هەر پێیان دەوترێت «مامە ئاغا»، ئەمە جگە لەوەی ئەم باپیرەی من ئاغالە دۆستایەتییەکی زۆری لە تەک (حەمەد ئاغای کۆیە) هەبووە.

* بەڵام پرسیارەکەمان ئەوەیە هەست ناکەیت دژایەتییەک هەبێت لەنێوان ئەو دوو ژینگەیە، کوڕە هونەرمەندێک و کوڕەئاغایەک. ئایا تووشی هیچ گرفتێک نەبوویت لە شار بەتایبەتی لە ڕووی مامەڵەی ڕۆژانەوە؟

– با، سەرەتا من کە هاتمە سلێمانی و هاتمە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان گرفتی زۆرم تووش بوو، سەرەتا من کە هاتم، چونکە خەڵکی دەرەوەی شاربووم، داوای کەفیلیان لێدەکردم منیش کەفیلم دەست نەدەکەوت (بە پێکەنینەوە)، بۆیە زۆرم بەلاوە ناخۆش بوو، بەدەردێکی زۆر ناخۆش تا لەم شارەدا کەفیلم دەست کەوت، ئەم سەرەتایە لە هەموو شتێکدا ناخۆشە، ئەمەندە لای منیش ناخۆش بوو، وەک ئەو ڕۆژە بوو کە چوومە قوتابخانە و چوومە پۆلی یەکەم، چونکە لە پۆلی یەکەم بە قوتابخانەوە نەدەنووسام، لە هونەرە جوانەکانیش وابوو، ئەو پەیمانگەیە ببووە بەشێک لەدۆزەخ بۆ من، نە هاوڕێم هەبوو، نەدەمتوانی بگونجێم لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا، هەر قسەیەکیشم دەکرد لە پۆلدا هەموو قوتابییەکان بە قسەکانم پێدەکەنین، دیارە شێوەی قسەی من وەک (کۆییەک) زۆر جیاوازبوو لە قوتابییەکی سلێمانی و هیچ قسەی خۆشم نەگۆڕیبوو، بۆیە لە پۆلدا نەمدەوێرا دەم بکەمەوە هەر کە دەمم دەکردەوە هەموو قوتابییەکان دەیاندایە قاقای پێکەنین و دەیانوت دووبارەی بکەرەوە.

* بەڵام تۆ لە سەرەتای قوتابییەتیدا قوتابییەکی فاشل بوویت، دواتر و لە قۆناغەکانی دواتردا یەکێک بوویت لە قوتابییە باشەکان، ئێستاش هونەرمەندێکی شێوەکاری دیاریت و بەڕێوەبەری گەلەرییەکی نەتەوەییت و لە چەندین وڵاتی دنیا پێشانگەی تایبەتیت بۆ کراوەتەوە، ئەم گۆڕانە چۆن ڕوویدا؟

– دیارە من دەمەوێت ڕاشکاوانە لەگەڵت بدوێم، من بەڕێکەوت چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، چونکە من نەمدەزانی شوێنێک هەیە ناوی «فنون»ە و هونەری تێدا دەخوێنرێت و قوتابی وەردەگرێت و هەتا دوایی، تا ئەوکاتەش لە ڕۆژنامەیەک یا ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنی هیچ شتێکم نەبینیبوو لەسەر هونەر، بەڵام لە قۆناغی ناوەندیدا جاروبار وێنەم دەکێشا نەک لەبەر ئەوەی حەزم لەوێنەکێشان بێت، نەخێر بەڵکو هەر لە خۆمەوە بوو، ئەگینا هاوڕێکانم ئەوانەی دەوروبەرم زۆر لەمن باشتربوون لەوێنەکێشاندا، تا ڕۆژێک مامۆستایەکمان بە ناوی (م. ئیسماعیل) یادی بەخێر ئێستا کۆچی دوایی کردووە، پێی وتم ئەرێ شوێنێک کراوەتەوە لە سلێمانی هەر وێنەکێشان دەخوێنن، بۆ ناچیت بۆ ئەو شوێنە. وتم باشە مامۆستا ئەو شوێنە ناوی چییە؟ وتی ناوی هونەرە

جوانەکانە و لە دەلیلیشدا نووسراوە. منیش هیچم نەدەزانی هەر لە قسەی ئەو مامۆستایەوە پڕم کردەوە و دواتر ناوم لەو شوێنە هاتەوە کە پێیان دەوت پەیمانگەی هونەرەجوانەکان. بۆ یەکەم جاریش لەگەڵ خاڵم هاتمە هەولێر و پرسیاری ئەو شوێنەم کرد وتیان کاکە ئەوەی دەیڵێیت لە سلێمانییە و دەبێت بچیتە سلێمانی، دواتر کە هاتم ئەو شوێنەم بینی زۆرم بەلاوە سەیربوو، کە کەسێک ببێتە مۆدێل و ئەوانی تر وێنەی بکێشن، هەرچۆنێک بوو وەرگیرام و تارادەیەک باش بووم، بەلام لەوەجبەی تر کە هاتن قوتابی باشتر هەبوو، بەلام من هیچم نەبینیبوو تا ئەوکاتەش، ڕەنگ وڕەنگی ئاویم هەر نەبینیبوو.

**من ئەو کاتانەی کە زۆر خەریکی وێنەکێشان دەبم و دەگەمە پلەی بێزاری بە شیعر نووسینەوە سەرقاڵ دەبم**

* لەگەڵ ئەوەشدا تۆ لەسەرەتادا قوتابییەکی کەمتەرخەم بوویت؟

– یەکێک لەو گرفتانەی من ئەوەبوو کە سەرەتاکانم نوێژکردن بوو، بەردەوام بەرماڵم پێبوو، نوێژکردنێکی زۆرم هەبوو، چونکە لەو قۆناغەدا من ئاینداربووم، بەلام ئەو بارودۆخەی لە بەشی ناوخۆیی بینیم زۆر جیاوازبوو، ئەو کاتە قوتابییانی بەشی شانۆ بەسەر پەیمانگەدا زاڵ بوون. چالاکییان لە هەموو بەشەکان زیاتر بوو، ئەمە جگە لەوەی کەسەکانیش هەموو کەسی گەورە گەورەبوون، قوتابییانی بەشی شانۆ خەڵکی زیاتر دەیناسین و زیاتر دەردەکەوتن، بەشی مۆزیک ئەوکاتە هەر نەبوو، ئیدی من لەو بارودۆخەدا لە بەشی ناوخۆیی بووم زۆر فەوزابوو ئەوەی نەبوو تەنیا نوێژ بوو، بۆ من هەموو شتەکان پێچەوانە ببوونەوە، ئەو ژوورەی منیش تێیدابووم لە بەشی ناوخۆیی جدیاتی زۆر کەم تێدابوو، هەرقاپ شۆرین و هیچی تر، منیش دەمویست لەوێ شتێکم لێدەرچێت، ئاستی هونەریم زۆر خراپ بوو، بەتایبەتی لە (ڕەنگی ئاوی) بیرمە جارێکیان کارێکم کرد مامۆستا بەختیار مستەفا کردمییە دەرەوە، بەکلێنس ئەمەندەم خشاند لەو کاغەزەی کە کارەکەم لەسەرکردبووتا پەڕەکەم دڕاند، وام دەزانی بەوە کاڵ دەبێتەوە، بەڕاستی من هیچم نەدەزانی. ئەویش وتی بڕۆ دەرەوە یان فێردەبیت یان ڕەنگی ئاوی وانابێت، ئەمە یەکێک بوو لەو بارو زرووفەی من. هەرچۆنێک بێت ئەو ساڵەم هەروا بەڕێ کرد، ساڵی دووەم هاتمەوە کارێزە وشک خانووم بەکرێ گرت، لەگەڵ ئامۆزایەکم، بەلام ژوورێکی بەتەنیام بۆ خۆم گرت، ئیدی بەردەوام لەو ژوورەدا بەتەنیا خەریکی کاری (ستیلایف) بووم، حەزیشم نەدەکرد کەس بێت بەلامدا و بەردەوام لەو ژوورە بە وێنەکێشانەوە خەریک بووم، بە بڕوای من ئەمە سەرەتایەک بوو لەو سەرەتا باشانەی من کە هاتمە ناو دنیای هونەر، ئەم بناغەیەش وا لەسەری ڕۆیشتم تا ئەو ڕۆژەی خوێندنم تەواوکرد کاری من پەیوەست بوو بە ژوورێکی تەنیاوە، زۆر حەزم بە مەرسەم و ستۆدیۆی پەیمانگە نەدەکرد، دواتریش کە دەگەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم هەندێ شوێنی چۆڵەوانی هەبوو لای کارێزەوشک کە ئێستا پێی دەڵێن بەهەشتی شار و زەرگەتە ئەوە چۆڵەوانی بوو، هەندێ ئاژەڵی تۆپیوی لێبوو بۆخۆم دادەنیشتم وێنەم دەکێشان تا ئێستاش ئەو وێنانەم هەرماوە، ئیدی لەوەوە فێری وردەکاری و فێری هەندێ کاری هونەری بووم، یان دادەنیشتم لە «دباشان» ئیشی پاستێلم دەکرد یان خۆرئاوابوونی قلیاسانم دەکێشا، هەموو ئەمانە سەرەتایەکی باش بوون بۆمن ئیدی دوای ئەوە نەگەڕامە دواوە و کارەکانم زۆر بوون پیشانی مامۆستاکانم دەدا ئەو کاتە دوو مامۆستامان هەبوو کە دوای جیاکردنەوەی پسپۆری لە پۆلی سێیەمەوە ئەو مامۆستایانەش (عەلی کەریم و کوردۆ و هاوڕێ ئەنوەر) بوون، بەلام من وەک خۆم زۆر سوودم لە تێبینییەکانی (م. عەلی کەریم) وەرگرت ئیدی مامۆستاش لەم قۆناغەدا قوتابی باش و خراپ جیادەکاتەوە، وردە وردە پشتم بەخۆم بەست، ئەوە نەما وەک ساڵان ئیشێکیان بۆ بەرم و چاوەڕێی تێبینی و سەرنجی ئەوان بم، ئیدی من هەستم کرد کە توانای هونەریم دەرکەوتووە و گوێم بە نمرە و کارت نەدەدا، کارتی ساڵانم وەرنەدەگرتەوە، ساڵێکیان کارتم وەرگرت نمرەی کەمیان بۆ دانابووم یەکسەر کارتەکەم دڕاند ئەوکاتە مامۆستا بەختیار مستەفا سەرۆکی بەش بوو بانگی کردم و وتی جارێکی تر شتی وانەکەیت، ئیدی تا پەیمانگەم تەواوکرد کارتم نەبینی..

* هەست دەکەیت ئەو یاخی بوون و تەمەڕودە پەیوەست بووە بەو قۆناغە لاوەتییەوە کە تۆی تێدابووە؟

– ئێستاش کە دەکەومە ناو کارکردنەوە هەروام، گوێ بە هیچ بەربەستێکی کۆمەلایەتی نادەم، خۆم لەبیردەچێتەوە کە چی دەکەم و خەریکی چیم، لەگەڵ ڕۆحی ئەو کارەدا تێکەڵ دەبم.

* هەست ناکەیت کارەکەی تۆ یان بڵێین هونەر پێویستە تارادەیەک پەیوەست نەبێت بەو بنەما و بەها کۆمەلایەتیانەوە؟

– من ئەمسالْ هەندێ کاری فۆتۆم کرد بۆ ڕێبەری زانکۆی کۆیە، چووم لە مەوقیعێکەوە لە تەق تەقەوە کە دێیت کۆیە دەبینیت، لە ئوتومبێلەکە دابەزیم بۆ یەکەم جاربینیم دەشتی کۆیە بەو جۆرە و یەکەم جار لە کوردستان ڕووبار ببینم بەو شێوەیە وەک مار پێچاو پێچ بوو بێت هاتبێتە خوارێ و کۆمەڵێک شاخی تۆنات تێکەڵاو بووبێت، تا دەگاتە شاخی سورداش یانی لە دەشتی کۆیەوە شاخی سورداشم بینی، لە خۆشیاندا بە تەقلە هاتمە خوارەوە بە جۆرێک نەمدەزانی چی بکەم، بەجۆرێک نازانم بلێم چیم دەکرد. هەستم بە ئازادییەکی زۆر دەکرد، هەستم دەکرد شتێکی زۆر گەورەم دۆزیوەتەوە، هاوکارەکەم زۆری بەلاوە سەیر بوو، بەڵام ئەوە ئازادی خۆم و یاخی بوونی خۆم بوو.

* بەدەر لەمەو سەبارەت بەکارکردنی تۆ من زیاتر لە دەساڵە بەدوای ئیشەکانی تۆدا دەچم تۆ بەیەک جۆر کاردەکەیت، زۆرێک لە فیگەرەکانت کارەکتەری کوردن، کیژی کورد، پیرەمێردی کورد...تاد. بە کورتیەکەی ڕەگێکی کوردیانە زاڵە بەسەر کارەکانتدا، تا چەند باوەڕت بەو ناسنامەیە هەیە کە باسی کورد بوون دەکات؟

* من باوەڕی تەواوم پێیەتی لەبەر ئەوە لەو بوارە زۆر کەس کاریان کردووە پچڕ پچڕ کاریان کردووە، من ناڵێم ئیش نەکراوە، زۆرێک لە هونەرمەند شێوەکارەکان بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنێکیان بەشێوازێک لەو شێوازەی من کاریان کردووە، بابەتی کوردییان هێناوە، فیگەری کوردییان هێناوە، ڕەنگ و ماڵ و سەیرانگەی کوردییان هێناوە، بەڵام نەهاتوون و نەیانتوانیوە وەک من هەندێ مەدلوول و هەندێ دەلالەتی و فۆرمی کوردی جارێکی تر تەوزیفی کەنەوە بۆ کارەکانیان، ئەمە جگە لەوەی من هەندێ شتی کۆیە و تایبەتمەندی ئەو شارە لەکارەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، سەرەتای ئیشکردنیشم وابووە هەموو هونەرمەندێک ڕێبازێک کاردەکات یان من بە ڕێبازێک بمەوێت کاربکەم، بەپێی کۆمەڵێک لە قۆناغ ئەوسا گەیشتوومەتە ئەم قۆناغەی ئێستا، بە دنیابینینی من بۆ کوردستان بۆ ڕەنگی، بۆ فیگەری بەم شێوەیە بووە، هەروەک چۆن (فایەق حەسەن) ڕەنگی خۆڵەمێشی بەکاردەهێنێت، کە ئەو ڕەنگە زادەی ژینگە و باردۆخی ئەوە، من بۆ یەکەم جار کە چوومە بەغدا بۆم دەرکەوت بە شەو لە بەغدا ئەستێرە نابینرێت، ئەوکاتە هەستم بە خۆشەویستی ئەستێرەکانی کوردستان کرد، کە لە کوردستان هەموو شەوێک دەتوانی ئەستێرە ببینیت، هاوین بێت یان زستان تەنانەت بەفریش ببارێت ئەستێرەکان جوانتر دەبینیت، کەچی بە پێچەوانەوە



ئەمانەم لە بەغدا نەدەبینی، یان کە سەیری ئاسمانی بەغدا و کوردستان بکەیت، لێرە لای خۆمان ئاسمان شینە، بەتایبەیش من کە دەهاتمە سلێمانی ئەوسا دەمزانی ئاسمانی کۆیە چەند شینترە، ئێستاش کە دەچمەوە بۆ کۆیە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستم یەکسەر سەیری ئەو ئاسمانە (شین شین)ە دەکەم کە لەزۆرێک لە شوێنەکان بەتایبەتی باشوور ناوەڕاست ئەو شینابیە نییە، ئیدی ئەم هەموو ڕوانینانە پەیوەستە بە ڕەنگ و تێڕوانینی هونەریانە بۆ سروشت.

* باسی تایبەتمەندی کوردستانت کرد ئایا هەست ناکەیت تۆ دەتەوێت سنوور بەندیەک بۆ هونەر دابنێیت. لەکاتێکدا هونەر سنووری نییە و سەر بە هیچ نەتەوەیەک نییە؟

– زۆرجار ئەو برادەرانەی کە کاری ئەپستراکت دەکەن لە حاڵی بوون خۆیان هەڵە دەکەن، چۆن. ئەمن بۆ بێم سوود لە شێوازی کاندنسکی وەرگرم کە پرسیاریش نەکەم بە چ ئەزموونێک گەیشتووەتە ئەو کارانە.. ئەی بۆ سوود لە سروشتی کوردستان وەرنەگرم کێ پێی وتووم قەدەغەیە سوود لەو سروشتە دەوڵەمەندە وەرگرم، یان کێ زەختی ئەوەی لێکردووم بڵێ بڕۆ سوود لە کاندنسکی یان شاگاڵ وەربگرە، من خۆم ئازادم و بە ئازادی خۆشم ئەو جۆرە کارانە دەکەم، بەڵام ئەو برادەرانە زۆر جار هەست بەوە دەکەن ئازادییەک لەخۆیاندا هەیە و لەخۆیاندا قەدەغەی دەکەن، بۆ نموونە کە ئێمە باسی کاندنسکیمان کرد ئەو

سوودی لە فۆلکلۆری ڕوسیا وەرگرتووە، شاگاڵ سوودی لە هەموو داب و نەریتی جوولەکەی ڕوسیا وەرگرتووە و هەمووی داڕشتووەتەوە لەناو کارە هونەریەکانیدا.

* بەڵام تۆ هەست ناکەیت ئەو فیگەرانەی تۆ ئیشی پێدەکەیت وەک خۆیەتی لەواقیعدا بەبێ تێکشکان؟

– با بۆ تێکی ناشکێنم، من ئێستا ئیشم هەیە و تەجریدە هەرکەسێک لەوپەڕی دنیاوە بێت دەزانێ ئەو ڕەنگە ڕۆژهەڵاتیە، گەر تۆزێ ئاگای لەناوچەکە بێت دەزانێت ئەو ڕەنگانە کوردین، ئەگەر وردتر بێت دەزانێت ئەو ڕەنگانە ڕەنگی ناوچەی کۆیەن، زیاتر دیراسەی هەبێت دەزانێ ڕەنگی ناوماڵەکەی خۆمە، بۆ نموونە هونەرمەندێکی وەک (ئەرشیل گۆرگی) هونەرمەندێکی گەورەی ئەرمەنییە لە کاتی کوشتاری ئەرمەنییەکان چووەتە ئەمەریکا، دەتوانین بڵێین ئەو پیاوە پێشەنگی قوتابخانەی تەجریدی تەعبیریە دوای کاندنسکی ناوی ئەو دێت. هەموو ئیشەکانی فۆلکلۆری ئەرمەنییە لە تەجرید ئەو ئیشەی کردووە، هەندێ ئیشی هەیە فۆڕمێکی تێکشکاندووە و کاری تێداکردووە، من ئەو کارەم کردووە و دەشیکەم، بەڵام من حەزدەکەم ئیشی ڕوون بدەمەم بەدەستەوە، من بۆ خۆم حەزم بەشتی تەمومژاوی نییە، بۆ خۆشم هەندێ جار هەندێ ئیشی خۆم ڕامناکێشێت و خۆشم ناوێت، جاری واش هەیە کە ئیشێکم تەواو نەکردووە و ڕۆژێکی تر دەچمەوە سەری و دەمەوێت تەواوی کەم گریانم دێت نازانم بۆچییە ئەو گریانە و هەندێ جار سەرسامم هەیە بۆی و هەندێ جاریش هەرخۆم دەچم پارچە پارچەی دەکەم، من زۆرێک لەو ئیشانەی کە لە پەیمانگە کردوومن تێکم داوەتەوە مەگەر دوای ساڵانی نەوەدەکان ئیشم مابێتەوە ئەگینا زۆریانم تێکداوەتەوە، هەندێ جاریش جۆرێک لە بەغیلیم تێدایە هەندێ تابلۆی جوان دەبینم هی هونەرمەندی ترە حەزدەکەم ئەو تابلۆیە هینی من بێت، جا جاری وا هەیە دەچم ئەو تابلۆیە دەکڕم جاری وا هەیە لە کوڕاسەدایە هینی هونەرمەندی جیهانییە دووبارە وێنەی دەکەمەوە.

* دەتوانی ناوی سێ تابلۆمان پێ بڵێیت کە هی سێ هونەرمەندی کورد بێت و حەزت کردبێت هی تۆبن و چووبیت بیکڕیت؟

– بەڵێ... یەکێک لەوانە (شاهۆ عەبدولڕەحمان) هەیە شێوەکارێکی لاوە ئەو کاتە قوتابی پەیمانگە بوو ئیشێکی هەبوو تێز بوو داوام لێکرد پێم بفرۆشێت، نەیفرۆشت، ئیشێک بوو حەزم دەکرد بیکەمە باگراوەند، هەستم دەکرد ئەو ئیشەی بۆمن کردووە و بیکەمە باگراوەند، ئیشێکی (بەختیار مستەفا)شم جارێکیان کڕی. بۆ ئیشی خۆم بەکارم هێناو هەستم کرد ئەو ئیشی بۆمن کردووە، هەندێ لە ئیشەکانی (جەزا بەکر)یشم زۆر حەزلێیە، هەست دەکەم بۆمنی کردووەو فیگەر بخەمەسەری.

* چ جیاوازیەک هەیە لەنێوان ئەو بەختیار مستەفایەی کردیتیە دەرەوە و ئەو بەختیار مستەفایەی تابلۆی لێدەکڕیت و لە ئۆفیسەکەی خۆت هەڵیدەواسیت؟

– ئەوکەسانەی لەژیانمدا ئازاریان داوم دەیانکەمە ئەزموون بۆ ژیانی خۆم، مامۆستا بەختیار ئەوکاتەی کە منی کردە دەرەوە ڕقم لێی نەبوو ئەوەندەی ڕقم لەو قوتابیانەبوو کە گاڵتەیان پێدەکردم، دوای ئەوەش تا ئێستاش من مامۆستا بەختیارم زۆر خۆش دەوێت و زۆر ڕێزی لێدەگرم.

* زۆرێک لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی تابلۆیان لەتۆ کڕیوە، ئەمەش غیرەیەکی زۆری لای هونەرمەندانی هاوڕێت دروست کردووە، هەیانە دەڵێت ڕۆستەم بەپێی زەوقی ئەوان وێنەدەکێشێت تاچەند لەگەڵ ئەم قسەیەدایت؟

– پێم خۆشە ئەم پرسیارە، هیوادارم پێم نەبڕیت تا وەڵامەکەت بە تەواوەتی دەدەمەوە، ئەگەر من توانیبێتم زەوقی ئەوان ڕاکێشم ئەوە شتێکی باشم کردووە، بەڵام بە شکڵێکی گشتی سیاسیەکانی ئێمە زەوقێکی جوانی هونەرییان نییە، زۆر جاریش کڕینی تابلۆ لای ئەوان تەنیا وەک ئەوەیە کە چۆن حەزیان بە تاقمێک قەنەفە هەیە، یا کەرستەیەکی تری ناوماڵ، بە هەمان شێوەش تابلۆ بەبێ حس و بەبێ چێژ دەکڕن، ئەگەر ئەوان بایەخ بە هونەر دەدەن بۆ ئێستا لەم قۆناغەدا هیچ گرنگیەکیان بۆ هونەر نییە، ڕەنگە لە زۆرێک هونەرمەندانی تر شانسم بەهێزتر بێت بۆ فرۆشتنی تابلۆ من نامەوێت بیشارمەوە، ڕەنگە من تائێستا بایی زیاتر لە (دوو ملیۆن دیناری سویسری) تابلۆم فرۆشتبێت، هەموویم بەنووسین نووسیوە، ئەو تابلۆیانەش خەڵک و بەرپرسان و کەسانی بیانی لێیان کڕیوم، بۆیە هەندێ هونەرمەند لەمەوە واهەست دەکەن ئیدی من بەپێی زەوقی بینەر کاردەکەم، بەڵام بیرم نایەت بەپێی قسەی کەسێک دەسکاری تابلۆیەکی خۆمم کردبێت، بۆ

**کە دەکەومە ناو کارکردنەوە گوێ بە هیچ بەربەستێکی کۆمەڵایەتی نادەم، خۆم لەبیر دەچێتەوە کە چی دەکەم و خەریکی چیم، لەگەڵ ڕۆحی ئەو کارەدا تێکەڵ دەبم**



نموونه قسـه‌یه‌كت بۆ ده‌گێـرمـه‌وه جـارێكیـان به‌رپرسێك تابلۆیه‌كی لێكرپم سـه‌رنجی هه‌بوو سـه‌باره‌ت به ڕه‌نگی كورتانی گوێدرێژی نێـو تابلۆكه، پێی وتم ڕه‌نگی به پێی فـلان خـانوو له كـۆیه بۆم بگونجـێنه، هه‌رچیم كـرد نه‌متوانی، چونكه ده‌سكاریكردنی تابلۆ دوای ته‌واوبوون لای من زۆركـارێكی قـورسـه، ڕه‌نگه كـه‌سێك هاتبێت وتبێتی پۆرترێتێكم بكه، یان كه‌سێك هاتبێت وتبێتی وێنه‌یه‌كی ژنه‌كـه‌م بكه، بۆ نموونه ڕۆژنامـه‌نووسی بیـانی هه‌یه هاتووه بۆ لای من وتوویه‌تی ئیـعـجـابم هه‌یه بۆ ژنه‌كه‌م خۆم له كوردستانم و ئه‌و له ئه‌وروپایه، به‌لامه‌وه ئاسـای بووه، به‌لام ناوی خـۆشم له‌سـه‌ر نه‌نووسـیـوه، نه وێنه‌م گـرتووه، نه پاراسـتـوومه، به‌لام ئه‌و ئیـشـانه‌ی كه پیـشـانیـان ده‌ده‌م و ده‌یانكه‌م به كـارت و له‌سه‌ر كـتێب و به‌هۆكـاری جـۆراوجـۆر بینه‌ر ده‌یانبـینێت شـانازیان پێـوه‌ده‌كه‌م ئه‌وانه كـاری منن و خه‌ونی كه‌س نین خه‌ونی من نه‌بێت، مـه‌به‌سـتم ئه‌وكـه‌سـانه‌ی كـه ئه‌و براده‌رانه‌ی مه‌به‌ستیانه و پێیان وایه من به‌پێی زه‌وقی خه‌لك وێنه ده‌كێشم، جا ده‌ڵێـمه‌وه ئه‌گه‌ر من تـوانیبێتم زه‌وقی ئه‌و كه‌سانه ڕاكێشم ئه‌وه كـارێكی گـه‌وره‌م كردووه، چونكه گه‌وره‌ترین گرفت ئه‌مڕۆ له دنیای شێوه‌كاریدا ئه‌وه‌یه كه ده‌ڵێـن بینه‌رمـان نیـیـه پێـشـانگه‌كـانمان چۆڵه، هه‌رچی ئیـشـێكه كـه هونه‌رمـه‌ندان ده‌یكه‌ن چ كـوردی بێت، چ ته‌جرید بێت یان هه‌ر شێوازێكی تر بینه‌ر نییه و نییه.

نه كـه‌س لێت ده‌پرسـێت نه كـه‌س قـسـه‌یه‌كی جـددی هه‌یه، جاروبار ڕاگه‌یاندن بۆ پڕكردنه‌وه‌ی بۆشایی خۆیان، دیدارێكت له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ن و به بێده‌نگی ده‌ڕوات و كه‌سیش باسی ناكـات، سـه‌باره‌ت به‌كـاركـردنی من ڕاسـتـه ساده‌ییه‌كی تێدایه، به‌لام پڕه له كاری ئه‌كادیمی و پڕه له ڕه‌نگ و ورده‌كـاری، تۆ بۆ خـۆت، سـه‌رنج بده ئه‌و كـه‌سـانه‌ی وه‌ك من كـارده‌كـه‌ن، زۆربه‌ی كـاره‌كـانیـان سه‌قه‌ته، بێزت نایه‌ت سه‌یری ئیشه‌كانیان بكه‌یت، بۆ، چونكه ئـه‌م جۆره كـاركردنانه پێـویسـتی به ورده‌كـاریه‌كی زۆر هه‌یه، پێویستی به‌كاری ئه‌كادیمی هه‌یه، پێویستی به باگـراوه‌ندێكی باشی هونه‌ری و ڕۆشنبـیـری هه‌یه، پێویستی به گونجاندنی به‌هێز هه‌یه، چۆن ده‌توانیت كه‌ر وه‌ك فـیگه‌ر له‌ناو تابلۆكاندا بگونجێنی، گونجاندنێكی هونه‌ریی، هیچ هونه‌رمـه‌ندێكی كـورد هێنده‌ی من نه‌یتـوانیـوه كـار له‌سـه‌ر كه‌ر بكات. هیچ هونه‌رمه‌ندێكی ڕۆژهه‌لاتیش نه‌یتـوانیـوه هێنده‌ی من كـار له‌سـه‌ر كـه‌ر بكات، من توانیـومـه كـه‌ر لای زۆرترین خـه‌ڵك خۆشـه‌ویست كـه‌م. من ئه‌و خـانووه‌ی ئێـسـتـا كـڕیومـه زۆربه‌یم به پاره‌ی كـه‌ر كڕیوه، من كه‌رم هێناوه‌ته ناو ئه‌و كولتـووره و ئه‌و وێنه ناشیـرینانه‌م لێ سه‌ندووه‌ته‌وه كه كـولتـووری كـوردی بـه‌م ئاژه‌ڵه‌یه‌ی داوه، به‌درێژایی مێژووش مرۆڤ هه‌میشـه دژی ئاژه‌ڵ بووه، من ده‌مه‌وێت ئه‌و دژایه‌تیـیـه نه‌یه‌ڵم، ئه‌مـه‌ش به‌شـێكه له په‌یامی هونه‌ری من.

* ئه‌ی سه‌باره‌ت به‌و غیره‌یه چی ده‌ڵێیت به قۆناغێك گه‌یشتووه تۆ ناچیته پێشانگه‌ی هه‌ندێ هونه‌رمه‌ندان و به هه‌مان شێوه‌ش ئه‌وانیش نایه‌نه پێشانگه‌ی تۆ؟

– دیاره ئه‌و ململانێیه به‌یه‌ك ڕۆژ و دوو ڕۆژ دروست نه‌بووه، به‌ڵكو ڕه‌هه‌ندێكی مێـژوویی هه‌یه، دیاره ئه‌گه‌ر من ناوێك نه‌بوومـایه و من ئیـشـم نه‌بوایه و جـدی نه‌بوومایه و هه‌ردانیشتمایه ئه‌واكه‌س باسی نه‌ده‌كردم و كه‌سیش به‌ردی تێنه‌ده‌گرتم، به‌لام ده‌مه‌وێت ئه‌وه‌ش ڕوون بكه‌مـه‌وه من خـۆم بیـرم نایه‌ت تائێـسـتـا چووبێـتـمـه پێـشـانگه‌ی هیچ هونه‌رمه‌ندێك له پشـتـه‌وه قـسـه‌م پێ وتبێت، یان قسه‌م به‌تابلۆكانی وتبێت، به‌لام من له‌لایه‌ن هه‌ندێ هونه‌رمـه‌نده‌وه قـسـه به‌خـۆم و تـابلۆكـانم وتراوه، بیـریشم نایه‌ت تائێـسـتـا كـه‌سـێك پرسـیـاری لێكردبم سه‌باره‌ت به‌تابلۆی هونه‌رمه‌ندێك خوانه‌خواسته قسه‌ی ناشیـرنم كـردبێت، زۆرجـار وتوومـه ئێـمـه خـۆمـان له‌بیـرچووه‌ته‌وه، هونه‌رمـه‌ندی ئه‌م وڵاته به زۆر قـۆناغی ترسناكدا ڕۆیشـتـووه، قـۆناغی برسـیه‌تی و گـرانی نازانم چۆن ئه‌وكـاته‌مـان له‌بیـره‌چێتـه‌وه، من بۆ خـۆم له‌وكـاته‌دا زۆر ئیـشـم كـرد زۆر پێـشـانگه‌م كـردووه، زۆر تابلۆم

فرۆشت، هەر ئەوەش بوو لەو قۆناغەدا زۆر هونەرمەند وەک تۆ ئاماژەت پێدا لەمن بکەونە تەقەو غیرەکردن.

ئەو قۆناغە بۆمن سەردەمی زێڕین بوو، کە زۆر پێشانگەم کردەوە هەر شەش مانگ جارێک، پێشانگەیەک، دواتر لە زۆرێک لە شارەکاندا پێشانگەم کردەوە، ڕۆژنامە زۆر دیداری لەگەڵ دەکردم، شتی زۆرم لەسەر دەنووسرا، ئەمە جگە لەوەی تابلۆی زۆریشم دەفرۆشت، هونەرمەندی واش هەبوو تەنانەت پارەی چوارچێوەیەکی نەبوو بیکڕێت، چونکە زۆر گرانی بوو. ئەی پێم ناڵێیت چۆن بەغیلم پێناکات؟

هەندێ هاوڕێی هونەرمەندم لەو قۆناغەدا هەست دەکەم زۆر ساردبوون لەگەڵمدا زۆر بەکزی وەڵامی سەلامەکانیان دەدامەوە، ئیدی ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەو غیرەیە تاکو ئێستا بەردەوامە و من هەر گوێشی نادەمێ و لەسەر کارکردنی خۆم بەردەوام.

* بەڵام هەست ناکەیت ئەمە واقیعی نێوەندی هونەریی و رۆشنبیری ئێمەیە؟

– بریا چۆن واقیعێک هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە هونەریشدا هەبوایە، گەر لە کۆلانێکدا یان لە تایفەیەکدا دەوڵەمەندێک هەبێت هەموو کەسێک ڕێزی دەگرێت، بەڵام لە هونەردا گەر کەسێک دەوڵەمەند بێت هونەرمەندانی تر ملی دەشکێنن، ئەمە ترسناکە.

من لەدەیان هونەرمەندی کوردستان زیاتر دژایەتی کراوم، بەڵام نەڕووخاوم و گوێشم بەو دژایەتیە نەداوە، چونکە چاک دەزانم ئەمە واقیعی ئەم نێوەندەیە و پڕ پڕە لە دژایەتی و بەغیلی، من بۆ خۆشم ئەوکەسانەی کە ئاوا دژایەتیان کردووم هەر لەدڵیشم نەگرتووە و لای کەسیش ناویان ناهێنم تەنانەت لای خێزانەکەشم، چونکە ئەمەندە باوەڕم بەخۆم هەیە ڕۆژێک ئەوکەسانە لەگەڵ خۆم بژێنمەوە، ئەگەر واش نەبێت لای من گرنگ نییە، ئەوە بەلای منەوە گرنگە کە جاری وایە بابەتێکم هەیە و چۆن بتوانم لە تابلۆیەکدا دایبڕێژم، ئیدی خەڵک بەچییەوە سەرقاڵە گرفتی خۆیەتی، چونکە من ئێستا هیچ گرفتێکم نییە، نە گرفتی چوونە دەرەوەم هەیە، نە گرفتی ماڵ و موڵکم هەیە، نە گرێی دەرونیم هەیە، هیچ لەمانەم نییە و هەستیش ناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکم هێندە ئازار دابێت کە ئێستا هەست بەنیگەرانی بکەم.

* با ئەو تەوەرەیە جێ بهێڵین و باس لەوە بکەین تۆ ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئەم فۆڕمە کارکردنە دەڕۆیت هەست ناکەیت پێویستت بەگۆڕان هەیە؟

– بۆنا، بەڵام ئەوە بزانە کە هەموو شتێک هەموو کارکردنێکی من بەپێی قۆناغ بەندی گەیشتووەتە ئەم قۆناغە و هەر لەخۆڕا پێی نەگەیشتووم، ئەم قۆناغەی ئێستاش بەجێدێڵم، بەڵام کات و قۆناغی دەوێت، گەر سەیری ئیشەکانم بکەیت تابلۆی وا هەیە بەشێکی تەجریدە، بەشێکی واقیعیە، بەشێکی سریالی تێدا هەیە، من هەست دەکەم کەم کەس بەم فۆڕمەی من ئیش دەکات، پێم وایە ئەم فۆڕمە کارکردنەی من ئەم قۆناغەی ڕەوتی شێوەکاری زۆری پێویستە. دواجاریش ئەوە بڵێم ئێمە زۆر لەوکارکردنە هەمە جۆریەمان پێویستە، ئەگەر کوڕاسەیەک بۆ هونەری شێوەکاری کوردی دروست کەین، گەر ئەم کارانەی من بەشدار نەبن هەست ناکەیت ئەو کوڕاسەیە ئەم جۆرە کارانەی پێویستە. پێشتریش پێش من زۆر هونەرمەندی تر بەم جۆرە کاریان کردووە، بەڵام بەو ستایل و ڕەنگە چڕە کاریان نەکردووە.

* ئەو هونەرمەندانە کێن بەو ستایلە کاریان کردووە؟

– یەکەم کەس دەتوانین بڵێین هونەرمەند (محەمەد عارف) کە یەکەم هونەرمەندە لەو بوارەدا کاری کردووە، دوای ئەو هادی زیائەدینی، کە من ساڵی ١٩٩٦ کاریم بینی ئەویش بەو فۆڕمە کاردەکات، لە قۆناغی پەیمانگەش من حەزم بەو مۆدێلە نەبوو لە جلوبەرگ، بۆیە فیگەرەکانم جلێکی کوردیم لەبەردەکردن، ئەمەش ڕەهەندێکی نەتەوەیی نییە، هێندەی ئەوەی تەنیا حەزە لەمەشەوە من بانگەشە بۆ ئەوە ناکەم بڵێم ئەمە هونەری کوردییە و ئەمە تایبەتمەندیەکانیەتی، تائێستا تۆ یان هەر کەسێکی تر منی بینیوە ئەو بانگەشەیە بکەم؟ ئەو قۆناغە ڕۆیشت تۆ ئەو بانگەشەیە بکەیت، بەڵام لە هەناوی کارەکانیشدا سیما و تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئەم سیما و تایبەتمەندیانە بەدەرن لە هونەرێکی ڕووتی کوردی، ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانگەراییە و سنوورەکان دەکرێنەوە نەک دابخرێن.

* تۆ زۆر شتت لەسەر نوسراوە، چ نووسین لەسەر تابلۆکانت چ نووسین لەسەر ژیان و کاری هونەریت، هەندێ لەو نووسینانەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسە بیانییە ناودارەکانەوە بووە، لەوانە (کریس کۆچێرا) نووسینێکی بەناوبانگی لەسەر نووسیت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە تاچەند ئەو نووسینانە ئارامی بەڕۆحت دەبەخشێت؟

– بە ڕاستی پێت بڵێم من هیچ ئومێدێکم بە هونەر نەماوە، هیچ ئومێدێکیشم بە نووسین نەماوە، خۆشم نەوەدەکان شتم دەنووسی، ئێستاش جارجار قەڵەم بەدەستەوە دەگرم و دەمەوێت شت بنووسم، ئومێدم بەوە نەما کە هونەر بتوانێت گۆڕان لە ژیاندا بکات.

سەبارەت بە هەموو ئەو نووسینانەش کە لەسەرم نووسراون، چ بە چاک چ بە خراپ بەلای منەوە وەک

یەکەو هەمووییان لە ئەرشیفی تایبەتیمدا هەڵمگرتووە، هیچ جیاوازیەکیان نییە ئەمەیان زەمم دەکات و ئەویان ستایشم دەکات، ئەو زەمکردنانەی من یان ئەوشتە خراپانە ڕاستیەکی تێدایە ئەویش ئەوەیە ڕەنگە بەلای ئەوانەوە خراپ بێت، بەڵام لای من هیچ خراپ نییە، ڕەنگە پەیوەست بێت بە بۆچوونەکانمانەوە، من لەوان ناچم، هەندێ گرفت هەیە جارانیش من ئەو بۆچوونەم هەبوو، کە دەمنووسی حەزم دەکرد هەموو کەس وەک من ئیش بکات و وەک من بۆ هونەر بڕوانێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵەیە، چونکە هیچ مرۆڤێک لە یەکێکی تر ناچێت، ئەگەر دوو کەس لە یەکتر بچن یەکێکیان زیادەیە، ئێستا دەزانم ئەو بۆچوونانەم هەڵەبووە کە نابێت لە هونەردا بەو شێوەیە بیربکرێتەوە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە هەموو ئەو نووسینانەی کە لەسەرم نووسراون بە چاک بێت یان بە خراپ، هەمووی چوونەتە بواری ئەرشیفەوە.

✱ جگە لە بواری وێنەکێشان ماوەیەکیشە سەرقاڵی کاری فۆتۆگرافیت و خەڵاتت لە ئەوروپا لەو بوارەدا بەدەست هێناوە، ئیشکردن لە فۆتۆگرافدا چ ڕەهەندێکی هەیە؟

– ڕەهەندێکی مادی (بەپێکەنینەوە) بەڵام مادییەکی پرۆفیشناڵانە، من کارێک دەکەم بەبێ زێدەڕۆیی کەم کەس توانیویەتی لەو بوارەدا بیکات، لە هەموو دنیادا کاری فۆتۆگرافی پرۆفیشناڵ دەکرێت بۆ دامودەزگای گەشتوگوزاری، بۆ دامودەزگای تەکنەلۆژی، بۆیە من وەک فۆتۆگرافێک هەندێ کار بۆ ئەو دەزگایانە دەکەم زۆرجار خۆم بابەت هەڵدەبژێرم و فۆتۆیان بۆ دەکەم، بۆیە ئەگەر ئەو کارانەی کە من کردوومە لە بواری فۆتۆگرافدا بە بەراورد بەوکارانەی تر خەڵکانی تر کردوویەتی لە هەموو بوارەکاندا چ چاپ چ ڕەنگ جیاوازیەکی گەورەی هەیە، ئەوەش دەڵێم لە بواری فۆتۆدا لە کوردستان کاری باش کراوە، بەڵام ئەوانەی من لە بواری چاپدا زۆر جیاوازە، بۆ نموونە هیچ ئاسەوارناسێک تائێستا نەهاتووە ڕووپێوی شوێنەوارەکان بکات و وێنەیان بگرێت، من ئەم کارەم کردووە هەموو شوێنەواری کوردستانم لە زاخۆوە بۆ کفری بە فۆتۆ گرتووە بۆ بەشی شوێنەوار بەشێوازێکی زۆر هونەری، دیارە ئەمەش بەرامبەر بە بڕێکی زۆرکەم لە پارە.

✱ ئەی ئەو تابلۆیانەت کە دەزگای ئاراس دەیخاتە بەرگی کتێبەکانی، لەسەر چ ئەساسێکە، ڕێکەوتنێکی مادیە یان هاوڕێیەتی یان چی؟

– ڕێکەوتنێکی مادی (بەپێکەنینەوە) دواتریش هاوڕێیەتی، ئەمە جگە لەوەی ئەو دەزگایە ماوەی ئەم چەند ساڵە شانبەشانی دەزگاکانی تر کتێبی چاپ کردووە، هەندێ کتێب هەیە تابلۆی منی لەسەرە پێم خۆش نییە، هەندێ کتێبیش هەیە لە بازاڕدا تابلۆی منی لەسەر نییە زۆر حەزم دەکرد تابلۆی منی لەسەر بێت، بەهەرحاڵ هەندێکی تر کتێبی زۆر چاکن و تابلۆی منی لەسەرە زۆرم پێخۆشە. ئیدی ئەوان خۆیان سەربەستن.

✱ بەدەر لە وێنەکێشان پێوەندیی نێوان تۆ و شیعر چۆنە، دەڵێن ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی شیعر نووسین بوویت؟

– ڕاستە من ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی شیعر خوێندنەوەو شیعر نووسین بووم، من ئەوکاتانەی کە زۆر خەریکی وێنەکێشان دەبم و دەگەمە پلەی بێزاری بەشیعر نووسینەوە سەرقاڵ دەبم، تەنانەت زۆر برادەرم هەیە شیعریان بۆ دەخوێنمەوە، زۆرێک لە شیعرەکانیشم بە تەسجیلکراوی هەیە، من دوای ڕاپەرینیش لە کۆیە زیاتر وەک شاعیر ناسرام نەک وەک شێوەکار، جگە لەوەش چەند کۆڕێکی شیعریشم گرت لەوانە یەک دوو کۆڕی شیعریم لەگەڵ «قوبادی جەلیزادە» گرتووە، بەدەر لەمانەش ئەندامی یانەی ئەدیبانی کۆیە بووم، من بۆخۆم زۆر سوودم لە وێنەی شێوەکاری دەبینی بۆ تەوزیفکردنەوەی بۆ ناو وێنەی شیعری، زۆرجاریش تا دواپلەی ئازادی شیعرم دەوت، ڕەنگە ئەو شتانە بەلای خەڵکییەوە زۆر عەیب بن، یان شتێکی حەرام کراو بن، من لە شیعردا باسم دەکردو شیعرم بۆ دەوت، لەوانە شیعرم بەسەر میزکردن و شتی قۆڕقۆڕدا دەوت، زۆرجاریش پێیان دەوتم شیعرەکانت لە شیعرە سریالییەکان دەچێت، لەو شیعرانە بۆ نموونە کۆپلەیەکم لە بیرماوە کە دەڵێم:

**شەو پەڕێکی ڕەش ڕەشە**
**خاڵێکی بۆری لەسەرە**
**ئەوە..... منم**

من لەم ستایلە لە شیعر نووسین کاریگەرییەکی زۆری شیعری فەڕەنسیم بەسەرەوە بوو، من زۆر سوودم لە ڕەمز دەبینی بۆ نووسینی شیعر، من زۆر سوودم لە پانتایی تابلۆ دەبینی بۆ تەوزیفکردنەوەی بۆ ناو شیعر، پێوەندیی نێوان تابلۆ و شیعریش پێوەندییەکی جەدەلیی بەهێزە، بۆ نموونە ئەم کۆپلە شیعرەی کە بۆم خوێندیتەوە، تابلۆیەکی «خوان میرۆ»یە، تابلۆکەی یەک مەساحەی بەرفراوانی ڕەشەو خاڵێکی بچووکی ڕەشی لەسەرە، بزانە من چۆن ئەو تەوزیفەم سوود لێبینیوە، ئەو خاڵە بۆرەم بە نەگبەتی و کارەساتی مرۆڤ دەبینی لە تابلۆوە دەمگوازتەوە بۆ ناو

شیعر.

* ئەی پێوەندیت لەگەڵ شیعری دڵداری چۆنە؟ ماوەیەکی زۆر عاشق بوویت؟

– بەڵێ من ماوەیەکی زۆر ئەو شیعرانەم دەنووسی، بەتایبەتی ئەوسەردەمەی کە «گوڵە»م خۆشدەویست و بە سەردەمی پێش «هاوسەرگیری» دادەنێم، چ شیعر چ پەخشانی جوانم دەنووسی، یەکێک لەو شتانەی کە وای لە من کرد زۆر ئەوم خۆشبوێت، ئەونامە و شیعرانە بوو کە لەنێوانماندا بوو، پێش «گوڵە»ش لە کۆیە کچێکم خۆشدەویست نامەم بۆ دەنووسی چ شیعر، یان پەخشان، بەڵام ئەو هیچی منی نەدەخوێندەوە، ئەمە بۆمن کارەساتێکی گەورەبوو، زۆر ئازاری دەدام، چونکە هەموو ئەوشتانە خۆشەویستی من بوون بۆ ئەو، بەڵام ئەو هەستی پێنەدەکرد، من زۆرجار لە خۆشەویستیدا کەسایەتی بەهێزی خۆم دەدۆزییەوە، بۆبەدوای هاوسەرێتی من و ئەو هەست دەکەم کۆتایی «وشە» بوو بۆ من بەڵام کۆتایی «ڕەنگ» نەبووە، چونکە دوای ئەوەی ئەو بوو بە هاوسەری من، من یەک دێڕ چییە شیعرم نەنووسیوە، یەک دێڕ پەخشانم نەنووسیوە..

* ئەی بەدەر لەشیعر نووسین هیچ بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی شیعری کوردیت هەیە؟ بە چ شاعیرێکی کورد سەرسامیت؟

– من ناڵێم بەدواداچوونێکی وردی شیعری کوردی دەکەم، بەڵام کەم تا زۆر بێئاگا نیم لە ئەزموونەکانی شیعری کوردی و جاروبار شیعری جیددی دەخوێنمەوە، زۆر هەوێنی باش لە شیعر وەردەگرم بەتایبەتی لەو شیعرانەی هەناسەیەکی کوردییان پێوەدیارە و شاعیرەکان کوردن، بەدەر لەوشیعرە فەرەنسییانەی کە بۆم باس کردی، بۆ نموونە یەکێک لەو شاعیرە کوردییانە من زۆر سوودم لێبینیوەو ئەجوایەکی سەیری لەلا دروست کردووم شیعری (جەلال بەرزنجی)یە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە باس لە باران و بەفرو تۆفان و هەندێ ئەجوای سروشت دەکات، هەندێ وێنەی جوانی هەیە لە سروشتدا بەتایبەتی ئەو سەردەمانەی کە مامۆستا بووە لە سماقوڵی، ئەوکاتانەی کە لە ماڵەوەبووم فیرار بووم زۆر جار بەدیار شیعری ئەوەوە دەبووم، هەموو هاوینێکیش لام ببووە عادەت کە دەبایە شیعری (شێرکۆ بێکەس) بخوێنمەوە، زۆرێک لەبەرهەمەکانی شێرکۆم خوێندوەتەوە بۆیە من زۆر سەرسامم بەم دوو شاعیرە، چەند شاعیرێکی تریش هەن لەوانە (قوبادی جەلی زادە) کە ناکرێت ناوی ئەم شاعیرە نەبەین، چونکە زۆر ئاگاداری ئەزموونی ئەوم و زۆر سەرسامم بە شیعرەکانی. بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای ژیانم هەست دەکەم قوباد زۆر لە هەموو شاعیرەکانی تر لە ڕۆحم نزیکە.

* بۆ قوباد؟ ماوەیەک لەمەوبەر قوبادی جەلی زادە لەگەڵەری زاموا بەهاوکاری تۆ و ڕێبین کۆڕێکی گرت قوباد لە پێشەکییەکەیدا وتی ئێمە هەرسێکمان کۆیین و بەوەش ناسراوین کۆیی و خۆیی، تۆبۆ ئەمە دەڵێیت چی؟

– من ئەو قسەم پێخۆشە (بە پێکەنینەوە) حەزدەکەم هەموو کەس بۆ خاک و نیشتمانی خۆی وا بێت کوردێکیش بڵێت کوردو خۆیی تاد... زۆرجار ئەم قسەیەم لە کاک قوباد بیستووە کە دەڵێت: «کۆیە یانی من و تۆ» ئەم قسەیە تۆزێک زیادەڕۆیی تێدایە، من پێم وایە کەسی تر زۆرە، بەڵام ئەمە قسەیەکە بۆ ئەوشتەی کە تۆ دەیڵێیت کۆیی و خۆیی، بەڵام ئەوەش بڵێم هونەریی شێوەکاری لە کۆیە زۆر لاوازە، چەندین کەس هەن بەڵام هیچیان درەوشاوە نین، هیچیان پێگەیەکی بەهێزیان لە هونەری شێوەکاریدا نییە، دەتوانم بڵێم سەردەمی زێڕینی کۆیە بەسەرچوو ڕاستە ڕۆژگارێک ئەم شارە لانکەی ئەدیبان و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران بووە، بەڵام ئێستا هەموو ئەو کەسانە لە دەرەوەی ئەو شارە دەژین، یان هەولێر یان سلێمانی یان لە ئەوروپان، ئەو شارە لە سالانی کۆندا کارگەیەکی بەهێز بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین نەوەی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز بەڵام ئەمڕۆ نا، ئەونەوەیەی من کە نەوەی شەستەکانین واتە ئەو نەوەیەی لە شەستەکاندا لە دایک بووین، من هیچ لێی ڕازی نیم، خۆ باسی نەوەی دوای خۆم و نەوەی ڕاپەرین هەر ناکەم، ئەگەر لەوسەردەمەی کە من لە دایک بووم بێیت ڕۆشنبیر و ئەدیبی کۆیە بژمێریت گەلێک زۆر بووە، ئەی ئێستا ئەم نەوە تازەیەی کە ئێستا پێیدەگات؟

* پێت وانییە بوونی حاجی قادری کۆیی و تایەر تۆفیق و مەسعوود محەمەد، وەک سێ کەسی جیاواز بەسە بۆ ناسنامەی ئەوشارە؟

* ئەمەی تۆ باسی دەکەیت وایە بەڵام من باسی ئەمڕۆ دەکەم ئێستا دوای خاڵە تایەر و مەسعوود محەمەد کێ هەیە، گرفتەکە لێرەدایە، ئەوسەردەمەی کە من لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەمخوێند ئەمە شتێکی باش بوو بۆ بەرەودان بە ڕەوتی هونەریی لەوشارە کە کەسێک یان چەند کەسێک لە هونەردا بخوێنن.

* ئایا پێت وایە لەم قۆناغەدا پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت کە کادیری چالاک لەبواری هونەردا پێبگەیەنێت؟

– ئێستا بەداخەوە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەک هەر پەیمانگەیەکی تر تەنها مامۆستا بەرهەم دەهێنێت، تۆ

سەیرکە لەو هەموو پەیمانگە هونەرییانەی لە شارەکانی کوردستاندا هەیە بزانە کامیان توانی چەند کادیرێکی هونەریی باش بەرهەم بهێنێت؟ زۆر کەم. ئەوانە بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێن، کەواتە ئەوسا دەیتوانی ئەو ڕۆڵە ببینێت بەڵام ئێستا بەداخەوە ناتوانێت.

با نموونەیەکت بۆ باس بکەم، من لە کۆتایی مانگی یازدەدا پیشانگەیەکم هەبوو لە هەولێر تەنها یەک قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هاتبوو بۆ بینینی ئەو پیشانگەیە ئەویش پێش کردنەوەی وتی من سەرنجم هەیە لەسەر پیشانگاکەت، دوای ئەوەی گوێم لێگرت وتم قوتابی چەندیت وتی پۆلی یەکم. وتم با خوێندن تەواو بکەیت خۆت وەڵامی خۆت دەدەیتەوە، باشە قوتابی هونەرەجوانەکان نەیەن بۆ بینینی پێشانگە ئەی کێ بێت؟ ئەمە بارودۆخی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە لە هەموو شارەکاندا...

بەڵام وەک مێژووش باسی بکەین ئەو قۆناغەی ئێمە لە هەشتاکاندا چەندین قوتابیی چالاک هەبوون و لەنێوەندەکەشدا ئاماژەیان پێدەکرا بەڵام ئێستا ململانێکان کەم بوونەتەوە، کەم کەس عاشقی هونەرە، کەم کەس ئامادەیی بەخشین و ماندووبوونی هەیە بۆ هونەر، بۆیە نەک قوتابییەک و چەند قوتابییەک سەدان قوتابیش لەو پەیمانگەیە دەربچن ناتوانن گۆڕمێکی بەهێز بدەنە ڕەوتی هونەر لە کوردستاندا، چونکە تازە بارودۆخەکە بە قۆناغێکی خامۆشیدا دەڕوات..

*** بۆچی ئەم هەموو ڕەشبینییە. بۆ بە هونەری کوردی ڕەشبینی؟**

– دیارە هەر لە خۆڕا نییە، ئێمە تەسەورمان دەکرد لە کوردستان هونەر شەڕ ڕادەگرێت شەڕی ڕانەگرت، تەسەورمان دەکرد هونەر لایەنی ئاشتیخوازی بەهێز کات، بەهێزی نەکرد. تەسەورمان دەکرد هونەر لایەنی نەتەوایەتیمان بەهێزکات، بەهێزی نەکرد. تەسەورمان دەکرد هونەر بە جیهانمان بناسێنێت بەداخەوە نەیناساندین، تەسەورمان دەکرد هونەری کوردی بەرەو جیهانی بڕوات بەڵام بەرەو جیهانی نەڕۆیشت. بەخۆت دەڵێم ناحەقمە ڕەشبین بم.

*** زۆرجار تۆ دوای دیدارە ڕۆژنامەنووسیەکان پەشیمان دەبیتەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو دیدارە، ئەی لەم دیدارە پەشیمان نیت؟**

– نا پەشیمان نیم، ئەوە جارێکیان کریس کۆچێرا دیدارێکی دوورودرێژی لەگەڵدا ساز کردم، یەکسەر دوای دیدارەکە پەشیمان بوومەوە، نەمهێڵا دایبەزێنێت، چونکە زۆر هێرشم کردبوو، کە ڕەنگە بەزەرەر بشکایەتەوە بۆ زۆر لایەنی ژیانم، بەڵام ئەم دیدارەی ئێوە بۆ ڕامان بە پێچەوانەوە هێرشم بۆ سەر زاتی خۆم کردووە، ڕەخنەم لە خۆم گرتووە، ڕەخنەم لە مێژووی خۆم گرتووە، ماوەیەکی زۆریشە لە دیدار و چاوپێکەوتن دوورم، زۆرجاریش ئەوە بۆ برادەران باس دەکەم، دەڵێم بریا نەناسراوایە بریا بەسادەیی خۆم، وەک مرۆڤێکی سادە و ساکار وەک هەموو مرۆڤەکانی تر بژیامایە، نەک ئەوەی ئێستا زۆرجار بە هۆی ئەو ناسراویەتەوە ئاماژەت بۆ دەکرێت و زۆر لە ئازادی خۆت لەدەست دەدەیت.

**دیانە: کامەران حەمەکەریم سوبحان**
**(سلێمانی)**

## پوختەیەک لە ژیانی ڕۆستەم ئاغالە

– لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری کۆیە لە خێزانێکی کورد پەروەر لە دایک بووە.

– ساڵی ١٩٨٩ بەشی وێنەکێشانی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەواو کردووە.

– ساڵی ١٩٨٩ تا ساڵی ٢٠٠٠ (١٢) پێشانگەی تایبەتی لە شارەکانی کۆیە و سلێمانی و هەولێر کردووەتەوە.

– لە ساڵی ١٩٩٣- ١٩٩٤ لەوڵاتانی کوێت و نەمسا و ئیتاليا نمایشی سلایدی بۆکراوە.

– ساڵی ١٩٩٥ پێشانگەیەکی تایبەتی لە فەڕەنسا بۆ کراوەتەوە.

– ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی دووەمی پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کوردی لە پێشانگەی پۆستەری خاچی سووری نێودەوڵەتی پێبەخشراوە.

– ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری پێشانگەی (جالا)ی لە ژاپۆن کردووە.

زۆرێک لە تابلۆکانی لە وڵاتانی ئەمەریکا و ئوسترالیا و لەندەن و سوید و فەڕەنسا بڵاوکراوەتەوە.

ئێستا بەڕێوەبەری گەلەری هونەری زاموایە لە شاری سلێمانی.

# سەمەندی سیابەند قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت

مارف خەزنەدار

**پێشەکی**

پێش ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا ئێمە لە کوردستانی عیراق بەهۆی ئەو دیوارە ئاسنینەی لەنێوان ڕووسیا و عیراق دروست کرابوو ئاگاداری هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی ئەو وڵاتە نەبووین، بەتایبەتی ژیانی کوردی قەفقاسی ڕووسیا. لەنێوەندی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردانی لای ئێمە تەنیا سێ کەسی ئەوێ ناوبانگیان هەبوو. یەکەمیان نووسەر عەرەبی شەمۆ (عەرەب شامیلۆ ڤیچ شەمۆییێڤ) خاوەنی ڕۆمانی «شڤانێ کورد»؛ دووەمیان زانای زمانەوانی قەناتی کوردۆ (کەنات کەلاشۆڤیچ کوردۆییێڤ) خاوەنی کتێبی «دەستووری زمانی کوردی»؛ سێیەمیان سەمەندی سیابەند (سەمەند عەلی یێڤیچ سیابەندۆڤ) قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت (ڕووسیای ئێستا).

لە گەشتی یەکەم جارم بۆ ئەرمەنستان (١٩٦١) لە سەردەمی خوێندنی باڵام لە شاری سانت پیترسبورگەوە (لینینگرادی ئەوساوە) بۆ یەریڤان و ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە ئاشنایەتیم لەگەڵ سەمەندی سیابەند پەیدا کرد، ئەوکاتە جێگری وەزیری کشتوکاڵی ئەرمەنستان بوو. من زیاتر بەوە بەختیار بووم چاوم بە کوردێک کەوت ئەگەر کاری زۆر گەورەی لە جەنگی دووەمی گیتی نەکردایە نیشانەی قارەمانییان بەیاخەیەوە نەدەکرد. ئەوە بە لامەوە زۆر گرنگ نەبوو کوردێک لەو وڵاتەدا ببێ بە جێگری وەزیر. سەمەندی سیابەندیش زۆرتر بەوە بەختیار بوو چاوی بە کوردێک کەوت لە کوردستانی گەورەدا گەیشتۆتە پلەیەک بتوانێ ڕوو بکاتە ئەورووپا و ببێ بە قوتابی خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی ئەوێ



سەمەندی سیابەند

بباتەوە نیشتمان، من لەو گەشتەمدا گەلێ زانیاریم لە بارەی سەمەندەوە کۆکردەوە، هەندێ بیرەوەری ڕۆژگارانی جەنگی بۆ گێڕامەوە. لەوساوە تا ئێستا دەرفەتم چنگ نەکەوت ئەو ئاواتە بهێنمەدی. ئێستاش نەچووە و بچێ، لەم ڕۆژانەدا کە لە نووسینەوەی «مێژووی ئەدەبی کوردی» بوومەوە توانیم ئەو هیوایە بخەمە سەر لاپەڕەکانی ئەم کاغەزە.

لەم ماوەیەدا پێویستە ئاماژە بە مەسەلەیەک بکەم زۆر گرنگە بۆ زانیاری پەیدا کردن لە جەوهەری سیاسەتی پارتی کۆمۆنیست لە ڕووسیای ئەو سەردەمەدا. کە تازە چووبوومە ئەو وڵاتە لە ناو خەڵکی ئەوە باو بوو، لە ماوەی جەنگی نیشتمانییان ١٩٤١-١٩٤٥ دەسەڵات ڕێگەی بە گەنجی نەتەوە بچووکەکانی وڵات نەدەدا بەشداری لە جەنگدا بکەن، بەناوی ئەوەی ئەو میللەتانە ژمارەیان زۆر نییە و لە ئەنجامی جەنگدا بە کوژران و لەناوچوون ژمارەیان کەم دەبێتەوە. ئەم هەواڵە تا پلەیەک ڕاست بوو، بەڵام هۆی سەرەکی وابزانم لەبەر ئەوە بوو بەلای ئەوانەوە کارێکی باش نەبوو و ئەنجامی بە خراپە دەگەڕایەوە، چونکە ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵاتی ڕووس بە میلیۆن حسێب دەکرێ، کوردی ئەوێ ئەگەر بەشداری لە جەنگدا بکردایە لە شەڕەکاندا تووشی کوردی دەرەوە دەهات و دوو برای لە یەکتری دابڕاو دەگەیشتنەوە یەک، ئەمە بەلای ئەوانەوە زیانی گەورەی بۆ ئاسایشی دەوڵەتی پرۆلیتاریا هەبوو! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو لەم وتارەدا دەردەکەوێ کۆمەڵێک کوردی ئەو وڵاتە لەو جەنگەدا بەشدارییان کرد، ئەوی ڕاستی بێ ئەمانە هەموویان پێشتر پلەی سوپاییان هەبووە.

### کتێبێکی بەنرخ

نووسەری کوردی دانیشتووی یەریڤان خالیدی چەتۆ (خالید موورادۆڤیچ چەتۆیێڤ) لە یەریڤان لە ساڵی ١٩٧٠ کتێبێکی بە زمانی ڕووسی نووسیبەوە بەناوی «بەشداری کوردی یەکێتیی سۆڤیەت لە جەنگی مەزنی نیشتمانی ١٩٤١- ١٩٤٥» لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی ئەرمەنستان بڵاوکرایەوە.

کتێبەکە هەرچەندە بە گشتی وەک پڕۆپاگەندەیێکی سیاسی دەکەوێتە بەرچاو بۆ دەسەڵاتی ئەو سەردەمە کە پارتی کۆمۆنیست بەڕێوەی دەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری گرنگی تێدایە لە بابەت بەشێک لە ژیان و کردەوەی کوردی قەفقاسی ڕووسیا.

کتێبەکە باس لە بەسەرهات و کردەوەی ٧٢ کورد دەکا بەشدارییان لە جەنگی نیشتمانی ڕووسیا ١٩٤١-١٩٤٥ کردووە. ئەمانە لە کوردانی کۆمارەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازربێجان بوون. زۆربەیان بە ئایینی ئێزدی و بەشەکەی دیکەیان موسڵمانی سوننە و شیعە بوون.

ئەوانەی لە کتێبەکەدا باسیان کراوە و وێنەی فۆتۆگرافی زۆربەیان بڵاوکراوەتەوە ئەمانەن:

١- سەمەند عەلی یێڤیچ سیابەندۆڤ.
٢- حوسێن کەریمۆڤیچ عەلی یێڤ.
٣- جەلیل شەکرۆیێڤیچ ئەجۆیێڤ.
٤- سەبری مەتۆ یێڤیچ عوسمانۆڤ.
٥- دەراب جەبارۆڤیچ سوڵتانۆڤ.
٦- گورشاد شامیلێڤیچ شامیلزادە.
٧- تەیووراز مەمۆ یێڤیچ بەکرۆیێڤ.
٨- سەخات قولی یێڤیچ جەعفەرۆڤ.
٩- عەلی زەمەندۆڤیچ غولامۆڤ.
١٠- ئیسۆ شەمۆیێڤیچ نادیرۆڤ.
١١-سمۆی سڤووک جندی.

١٢-شامیر یووسفۆڤیچ تەیموورۆڤ.
١٣- خاچیک شەبابۆڤیچ مورادۆڤ (قەچاغی مرادی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس).
١٤- بەختیار خانلەرۆڤیچ فەرەجێڤ.
١٥- ئەحمەد ئیبراهیمۆڤیچ شەرۆیێڤ.
١٦- ئوسیک بەکاییێڤیچ باکۆیێڤ (ئوسیکی بەکۆ دادوەر و نووسەر).
١٧- عادیل ڕەجەبۆڤیچ عەلی یێڤ.
١٨- میکاییل جندی یێڤیچ عەلۆیان.
١٩- پەناه ناجی یێڤیچ ئەحمەدۆڤ.
٢٠- جاسم عەتارۆڤیچ دالۆیان.
٢١- سەلا باقیرۆڤیچ جەعفەرۆڤ.
٢٢- فیۆدۆر خاتۆ یێڤیچ کالوویان.
٢٣- قەنات کەلاشۆڤیچ کوردۆیێڤ (قەناتی کوردۆی زانای زمانەوانی).
٢٤- عەلی عەبدولڕەحمانوڤیچ مەمەدۆڤ. (عەلی عەبدولڕەحمانی نووسەری ڕۆمان).
٢٥- یووسف عەلی یێڤیچ مەحموودیان.
٢٦- مراز نامۆ یێڤیچ خودۆیان.
٢٧- تەیموور مەحموودۆڤیچ چەتۆیێڤ.
٢٨- نابی ڕوو تۆ یێڤیچ عەبدۆیێڤ.
٢٩- گەرمۆ سەیادۆڤیچ سەلمۆیان.
٣٠- عەلی کەریمۆڤیچ سەفەرۆڤ.
٣١- عوبێد عەمەرۆڤیچ ئەزمانۆڤ.
٣٢- فەرامەرز سلێمانۆڤیچ ئەحمەدۆڤ.
٣٣- مەمەد موورادۆڤیچ حەسەنۆڤ.
٣٤- خاچیک (خودیدە) کەلاشوڤیچ حەسەنیان.
٣٥- میرالی عەلی یێڤیچ لازگی یێڤ.
٣٦- کازم باقیرۆڤیچ مەمەدۆڤ.
٣٧- عەرەب عەل یێڤیچ مەحموودۆڤ.
٣٨- جمۆ ئەسۆ یێڤیچ سلۆیان.
٣٩- عەمەر ئوسوبۆڤیچ سولۆیێڤ.
٤٠- جاکۆ شەڤیشۆڤیچ تامیرۆڤ.
٤١- ئەفۆ جاڤۆ یێڤیچ تەمۆیێڤ.
٤٢- ئوردی خاردی یێڤیچ خودۆیان.
٤٣- ئامێ سەیادۆڤیچ شاویشیان.
٤٤- میکاییل کەسۆیێڤیچ یاراتۆڤ.
٤٥- لەتیف بەلەجاییێڤیچ عەباسۆڤ.
٤٦- عەبووش عببادۆڤیچ عەبووشۆڤ.
٤٧- عەلی مستۆیێڤیچ عەبدۆیێڤ.
٤٨- ئەحمەد ئیسماعیلۆڤیچ کالۆیان.
٤٩- سەعید عەگیدۆڤیچ کاسۆیان.
٥٠- چاچۆ تەمۆیێڤیچ کۆچۆیان.
٥١- ئەفۆ خودۆیێڤیچ ڕووسۆیان.
٥٢- ئیبراهیم مەمێدۆڤیچ فەرەجۆڤ.
٥٣- مووسا عەلی یێڤیچ عەبدوڵلاییێڤ.
٥٤- سیڤیک عەلی یێڤیچ سلۆیان.
٥٥- ئیسماعیل عبباد ۆڵلا یێڤیچ شیرینۆڤ.
٥٦- ڕەمەزان مەکارۆڤیچ کەفارۆڤ.
٥٧- ئیبراهیم ئەحمەدۆڤیچ نەورۆزۆڤ.
٥٨- ئوروج حەسەنۆڤیچ عەبدوڵلاییێڤ.
٥٩- باشلی شەمۆ یێڤیچ عەبدالیان.
٦٠- سفووک شەڤیشۆڤیچ عەبدۆیێڤ.
٦١- عەلەمشا کۆما یێڤیچ ئەسەدۆڤ.
٦٢- کەرەم کەلاشۆڤیچ ئەسەدیان.
٦٣- زەمان عەبدوڵلا یێڤیچ بەیرامۆڤ.
٦٤- نەمۆ ئەتامۆڤیچ عوسمانیان.
٦٥- جەلیل خانۆیێڤیچ سادۆیان.
٦٦- ئەلیاکس (عەلی) مۆسکۆیێڤیچ سەلیمیان.
٦٧- موراز میرزۆیێڤیچ سلێمانۆڤ.
٦٨- پریستاڤ قولی یێڤیچ تەمۆیێڤ.
٦٩- موراز مەردۆ یێڤیچ خودۆیێڤ.
٧٠- سەلیم عەباسۆڤیچ خودۆیان.
٧١-جەلیل مستۆ یێڤیچ خومۆیان.
٧٢- عەفۆ مەکارۆڤیچ چەلۆیێڤ.

**سەمەندی سیابەند**

سەردەستەی کوردی وڵاتی ڕووسیا ئەوانەی بەشدارییان لە جەنگی نیشتمانی ١٩٤١- ١٩٤٥دا کرد سەمەندی سیابەندۆڤ بوو. ئەم فرزەندە وەکو لە گێڕانەوەکانی خالیدی چەتۆ دەردەکەوێ کەسێکی ئازا و مێرخاسێکی بە ئەمەک و قارەمانێک بووە وێنەی لە مێژوودا بە دەگمەن هەڵکەوتووە. ئەمە کارێکی ئاسایی بووە بۆ هەندێ کورد سیفەتی گوردیان دراوەتێ بەمانای ئازا. کردەوەی سەمەند ئازایی ئەسکەندەری مەکیدۆنی گریکی و سەلاحەدینی ئەیووبی کورد و ڕێکاردۆسی دڵشێری ئینگلیز و فیلیپۆسی فرەنسی دێنێتەوە یاد.

گەشتێکی مێژوویی بۆ ئەو ئاقار و ئێستگانەی

سەمەند پاڵەوانیەتی تێدا نواندووە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٥ لە هێڵەکانی جەنگ لە ڕووسیا مایەی شانازییە، گیانی لاوان بە کوڵ دەغارێنێ، هەست و نەستیان ئاراستەی لەخۆبایین دەکا، بۆ ئەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی گێتی مافی ئەوەی هەبێ سەربەست بژی.

### سەمەندی سیاسی

جەنگ وای دەخواست سەمەند لە مۆسکۆ بێ بە مەبەستی ئەوەی بەشداری لە سیمیناری بیری لینین بکا کە کۆمیتەی سیاسی پارتی کۆمۆنیست (بۆلشەڤیک) ڕێکی خستبوو. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤١ ڕووی کردە مۆسکۆ بۆ زیادکردنی زانیاری. پێش ئەوە سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی ناوچەی ئەلەگەزی کوردی ئەرمەنستان بوو. لەو سیمینارەدا ئەوانەی بەشدارییان تێدا کردبوو بە گشتی سکرتێری یەکەمی ناوچەکان و ئەو کادیرانەبوون تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی کاروباری پارتییایەتی و سیاسییان هەبوو. ئەوکەسانە هەموویان لە ڕۆژانی یەکەمینی دەست پێکردنی جەنگەوە چوونە ناو ڕیزی لەشکرەوە وەک کارگەری سیاسی.

سەمەند بە ڕێبەری گەورەی بەشی سیاسی تیپی پیادەی لەشکری ژمارە ٢١٧ی سەر بە سوپای جەبهەی ڕۆژئاوا دانرا. ئەمانە شەڕی گەورە و گەرمیان لە دژی هێزی دوژمن دەکرد. لە ئاغستۆسی ساڵی ١٩٤١ەوە، لە ماوەی مانگ و نیوێکدا، بەشێک لەو تیپە لە قەراغ ڕووباری دیسنی شەڕێکی دژواری نایەوە لە دژی تانکی دوژمن لە جەبهەیەکی فراواندا، زیانێکی زۆری پێگەیاند لە کوشتنی سەرباز و لە ناوبردنی چەک و تەقەمەنی.

### جەنگی ناوچە و شاری توولا

لەوکاتەی دوژمن هێزێکی ئامادەکرد و لە شاری توولا نزیک کەوتەوە بۆ ئەوەی لە باشوورەوە هێرش بەرێتە سەر مۆسکۆ، ئەم تیپە لەگەڵ لەشکری بەرگری شاری توولا شاریان لە هێرشی دوژمن پاراست. لە ٢٩ی تشرینی یەکەمەوە هێزەکە هەمیشە خەریکی پاراستنی ناوچەکە بوو و دوژمنی خستبووە ڕەشبینی و نائومێدییەوە. لە جەنگەی شەڕدا سیامەند هەردەم لە ڕیزی پێشەوە بوو، بە ئامۆژگارییەکانی جەنگاوەرانی بە گیانی ئازایی و هەڵمەتبردن بەهێز دەکرد. لە تشرینی یەکەم لەکاتی شەڕی بەرگری و پەڕینەوە لە ڕووباری دیسنا دووجار سەرپەرشتی هێزی جەنگی کرد و هێرشی دوژمنی شکاند، ئەوەی هەمیشە دەستی لە هێزی تیپەکە دەوەشاند. لە ٤ی تشرینی یەکەم لە دەوروبەری ئاوایی بیتۆش لە سێ لاوە هێزی دوژمن دەوری بەشی پشتەوەی تیپەکەی دا. سیامەند توانی دوژمن بشکێنێ و زیانێکی زۆری پێ بگەیەنێ. بۆ ئەم سەرکەوتنە لە ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ «میدالیای ئازایی» پێ بەخشرا.

**لە جەنگەی شەڕدا سیامەند هەردەم لە ڕیزی پێشەوە بوو**

لە بەرگریکردن لە شاری توولا لە ١٩ تشرینی یەکەمەوە تا ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ جەنگاوەرانی تیپ توانییان ٨٠ تانکی دوژمن لەناو ببەن.

### دوژمن بەتەمای گرتنی مۆسکۆ بوو

لە ٨ی کانوونی یەکەم بۆ بەدیهێنانی بڕیاری فەرماندەی باڵای سوپا تیپەکە لەگەڵ تیپی دیکە یەکتربییان گرت و بە تەواوی توانییان لە دژی لەشکری دووەمی تانکی دوژمن بوەستن و لەناوی ببەن لەوکاتەی لە بزووتنەوەدا بوو بۆ داگیرکردنی شاری مۆسکۆ، لە ئەنجامی شەڕێکی قورسی درێژخایەنی حەوت ڕۆژی، تیپە هێزی پیادەی ژمارە ٢٩٦ی دوژمنی شکاند تیپی «ئەڵمانیای مەزن». هەروەها زیانێکی زۆریش لە لەشکری سێیەمی تانکی دوژمن کەوت. لە ١٧ی کانوونی یەکەم خەڵکی ئاوەدانی و هاوینە هەوارەکانی دەوروبەری مۆسکۆ: ئیڤانۆڤسکی، پیرۆڤۆ، کۆسایا، گۆرا، یاسنایا پۆلیانا، شێکینۆ ئازاد کران. دوژمن هەڵات و چەک و سیلاحێکی زۆر لە پاشی بەجێ ما.

لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٤١ تیپەکە بەشەو هێرشێکی توندی کردە سەر شاری پێرێرمیشل، لە ئەنجامدا ئازاد بوو لەگەڵ دەسکەوتێکی زۆر لە چەک و سیلاح.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ لە دوای شەڕێکی قورس

بەهۆی یارمەتیی دیکەوە شاری یووخنۆڤ ئازاد بوو.
لە ٢٤ تا ٣٠ ئاغستۆسی ١٩٤٢ ئەم تیپە (ژمارە ٢١٧) وەک تیپی لەشکری شازدەمین کەوتە ناو شەڕێکی گەلێ قورسەوە لە دژی تیپی ١٣٤ی پیادە و تیپی ١٧ی تانکی دوژمن لەناوچەی کۆلۆدێزی و گرێتینا. دوژمن لەو شەڕەدا زیانێکی زۆری لێ کەوت لە کوشتنی خەڵک و تێکشکانی چەک و جبەخانە.
پاشماوەی شکانی بەشێکی دوژمن لەلای باشووری ڕووباری ژیزدر بەرچاو دەکەوت. زیان و لەناوچوونی ئەڵمان ٣٥٠٠ سەرباز و ئەفسەر و ٣٠ تانک بوو لە بەرگریکردن لە شاری تووڵا و ڕزگارکردنی دانیشتوانی ئاوەدانییەکانی یاسنایا پۆلیانا و پێرێمیشل و ڤۆرۆتینسک و هی دیکە. سیامەند دەورێکی گرنگ و باڵا و ژیرانەی هەبوو. ڕێبەری لای دەستەڕاستی تیپەکە بوو لە پەڕینەوە لە ڕووباری ئووگرا. لە پارێزگاریکردنی لای دەستەچەپی ڕووبارەکە ئازایەتی نواند. بەهۆی ئازایەتی و دلێرایەتی لە تەمووزی ١٩٤٢ میدالیای «ئەستێرەی سوور»ی پێشکێش کرا.

## شەڕی ڕووباری دێسنی

لە سەرەتای جەنگی نیشتمانییەوە تا تەمووزی ١٩٤٣، واتە لە ماوەی بیست مانگدا تیپی ٢١٧ لە ڕیزی پێشەوە بوو لە مەیدانی جەنگدا، بە تەواوی توانای ئەوەی هەبوو ئاسایشی ناوچەکە بپارێزێ. بە توانای تایبەتی خۆی زیاتر لە دەیان هەزار سەرباز و ئەفسەری دوژمنی لەناوبرد.
هێرشی بەشێکی تیپەکە بەردەوام بوو، لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٤٣ گەیشتە قەراغ ڕووباری دێسنی و لە ڕۆژی ١٧ی مانگ گەورەترین هێرشی دوژمنی لەناوبرد. گرنگترین نێوەندی ستراتیجییان داگیرکرد. ئینجا ڕوویان کردە شۆسەی ڕێگای بریانسک- گۆمیل و ئابلۆقەی هێزی دوژمنیان دا لەو ناوچەیە.
لە دوای ئازاد کردنی بریانسک تیپەکە ئازایانە بەدوا بەشی هەڵاتووی دوژمن کەوت و لە شەوی ٢١ی ئەیلوول شاری (پۆچیپ)ی گرتەوە (نێوەندی ناوچەی بریانسک). بەهۆی ئەم سەرکەوتنە فەرماندەی باڵای لەشکر سوپاسی پێشکێش بە هەموو کەسانی تیپەکە کرد، هەروەها بە ناوی پیرۆزییەوە بەهۆی ئەم سەرکەوتنە ناوی تیپەکە نرا ئۆنێچسکی، هەر لەوکاتەدا مۆسکۆ ئاهەنگی سەرکەوتنی بۆ جەنگاوەران گێڕا ئەوانەی شاری (ئۆنێچ)یان ڕزگار کرد.

## شەڕی گۆمیل

لەو ماوەیەی کە باسی لێوە دەکرێ، بەتایبەتی لە ئاغستۆسی ساڵی ١٩٤٢ تا تەمووزی ١٩٤٣ مایۆر سیامەند لەوکاتەی بوو بوو بە جێگری سەرۆکی فەرماندەی تیپی پیادەی ژمارە ٧٥٥ بەشی سیاسی، بەشداری لەو شەڕانەدا کرد. هەمیشە لە سەرکەوتندا بوو و هەموو پێویستییەکانی تیپی جێبەجێ دەکرد. بەتایبەتی لە شەڕەکانی ٥ و ١١ مارت بە تەنیا ڕێبەری دەکرد. لە پاشانا لە شەڕەکانی ٢٤-٢٦ی ئاغستۆسی ١٩٤٢ڕێبەری شەڕی دووەمی بەتالیۆنی تیپەکە کەوتبووە سەر شانی سیامەند. لەژێر زەبری ئاگری بەهێزی دوژمن لەگەڵ بەتالیۆنەکەی بە مەلە لە ڕووباری ژیزدر پەڕینەوە، چونکە پردەکەی ڕووخابوو. لاباڵی بەتالیۆنی دوژمنی بەزاند و خەڵکی نێوەندی ناوچەی گرێتنی ئازادکرد. ئەمە ڕێگەی سازکرد بۆ بەشەکانی دیکەی تیپەکە، بە ئاسانی پەڕینەوە لای ڕاستی ڕووبارەکە.
هێرشە زۆرەکانی دوژمن بە ئەنجام نەگەیشتن. بە بەرگری بەتالیۆنی دووەم ئەوەی سەمەند سەرۆکایەتی دەکرد هێرشەکان لەناوچوون.
مایۆر سیامەند هەمیشە لە کاروبار و گیروگرفتی جەنگاوەرانی بەشەکەی خۆی دەپێچایەوە، هەوڵی دەدا هەستی هێرشبردن لەلایان بەهێز بێ. لە سەرەتای ئاغستۆسی ١٩٤٣ میدالیای «ئاڵای سوور»ی پێشکێش کرا.
هێرشبردن بەردەوام بوو بۆ سەر دوژمنی بەزیوی هەڵاتوو. بەشێک لە تیپەکە شەوی ٢٥ی ئەیلوول کلینتسا و ئێستگەی شەمەندەفەری شارەکەی ڕزگار کرد (نێوەندی ناوچەیی هەرێمی بریانسک)
لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تیپی ژمارە ٢١٧ چووە ناو بەشی پیادەی ژمارە (٢٥)ەوە. لە ماوەی هەشت ڕۆژدا خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشبردن و پەڕینەوە لە ڕووباری سۆژ.
لە شەوی ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ دەستی کرد بە هێرشبردنێکی بەهێز، بەشی پیادەی ژمارە ٧٥٥ لە ڕووباری سۆژ پەڕییەوە، بەرگری دوژمنی شکاند، لەلای دەستەڕاستی قەراغ ڕووبار سەنگەر و خەندەقەکانی

ئەڵمانی داگیرکرد.

لە ٢٦ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٤٣ لەلای چەپی گرووپی هیتلەرییەکان لەناوچەی گۆمیل تیپەکە هەموو نوختە ستراتیجییەکانی بەهێز کرد لە پێناوی بەرگری لە ئاوایییەکانی: ستارەیا سیلا، کالیفۆڤکا، بۆکۆلۆبچی. گـرووپەکـە کـەوتە لاوە، لەناوچەی گـۆمـیل خـۆی لە ئابلۆقەدان رزگار کرد. دوژمن لە ئابلۆقە ترسا، بە ڕاکردن بەرەو شاری ژلۆبین کەوتە ڕێ. ئەمە ڕێگەیەکی گرنگی ئاسن بوو (شەمەندەفەر). لە ئەنجامی شەڕێکی دژوار و سەخت ئۆردووی ئەڵمـان لەسـەر رووباری سۆژ (شـارو ئێستگەی شەمەندەفەری نێوەندی گۆمیل) داگیر کرا. بە فـەرمـانـی فـەرمـاندەی گـشـتـی هەمـوو سـەرباز و ئەفسەرەکانی بەشداری ئەم عەمەلیاتە بوون سوپاسیان پێشکێش کرا، لەگەڵ بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت، تیپـەکە مـیدالیـای «ئاڵای سوور»ی وەرگرت.

ڕاونـانـی دوژمـن بـەردەوام بـوو، تیپـەکە بەرەو لای ڕۆژئاوای قەراغ رووباری دنێپر کەوتە ڕێ، لە ماوەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ و کانوونی دووەمی ١٩٤٤ وەک یەدەگ لەژێر فەرماندەی لەشکری ٤٨ مایەوە.

لـەدوای پـەڕینـەوە لـە رووبـاری سۆژ، لە ناوچەی ستارەیا سیلا، لە هەرێمی گۆمیل لە ١٢-١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٣ سیامەند هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەبووندا بوو بۆ شەڕ. ئەو بەخۆی ڕێبەری بەتالیۆنی دەکرد، لەکاتی هێرشبردن بە ڕێکوپێکی ئەرکی جەنگاوەری دەبردە سەر لە پێناوی گـرتنەوەی سـتـارەیا سیـلا. وەک خاوەنی بڕیار هەمـوو فـەرمانەکانی لەکاتی شەڕدا جێبەجێ دەکرد، بەتایبەتی لەکاتی بەرگریکردنی ئەڵمان لە ١٥ی تشرینی دووەم، ئەو لە مـەرجـەکـانی شـەڕ دەرنەچوو تا کـۆتایی بەرگـری ئەڵمـانەکـان. بە فەرمـانی لەشکری سوپای یازدەمین لە ٣٠ی تشـرینی دووەمی ١٩٤٣ مـیـدالیـای «جـەنگی نیشتمانی پلەی دووەم»ی پێشکێش کرا.

لە ١١ی شـوباتی ١٩٤٤ تیـپـەکـە عـەمـەلیـاتێکی سـەرکـەوتووی دەست پێ کرد بەداگیـرکردنی پردی لای باکـووری رووباری بێـرێزین لەناوچەی شـاتسـیلکی. لەدوای هێرشی هەمیـشـەیی و شەڕی بەرگری لە ٢٤ی حـوزەیرانی ١٩٤٤ تیـپـەکـە توانی لە رووباری درووت بپـەڕێتـەوە و بەرگری سـەخت و بەهێـزی دوژمن لەلای ڕۆژئاوای رووبارەکە لە ناوچەی شاری ڕۆگـاچێڤ تێک بدا (ڕۆگاچێڤ نێوەندی هەرێمی گۆمیل لەسەر رووباری دنێپر و ئێستگەی ڕێگەی ئاسن، شەمەندەفەری هەیە). ئەم عـەمەلیاتە زیانێکی زۆری لە دوژمن دا لە کوشتنی سەرباز و لەناوبردنی چەک و جبەخانە. لە بەیانی ڕۆژی ٢٩ی حـوزەیران تیـپـەکـە گـەیشـتـە بێـرێزین لەناوچەی بۆبرۆڤیسک. بەپێی فەرمانی فەرماندەی گشتی لەشکر لە ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ هەموو بەشداربووانی ئەم شەڕە سوپاسی تایبەتییان پێشکێش کرا.

تیپـەکە بە یارمەتی بەشێکی دیکەی سوپا لە ٣٠ی حـــوزەیرانی ١٩٤٤ هێـــرشـــیـــان بردە ســـەر شـــاری بۆبرۆڤیسک، هەر لەو ڕۆژانەدا بە تەواوی لە دوژمن پاک کرایەوە. بە گرتنی ئەو شارە جەنگاوەران زیانێکی زۆریان لـە دوژمـن دا، زۆریـان کـــــــوژران و گـەلێکیش لە سـەرباز و ئەفـسـەران بەدیل گیران.

**بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت تیپەکە میدالیای «ئاڵای سووری وەرگرت»**

بە فـەرمـانی گشـتی سـوپا لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٤٤ هەموو ئەو کەسانەی بـەشـــــداربـوون لە ئـازاد کـــــردنی بۆبرۆڤـیـسـک سـڵاو و سـوپاسـیـان پێـــشـکێش کـــرا، هەروەها بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیـەت لە ٢ی تەمـووزی ١٩٤٤ تیپی پیـادەی ٢١٧ مـیـدالیـای «سـوڤـۆرۆڤ(١) پلەی دووەم»ی پێـشـکێش کرا.

### شەڕەکانی بێلو رووسیا

لە مـاوەی شـەڕە دژوارەکـاندا کـۆلۆنێل سـیـامـەند بەسـەرکـەوتوویی ڕێگا پیـشـاندەری جـەنگاوەران بوو، ئامۆژگاریـیانی دەکرد، ئازایی و چاونەترسی و جوامێری لەناو دڵ و دەروونـیـانـدا دەچاند، لە ٢٤ی حـوزەیرانی ١٩٤٤ لەگەڵ گرووپی ئەڤتۆماتیک بە دەستان هێرشیان بردە سەر گوندی ریپکی ناوچەی ڕۆگا چێڤسکی هەرێمی گۆمیل. لە دژی دوژمن کەوتنە شەڕەوە، تا گەیشتنی بە تالیـۆنی پیـادە سیـامـەند گـوندەکـەی لە ئەڵمـان پاک کـردەوە. ئەمـە نێـوەندێکی گـرنگ بوو لە جـەبهـەی بۆبرۆڤیـسـک. لەم شـەڕەدا ١٢٠ سـەرباز و ئەفـسـەری

ئەڵمـان کـوژران. بە تەنیـا سـیـامـەند ١٧ کـەسی لە هیتلەرییەکان لەناو برد.

لە ٢٩ی حوزەیران بەتالیۆن لەگەڵ ڕاوێژکاری سیاسی تیپەکە بەسەرکەوتوویی لە بێریزین تێپەڕین، دوژمنیان لەلای باشـووری ڕۆژئاوای بۆبرۆڤـیـسک شکاند. لەو شەڕانەدا ١٦٠ سەرباز و ئەفسـەری ئەڵمـان لەناوبران و ١٢٧ کـەس بەدیل گـیـران، بە چەکی ئەڤـتـۆمـاتیک سیامەند نزیکەی بیست کەسی لە هیتلەرییەکان لەناو برد،

لە ١ی تەمـووزی ١٩٤٤ لەناوچەی گـوندی مـالەیا گۆرۆشکای هەرێمی ئۆسیپۆڤیتسکی پارێزگاری مینسک پایتەختی بێلۆ ڕووسیا زیاتر لە ٦٠٠ کەسی دوژمن بە چەکی مـەترەلۆز و حـەوت تانک خـۆیان ئامـادەکـرد. قوماندانی بەتالیۆن و یاریدەدەری بەرامبەریان وەستان. سیامەند لەناو شەڕدا بوو، ڕێبەری بەتالیۆنەکەی دەکرد، هێـرشی بردە سـەر دوژمن. لە مـەیدانی جـەنگدا ٧٠ لاشەی سەرباز و ئەفسەری ئەڵمان کەوتبووە ئەو گۆڕە ، هەر وەها لە ١٢٠ کـەس زیاتر بەدیل گـیـران. دوژمن هەوڵـی دەدا لە ئابلۆقـەدان خـۆی ڕزگـار بکا، دەسـتی بەهێرشبردن کردەوە. هەندێ لە تانکەکانیـان تا نزیکەی ١٠٠ مـەتر گەیشـتنە لای سەربازی ڕووس. لەو کـاتەدا تۆپی دژ بە تانک دەستی بەکار کرد. لە پاشانا سیامەند ڕوو بە ڕوو کـەوتە جەنگەوە، تـانکی لەکـارخست، شـەڕ چوار کاتژمێری خایاند. بە تەنیا سیامەند ٣٥ سەرباز و ئەفسـەری ئەڵمانی کوشت. لەم شەڕەدا بە قورسی بریندار بوو، بەڵام مـەیدانی جـەنگی بەجێ نەهێـشت. بەهۆی ئازادیی و هێـز و توانای سیـامـەند تیپـەکە دوو هێـرشی سەرکـەوتووی برد. ٧ تانکی لەکارخسـت و زیاتر لە دوو سەد کەس لە سەربـاز و ئەفسـەری ئەڵمان کوژران و چوار سەد کەسیش بەدیل گیران.

### نزیکبوونەوە لە خاکی ئەڵمان

کۆلۆنێل سیـامـەند هەمـیشـە خەریکی ڕێبەری تیپـەکە بووە لە مەیدانی شەڕدا، هەوڵـی داوە پەرە بەتوانای خۆی و سەربازان بسـتـێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کارانەی پێی سپێرراوە بیانگەیەنێتە ئەنجام. لە شەڕەکاندا ئازایەتی و قارەمانیـەتی دەنواند. لەژێر فەرمـاندەی ئەو لەڕۆژی ١ی تەمووزی ١٩٤٤ گرووپێکی دوژمن لەناوبران، ژمارەیان زیـاتر لـە ٧٠٠ کـــــەس بـوو لـە پڕ کـــــەوتـنـە نـاو داوی بەتالیۆنەوە.

بەهۆی فـەرمـانی سـەرۆکـایەتی لەشکری ٤٨ لە ٢٧ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٤٤ مـیـدالـیـای «ئاڵای سـوور»ی بۆ جاری دووەم پێشکێش کرا.

لە مـاوەی تەمـووزی ١٩٤٤ تیـپـەکـە بەشـەڕ زیاتر لە ٧٠٠ کم ی بڕی. لەو مـاوەیەدا دوژمن گـەلێ زیانی لێ کـەوتبـوو لە ئاددەمـزاد و تەکنیکی جـەنگی. دوژمن لە هەمـوو لایەک ڕاو دەنرا، لە گـوندێک بۆ گـوندێک؛ لە شارێک بۆ شارێک. بەشێک لە تیپەکە لە ٢٥ی تەمووز زیانی زۆری لە هێـزی دوژمن دا لەوکـاتەی لە ڕووباری ناریڤ و ئاوەدانیـیـەکـانی پشـیـبـۆرۆڤ، ترینووسی، مۆدلینیک، ڕینێک دەبینرا.

لە مــانگی ئەیلوول لە پاش هێـرشی گـەورەی تۆپ و چەکی فڕۆکە لە بەشی پێشەوەی بەرگری دوژمن، بەشێک لە تیپەکە بە یارمەتی تانک و مەترەلۆزی خزیو بەرگری دوژمنیـان شکاند و گـەیشـتنە ڕووباری ناریڤ لەناوچەی شرالات.

شـەوی ٤ی ئەیلوول لەناو جـەرگـەی تاریکـیـیـەوە کەلوپەلی پەڕینەوەیان بەکارهێنا و بەشێک لە تیپەکە لە ڕووباری ناریڤ بۆ ناوچەی بژووز- مـاڵ، لە پاشـانا هێـرشی دوژمنیـان پاڵەوانانە ڕەت کـردەوە بەشکاندنی ساختمانەکانی ئەندازیاری، بەم جۆرە ماوەی کیلۆمەتر و نیوێک خاکی لای ڕۆژئاوای ڕووبارەکەیان داگیر کرد.

دوژمن هەوڵـی دەدا بەشـێـک لە تیـپـەکـە لەلای ڕۆژهەڵاتی قـەراغی ڕووبار بپێنێـتـەوە. بۆ ئەم مـەبەسـە تیپی شەشەمی تانکی نارده ئەم ناوچەیە. ڕۆژانە بەهۆی هێزی تۆپ و فڕۆکە ئەڵمانەکان حەوت هەشت هێرشیان دەبرد بە ٢٠ تانک و مەترەلۆزی خزیو و ٤٠٠ سـەربازی پیادەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیتلەرییەکان لەم کارەیاندا سەرنەکـەوتن. هێرشی دوژمن زۆر بەهێـز بوو، بەشێکی تیپەکە دەستیـان کرد بە بەرگرییەکی بەهێز لەناوچەکانی دزبۆندز، ناپوورک و دارستـانی لای ڕۆژهەڵاتی تسـینژک و بژووز دووژ.

بەپێی فـەرمـانی لەشکری ژمـارە ٤٨ی سـوپا لە ١٨ی تشرینی یەکـەمی ١٩٤٤ هەمـوو جەنگاوەرەکان لەسەرباز و ئەفسـەران سـوپاسـیـان پێشکێش کرا بۆ ئەو ئازایی و جـوامـێـرییـەی لە شـەڕی لای ڕۆژئاوای ڕووباری ناریڤ نواندیان.

تیـپـەکـە خـۆی ئامـادە دەکـرد بۆ شـەڕی تازە. لە ١٤ی

کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ لە دوای خۆ ئامادەکردن لە ماوەی کاتژمێر و نیوێکدا گرووپەکانی کەوتنە هێرشبردن. کاتی ئێوارە، چەک و سیلاحێکی زۆری دوژمن و سەنگەر و زەوی مینی کراو (ئەلغام) تەفروتوونا کران. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ بەشێک لە تیپەکە شاری «ماکووڤ»یان ئازاد کرد لەگەڵ ئاوەدانییەکانی نزیک ئەو شارە، لە پاشانا شاری «پشاسنیش»یان ئازاد کرد و دەستیان کرد بە ڕاونانی دوژمن بەرەو شاری نایدێنبورگ.

## شەڕ لەناو ئەڵمانیا

فەرماندەی فاشستەکان بایەخێکی زۆری دەدایە بەرگریکردن لەناوچەکانی پرووسیای ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. لە پاییزی ١٩٤٤ لەوێ ٤٠ تیپی سوپای ئەڵمان ئامادەکرابوون، هیوایان بەوە بوو لەڕووی تەکنیکی جەنگییەوە ئامادەبوون، چونکە لە ماوەی دە ساڵدا ئەو هەموو سەنگەرەی دروستیان کردبوو وایان دەزانی دەبێتە هۆی سەرکەوتنیان لە جەنگ.

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ هێرش دەستی پێ کرد بۆ گرتنی شاری نایدێنبورگ. یەکەم بەتالیۆن و مەترەلۆزی خزیو بە ڕێبەری سیامەند لە حاڵەتی جەنگدا بوو. ئازایانە دەستی کرد بە هێرشبردن. لە ئەنجامدا بەتالیۆن سەرکەوتنێکی بەرزی دڵخۆشکەرەوەی بەدەست هێنا. شاری لە سوپای ئەڵمان پاک کردەوە. لە پاشانا ئاوایی «پلاتا- شتادتڤالف»ی گرت. لەم شەڕەدا بەتالیۆن زیاتر لە ٥٠ سەرباز و ئەفسەری تیرەباران کرد.

لە شەڕەکانی ناو خاکی ئەڵمانیا لە ماوەیەکی کەمدا تیپی پیادەی ٧٥٥ هەموو هۆ و کەرەستەکانی بەرگری دوژمنی هەلا هەلا کرد، ١٥ ئاوەدانی داگیرکرد، زیاتر لە ٢٠٠ هیتلەری تیرەباران کرد و ٦٠ کەسی بەدیل گرت.

گرووپەکانی سوپای ئەڵمان لە ڕۆژهەڵاتی پرووسیا ڕێگەیان گرتبوو لە وارشۆوە بەرەو بەرلین. هەر لەوکاتەدا ئومێدیان بەوە هەبوو پارێزگاری پایتەختی هیتلەرییەکان بکەن لەلای باکووری ڕۆژئاواوە. لەبەر ئەوە بوو شەڕ لەم ناوچانەدا یەکجار دژوار و پڕ کوشتار بوو.

لە ٢٠ی کانوونی دووەم تیپەکە شاری نایدێنبورگی داگیر کرد لەناوچەی پرووسیای ڕۆژهەڵات. لە پاشانا تیپەکە کەوتە جووڵە بەرەو شاری هوهینشتێین- ئەلینشتێین لەگەڵ هەندێ گرووپی دیکە ئەو شارەشیان داگیر کرد.

لە ئەنجامی شەڕی زۆر قورس و تێکشکانی بەرگری دوژمن لە ناوچەی گوندی ماکۆنیتس فەرماندەی سوپای وارشۆ لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ لە شەڕێکدا بوو لە دژی دوژمن. سیامەند ئامادە بوو ڕێبەری بەتالیۆنی یەکەمی تیپی ٧٥٥ی دەکرد، کە بەتالیۆن دەستی بەهێرشبردن کرد، دوژمن لە هەموو لایەکەوە ئاگری بەهێزی کردەوە، بە هەموو جۆرەکانی چەک و سیلاح، ئەمە بووە هۆی ئەوەی جەنگاوەرانی ڕووس لە یەکتری دابڕێن، بەڵام سیامەند گاڵتەی بەمردن دەهات، یەکەم کەس بوو هێرشی برد و بەرگری دوژمنی لە پەلوپۆ خست.

بەلاسایی کردنەوەی سیامەند هەموو جەنگاوەران لە سەرباز و ئەفسەران بە گیانێکی بەرز و هەڵمەتێکی ترس نەزان کەوتنە ناو گوندی ماکۆڤیتس و بە تەواوی لە هیتلەرییەکان پاکیان کردەوە و خۆیان و دانیشتوانیان پاراست. لە دوای ئەوە دوژمن بەهۆی تانک و تۆپی خزیو دە هێرشی گەورەی بردەسەر ئەم ئاواییە بە ئومێدی ئەوەی تۆڵەی ئەو زیانەی لێیان کەوتووە بکەنەوە. سیامەند حاڵەتەکەی ئاسایی کردەوە بەوەی تۆپی دژی تانکی بەکارهێنا. بەهۆی ژیری و کاری بەجێ و بڕیاری تەواو دوژمن شکا، زیانی زۆری لێ کەوت. لەو شەڕەدا بەتالیۆن لە سەد کەس زیاتر لە هیتلەرییەکانی کوشت و ٥٠ کەسیش بەدیل گیران.

## قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت

بەهۆی کردەوەی بەرزی کاریگەری کۆلۆنێل سیامەند فەرماندەی لەشکری ٥٤٨ی سوپا لە ١٩ی شوباتی ساڵی ١٩٤٥ میدالیای «جەنگی نیشتمانی پلەی یەکەمین»ی پێشکێش کرد. لە پاش ماوەیەک گوشادی تیپەکە زیاتر بوو کە بە فەرمانی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٤٥ ناوی بەرزی «قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت» درا بە سیامەند.

**بە فەرمانی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی سۆڤیەت ناوی بەرزی «قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت» درا بە سیامەند**

ئەم ناوە مەزنە لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی کاروباری جەنگی بوو لە هەڵسوکەوتی شەڕدا لەلایەن سیامەندەوە دەگەیەنرایە ئەنجام. بەسەرکەوتوویی ڕێبەری لایەنی سیاسی تیپەکەی دەکرد بە تایبەتی لە ماوەی حوزەیران- ئەیلوولی ١٩٤٤. زۆرجار ئازایەتی کەسێتی سیامەن دەکەوتە بەرچاو. لێرەدا جێی خۆیەتی هەندێ بەڵگەی ئازایەتی و جوامێری ئەو کەسە بخرێتە بەرچاو.

لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٤ لەو کاتەی تیپەکە خەریکی لەناوبردنی دوژمن بوو لەناوچەی بۆ برۆڤیسک یاریدەدەری قوماندان بۆ کاروباری سیاسی کۆلۆنێل سیامەند بوو. ئەم پیاوە هەمیشە لەناو ڕیزی جەنگاوەراندا بوو، بەتایبەتی لەکاتی هێرشبردندا. کاروباری ڕێکخستن بە بیرورِاو بۆچوونی ئەو بەسەرکەوتوویی لە هێرشێکدا لە دژی دوژمن دەگەیشتە ئەنجام و دوژمن دەشکا.

لەناوچەی بەرانۆڤیچ لەهەڵسوکەوتێکی سەخت و پڕ لە تەنگوچەڵەمە سیامەند لە پۆیەی جەنگ و کاتێکی زۆر گرنگدا ژیرانە کاری بەڕێوە دەبرد. لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٤٤ لە شەڕەکانی لای ڕۆژئاوای ناریڤ، هەروەها لە گوندی دزبێندز (لە خاکی پۆلۆنیا)، دوژمن هەوڵی زۆری داو خۆی ئامادە کرد. سەربازێکی زۆر و تانکێکی بێ ژمار و تۆپی خزیو دەستیان کرد بە هێرشێکی سەخت بەهیوای ئەوەی هێزی ڕووس بخەنە ناو ڕووبارەوە. لەدوای چەند هەڵمەتێک حاڵەتێکی خراپ بۆ دوژمن دروست بوو و کەوتە مەترسییەوە بەتایبەتی دوای داگیرکردنی دزبێندز.

لەکاتی ناخۆشی و نائاساییدا سیامەند لەناو ڕیزی بەتالیۆنی ژمارە دووی تیپی ٧٥٥ دوور نەدەکەوتەوە. هەروەها بەشێکی پیادەی تیپی ٧٦٦ لەژێر فەرماندەی ئەودابوو بە تۆپی خزیو و جبەخانە و تانکەوە. ئەگەر نارِێکییەک لەناوەوە بوایە زوو بە زوو جێبەجێی دەکرد. بە ژیری و دانایی خۆی دەیتوانی هەموو بەڵگەیەک بەکاربێنێ بۆ لە ناوبردنی هەموو جۆرە ناکزووری و نا تەباییەک لە ئەنجامی کردەوەی ژیرانەی سیامەند جەنگاوەران کە چوونە ناو شاری دزبێندزەوە دوژمن لە کار کەوتبوو. لەم هەڵمەتەدا تا ٢٥٠ سەرباز و ئەفسەری دوژمن لەناوبرابوون، دوو تانکیش لە کار کەوتبوون لە ئەنجامی ئەم شەڕە ڕوو بەڕووە سیامەند بە تەنیا ١٥ سەربازی ئەڵمانی کوشتبوو.

**نامە بۆ باوکی سیامەند**

لەوکاتەی سیامەند ناوی مەزنی قارەمانی یەکێتی سۆڤیەتی پێ بەخشرابوو لە دوا ڕۆژانی نیسانی ١٩٤٥، لە گوندی بچووکی (سەنگەر)ی کوردان لەناوچەی ئەلەگەز نامەیەک بەناوی باوکی قارەمانەوە گەیشتە دەستی. نامەکە ئیمزای سەرداری لەشکری ٤٨ جینیراڵ- لیفتینانت گووسێڤ و ئەندامی ئەنجوومەنی جەنگی لەشکر جینیرال- مایۆر ئیستۆمینی لەسەر بوو. لە نامەکەدا نووسرا بوو:

«کوڕی ئێوە کۆلۆنێل سەمەند عەلی یێڤیچ سیابەندۆڤ لە شەڕەکانی دژی داگیرکەرانی ئەڵمان خۆی وەکو ئەفسەرێکی ئازای سوپای سوور پیشان دا. خۆشەویستی بەرامبەر بە نیشتمانی ئێمە بێ سنوور بوو. بە ڕاستی و دروستی هەموو کاروباری شەڕەکانی بردە سەر. هێز و توانای خەرج دەکرد و باکی بە ژیانەوە نەبوو. ئازایانە ئەڵمانی دوژمنی نیشتمانی ئێمەی لەناو دەبرد، لە گەرمەی جەنگدا هاوڕێ سیابەندۆڤ هەمیشە لەگەڵ جەنگاوەراندا بوو، لە ڕیزی پێشەوەدا بوو. پیاوانە کاری دەکرد، هەموو کاروبارێکی جەنگی دەگەیاندە ئەنجام...».

**شەڕێکی قورسی کۆتایی**

لە دوای شەڕێکی قورس و بەرگری بەهێزی دوژمن، بەشێک لە تیپی ٢١٧ لە ڕووباری پاسارگ پەڕینەوە و لای ڕۆژهەڵاتیان داگیرکرد. لە ١٩ مارتی ١٩٤٥ بەتالیۆن لەگەڵ بەشێکی دیکەی تیپەکە شاری (براونسبێرگ)یان داگیرکرد، ئەمە گرنگترین نێوەندی بەرگری ئەڵمان بوو لە کەنداوی فریشیس- هاف. لە پاشانا بەشێکی تیپەکە بێبەزەییانە لە دوژمنی دەدا بە هەموو جۆرەکانی چەک و سیلاح. لە ٢٥ی مارت دوژمنیان ڕاونا بەرەو فریسیش- هاف، بەشێکی دوژمن بەدیل گیران و بەشەکەی دیکە کوژران.

تیپی ٢١٧ هەڵگری میدالیای ئالای سووری سووڤۆرۆڤ و بەتالیۆنی پیادە خەریکی شەڕێکی گەورە بوون، لە هەڵسوکەوتێکی یەکجار قورسدا بوون. لەکاتی خۆیدا بەشێک لە تیپەکە بەرگرییان لە شاری مۆسکۆ کردبوو، لەلای ئاقاری شاری توولاوە. هەروەها بەشێکی زۆر لە خەڵکی توولاو کالۆوگا و بریانسکی ڕووسیا و هەندێ لە ئاواییەکانی بیلۆ ڕووسیا و پۆلۆنیایان لە

داگیرکەرە فاشستەکانی ئەڵمان ڕزگار کردبوو. جگە لەمە بەشـێکی زۆری خـاکی ڕۆژهەڵاتی پرووسـیـایان داگیرکردبوو، بەم جۆرە ئەم تیپە قارەمانەی سیامەند لەکاردابوو تا کۆتایی جەنگی نیشتمانی ڕووسیا ١٩٤١- ١٩٤٥ یا جەنگی دووەمی گیتی سەدەی بیستەم ١٩٣٩- ١٩٤٥.

**سەمەند لە دوای کۆتایی جەنگ**

لەدوای کۆتایی جەنگ سەمەندی سیابەند گەڕایەوە سەر کاروباری ئاسایی. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست (بۆلشەڤیک) بوو بە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە.

لەپێش جەنگ، لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣٨ سیامەند بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتی ئەرمەنستان هەڵبژێرابوو، لەدوای جەنگ لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٦ زەحمەتکێشانی ناوچەی ئەپاران بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای هەموو یەکێتی سۆڤیەت هەڵیان بژارد. لە مایسی ئەوساڵەدا بە سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی (بۆلشەڤیکی) ئەرمەنستانی ناوچەی ئەلەگەزی کورد هەڵبژێررا. لە ساڵی ١٩٥٠ لە مۆسکۆ «قوتابخانەی باڵای پارتی کۆمۆنیست»ی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی تەواوکرد. لە پاش ئەوە دوو ساڵ کاریگەری پارتی کۆمۆنیست بوو لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان وەک ڕێکخەری کۆمەڵایەتی و ئەندامی کۆمیتەی پارتی کۆمۆنیست. لە شوباتی ١٩٥٢ سیامەند کرا بە مووچە خۆرێکی گەورە لە وەزارەتی کشتوکاڵی ئەرمەنستان، بەم جۆرە بوو بە جێگری وەزیر و سەرۆکی بەڕێوەبردنی کادیر. لەم کارەیدا تا ئێستا کە بەردەوامە (١٩٧٠).

سیامەند بۆ جاری دووەم بۆ ئەندامەتی ئەنجومەنی باڵای هەموو سۆڤیەت هەڵبژێررا. لەگەڵ زۆری کاروباری، هەمیشە هەوڵی دەدا زانیاری وەربگرێ، ئاسۆی مێشکی فراوان بکا، شارەزایی لەکاروباری پراکتیکی زانستییەکان پەیدا بکا. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٥ ئامۆژگای کشتوکاڵی یەریڤانی تەواو کرد. ئینجا شارەزایی لە میکانیکی کشتوکاڵی پەیدا کرد تا بووە ئەندازیارو میکانیکی کشتوکاڵ. لەگەڵ ئەم هەموو زانیارییانە سیامەند پسپۆڕی زمان و نووسەر بوو. خاوەنی فەرهەنگی زمانی ئەرمەنی- کوردییە (١٩٥٧)، هەروەها دووپۆیێمی (چیرۆکی شیعری) بە کوردی نووسیوەتەوە «سیابەند و خەجێ» (١٩٥٩) و «ژینا بەختەوەر» (١٩٦٦).

**سەرکەوتنی ڕاستی**

جەنگی نیشتمانی ڕووس ١٩٤١- ١٩٤٥ لەگەڵ ئەڵمانیای هیتلەری فاشست بەشێکی گرنگ بوو لە جەنگی دووەمی گیتی ١٩٣٩- ١٩٤٥ لەنێوان سوێند خۆران (بەریتانیا و فرەنسا و رووسیا و ئەمەریکا) و دەوڵەتانی میحوەر (ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یابان). میللەتی ڕووس بەتایبەتی و هەندێ لە میللەتانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بە زۆری میللەتانی بەشی ئەوروپا و قەفقاسی ئەو وڵاتە دەوری گرنگیان هەبوو لەم جەنگەدا.

بەڕاستی جەنگی نیشتمانی بوو لە دژی دوژمنێکی دڕندە و بێ ئابڕوو، جەنگی دیمۆکراتی بوو لە دژی دیکتاتۆری، جەنگی مرۆڤایەتی بوو لە دژی بیروباوەڕی ڕزیوی ئیدیۆلۆجییەتی «خوێنی پاکی نازیزمی هیتلەریزم».

لەو جەنگەدا ڕووس و ئەڵمان و گەلێ کەس بەشدارییان کرد. ژمارەی «قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت» زۆر بوو، بەتایبەتی لەناو ڕووسدا و بەگشتی لەناو میللەتانی دیکەی ئەو وڵاتە. کوردی ئەوێ ئازا بوون، جوامێر بوون، قارەمانەتییان نواند. لە پاشانا لە کەسێتی سەمەندی سیابەند و هاوڕێکانی دیکەی شەرەفی ئەم قارەمانیەتییە بەر کورد کەوت.

جەنگی دووەمی گیتی و جەنگی ڕووس و ئەڵمان بەڵگەیەکە هەتا هەتایە مرۆڤایەتی شانازی بەوەوە دەکا دەستخۆشی لە ڕووس بکا لەسەرکەوتنیدا و نەفرەت لە هیتلەرییە چەپەڵەکان بکاو گیانی ناپاکیان بۆ دۆزەخ بنێرێ.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ئەلێکساندر ڤاسیلێڤیچ سووڤۆرۆڤ (١٧٣٠- ١٨٠٠) یەکێکە لە مارشاڵە گەورە و بەناوبانگەکانی سوپای ڕووسیای کۆن لە سەدەی هەژدەمدا. لە جەنگە زۆرەکانی ڕووس لەگەڵ هاوسێکانی لە وڵاتانی ئەورووپا سەرکەوتوو بوو، مێژووی سوپایی و جەنگەکانی ئەو وڵاتە بە چاوێکی بەرز تەماشای دەکا میدالیای تایبەتی بەناوی ئەوەوە داناوە.**



# نالی و سۆفیگەری

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**
**(زانکۆی سەڵاحەدین – کۆلێژی پەروەردە)**

«پاک بوونەوە گاڵتە نییە، هەر بە قسە نابێ و گومرگی خۆی دەوێ»

**(١ – ٢)**

**دەروێشی و سۆفیگەری لە سەردەمی نالیدا**

**سۆفیی مەستووری رووتی موفلسی خستە تەمەع**
**سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها**
ل٤٣

پاش هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی شیعرەکانی نالی دەبینین بە ژمارە، بیست و هەشت جار بەناو وشەی سۆفی بەکارهێناوە نۆ جاریش ناوی شێخ هاتووە، چوار جاریش هەر یەکەو بەجیا ناوەکانی زاهید و واعیزی بەکارهێناوە، یەک جاریش ناوی دەروێشی هێناوە. ئەمانەو بێ لەو ئیشارەو هێما زۆرانەی لەناو دێڕە شیعرەکانیدا باسی کردوون وەک: عارف، خەرقەپۆش، قەلەندەر، فەقیر، گەدا. . .. تاد. یا ئەو ناو و زاراوانەی بەو ڕێبازە پەیوەنددارن یا ئەو هەڵسوکەوت و بابەتانەی بە خودی ئەو کەسانەوە بەندن وەک: خووڕەوشتیان، سیفەتەکانیان، ڕاز و نهێنییان، ئیشوکار و لایەنەکانی تری ژیان و بەڕێوەچوونیان، ئەمانە و زیاتریش لای نالی ریسوا کراون و بەخراپە باسی کردوون، هەروەها پەردەی لەسەر هەڵوێستی ناشیرین و بێ جێ و ڕێیان هەڵداوەتەوە. لەو هەموو حاڵەتانە مەگەر تاک و تەرا دێڕ هەبێ کە ئەو ناوانەی سەرەوەی تێدابێت، مەنجەنیقی ڕق و کینەی خۆی بەسەردا دانەباراندبێ، یا هەر هیچ نەبێت وەک (تەنز) گاڵتەی بەڕێساو ژیانە پڕ لە نێگەتیڤەکانیانی نەکردبێ. لێرە پێویستە ئەو تێبینییەش فەرامۆش نەکرێت کە نالی لەو بوارەدا بە ڕابەر و سەردەستەی ئەو مەیدانە حسێبی بۆ دەکرێت و توانیویەتی دێڕە شیعرەکانی وەک چەکێک بە ڕووی زۆر کەس و لایەن بەکار بهێنێ (شیعری دژی دەروێشیزم دوو شێوازی وەرگرتووە، یەکەمیان پەنجە درێژکردن بۆ هەندێ کار و کردەوەی خراپی دەروێشیزم و بەراوردکردنی لەگەڵ کەموکوڕی و ناگزووریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی هونەری، وەکو لە هەندێ لە شیعرەکانی نالیدا دەردەکەوێ، دووەمیان هێرش بردنە بۆ سەر خووڕەوشت و دیاردە پراکتیکییەکانی دەروێشیزم، وەکو ڕووداوێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا)(١).

نالی وەکو شاعیرێکی گەورە هەستی بەو بەرپرسیارییە مەزنە کردووە، دژی ئەوانەش وەستاوە بەناوی ئایین و لەژێر هەر پەردەیەکدا بێت کە پشت لە حەق و سەروەرییە پیرۆزەکان بکەن و هەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوێت و لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی تری دابنێن، بۆیە بە بیر و قەڵەم، بە وشەو وێنە، بە هۆشێکی کراوە وەکو شارەزا و ئەزموندار لەو بوارە قوڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیوەو ئەم هەڵسوکەوتە چەوتانەی ناو کۆمەڵی کوردەواری ڕەت دەکاتەوە و بە توندی مەحکومیان دەکات و ڕەخنەیان ئاراستە دەکات و خەڵکیان لێ وشیار دەکاتەوە.

**سۆفی لە فەقر و فاقە وەکو فاقەفاقی دا**
**تەسبیحی دام و دانەیە ڕیشی دوو فاقی فاق**
ل٦٩

ئەمانە هەمووی لە لایەک و لە لایەکەی تری سەیری هەندێ دێڕی تری دەکەین دەبینین ئەو کەرەسانەی لەبەر دەستیدان لە شێوەو ناوەڕۆک، بابەتی وا چڕو وێنەی جوان و سیحراوی وای بۆ دنیای پڕ لە جەنجاڵی سۆفیگەری نووسیوە، بە ئاشکرا ئەوە نیشان دەدەن کە نالی ئاگادار و شارەزاییەکی زۆر باشی ئەم بوار و ڕێبازە بووە، بەو دێڕانە شتی وای ورووژاندووە و هێناوەتە ناوەوە کە لەو مەیدانەش ئوستادی و لێزانی خۆی مسۆگەر کردووە و بە دەستی هێناوە.

**سەریری جونبوشی تەخت و میحەففەی مەحمەلی سەوزی**
**دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سلێمانە**
ل١٥٥

ئەگەرنا ئەو دێڕانە قەت نەدەبوو بەو ئاستە بەرز و هونەریانە بگەن.

**لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنا فیننووری ئیمانە**
**مەڵێن زوڵمەت خەراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە**
ل١١٣

هەر لەو گۆشەنیگایەوە وای لە هەندێک نووسەر کردووە کە نالی بە (سۆفی)(٢) یا (سۆفی مەشرەب) لە قەڵەم بدەن. کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. (لەمەوە دەشێ بیر بۆ ئەوە بڕوا کەوا نالی نەقشبەندی بووبێ نەک قادری)(٣).

**وەها سەقیمی موجەززا عەوامیلی ئەجزا**

**که ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی سەحوی زەمیر**
ل١٣٩

بەڵگەی باوەڕپێکراو و شــتـی ڕاســتی بەردەست زۆر پێویستە بۆ ئەوەی نووسەرو لێکۆڵەر لەبەر دەستیدا بن و لەبەر ڕۆشنایی ئەوان زانین و زانیارییەکان شی و شرۆڤە بکات، ئەگــەر نا قــســەی ڕووت زۆرە و دەکــرێ و دروستیش دەکرێ.

**یا چەشمەساری خاتیری پڕ فەیزی عاریفە**
**یەنبووعی نووری دادەڕژێنێ لەکێوی توور**
ل١٤١

ئەوەی نالی بیـری لێ نەکـردبێـتـەوە چوونە ژێر باری تەریقـەتە، کەش و ئاو و هەوای دێر و شیـعـرەکـان، بێ لایەن بوونی لەو ملمـلانێـیـەی لە شـاری سلێـمـانی و دەوروبەری هەبووە، لە هەمــووان گـرنگتـر لەبەر دەست نەبوونی هیچ پەڕەو بەڵگەنامـەیەک بۆ ئەم مـەبەسـتـە و هەمــوو لەوانەیە و بیــر بۆ ئەوە دەڕوا و یا لە گــۆترە قسەکردن شوێن و مەیدان چۆڵ دەکەن.

**خەرقە پۆشی کەی دەپۆشی جەوهەری زاتی ئەمن**
**بێنێتێ جیلوە پەرستی خۆی بە عوریانی دەکا**
ل٥٥

نالی زانا و ڕۆشنبـیـرێکی مـەزن بووە، مـوسـڵـمـان و خاوەن بیروباوەڕێکی پتەوی کۆنکرێتی بووە، شاعیرێکی نەفس بەرز و چاونەترسی سەردەم و قـۆناغـی خـۆی بوو. یەکێک نەبووە هەڵپـە و هەوڵی بۆ مـاڵی دنیـا و پلەوپایە بووبێـت، زۆر شـتـی پێ قـەبووڵ نەکـراوە. کـە چووە بۆ حەج، ئەوەندە دڵسۆز و پاک بووە دەڵێ:

**بەسەرهاتوومە ئەو خاکە کە هەر میسقاڵە زەڕڕێکی**
**بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە**
ل١٥٩

لەو شـوێنە پیـرۆزە نەیویسـتـووە بە نانی ئەم و ئەو و سـەدەقـە و ڕاتبـە، یا نانێک بخـوا بۆنی مـشـەخـۆری و تەوەزەلی لێ بێت:

**لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم**
**من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەمۆم**
**تابەکەی وەک ڕاوییە وەک سانییە سێ پەل شکاو**
**بێ تەواف و سەعیی و عومرە هەر بخەوم و هەر بخۆم**
**من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەی مەسئەلەن**
**عامیل و ناچار و مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم**
ل٧٣

نالی بێ مننەت و ژینی سـەربەرزی پیـاوی خـۆی دەوێ جا لە هەرکات و سـەردەمێک بووبێت، نالیش باش خۆی ناسـیــوە، مــرۆش تـا خـۆی نەناسێ لە دەوروبەر نـاگـا، بەسانایی خۆی دەدۆڕێنێ:

**شادمانی بێ وەفایە یاری تێری و مەستییە**
**یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم**
ل٧٤

ئەوەتە ئەوەی ناو دڵی بە ســەری زمــانی خــۆی دەیلێتەوە:

**خەوفی من لێرە لە بەر زۆری گوناهە یەک بەسەد**
**گەرچی عاسی و موزنیبم ئەمما موقیرڕ و بێ درۆم**
ل٧٤

نالی لەو جۆرە کەسانە بووە کە پێش سەردەمەکەی خۆی کـەوتووە، ئەفـراندن و داهێنانـەکـانی لە بـواری شیـعـر و باڵادەستی لە دنیای جوان و ڕەنگاوڕەنگی وشە و لێزانین و شارەزابوونی لە هونەرەکانی ئەو پیشـەیە جۆرە کێش و بەهایەکی تری بە شیـعـری کوردیمان بەخشیـوە کـە چێژ و خۆشییان لێ دەچۆڕێتەوە. نالی لە شیعرەکانیرا دیارە کە بابایەکی دنیـایی بووە و دنیـاشی زۆر خـۆشـویسـتـووە، هەرچەندە شارەزایانی نالیش دەزانن ئەو مەسافەی نێوان واقیعی ژیان و خەیاڵی شاعیرانەی هەروەکو (ئاسمان و ڕیسمان) بووە.

سۆفیگەری یا فەلسەفەی عیرفان مێژووەکی زۆر کۆنی هەیە، ڕۆڵ و دەوری گـرنـگ و فـرە لایەنی زۆر شــوێنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دنیـای داگـرتووە. (ڕاسـتی ئەوەیە کـە سـۆفـیـگەری ڕەوتێکی فـیکری تـاک نیـیـە، بەڵـکو کـۆمــەڵێک ڕەوتی فـرە جـۆرو ڕەنگاوڕەنگە)(٤). بۆ سۆفیگەری ئیسلامیش دەڵێن ژیان و گوزەرانی پێغەمبەر (د.) و هاوەڵەکانی، تادەگاتە تابعین لە زوهدو زاهیدیدا سـۆفی ڕاسـتـەقـینە ئاسا ڕۆژیان ئاواکردووە، پاش ئەو قۆناغـانە وەکو ڕێباز خەڵکانێک لە دەورەی یەک ئاڵاون و زۆر کەس و کـۆمـەڵە پەیڕەوی یاساو ڕێسا تازەکـانیـان

کـردووە. بە تەواویش تێکەڵ بە ژیانی هەمـەلایەنەی کـۆمـەڵ کـراوە (هەڵبـەتە مـیـراتی سـەرسـوڕهێنەری سۆفیگەری تەنیا تایبەت بە عیرفان و مەعریفەی ئەم دەستەیە نییە، بۆچوونەکانی سۆفیگەری کاری قووڵی کردۆتە سەر فەرهەنگ و ئاداب و پەندەکان و پەروەردەی موسڵمانەکانی جیهان لەوانە پەرەسەندنی بڵاوبوونەی بیـری «قـەناعـەت» و ڕازی بوون و «تەوەککول» و «تەسلیم» بوون کە وایکردووە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵات هۆگری «خاکساری» دەروێش سیفەتی بن، تاڕادەیەکی زۆر بە میراتی سۆفیگەری دەژمێردێت)(٥).

**بە نەهری کەوسەرو شیرو عەسەل چەند تینووە سۆفی**
**لەبی (نالی) دوو چەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە**
ل٩٧

نالی لە سەردەمانێک و ناوچەیەک ژیاوە لێوانلێو بووە لە ململانێی سیاسی و هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکەی سلێمانی، تەریقەتی (قادری، نەقشبەندی) کە بەشێوەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا بوونەتە بەشێک لە مێژووی ئەو شارە، ئەمانەو بێ لەو وردە ڕێبازو تەریقەتە بچووکانەو دەسەڵاتی بنەماڵە بە تواناکان و کێشمەکێش و ڕاکێشی کەسانی تر. سەرەنجام ئەمانە دەبن بەهۆی ڕاستەخۆ بۆ داتەپینی ژیانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی..تاد. شارێکی وەکو سلێمانی کە هێشتا فرچکی نەخواردبوو دەبێ چۆن چۆنی بەری ئەو هەمـوو ململانێ و ڕکەبەری ئەو هەمـوو بەرەبابانەی گـرتبێ. پاش ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکـان هەندێ لە ولاتانی ڕۆژئاوا ویستیبیان شوێن پێیان لەو ناوچەو دواتر لە کوردستان بکەنەوە. بۆیە ناوە ناوە پیاوانی خۆیان دەنارده ئەو ناوچانە بۆ کـۆکـردنەوەی زانیـاری و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی تریان. هەر لەو ساڵانە بووە بە هەر ناوێک بووبێت گەڕۆکەکان چوونەتە ئەو شارە تازەیەو بەو شێوەیە باسی شارو خەڵکەکەی دەکەن (تەنگ دەستی و بێ دەرامەتی و هەژاری، کەڵوەو خراپە و پیس و پۆخڵی سەرتاسەری شاری تەنیوە. خانووەکی باشت بەرچاو ناکـەوێت. هیچ کـەسـیش ، جـا چ دەوڵەمەندو ناودار بێت، یا خەڵکە ڕەشۆکەکەی ئەوەی ئارەزووی ڕاست و تەواوە نیـیـانە بۆ چاککردنەوە، یا دەست تێوەردانی خانووەکانیان، یا گۆڕینی شێوەکانیان، بۆیە دەبینین هەر کۆڵیتەو لەسەر کەلاوەو خەرابەی کۆنی پێشـوو دادەمـەزرێ کـە لە نارێکی و ناتەواوی و ناگوزووری نایەنە وەسفکردن)(٦).

میللەتی بێچارەو بەستەزمانی بێ سەرو سەردار، دوژمنی بە دەسەڵات و ستەمکارو فێڵباز شار وێران دەکەن و خانوو، باڵەخانە جوان و نوێکان دەکەنە کەلاوەو شوێن و هێلانەی بایەقووش و کوندەبەبۆ (اسبابی ئەو استیلاو تالانانەو ئەم تأدیبات و تخریباتە بە غیری نفاق و اختلافی بینی امرای بەبە شتێکی تر نەبوو، حرصی حکم و حاکمیت بە نوعی تأثیری تێ کردبوون کە ایتر هیچ غایەیەکی مشترک و قومی یان لە چاوا نەمابوو، و هرکامیکیان کە بە سوقی تصادف و طالع و یا بە جوهری خۆی بهاتایە موقعی حاکمیتەوە، خزم و کسوکاری دەس بەجی لێ ی ئەکـەوتنە خـو، یالشکری عـجم و یا کولەمنیان ئەکردن بکژاو دەریان ئەپەڕاند)(٧). ئەمانە هەڵسوکەوتی میر و دەسەڵاتدارانی کورد بن، دەبێ خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت بە چ کولەمەرگییەک ژیانیان بردبێتە سەر. ئەو مشەوەشییەی بە بەردەوامی سێبەری بەسەر شاردا کوتابێ و ڕۆژانە دووبارە بوونەوەی هەبێت دیارە بەشی دواکەوتنە لە ڕەوتی مێژوو، خۆ نەگونجاندن و بەرگە نەگرتنی ڕووداو و ئاستەنگەکانی سەردەمە. بۆ زیاتر چوونە ناو ڕووداوەکان و نیشاندانی کارەساتەکانی ئەو سەردەم و قۆناغە جەنجاڵ و پڕ لە گرێ کوێرەکان، لەم سەرچاوەیەش ئەم چەند دێڕە وەکو خۆی دەگوازینەوە (هەمیشە دووبەرەکی لەناو بابانەکاندا بووەو تیرەیەکیان پەنایان بردووەتە بەر دەوڵەتی عوسمانی و تیرەیەکی تریان پەنایان بردووەتە بەر دەوڵەتی ئێران و هەرکام سوپای یەکێ لەم دوو دەوڵەتەی هێناوە بۆ سەر خاکی بابان و وێرانی کردووە و خەڵکەکەی تووشی کوشتوبڕ کردووە و ماڵی هەزاران کەس سووتاوە و تالان کراوە و نامووسی گەلێ کەس پێشێل کراوە و هیچ میرێکی بابان چوار ساڵی بە سەقام گرتوویی نەبردووەتە سەر ژیانی خەڵکەکە مردن هەنگوینیان ژاری مار بووە)(٨).

**ئەگەرچی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەما**
**وەسیلەم تیبەیی حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە**
ل١٥٩

ژیانی سیاسی ڕۆژهەڵات بەگشتی و ناوچەکانی کوردەواری خۆمان بەتایبەتی لەو سەردەمانە یەکجار چارەنووسسازبووە، کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی جۆراو جۆر لە ڕکەبەری و ململانێیەکی بێ پسانەوەدا بوون، هەریەکەو لەژێرەوەش کاری خۆیان دەکرد بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکانیان و بەئەرزدادانی بەرامبەرەکەیان. هەر بۆیە ناوەناوە نەخشەکانی سەر زەوی گۆڕانکارییان تێدەکەوت. دیارە ڕۆژئاواش لەو گۆڕانکاری و ململانێیە دەستێکی باڵای هەبووە، زۆرجار بەئەنقەست دەستی لە کاروباری هەمەلایەنەی ناوچەکان و کوردستانیش وەردەدا، بە بەردەوامی و لەژێر ناو و ناتۆرەی جیاجیا پیاوەکانی خۆی ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکرد بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئیش و فەرمانە تایبەتییانەی پێیان سپێردرابوو لە شارەزابوونی ناوچەکان و نەخشەکانیان، هەڵسوکەوت و بیروباوەڕ، بۆچوونەکانیان، پاشان کڕینی ئەم و ئەو بۆ دوارۆژی چاوەڕوانکراوی خۆیان. لەو سەردەمانەش هەموو هۆکارەکان لەوانەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆن یەکیان گرتبوو بۆ دروست بوونی شەڕو کێشەو ململانێی نێوان هەردوو زلهێزەکەی ناوچەکە (عوسمانی و ئێرانی) لە چڵەپۆپەدا بوو، هەریەکە و لە ڕاستە خۆی هێزو دەسەڵاتیان بەم لاو ئەو لادا بڵاودەکردەوە. شەڕ و گێچەڵی ئەو دوولایەنەش هەرلەسەرحسێبی سووتان و تاڵان و کوژران و تێکدانی کوردستان تەواو دەبوو هەموو ئەو زلهێزانەش بە ئاشکراو بە دزی و لەژێر پەردەوە کاری خۆیان دەکرد بۆ لاواز کردن و دواتر نەهێشتن و سڕینەوەی بەرامبەر و ڕکەبەرەکانیان، بۆئەم مەبەستەش هەموو چەکێکیان بەکاردەهێنا، تا وای لێهات بۆ کورد ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بیروباوەڕیش بوون بە هەمان چەک و بەکار خران.

**(فاتیحە) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم**
**موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم**
**حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەوتی ڕوومەدا**
**تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم**

ل٧٢

بۆ وەڵام دانەوەی ئێمەو دەمکوت کردنی خەڵکانی تر نالی لە هەمان شیعر بەو دێڕە پاساو بۆ خۆی دەهێنێتەوە، هەموو گلەیی و گازاندەیەکیش ڕەت دەکاتەوە.

**کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕووموزی دەردی دڵ**
**ڕووڕەشی هەروەک دەوات و دووزمانی وەک قەڵەم**

تەریقەتی قادریش پایتەخت ئاسا گواستراییەوە بۆ ئەو شارە تازەیەی کە برایم پاشا لە ساڵی (١٧٨٤ز) لە نزیک گوندی مەڵکەندی دروستی کرد و ناوی نا سلێمانی. (بعضی خانوو مزگەوت و حمام و بازارو خانی دروست کرد)، (خلاصە ابراهیم پاشا بە دروست کردنی ئەو شارە یادگارێکی باش و بەردەوامی بۆ کورد بەجێ هێشت)(٩). شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٣٨ز)، مەلا و زانا و یەکە پیاوی بنەماڵەی بەرزنجییەکانە و ڕابەری تەریقەتی قادری بووە. شێخ مارف (تەریقەتی قادری لە مامی باوکی واتە شێخ عەلی دۆڵەپەمۆیی وەرگرتبوو، کە ئەویش لە شێخ ئیسماعیل قازانقایی وەرگرتبوو کە لە زاهیدی و خواناسیدا شوێنی دیارە)(١٠). شێخ مارف بە نووسینی کتێبی بە نرخ و دەرس وتنەوە شوێن پەنجەی دیاربوو لە پێگەیاندنی خوێندەوار و مەلا و زانای ئایینی (گەورەترین خانەوادەی شێخ بە ژمارەو بە دەسەڵاتترینیان ساداتی بەرزنجە یا سەیدەکانی بەرزنجە بوون... خانەوادەی ساداتی بەرزنجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە ڕابەرایەتی تەریقەتی قادری کردووە لە کوردستانی خوارووودا)(١١). شێخ مارف تەمەنێکی درێژی بەسەربردووە (لە ساڵی (١٧٥٢ز) لەدایک بووە،کە لە سەردەمی سلێمان پاشای گەورەی کوڕی خالید پاشای پێنجەمین میرنشینی بابان بووە، لە ساڵی (١٨٣٨ز) کۆچی دوایی کردووە، کە دەکاتە سەرەتای میرنشینی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا، واتە سەردەمی دوا میری میرنشینی بابانی بینیوە، بەم پێیە سەردەمی (١٣) ئەمیری دیوە، کە (٢٩) جار میرنیشنییان لە میرنیشینییەکەدا کردووە)(١٢).

مەلا خالید (١٧٧٩-١٨٢٦ز)، کە پاشان بوو بە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی). مەولانا جافە و لە تیرەی میکایلییە و لە ناوچەی قەرەداغ لەدایک بووە شیعری بەکوردی و فارسی نووسیوە. مەولانا یەکێک بووە لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی چۆتە هیندستان و لە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی و لە سەردەستی

ئەو تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە. پاش تەواو بوونی ڕێوڕەسمی وەرگرتنی تەریقەت (مەولانا ئەکەوێتە ڕێ بێتەوە کوردستان. شاه عەبدوڵلا بەخۆی و مریدەکانی تا ماوەی چوار میل بە ڕێی ئەکەن و پێشی ئەفەرمووێت یەکێ لە ئەولیای گەورە لە شارێ لەم هیندستانەدا هەیە برۆ زیارەتی بکە. کە گەیشتیشیتەوە سولەیمانی برۆ زیارەتی ئارامگای حەزرەتی غەوث بکە لەبەغدا)(١٣). ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ لێهاتوویی و زیرەکی مەولانا بووە، کە توانیویەتی بە تەواوی سەرنجی شاە عەبدوڵلای دەهلەوی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ببێ بە جێی متمانەی ئەو، هەر بۆیە مەولانا هەرچی ویستووە ئەو بە زیادەوە پێی بەخشیوە (ئەنجا شاه عەبدوڵلا ئەپرسێت: ئیتر چیت ئەوێ؟ مەولاناش ئەفەرمووێ: دینم ئەوێ دنیایشم ئەوێ بۆ بەهێز بوونی دین. شاه عەبدوڵلا ئەفەرمووێت "برو همه رابشما دادم" واتە: برۆ، وا هەموویم دایتێ)(١٤). مەولانا بە خۆی و تەریقەتە نوێ کراوەکەی (مجددی) نەقشبەندی لە ساڵی (١٨١٠ز) گەڕاوەتەوە سلێمانی و (دەست ئەکا بە ئیرشاد و ڕێگا پیشاندانی موسڵمانان و پیاوانی کارامەو ڕاستی پەرست لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتی ئیسلامەوە ڕوو ئەکەنە سولەیمانی بۆ وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی مەولانادا و بۆ کەڵک وەرگرتن لە زانست و ڕوحانییەتی)(١٥). ئەم زانیارییانە ئەوە دەسەلمێنن کە سلێمانی و دەوروبەری زەمینەیەکی خۆش بوونە بۆ وەرگرتن و قبووڵ کردنی ئەو تەریقەتە تازەیە و پاشانیش تا هاتووە جوگرافیای جغزەکە بڵاو و فرەوانتر بووە (کەسی تری وەک مەولانا لەناو پیرانی تەریقەتدا هەڵنەکەوتووە ئەو هەموو مەنسووبەی لە ریزی مەلا پایەبەرزەکاندا بێ)(١٦).

تەریقەتی قادری بە ڕابەرایەتی شێخ مارفی نۆدێی لە مێژ بوو ڕەگوڕیشەی لەناو خەڵک و بەم لاو ئەولادا بڵاوبۆوە. سککەو ڕێبازی خۆی وەرگرتبوو، کە مەولاناش بەو گڕو تینە، بەو هێزو ئاستە هاتە مەیدان، ئەویش وەکو ڕابەر و تەریقەتی تازە پێویستییان بە تەقینەوەو دەنگدانەوە هەبووە لەوەی لەناو شارو دەوروبەری دەست بە جموجۆڵی خۆیان بکەن و زۆرترین ژمارە لەژێر یاساو ڕێساکانی خۆیان کۆبکەنەوە- شاریش تازە دروست کراوەو بچووکە و هێشتا بای ئەوەندە گەشەی نەکردووە بتوانێ دوو ڕابەر و دوو تەریقەت لەسەر یەک سفرە کۆبکاتەوە - ئەوە بوو ناو و ناوبانگی مەولانا و تەریقەتەکەی وەکو بورکانێکی زۆر بەجۆش تەقینەوە (بەهێزترین زەبر کە خانەوادەی ساداتی بەرزنجی چێشتبێتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بوو و پەیوەندی بە زێدە بوون و گەورە بوونی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بووە)(١٧). دیارە ناحەز و دڵڕەش و هەلپەرست و دوژمنانی کوردیش لە خوایان دەوێ هەلی وا بقۆزنەوە، تێکچڕژانی بەرژەوەندییەکان و هەبوونی ئەو زەمینە خۆشەی هەبووە لای ئەو کەسانەی کە لەوانە نەبوون (سوودو قازانجیان لەگەڵ بوونی مەولانادا لە سولەیمانی یەک نەکەوتووە ئەبن بە ناحەزی و دەست ئەکەن بە قسە بڵاوکردنەوە لە دژی گەلێ شتی ناڕەوا و نادروست بە دەمییەوە هەڵئەبەستن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم جۆرە قسانە ڕوو لە زیادی و زۆر بوون ئەبێ) (١٨). ئەمەو گەلێ شتی تر هەموویان پێکەوە بوون بەهۆی ئەوەی سەر لە بەیانی (٢٥ تشرینی یەکەم، شێخ خالیدی بەناوبانگ هەڵات و هەڵاتنەکەشی کتوپڕ و بە هێمنی بووە هەر چوار ژنەکانیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە و تا ئێستاش نازانرێت ڕووی لەکام لا کردووە پێش چەند ڕۆژێک کوردەکان پلەوپایەی ئەویان بە بەرز و باڵاتر دەزانی لە پلەوپایەی عەبدولقادر "واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی" پاشا بەرامبەری دەوەستاو قەلنەکەی بۆ پڕ دەکرد کە ئەمە " شتێکی زۆر سادە و باو بوو" کەچی ئەمڕۆ بەگاور و گومڕا ناوی دەبەن، قسەو قسەڵۆکەکان دووبارە دەکەنەوە کە باس لە سەرپێچی و بێ باوەڕی و بێ دینی ئەو دەکەن) (١٩). دیارە ئەم سەفەر و دەرچوونەی مەولانا بۆ شاری بەغدا بووە، ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و لەوێش نارەحەت دەبێت و بەرەو شام ڕێگا دەگرێتەبەر، پاشماوەیەک لە(١٨٢٦ز) بە نەخۆشی تاعوون گیانی پاکی بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە و لە قاسیون دەینێژن.

**کە مەیلت بۆ عیبادەت بێ چ فەوقانی چ تەحتانی**
**کە حوبت بۆ سیادەت بێ چ بەرزنجی چ باراوی**

ل١٦٢

ئەو هەموو هەراو کێشمەکێشانە لە شارێکی بچووکی وەکو ئەوسای سلێمانی ڕوویان داوە، کە نالیش وەکو خوێندەوارو ڕۆشنفکرێک بەشێک بووە لەو ڕووداوانە.

هەر بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین نالی لەو ڕووداوانەی شارو دەوروبەری سەردەمی خۆی بێ ئاگاو کەنارگیر نەبووە، بە چاوێکی تیژ تەماشاو بە بیرێکی وردو کراوە هەڵگێرو وەرگێڕی ڕووداوو بەسەرهاتە گەورە بچووکەکانی کردووە.

گوێی بۆ زۆر شت و بابەت شل کردووە و بە چاویش ئەوەی بینیوە دواتر زۆر وردو لێزانانە باشیانی دەورکردوونەتەوە. ئیشارەو هێما بۆ ئەم بابەتانە لە دێڕە شیعرەکانی یەکجار زۆرە، بەڵام هێشتا سیحرو تەلیسمی ئەو دێڕانە نەشکاون و نە بەتاڵیش کراون، هەندێ دێڕ نەبێت کە زۆر بە زەقی واتاو گوزارەکانیان دیارو ئاشکران، ئەگەرنا ئەوانی تر زۆر سرکن و هەر ئاوا بە سانایی دەستەمۆ نابن.

ئایا هەست و نەستی نالی، یا دڵ و دەروونی پڕ نەبوون لەو کارەساتە دڵ تەزێنانەی لە سەردەمی ئەو ڕوویانداوە؟ ئەو کارەساتانەی هیچ ویژدانێک پێی قبووڵ ناکرێت، کە هۆش و بیر دەتاسێنن و دڵ و دەروونیش دەتوێننەوە لە زۆر دێڕەکانیدا هەر ئەو واقیعە تاڵانە دووبارەو بە شێوەی تر بە ڕتووشکراوی وێنەو ڕەسمیان کێشراوە (بابەتی ئەدەب جیهانە، واتە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، یا پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بابەتییە، بابەتی ڕەخنەش دیسان هەر مرۆڤە. چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی وەربگریت وێنەی هەمان مرۆڤ لەناو دەقە ئەدەبییەکە کێشراوە)(٢٠).

**بە زاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەموو دەردان**
**کە (نالی) گەر بناڵێنێ ئەمیش نەشئەو سوورووڕێکە**

ل٩٨

ئەو زانین و زانیارییانەی نالی لەمەڕ دەروێشی و سۆفیگەری بە دەستی هێناوەو هەیبووە، پاشان وەک بابەتی شیعری لە دێڕەکان تەوزیفی کردوون لە سێ سەرچاوەوە هەڵقوڵاون و وەرگیراون:

١- شاری سلێمانی: نالی هەر لە منداڵییەوە گوێچکەکانی پڕ بوون لە وشەو زاراوەی وەک: قادری، نەقشی، شێخ، بەرزنجە، مەولانا، دەروێش، سۆفی، تەکیە، خانەقا، تەریقەت، تۆبە، عاریف، سالیک، خەڵوە، زیکر، حەڵقە. بێ لەو باس و سەرگوزشتەو حەقایەتانەی باس لە غەیبیات و کەرامەت و بەهەشت و دۆزەخ و گەورە پیاوانی ئەو بوارانە دەکەن، پێشتر لە زێدی بوونی دواتر لەو گەڕان و سوورانەی وەکو فەقێیەک ئەم مزگەفت و ئەو مزگەفتی کردووە، تا ئەوەی لە شاری سلێمانی گیرساوەتەوە.

**سەیرێکی خۆش لە چیمەنی نێو خانەقا بکە**
**ئایا ڕەبیعی ئاهووە یا چایەری سوتوور**
**مەیلێ بکە بە سەوزە درەختانی مەدرەسە**
**ئەوراقییان موقەددیمەی شینە یانە سوور**

ل١٤٣

ئەو کاتە و ماوە نادیارەی ژیانی نالی لە سلێمانی و بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی لە خانەقاکەی مەولانای بەسەربردووە، دوو لایەنی گرنگمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

**لایەنی یەکەم:** لە نزیکەوە ئاگادارو شارەزا بوونی ڕەوتی سۆفیگەری. ئەویش چ بە خوێندنەوە بێت، یا بە بینین و بیستن کە ئەمانە بوون بەو زەخیرە زۆرە وەکو زانیاری لەو دنیایە لەلای کەڵەکە بوو بوو، گفتوگۆو لێکدانەوەو لەسەر وەستانی ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەن کە لە بۆنە گشتی و تایبەتییەکاندا ڕۆژانە و بە بەردەوامی لە تەکیە و خانەقاکاندا ئەنجام دەدران پەیوەندی ڕاستەخۆیان بەو ڕێوڕەسمانە هەبووە لە وێرد و دوعا خوێندن، حەڵقەی زیکر و تەهلیلە، خەڵوەکردن و.... تاد. ئەو سەردەمانە شاری سلێمانی پڕ بووە لەو جموجۆڵانە و خەڵکانێکیش لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووە، کە ئەمانەش زەمینەیان خۆش کردووە لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان و سەقامگیر بوونیان.

**لایەنی دووەم:** نالی لەنزیکەوەو بەچاوی خۆی هەموو ئەو کێشەو ململانێ و ڕکەبەرییەی بینیوە کە لە نێوان هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکە دەمێک بوو ڕەگوڕیشەیان داکوتابوو.

٢- خوێندنەوەی ئەو دەستنووس و کتێب و نامەو بابەتانەی لەسەر سۆفیگەری یا فەلسەفەی عیرفان نووسراون، کە باس لە ژیان و مێژوو، یا خاڵە گرنگەکانی ئەو ناوانە دەکەن کە بوونەتە ڕەمزو هێمای پرشنگدار بۆ

ئەو ڕێبـازانە، بەتایبـەتیش ئەو خـالانەی کـە بە خـودی تەریقەتەوە بەندن لە کەرامەت و حاڵ و مەقامەکان و ... تاد.

خوێندنی حوجرەو گفتوگۆی کۆڕی شەوانە و گەشت و گەڕانی فەقێ و موستەعیدەکانی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی باشیـان بینیـوە بۆ زیاتر شارەزا بوون و دەست خستنی زانیـاری لەم بوارەدا، کە ئەو کاتانە خانەقاو تەکیـەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبووەو زۆر لە گـۆڕانکارییـەکـان و بڕیارە گـرنگەکـان هەر لەو شـوێنانە دەردەچوون و کـاریان پێـدەکـرا. خـوێندنەوەی سەرچاوەکانی سۆفیگەریش هەردوو ڕووەکەی گرتۆتەوە، واتە ئەو نووسـینانەی لەسـەری نووسـراون و ئەوانەی لە دژی.

٣- نالی چ وەک خوێندەوارو ڕۆشنبیری سەردەمەکەی، یا چ وەکـو شـاعـیـرێک ئاگـاداری دنیـای شـاعـیـران و بەرهەمـەکـانیـان بووە. جا چ شاعـیـرانی کـوردسـتـان بن یاخـود دەرەوەی، بەتایبـەتیش شـاعـیـرانی فـارس، ئەدەبیـاتی زمـانی فـارسی دەمـێکە بەشـێک بووە لەو پرۆگرامـەی کە مێـژوویەکی زۆرکۆنی لە ڕەوت و یاسای خوێندنی حوجرە تۆمار کردووە، ئەو منداڵە کوردەی لەبەر خوێندن دادەنرا پاش مـاوەیەک کـە فـێـرە خوێندن دەبوو، چوار یا پێنج جزمی تەواو دەکرد، مامۆستاکەی (قورئانی ئەدا بەدەستـەوە، کە لە قورئان ئەبووەوە کتێبی وردەڵەی وەکو "سمایل نامه"و "ناگهان"، "ای شده"، "ڕۆڵە بزانی" بۆ ئەنووسیـەوەو ئەیدایە.کە لە ئەمـانە ئەبووەوە کـتێبی "گلستان" و "بوستان"ی ئەدایە. بەم جۆرە فێری قورئان و فــارسی و هەندێ کــوردی ئەبوو) (٢١). بڕینی ئەو قـۆناغـانەی خـوێندن، یا بە خـاوەن بوونی ئەو هەمــوو زانیاری و زانست و ڕۆشنبیرییەش دیارە کاتێکی زۆری ویسـتـووە، بۆ (تەواوکـردنی خـوێندن و بە دەست هێنانی بڕوانامەی زانستی دەبا قوتابی کورد لە بیست ساڵ زیاتر لە نێـوان قـوتابخـانەکـاندا بسـووڕێتـەوە) (٢٢). نیشاندانی شێوازی خوێندنی کۆنی حوجرەو تەواوکردنی هەر بۆ ئەوە بوو بزانین زمـــانی عـــەرەبی و فـــارسی زانینەکـەی نالی سـەرەتاو بناغـەیەکی یەکـجار پتـەوی هەبووە، هەر بەو ڕێگایە ئەدەبیات و بەتایبەتیش شیعری هەردوو نەتەوەکـەی هەرس کـردووەو بە تێگەیشـتـنەوە دەوریانی کـردۆتەوە. لەژێر هەر کـاریگەرییـەکـەوە بێت. سـەرەنجـام گـەیشـتـووە بەو تەنزو توانج و گلەییـانەی لە ڕووە تاریک و ناڕێکەکـانی ژیانی شـێخ و سـۆفی و دەروێش و زاهیـدو واعـیـز کـراوە، هەر لەبەر ئەوەی هەندێـک لەمـانـە ناوە ناوە، یا بە بەردەوامی ڕێبـاز و تەریقـەتەکـانیـان، یا شـوێن و ناونیـشـانەکـانیـان بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی و کەیف و سەیفی خۆشی ژیان و گوزەرانی خۆیان بەکارهێناوە بەرامبەر بە چەواشە کردن و لە خشتەبردن و چەوساندنەوەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاری ناو کۆمەڵ.

ئەم کارە کرێتانەی ئەمان لای شاعیران قووت نەدراوە، زۆر بە چاکی باس کـراوە، هەمـوو لایەنەکـانیـان شـرۆڤـە کردووەو پێش چاویشـیـان خسـتـووە، زۆر جارانیش کـارو سـیـفـەتەکـانیـان ڕازاندراوەتەوەو ڕەنگاوڕەنگ کـراوە، ئینجا وەکو وێنەیەکی هونەری فۆتۆگرافی نیشان دراون. ئەم هەڵسوکەوتانەی ئەمـان وەکـو بنێشـتـە خـۆشـەی ژێر ددانیـان لێـهـاتووە بەتایبـەتیش لە ئەدەبیـاتی فـارسی و دیوانە شـیـعرەکـانیـان ئەو گلەیی و گازاندانە و بە خراپ باسکردنیان زۆر باو و گشتی بووە، ئەو جۆرە شیعرانەش لە کـۆڕو کـۆبوونەوە تایبـەتیـیـەکـان خـوێندراونەتەوەو دەمەتەقەو گفـتوگۆشیـان لەسەر کراوە. لە بابەت وێنەی هونەری شـیــعـری، یا بەکـارهێنانی زاراوە، زۆری بۆ گـوتراوە، لەبەر ئەو مـاوە درێژ و بەردەوامـەی هەیەتی، لێکیشیـان خواستووە یا وەرگیـراون. ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ ئەم کـارانەش جار جارە وەکـو لاسـایی کـردنەوەو تەقلیـدێک، یا چاولێکەری لەنێـوان شـاعـیـراندا پەیڕەو کراوە.

ئەم بەرەنگار بوونەوە و هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بە کـەسـانێکی خـۆپەرست و مـشـەخۆر دەمـێکە لە دنیـای شـیـعـرو شـاعـیـریدا بەڕێوەچووە، نالیش وەک هەر شاعیرێکی خاوەن پەیام توانیویەتی پەنجەی لەسەر برین و دەردە کۆمەڵایەتییەکان دابنێ و وەکو حەکیمێکیش بۆ چارەســەری هەوڵی بەردەوامی داوە. بە تەنزو وێنەی کـاریکاتێری توانج و بەردەپلووکە و تەعلیـقـەکـانی خۆی تۆمـار کـردووە، ئەوەی ویسـتـوویەتی بیـڵێ بەبێ ترس هەمـووی ڕاگـەیاندووەو لە دێڕە شـیـعـرەکـانی ڕەنگیـان داوەتەوە.

**سۆفی کە گرانبارە، بێ مەغزو سەبوکبارە**

**سووف پۆشی غەمی بارە، ئەو باری لەکن پەشمە**
ل١٠١

ئەوەی لە شیعرە دەروێشیزمەکانی نالی تێبینی دەکرێ، ئەو هەر بەگشتی کارو سیفەتە خراپەکانی دەروێشی ڕەتکردۆتەوە. باسی لە شتە پەیوەندارەکانی ئەو بوارە کردووە کە ئەو بە چاوو بیری تیژەوە تێیان ڕاماوەو ڕاست و چەوت، باش و خراپ، تەواوو ناتەواو لێک هەڵبوێرێ. ئەویش یەکەم شاعیرە لە وڵاتی سلێمانی بەو گرو تینە بێتە مەیدان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین (بەناو) ناوی هیچ کەس و بنەماڵەو لایەنێکی بە ئاشکرا نەهێناوەو بە هیچ جۆر پەنجەی بۆ درێژ نەکردوون و هیچ هێمایەکیشیان ئاراستە نەکراوە. واتە ئەو هەر بەگشتی ناوە گشتییەکانی هێناوەو بەس.

**ئەی واعیزی بارید چییە هەر وەک هەرەسی کێو**
**بەو وەعزە کە بایە هەموو هاتوویی بەسەرما**
ل١٠٥

ئێمە ئەو جۆرە ناو هێنانە بەهۆیەکی سەرەکی دەزانین، کە شاعیرانی کوردو بیانی هەر لەبەر خاتری ئەو گشتگیرییە ئەم کارەیان لێ قبووڵ کراوە، ئەگەرنا وەک دەڵێن، کار لەکار دەترازاو ئەو ململانێیەی نێوان ئەوان و شاعیران جۆرە ڕێچکەیەکی تری بەخۆوە دەگرت. هەر لەو ڕووەوە چاوپۆشییش لە نالی کراوە لەوەی بە دێڕە شیعرەکانی دەری بڕیون، ئەوانیش بای ئەوەندەی دەسەڵات و هێزیان هەبووە بتوانن ڕاستەو ڕاست وەڵام و بەرپەرچی هەر شاعیرێک بدەنەوە. بە پێچەوانەی ئەم هەڵوێستانە دەبوو شاعیر (خۆی باوێتە سەر چەقۆ) وەک ئەوەی حاجی قادری کۆیی کردی، حاجی بەناوهێنان هەڵوێستی خۆی دەربڕی و بە زیادەوەش پێی لەسەر داگرت، لە سەنگەری دژ وەستاو ئەوەی ئەو کردی هەر ئەو بیکا، شیعرەکانی باشترین نموونەن گەواهی بدەن لەو ڕووەوە.

**پێی دەڵێن حیلەبازو کەززابە**
**شێخ (نەبی) خاریجە لە ئەم بابە**
**خانەقاو شێخ و تەکیەکان یەکسەر**
**پێم بڵێن: نەفعیان چیە ئاخر**

لە شوێنێکی تریش حاجی دەڵێ:

**لە عەهدی کەر (نەبی) تا دەوری (گا کوێر)**
**لەگوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر (٢٣)**

سەرەنجام حاجی قادر گومرگی ئەو ناوهێنانەی دا بەوەی ژیان لە غوربەت و دووره وڵاتی بەسەر ببا و پاشانیش هەر لەوێ سەرینێتەوە. هەبوون و دروست بوونی ئەو دووڕیانییەی نێوان شەریعەت و تەریقەتیش هەمان شتە. دەتوانین بۆ ئەو خۆکرکردن و بێدەنگی و چاوپۆشییەی بگەڕێنینەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگەو ناشێ فەرامۆش بکرێ.

**بێ مەعریفەت مەبە لە تەریقی حەقیقەتا**
**سەر مەنزیلی شەریعەتە جێگەی سەلامەتی(٢٤)**

ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی تاکە بوارو پردە لەنێوان نووسەرو بەرامبەرەکەی (گوێگر، خوێنەر) کە بە شێوازی پتەوو ئاهەنگی خۆش، ترپەو ئاوازی ڕەنگاو ڕەنگ بتوانێ گری سۆزو خەون و خەیاڵی بەرزەفڕ لە بیرێکی جوان و قەشەنگ لێواولێوبێت لە کارە دژو دژوارو نامۆکانی ڕۆژانەو لە بەرگێکی تازە پێشکێش بەکۆمەڵ و دەوروبەری بکاتەوە، جۆرێکیش لە تێکەڵبوون و توانەوە دروست دەبێ بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت نەمری و جاویدانی لێ بە دەست دێت، کە ئەویش بەشێکە لەو نەمرییە بەردەوامەی کە نووسەر یا شاعیرەکە پێی گەیشتووە، ئەو نەمرییەش ئەو مرۆڤە لە باوەش دەگرێت کە بتوانێ پەیام و عیشق و پەیوەندییە ڕۆحییەکانی ناو کۆمەڵ پڕو لێواو لێو کات بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی خودی ئەدەب لە سۆز و ئەندێشە، بیرو شێوە.

**زاهیرو باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**
**ئاشنای سرری قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما**
ل٤٣

**تەواو بوو ئینتیخابی شیعری (نالی)**
**لە تازەو کۆنە هەرچی بووبێ نووسیم**
ل٧٥

# لیریکای نیزامی گەنجەویی و کورد

عادل محەمەد پوور
(مەریوان)

**دەسپێک**

پلات فۆڕمی ئەم وتارە، یادداشتەکانی ئەو دەمانەیە کە خوێندکاری خولی ماستەری ئەدەبیاتی فارسی بووم و نیزامی گەنجەویم (یا ٦١٤- ٦١٣/ ٥٣٥ک م) دەخوێند. ئەو کاتانە بەخوێندنەوەی دەقەکانی نیزامی هەستم بەوەی دەکرد کە ڕۆحێکی کوردانە لە فۆرماسیۆنی هۆنراوەکانیدا هەڵدەقوڵێ. لەم دانوساندنەدا، جاروبار تووشی هەندێ واژە و دەستەواژە و لێکدراوەی کوردی دەهاتم و لە پەراوێزی کتێبەکەدا دەمنووسینەوە. ئەم توخمە کوردییانە وایان لێکردم زۆرتر لەسەر دۆزەکە دراسە و ڕاژەی ئەدەبی بکەم و بە پێوەندانگی لۆژیکی شیکاری بەکگراوندی راستەکی جەوهەرە زمانییەکە و پرەنسیپەکانی کوردبوونی ئەم شاعیرە فارسی بێژە پەڕەناو و هەڵاوێرد بکەم. لەو بارەوە هەندێ سەرچاوەم پشکنی کە لەسەر هزری هونەری و ژیانی ئەم شاعیرە، شیکاری و لێکۆڵینەوەیان کردبوو. بە وردی دەمخوێندنەوە و بۆچوونەکانم یادداشت دەکرد. بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە کە بڕێکیان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو بۆ (ئەکدەش)ی بوونی نیزامی- واتە دوو ڕەگەبوونی کورد و تورک- هەر کام بۆچوونێکی تایبەتیان هەبوو. (دوکتۆر زەڕین کوب) لە «پیر گنجە درجستجوی ناکجا آباد» و دوکتۆر بێهرۆزی سەروەتیان لە «آیینە غیب نظامی گنجەیی»دا، پێداگری لەسەر کاردانەوەی ڕۆحی زوانی دایکی (ڕەییسەی کورد) لەسەر دەقەکانی ئەو پێنج دەفتەرە شیعریە (خەمسەی نیزامی) دەکەن بەتایبەت لە تێکستی «لەیلێ و مەجنوون»دا. تەنانەت پێیان وایە، کە نیزامی بە شانازییەوە ناو

لەدایکی و بنەماڵەکەی و خاڵە عومەر وەک دەسەڵاتدارێکی تۆکمە و ئەشراف و سەرناس دەبات و لە لەیلێ و مەجنووندا شینیان بۆ دەگێڕێ، بەڵام هەر بەو ڕیتم و هەست و سۆزەوە ناو لەباوکی و بنەماڵەکەی نابات، تەنیا بە ڕواڵەت باسیان دەکات و زوویش دەیخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە.

بەڵام کەسێکی وەک «ر. آزادە» لە کتێبی «شرح زندگی و هنر نظامی گنجوی، انتشارات اکادمی علوم باکو، ۱۹۷۹.م» دا دەمارگیرانە، پێداگری لەسەر «ڕۆحی ترکانە»ی نیزامی دەکات کە گوایێ ئەمە شای ئەخستان بووە کە نیزامی هانداوە، کە بە زمانی پارسی شیعر بڵێت و بۆ چەسپاندنی وتەکەی پەنا دەباتە ئەم دێڕە شیعریە:

**ترکی صفت وفای مانیست**

**ترکانه سخن سزای مانیست.** (۱) (لیلی و مجنون، ۵/۳۵)

لە ڕاڤەی ئەم دێڕەدا، دوکتۆر سەروەتیان، پێی وایە کە «ترکانە سخن» ڕۆحی ترکانە «نییە، بەڵکو یانی» واچەی «سخن»ی ترکانەیە. «لێکدانەوەی واتایی دێڕەکە، ئاوایە: «ئەخستان شا داوای داهێنانی چیرۆکی لەیلێ و مەجنوون لە نیزامی دەکا و نیزامی بە مەترسییەوە چارەنووسی فیردەوسی دەخاتە بەرچاو بە نموونە دەیهێنێتەوە کە گوایێ سوڵتان مەحموود غەدری لێکردووە. ئەویش دەترسێ غەدری لێبکرێ. شا دەڵێ: بزانە، وەفای ئێمە وەک سفەتی ترکی نییە- ئێمە وەک مەحموودی غەزنەوی بێ وەفا نین و تۆیش- نیزامی- وەک فیردەوسی نیت کە لە مافی خۆی بێ بەش بوو، بێ بەش بیت. ئێمە (سخن ترکانە)- واتە وتەی پاڵەوانی و ڕەزمی-مان ناوێ، بەڵکو داوای هۆنراوەی بەزمی و لیریکا (Love lyric)ی- لەیلێ و مەجنوون- دەکەین». (۲)

بۆیە کاتێ نووسەری ئەم وتارە لەم پارادۆکسە و دژە بۆچوونانە، کەڵک وەردەگرێ و سوور دەبێ لە سەرپێداگری کوردبوونی نیزامی و ڕەنگدانەوەی ڕۆحی زمانی دایکی لەم ئەدەبە دەستەبژێر و شاکارە جیهانییەدا. هەرچەند نیزامی ئەو پێنج دەفتەرەی بە زمانی فارسی نووسیوە، بە ڕاڤەکاری و شیکاری ئەو

**نیزامی بە شانازییەوە ناو لە دایکی و خاڵە عومەر وەک ئەشراف و سەرناس دەبات**

بەرهەمانە، وێڕای باری ئەدەبی دۆزەکە، هەندێ لایەنی مێژوویی گەلی کورد و دەسەڵاتدارێتی ئەم نەتەوە ڕوون دەکرێتەوە. دەلوێ شارەزایانی مێژوو، لەم سووژە کەڵک وەربگرن و بەرگێکی تری زێڕین بە مێژووی نەتەوەیی گەلەکەمان موتوربە بکرێ.

بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیانە کە لەم بارەوە نووسراون و ڕۆچوون بە ناواخنی دەقەکانی نیزامیدا (بە تایبەت لەیلێ و مەجنوون) تا ڕادەیەک توانیومانە ئەو ڕۆحە نەسرەوتە کوردانەی نیزامی و بنەماڵەکەی و بەرگێک لە مێژووی کورد لەو سەردەمەدا کە تۆزێ بێوەفایی ڕۆژگار، شەمزاندبووی، نیشان بدەین.

## دیمۆگرافی شاری گەنجە
## (نێوان سەدەکانی ۳ تا ۶ی کۆچی مانگی)

شاری «گەنجە» کە زێدی شاعیر بووە، دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕووباری ئەرەس لە ویلایەتی «ئەران».

ئەران دەڤەرێکی ڕازاوەو سەرسەوز و پڕ داهات کە پانتایی نێوان ئەرەس تا ڕووباری «کور» دەگرێتە خۆی. هەر لە مێژە ئەم ناوچە دەبێتە دونگەی تۆبەکاران و خوادۆزان و جیهانگەرانی توندڕۆ و دەمار گیری موسوڵمان. بۆ ئەوەی گەنجە لەسەر سنووری بەشێک لە دنیای ئیسلام و دنیای خاچ پەرستیدا واقیع دەبێ، لە هەر ئاقارێکی ئیسلامییەوە، لە کورد و تورک و عەرەب و.. لەم دەڤەرەدا بۆ پاراستنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و بەشداری لە جیهادی ئیسلامی، گلێر دەبنەوە. لەم سەروبەندەدا کە ویلایەتی فەلەستین و شام و میسر کەوتبوونە ژێر تازیانەی شاڵاوی دنیای خاچ پەرستییەوە، لە ئەراندا بە چۆڵەختێی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات- بیزانس- مەسیحییەکانی ڕووس و گورجی و ئەرمەن پەیتا پەیتا لەژێر تەنگەتاو و پاڵەپەستۆک و ڕووکردی دەمارگیرانەی ئاییندا، پەلاماری گەنجەو شمکوور و بەیلەقان و بردەع و تفلیس دەدرا و وێڕای کوشتن و بڕینی دانیشتوان، ماڵ و سامانیان تاڵان دەکرا. لە ئاوەها کەش و هەوا و ئەتمۆسفێرێکی کۆمەڵایەتی و دینی و فەزایەکی ئاڵۆسکاودا، سەرقاڵبوون بە وتنەوەی چیرۆکی کۆن و عاشقانە و غەنایی کە بە چیرۆکی گاوران و ئاورپەرستان و لادینان ناو دەبرا دۆزێکی دژبەر و هەڵوێستێکی ناتەبا

و رووکـردێکی پەسـەندنەکـراو، دەدرایە قـەڵەم. بەڵام نیـزامی بە پێـچەوانەی ئاوەها فـەزایەک، دەسـتی دایە نەریتشکێنی و شتی جیاواز وتنەوە، کە بتوانێ زاڵ بێ بەسـەر ئەم دابە کـۆن و رزیوەدا. سـروشـتی بوو کـە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لەرزۆک و پۆپۆلیستی ئەو مەودا زەمەنیەدا، شاعیر بەلایەنگری وتنەوەی ئەفسانەی زەند و زەردەشت و پەریان و نەریتی کـۆنی مـوغـان و تەنانەت نائەخلاقی و دزێو... تۆمەتبار دەکرا. بەڵام هەر کـات کـە شـیـعرەکـانی بۆ جـەمـاوەر دەخـوێندەوە، وەک شیـعرەکـانی «سۆفۆکلس» کـە لە دادگـای ئاتندا لەسـەر نەیاران و دژبەران و رەخنەگران، کاردانەوەی باشی هەبوو و تەسدیقی هونەرەکەیان دەکرد، ئەوانیش سەری کرنووش و هەستی ئەرێنییان بۆ هونەرەکەی نیزامی دادەنەواند.

«کـورد، دەیلەم، تورک و عـەرەب لە چوار قـوڕنەوە بۆ بەشـداری بە قـەولی خـۆیان «جـیـهـاد» خـزابوونە ئەم شارەوە. هەموو جۆرێ ئاکار و سەلیقە و داب و نەریتی تەنانەت دزێو و سـەرسـوڕهێنەریان لەگـەڵ خـۆیاندا هێنابوو، هەندێکیـان هەڵگری ڕق و کـینەی دێرین لە هەمبەر یەکتر بوون. ڕێژەی کوردەکان لە چاو نەتەوەکانی دی، دەرکەوتی پتر بوو، تەنانەت لە دەسەڵاتی سیاسی و فـەرهەنگی و کۆمـەڵایەتیـدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، لە سیاسەتوانی و ولایەتداریدا، هەموویان بۆ کورد پیـازیان پاک دەکـرد و لەژێر سـێـبـەری ئەواندا بوون. ئەران یانێ جێگای ئاریاییەکان و کەسانێک زمانیان ئاریایی بوو، یانێ زۆرتر مـەبەست کـوردەکـان و زمـانی کـۆنی ئازەری بوو- نەترکی- کە خۆی لە حەوزەی زمانەوانیدا باسێکی تری جیاوازە.» (٣)

## مێژووی دەسەڵاتداریێتی کورد لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ئەبخاز و...

نیـــزامی لە (هفت پیکر و شـــرفنامـــە)دا وێڕای تۆمارکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی ئاماژەی بە هەندێ چەمکی مێژوویی بەتایبەت مێژووی ئەسکەندەر کردووە. بە بۆچوونی ئەو لەو کـاتەدا، ولایەتی ئەبخاز و گەنجە و ئالان و ئەراگ و دەربەند و... هەموویان سەر بە وڵاتی ئێران بوون. نیزامی دەڵێ: لە ویلایەتی ئەبخازدا، کوردێکی بە ڕەچەڵەک مـادی بەناو دەوالبی، دەسەڵاتدار بووەو هەمـوو ئەرمـەنسـتـانیش لەژێر سـوڵتـەی ئەم سـەرۆکـەدا بووە و زۆریش ئازا و بوێر و هەڵکەوتە و ڕۆستەم ئاسا، بووە:

**در ابخاز کردیست مادی نژد**
**که از رزم رستم نیارد به یاد**
**دوالی بەنام آن سوار دلر**
**برآرد دوال از تن تندشیر**
**دلیران ارمن هواخواه او**
**کمر بسته بررسم و بر راه او...**
(شرفنامه، ٣٥/٧٠)

لە شەڕێکدا کە ئەسکەندەر لەگەڵ ڕووسەکاندا دەیکا، کـوردەکـانی ئەبخـاز و ئەرمـەنسـتـان بە سـەرکـردەیی و فـــەرمـــانداریێتی دەوالی باڵی دەســـەراسی لەشکری ئەسکەندەر دەبن. ئەگـەریش ئەو کـارەسـاتە لە زەمـانی ئەسکەندەردا راست نەبووبێ بەڵام لە زەمـــان خـــودی شـــاعـــیـــردا ڕەنگە ئەفـــســـانەی ڕووت نەبێ و بەڵکو کاکڵێکی مێژوویی بێ بۆ باس و ڕاڤەی باشتر کە دەکرێ بە وردی چاوی لێبکرێ.

لە بارەی ئازایەتی و لێـــبـــڕاوی دەوالی و کـــوردە بەشـداربووەکـان لەم شـەڕەدا کـە هێـزی نەیار دەهێننە تەنگەتاو، ئاوا دەدوێ:

**ز پۆلادشان الماس تیغ**
**به خورشید روشن درآورد میغ**
**جداگانه از مرکب هر گروه**
**حصاری بأورد مانند کوه**
**دوالی و کردان ایران زمین**
**سوی میمنه گرم کردند کین...** (ش. ن ١٨/ ٥٣)

بە وتەی نیـزامی هەر لەم شـەڕە دەسـبـەیەخـە و تاک بەتاکەدا، کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەی سپای شالاوگەری ڕووس، قەراخانیە، فەغفووری، خەزرانیەکان و... بەشەڕ هەڵدێن و لە ئاکـامـدا دوژمنان تێکدەشکێن و زۆربەیان دەکوژرێن و تووناوتوون دەکرێن:

**دگر ره یکی روسی گربه چشم**
**چوشیران به ابرو درآورده خشم**
**سلاح آزمایی درآموخته**
**بسی درع را پرده بر دوخته...**
**به یک ضربتش جان زتن برکشید**
**به جل برقعش برقع اندر کشید**
**دگر روسیی بست برکین کمر**
**همان رفت با او که با آن دگر....** (٤)

«لە سـاڵەکـانی ٣٣٣ی کـۆچی مـانگیـدا، بردەع کـە

ناوەندی کـــۆنی ویلایەتی ئەران بوو لە لایەن دزە دەریاییی و شـــالاوگـــەرەکـــانی ڕووسەوە کاول کرابوو» و پێشتر لە ساڵی ٢٤٠ کـۆچی شـاری گـەنجـەیش لەنێـوان ڕێگای بردەع- تفلیـــســـدا بونیـــات نرابوویەوە. پاش ســاڵانێک لە هەمـــوو بوارێکدا، ڕێژەی گـــەشکە و ڕسکان و پەرەســەندنی بە خـۆیەوە دیبـوو. مـاوەی ٢٥٥ ساڵ (٣٤٠ تا ٥٩٥ک) ناوەندی دەسەڵاتدارێتی کورد- ڕەوادییەکان و ئەحمەدییەکان و شەدادییەکان-دا بووە. لەم ماوەدا کە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەر گەنجەدا بوو، لە زۆر لایەنەوە گەشکەی کردووە و حەشامەتی لە ڕێژەیەکی زۆردا بووە، تەنانەت بووبووە ناوەندێکی سەرسنووری بازرگانی...» (٥)

**ڕەوادییەکان بە ڕەچەڵەک کورد بوون کە لەناوینی سەدەی چوارەمدا ناوەندی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بوو**

مێـژوو پێـمان دەڵێ کـە مـاوەی دوو سـەدە و نیـو لە دەسـەڵاتدارێتی کـورد لە ئازەربایجانی ئێران و شۆرەوی پێشـوودا تەنیـا بە گـەنجـە قەتیس نەمابوویەوە، بەڵکو سـانەکـوردەکـان جگە لە گـەنجـە دەسـەڵاتیـان بە مل ئەرمـەنسـتـان و ئەبخـاز و هەردەوێڵ و مـەراغـەدا و... دەشکایەوە، لەم مەودا زەمەنییەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی سیاسی و کولتووریان هەبووە.

«ڕەوادییـەکـان بە ڕەچەڵەک کـورد بوون کـە لە ناوینی سـەدەی چوارەمـدا «ئانی» ناوەندی ئەرمـەنسـتـانیـان بەدەسـتـەوە بووە و تەنانەت ئەم وڵاتەیان- واتە گەنجـە- لکاندبووە سـەر قـەڵەمـڕەوی ناوەندی خـۆیانەوە. ئەم کوردانە بەپێی هەستیاری و هەڵوێستی خاڵی هاوبەندی ئایینی و دیانەتییـەوە لەگەڵ سـەلجـووقـییـە تورکەکـاندا هاریکاریان کردووە و دژ بە خـاچ پەرسـتـە ڕۆمـیـیـەکـان خەباتیـان نواندووە. ناوی هەندێکیش لەم سانە کوردانە ئەمانەن:

مـحـەممەد کـوڕی شـەداد (٣٤٠- ٣٤٤ک)- لەشکری کـوڕی مـحـــەممەد (٣٦٠- ٣٦٨ک)- فـەزلوون کـوڕی مـحـەممەد (٣٦٨- ٣٧٥ک)- مـووسـا کـوڕی فـەزلوون (٤٢٣- ٤٢٧ک)و...

جگە لەمـانە: مەنوچێـهر کوڕی ئەبولسـوار و کوڕەکانی فەزلوون و مەحموودی خۆش چێهر و کوڕەکانی مەحموود کـە تا ساڵەکانی ٥٩٥ی کـۆچی لە ئەرمـەنسـتـان بە ناو حکوومـەتی شـەدادییــەوە، دەسـەڵاتی سـیـاسـیـیـان هەبووە». (٦)

جگە لە دەســەڵاتدارێتی کـوردەکـان لە گـەنجـە و ئەران و ئەرمـەنسـتـان و بردەع و... دا لە ئازەربایـجـانی ئێـرانی ئەمڕۆدا، بەتـایبـەت لە مـەراغـە، حکوومـەتیـان کـــردووە. ئەم ســـانە کـــوردانە بە «ئەحـــمـــەدیەلیـــان» ناســراوبوون: «ئەحـمـەدیەلیـان بە ڕەچەڵەک کـوردی ڕەوادین کـە سـەرلقی ئەم هۆزە «ئەحـمـەد کـوڕی ئیـبـراهیم کـوڕی وەهسـوودانی ڕەوادییـە». شـاری مـەراغە دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری ئەم هۆزە بووە کە سـەرەتای سـاڵی شـەشی کـۆچی دەسـەڵاتیـان بە مل ئازەربایجاندا شکاوەتەوە و تا سەردەمی (طغرل) درێژەی هەبووە.

پاش ئەحـمەد یەل کوڕەکـەی (ئاقسنقەر) کە لە لایەن سـوڵتان مـەحـموود لە سانە سەلجووقییـەکانی عێـراق پلەیەکی باڵای هەبووە، حکوومـــەتی کـــردووە. پاش (ئاقـسنقـەر) کـوڕەکـەی (نصـرالدین ارسـلان أبه خـاس بەگ) و پاشـان (فلک الدین) و (عـلاءالدین) کـۆرپە ئەرسـەلان لەم بنەمـاڵەدا ناسـراو بوون و دەسـەڵاتیـان هەبووە. کـۆرپە ئەرسـەلان لە سـەردەمی (طغـرل)دا دەسەڵاتی ئەوتۆی هەبووە و یەکێکیش بووە لە پێهەڵدان و پیاهەڵچنینەکانی (ممدوح) نیزامی گەنجەیی». (٧)

بۆ زانیـاری تەواوتر بڕوانە سـەرچاوەی سـەرەکی ئەم باسە، تاریخ شهریاران گمنام، ئەحمەدی کێسرەوی. (٨)

## نیزامی ئەکدەشی

نیـزامی لە دەڤـەری ئەران لەشـاری گـەنجـە لە سـاڵی ٥٣٥ی کـۆچیـدا لە بنەمـاڵەیەکی سـەرناسی تۆکـمـە و خـاوەن دەسـەڵاتی کـورد لە دایک بووە. ناوی ئەلیـاس بووەو بڕێکیش بە ئووەیس ناوی دەبەن بەڵام بێ گـومـان هەڵەیە، باوکیشی ناوی یوسف بە ڕواڵەت ترک زمان و دایکیشی «ڕەییسەی کورد» بووە کە ئەمە دەگەیەنێ کە نیـزامی دووڕەگـە بووە (باوک ترک و دایک کـورد) کـە خـۆی لە خوسـرەو و شـیـریندا بە «ئەکـدەش» پێناسـە دەکات:

**نظامی اکدشی خلوت نشین است**
**کەنیمی سرکە نیمی انگبین است (٩)**

(اکدش) یانێ دووڕەگە، مرۆڤ یان گیانلەبەرێ کە لە دوو ڕەچەڵەک پێکهاتبێ. نیزامی خۆی دەڵێ: «نیزامی

کە ئێستا تەنیا و گۆشەنشینە، دوو ڕەگ و دوو ڕەچەڵەکە؛ نیوێکی سرکەیە و نیوێکی تری هەنگوێن».

بە پێی دەروونشیکاری شیعرەکانی، کە بە ڕاشکاوی ناوی لە تورک نەهێناوەو تاریف و پیاهەڵدانی بۆ نەکردوون ئەو دیوە سرکە ئامێزە، لەتی باوکی بووە؛ واتە لایەنە ڕەچەڵەکە تورکەکەی. بەڵام کە لە شیعرەکانیدا بە شانازییەوە ناوی دایکی (ڕەییسەی کورد) دەبا و بە خاڵە عومەری کە بنەماڵەیەکی سەرناسی خاوەن دەسەڵاتی کورد بوون دەنازێ، ئەو دیوە هەنگوێنە، کەرتی بنەماڵەی پڕ شانازی دایکی بووبێ کە کورد بوون:

**گر مادر من رئیسەی کرد**
**مادر صفتانه پیش من مرد**
**از لابه گری که را کنم یاد**
**تا پیش من اورد به فریاد**
**زان بیشترست کاس این درد**
**کان را به هزار دم توان خورد**
**با این غم و رنج بی کناره**
**داروی فرامشیت چاره**
**ساقی پی بارگیم ریش است**
**می ده که ره رحیل پیش است**
**آن می که چو شور در سر آرد**
**از پای هزار پر در آرد... (١٠)**

«ئەگەر ئاوا کە دایکم سەرۆکی کورد بوو، دایکانە لە لامدا ماڵاوایی کرد، ئیتر گریان و هاوار بۆ کێ بەرز بکەمەوە؛ کە بێ بە هانامەوە، خەفەت لە ڕادەی خواردنەوە پترە و قووڵایی ئەم کۆستە لە باڵای ڕاستمان بەرزترە، جامی ژارئامێزی ئەم ژانە، تەنانەت بە هەزار هەناسە هەڵنالووشرێ؛ کەوابوو ئەی ساقی ئەو شەرابە پڕکە کە دەمانباتەوە ئاسمانەکان (شەرابی مەعنەوی).

لەم شیعرانەدا خاڵێکی بەرچاو و بەرجەستە دەبینرێ، ئەویش کە لە ڕوانگەی جوانی ناسی و بەرجەستەگی و فۆرێکگراندینگی واژەدا، دالی ڕەییسەی کورد لە سەرەوای شیعرەکەدا هێمایەکە بۆ دەلالەتی بەرجەستەکردنی ڕەچەڵەکی دایکی کە خاوەن دەسەڵاتداریێتی ئەوتۆ لە گەنجە و دەڤەرەکەدا بوون. بۆ ئەوەی دواتر دەسکاری شیعرەکەی نەکەن؛ ڕەییسەی کوردی سەروا هێناوە بە زەقی و ڕاشکاوی و دڕدونگ نەبوونی پەیامەکەی.

بەوەی کە بە کورد بوونی خۆی شانازی کردووە و پاش مەرگی خاڵە عومەری کە وەک دایکی نە تەنیا کەسایەتییەکی بەرز و هونەرمەند و خاوەن بەهرە و چێژی هونەری هەبووە، بەڵکو هاندەر و هەڵخڕێنەر و هاریکار و مایەی شانازی و هیوا بووە بۆ ئەو کە بە گوڕ و گڕێکی سۆزئامێزی تایبەتەوە، دەیلاوێنێتەوە و شینی بۆ دەگێڕێ و نەبوونی ئەم کەسایەتییە لە بنەماڵەدا بە کۆستێکی گەورە و ژانێکی جەرگبڕ دەزانێ:

**گر خواجه عمر که خال من بود**
**خالی شدنش و بال من بود**
**از تلخ گواری نواله ام**
**درنای گلو شکست ناله ام**
**نحلی که به شهر خرمی کرد**
**آن شهد ز روی همدمی کرد**
**از شادی همرهان کشد مور**
**آن راکه ازو فزون بود زور**
**می ترسم از این کبود زنجیر**
**کافغان کنم او شود گلوگیر**
**ساقی ز خم شرابخانه**
**پیش آر میی چو ناردانه**
**آن می که محیط بخش کشتیست**
**همشیرەی شیرەی بهشتیست... (١١)**

«دیاردەی کورد لە دەڤەرەکانی گەنجە و ئەران و تەنانەت ئەرمەنستان و گورجستان، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەو کاتانەدا نیشانەی دەستی باڵای دەسەڵاتداریێتی ئەشرافیێتی کورد بووە کە چەشنێک باڵا دەستی توێژی کورد لەو وڵاتەدا دەژمێردرا. کوردەکان لە بردەع و تفلیسدا خاوەن حەیسییەتی کولتووری تۆکمەی بەرچاو بوون، لەم ساڵانەدا (٥١٥ک) کە تفلیس کەوتبووە ژێر سەیتەرەی گورجییەکان، ڕێژەی حەشیمەتی کوردان بەرچاو بووە، تەنانەت خۆیان لە قەومی عادەوە دەبەستەوە. لە بردەعدا دەروازەی شار بەناو کوردەوە- باب الاکراد- نێودێر کرابوو. کە تا ساڵەکانی دواییدا، بازاڕی حەوتوو لەو شوێنەدا ساز دەکرا.» (١٢)

## باری ئەدەبی دەڤەرەکە

وێڕای ئاڵۆزی و ناتەبایی باری پارادۆکسیکاڵی دەڤەرەکە بەهۆی نیشتەجێ بوونی کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی کوردە شەدادییەکاندا، گەنجە ناوەندێک دەژمێردرا بۆ گەشە و سەرهەڵدانی شیعر و ئەدەبی فارسی. قوتابخانەی

شیعری ئازەربایجان (شێوازی ئازەربایجانی) لەم سەر و بەندەدا لەلایەن خاقانی و فەلەکی شیروانی و موجیری بیلەقانی لەژێر سەنتەرێتی شرواندا، لە فراژوو بوون و ڕسکاندا بووە. ئەم قوتابخانە لەژێر کاردانەوەی ئەبولعەلای گەنجەوی هەڵیسابوو و بە دەمەتەقێی شاعیرانەی پوورخەتیبی گەنجەوی و مەهەستی گەنجەوی شاعیران و بێژەرانی دەرباری سانی سەنجەر، ئەم شارەی کردبووە لانکەی ڕسکانی فەرهەنگ و ئەدەب و شیعر کە لە خانەبەندی شێوازناسی شیعری فارسیدا، ناسراوە بە قوتابخانەی شیعری ئازەر بایجان...

پاش ئەم سەروبەندە و لەژێر کاردانەوە و سێبەری ئاوا فەزایەکدا، ناوی نیزامی گەنجەویش دەکەوێتە سەر زارانەوە. وێڕای هەبوونی ئەو حەشیمەتە شاعیرە، هەر کەسێک و غەریبەیەک دێتە ئەم شارە و بۆ ملک الشعرای شار دەپرسێ قامکی ئاماژە بۆ بنەماڵەی «ئەلیاس کوڕی یووسف» درێژ دەکرێتەوە. نیزامی بە وتەی مێژوونووسان گوایێ لەم ساڵانەدا کونجی دوورەپارێزی بۆ خۆی دیاری کردبوو- لە ئەدەبی فارسیدا ناسراوە بە ئەدەبی سەر ئەژنۆ (زانو) واتە تێرامان و موراقەبە و سلووکی ڕۆحی- بە قەولی زەرین کووب «لەم سەروبەندەدا ئەگەرچی نیزامی تەمەنی هێشتا چل ساڵانە بوو بەڵام قورسی و هەیبەتی پیاوێکی تۆکمەی بەساڵاچووی لە گوتار و کرداریدا بەخۆوە گرتبوو. لە هونەری ستەتیک و ڕێتۆریک (جوانی ناسی و ڕەوانبێژی) شیعریدا، شێوازێکی بەرزی هەبووە کە کەس نەیدەتوانی لاسایی بکاتەوە. بە پێچەوانەی شاعیرانی سەردەم، تەنانەت لە قەسیدە وتنەوەدا کە دیاردەی شێوازی شیعری ئەو سەردەمە بوو، ستایش و پیاهەڵدانی بۆ دەسەڵادارانی نەدەکرد.» (١٣)

## قورسایی زمانی نازگماکی

کورد بوونی دایکی و بنەماڵەی دایکی کە ڕوونکرایەوە و گوترا کە بنەماڵەیەکی سەرناس و خاوەن ژیار و ژیانی ئەو سەردەمە بوون و تەنانەت دەسەڵادارێتی ناوچەکەیان بەدەستەوە بووە و ئەم ڕووکردە کۆمەڵایەتییە مێژوویی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی چەشنێکی دەسەڵاتدارێتی ژن سالاری و مەدەنییەتی کورد لەو دەمانەدا کە مافی ئافرەتیان پاراستووە. سێبەری ئەم باڵادەستییەی ڕەیسە لەسەر هۆنراوەکانی نیزامیدا دیارە. زمانی شیعرەکانی کە ئەگەرچی بە ڕواڵەت فارسین بەڵام بە پەیلوا و بۆچوونی نووسەری ئەم دەقە لە دوو ڕوانگەوە لەم تێکستانەدا، کورد بوونی نیزامی دەچەسپێ:

یەکەم هەڵوێستی نەستی و ناخۆ ئاگای کۆیی شاعیرانەی نیزامی، هاوتەریب لەگەڵ هێمای ناوەڕۆکی و واتایی کوردانە، بە زمانی فارسی. زمانی دایکی نیزامی (زمانی توانستی) کوردی بووە بەڵام زوانی فارسی زوانی فەرمی شیعرەکانی بووە، ئەم ناتەباییە لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ کە دیارە زمانێکی قورس و ئیستعاری و ستەتیکی و مەدرێسی بەکار هێناوە نە زمانێکی ئاسایی کە دیاردەی شەقامی خەڵکی پێوە دیاربێ، بەڵام ئەم پرسە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە کە ئایا نیزامی بە زوانی کوردی هۆنراوەی داناوە یان نا؟ ئەگەر نەیهۆنیوەتۆ، بۆ؟ لەواش کە کورد خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوون؟ بەڵام ئەگەری ئەم کێشە لە بەیتێکدا ئاوا بەیان دەکا:

**کاهن شمشیرم در سنگ بود**

**کورەی آهنگریم تنگ بود (١٤)**

«دەستەواژەی (آهن در سنگ) واتە کوتاندنی ئاسن لە بەرد، ڕەنگە هەر ئەوە بووبێ کە بە هەڵوێستی شاعیرانە و نەمادی واتایی ڕۆحی کوردانەوە دژوار و ئاستەنگ بووبێ، بە زمانی فارسی شیعر بڵێتەوە.»

«بە پێچەوانەی قەترانی تەبریزی لە شیعرەکانیدا بە کێشەی زمانی فارسی بۆ خۆی کە ترک زمانە ئاماژە دەکات و ئەوە بوو بۆ ڕاستکردنەوەی داڕشتنی شیعرەکانی پەنا دەباتە ناسر خەسرەو.»- بۆ زانیاری پتر بڕواننە سەفەرنامەی ناسر خەسرەو- بەڵام نیزامی بە ڕاشکاوی بەم ڕووکردە ناتەبا و پارادۆکسیکاڵە، ئاماژەی نەکردووە و وەک هەر ئازەربایجانییەک کە بە زوانی فارسی دەری خوێندوویەتی و لەگەڵ ڕمووزی ئەم ئەدەبەدا ئاشنا بووە. مەبەست لە کێشەکە، ناشارەزایی لە زوانی فارسیدا بووە- نەک ئەدەبی فارسی- لەم دانووساندنە هونەرییەدا، بۆ شکاندنەوە بە مل زمانی فارسیدا، ئازاری ڕۆحی زۆری کێشاوەو پێویستی بە قامووس و کتێبخانە و ئامێری تری فێرکاری زمانی فارسی هەبووە.» (١٥)

دووەم: هەندێ دەستەواژەی کوردی لە (خەمسەدا) بەتایبەت لە لەیلێ و مەجنوون و مەخزەندا کە نموونەیان

له پاشکۆی ئەم وتارەدا پێشکەش دەکرێ.

**نیزامی تاقانە چیرۆکبێژی لیریکا (غنایی)ی فارسی**

پێش نیزامی ئەگەرچی چیرۆکبێژی هۆنراوە باوی هەبووە و شاعیرانێک وەکو (ئەبولمولتەیەدی بەلخی، بەختیاری، فیردەوسی، عەیووقی، عونسوری و فەخرەدین ئەسعەد گورگانی و... لەم پانتاییەدا خاوەنی ئەزموون و شێوە و شێوازی تایبەتین، بەڵام خاڵێکی هەرە سەرەکی و شاز و بەرچاو کە نیزامی لە هێڵی هونەری و ئەدگار و شێوازی ئەوانی دی جیادەکاتەوە، شکانەوەی دەسەڵاتی ستەتیکی و هونەری بە مل چیرۆکبێژیدا بەچەشنی وردبینانە لە پانتایی لیریکا و ژنێرە بەزمییەکاندا کە نە تەنیا ئەدگار و شێواز و ئوسلووبی خۆی جیا دەکاتەوە، بەڵکو دەبێتە سەرچەشنێک بۆ ئەزموونی شیعری چیرۆکبێژی پاش خۆی ئەویش لە حەوزەی ئیرۆسئامێزی لیریکا و غنای عاشقانە (Lovelyric) کە ڕەنگە دوای فەخرەدین ئەسعەدی گورگانی لە وەیس و ڕامیندا، یەکەی شاعیرانێک بێ کە دیاردەی ئیرۆسیەت و دیمەنە هەوەس ئامێزەکانی تەغەزول و ئەوینی دەرەکی لە پانتایی ڕۆمانە شیعردا باو کردووە بەڵام نە بەو خەسییەتەوە کە لە دیمەنە ڕاشکاوەکانی وەیس و ڕامیندا هاتووە...

لە سەدەی حەوت و سەدەکانی دواییدا، شاعیرانێک وەکو (خواجووی کرمانی، ئەمیر خەسرەوی دێهلەوی، کاتیبی تەرشیزی، جامی، هاتفی، مەکتەبی شیرازی، عورفی و وەحشی بافقی و... لەسەر ڕێچکەی هونەری و هێڵی شێوازناسانەی نیزامی بەرهەمی لیریک و بەزمی دەخوڵقێنن بەڵام هەر هەموویان لە جەغزی لاساییکردنەوە و ژاواندنەوەی ئوسلووبی نیزامیدا قەتیس دەمێننەوە. ناشتوانن دەقی جیاوازتر لەم ژانرە شیعرییەدا بئافرێنن. ئەم ڕووکردە هونەرییە ڕەنگە تەنیا ئەدگارێک بێ کە نیزامی بە خۆیەوە دەبینێ و سەرمەشق و سەرچەشنێک بن بۆ نەوەی پاش خۆی و تەنانەت ئەدەبی دەستەبژێری بەزمی جیهانی. هەر ئەم خاڵە تایبەتییە بووەتە هۆی ئەوە نیزامی لە پانتایی شیعری لیریکا و بەزمیدا بەشێوەی هۆنراوەی درێژ، لە ئەدەبی جیهانیدا خاوەن پەنجە و جێگا و شوێن بمێنێتەوە و دەقەکانی ڕاڤە و ناسکاری بکرێن و وەربگێڕدرێنە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان وەک دەقەکانی خانای قوبادی بۆ کوردی هەورامی. تەنانەت لەلایەن سینەماکارانی جیهانییەوە، سیناریۆ و فیلمنامەیان لەسەر بنووسرێ و دەراوێک بۆ ئەدەبی فارسی بکاتەوە بەناو ئەدەبی دراماتیک (نومایشی).

بێ گومان ئەگەر نیزامی توانیویەتی بە چەشنێکی زیندوو و بزاوتوو چەمکی عەشق بۆ خوێنەران، ئاوا نیشان بدات ئەم کارە سەرگرتە لە تێکەڵی و ئامێتەیی هارمۆنیای فۆرم و واتایە. تاقە شاعیرێکە کە لەم ئەدگارە هونەرییەدا توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. عەشقێک کە نیزامی نواندوویەتی ئەگەرچی ڕووکردێکی گشتییە بۆ هەموان، ڕەنگە هەر کەس بە چەشنێک چێژی ئەوینی چەشکە کردبێت بەڵام کە بە دیمەنە عەشقامێزەکانی ئەو (لەیلێ و مەجنوون و خەسرەو و شیرین)دا ڕۆدەچین و لێیان تێرادەمێنین بۆمان دەردەکەوێ کە دەڵێی هەوەڵجارە کە ئاوا دەرکەوتێتی هەستیاری عەشق بەو خاوێنییەوە دەبینین و چەشکەی دەکەین. تەبایی و هارمۆنیای فۆرم و واتا ڕووکردێکی دەسەڵاتی هونەری نیزامییە کە کاردانەوەی جادووانەی خۆی بۆ هەمیشە لەسەر دڵان و مێشکانی ئاخێوەرانی شیعری غەناییەوە دادەنێ و تا هەتایی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لە پانتایی هۆنینەوەی هونەری چیرۆکبێژی و ڕۆمانە شیعریدا، نیزامی گەنجەوی بووەتە داهێنەر و خوڵقێنەری زمانی تایبەتی و چەشنی دەربڕینی تایبەت بە خۆی لە پانتایی غەنا و ئیرۆس و لیریکادا.

**نموونەی واژە و دەستەواژەی زمانی دایکی**

لێرەدا مەبەست بەدەستەوەدانی نموونەیە بۆ چەسپاندنی باسەکە نەک ڕیزکردنی کۆی واژەو دەستەواژەکان لە پێنج دەفتەرەکەی نیزامیدا.

گلالەکان:

گلالە، هەمان گلارە، گلێنە، گلێرە و بیلبیلەی چاوە، هەندێ لە کوردەکانی ئازەربایجان، گلارەی پێدەڵێن. گلالە بەپێی جێگۆڕکێ فۆنۆلۆژی (ل) بووەتە (ر). (کان)یش ئەمرازی کۆیە کە ئێستایش مۆرفیمێکی ئەکتیوی کوردییە، پاشگرە بۆ کۆکردنەوە و واتاسازی ناوی تاک. چاوەکان، کوڕەکان، کچکان و....

**گوهر به گلاله کان بر افشاند**
**وز گوهرکان شه سخن راند (١٦)**
لیلی و مجنون (بند ٨/ بیت ٣/ صفحه ٦٣)

گـوهەر (خـوازەیە بۆ فـرمـێـسـک)ی لە گلێنەی چاوان دەپژاند. واتە دەسـتی کرد بە گریان و باسی لە کوڕەکەی شا کرد. گەوهەری دووەمیش مـەبەست کـوڕەکەی شـای ئەخستانە.

گـلالە دار: سـۆرانی گـوڵاڵە، لە هەورامــیـدا (ل) گـۆڕدراوە بە (ر) گـۆراڵێ. لە زمـانی فـارسـیـدا ئاوا دەستەواژەیەکمان نییە کە پێکهاتبێ لە: گوڵ+ الە بەڵکو لێکدراوێکی ڕووتی کوردییە.

**باغ ار چ گل و گلاله داراست**

**از عـکس رخت نـوالـه خــــــوارست** (١٧) ل. م (١٩٢/١/٣٥)

مـاندەشـدن: مـاندوو بوون، شـەکـەت بوون، مـانیـای هەورامی، خەسەبوون

**چو مانده شد از عذاب واندوه**

**سجاده برون فکند از انبوه (١٨)**

(لیلی و مجنون) بند ١٧ بیت ٢١ ص ١٠٣

گلالە: گوڵاڵە، لێرەدا خوازەیە بۆ بسک و زوڵف

**چون دید که دیلم است خاموش**

**کردش ز گلاله گوردین پوش** (١٩) ل. م (٥٧- ٨٤- ٣١٥)

گلالە تاک: (زلف تاک)- خوازەیە بۆ گەڵامێو

**بر فرق چمن گلالەی تاک**

**پـیــچـیــده شــود چو مــار ضــحــاک** (٢٠) ل. م (٣٢٣/٧/٥٨)

(درکەیە بۆ گەڵا پێچراوە و وشک بووەکانی لقە مێو)

ناوک: ناوکی سۆرانی، نەهەی هەورامی، ناف، کونی تیر، جۆرێ تیرەکە

کونێکی ئاسنین وا لە ناوەڕاستیا.

**با قد کمان این جهانگیر**

**در مجری ناوک افتد آن تیر** (٢١)

ل. م(٥٧/٦/٤٣)

دل دادن در... دڵ هاتن لە پێناو.... تەعـبـیـرێکی درکە ئامێزی کوردییە:

چـۆن دڵـت دێ... لـەم دێرەدا دەڵـێ: چـۆن دڵـت دێ بەناحەق خوێنی ئەم دووسە بێگوناحە بڕێژی.

**دل چون دهدت که برستیزی**

**خـــــون دوســـــه بـیـگـنـه بـریـزی** (٢٢) ل.م (١٦٤/١٤/٢١)

شــوی کــردن: شــوو کــردن، شــووکــەردەی هەورامی، مێرکردن

**غمخوارەی او غمی دگر یافت**

**کز کـردن شـوی او خبـر یافت** (٢٣) ل. م (٣٥- ٤- ١٨٩)

بگری: هەرمـانـی ئەمـر کـردنی دووەم کـەسی تاک، بگری، گرەوە (هەورامی)

**افتاد پدر از کار، بگری**

**بـگـری بـه ســـــــزاو زار بـگـری** (٢٤) ل. م (٣٨- ٥-٢٠٤)

گیا بە جێی گیاه: گیای کوردی

**این قوم گیای ژن کیانند**

**بر جـــای کـــیـــان نگر کـــیـــانند** (٢٥) ل.م (٣٨-٤٨-٢٠٧)

کلیچە: گولیچە، کولیچێی هەورامی

**آورد سبک طعام در پیش**

**بریان و کلیــچــه از عــدد بیش** (٢٦) ل.م (٤٦- ٢٤-٢٤٨)

دیار: دیدار، دیار، لێـرەدا مـەبەست ئەو تەعـبـیـرە کـوردییـەیە کـە دەڵێ: بۆ دیتنی زۆر تامەزرۆم یان دەڵێن دیارت نییە:

**رنجور تنست یا تنومند**

**هــــــــــتـم بـه دیـارش آرزومـنـد** (٢٧) ل.م (٤٧-٢٦-٢٥٢)

**چون راه دیار دوست بستند**

**برجـــــوی بریـده پل شکســــــتند** (٢٨) ل.م (١٥-٢٧-٩٧)

مەولەوی لەم بارەوە دەڵێ:

**دڵ دیار نییەن های نە کەردەبۆ**

**وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ** (٢٩) (دیـوان) ل ٢٣٦

سرین: سەرین، سەرنگای هەورامی، بالشت

**گریخت سرشک بر سرینش**

**گـــه دیده نهـــاد بر جـــبـــینش** (٣٠) ل.م (٣٢٨/٧٩/٥٨)

سیماب سرین: خوازەیە بۆ سەری ڕازاوە، لێرەدا ڕەنگە مەبەستی ئافرەتی کڵاوزەڕدار بێ

**شمشاد نسیم و ارغوان خد**

**ســیــمــاب ســرین و خـیــزران قـد** (٣١) ل.م (٢٨٥/١٣/٥٣)

بوری: مەبەست ئەسپ یان هێسری مەیلەو سوور یان کاڵە، هێسرە بۆرێ یان ئەسپی بۆر
**بوری بەهزار زور می راند**
**بیــــــتی بەهزار درد مـی خـــــواند** (٣٢) ل.م (١٤١/٨/٢٥)

شیـخـانە: نسـبـەت بە شـێخ، وەک شـێخ، ئاکـاری شێخانە، گۆرانی شێخانە
**برنجد شدی ز تیز وجدی**
**شیخانه و نه شیخ نجدی** (٣٣) ل.م (١٤١/٩/٢٥)

شیوە/ شیوەن: وەکو/ گریان، زاری
**برشوی ز شعری که خواندی**
**در شــــــــوەی دوست نـکتــــه رانـدی** (٣٤) ل.م (٣٠٠/٧٣/٥٤)

خال: خاڵ، خاڵۆ، لال، لالۆ، لالە
**گر خواجه عمر که خال من بود**
**خـالی شـدنش و بال مـن بود** (٣٥) (لـیـلی و جنـون ١١/٣٠/٧٥)

نموونە لە هەڵـبـژاردەی مـخـزن الاسـرار دکـتـر بهـروز پروتیان، انتشارات توس، ١٣٧٢
زنگلە: زنگولە، زەنگ، زەنگڵەی هەورامی
**طفل شب أهخت چو بردایه دست**
**زنگلەی روز فـراپاش بست** (٣٦) (بند ٤/بیت٥/ صفحه ٧٧)

(کـاتێ کـە شـەو وەک زارۆیەک دەسـتی ئەهاوێ بۆ دایکی، دایکیـشـی- بۆ سـەرقـاڵکردنی- هەتاو وەک زەنگڵەیەک بە پایەوە دەبەستێ.)
پلە: پەلە، کـەل و پەل، شـتـومـەکی پیـرەژن، پارە و سەرمایەی کەم، بسک و گیسوو، بەشی دووەمی جۆرێ ئەتباعە، وەک دەڵێن: شرە و پرە، چیز میز، قرت و فرت مێتافۆرە بۆ شتی زۆر گچک و بێ بایەخ.
**بر پلەی پیره زنان ره مزن**
**دست بدار از پلەی پیرزن** (٣٧)م.ا(١١/١٦/١٤٦)

سرسری: سەرسەری، سەتحی، سەرچڵ، بێ بیرکردنەوە، وازوازی
**چونکه نسخته سخت سرسری**
**هست برگوهریان گوهری** (٣٨) م.ا (٦٣/١/٣)

پارینە: پار، پارەکە: ساڵی ڕابردوو
**نوردل و روشنی سینه کو؟**
**راحت و آسایش پارینه کو؟** (٣٩)م.ا (٧٥/٦/١٥)


**ژێدەر و سەرچاوەکان:**
**١- ثروتیان بهروز، لیلی و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس**
**٢- ثروتیـان بهـروز، آیینه غـیب نظامی گنجـه ای، ص ٢٩، ١٣٦٩**
**٣- زرین کوب عبدالحسین، پیر گنجه در جستجوی ناکجا آباد، ص٨، زمستان ١٣٧٢، چاپ مهارت**
**٤- ثروتان بهروز، آیینه غیب، ص١٢**
**٥- پیر گنجه در جستجوی ناکجاآباد**
**٦- صفـا. ذبیح الله، تاریخ ادبیـات ایران جلد٢ ص٤٥و ٤٤، تهران ١٣٦٦،**
**٧- همان منبع قبلی**
**٨- کسروی احمد، تاریخ شهریاران گمنام، ج٣، ١٣٠٨**
**٩- ثروتیـان بهروز، آیینه غـیب.... ١٠ ثروتیـان بهروز، آیینه غیب، ص٢٢**
**١١- ثروتیان بهروز، لیلی و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس**
**١٢- زرین کـوب، عـبـدالحسین، پیـر گنجـه در جـسـتـجـوی ناکجاآباد، ص١٥**
**١٣- همان منبع قبلی**
**١٤- ثروتیان بهروز، مخزن الاسرار**
**١٥- آیینه غیب... ص١٥١**
**٢٨- ١٦- ثروتیان بهروز، لیلی و مـجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس**
**٢٩- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، ل٢٣٦**
**٣٥-٣٠- ثروتیـان، بهـروز، گـزیده مـخـزن الاسـرار، ١٣٧٢، انتشارات توس**
**٣٩- ٣٦- ثروتیـان، بهـروز، گـزیده مـخـزن الاسـرار، ١٣٧٢، انتشارات توس**
**٤٠- آیتی عـبـدالحـمیـد، داسـتـان خسـرو و شیـرین، ١٣٦٣ تهران، سخن پارسی (٨)**
**٤١- یوسفی د. غلامحسین، چشمەی روشن، انتشارات علمی**
**٤٢- هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار موکریانی**
**٤٣- خمسه نظامی گنجەیی**
**٤٤- زرین کـوب د. غـلامـحـسین، باکـاروان حله، انتشـارات جاویدان، ٢٥٣٥**

# صەیدیی هەورامی و چەند لایەنێکی جیهانەکەی

عوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

**پێشەکی**

بێگومان مامۆستای نەمر «گۆران» لە چامەی هاوینەگەشتی هەوراماندا، پاش قوولبوونەوە بەناخدا، کاریگەریی فرە، وردبوونەوەی لە ئەندازە بە دەر و سەودای بێگەرد فەرمووویەتی: «بە هەشتی عەشقە ئەم هەورامانە».

وەک دەماودەمیش دەگێڕنەوە، لەسەرەتای هاتنی لەشکری ئیسلام و داگیرکردنی ئەم دەڤەرەدا، کە عەرەبەکان بە چاوی خۆیان کۆمەڵەشاخی گەردنکەشی سەراپا چڕ و سەوز، هاژەی کانیاو و بەفراوی زۆر سازگار، تەواو چریکەی سروشتی دڵگیر، میوەی هەمەچەشنی خۆش و مەزەدار، سایە و سێبەری بەرفراوان، شنەی لووتکە و چەم و دۆڵ، لالەزار و دیمەنی ڕەنگینیان بینیون، وتوویانە: «بە ڕاستی ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە لە قورئاندا باسکراوە..!».

بەهەشتنشینان ئەو پەڕی مافی ڕەوای خۆیانە بە زێدی خۆیان بنازن.. هەر لەم ڕوانگەیەوە، سەراپا کوردستانی نەخشین و دڵکێش هێندەی ژمارەی دڵانی پڕ لە سەودا، شەیدا و دیوانەی ڕاستەقینە و ئەمەکداری وابەستەی تێدا هەڵکەوتوون، گەلێک بە ڕاستی و دروستی، بێ گرێ و قۆرت، لە نەواو ئاواز و سازی هەناوهەژێن، بەزمانی کوردی پاراو و ڕەوان، تا دوا هەناسە بە ئاواتی ناخ و دەروون و تاسەی بەکوڵەوە، بەبالای بەهەشتی خۆیاندا هەڵداوە و هەڵدەدەن، سەرەنجامیش تابلۆی هەمەچەشنی لە ڕادەبەدەر نەخشێنراون و دەنەخشێنرێن و بەنەمری دەمێننەوە.

یەکێک لە پەروانە هەرگیز ماندوویی نەناسەکان و

ڕامبووی سەرچاوەی ئەندێشە و سرووش و ئەشقی پاکژی کوردستان «سەیدیی هەورامی»یە.. ئەوەتا بۆ خۆی پڕ بەزار و هەناو بانگی شەیدایی و قۆچی قوربانی خۆی بەرز دەکاتەوە:

**عەرضە داشت بەندەی دڵمەند و ڕەنجوور**
**صەیدی دامی عەشق، بە «صەیدی» مەشهوور(١)**

واتە: بەندەی دڵشکاوو ڕەنجەڕۆم، داد و سکاڵام هەیە، «نێچیر»ی داوی ئەشقم و هەر بە (صەیدی-نێچیر)یش ناودارم.

کەواتە لەم تاکە دێڕەدا نازناوی خۆی ڕوون دەکاتەوە کە نێچیری داوی ئەشقی پاکژە، نەک (سەیید).. ئەگەر بە (سەیدی هەورامی) ناوببرێ و هەرواش بنووسرێ، واتا و مەبەستی دروست لەدەست دەدرێن، دیارە (سەیید) بەنازناوی وەچەی پێغەمبەر لە قەڵەم دراوە. ئەم هۆزانڤانەشمان سەیید و سەیزادە بووە و ڕێبازی ئەوینی بەرین و قووڵی گرتۆتە بەرو بە تەواوەتی لە بۆتەی ئەو ئەشقەدا تواوەتەوە و سەرانسەر بوونی ئاوێزانی بووە و هەردەم پابەند و ملکەچی میری ئەشق بووە؛ بۆیە لە هۆنراوەکانیدا بە شانازییەوە دەڵێ: «من نێچیری داوی ئەشقی پاکژم».

## بنەچە و ڕەچەڵەکی

لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤دا، سەید محەمەدی سەید حەسەنی سەید عەبدوڵڵا-ی سەروپیری، کە باپیرە گەورەی لەگەڵ سەیدیدا یەک بەرەبابن، بەیناوبەین دەهاتە شارۆچکەی تەوێڵە، زۆرجار بەسەری دەکردینەوە و دەبووە میوانمان، بەزارەکی گەلێ زانیاریم دەربارەی سەیدی لێوەرگرت. لە ڕۆژی ١٢/١١/١٩٧٤دا، هەلم بۆ ڕەخساوچووم بۆ شارەدێی هەورامانی تەخت، کە بە «شار» ناسراوە. خۆشبەختانە شەوی ١١/١٣ میوانی «سەید محەمەدی سەید حامدی سەید مەحموودی سەید محەمەد سلێمان (صەیدی) بووم. ناوبراو لەو خانووەدا دەژیا کە یەکەمین خانووی گوندەکەیە و خودی صەیدی دروست کردووە دانگێ لەشەو ڕابورد، ئەوەندەم زانی «سەید محەمەدی سەید حەسەن» پەیدابوو، بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم.. کە باسی بینینی درەختی بنەماڵەی صەیدیم کرد، خێرا یەکێکی لەگەڵ خۆیدا برد، پاش ماوەیەکی کەم گەڕایەوە، تۆمارێکی لە قولەمستیدا توند کردبوو، وتی: وا شەجەرەکەم هێناوە.. هەموو بەرزەپێ لەبەر پێچراوەکە هەستان و ڕێزی زۆریان لێگرت، منیش بە شادییەکی زۆرەوە لێم وەرگرت و کردمەوە، ئەوجا بە بەڵگە و سەرچاوەی نەخشی بەردئاسا بۆم ڕوون بووەوە: ناوی تەواوی صەیدیی هەورامی «سەید محەمەد سلێمان-ە، کوڕی سەید مەحموود، کوڕی سەید زەکەریا، کوڕی سەید عەلی».. صەید مەحموود کە کوڕی سەیدییە، ئەم کوڕانەی لێکەوتوونەتەوە: سەید حامد، سەید حەسەن، سەید عەبدولکەریم و سەید محەمەد. سەید حامدیش ئەم کوڕانەی لێکەوتوونەتەوە: سەید نەجم، سەید محەمەد، سەید عەلی و سەید شەریف.

شایانی باسە، هەموو ئەو ڕێزدارانەی دەربارەی ئەم هۆزانڤانە نووسیویانە ئەم هەلەیان بۆ نەڕەخساوە بە تەواوی بنەچەی تۆمار بکەن. منیش لە ساڵی ١٩٧٠دا بۆ یەکەمین جار کە یەکەمین بەشی دیوانەکەیم لەگەڵ گۆڕینیدا بۆ شێوە زاری کرمانجیی خواروو لە چاپ دا، هەر ئەوەندەم بۆ ساخ بووەوە کە ناوی (سەید محەمەد سلێمانە و کوڕی حاجی سەید مەحموود»ە، دواتریش مامۆستا کارۆخیش هەر وای نووسیوە(٢).

## یەک صەیدی، یان دووان؟

بێجگە لەخوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد ئەمین کاردۆخی و پێشتریش من و بەم دواییەش مامۆستا حەمەبۆر، هەموو ئەو ڕێزدارانەی لە بارەی ئەم شاعیرەوە نووسیویانە، لە جیاتی (صەیدی)، یان نووسیانە (سەیدە)، یان (سەیدی).

مامۆستا عەلادین سەججادی، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دووەمین چاپ، ساڵی ١٩٧٠، لاپەڕە ٥٨٢دا نووسیویەتی: «سەیدەی هەورامی لە دەوروبەری ساڵی ١٥٢٠دا، ناوبانگی دەرکردووە، دیوانی شیعرەکەی لە ڕەزاوە..». مامۆستا محەمەد بەهادین ساحب-یش لە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی-دا، ١٩٦٨، لاپەڕە ٢٥ نووسیویەتی: «سەیدەی هەورامی، ناوی سەید حەمە سادق کوڕی سەید عەلی-یە». بەدوایدا زانیارییەکانی مامۆستا سەججادیی تۆمارکردوون، دواتر بۆ سەیدی دووەم ناوی حەمەلەتیفی داناوە. مامۆستا سدیق بۆرەکەیی، لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی-دا، یەکەمین

بەرگ، ۱۳۷۵- کــــــــۆچی هەتـاوی، لاپەڕە ٤٠٠ نووســیـــویەتی: «ســەیدەی هەورامی-یەکــەم، ۸۵۰-۹۱۸ی کۆچی..»، هەمان ناوی کتێبەکەی پیرشالیاری زەردەشتی بۆ داناوەتەوە.. هەروەها نووسیویەتی، کە لە گوندی «ڕەزاو» هاتۆتە دنیـاوە و هەر لەوێش نێژراوە.. لەبارەی تەواو کردنی خوێندنیشی دەڵێ: دوای گەشتی خوێندن لای مەلاجەلالی گەورە، لە خورماڵ خوێندنی تەواوکـردووە. دواتر لە لاپەڕە (٤٨٨)دا نووسـیویەتی: سـەیدی هەورامی-ی دووەم ۱۱۸۹- ۱۲۷۱ی کـۆچ، ئەمجارە ناوو زێدی لە دایکبوونی دەقاو دەق لە کتێبی دیوانی سەیدی وەرگرتوون کە مامۆستا محەمەد ئەمین کــــاردۆخی بە چاپ گــــەیاندووە. ئەم ڕێزدارە، دوای ماندووبوون و کارکردن بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ، چەند بەڵگەیەکی تۆمارکردوون بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سـەیدی هەریەکـێکە، واتە بۆچوونێک لە ئارادا نییــە ببێژرێ صەیدیی یەکەم و صەیدیی دووەم. دیارە پێشتر بۆچوونەکەی منیش هەروابوو؛ ئەوەبوو باسی ڕەچەڵەک و بنەچەیشیم کرد.

مـامۆسـتـا محەمـەد ئەمین هەورامیش کە لەبواری شێوەزار و ئەدەب و مێژووی هەوراماندا کردو کۆشش و بەرهەمی زۆری هەن، بە هەمــان دەسـتـوور نووسـیـویەتی «ســـەیدەی هەورامی یەکــــەم- ســــەیدەی هەورامی دووەم» (۳). دیارە بێجگە لە ڕێزدار مامۆستا کاردۆخی، ڕێزدارەکانی دیکە دیوانەکەی صەیدی-ی لە مەڕ منیان لەبەر دەستدا نەبووە.

**بەدواداچوون بۆ بۆچوونەکان**

وەک ڕوون کـرایەوە (صـەیدی)یە، نەک (سـەیید-سەیدە- سەیدی)... وەچەکەی، کە سێیەمین و چوارەمین وەچەبوون گوتیان: (ئێمە باپیرە گەورە-مان- صەیدیی هەورامی- زۆر لامان پیرۆزە و بە- بابا صەیدی- ناوی دەبەین)..

هەروەها گـوتیان کە گـوندی (سەروپیری) ئەو بەردی بناغـەی یەکـەمین خـانووی تێـدا داناوە.. لەسـەردەمی پیریداکەمهێز و لاوازبووە و نەیتوانیوە بە سانایی بەسەرە و ژوورکەکەی پشت شاری هەوراماندا هەڵگەڕێ و بچێ بۆ یاخـەکـەی لە (هەساریە)، لەبەر ئەوە بڕیاری داوە لەم شـوێنە تەخـتــان و بەرچاو و فـراوانەدا خـانوو دروست بکات.. لەکاتی خەریکبوونیدا خزمان گوتوویانە: (بابا صەیدی، پی سەرو پیریۆ خەریکو چیشیەنی؟!).. واتە: (باوە صــەیدی، لەم ســەردەمی پیــریـیــەدا خــەریکی چیت؟!).. ئەویش گــوتوویەتی: (پی ســەرو پیــریێــو خەریکو یانەکەردەیەنا)- واتە: (لەم سەردەمی پیرییەدا خـەریکی خـانوو دروسـتکردنم).. کـەسـوکـارەکـەشی بەباشـیـان زانیـوە ئەوانیش لەگەڵ باوە صەیدییـانداین، ئیتر گشتـیان لەو شـوێنەدا خانوویان دروست کردووە و گوندەکەش، کە ئێستا بەشێکە لە شارەدێی هەورامان، ناونراوە (سـەروپیری)، واتە (سـەرەوپیری- سـەردەمی پیری- صـەیدی لە هۆنراوەیەکی زۆر نایابیـدا، بەشێوە کۆنەکە دەڵێ:

**ئەز ئوورومون مەکانم بی، وەڵاتم**
**(سەروپیری) خودای دا پەی نەجاتم(٤)**

واتە: مـن زێد و وڵاتم گـەورە گـوندی هەورامـان-بوو، باشبوو لەسەردەمی پیریدا خودا گوندی (سەروپیری) بۆ ڕەخساندم و لەو سەرەوژوورکەیە ڕزگاربووم.

هەروەها بنەماڵەی صەیدی داکۆکییان لەسەر ئەوە کرد کە هەریەک صەیدی هەبووە، ئەویش (بابا سەید محەمەد سڵێـمان صەیدییـە)... پشتـاوپشتـیش نەیانبیسـتووە لەهیچ سەردەم و شوێنێکدا صەیدییەکی تر هەبوو بێت.. ڕاو بۆچوونی مـامۆسـتـا (عەبدوڵڵای ئەقدەسی)ش، کـە خەڵکی گوندی (ڕەزاو)ە، هەروابوو، ناوبراو شاعیرێکی ناوداری زۆر بەتوانا و کـارامـەبوو. لە زمـانی فـارسی و شێوەزاری هەورامیدا- بەکۆن و نوێوە و لە مێژووشدا زۆر شـــارەزابوو- دووەمین بەشی مـــێـــژووی هەورامـــانی بەهۆنراوەی فارسی بۆ حەسەن خانی ڕەزاو تەواو کردبوو.

بۆ بەدواچوونی پتر، لە هاوینی ۱۹۸۰دا، دووجاری تر چوومەوە بۆشارەدێی هەورامان. باشبوو، توانیم کامێرا ببەم و وێنەی ئەو شوێنانە بگرم کە مەبەستم بوون.

لە هاوینی ۱۹۷۵دا، لەبەغداد چوومە لای مامۆستای پایەبڵند عـەلادین سـەجـجـادی و لەبارەی تـەوەرەی ئەم بابەتەوە دواین؛ فــەرمــووی: (من ڕۆژگــارێکی دوور و درێژە لەو ناوچەیە دابڕاوم.. تۆ بۆ خۆت چوویت، دیوتە و بیستووتە، من زانیارییەکانم بەنامە بۆ هاتوون).

لە ساڵانی ۱۹۸۳- ۱۹۸٤دا، خوالێخۆشبوو (حەمە ڕەشـیـد بەگی ئەڵمـانە) کـە زۆر پیــربوو، بەدەربەدەری

کەوتبووە سلێمانی، گەلێ جار لەماڵی خۆمان دادەنیشتین و دەربارەی صەیدیی هەورامی پرسیارم لێدەکرد، ئەویش دەیگوت کە لەناوچەی ڕەزاودا هیچ صەیدییەک نەبووە.. ناوبراو لە وێژەی کلاسیکی کوردی و فارسیدا زۆر شارەزا بووە. یادەوەریی زۆریشی لەگەڵ (وەفایی)دا هەبوو.. شایانی باسە، گوندی (ئەڵمانە) لەگوندی (ڕەزاو)ەوە زۆر نزیکە.

مامۆستا کاردۆخی و بەندە، هەریەکەمان لە دیوانی صەیدیدا، کە بەجیا لە چاپمانداوە، باسمان کردووە، کە سەیدی پەیوەندی لەگەڵ (مستەفا بەگی کوردیدا) هەبووە و نامەشیان بۆ یەکتر نووسیوە. دیارە (کوردی) لەنێوان ۱۸۰۹-۱۸٤۹دا ژیاوە، واتە هەردووکیان هاوچەرخبوون.

مامۆستا بۆرەکەیی لە کۆششەکەیدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ صەیدی دووانن، نزیکەی ۳۵۰ ساڵ نێوانیان هەیە، یەکەمینیان ۸۵۰- ۹۱۸ی کۆچی) بە شێوەزاری هەورامی کۆن هۆنراوەی نووسیوە، دووەمینیان (۱۱۸۹-۱۲۷۱ی کۆچی)، بەشێوەزاری هەورامی نوێ هۆنراوەی نووسیوە.. لەلاپەڕە ٤۰۰ی کتێبەکەیدا، لە بڕگەیەکدا نووسیویەتی: (مامۆستا حەمەومینی کاردۆخی بەداخەوە تووشی هەڵەبووە و هۆنراوەکانی سەیدی بەهی سەیدی دووهەم داناوە و لای وایە کە هەر سەیدی یەک بووە و ئەویش لەسەدەی سێزەهەمی کۆچیدا ژیاوە...)

لەلاپەڕە ٤۸۹)یشدا، لە بڕگەیەکدا نووسیویەتی: (بەداخەوە مامۆستا عەلائەددین سەجادی و مامۆستا موحەممەدی مەلاساحیبیش تووشی هەڵە بوون و هۆنراوەکانی سەیدی دووەمیان بە هۆنراوەی سەیدی یەکەم زانیوە کەچی هۆنراوەی سەیدی یەکەم بەشێوەی کۆنی هەورامییە و هۆنراوەکانی سەیدی دووەم بەشێوەی تازەیە ئەمەش بۆ هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە...)

لەلاپەڕە (٤۰۰)دا، لە بڕگەیەکی دیکەدا، بەدڵنیاییەوە نووسیویەتی: (هۆنراوەکانی سەیدی هەوەڵ بەشێوەی زۆر کۆن هۆنراوەتەوە و لەگەڵ هۆنراوەکانی سەیدی دووەمدا زۆر تۆفیری هەیە و هەر کەسێک کە بەزاراوەی هەورامی ئاشنایەتی هەبێ و چاوێک بە هۆنراوەکانی سەیدی هەوەڵ و دووەمدا بخشێنێت ئەمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە).

(تێبینی: دەقەکانی مامۆستا بۆرەکەییم ڕوونووس کردوون)..

پاشان دوو هۆنراوەی نووسیون کە بەشێوەی کۆن دانراون، یەکەمینیان:

**دڵبەر دڵ ئەستانای جەمن، شەرط ئی دڵستانی نیو**

واتە: (دڵبەر دڵت لەمن ستاند، مەرج ئەم دڵبردنە نییە).

دووەمینیشیان:

**ریۆن داخو باڵاتەڤە هەزارێو دەردەدارەنێ**

واتە: (ڕێحان لەداخی باڵای تۆ هەزاران دەردەدارن).

سێیەمین هۆنراوە، کە مامۆستا بۆرەکەیی بۆ صەیدیی یەکەم تۆماری کردووە، بەشێوەزاری هەورامیی نوێیە. واتە ئەو ڕەخنەیەی لەو ڕێزدارانەی گرتووە یەخەی خۆی گرتووە و دوچاری تێکەڵکردنی هۆنراوەی شێوەزاری کۆن و نوێ بووە:

**یاران دێوانە، یاران دێوانە**
**ئەبلە کەسێوەن وێڵ و دێوانە**
**چی دنیای فانی بساز و یانە**
**بە ئاواش وانو ماوای وێرانە..(٥)**

واتە: (یاران، شێت و گەمژە ئەو کەسەیە لەم جیهانە بەربادەدا خانوو دروست بکات و ئەم وێرانەیە بە ئاوا بزانێ).

صەیدیی هەورامی لە هەندێ هۆنراوەیدا، بەشێوەزارە کۆنەکە، جارجارە وشە و دێڕی شێوەزاری نوێی تێهەڵکێش کردوون.. کەواتە ناکرێ ئەو چەند دێڕە دەرهاوێژرێن و بگوترێ هۆنراوەی صەیدیی یەکەم تێکەڵ بە هۆنراوەی صەیدیی دووەم کراون.. هەر بۆ نموونە لەدوایین دێڕی هۆنراوەی [ئەز ئوروموون مەکانبی، وەڵاتم]دا دەڵێ:

**نیشاتو کاکە بارومی خجڵنوم**
**خەمش بەرگم، پەژارەیچش خەڵاتم**

واتە: (هەموو ئاوەزو بیروهۆشم لای نیشانی کاکە بارامە، خەمی بەرگمە، پەژارەشی خەڵاتمە). (نیشات) ناوی خۆشەویستەکەیەتی.

لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا- بەرگی دووەم- بەشی دووەم- ۱۹۷٤- بەشی عەرەبی- ل۲۳۹-۲۷٥-

دەربارەی زانا و دانای ناودار (شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی- ١١٥٩- ١٢٥٤-ی کۆچ)، مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداخی) بابەتێکی زۆر چاک و بەپێزی نووسیوە.. لە لاپەڕە ٢٦٦دا، نووسراوە: (یەکێک لە هاوچەرخەکانی- مەلا جەلالی خورماڵ- بووە).. بۆیە دەتوانین بڵێین ناکرێ- وەک مامۆستا محەمەد بەهادین ساحب نووسیویەتی و دواتریش مامۆستا بۆرەکەیی بۆچوونەکەی ئەوی قۆستووەتەوە- بەڵێ ناکرێ (سەید- سەیدە)ی یەکەم لای مەلا جەلالی گەورەی خورماڵ ئیجازەی وەرگرتبێ.. لە هەمانکاتدا دەتوانین بڵێین صەیدی تەنیا هەر یەکێکە و هەر ئەو صەیدییەیە کە هاوچەرخی (شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و مەلا جەلالی خورماڵ) بووە، دەشکرێ لای مەلا جەلالی گەورە- لە خورماڵ ئیجازەی وەرگرتبێ.

لە پایزی ١٩٧٤دا، کە چوومە (هەورامان و سەروپیری، بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ (سەید محەمەد ئەمینی سەروپیری)دا چوومە ماڵی (سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدوڵڵای بڵبەر) لە گوندی بڵبەر. سەید عەبدوڵڵا ١٨٤٤- ١٩٣٦ زانایەکی بەتوانا و خەلیفەی شێخ عومەری بیارە بووە، هەروەها لەسەردەمی خۆیدا شاعیرێکی زۆر ناوداربووە. لە ماڵی سەید محەمەدی کوڕی چەند کتێبێکی دەستنووسم لە دانراوی ئەم شاعیرە بینین. زۆربەی بەرهەمەکانی بەهۆنراوە دارشتبوون. سەید محەمەد بە کوڵ و ئەشقی ڕەوانەوە چەند هۆنراوەیەکی باوکی خوێندنەوە.. بە ئاشکرا زۆرتر کاریگەریی ئەو هۆنراوانەی پێوە دیار بوو کە بەشێوەزاری هەورامیییە کۆنەکە نووسرابوون. بەڕاستی ئەو هۆنراوانە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام.. لە وەڵامی پرسیارێکمدا، سەید محەمەد گوتی: (دوای مردنی سەید مەحموودی کوڕی صەیدیی هەورامی، ژنەکەی شووی کردووە بەباوکم.. سندووقێکی تەختەی بچکۆلانەی لەتەک خۆیدا هێناوە بۆ خانەی نوێی، کە چەند دەستنووسێکی تێدابوون گەلێک هۆنراوەی بابا سەیدییان تێدا تۆمارکراون و زۆرێکیان بەشێوەزاری هەورامیی کۆن دایناون.. باوکیشم لەسەر هەمان ڕێچکە ئەم هۆنراوانەی نووسیون).

لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە: ئایا دەشێ بڵێین دوو سەید عەبدوڵڵای بڵبەر هەبوون، یەکەمینیان لەسەردەمێکی کۆندا ژیاوە و بەشێوەزارە کۆنەکە هۆنراوەی داناوە، ئەوی دیکەیان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و بەشێکی زۆر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە و بەشێوە تازەکە هۆنراوەی نووسیوە؟!

لە چەند سەردانێکمدا بۆ هەورامانی تەخت، کە هەندێ هۆنراوەی صەیدیم بەشێوەزارە کۆنەکە بۆ نەوەکەی خوێندنەوە، باش تێنە دەگەیشتن.. گوتیان: ئێستا لەناو ئێمەدا هەندێ وتە و مەتەڵ بەشێوەزارە کۆنەکە ماون.. باوەمان بەکارامەیی و سەلیقەی خۆی بەو شێوەیەش هۆنراوەی نووسیوە.

لە پاییزی ١٩٧٤دا، لەکرماشان بوومە میوانی مامۆستا پایەبەرز (سەید تاهیری هاشمی- ١٩١٢- ١٩٩١.. باسی پرۆژەکەی ڕژێمی شاکرا، کە دەیویست بیسەلمێنێ زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لەزمانی فارسی... ڕێزداریان گوتی: (دوای پێنج ساڵ کارکردن لەسەر هەموو ئاستەکان، پرۆژەکەیان پووچەڵ بووەوە، لە ئەنجامدا دیزە بەدەرخوونەیان لێکرد، چونکە بۆیان دەرکەوت کە زمانی کوردی ڕەسەنترە، تەنانەت هەندێ بنەمای زمانی فارسیش دەچنەوە سەرشێوەزاری هەورامییە کۆنەکە، کە تۆ لە چوارچێوەی هەندێک هۆنراوەی صەیدیی هەورامیدا بەشێکیت کۆکردووەتەوە).. جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەریەک صەیدی هەبووە. بەڕاستی گەواهی ئەم مامۆستا زۆر شارەزایە بۆ توانای لە ڕادەبەدەر و مەشووری دڵسۆزانەی صەیدی لەبواری زمانە ڕەسەنەکەماندا، سەروەی بەرین بەناخ و هەناو دەبەخشێ.. ڕاست و دروستە، کە ئەم بلیمەتە گەنجینەیەکی گەلێ دەوڵەمەندی بۆ پاراستووین.

لە پاییزی ١٩٥٩دا، دەفتەرێکم دایە مامۆستای پێشەنگ و نەمر (گۆران)، هەندێ هۆنراوەی صەیدیشی تێدابوون، لەگەڵ کورتە باسێک دەربارەی ژیانی.. ئەوسا لەکۆلیجی- ئاداب-ی بەغدادبووم، مامۆسا گۆران دەفتەرەکە و نامەیەکی بە پۆستەدا بۆ ناردمەوە- نامەکەی ڕۆژی ٣٠-١١-١٩٥٩ نووسیبوو. دەربارەی هۆنراوەکان نووسیویەتی: (ئەوانەی بەوەزنی عەرووض نووسراون و فارسییان تێکەڵە، گومان نییە هی صەیدین).. ئینجا پرسیویەتی: (ئایا ناوی شیعریی- سەیدی-یە، یان صەیدی-؟!).. دواتر نووسیویەتی: (من لەمەوپێش-

سەیدی–م بە تەختی بیستووە، کەچی تۆ نووسیوتە خەڵکی خانەگایە... ئەم زانیارییانەت چۆن و لەکوێ کۆکردۆتەوە؟!..).. ئەمەش بەڵگەیەکی بەجێیە کە بەندە چل و شەش ساڵ لەمەوبەر زانیاریم وەرگرتووە کە زێدی بنچینەیی صەیدی (خانەگا)ی لای پاوەیە.

لەکۆتایی ئەم بۆچوونەدا، دەڵێم ئەگەر لە داهاتووی نزیک و دووریشدا بۆچوون و بەڵگەی دروست و دوور لەگومان سەرهەڵدەن، ئەوە باشتر و سەوداسەرانی وشەی پاکژیش پتر ئارام و دڵنیا دەبن.

## زمانی هۆنراوەی

دیارە زمان کەرەستەی سەرەکی و گەنجینەی پڕ بەهای خامە بەدەستانە.. تاکو گەوهەری شەوچراغی جوانتر و پتر بگرێت و بدرەوشێتەوە، شەیدایان و سەوداسەران زۆرتر وابەستەی گیان و ڕەوانی خاوەن خامەی ڕەنگین دەبن. لەم بینۆگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم هۆزانڤانە بەهرەمەندەمان گەلێ خۆشبەختە و نەوای زوڵاڵی لە کەشکەلاندا دەچریکێنێ. ئەوەندە شانازیی بەسە، بەزمانی پاراو و شیرینی کوردی خەرمانی هۆنراوەی ورشەدار و کاریگەری هەڵداوەتەوە، گیان و هەست و دیدی ناسک بێدەربەست وابەستەی دەبن.

بە ڕاستی هۆنراوەکانی صەیدی– بەشێوەزاری کۆن و نوێوە– گەلێک شایستەی ئەوەن شارەزایان و سەوداسەرانی فەرهەنگی وشەی کوردی هەزاران وشەی ڕاست و دروست و ڕەوانیان لێهەڵنجێنن.. ئەوێک کە گشت کونج و چەپەکی هەورامانی ڕازاوە گەڕاوە و هەگبەی لە بننەهاتووی نەخشینی ڕەوانی بە وشەی نەواداری هەناو ورووژێن پڕاوپڕکردووە، پێیڕەوایە بەناسکترین شێوە ڕەوانی شادتر و ئاسوودەتر بکرێ، ئەویش بەوەی گەنجینە بەنرخەکەی چاک بەسەر بکرێتەوە و کەڵکی تەواوی لێوەربگیرێ.

## نامە شیعریەکانی

نامەی پڕ لە ئەشقی صەیدی بۆ شێخ و ڕابەر و خۆشەویستی گیانی، کە (شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە) بووە– ۱۷۸۰–۱۸٦٦، وەکو نوقڵی ترش و شیرین و دەنکە هەناری مەلیسی (مێخۆش) لەسەر زاری شەیدایانی ڕێبازی سۆفیزم و ئاشقانە، چونکە پاساوێکی زۆر بەجێیە بۆ دەمکوتکردنی بەدکاران و گەشاندنەوەی دڵ و دیدەی نازدارانی گیانی.. بۆ پەرچدانەوەی بەدگۆیی ناحەزان، صەیدی لەم هۆنراوەدا دەڵێ: یا شێخ، بێئاگایان و نەزانحاڵان بە جەستەی پڕ لە سەودای ڕاستی من نازانن.. من شەیدای بارەگای ئەشقی پاکژم، هەر بە وێنەی شێخی سەنعانم، لەتوانج و پلاری ناحەزان بێباکم، هەر بەوێنەی یاقووب دێوانەی بێئارام و ئەراگێڵم بۆ ڕوخسار و دیداری یوسف.. ئەو گەمژانە ئاگادارنین کە سەرەتای ئەشق بە ڕووکەش سادەیە، دواتر و لە هەنگاوی ئایندەدا، لە تەک قووڵبوونەوە و ڕۆچووندا ئەشق قاڵدەبێت و دەگاتە پلەی باڵا، کە ئەوپەڕی ئامانجی گیان و دەروونە.. بۆیە بەزاری هەناو هاواردەکەم و دەڵێم گەر سەرجەم مەلا زانا و داناکان و شێخانی پێشەنگ و ڕابەر ئاشق و شەیدا نەبن، ئەوە تیغ و ئەمەش سەری صەیدی!..

**یاشێخ سەنعانم، یاشێخ سەنعانم**
**ئاشق پەی تەرسا، وێنەی سەنعانم**

پەی: بۆ.

کۆتایی هۆنراوەکەش بەم تاکە کاریگەرە سەرمۆر دەکات:

**ئەر ئاشق نەبان یەکسەر مەڵلاو شێخ**
**فتوابو (صەیدی) سەربڕان بە تێخ(٦)**

ئەر: گەر، ئەگەر... نەبان:نەبن.

(شێخ عوسمانی گەورە)ش هۆنراوەکەی زۆر پێخۆشبووە، دڵی ئاسوودە بووە و ناحەزانیش نائومێد و ڕسوابوون.

صەیدی و شاعیری ناودار (کوردی) پەیوەندییەکی گیانییان هەبووە و نامەشیان بۆ یەکتر نووسیوە. دیارە کوردی لەناوچەی سلێمانی دەرچووبێ، لەدوادێڕدا هۆنراوەی بەنازناوی (هیجری) سەرمۆرکردووە. لەمێژبوو شەیدایانی بەدواداچوون بەدوا هۆنراوەی کوردیدا وێڵبوون کە بۆ صەیدیی نووسیبێ. خۆشبەختانە لە ساڵی ۱۹۹۸دا، مامۆستای پشوودرێژ (حەمەبۆر) نامیلکەیەکی بەناوی (چەپکێ لە هەڵبەستی بڵاونەکراوەی– کوردی–) لەچاپدا، هۆنراوەیەکی (کوردی)ی تێدایە، کە بەشێوەزاری هەورامی بۆ صەیدیی نووسیوە. ئەم هۆنراوەیە گەلێک دەگمەن و دانسقەیە،

چونکە پێشتر نەزانراوە و نەبیستراوە کوردی بەشێوەزاری هەورامی هۆنراوەی دانابێ.
با ، پێشـان سـەرنجی ناوەرۆکی نامـەکـەی (هیـجری) بدەین.. ئەوەتا بە گڕ و کـڵـپـە و جۆشی خۆشـەویستی گلەیی لێـدەکـات و دەڵێت: هەبێت و نەبێت لە ئەشـقی یاران هەڵاتوویت و لێمان ناپرسیتەوە، هەربۆیە هاوڕاز و هاودەردی خۆت لە یاد نییە و وەکـو جاران بە جەسـتەی نازانی!.. لەکۆتاییدا تکای لێدەکات سەری لێبدات، چونکە هیجری تامەزرۆی دیداریەتی.

**صەیدی نەزانان، صەیدی نەزانان؟!**
**مبۆ بزانی کو مەندەن جانان!**

واتە: صـەیدی نەتزانیـوە کـە حـاڵی گـیانبـەختـکەران چۆنە؟!
ئەم دێڕەش کۆتایی هۆنراوەکەیە:

**قەدەم ڕەنجەکەر، گەر زەردەی هیجری**
**خەیلێ موشتاقی دیاتەن (هیجری)**

واتە: ئەگـــەر وەک من پێکراوی دەردی دوور بیت، هەرچەندە ئەرک و مـاندووبوونە، فەرموو سـەرمـان لێبدە، چونکە (هیـجری) زۆر تامـەزرۆ و بە تاسـەوەیە بۆ بینین و دیدارت.
نامە پڕ سۆزەکەی کوردی، کوورەی دەروونی صەیدیی پتر جۆشاندووە. هەروەک گوتراوە، دڵ ئاوێنەی دڵە، یان دڵەو دڵە، ئەویش لەو بە کـوڵـتـر وەڵامی بۆ نووسـیـوە و ڕوونی کردووەتەوە دۆست و برادەران مافی ڕەوای خۆیانە گلە و بناشـتی گـیـانی بۆ بنێـرن، چونکە ئەو بەشـیـرەوە ئەشقی پاکژی نۆشیوە و هەرگیز ناتوانێ ئاگای لەخودی خۆی و دەوروبەربێت.. ئەوەتا سـەراپابوونی هەر ئەشـقی ڕووتە و دێـوانە ئـاســـــا وێڵـی هەردو کــــێـــــوانە و دۆستەگیانییەکەی ئاگای لەدەردی نییە..

**(هیجری) نەزانان (هیجری) نەزانان**
**تو بە حاڵی دەرد ئێمەت نەزانان؟!**
**من (صەیدی)م سەردار سوپای دێوانان**
**کوشتەی دەردی عەشق، زەدەی هیجرانان(٧)**

لە کـۆتاییـدا بە دەرفـەتێکی گـونجـاوی دەزانم بڵـێم: ئەگـەر ڕۆژگـار هەل و بـوارم بۆ بڕەخـسـێنێ، بە تەمـام بە پوخـــتـی و ڕێکوپێکـتـــر دیـوانی ئەم شـــاعــــیــــرەمــــان ئامادەبکەمەوە و لە چاپ بدرێت... دیارە بە پشتیوانی و هاوکـــاریی دڵســــۆزان کـــارەکـــەم چاکـــتـــر دەبێت، بە سوپاسیشەوە پێزانین و ڕێزیان بۆ تۆماردەکەم.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**
**محەمەد ئەمین کاردۆخی: دیوانی صەیدیی هەورامی- ١٩٧١.**
**١- لاپەڕە (١٥٩).**
**٢- لاپەڕە (٧).**
**٣- لاپەڕە (١٣).**
**٤- لاپەڕە (٢١٢).**
**٥- لاپەڕە (٢٠٨).**
**٦- لاپەڕە (٢٠٥).**
**٣- محەمەد ئەمین هەورامانی: ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە- ل(١٥٤، ١٧٥)- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٥.**
**عـوسـمـان مـحـەمـەد هەورامی: دیوانی صـەیدیی هەورامی- ١٩٧٠.**
**١- لاپەڕە (٧٤).**
**٢- لاپەڕە (٧).**
**٣- لاپەڕە (٨٦).**
**٤- لاپەڕە (١٠٦).**
**٥- لاپەڕە (٩٠).**

# «خەزعەل ئەلماجیدی» و گەشتەکانی عەقڵی شیعری

هاشم سەڕاج

هەوڵدانێکە رووەو جیهانی ئاڵۆز و جوانی بۆچوون و تێڕوانین و وێناکردنەکانی شاعیری بەتوانای عەرەب «خەزعەل ئەلماجیدی» کە لە دوو توێی دوو بەرگی کتێبی «عەقڵی شیعری»دا هەوڵی داوە بە وردی سەرلەبەری بۆچوون و گۆشەنیگاو جیهانبینییەکانی سەبارەت بە جیهانی ئاڵۆزی شیعر پوخت و چڕ بکا و مەفتەنی نادیاری عەقڵی شیعریش کە جەوهەرێکی ئاڵۆزە لەنێو «خود»دا بە سەرچاوە فەلسەفی و مەعریفی و زانستی و سیحری و دینی پەیوەست بکا کە جەوهەری شیعر دوای ئاشنابوونی بە هەردوو جیهانی «لۆگۆس» و «ئیرۆس» خۆی بە بارگاوی کراوی دەدۆزێتەوە و لای خەزعەل شیعر خاوەندی جەوهەرێکی هێجگار ئاڵۆزە و لەودیو مەملەکەتی ئیستێتیکەوە لە ئەندازە ئاڵۆز و نادیارەکانی گەردوون دەڕوانێ و دوایین جاریش کە چالاکییە جەهەنەمییەکانی خۆی دەخاتە ڕوو چەمک و شێوەکانی شیعر دەبێتە لەوحێک لە کۆد و شیفرەی ئاڵۆز و جوان نەخوێنەر لێی حاڵی دەبێ نە شاعیریش!، چونکە لە دنیای شیعردا «زمان» دەبێتە کێڵگەیەک لە کۆد و شیفرە و هێما، ئەمەش پەیوەستە بە کردەی ئەبستراکتکردنی زمان لە هێما و پیت و تاقە وشەدا، ئەم بۆچوونەش نزیکە لە حاڵەتە ئاڵۆزەکانی «جاک دریدا» بە تایبەتی لەکتێبی «نووسین و جیاوازی»دا کە دریدا هەندێ برگە و لاپەڕەی دارژانئامێزی وا هەڵدەدا کە لێوانلێوە لە «شطحات»ی ئەخترجلاخی.. واتا جیاوازی و دواخستن کە خۆیشی چەمک و دەلالەتی کۆد و شیفرەکانی بۆ ڕاڤە ناکرێت، ئیتر شیعر چلۆن دەتوانی کۆد و شیفرەی تایبەت بخولقێنێ: هەروەها لە شیعری

پێش ئیستێتیکی دەدوێ کە تێیدا جەوهەری خود لە پانتایی زماندا چەمک و مانا بەچەق وەردەگرێ، بەڵام لە شیعری ئیستێتیکیدا چەق ڕوو لە دەلالەت دەکا، کەچی مەبەستی ئەو شیعری «میتائیستێتیک»ە کە تێیدا «چەق» بایەخدانەکانی ڕووەو ئاماژە و کۆدو شیفرە و زناکەکان ئاراستە دەکا و چ نادرکێنێ و دەلالەتیش لە هیچ ناکا، بەڵکو کۆد و شیفرەکانی کێڵگەکانی عەقڵ و گەردوون بەو سیستمە ڕێک دەخا کە خۆی وای دەبینێ..

«خەزعەل ئەلماجیدی» عەقڵی شیعری یان ئاوەزی شیعری بە هەمان پۆلێنکردنەکانی ئاوەزی ئایینی و فەلسەفی و زانستی هاوێر دەکا، بەڵام ئاوەزی شیعری بە ڕێگەیەکی جیاواز لە جیهان و مرۆڤ و مەعریفە و ئاکارەکان دەڕوانێ و هاوکات بەشێوەیەکی شیعری مامەڵە دەگەڵ وجوود دەکا و تێکستی ناوازە بەرهەم دێنێ، چونکە خودێکی هۆشمەندە و لە تەهی ناخڕا لە پرۆسەکانی شیعر دەڕوانێ، بەڵام کردەی خەیاڵکردن چلۆن خەیاڵگەی شیعری ئاوەڵا دەکا و بە جەوهەری گەردوونی دەگەیەنێ و بە توند و تیژترین پێکدادانەکانی دەسبەردەکا، ئەو لە «میتائیستێتیک»ەوە لە پێکهاتە و نهێنییەکانی گەردوون دەڕوانێ کە شیفرە گەلێک




جەستەی ئەو گەردوونەی بە کۆمەڵێک پێکهاتەی ئاڵۆز ئاڵۆز داپۆشیوە و گەوهەر و عەقڵی شیعری چلۆن هەنگاو دەهاوێژێ تا لە نهێنی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزانە بگا و نهێنییەکانیان بدۆزێتەوە، هاوکات کردەی شیعر کاریگەرترین زەلزەلەیەک لە بونیادی زماندا بەرپا بکا. هەربۆیەش لە قۆناخەکانی «بورهان، بەیان، عیرفان، ڕەحمان» دەکۆڵێتەوە. لەم قۆناغانەدا لە ئاستەکانی زمان و پرۆسەکانی دەربڕین دەدوێ، واتا لە گوتاری لۆژیکی و ڕەوانبێژی و شیفرەی لۆگۆسی، بەڵام لە قۆناغی «ڕەحمان»دا ئەو مەودا و پانتاییە دیاری دەکا کە باڵاترین شێوەی تێکستە سۆفی و عیرفانییەکان لە گەوهەری شیعری جیادەکاتەوە کە مەودایەکی سۆفی و لۆگۆسی و شوفراتیە نزیکترە لە بێدەنگی و کش و ماتی و دۆزینەوەی بوقعە سپییەکان تا گوتاری شیعری. لەیرەدا شیعر دەبێتە نسک و پارسا، یا پەرستنی ئەو گەوهەرەی کە گەردوونی لێ ترازا کە جەوهەرێکی خودایی نییە و بەڵکو جەوهەرێکی تایبەت و ڕەها و پڕو قەرەباڵغە، بەڵام جەوهەری شیعری دوور نییە هۆکاری مەرگەساتە گەردوونییەکان بێ کە ئێمەی تێدا دەژین یان هۆی «پشیفا» و شەکەتی عەقڵ و نیگەرانییەکانی دەروون و هاوکات هۆی چرکەکانی بەختەوەری بێ.. هەربۆیەش گەوهەری شیعریی هەوڵ دەدا گەشتە «فینۆمینۆلۆجیا»کانی تەواو بکا یان گەشتە نۆیانییەکانی گەوهەری شیعر بەرەو دەرەوەی خود و بەو پەڕی فەڕو پیتئامێزی بگەڕێتەوە، گەشتێکی شیعرییە بەپێی گوفتارە فەلسەفییەکانی ئەرستۆ و هیگڵ، بەڵام خەزعەل زیاتر پابەندی گوفتارە فەڕئامێزەکانی «هیگڵ»ە لە پانتایی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا، کە ڕووەو چەندێتی و چۆنێتی و ئیزافە و کات و شوین و فرمان و هەڵچوون و مولک و وەزع و...تاد، ئاوێتە و ئاوێزانی توخم و ڕەگەزەکانی وجوود دەبێ، کەچی ئەقڵی شیعری لای خەزعەل، عەقڵێکی ڕووتی لۆژیکی و مادی نییە، بەڵکو ئەندازەیەکی ئاڵۆز و پەنهان و شاراوەیە کە شاعیر هەوڵ دەدا لەنێو پانتایی «خود»دا بیدۆزێتەوە یان ئەو گەوهەرە شێتئامێزەیە کە بەردەوام گەشتە ئاڵۆز و خەیاڵئامێزەکانی ئەنجام دەدا، ئەندازەی شیعریش جۆرێکە لە سیمبۆلەکانی ناخود ئاگایی، کە خاوەندی خەسڵەتگەلێکی هێماییە کە جاری یەکەم «دال» دەسەپێنێ و پاشان مەدلوول.

## سیحر یان ئەفسوون سەرچاوە و بنەچەی شیعرە

هەمیسان مەدلوول- دال بەرهەم دێنێ کە بەرهەمهێنەری هێمایە. یان هێما دال بەرهەم دێنێ کە بەرهەمهێنەری مەدلووله- هەروەها زمان چەمکەکان و مەدلوولەکان بەرهەم دێنێ. کە گەنجینەیەکی گشتگیری عەقڵە. هەربۆیەش تێفکرینی شیعری لە تێفکرینی فەلسەفی و زانستی و ئەفسانەیی و سیحری جیاناکرێتەوە. مەگەر لە ڕێگەی بەرهەڵابوونی نەبێ، هەربۆیە شیعر بە چالاکییەکی عەقڵی و ڕۆحی لە قەڵەم دەدا و بە هەمان گۆشەنیگاش لە میراتی بەرفراوانی مرۆڤایەتی دەڕوانێ کە دەکرێ داهێنەر بتوانێ لەنێو لایەنە جوان و زیندووەکانی میراتی بێ شوماری مرۆڤایەتیدا کار بکاو بە تایبەتی کردەی نووسین کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە -سۆمەر- سەری هەڵداو میراتێکی جۆراوجۆری بە پێز و دەوڵەمەندی جێ هێشت کە تیایدا تێکرای میللەت و نەتەوەکانی ئەو شوێنە بەشدارییان تێدا کردووە، میللەتانی وەک سۆمەر، ئەکەد، بابل، ئاشوور، کەنعان، میسر، یەمەن.. (هەڵبەتە-کوردیش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەم بەشداری کردنی کولتوورییە «تەورات»یش چاکترین بەڵگەیە کە لە سفرێکدا ئاماژە بە ڕۆڵی میدییەکان دەدا، لە زەمانی بەخت نەصردا- هـ- س).

خەزعەل ئەلماجیدی ئەم پانتایی میراتە سۆمەرییە وەک هاوسەنگێک لە بەرانبەر میراتی «گریک» ڕادەگرێ، ئیتر گەوهەری شیعری یان ئەقڵی شیعری چلۆن دەتوانێ سوود لەو میراتی سۆمەرییە وەربگرێت و ڕووەو چرکەکانی ئیشراق و درەوشانەوەی بەرێت و تێکستی کراوە و جیاوازی لێ بخوڵقێنێ، بەڵام شیعر لای ماجیدی سەر بە دوو جۆر ڕەگ و ڕیشەیە، ڕەگ و ڕیشاڵی «ئایینی» کە پەیوەستە بە لایەنەکانی ڕۆحی و میتافیزیکی و تێڕامان، ئەوەی تریان ڕەگ و ڕیشاڵی دنیاییە کە پەیوەستە بە هێزی غینایی (لیریکی) و حسی (هەستی) کە بە هەردوو لایەنی لۆگۆسی و ئیرۆسی جەوهەری شیعری پێک دێن.. واتا لۆگۆس (ئایینی)، ئیرۆس (دنیایی)... پاشان لە هەمان گۆشەنیگاوە لە پانتایی پەخشانەکانی ئیشراقی و عیرفانی، دەڕوانی کە ناوازەترین گەنجی ڕۆحی لۆگۆسین، کتێبەکانی یەکتاپەرستی، ئاماژە خوداییەکان، نامەکانی غوفران و «الفصول و العادیات»ی مەعەری و تێکستە شەتەحاتئامێزەکانی حەلاج و کتێبە ئایینیەکانی «ئەلمەسعوودی» و نووسینە ئەڤینی و عیشقییەکانی «ئیبن عەرەبی» و جونەید و «ئەلبەستامی» و «زەنون ئەلمیسری» و «سوهرەوردی» و ئەو کتێبە عیرفانییانە زاگە و مەفتەنی لۆگۆسن. واتا لۆگۆسی شیعری لەنێو سیستەمی ئاڵۆز و جوانی ئەم تێکستە داهێنەرانانەدا حەشاردراون.. کە گوزارشت لە چرکە شڵەژاوەکانی هێزی خود دەکەن و چرکەساتەکانی ئیشراق و درەوشانەوە عیشق و جوانی دەنووسنەوە. کەچی جەمسەری ئیرۆسی بە نومایندەی شیعری دنیایی لە قەڵەم دەدا، کەچی من وای بۆ دەچم ئەم دوو ڕەگەزە یا ئەم دوو جەمسەرە شیعرییە «لۆگۆس-ئیرۆس»یان بەهاوێرکردنێکی تر «جەمسەری ئەپۆڵۆن-دیۆنیزۆس» لەم تێکستە عیرفانی و سۆفییانەدا تێکچرژاوە و ئاوێزانی یەکدین ناتوانین جیایان کەینەوە بۆ نموونە لە تێکستی «ترجمان الاشواق»ی «ئیبن عەرەبی»دا لەژێر فەزای دەربڕینە عیشقی و جوانییەکاندا کە پابەندە بە یەکتاپەرستی هێزێکی شاراوەی ئیرۆسی چەشنی تۆڕێکی نادیاری جیوەیی و شاراوە هەمیشە و بەردەوام لە جووڵە و بزاڤدایە، هەروەها لە بەشێکی تری کتێبی یەکەمدا لە جیهانی ڕەخنە دەدوێ کە چلۆن هەندێ جار ڕەخنەکار لە جیاتی ئەوەی تۆڕەکانی زمان هەڵوەشێنێ، دڵی تۆڕە ئاڵۆز و جوانەکانی شیعر لەتوپەت دەکا و ئارامی و هێمنی و دڵنیاییەکانی جیهانی شیعر تێکدەدا یا ئینسجامە ڕۆحیەکانی شاعیر دەشێوێنێ. یان لە سیمیاء، سیمیولوجی و دەلالەت دەدوێ. کە لە تێکستە سیحری و ئەفسوونیەکاندا سیمیا جەخت لەسەر هێماگەلەکان دەکا، چونکە دەقەکانی شەعوەزە و جادوو پڕن لە پیت و تاقە وشەی هێمائامێز. هەروەها زمان و هەڵدانی سیاقەکانی لە هەردوو جیهانی سیحر و شیعردا، کە نەسقی پێش لۆژیک سەر بەمەفتەنی سیحرە و سیاقی لۆژیکی پابەندە بە زانست و دوای لۆژیکیش سیاقەکانی شیعر لە ئارادانە..

سیحر یا ئەفسوون سەرچاوە و بنەچەی شیعرە و

بایەخدان بە سیحر یان ئەو باس و بابەتانەی دوا بەدوای سیحر دێن و وەک شەعوەزە و ئیهاماتی سیمیائی کە جەخت لەسەر هێما و سیمبۆل دەکەن و سیمیاش یا سیمیولۆژی وەک زانستێکی نوێن لە بوارەکانی مەعریفە و وجـوودا بایەخ بە هێـما و دەلالەت دەدا و لەم گۆشەنیگایەوە کێشەکانی چارەسەر دەکا، خەزعەل ئەلماجیدی کە لە سیستەمی سیمۆلۆژی دەدوێ، دەیەوێ بەسەر تێکستە سیحری و شیعرییەکاندا پراکتیزەی بکاو سیستەمی سیمۆلۆژی لە تێکستە سیحرییەکاندا یان سیحر سیستەمێکی سیمۆلۆژی لەخۆیەوەیە و بنج و بناوانی لەسەر تاقە وشە و نەغەم و هێڵ بونیادنراوە کە سیستەمێکی ئاوێتەیە، وەلێ دەلالەتی سیحری لەخۆوە و هەرەمەکی نییە، بەڵکو مانا و گەیاندنەکانی دیاریکراون، کەچی دەلالەتی شیعری لەخۆوەیە کە زمان حوکمڕانی دەکا و مانای دەستنیشانکراوی هەیە، کەچی کەناڵەکانی گەیاندنی ئاوێتە و بالآیە، هەر بۆیەش شیعر یان گەوهەری شیعر کە سیستەمێکی زمانی کراوە و ئاوێتەیە هەوڵی تێکەڵبوونی سیستەمێکی دەلالی دەدا کە زمانە، کەچی زێتر بە پیت و فەڕ و بەرەکەت دەبێ ئەوکاتەی بەرەو سیستەمی سیمیۆلۆژییەکانی تری وەک مووزیک و نیگارکێشی و سەما دەکرێتەوە و گەوهەری شیعر دەکەوێتە جووڵە و ئاوێتە دەبێ. دەتوانم بڵێم خەزعەل ئەلماجیدی وەک عەقڵ و جەوهەرێکی خودان بەهرەی خەتەرناکی شیعری بە نیگایەکی هێجگار کراوەی گەردوونی لە جیهانی شیعر دەڕوانێ، دەیەوێ لە دەڤەرە نادیارەکانی «میتاجەمالی»یەوە کە هەڵگری مۆنادەکانی عیشق و ئەڤین و پەرێشانییە، سەراپای پانتاییەکانی مەعریفە و تۆڕە ئاڵۆزەکانی کۆد و شوفرە و دەلالەتی جیهانی سیمیۆلۆژیا و هەردوو جەمسەری لۆگۆس و ئیرۆتیک لەنێو عەقڵی شێتئەنگێزی شیعردا هەڵکێشێنێ و هاوکات سەرپاکی لەمپەر و ئاستەنگ و بەربەستە ترادیسۆنیەکان هەپروون بە هەپروون بکا. ئەو هەندێ جار چرکە ئاگرینەکانی شیعر لە مۆتیڤی گۆرانییەکی لیریکی سۆزانییەکی بەر پەرستگای سۆمەردا دەدۆزێتەوە. «خەزعەل» دەیەوێ بە کردنەوەی سەراپای کەناڵگەلەکانی ڕۆح و عەقڵ لە گەردوونی شیعری نزیک بێتەوە، واتە گەوهەری شیعری سەرلەبەری بوار و کایەکانی فەلسەفە و زانست و ئەبستم و هەتا خەریتە نادیارەکانی سیحر و میتۆلۆژیاش تێپەڕێنێ وەک بوونەوەرێکی هەمیشە مەست بە حەشیشەکانی میهر و سەوداییی گۆرانی بۆ چارەنووسە نادیارەکانی مرۆڤایەتی بڵێ و یا «فاوست» ئاسا لە ئاگری بورکانە شاراوەکانی ڕۆحی گەردوون بڕوانێ. هەربۆیەش پەنا بۆ چەندەها سەرچاوەی تازە و دێرینی مەعریفی و ئایینی و سیحرییەکان دەبا.. زۆرجار بەرانبەر تێکستێکی سیحریدا دەسە پاچە و نامۆ و مەدهۆش لە شیعر دەدوێ.

چونکە دەقی ئەفسوونی هەڵگری بونیادێکی قووڵی شاوەتی و ئیرۆتیکیە.. لەوێ لە پەنا و نێوان و بۆشاییەکانی زماندا «ئیرۆس» هێندە بە کش و ماتی خۆی حەشارداوە لە پڕ چەشنی بڵێسەی ئاگرێکی ئاڵ خۆی دەردەخاو جادووی خۆی بەسەر دڵ و زەین و دەروون و ڕۆح و سەراپای جەستەی تێفرو سماوا دەسەپێنێ دەبێ ئەمەش بدرکێنین کە بوقعەکانی ئیرۆس لەژێر تۆڕی زمان و گوتارە میتافیزیکیەکانی عەهدی عەتیقدا زۆر بە پارێز حەشاردراون. با سەیری سفرەکانی «الجامعه » بکەین کە هەڵگری هەستێکی «ئەپیکۆر»ییە یا دنیای سەردی چیرۆکەکان و پێشبینییەکانی «دانیال» و «سروودەکانی سلێمان» کە سروودگەلێکی لێوانلێوە لە خەسڵەتەکانی ئیرۆس و لۆگۆس.. ئەمە تەواوکەری دیالۆگی پێشووە کە لەگەڵ «خەزعەل».. یان لەگەڵ کتێبەکانی ئەنجامی



دەدەم.. ئەو لە بونیادە سەرەکییەکانی «ئایین» دەدوێ کە «باوەڕ و ئەفسانە و سرووت» بە سێ بونیادی سەرەکی ئایینی لە قەڵەم دەدا و پاشان «شەریعە و ئاکار-ئەخلاق» کە دوو بونیادی لاوەکین ئەفسانەش کە هەقایەتی پیرۆزە و هەردەم لە سەربردە و سەرکەوتنەکانی خوداوەندان دەدوێ مۆسیقاش وەک ئاوازێکی سەرەتایی هاوکات لەگەڵ شیعری سەرەتایی هاتۆتە کایەوە کە ترپە و ئیقاعی جەستەیە کە بە دەنگ و ئاماژە و بازدان و جووڵەی لەش و نەعرەتە و ڕاوەشاندنی دار عەسا و بەرد و...تاد، هاتۆتە کایەوە کەواتە هاوبەشییەکی تەواو لەنێوان شیعرو مۆسیقا و سەمادا هەیە و دەتوانین بڵێین دەگەڵ لە دایکبوون و خوڵقانی ئادەمی هاتوونەتە کایەوە.

ئیتر هەوڵ دەدا لە ڕێگای چەندەها سەرچاوەوە ئەم عەقڵی شیعرە بەرەو گەشتی بێ سەرو شوێن ڕابماڵێ و تا بەوپەڕی فەرئامێزی بگەڕێتەوە و لەنێو سیستەمێکی سیمیۆلۆژیدا چالاکییە شیعرییەکانی ڕووەو گەردوون هەڵبدا، ئاوڕێ لە گوفتارێکی «سان ژۆن پێرس» دەدا کە دەڵێ: «هیچ مێژوویەک نییە جگە لەمێژووی ڕۆح، یان لەفینۆمینۆلۆژیای «هیگل»دا کە چلۆن خود بەهۆی هۆشمەندی یان هۆشمەندی خودی بەرەو لۆژیک و عەقڵ و ئایین و مەعریفەی ڕەها هەنگاو دەهاوێژێ و لە سیانییەکانی فەلسەفە و ئایین و هونەردا بەرجەستە و تەجەللا دەکا، یا بەهۆی مێژووی ڕۆحانیەتەوە چلۆن پەنا بۆ کۆژیتۆی «دیکارت» دەبا و هەروەها بەشێنەیی لە سیستەمی مەعریفی میشیل فوکو دەڕوانێ خەزعەل لەو باوەڕەدایە کە پێویستە عەقڵی شیعری خۆی لە چوارچێوەکانی سیستەمی و بێ کەڵکی دەرباز بکا و لەنێو میراتی کەڵەکەی کولتووری و فەلسەفی و مەعریفی.. تاد، بە زووترین کات ئەو جەوهەری شیعرە کارا و کارامەیەی ڕووەو ئاراستەکانی بازدان و دەربازبوون بەرێت، بەڵام بازدانێکی داهێنەرانە و مەعریفی، چونکە عەقڵ یا جەوهەری شیعری لای «ئەلماجیدی» خاوەندی بەهرەیەکی سەرشێت و ئەفسوونکارە و بەردەوام لە کایە و کەناڵە هزری و فەلسەفی و ئیستێتیکی و سیمیۆلۆژییەکاندا خەریکی گەشتی دۆزەخیانەیە. خەزعەل هەمان ئادگار و خەسڵەت و ئاکاری شیعری لە ڕەخنەکار داوا دەکات، واتە پێویستە ڕەخنەکاری زانا و لەززەتمەند، بە زووترین کات ئەگەر مەرگ دەرفەت بدا، سەرپاکی ئامراز و کەرەسە و «ژەهرەکانی ئایدیۆلۆژیا» و ڕاڤە حازر بەدەستەکانی وەلانێ یان بەرەو ساراکانی لەبیرچوونەوە هەڵیان بدا هەڵ، پاشان ئەلماجیدی بەدوای تێکستی والاکراوەدا دەگەڕێ.. هەڵبەتە لای بارت بە خەتەرناکترین دەق لە قەڵەم دەدرێت، چونکە هەڵگری ئاماژە گەلێکی نەگوتراوە. یان ئەوەتا زمان وەک سیستەمێکی کە زۆر جار بەهۆی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نەبینراو و شاراوە دەبێتە سەروەری مرۆ و ئەو واتا «زمان» هەڵسوکەوت و ڕەفتار بە ئادەمی دەکا و ڕابەرایەتی و سەروەری بەسەرا دەسەپێنێ، بەڵام ئەلماجیدی ئەم حاڵەتی تێکستە کراوە و والایە بە شاکارێکی «گۆگۆل» پەیوەست دەکا، کە کتێبی «دەروونە مردووەکان»ە.. ڕۆمانێکی شیعر ئامێزە و کە تێیدا شیعر یان شیعرییەت لە فەلسەفەش تێدەپەڕێنێ.. لەوێ لەم تێکستەدا شیعر یان جەوهەر و عەقڵی شێتی شیعر بەدوای نادیارە نامۆ و سەرسوڕهێنەرەکاندا هەڵوەدا و پەرێشانە. کە کێڵگە پەراوێزییەکانی گوناه و خەتا و بێ هێزی و نەخۆشی و شێتی و توندوتیژی و نادادپەروەری دەسەڵات و دەڤەرە یاساغەکان و مەرزە خەتەرناکەکان بەشێوەیەکی حەشیشی و تلیاکی ڕۆحی سەرشێتی عەقڵ و جەوهەری شیعری دەخرۆشێن.. لەیرەدا جەوهەری شیعری هەوڵ دەدا مەدلوولەکان هەڵوەشێنێ و چین و قەپێلک و قالکەکان هەڵتەکێنێ تا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا خەریتەی ئازار و مەینەتەکانی مرۆڤایەتی و هۆشمەندی بەدیاربکەوێ، ئەنجا لە ئەفسانەکانی «سۆمەر» و «بابل» دەدوێ و ئاماژە بە «إنانا»ی خوداژنی ئەڤین و جەنگ و تاجی پیرۆز و سەوڵەجانی مەزن دەدا، هەروەها لە تێکستە کۆنەکانی شیعری عەرەبی دەدوێ کە چۆن هەڵگری گیانی جوانی و لیریک و هونەرەکانی ئاخاوتن بوون.. ئەنجا لە چەمک و ڕەوش و شێوە و تەکنیک و گۆشەنیگاکانی «تازەگەری».. دەڕوانێ، سەرپاکی حاڵەتە ساکار و ڕووگەشەکانی تازەگەری ڕەت دەکاتەوە تازەگەری ئەوە نییە ئێمە بێین شێوە و شکڵێکی تازەو نوێ لە جیهانی گوزارشتی ئەدەبی و هونەریدا هەڵبژێرین، یان ئەوەتا دژی شاکارە ئیبداعییە کۆن و دێرینەکان بوەستین، هەڵبەتە وەک «ئەدۆنیس» دەڵێ کۆمارێکی بەرفراوانی ڕۆحی و

ئیبداعی لەسەرتاسەری جیهاندا ئامادەبوونی هەیە و سەراپای شاکارە داهێنەرییەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتە خۆ، وەک شاکارەکانی «دانتی، رامبۆ، نالی، بۆدلێر، موتەنەبی، دۆستۆیڤسکی، سوهرابی سپێهری،...تاد» تازەگەری هەڵوێستێکی قووڵی مەعریفییە بەرانبەر بە جیهان و بوون و مێژوو و مرۆڤ و مەدەنیەت کە لەنێو عەقڵ و دید و گۆشەنیگا و رەفتار و تێکستەکاندا دەخولقێ... هەروەها هەڵکشانە لە ئیرۆسەوە بەرەو لۆگۆس و میتاجوانی. جەوهەری شیعری لە هەر جۆرە نووسین و سیستەمێکی سیمۆلۆژی شیعرییەت وەردەگرێ تا دەبێتە گشتێکی ئاڵۆز و ئاوێتەی جوان! کە تیایدا چەشنی ئاوێنەیەکی باڵا نوما جیهان و گەردوون و خەڵقندە و هزرگەل و جوانییەکان لە شێوەی هێما و کۆد و شفرە رەنگ بدەنەوە، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەستە بە گەشتە فەرِ ئامێزەکانی جەوهەری شیعرەوە کە دەورانێکە خۆی لە مۆرکی خۆرسکی و سستی و ناکارایی دەربازکردووە، چونکە شیعر پێکگەیشتنی دوو پارچە پەخشانە، واتا پەخشانێکی ئاڵۆز و پەخشانێکی جوان، هەر لەبەر ئەمەشە شیعر تێکستێکی ئاڵۆز و جوانە!..

**خەزعەل جاری مەرگی تازەگەری دەدا**

شیعر لەنێو دەروونیدا رۆحی سەرلەبەری دنیای هەڵگرتووە.. ئیتر لێرە خەزعەل دێ بانگەشەی «مەرگی تازەگەری» دەخاتە روو، جاری مەرگی سەد دەرسەدی تازەگەری دەدا و ئەو مەبەستی ئەوە نییە فیشەکێک بە تازەگەری رۆژئاوایی و عەرەبی وەنێ، بەڵکو نیازەتی کە بەدید و گۆشەنیگایەکی رەخنەکارانە بە تازەگەری و چەمک و مانای تازەگەریدا بچێتەوە یان بەشێوەیەکی گونجاوتر مەبەستی سەرەکی «ئایدیۆلۆژیای تازەگەری»یە کە ئازادی و سەربەستی و رۆحی شیعر لە خشتە دەبا و، جوانییەکانی دەشێوێنێ، پانتایی ئاسۆکانی بیرکردنەوەی تەسک و ترووسک دەکا، تازەگەری وەک سیستەمێک تاکرەهەندی دیکتاتۆری هەژموونی خۆی بەسەر عەقڵی شیعریدا دەسەپێنێ.. کۆمەڵێک پێوەر و پێودانگی حازر بەدەستی ژەنگاوی دەخاتە بەردەست رەخنەکارانی دۆگما، بەڵام تازەگەری وەک بیرۆکە دەکرێ لە تێکستە دێرینەکانی شیعری سۆمەری و میسری کۆندا بدۆزینەوە.

واتا وەک هزری نۆژەنکاری مۆدێرن، بەڵام مۆدێرنیزم وەک دامودەزگاو قوتابخانەی عەقائیدی وەک تازەکاری، کە هەڵگری گوتار گەل و گوفتار گەل و کۆمەڵێک تابۆ و زانیاری و فەرمایشت و مانیفێستە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەدیارکەوت و وەکو دامو دەزگایەکی گەورەی رۆشنبیری و ئەدەبی و شیعری تا رۆژی ئەمرۆ خۆی سەپاندۆتە سەر دنیای رۆح و جوانییەکانی جەوهەری شیعری. جا «ئەلماجیدی» جەخت لەسەر قۆناخی بەر تازەگەری دەکا بە Premodernism نێوزەدی دەکا و مەبەستی ئەو بزاڤ و رێبازە نۆژەنانەیە کە رێگەیان بۆ دەرکەوتنی تازەگەری خۆش کرد دەورانەکەش پێش نیوەی سەدەی نۆزدەیەم و دواشی دەگرێتەوە. ئەو بزاڤە ئەدەبی و هونەرییانە بە تازەگەری سەرەتایی لە قەڵەم دەدا. هەروەها بزاڤی تازەگەری کە سیستەمێکی هزری و رۆشنفکری تازەکردنەوە بوو، هەروەک «الانطباعیة impressionism و پۆست الانطباعیة Post im-pressionisim- التكعیبیة و ئایندەخوازی و سیمیۆلیزم و ئیماگیزم و Lorticism و دادایزم و سیریالیزم... تاد، بەڵام پاشان تازەگەری یان «مۆدێرنە» وەک دامودەزگایەکی تۆتالیتاری هەژموونی خۆی سەپاندە سەر جیهانی ناسکی ئەدەب و هزر و مەعریفە و ویستی گیانی رەهای مرۆڤ و جیهانی رەنگاورەنگی شیعر تێکەڵ بە بوغز و کینە رەشەکانی ئایدیۆلۆژیا بکات، هەروەها لە کۆمەڵێک بزاڤ و رێبازی پۆست مۆدێرنە دەدوێ کە چۆن دژی بۆچوونەکانی مۆدێرنە وەستان یان رووبەرووی ستراتیژیەتی تازەگەری رۆژئاوایی دەبێتەوە کە دەزگایەکی سێنترالیزمی دەمارگیری ئایدیۆلۆژیاخوازی دیکتاتۆری تۆتالیتارییە. پاشان باس لە ناسکی و جوانی هەندێ رێبازی ناسکی ئەدەبی و هونەری دەکا، وەک رۆمانسیەت کە دەکەوێتە نێوان کلاسیک و تازەگەری هەرگیزاو هەرگیز نەبووە دامودەزگایەکی ئایدیۆلۆژی وێرای ئەوەی کە شاعیرانی وەک «کولریدج» و کیتس وردزورس و چەندین رەخنەکاری رۆمانسی بیروبۆچوون و گۆشەنیگای خۆیان خستەروو. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لەنێوەندی ئەدەبی

کوردیدا هەمان بۆچوون و تێڕوانینی ناسک و جوان لە هەوڵ و چالاکیە ئەدەبی و هونەرییەکانی دکتۆر فەرهاد پیربالدا بەدی دەکرێ.

فەرهاد تا ئێستاش هەوڵ دەدا بەشێوەیەکی بەردەوام سوود لە لایەنە جوانەکانی کەرستە و تەکنیکی ڕێباز و بزاڤە جوانەکانی تازەگەری وەربگرێت و لەگەڵ حاڵەتە شیعری و فەردانی و ئیستێتیکییەکانی ڕۆحی خۆی تێکەڵ و ئاوێتەیان بکات، یان وەک گەمە و لەنجەی زمان کەرستە و تەکنیکە شیعری و چیرۆکیەکان هەڵداتە نێو فەزای تێکستێکی ناخود ئاگاییەوە. فەرهاد وەک ئەدیبێکی خودان بەهرەی بێ پەروا توانی لە گۆڤاری «وێران» و کتێبی «جیاواز» و گۆڤاری «شێن»دا ئەو ئەزموونە جوانانە پراکتیزە بکات و هەم لە دنیای شیعرەکانی و هەم لە چیرۆک و نۆڤلێتەکانیش سوودیان لێ وەربگرێت. بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم ڕاو بۆچوونەشم دەتوانم ئاماژە بە گوتارێک بدەم کە لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری وێراندا بلاوبۆتەوە و بە شێوەیەکی تەنزئامێز لە دامودەزگا و ئیدیۆلۆژیای چەمکی تازەگەری دەدا و هاوکات ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی نوێخوازی دەدا لە جیهانی دیکارت و ئەمانوئێل کانتدا.. مەبەستم ئەوەیە د. فەرهاد هەوڵ دەدا سوود لەو تەکنیکانەی ئەدەبی جیهانی وەربگرێت کە ڕۆحی بەهرە و مەعریفەی ئیستێتیکی دەخرۆشێنن و سیاقی ڕستە شیعرییەکان دەخەنە ڕەقس و سەما.. هەروەها دکتۆر فەرهاد تا ئێستا زۆربەی ڕێباز و بزاڤە ئەدەبی و هونەرییەکانی جیهانی بە تایبەتی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکانی فەرەنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە وەک کتێبێک لەبەردەست خوێنەران دایە، چونکە کاتێ تازەگەری دەبێتە دام و دەزگا و ڕێکخراوێکی مەعریفی کۆمەڵایەتی هاوکات کۆمەڵێک خەڵکی نا بەهرەمەند تێیدا خۆیان خەریکی ئایدیۆلۆژیای تازەگەری دەکەن.. پاشان ئەلماجیدی لە وەهمەکانی تازەگەری دەدوێ، کە چۆن نا بەهرەمەندانی دنیا بە ناوی تازەگەرییەوە دژی تێکستە ئیبداعیەکانی شاعیرانی دێرین دەوەستن بۆ نموونە بێ ئەوەی بزانن.. کۆمیدیای خوداوەندی دانتی چییە یان شیعرێکی «نالی»، «مەلای جزیری» بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە زەمەنێکی پێشتر نووسراوە دژایەتی دەکەن، ناشزانن زەمەن هێندە توند و تیژ و بێ ڕەحمە هەموو دەقە جوانەکان حەواڵەی ئەمبارەکانی ڕابردوو دەکا..

وەهمی دووەم ئەوەیە کە هەندێ وا دەزانن شیعر تەنیا گەمەی تەکنیکی و شێوازی و ڕەوانبێژییە، نازانن هەندێ جار بەهرە لەخۆوە حاڵەتە هەرەمەکی و عەفەوییەکانی خۆی هەڵدەدا و جوانییەکانی شیعر و مۆسیقاکانی غەریزە دەنووسێتەوە و بەشێوەیەک بە ڕۆحی مرۆڤ و سروشتەوە دەنووسێ. ئەم وەهمەش زیاتر شاعیرانی نا بەهرەمەند پەیڕەوی دەکەن، چونکە ئەوەی بەهرەی شیعری تێدا نەبێ کە خواکرد و سروشتکرد و گیانکردە مەحاڵە بتوانێ بە ڕێگەی گەمە و یارییەکانی زمان و شێواز و ڕەوانبێژی بتوانێ ڕستەیەکی شیعری بە ڕۆحی خوێنەر ببەخشێ. لەوانەیە بتوانێ پەخشانێکی ئاڵۆزی ناجوان و سارد و سڕ بنووسێ و خاڵی بێ لە توخم و ڕەگەزەکانی شیعرییەت. لە وەهمی سێیەمدا لەبارەی ئاڵۆزییە ئەنقەستیەکانەوە دەدوێ.

چەندین تێکستی شیعری هەیە و بەناوی تازەگەری نووسراون و لێوانلێون لە ئاڵۆزی و ناشیعرییەت یان بە توند و تیژییەکی عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ کەرەسەکانی شیعر دەکەن و جوانییەکان لە دەست دەدەن بە تایبەتی ئەوانەی بەهرەی شیعرییان تێدانییە و وتاری کۆمەڵایەتی و فێرکاری و پەروەردەیی بەدەقی شیعری نێوزەد دەکەن. کەواتە شیعر دەبێ ئاڵۆز و جوان بێ، چونکە ئاڵۆزی و جوانی لەنێو خود و سروشت و زماندا بوونی هەیە، هەر بۆیەش شیعری ئاوێتە چرکە هەمیوو لایەکانی جوانی سروشت نێچیر دەکا و بەشێوەیەکی سەرسوڕمێن مامەڵە دەگەڵ دنیای زمان و مەفتەنە شاراوەکانی خود دەکا، شیعر زمان چالاک دەکا یان لەنێو زار و زماندا جۆرێک لە ئاخاوتنی تایبەتی دەخولقێنێ.. پاشان ئەلماجیدی بە تێروتەسەلی لە بنەماکانی قەسیدەی پەخشان و قەسیدەی وێنە دەدوێ. لە شیعری داستانی و درامی و لیریکی و تانکاو هایکۆی یابانی و شیعرە درەوشانەوە ئامێزەکانی «ڕامبۆ» و «ڕینەشار» دەخاتە ڕوو. ئیتر هێدی هێدی ڕوو لە دنیای بەرگی دووەمی کتێبی عەقڵی شیعری دەکەین و تۆزێ بەخێرایی هەندێ لە بۆچوون و گۆشەنیگاکانی شاعیر سەبارەت بەشیعری ڕۆژهەڵاتی و کێشەکانی تازەگەری و وەهمەکانی تازەگەری دەخەینە ڕوو، هەڵبەتە ئەمەش هەوڵێکە بۆ زیاتر ئاشنابوون لە

## ئەلماجیدی
## بە دیدێکی نوێ
## لە ئەرکە ئیستێتیکی و
## ڕۆحییەکانی
## شیعر دەڕوانێ

جیهانی شیعری و ئەزموونی ئەو شاعیرە کە دەورانێکە خەریکی هەڵدانی تێکستی جیاواز جیاوازی شیعریی و سەرقاڵی دنیای تایبەتی خۆیەتی، وێڕای دید و بۆچوونە جیهانبینییە جیاوازەکانی. لە بەرگی دووەمی کتێبی عەقڵی شیعریدا ئەلماجیدی بەتێروتەسەلی لە چەمکی شیعری خۆرهەڵاتی دەدوێ و هاوکات دەیەوێ چەندین بنەما و پرەنسیپی نۆژەن نۆژەن بۆ شیعری تازەی خۆرهەڵاتی بخاتە ڕوو، یان پشکۆی شاراوی نێو چین و توێژی کەڵەکەبووی شیعری دێرینی خۆرهەڵاتی دایسێنێ تا لەفەزای شیعری دێرینی خۆرهەڵاتیدا بدرەوشێتەوە و لە زیندانەکانی شێوە و زەخرەفەی کۆن دەربازی بێ و لەگەڵ شیعری هاوچەرخی خۆرئاوایی ڕێ بکا، چونکە ئەو وای دەبینی کە شیعری هاوچەرخی خۆرئاوایی دەگەڵ کۆتاهاتنی ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبی و هونەرییە نۆژەنە ئەوروپییەکان دووچاری جۆرێک لە پیری و کەنەفتی هاتووە، تازە ئەو ڕۆحە کەنەفتە ناتوانێ بەرانبەر ئەو هەموو بەرخۆری تەکنیکییە بەرگە بگرێ دەبێ ئەوەش بزانین کە هەمان بەردەوامی ڕێباز و شەپۆل و قوتابخانەکانی خۆرئاوا بەشێوەیەکی ئازاد و جیاواز و باڵاتر لەلایەن بیرمەندانی پۆست مۆدێرنەوە ئاراستەی کەموکورییەکانی مۆدێرنە دەکرێ و چەندین خاڵ و بۆچوون و وێناکردنی ڕەخنەئامێز ئاراستەی هزری مۆدێرنە دەکرێ و جۆرەها هزری تازە و میتۆدی تازە و فەلسەفەی تازە بابەت دەربارەی ئەدەب و تازەگەری دەخرێنە ڕوو، پاشان بە دوور و درێژی لە جیهان و شێواز و بنەماکانی قەسیدەی پەخشان دەدوێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ خەزعەل دەیەوێ لە جیهانی بەرفراوان و بێ سێنتەری شیعردا جەخت بکاتە سەر میرات و کولتوور و کەشوهەوای خۆرهەڵاتی دێرین. واتە خۆرهەڵات بە جوگرافیا گشتگیرییەکەی بە هەمان عەقڵ و ڕۆحی شیعریش لە نووسین و تێکستەکانی دەورانی سۆمەر، بابل، میسر و کەنعان، فارس و هیند و چین و یابان دەڕوانێ و هەروەها لە گەنجینە ڕۆحییەکانی ئایینەکانی هەریەک لە ئیسلام و مەسیحی و بوودایی و هیندۆسی دەکۆڵێتەوە. دەیهەوێ تینوویەتی ڕۆحی بە ئاونگەکانی پەخشانی خۆرهەڵاتی و قەسیدەی وێنەیی «مانی» لە کتێبی وێنەی «ئار دهنگ» و «هایکۆ» و «تانکا»ی یابانی و غەزەلی سۆمەری کە «پەیڤی دڵ»ەو تێکستە میتۆلۆژییەکانی سەرلەبەری خۆرهەڵات بشکێنێ.

ئەلماجیدی وێڵ و سەرگەردانی دۆزینەوەی بوقعەی ئاگرینی جۆرێک لە ڕەسەنایەتی شیعرە لەو میراتی خۆرهەڵاتییەدا، دەیەوێ تێکستی شەرقی بە کۆمەڵێک شێواز و ڕۆح و گۆشەنیگای نوێ و بەرانبەر بە شیعری تازەگەری خۆرئاوایی ڕاست کاتەوە، بەڵام قەتیسکردنی شیعر لەنێو کیشوەرێکدا، یان گوشار خستنە سەر ڕۆحی شیعر و پەیوەستکردنی بەتاقە کیشوەرێک دابڕینی لەم گەردوون و جیهانەی کە بەردەوام لە گۆڕاندایە شیعر تووشی جۆرێک لە نەهامەتی دەکا، چونکە دواین جار لایەنی زیندووی کولتووری هەر نەتەوە و میللەتێک دەبێتە ڕەگەز و توخمێک لە جیهانی بەرفراوانی شیعری تازەگەریدا ئەلماجیدی ئەو سۆز و ڕەسەنایەتییە لە گۆرانییە میللییەکانی باشووری عێراقدا دەدۆزێتەوە وەک «ئەبوزیات مواویل و حسجیات و دارمیات و گۆرانییەکانی داخڵ حەسەن و حضیری أبو عزیز و ناصر حکیم و مسعود العمارتلي و جبار و نیسە و نسیم عودە و چەندانی تر» کە ئەو میلۆدی و گۆرانییە میللیانە بە ڕەسەنترین و گەرمترین ئاسەواری سۆمەر لە قەڵەم دەدات.

بە مەبەستی ئەوەی لە میانی تێکستی ڕەسەنایەتییەوە تێکستی تازەگەری بخوڵقێنێ بەتایبەتی لە ڕەسەنایەتی ڕۆژهەڵاتی لێرەدا دەتوانم ئەمە بسەلمێنم کە هەر میللەت و نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە لەو ئاگری زیندووی ڕەسەنایەتییە بێبەش نییە، چونکە کولتوور و میراتی هەر میللەتێک لێوانلێوە لەم حاڵەتە، ئێمە دەتوانین بە هەمان شێوە و شێواز لە کولتووری دێرینی کوردی بڕوانین و هەمان چەمکی زیندووی ڕەسەنایەتی لەدنیای گۆرانییەکانی خوداداد عەلی و کاوێس ئاغا و شاکرۆ و حەسەنی جزیری و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و...تاد و لە فەزای مەقام و گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی وەک قەتار و ئەلڵاوەیسی و خاوکەر و ئای ئای و هۆرە و سیاچەمانە و لاوک و حەیران و سترانۆک-دا.

ئاسەوارە زیندووەکانی میترا و ئاهورا مەزدا و میلۆدییە ئارییاییەکان بدۆزینەوە، هەروەها خەسڵەت و ڕەنگ و بۆی گاتاکان لە هۆرە و قەتاردا بەرجەستە کراوە، بەڵام تێکڕای ئەم توخمی زیندووی ڕەسەنایەتییە ڕەگ و پاژو مۆنادێکی ئاگر ئامێزی دنیای بەرفراوانی پێکهاتەکانی تازەگەری پێکدەهێنن.

چونکە شیعری تازەگەری هەردەم لە وروووژاندنی پرسیاری نوێ نوێیە لە بارەی وجود و جوانی و گەردوونەوە. یان بەسەربەستی و ئازادییەکانی پۆست مۆدێرنە لە فەزای فەردانییەتەوە لە مۆرال و ترادیسۆن دەڕوانێ و تێکستە ئاڵۆز و جوانەکانی خۆی هەڵدەدا. کاتێ «کۆکتۆ» لە شیعری «مالارمێ» دەڕوانێ.. دەڵێ: «تێکستێکە و هەڵگری ئاڵۆزییەکە لە ئەڵماس». کەواتە ئەو هێز و توانستە گشتگیرییە ڕۆژهەڵاتییەی کە «ئەلماجیدی» دەیەوێ لە جیهانی شیعری ڕۆژهەڵاتی و کیشوەری ڕۆژهەڵاتیدا قەتیسی بکات لەوانەیە جۆرێک لە ئیشکالیات بێنێتە ئاراوە... هەروەک ئەو وەهمانەی کە «ئەدۆنیس» و «عەلی حەرب» لە بارەی شیعری عەرەبییەوە لێی دەڕوانن و لە خەسڵەت و ئادگارەکانی تازەگەری ڕۆژئاوایی دەدوێن. جا بە پێویستی دەزانم ئەو خاڵانەی ئەوانیش بخەینە ڕوو.

ئەدۆنیس دەڵێ: «لە بنەڕەتدا سیمای تازەگەری سیمای جیاوازییە نەک وەک بەها،.. بەڵکو وەک جیهانبینی دەق». ئەدۆنیس ئەم خاڵانە دەخاتە ڕوو..

١- تازەگەری خۆرئاوایی لە گۆڕانی فەلسەفە و زانست و تەکنیکەوە هاتووە، بەڵام تازەگەری عەرەبی لە ڕاڤەکردنی پێوەندی ژیان و فیکر بە «وەحی» دینییەوە.

٢- تازەگەری خۆرئاوایی گەڕانە «موغامەرەیە» لە نەزانراودا، تازەگەری عەرەب گەڕانە بۆ زانراو.

٣- خۆرئاوا تەرکیز دەکاتە سەر «خود»، عەرەب تەرکیزی لەسەر «ئێمە- نەتەوە»یە.

٤- خۆرئاوایی تەنیا مەرجەعێکی هەیە کە داهێنانە، عەرەبی پابەندە بە هەموو جۆرە مەرجەعیەتەکانەوە.

٥- خۆرئاوایی جۆرێکە لە موناجات، عەرەبی نوێژ بۆ قەبیلە و حزب و ئایدیۆلۆژیا دەکات.

٦- تازەگەری عەرەب شەیدای بە ئایینکردنی جیهانە، لەکاتێکدا خۆرئاوایی سەرقاڵی بەدنیاکردنی جیهانە.

دەکرێ لە ڕێگەی دەرخستنی وەهمەکانی نوێگەری لەلایەن «عەلی حەرب»ەوە هەندێ ڕووی شیعری خۆرهەڵاتی بخرێتە بەر دانوستانەوە عەلی حەرب بەم چەند خاڵە لە وەهمەکان دەدوێ:

١- پەرستنی نوێگەری، لە ڕوویەکەوە بە وەهم دەژمێردرێ، چونکە زۆر کەس لەوانەی کە نوێخوازی وەک ئارەزوو دەبینن کردوویانە بە ئایین و دەیپەرستن.

٢- وەهمی نموونە نوێگەری تاکە نموونە نییە واتە نموونەیەک نییە بۆ لاساییکردنەوە، بەڵکو نموونەیەکە بۆ داهێنان.. هەموومان بۆ خۆمان نوێگەری خۆمان دروست بکەین ناکرێت بە نموونەی ڕۆژئاوا هەموو جیهان بپێورێت.

٣- بە عەقڵانی کردنی هەموو بوارەکانی ژیان جۆرێکە لە وەهم. وەهمی گۆڕینی گشتی.

٤- وەهمی دابڕان لە ڕەگ. ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دابڕانێکی گشتی لە ڕەگەوە لەگەڵ ڕابردوودا بکەن.

لێرەدا دەگەینە ئەم ئەنجامە کە شیعر هەرگیز پێویستی بەوە نییە بە کیشوەر بکرێت یان بە پێودانگ و پێوەری کیشوەرێک سەیری بکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە شیعر پێویستی بە کرانەوەیەکی سەرتاسەرییە ڕووەو جوانیەکانی جیهان و سوود وەرگرتن لە سەرپاکی هزر و ڕۆح و تەکنیک و تەقس و کەرستەکانی دەربڕین و نهێنییەکانی زانستی زمان و..تاد. ئەلماجیدی لەبەرگی یەکەمی کتێبی عەقڵی شیعریدا لە ڕوانگەی گەردوونییەوە سەیری جەوهەری شیعر و عەقڵی شیعری دەکا و ئەوەتا گەشتە بەفەڕ و نوێیانییەکەی جەوهەری شیعر کە لە جیهانی ڕەهای فەلسەفەدا بەشێوەیەکی بەردەوام سەرگەردانی گەشتی فەڕئامێزە، بەڵام وادیارە لە بابەتی بە ڕۆژهەڵاتی کردنی شیعری تازەگەریدا. دەیەوێ لە بنەمای دوالیزمە هاودژەکانی هەریەک لە «ئەفسانەیی و سیحرییەت» و «حسییەت و ڕۆحییەت و نەخشکاری و وێنەیی» بکۆڵێتەوە و بە ڕێگەی ڕۆحی ئەفسانەیی کە کاریگەرترین هۆکاری هێزی قووڵ و ناوەکی شیعری ڕۆژهەڵاتییە جۆرێک لە ئەفسوونی زمانی و شیعری بە تێکستە نوێکانی ببەخشێ. ئەوەتانێ ئەلماجیدی هێدی هێدی لەجیهانی چامە درێژەکانی دەدوێ و تایبەتمەندی و ئادگاری ئاڵۆز و جوانی هەریەک لەم تێکستانە دەخاتە ڕوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەلماجیدی وەک شاعیرێکی

تازەگەری خاوەن ئەزموونێکی قووڵ و ئاڵۆزی شیعری هاوکات بێباکترین و بەخشندەترین نووسەرێکە لە رووی درکاندنی نهێنییەکانی سنعەتی نووسین و شێواز و بنەماکانی تەقاندنەوەی زمان و فراوانکردنی بونیادی رستەی شیعری و چۆنیەتی سازاندنی وێنەی ناوازە و پێکهاتەکانی قەسیدەی وێنە. جۆرەها زانیاری شیعری بە خوێنەر دەگەیەنێ و بە دیدێکی نوێش لە ئەرکە ئیستێتیکی و رۆحیەکانی شیعر دەروانێ. پاشان رۆڵی سروشت و جەستە لە مەفتەنی هەستی شیعری رۆژهەڵاتیدا، کەش و هەوای سروشتی کشتوکاڵی و بیابان و ژینگەی ئاوەکی و ئاسۆی فەلەکناسی...

کەشوهەوای پەرستگا و تەلارە رۆژهەڵاتییەکان کە چلۆن دەورانێک زێدی کردە سێکسییەکان و هەڵگری هەردوو چەمکی پیرۆزیی و دنیایی بوون، یان قیژەو نەعرەتە و خرۆشانی جەستە لە «کاماسوترا»ی هیندی و تەقسە سێکسییە دەستە جەمعییەکانی سەردەمی سۆمەر و کەنعان کە بەشێکن لە لایەنە هەستییەکانی جیهانی شیعری خۆرهەڵاتی هەروەها لایەنی رۆحی کە رۆژهەڵات لە رێگەی تێکستە ئاینییەکان و گرووپە سۆفیزمەکان و ئەبستراکخوازانەوە پێی دەناسراو دژی لایەنی حسی، هەوڵی هەڵکشانی جەوهەری شیعری دەدا رووەو رۆحی گەردوون و عالەمی رەها. پاشان زەخرەفەکاری کە ماڵی دێرینی شیعری رۆژهەڵاتی بووە و زەخرەفەی زمانی و ئیقاعی و کارامەیی بونیادنانی شێوەیی..

یان چلۆن هەردوو جەمسەری ئەفسوونی و ئیرۆسی لەنێو تێکستەکاندا ئاراستەکاری کیمیای زمان و جەستە دەکەن، یا پێکهاتەی رێکخراوی ئەنتۆلۆژی «جەستە و دەروون و رۆح» و رێکخراوی ئەبستمۆلۆژی کە «ئیرۆسی و ئەفسوونی و لۆگۆسی»یە و ئەوەی یەکەم پێکهێنەری ژیانی تاکە کەسە و کەچی رێکخراوی دووەم پێکهێنەری هێزی هزری و شیعرییە. پاشان لە کردەی ئەمبارکردنی هێزە سایکۆلۆژی و پاراسایکۆلۆژییەکانی جەستە دەدوێ و هەروەها وزەی موقەددەسی «رۆحی، خودایی، ئاییینی» و وزەی ناموقەددەسی «ئیرۆسی» «سێکسی، ئادەمی، دنیایی».. هاوکات لە چەمکی وزەی پیرۆزی گەردوونی دەکۆڵێتەوە. ئەو وزە گەردوونییەی کە لای قەوم و قبیلە سەرەتاییەکان بە «مانا» و لای سۆمەر و بابلییەکانیش بە «سار» نێوزەد کراوە، جا چۆن هێدی هێدی چەمکی موقەددەس پەرەدەسێنێ بەم شێوەی خوارەوە کە قۆناخەکانی پێشوو دەبڕێ و تا دەگاتە قۆناخی یەکتاپەرستی ئەفسوون «سیحر»، رۆحگەل، خوداوەند، خودا، یان پەرەسەندنی ئاییینی لە «جادوو، تەلیسم، بازوبەند، نوشتە، مووروی چاوەزار، تەراتیل، ئەفسانە، تێکست یان تێکستی پیرۆز».

هەروەها، دنیایی، گۆرانی یان گۆرانیگەل، دیالۆگ، داستان، چامە «قەسیدە». پاشان لە شیعری دنیایی و ئاییینی دەدوێ و چەندین لاپەڕەش بۆ چەمک و رەوش و حاڵەتەکانی «غنوص» یان عیرفان تەرخان دەکا، کە غنوص «gnose» وشەیەکی یۆنانییە و لە وشەی «gonsis» وەرگیراوە، واتای «مەعریفە» دەگەیەنێ، یان بەپێی چەمکی ئاییینی دەربازبوونە لە خەتا و گوناه بە رێگەی مەعریفە. ئەلماجیدی لەم باسەیدا «هرمسیەت» بە بناغە و بنەڕەتی غنوسیەت لە قەڵەم دەدا، هەروەها کەسایەتی هرمس کە کەسایەتییەکی نیمچە ئەفسانەییە لە کەسایەتی ئیدریسی پەیامبەر و «کانتاتوام»ی غەنوسی دێرینی رۆژهەڵات نزیک دەکاتەوە، پاشان لە «دموزی» سۆمەری و «تموز»ی بابلی و «ئوزیس»ی میسری، «ئەدۆنیس»ی فینیقی دەدوێ کە چلۆن غەنوسیەت گەیشتە لای گریک و لەگەڵ خەسڵەت و ئادگاری «دیۆنیزۆس» و «ئاتیس» و «ئۆرفیۆس» ئاوێتە بوو، کە هورمسی پەیامبەری خوداوەندی گریک پێوەندی بە هورمسی یەکەمەوە هەیە کە سۆمەری بوو، هەروەها یەکێک بوو لەو «شا»یانەی پێش تۆفانی سۆمەر.. ئیتر چەمکی «غنوص» لەم لێکۆڵینەوەیەدا تادێ بە چرکەکانی درەوشانەوە و ئیشراق و مەعریفەی دڵ پەیوەست دەکرێ.. هەر بۆیەش ئەلماجیدی تێکستی شیعری بەپێی درەوشانەوەی چرکەی غەنوسیەت و دایسان و شێوە و فۆرمی زمان و دید و گۆشەنیگا بۆ سەر سێ چینی سەرەکی دابەش دەکا و بەنێوی چینەکانی تێکست لێی دەدوێ پێکهاتەکەشی بەمجۆرەیە:

– عیرفان «غنوس».. لەبالەبە لە شەتەحاتی شیعری.

– کتێبان «چاکترین هەڵایسانی غنوسی و هەڵدانی گۆشەنیگاو نزیک بوون لە تێکستی کراوە.

– ئەلرەحمان کە دوایین پلەی غنوسی شیعرییە و گەوهەری شیعری بەدوای خاڵی هەق و گەیشتن بە نووری خودا و نوورە پەنهانەکانی وجووددا دەگەرێ.

ئیتر ئەلماجیدی لە زەمەنی شیعری و لە کۆمەڵێک هێما و کەسایەتی ئەفسانەیی و حەوای سۆمەری و عەشتار و ئیزیس و مەریەم، چەندانی تر دەدوێ.. بەتایبەتی «لیلیث» ئەو ئافرەتە ئەفسانەییەی کە بە «شەیتانی شەو» نێوبانگی دەرکردووە و خودانی رۆحێکی ئاگرینی شاوەتیە و نیوەشەوان پیاوانی خاوەن ژن فریو دەدات و هەوڵ دەدا دەسبەرداری ژنەکانیان بن و بەدوای جوانی و مێینەیی ئەو ئافرەتە شاوەتیەدا وێڵ و سەرگەردان بن. هەروەها لە میان تێکستی کراوە و ئاوەڵادا لە قەسیدەی پەخشان و چۆنیەتی بەکاربردنی کەرەسە و ئامراز و تەکنیکەکانی شیعری نوێ دەدوێ، کە چۆن بیری نوێ و ئاوەڵاکردنی کەناڵ و کایە و هەستەکانی مرۆڤ خزمەتی تێکستی کراوەی گەردوونی دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە پێویستە شیعر ئاوێتەی زانستە جیاجیاکان و جیهانی شێوەکاری، سینەما، شانۆ، مۆسیقا، کەرەستەی نوێ، هونەری شەعبی و سینوگرافیا بکرێت و سوود لە خەسڵەتەکانی میلۆدی و سیمفۆنیا و پۆلیفۆنیەتی دەنگ و ئۆپێرا وەربگرێت. هەوڵەکانی «ئەلماجیدی» گشتی لەپێناو خولقاندنی تێکستێکی خەتەرناکی ئاوەڵا کراوەیە.. ئەو تێکستەی کە پڕاوپڕە لە ئاماژە نەگوتراوەکان. هەر بۆیەش بە دوور و درێژی دەربارەی «ڕامبۆ» و تێکستی «ئوڤیلیا» و کەسایەتی «هاملێت» دەدوێ هاوکات لەو تێکستە تەجەلی ئامێزانە دەکۆڵێتەوە کە بەرۆحێکی «ئۆرفیۆسی» نووسراون و ئاماژە بەجیهانی نووسین و تێکستە کراوەکانی هەریەک لە «بودلێر، ڕامبۆ، مالارمیێ، ڤێرلین، سان ژۆن پێرس..» دەدا. ئەلماجیدی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە شیعری کراوە پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەردوو بواری حسییەت و ڕۆحانییەت بکا.

تا جەوهەری شیعر بتوانێ خەتەرناکترین و بە پیت و فەرترین چرکەساتەکانی خۆی بنووسێتەوە، ئەلماجیدی لەم کتێبەیدا لە چەندین تێکستی شیعریی خۆی دەدوێ و دنیا و کەرستە و حاڵەت و چرکە ئیستێتیکی و مەعریفییەکانی شی دەکاتەوە و دوایین چرکەسات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و داپۆشراو لە چەمکی ڕستەیەکی «ژاک دریدا» دەدوێ کە چۆن شاعیر، یان گەوهەری شیعری دەتوانێ دەنگ و شکڵ و سیمای خۆی بنووسێتەوە. بەم شێوەیە خەزعەل ئەلماجیدی لە هەردوو بەرگی کتێبی عەقڵی شیعریدا سەراپای ئەزموونی شیعری و دنیای کردەی نووسینی خۆی دەخاتە ڕوو و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش لە نهێنییەکانی هونەری شیعر و چرکە لەززەتدارەکانی ئەفراندن دەدوێ و گەرموگوڕترین چرکەساتەکانی ئاسوودەگی و بەرهەڵاترین تەقسی ئیرۆتیکیش لە تێکستە دێرینەکانی سۆمەردا دەدۆزێتەوە. یان ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەفتەنی شیعر و سۆز و تەقس و ئەفسوون و ڕۆح و ئیرۆسیەت لە قەڵەم دەداو چەمکی تازەگەریش بە تێکڕای کەرستە و تەکنیک و ڕوئیا و بۆچوونە جوانەکانی بە حاڵەتەکانی فەردانییەت و چرکە ئۆرفیۆسیەکان پەیوەست دەکا. کە تێکست بە تێکڕای چینەکانی فیزیکی، کیمیایی و ئیقاعی و زمانییەوە دەبێتە فەزایەک لە شیفرە و هێما و ئاماژەی جوان جوانی نەگوتراو لە جیهانی تێکستی ئاڵۆز و جواندا بەردەوام لە جووڵە و بزاڤدان واتا گەوهەری شیعری بە چ شێوەیەک و چلۆن دەبێتە خاوەن شێوازی جیاوازی خۆی و دەتوانێ بە چرکە خەتەرناکەکانی بەهرە و عیشق و مەعریفەی جیاجیا خەسڵەتی فەردانیەتی خۆی بنووسێتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم دوور نییە ئەم خوێندنەوەیە بەشێوەیەک هانی دابم کە بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی خۆم دەربارەی جیهانی شیعر ئاوێتەی ئەم نووسینە بکەم.

**سەرچاوەکان:**

**١- خزعل الماجدي، العقل الشعري، الكتاب الأول، درالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، (٢٠٠٤).**

**٢- بەرگی دووەمی هەمان کتێب.**

# لیۆتارد... فەلسەفە و دابڕان و بەخۆداچوونەوە

لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر

دابڕانی لیۆتارد لە مارکسیزم و گەڕانەوەی بۆ فەلسەفە، وەک هەڵگەڕانەوەیەک بوو لە پاشخانە هزرییەکەی فەرەنسا بەگشتی و ململانێی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دژی هیومانیزم بەهەموو شێوەکانی و مارکسیزم بەتایبەتی. هاوکات بونیاتگەری کە پشت ئەستوور بوو بە زمانەوانیی (فێردیناند دی سۆسیر) و (ڕۆمان جاکۆپسن) و زمانەوانی دیکە، لە فەرەنسادا یەکەمجار ئەنترۆپۆلۆژیای (کلۆد لیڤی شتراوس) و دیسیپلینەکانی (میشیل فوکو) بۆ مێژوو و سیمیۆتیکس (Semiotics)ی (ڕۆلاندبارت) و سایکۆلۆژیا نوێیەکەی (جاک لاکان) و مارکسیزمی (لویس ئالتوسێر) کاریان بۆکرد. فوکو پێی وابوو، بونیاتگەری کاردانەوەیەک بوو دژی فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەگەری) بە هەردوو شێوەیەکەی (بوونخوازی و هیومانیستی) کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە فەلسەفەی فەرەنسی کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام پۆست بونیاتگەری post structurism وەک گەڕانەوەیەک بوو بۆ فەلسەفەی (نیچە) و توێژینەوە هزرییەکەی (گیل دیلوز): (نیچەو فەلسەفە Nietzche and philosophy– ١٩٦٢–. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوە سیاسییەکانی لیۆتارد لەنێو کارە فەلسەفییەکانیدا، پرسێکی ئاڵۆز دەخولقێنێ. خودی لیۆتارد ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەوشی پۆست مۆدێرنیزم:

(post modern condition) بەلای ڕەخنەگراندا، لە هەموو کتێب و توێژینەوەکانی دیکەی گرنگترە، لەبەر ئەوەی باسی سۆسیۆلۆژیا و ئیپستمۆلۆژیایەکی تایبەتی

دەکات و بنەما فەلسەفییەکەی کتێبی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ کــتـــێـــبی (جـیــــاوازی: The Differend -١٩٨٨-)، بەڵام دەتوانین بڵێین چینە تایبەتییـەکـانی Specific genres لیۆتارد ئەمانەن:

فەلسەفە، ئیپیستمۆلۆژیا، ڕەخنە، زمانەوانی، ناراتیڤ -گـێـڕانەوەیی- ئۆتۆژیاننامـەی هزری intellectual autobiography. کەچی سیاسـەت- هەروەک خۆی دەڵـێ- ئاڵۆزترە لە (جین genre) و چەندین (جینی) جیاواز و لێکترازاوە پێکەوە دەبەستێ کە پێیان دەگوترێ (جـــینی هەجین heterogrnous) لیـــۆتـارد لە دیدارێکـیــدا لەگــەڵ (ولیـــام ڤـــان ڕێجین) و (دیک ڤیرمان)، وتی (ئەرکە جەوهەرییەکەی فەلسەفە، بریتیە لە ڕەتکردنەوەی تەواوی ئێستیتیکای سیاسەت یاخود ڕەتکردنەوەی بە ئێستیتیکردنی aestheticization سیاسەت، کە مۆرک و کارێکتەری سیاسەتی مۆدێرنە). مەبەستی لیۆتارد لە (بە ئێستیتیکردن)، جوانکردن و کاراکردنی ڕوخساری کۆمەڵگاو سیاسەتە بەپێی ئایدیای عــــەقڵ The idea of reason. لـە تـوێـژینـەوە سیاسییەکانیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (قەیرانی کۆتایی سیاسەت، مۆرکی هەوڵەکانە بۆ مۆرالیزکردنی (بە ئەخلاقکردنی) سیاسەت کە لە خودی مارکسیزمدا بەرجەستە دەبێ). ئەمە مانای ئەوەیە هەروەک لە کتێبی (خوێندنەوەکان Reading -١٩٩٣-) باسی دەکات- کە کرۆکی نووسینەوە سیاسییەکانی لیۆتارد، بریتییە لە (بەرهەڵستکاری دژی جیهانبینی و جیهانگیریی مۆدێرن Modern univesalism) و بـەرپــەرچــدانــەوەی سیاسەتی ئازادیخوازی Politicsofredemption- مۆدێرنی دەسەڵاتداران بە مانا و شێوە فەرمییەکەی)، ئەلتەرنێتیڤی لیۆتارد لێرەدا پێکهاتووە لە (سیاسەتی مـــقــــاوەمــــەت Politics of resistance) وەک شـێـوەیەک لە نووسـینەوە کـە دژی مـۆدێلەکـانی هزر و بیرۆکەی دەستـەمۆ کراوە. هەمـان شێوەی نووسـینەوە، مۆرکی ململانێی نێوخۆیی یاخود ڕکابەریی نێوخۆیی لە بارەی جیاوازی نێوان مۆدێلەکانی بیرکردنەوەی بەرایی لیۆتارد و مۆدێلە دواییەکـانی بیرکردنەوەی و هەروەها دابڕانی لیۆتارد لە مارکسیزم، تیایدا بەرجەستە دەبن.

(دیک ڤـــیـرمـــان) دووپات دەکـــاتـەوە، کــە کـــارە فەلسەفییەکانی لیۆتارد بە دوو قۆناغ تێپەڕیوە: قۆناغی یەکەمی لە کتێبی (بابەتەکانی گوتار و فیگەر The) ١٩٧١ doctoralthesis Discourse, Figure دەستپێدەکات و بە کتێبی (ئابووریی لبیدۆ: Economie libidinale -١٩٧٤-) کـــۆتـایی دێت قـۆناغی یەکـەمی کـۆمـەڵە وتارێکی بەناوی -De) rive apartir demarx) و et Freud and) Des Dispositifs) کـە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٦٣- ١٩٧٣ نووسـراون، بەخـۆوە دەگـرێ. لەسـاڵی ١٩٧٥ بە دواوە قۆناغی دووەمی دەستپێدەکات کە چەندین کتێب و وتاری گرنگ دەگرێتە خۆی، وەک: (دامەزرانی پیـانیس instruction Paiennes ١٩٧٧، داد Aujuste ١٩٧٩، گفتوگۆ لەگەڵ جان لۆپ تیبۆد: Conversations swith Jeanloup the- baud، ڕەوشی پۆست مۆدێرنیزم ١٩٧٩، وەڵامدانەوەی پرسـیـاری: پۆست مـۆدێرنیـزم چیـیـە ١٩٨٢، لە بارەی جیاوازییەوە Judicieuxdans diffeked ١٩٨٥، جیـاوازی Le Differend ١٩٨٣، ڕەخنەی کـانت لە مـێـژوو ١٩٨٦، قـەیرانی گـرونلاگ -L' Grund lagenkrise ١٩٨٦، بیـرۆکـەی کـۆمـەڵگا ١٩٨٧، Linteret du sublime ١٩٨٧ و -Que Peind er ١٩٨٧). قۆناغی یەکـەمی، کتێبی (فینۆمـینۆلۆژیا کـە لە ١٩٥٤ لە چاپدراوە و لە ١٩٩١ وەرگـێـڕدراوە بۆ زمـانی ئینگلیـزی) دەگـرێتـە خـۆی و هەروەها قـۆناغی دووەمـیـش، کــتــێــبی (یاســا، فــۆرم، ڕووداو -Per egrinations: Law, Form, event ١٩٨٨) و کتێبی (هایدگەر و جوولەکە ١٩٩٠) و (ئینهیـومان: ڕەنگدانەوەکـانی لەسـەرکـاتدا ١٩٩١) و (ڕاڤـەکـردنی پۆست مـۆدێرن بۆ منداڵان ١٩٩٢) و (وانەکانی تاریکی ١٩٩٣) و (ڕەخنەی کـانت لە حـوکم ١٩٩٤) دەگـرێتـە خـۆی. لە کـارە بەرایییـەکـانی وەک (گـوتار، فـیـگەر) و (ئابووریی لیبـیـدۆ)، چەمکی ئاگـایی دووردەخـاتەوە لە پراکـسـیـسی تیـۆریی و فـەلسـەفی کـە وەک تەقلیـدێکی (نامارکسییانەی PCF: non- PCF Marxism)ە لە کــتـێــبـەکــەی دیکـەیدا کــە ناوی (بەربەرییــەت و سۆشیـالیـزم)ە کتێبەکانی پێشووی، وەک هەوڵێکن بۆ پێکهێنانی (میتافیزیکی ڕاستی، Mitaphysics of Truth بێ ڕەتکردنەوەی خــودی (ڕاســتی)، بەڵام لە کتێبەکانی دواییدا، هەوڵدەدا (هێزی ئابووریی لیبیدۆی فرۆیدیی) بگۆڕێتەوە بە (ئابووریی سیاسیی مارکس). مـەبەسـتی لەو گـۆڕینەوەیە ئەوەبوو کـە (ڕاسـتی) لەنێـو دیالیـکتـیـکدا دەسـتـەبەر ناکـرێ: ڕاسـتـیــە ئـیـتـیـک (ئەخـلاقی) و سـۆشـیـالەکـانی مـارکـسـیـزم کـە ئایدیالی مێژوویی دەپێکن یاخود مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، باشتر یاخود شیـاوتر نین لەو ناڕاستییـانەی یاخود لەو درۆیانەی

False hoods که دەیانەوێ هەڵبوەشێننەوە یاخود سەراوژێری بکەن. لیۆتارد لە ١٩٧٤دا ویستی ڕەخنە لە بیرۆکەی دیالیکتیک بگرێ. بڕوای بەوە نەبوو کە هەڵوێستی سیاسی و فەلسەفی و هونەری (بە پیتە abandoned)، چونکە پێی وابوو ئەو جۆرە هەڵوێستە (بەکرێگیراوە). بەپێی بۆچوونی لیۆتارد، شتێکی ڕاست نییە کە هەڵوێستێک بە هەڵوێستێکی دیکە بگۆڕدرێتەوە لە کاتێکدا کە هەردوو هەڵوێستەکە (موحافیز) و سەرکوتکەرن.

(ڤیرمان) دەڵێ (میتافیزیکی لیۆتارد لە قۆناغی یەکەمیدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئێمە ناتوانین هەڵوێستێک بە هەڵوێستێکی دیکە بگۆڕینەوە، چونکە هەڵوێستی ڕاست هێشتا بڕیار نەدراوە).

جودابوونەوەی لیۆتارد لە مارکسیزم و لە خودی کتێبەکەی خۆی (مارکسیزم و بەربەرییەت) و لە (پێیرسۆیر) بەتایبەتی، کتێبی (لە یادی مارکسیزمدا: بۆ پێیرسۆیر) ڕاڤەی دەکات. لەم کتێبەدا، باسی ئەوە دەکات، چۆن لەنێو زمانی ڕادیکالیانەی مارکسیزمدا، لۆژیکی دیالیکتیکی بۆتە (ئیدیۆمێکی ئاسان (asimple idiom) و چۆن (نەهێشتنی گۆڕانکاری لە ڕێگای ڕەتکردنەوەیدا) لای ئەو شکستی خواردووەو بەربۆتەوە و داشکاوە بۆ لۆژیکی ناسنامە (Logic of Identity).

لە ژیاننامە هزرییەکەیدا، لە بارەی (کات)ەوە دەڵێ:

(چی دەبێ گەر هاتو فەیلەسووفێک لە خۆی بپرسێ، ئاخۆ کەس هەیە لە ئەزموونی پێکەوە نانی Synthesize چرکەکان بە ڕێگایەکی پێچەوانەدا بڕوات و مەعریفە بخولقێنێ؟ چی دەبێ ئەگەر مێژوو و هزر، پێویستیان بەو پێکەوەنانە نەبوو؟: چی دەبێ ئەگەر پارادۆکسەکان (ناکۆکەکان) نەمێنێن یاخود وەک خۆیان نەبن و چی دەبێ ئەگەر ئاڵۆزیی ئەم چەمکە یونیڤێرسالانە (گشتگیرانە) - کە دەتوانین بڵێین چەمکی تایبەتیشن- بە کرێنەگیرێن و دوا نەخرێن؟ چی دەبێ ئەگەر بێتو خودی مارکسیزم وەرچەرخێت بۆ یەکێک لەو یونیڤێرسالە تایبەتییانە، ئەم پرسیارانە زۆر دوور نین لە خودی گریمانە تیۆرییەکانی دیالیکتیک و پرسیاری نەفیکردنن refuting لە چوارچێوەی یاخود لەنێو یونیڤێرسالی ڕەهادا absolute univeral، بەڵام ئاخۆ ئەو پرسیارانە لەنێو چ جۆرە پرۆسەیەک و فەرمانێکدا order دێنە ئاراوە؟ لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانە دەمترسێنن چونکە ئەرک و پرۆسەی ترسناک پێشنیار دەکەن و هەر کەسێک تۆمەتبار دەکەن ئەگەر ویستی لە ڕێگای پراکتیکێکی سەربازیدا ناحەتمییەتی کات indeterminate time و لەبن نەهاتوویی کات بپێکێ.) پرسیاری ئاگرین لای لیۆتارد پاش ١٢ ساڵ لە پێوەندیکردن بە مارکسیزمی ڕادیکاڵەوە ئەوە بوو: ئاخۆ مارکسیزم هێشتا توانای تێگەیشتن و گۆڕینی ئاراستەی نوێی جیهانی ماوە پاش جەنگی دووەمی جیهان؟. ئێمە دەزانین کە سەرمایەداری توانی زاڵبێ بەسەر قەیرانە گەورەکەی سییەکان و پرۆلیتاریاش کۆڵیان نەداوە لە دەرفەت وەرگرتن بۆ ڕماندنی جیهانی کۆن، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرمایەداری مۆدێرن لە ڕێگای بازاڕ و بەرهەمهێنانی بەرفراواندا توانی پێوەندی نوێ بۆ داهێنان و لە نێو فۆرمی نوێدا سازبدات.

لیۆتارد لیستێک بۆ ڕاستییە نوێیەکان سازدەدات کە ناکۆکن لەگەڵ مارکسیزمدا: وەرچەرخانی سەرمایەداری بۆ بیرۆکراتی یاخود بۆ دەوڵەتی مۆنۆپۆلی (احتکاری)، ڕۆڵی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئابووری تێکەڵاو یاخود هاوبەش Mixed Economy، داینەمیکی چینی دەسەڵاتداری (بیرۆکراتی یاخود تەکنۆکراتی) لەنێو بۆرژوادا، کاریگەری تەکنیکی نوێ لەسەر ڕەوشی کار و عەقڵییەتی کرێکاران و فەرمانبەراندا، کاریگەری گەشانەوەی ئابووری لەسەر ژیانی ڕۆژانە و کولتووردا، سەرهەڵدانی داواکاری نوێ لەلایەن کارگەراندا.... تاد.

لیۆتارد لە کاتی ڕووداوەکانی ١٩٦٨دا لە زانکۆی (نانتیری) بوو و خەریکی چالاکیی سیاسی بوو و دژی مەیلی مۆدێرنیزم کاری دەکرد، وەک ریفۆرمەکانی (فوکو)، داوای دەکرد میتۆد و هەلومەرجی نوێ بۆ ئەزموونی (بەکالۆریا)ی قوتابیانی زانکۆو داواکارییان بۆ بەشداریکردنێکی (بلیمەتانە) لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، فەراهەم بێت. بۆیە خودی ئەو قوتابیانەی زانکۆکانی فەرەنسا، پێشوازی گەرمیان لە کتێبەکەی لیۆتارد (ڕەوشی پۆست مۆدێرنیزم The post modern condition)کرد وەک سەرچاوەیەک بۆ ڕەخنەگرتن لە مۆنۆپۆڵکردنی و بازرگانیکردن بە مەعریفە و پەروەردە و (پێوەندی کەهنووتی لە بواری فێرکردن و خوێندندا Pedagogy- hierarchicrelation) و وەک ڕەتکردنەوەیەک بۆ سیستەمی فێرکردنی سەرمایەداری و وەک دەربڕینێک لە مۆرالی ئایدیال (خووڕەوشتی ئایدیال) کە لە فۆرمە نادیالیکتیکییەکانی non- dialectical Forms دیالۆگدا وەک ئەدەبیاتێک و ئەخلاقیاتێکی ethical بەرایی بۆ

پیداگۆژیا (فێرکردن)، بەرجەستە دەبێ. لیۆتارد دان بە قەرزاری و وەفاداری خۆی بۆ مارکسی دادەنێ، بۆیە بیرۆکەکانی مارکسی سەربارەت بە (بەسلعەکردنی شتەکان Commodification thesis) و فیتشیەتی سلعه Commodity Fetish) لە بواری پەروەردە و فێرکردن و مەعریفەدا، ڕەت ناکاتەوە، بەڵام واز لەو بیرۆکەیە دێنێ کە لە کتێبی (خوێندنەوەکان Readings ١٩٩٣) هاتووە، ئەوەی دەڵێ (سیاسەتی ئازادیخواز کە پشت ئەستوورە بە ئارەزووەکی مارکسییانە بۆ پێناسەکردنی نامۆبوون وەک سەر لێشێوانێکی ئایدیۆلۆژیانە، لە پێناوی بەخۆداچوونەوەیەکی سیاسییانە و بەرهەڵستکارانەیە، لەنێو چەندین (دەستەواژەی بچووکدا Minoritar-ian) کە پێشبینی خوێندنەوەی دەسەڵاتداران دەکات بۆ ڕووداوەکان کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشبینییەکی پێش وەختە و بڕیارێکی (حەتمی determinate) لەمەڕ ئەو ڕووداوانەوە، هەروەها لە پێناوی زانینی جیاوازییە و زانینی داد (justic)ە لە نێو پێوەندییەکەیدا بە قەیران و (جیاوازییەکان)ەوە کە چارەسەر ناکرێن). لیۆتارد پێشنیار دەکات کە (ڕۆڵ و ئەرکی ئێمەی هزرمەند لە هەلومەرجی پۆست مۆدێرندا ئەوەیە، کە پێویستە لەسەرمان زمان بنکۆڵ و قووڵتر بکەینەوە و ڕەخنە لە بیرو بۆچوونی (سەتحی) بۆ زانیاری و ڕاگەیاندن بگرین و کونە تاریکەکانی نێو خودی زمان ئاشکرا بکەین). کێشەی سەرەکی لای لیۆتارد ئەوەیە، چۆن تێبگەین و ڕەخنە بگرین لە ئاماژە و خزاندنە نهێنییەکانی ویست Will بۆ نێو عەقڵ reason و چۆن ئەو پرۆسەیە یەکەمجار لە زماندا مانیفیستۆی خۆی دەکات. ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە شەرعیەتی Legitimation مەعریفە و پەروەردەوە هەیە، بەڵام ئەگەر بێتو ئایدیالیستی سەردەمی ڕووناکبیری و میتاناراتیڤەکانی Metanarrative (میتاگێڕانەوە) هیومانیستی (مرۆڤ دۆستی) نەمان، ئاخۆ شەرعیەت لە کوێدا (دەنیشێ).

لیۆتارد لە ڕەخنەکەیدا بۆ سەرمایەداری، دەگاتە ئەو بڕوایە کە ئامانج و متمانەی دەوڵەت ئێستا لە هێزدا بەرجەستە دەبن و زانست و پەروەردە لە ڕێگای هەندێ دەستەواژەی نادروست (de facto)دا شەرعی دەبن (لەنێو پرینسیپی پێرفۆرماتیڤ (أدائـي). لە دیدی (لومان)یشدا، سیستەمی پێرفۆرمانس -per-formance أدائـي) لەنێو لۆژیکی فرە بەرهەمیدا، شەرعیەت دەستەبەر دەکات. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گرووپەکانی (ڕاستڕەوی نوێ new right) لە ڕۆژئاوای جیهاندا. لەم هەلومەرجەدا، هەروەک لیۆتارد دەڵێ- تیۆری ڕەخنەیی کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە ڕەخنەی ترادیشن (تەقلیدی) بۆ ئابووری سیاسی، بۆتە ڕێگە چارەیەک بۆ داڕشتنەوەی پرۆگرامی سیستەمی نوێی سەرمایەداری، واتە تیۆری ڕەخنەیی (هەڵوێستە تیۆرییەکەی) لە دەستداوەو بۆتە چەشنێک لە (یۆتۆپیا). بە مانایەکی دیکە، تیۆری ڕەخنەیی لای لیۆتارد و (هالبرماس)یش، هێشتا پەیوەستە بە مەقولاتە یونیڤێرسالەکان (گشتگیرەکان یاخود جیهانییەکان) سەبارەت بە (عەقڵ و خود)، ئەو مەقولاتانە لە ڕێگای پرینسیپی (تەوافق Consensus)ەوە هاتوونە ئاراوەو ڕێز لە (جیاوازی) ناگرن.

لەم بارەوە، (هابرماس) پابەندە بە ئایدیالیی پێوەندی و گەیاندنی شەفاف (transparent)، بەڵام لیۆتارد پێی وایە (جیاوازی بە ئەسڵ لە زماندایە). (فریدیک جێمسۆن) لە پێشەکییەکەیدا بۆ چاپە ئینگلیزییەکەی کتێبی (ڕەوشی پۆست مۆدێرن ١٩٨٤)ی لیۆتارد، دەڵێ (کتێبی ناوبراوی لیۆتارد پەردەیەکی تەنک دەخاتە سەر بیرۆکەی هابرماس بۆ بەشەرعیبوونی Ligitimation قەیرانی و دیدگا و فەوزای خۆڕایی وشەفافی trans-parent- noisefree کۆمەڵگایەکی پڕ لە گەیاندن). لای (فریدیک جێمسۆن)، کتێبی (ڕەوشی پۆست مۆدێرن)ی لیۆتارد پێش هەموو شتێک، ڕەخنەگرتنە لە (میتاناراتیڤەکانی و تەراتیلە مەزنەکانی gran-drecits ڕووناکبیریی) و لیۆتارد دەیەوێ لە بنەما دۆگماییەکانی و (تیرۆریستییەکانی) و مۆرکە توندوتیژەکەی ئەو (میتاناراتیڤانە) بکۆڵێتەوە کە تەنیا جەخت لەسەر هەندێک حەقیقەتی Truths تایبەتی دەکەنەوە و حەقیقەتەکانی دیکە هەڵدەوەشێننەوە.

**سەرچاوە:**

**(ئینتەرنێت) وەرگێڕدراوە لە ئینگلیزییەوە:**

**Lyotard and philosophy of Education**
**By: Michael peters**
**university of Auckland 1999**

# کیریلۆڤ

سـەرجـەم پاڵەوانی دەقـەكـانی دۆسـتـۆیڤـسكی لە هەوڵدانێكی بەردەوامــدان بۆ شــیكردنەوە و توێكاری كردنی ژیان و لێ حاڵیبوونی. نوێبوونەوە و گۆڕانیشیان لەم تێـڕوانینەیانەوە سـەرچاوە دەگـرێت كـە دیارە هیچ سڵێكیش لە سەیر و سەمەرەیی خۆیان ناكەنەوە.

دۆستۆیڤسكی لە ڕۆمانەكانیدا، هێندە بە قـووڵی و بە توندی كێشەكان دەخاتە ڕوو كە مەگەر ڕێگا چارەیەكی زۆر نا ئاسایی گرێكوێرەكانی بكاتەوە. جیاوازییەكانی نێوان نوێخوازی و كلاسیك وابەستەی خودی كێشە ڕەوشتی و میتافیزیكییەكان دەكات. دۆستۆیڤسكی پێی وایە كــە بوون و هەبوونمان لە دنیــادا درۆ و پووچە. شایەنی باسیشە ئەگەر تەنیا لەنێو جوغزی ئەم گوتەیەدا هەڵســووڕایە، ئەوە بێگومــان لە ئێــســتــادا وەك فەیلەسووفێك دەناسرا، بەڵام ئەو خەریكی شیكردنەوە و لێوردبوونەوەی دەرئەنجامـەكـانی ئەو گـەمـەیەیە كـە لەم بیرۆكە فەلسەفییەوە دەكەوێتەوە. لە نزیكەوە تاوتوێی كـاریگەرێتی لەســەر ژیانی مـرۆڤ دەكــات و خــاڵی ســەرەكــیی داهێنانیــشی لەم هەوڵدانەیەوە دەست پێدەكات.

لە «ڕۆژانەی نووسەرێكدا»، لە وتارێكیدا كە بەناوی «خـۆكـوشـتنی لۆژیكیـانە» و سـاڵی ١٨٧٦ نووسـراوە، ئامــاژە بۆ لۆژیكی خـۆ كـوشتن دەكـات و لە دوو توێی ڕاڤەكردنێكدا دەیخاتە ڕوو، كە دیارە پێی وایە ئەوەی كە باوەڕی بە نەمـری نەبێت، ســەرجـەم ژیانی پێ هیچ و پووچە. دەگاتە ئەو قەناعەتەی كە دەڵێت:

---

**ئەلبێر كامو**
**لە توركییەوە: یووسف عزەدین**
**(ئوستڕالیا)**

«وەک وەڵامێکی زاتی بۆ پرسیارە ناوەکییەکانی خۆم دەرحەق بە بەختەوەری دەڵێم هەرگیز لەوە تێنەگەیشتم کە چۆن بەختەوەری بەدەست بهێنم. ڕەنگە لە ڕێگەی هۆشەوە گەر بتوانم هەوڵی سازدانی یەکانگیری و گونجان بدەم؛ لەگەڵ بوونی گەورەدا کە دیارە ئەم بارودۆخەش لەیەک کاتدا دەمکاتە کەسێکی چ بەرپرس و چ تاوانبار. لە کاتێکدا کە بۆ خۆم سەرجەم ئەم گاڵتەجارییەی سروشتم پێ بێ مانا و پووچە؛ بەڵام ناچار و ملکەچم بە بەشداریکردن لە گەمەکەدا.

لە کاتێکدا کە خۆم تاوانبار و دادوەرم؛ ئەو سروشتە تاوانبار دەکەم، کە منی بۆ ئازار و ئەشکەنجەکێشان هێنایە دنیاوە... سروشتیش لەگەڵ خۆمدا بە نەمان مەحکووم دەکەم».

گەرچی گاڵتەجارییەک لە نووسینەکەدا دەبینرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحکوومە بەخۆکوشتن، چونکە خەون و خەیاڵە میتافیزیکییەکان ئەندێشەی زامدار دەکەن. هەر بۆیە دەبێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە ئەو دەستبەسەر و کۆیلەی کەس نییە.

جوانترین شێوەیەکیش بۆ کێشانی پاڵەوانێکی نەگونجاو و ناهارمۆنی inharmonious لای دۆستۆیڤسکی، وێناندنی کەسایەتی «کیریلۆڤ»ە کە لە دوو تویی ڕۆمانی «تارماییەکان»دا بەرجەستەی دەکات. «کیریلۆڤ» ئەندازیارەو کاتێک دەگاتە ئەو باوەڕەی کە دەرئەنجامی بیرکردنەوەو تێرامان خۆکوشتنێکی لۆژیکیانەیە، هەوڵی خۆکوشتن دەدات.

ئەو لە میانەی دنیابینی خۆیەوە خۆکوشتنی لا دەبێتە تەنیا ڕێگا چارەیێک، بەم جۆرە خۆکوشتنەش دەگوترێت «خۆکوشتنی باڵا». هێدی هێدی و لە میانەی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەوە، بیرۆکەی خۆکوشتن وەک چەمکێک باشتر یەکالا دەبێتەوەو دەکەوێتە ڕوو.

پرسیارەکانی ناوەوەی خودی پاڵەوانەکە، سەبارەت بەبوون و نەبوونی خوداوەند، پانتاییەکی بەرفراوان داگیر دەکات. کیریلۆڤ پێی وایە کە خوداوەند دەبێت هەبێت و بوونیشی پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نەبوونی دڵنیایە و دەڵێت:

«چۆن لەوە تێناگەن کە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی کە خۆمان بکوژین».

کیریلۆڤ خۆکوشتنی پێ کەم نییەو بەکێشەیەکی گەورەو گرانی دەزانێ و لە دادگایی کردنی خودی خۆیەوە پێی دەگات. هەر بۆیە دەڵێت:

«ئەو ئەمشەو هیچ شتێکی بۆ من نەگۆڕی».

لە کۆتاییشدا بۆ خۆ ڕزگارکردنی لە ملکەچێتی، سەر بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

«مل کەچ ناکەم و لە پێناو ئازادییەکی ترسناکدا خۆم دەکوژم».

لێرەدا مەبەستی لە تۆڵەکردنەوە نییە، بەڵکو ڕاسان و سەربەرزکردنەوە جێ باسە. کیریلۆڤ کەسایەتییەکی نەگونجاو و ناهارمۆنی و بێ هومێدە. خۆکوشتن دەکاتە سنوورێکی نێوان خودی خۆی و ژیان. ئەم دوالیزمە خۆی لەخۆیدا دەکەوێتە ڕوو و ئاشکرا دەبێت: وەک لۆژیکێکی خۆکوشتن کە لە بوون بە (خوداوەند)دا بەرجەستە دەبێت.

گەر لە ڕوانگەیێکی کلاسیکییەوە تێی بڕوانین، ئەوە دەڵێین:

«ئەگەر خوداوەند نەبێت، ئەوە کیریلۆڤ خوداوەندە. ئەگەر خوداوەند بوونی نەبێت، ئەوە دەبێت کیریلۆڤ خۆی بکوژێت، تاوەکو ببێتە ئەو».

ئاشکرایە کە ئەم تێڕوانینە لۆژیکییە، تێڕوانینێکی پڕ لە بێهوودەیی و پووچییە؛ لە ڕاستیشدا ئەوەی کە پێویستە بکرێت و بگوترێت، هەر ئەوەندەیە.

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە بتوانین ماناو واتایەک بەخوداوەندی سەر زەمین ببەخشین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش دەڵێم:

«ئەو گوتەیەی کە دەڵێت ئەگەر خوداوەند نەبێت، من خوداوەندم. گوتەیەکی تەمومژاوی و پەنهانە، چونکە خاوەنی ئەم گوتەیە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لە دنیادا جێگەو شوێنێکی گرتووە، هەموو بەیانییەک وەرزشی جمناستیک دەکات. خۆشحاڵ دەبێت بەوەی کە چاکۆڤ ژنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای. پاش خۆکوشتنیشی پارچە کاغەزێکی نووسراو بەجێ دەهێڵێت کە تێیدا دەڵێت: «پاش مردنم لەگەڵ خۆتاندا سکێچێکم بۆ بکێشن کە زمانم دەرهێنابێت». ئەم داوایەی خرۆش و تووڕەبوون و تەرزە شێوازێکی تایبەتی تێدا دەبینرێتەوە.

مرۆڤی باڵا جگە لە لۆژیکی نەگۆڕاوی؛ بیرکردنەوەو لێخووردبوونەوەیێکی تایبەتی هەیە، گەرچی بەکاوەخۆ و هێدی هێدی باس لە خوداوەند دەکات. ئەو شێت نییە هەروەک چۆن دۆستۆیڤیسکیش شێت نییە. بە ڕاستی ڕەنگە حاڵی بوون و تێگەیشتنمان لەسەرجەم وشە و دەستەواژەکان ببێتە مایەی پێکەنینمان.

کیریلۆڤ بۆ ئەوەی زیاتر لێی حاڵی ببین، لە وەڵامدانەوەیەکی «ستاڤرۆگین»دا بەهانامانەوە دێت. ئەوە

دەخاتە ڕوو کە ئەو باس لە خوداوەند ناکات. ڕەنگە لەمەدا مەبەستی ئەوە بێت کە خەیاڵمان بۆ عیسا نەچێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وابەستەکردنی بەعیساوە جێگەی باسە. کاتێک دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە عیسا لە بەهەشتدا نییە. دەڵێت: «یاساکانی سروشت عیسای ناچاری ژیان، لەنێوەڕاستی درۆکاندا کرد و هەر لە پێناو ئەو درۆیانەشدا بە کوشتنی دا».

هەر ئەم هۆکارەشە کە عیسا دەگەیەنێتە بەرزترین پلەی نەگونجان و ناهارمۆنێتی. بەمەش دەبێتە مرۆڤێکی بێتاوان و دروست. لەو دەمەشدا ئێدی خوداوەند نابێتە مرۆڤ، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە خوداوەندو هەر یەکەشمان لە پێناو ئەودا ئامادەین لە خاچ بدرێین. دەکرێت هەڵبخەڵەتێنرێین و لە ڕاستیشدا واین.

لە دیالۆگێکی کیریلۆڤدا دنیایی بوونی خوداوەندە بەم شێوەیە بەرجەستە دەکات و دەڵێت: «سێ ساڵی ڕەبەق بەشوێن تایبەتمەندییەکانی خوداوەنددا گەڕام و پاشان دۆزیمەوە... تایبەتمەندێتی خوداوەند ئازادبوون و سەربەخۆ بوونیەتی».

لە ڕوانگەی ئەم دیالۆگەوە، لۆژیکی «خوداوەند نەبێت من خوداوەندم»ی کیریلۆڤ، واتا و مانای دەگۆڕێت. ئاشکرایە کە خۆ بە خوداوەند زانین لەسەر گۆی زەمین، بەواتای ئازادبوون و سەربەخۆبوون دێت. لەکاتێکدا کە دەبێت هەردەم لە خزمەتی بوونەوەرێکی زیندە و نەمردا بین. ئەگەر ئەو هەبێت، ئەوە هەموو شتێک بەوەوە پەیوەست و وابەستە دەبێت و هیچ شتێکمان لە دەست نابێت، کیریلۆڤیش وەک (نیتشێ) پێی وایە کە بە کوشتنی خوداوەند، خۆی دەبێتە خوداوەند. هەروەک چۆن لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە:

«ژیانی پڕ نەمری لەسەر عەرد دێتە دی.»

بەڵام گەر ئەم تاوانی کوشتنە میتافیزیکییە، بۆ مرۆڤ بەس بێت، ئیدی بۆ دەبێت خۆی بکوژێت؟ بۆ دەبێت پاش بە دەستهێنانی ئازادی ئەم ژیانە جێ بهێڵێت؟ ئەم تێڕوانینە شتێکی تێکەڵ و دوو ڕووە.

کیریلۆڤ ئەمە دەزانێت؛ هەر بۆیە دەڵێت:

«گوێت لێیە. ئەمە بانگەوازە. با خۆکوشتن لەلایەک ڕابوەستێت: تۆ هەتا هەتایە بەناسراوی دەمێنیتەوە، بەڵام مرۆڤەکان ئەمە نازانن، گوێیان لەم بانگەوازە نییە. هەروەک چۆن لە زەمانی پرۆمیسۆسدا ڕووی دا. ئەوان ئومێدە کوێرەکان لە ناخیاندا گۆش دەکەن. دەستبەرداری بەڵێنە لە قاڵبدراوەکان نابن و داوا لە یەکێک دەکەن، تا ڕێیان پیشان بدات.»

دەبێت کیریلۆڤ خۆی لە عیشق و ئەوینی مرۆڤدا بکوژێت. ڕێگەیەکی ڕوون و پتەو پیشانی براکانی بدات، چونکە ئەمە خۆکوشتنێکی فێرکارانەیە. هەر بەو شێوەیەش کیریلۆڤ خۆی دەکاتە قوربانی. گەر لە چوارمێخەش بدرێت و بەخاچیشدا هەڵبواسرێت ئەو هەڵناخەڵەتێت و هەر پێی وایە کە مرۆڤ خوداوەندە و هەر واش دەمێنێتەوە.

کیریلۆڤ باوەڕ بە مردنێکی بێ ئاسۆ دەکات کە لەنێو کەشی حوزن و خەمێکی ئینجیلانەدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت، دەڵێت:

«من بێ ئومێدم، چونکە ناچار بووم بەوەی کە ئازادبوونی خۆم ساغ بکەمەوە.» بەڵام دیارە پاش مردنی ئەو، مرۆڤەکان بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوە و سەرزەمین پڕ لە دەنگی بانگەوازەکان دەبێت. ناوبانگی ئەو دەبێتە ڕێ پیشاندەری مرۆڤەکان.

دوا شۆڕش و گۆڕانکارییەکیش کە بەرپای دەکات و دەیخوڵقێنێت، لە دەنگی دەمانچەکەیەوە دەبیسترێت. هەر بۆیە ئەوەی کە ئەو بەرەو مەرگ دەبات، بێ ئومێدی و بێ هوودەیی نییە، بەڵکو عەشق و ئەوینە. کیریلۆڤ لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت و پێش ئەوەی دوا هەناسە بدات، هێندەی بارتەقای سوێی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ، گوتەیەکی کۆن دەبێژێت: «هەموو شتێک باشە».

لێرەوە دەچینە سەر ئەو ڕاستییەی کە خۆکوشتن لای دۆستۆیڤسکی لە نەگونجان و ناهارمۆنێتییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە پێویستە باس لە پاڵەوانەکانی دیکەی دۆستۆیڤسکی بکەین. وەک ستاڤرۆگین، ئیڤان کرامازۆف، کە ئەوانیش نەگونجان و ناهارمۆنییەتی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە. لەکاتێکدا کیریلۆڤ بەخۆ کوشتن ئازادی بە دەست دەهێنێت، ستاڤرۆگین ژیانێکی گاڵتە ئامێز دەباتە سەر و کین و ڕکی کەسانی دەوروبەری خۆی دەبزوێنێ. لە دوا نامەشیدا دەڵێت: «نەفرەت لە هیچ شتێک ناکەم» کە ئەمەش دەلالەتێکی تەواوی بێپەروایی کەسایەتییەکەیە.

ئیڤانیش پێی وایە کە بیرۆکەو بیرکردنەوە، نابێت لە هێزە گەورەکان نزیک ببێتەوە. بۆ گەیشتنە پلەی باوەڕهێنانیش، دەبێت هەردەم خۆ بەکەم بزانین. هەر بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی کە پرسیاری لێدەکەن، وەڵامی ناقۆڵاو ناشایستە هەڵدەبژێرێت.

گرنگترین گوتەیەکیشی ئەوەیە کە دەڵێت: «بۆ هەر شتێک مۆڵەت هەیە».

ئەویش وەک (نیتشێ)ی بکوژی خوداوەند کۆتاییەکەی

شێت بوون دەبێت.
ئەو بوونەوەرانەی کە دۆستۆیڤسکی لە ئاگرو بەفر دروستی دەکات؛ هێندە لێمان نزیک دەبنەوە کە ناچارین بە عاجبایەتیەوە تێی بڕوانین و پێمان وانەبێت کە دنیا بۆ خۆی هێندە ترسناک و تۆقێنەر بێت. هیچ کەسێکیش نییە هێندەی ئەو لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام دیارە بە حوکمی بەربەرەکانێ و ڕەخنەکاریی کەسانێک، دۆستۆیڤسکی ناچار دەبێت کە لە کۆتایی «ڕۆژانەی نووسەرێکدا» بە درێژی باس لە ڕاوبۆچوونی خۆی بکات و بڵێت: «مردن باوەڕە، بنیادەم لە کاتێکدا دەگاتە ئەوەی کە ئەو بوونی نییە، خۆی دەکوژێت. بێگومان پاش ئەوە ڕۆحی ئینسان ڕەها دەبێت و بە نەمری دەمێنێتەوە. ئەمەش بێگومان ڕاستییە». لە هەمان کاتیشدا لەدوا ڕۆمانیدا و لەدوا لاپەڕەکانیدا. پاش شەڕە جەنگێکی بەتین و تاو لەگەڵ خوداوەنددا، ئالیۆشا لە وەڵامێکی منداڵەکاندا کە پێی دەڵێن: «ئەوەی کارامازۆف گوتی ڕاستە!؟ ئایا لە نێو مردووەکاندا زیندوو دەبینەوەو سەر لەنوێ یەکتر دەبینینەوە؟ ئالیۆشا دەڵێت: هەڵبەتە سەرلەنوێ یەکتر دەبینینەوەو ئەوەی کە ڕووی داوە بە خۆشییەوە بۆ یەکتری دەگێڕینەوە». بەمەش وەڵامی پرسیارەکانی کیریلۆڤ و ستاڤرۆگین و ئیڤان دەدرێتەوە. ئالیۆشا وەک شازادە میشکین کەسایەتییەکی تێکەڵ و پێکەڵ و پەنهان نییە. میشکین نەخۆشەو بێپەروا و دەم بەخەندە ڕۆژ بەرێ دەکات.
ڕەنگە لێرەدا مەبەست لە ژیانێکی بێ کۆتا بێت. ئالیۆشا باوەڕی وایە کە پاش مردن یەکتر دەبینینەوە. هەر بۆیە خۆکوشتن شێتی نییە. «هەموو ئەوەی کە ڕوو دەدات بەخۆشییەوە، بۆ یەکتری دەگێڕینەوە)». هەر بەو چەشنەش دەمانچەکەی کیریلۆڤ لە جێگەو شوێنێکی ڕووسیادا دەتەقێت و دەنگی دێت، بەڵام مرۆڤەکان درێژە بە ئومێدە کوێر و نەزۆکەکانی خۆیان دەدەن و لەمە تێناگەن.
دۆستۆیڤسکی سەبارەت بە کارامازۆف دەڵێت:
«هەموو کێشەو گرفتەکانی نێو ڕۆمانەکە بە ئاگاو بێ ئاگا ئەو کێشەو گرفتانەیە کە بە درێژایی ژیانم بینیومە و بە دەستییەوە ناڵاندوومە.» لە ڕاستیدا باوەڕهێنان بە گوتەیەکی ئاوا، ئاسان و سانا نییە؛ بەتایبەت کە توانیبێتی هەموو ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە بە درێژایی ژیانی چەشتوویەتی، لە دوو توێی ڕۆمانێکدا بەرجەستەی بکات.
دۆستۆیڤسکی بۆ نووسینی ئەو بەشانەی کە تایبەتە بەخۆشنوودی و بەختەوەری کارامازۆفەوە سێ مانگی ویستووە، لەکاتێکدا ئەو بەشانەی کە جوێندانی تێدایە زۆر بە خێرایی و لە ماوەی سێ هەفتەدا، نووسیوبەتی.
کارامازۆف شاکارێکە باس لە مرۆڤێک دەکات کە نیوەی لەبەر خۆرەتاودایە و نیوەکەی تریشی لە تاریکیدایە؛ لە نێویدا دوو هێزی دژ بەیەک لە بەربەرەکانێدایە.
هەر بۆیە لە کارامازۆفدا ناکرێت باس لە دەقێکی ناهارمۆنی و نەگونجاو بکەین.
چونکە دەقی ناهارمۆنی و نەگونجاو وەڵام جێ ناهێڵێت.
بەڵام دۆستۆیڤسکی وەک خاڵێکی جیاکەرەوە لە زمانی ستاڤرۆگینەوە وەڵامێک جێ دەهێڵێت و دەڵێت: «شەرمەزارییە».
دۆستۆیڤسکی دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە مرۆڤ دەتوانێت لە هەمان کاتدا چ کریستیان بێت، چ تێڕوانینێکی پووچ و بێهوودەی بۆ ژیان هەبێت. جگە لەوەی کە نموونەی کریستیانی بێ باوەڕیش زۆرە!
دواجار هەموو ئەمانە دەمانگەیەنێتە خودی ئەو ناهارمۆنێتی و نەگونجانە بێهوودە ئامێزانەی کە لە خودی کتێبی پیرۆزدا هەیە.
نووسەری «تارماییەکان» ئەم ڕێچکە و کووچە و شەقام و ڕێگایانە باش دەناسێتەوەو شارەزایانە لەوێوە دەمانگەیەنێتە سەر ڕێگەو ڕێچکەیێکی جیاواز.
دۆستۆیڤسکی لە زمانی کیریلۆڤەوە بەچەشن و شێوازێک کە دەبێتە مایەی سەرسامیمان. دەڵێت:
«بوون درۆ و پووچ و بێ مانایە.»

**سەرچاوە:**

**Sisifos/ Albert Camus/ Fransizca aslindn ceviren (TAHSIN YUCEL) - istanbul-
2004- (Le Mythe de Sisyphe).**

# چیرۆکنووسین و ڕەخنەگرتن لە چیرۆک

**د. عەبدولحوسێن زەڕینکووب**
**لە فارسییەوە: هاوار ئەحمەد**

ئەم بابەتە کە لەنێوان باقی جۆرە ئەدەبییەکانی دیکەی ئەم سەدەیەدا تا ڕادەیەک هیچ شتێک بەقەت چیرۆک (ڕۆمان- کورتە چیرۆک) نەکەوتۆتە بەر ڕەزامەندی ڕای گشتی، یەکێکە لەو هۆکارە گشتیانەی کە ڕەخنەی ئەمڕۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی پتر بە بابەتە پەیوەستەکانی چیرۆک نیشان دەدات. ڕاستە کە، زۆرێک لەو چیرۆکانەی کە کەوتوونەتە بەر ڕەزامەندی ڕای گشتی (پڕایی خەڵک)، لەو جۆرەی کە لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکان پڕدەکەنەوە هەندێ کات هیچ پێوەندییەکیان بەوەوە نییە کە ناوی لێدەنرێت داهێنانی ئەدەبی، بەڵام ناوبانگ و خواست لەسەر بوونی لە ڕادەبەدەری ڕای گشتیش (پڕایی خەڵک) لەسەر بەرهەمێک وەک ئەوەی کە -سامرست مۆم- ئاماژەی پێدەدات، ناتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ بێ بەهایی و لاوازیی بەرهەمەکە، بەڵام ئەم خاڵەش کە لە چیرۆکی «بەباچوو»ی مارگرێت میشڵ-ی ئەمریکی (١٩٠٠ - ١٩٤٩) تەنیا لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا پەنجا هەزار دانەی لێ فرۆشرا و لە ماوەی یەک ساڵی بڵاوبوونەوەیدا ژمارەی دانە فرۆشراوەکانی گەیشتە یەک ملیۆن و پێنجسەد هەزار، نیشانی دەدات کە ئەم سەدەیە تا چ ڕادەیەک گرنگی بەو بەرهەمانە دەدەن کە لە سنووری چیرۆک و خەیاڵدان، لە ڕاستیدا هەر ئەم خواستە ڕوو لە زیاد بوونەیە کە ئەمڕۆکە کارمەندی کتێبخانەکان هەندێ کات گشت کتێبەکانیان دەکەن بە دوو بەشەوە، یەکەم چیرۆکەکان و دووەم نا چیرۆکەکان. جگە لەمەش ئەم خاڵە کە لەنێوان ڕەخنەگرانی ناسراوی

## هێندەی که له ڕەخنەی ئەمڕۆدا باس له هۆنراوە کراوە باس له چیرۆک نەکراوە

ئەم سەدەیە «مننندس ئی پلایو» کتێبێکی لە چوار بەرگدا سەبارەت بە سەرچاوەی چیرۆک نووسیوە هەروەها «جۆرج سینتس» کتێبێکی لە دوو بەرگدا سەبارەت بە چیرۆکنووسیی فەرەنسیی نووسیوە و هەروەها «ئەی. ئەی. بیکەر» کتێبێکی لە دە بەرگدا سەبارەت بە مێژووی چیرۆکنووسیی بەریتانی نووسیوە و تەنانەت لەنێو چیرۆکنووسانی سەردەمیشدا وەک هینری جیمس (١٨٤٣- ١٩١٦) نامەیەک لەمەڕ هونەری چیرۆکنووسی، «ئەی. ئێم، فارستەر (١٩٧٠- ١٨٧٩)- نامەیەک لە مەڕ لایەنەکانی چیرۆک، جۆرج دۆهاملّ (١٨٨٤ - ١٩٦٦) نامەیەک لەمەڕ چیرۆک، هەروەها دایڤید هاربرت لارنس (١٨٨٥ - ١٩٣٠) وتارێک لەمەڕ ئەوەی کە چیرۆک بۆچی گرنگی هەیە، هەمووی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم سەدەیە چ زەوقێک و چ حەزێکی لە ڕادەبەدەر نیشان دەدات بەرامبەر بە چیرۆک و چیرۆکنووسی. گومان لەوەدا نییە کە لەگەڵ ئەو پڕ بەرهەمی و فرە لایەنییەی کە پێشتر پێشینەی نەبووەو چیرۆکنووسانی ئەم سەردەمە لە داهێناندا نیشانیان داوە، گەر بە دیدێکی گشتی بۆی بنوارین هێندەی کە لە ڕەخنەی ئەمڕۆدا باس لە هۆنراوە کراوە باس لە چیرۆک نەکراوە، بەڵام بۆی هەیە ئەم خاڵە دەرەنجامی بەرفراوانی لە ڕادەبەدەری سنووری چیرۆک و جۆراوجۆریی زەوقەکان بێت کە هەڵبەت باس لێوەکردنی و دادوەری کردنی تووشی کێشە دەکات.

ئەم خواست و مەیلەی کە لەم سەدەیەدا پڕایی خەڵکی و خەڵکە تایبەتییەکانی ئەم بوارە لە بەرامبەر هێزی کێشکردنی چیرۆکدا نیشانیان داوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆکە پتر لەهەر قۆناغێکی ڕابردوو چیرۆک وەک هۆکارێک بەکاربێت بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ مەبەستە تایبەتییەکان.

تا ئەو ئاستەی کە نە تەنیا چیرۆکە مەبەستدارەکان purpose- noveis بەڕێژەیەکی زۆر لەم قۆناغەدا هاتۆتە کایەوەو کە لە هەندێ کاتدا شتێک نین جگە لە پڕوپاگەندەگەلێکی حزبی و سیاسی، بەڵکو ڕووداوی زنجیرە جەنگێکی مەزنی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک لە چیرۆک کە پێی دەڵێن چیرۆکی شەڕ (war novel)، لەنێو نموونە بەناوبانگەکانیدا دەکرێ ناوی «ئاگر» بەرهەمی باربوس (١٨٧٤ - ١٩٣٥)، «بێدەنگیی دەریا» بەرهەمی «ڤرکۆر» (١٩٠٢) بهێنین. جگە لەمەش بێ لە ڕۆمانی پۆلیسی کە هێزی خەیاڵی کانن دویل (١٨٥٩ - ١٩٣٠) کردیە سەرگەرمی زۆرینەی خەڵک. چیرۆکی زانستیش وەک سەرگەرمییەکی سەرنجڕاکێش لێک درایەوە، بەتایبەتی کە جۆرج ولز (١٨٦٦ - ١٩٤٦)، نموونە گەلێکی پرشنگداری لێ بڵاو کردنەوە.

لە هەمان کاتدا شێوازەکانی «ڕۆمانتیک و ڕیالیزم» لەلای هەندێ نووسەری بەناوبانگ بووە هۆی هێنانە کایە و سەرهەڵدانی داهێنانگەلێکی نوێ.

لەوانە، شێوازی چیرۆکی تۆقێنەر (Terror nov-el) بەرهەمگەلێکی سەرنج ڕاکێشی بە ئیدگار والاس (١٨٧٥ - ١٩٣٢) ئیلهام کرد، تا ئەو جێگەی کە باسکردنی ژیانی سێکسی لەلای دایڤید هاربرت لارنس (١٨٨٥ - ١٩٣٠) بەرەو جۆرێک لە نەخشاندنی وێنەی بزوێنەر- لە ڕووی سێکسییەوە- دەڕۆیشت لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆمانی مێژوویی زۆربەی کات لەبەر مەترسی ئەم ئافاتەدایە کە نووسەر هەستەوەری و خواستەکانی قۆناغی خۆی بداتە پاڵ قۆناغەکان و کەسەکانی ڕابردوو و چیرۆکی دەروونناسی لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێ کات دەبووە جۆرێک لە باسکردنی بارودۆخی نەخۆشە دەروونییەکان، لەم قۆناغەدا هەر هێزی کیشکردنی خۆیان پاراستووە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو شتەی کە ڕەخنەگرە فەرەنسییەکان ناویان لێ نابوو ڕۆمانی قۆناغی Ro-man cyclque و لە دوو توێی چەندێن بەرگدا بارودۆخی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی تاکێک، خێزانێک یاخود کۆمەڵەیەک باسی لێوە دەکرێت بەرهەمگەلێکی سەرنج ڕاکێشی ئیلهام کرد بە نووسەرگەلێکی وەک «مارسل پرۆست، ڕۆمن ڕۆلان و گالسۆرثی».

لە ڕاستیدا هونەری ڕۆماننووسی لەم قۆناغەدا و هەر لە سەرەتای سەدەوە کەوتە ژێر کاریگەریی هەندێ بیری تازە سەرهەڵداو، لەوانە فێرکارییەکانی نیچە، تیۆری

فرۆید و هزری برگسۆن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو کێشمەکێشانەی کە دەرەنجامی باوەڕە سیاسییەکان بوون- سۆسیالیزم، ڕەگەزپەرستی و شتی دیکەش نەیدەتوانی بێ کاریگەری بێت لەسەر بیری ڕۆماننووسەکان لە گیتییەکدا کە دوو جەنگی گەورەی نێودەوڵەتی بەدرێژایی چەندین ساڵ ئاسمانەکەی قان دابوو لەنێو بۆنی دووکەڵ و خوێندا. ئاشنایی پەیداکردن لەگەڵ سنووری ناهۆشیاری، جیهانی ناخی مرۆڤی لە بۆ ژمارەیەک لە نووسەرەکان دۆزییەوە و باوەڕهێنان بە «ڕێژەیی باوەڕی مرۆڤی سست کرد لە هەمبەر بابەتی «ڕەها»یی. لەلایەکی دیکەوە، ئەو گرنگی و بە پیرەوەهاتنەی کە پڕایی خەڵکی و خەڵکێکی تایبەت لە هەمبەر ڕۆمان و قاڵبی ڕۆمان نیشانیان دا، ئاسایی هەندێ نووسەرانی خستە بیری هونەرکاری و نوێگەری لە قاڵبی ڕۆماندا، ئەو نووسەرانەی کە بەتایبەت پێوەندییان لەگەڵ چینە ڕۆشنبیرەکاندا هەبوو. هەڵبەت ئەم بابەتە نەبووە هۆی هاتنە کایەی ڕێبازی ئەدەبی، چونکە خواست و حەزی هۆشیاری زۆربەی نووسەرەکانی ئەم سەردەمە لە بۆ پاراستنی ئازادی و ڕەسەنایەتی، ڕایگرتن لەبەردەم خۆ بەدەستەوە دان لە بەرامبەر ئەو سنووردارییانەدا کە خوازیاری ڕێباز هێنانەکایەیە. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ ئەزموونی تاکەکەسی هەندێ کات ڕەنگێکی تایبەتی بە هەندێ لە هونەرکارییەکانی هەندێ لە نووسەران بەخشیوە.

لەوانە: ئەو شتەی کە هەندێ لە نووسەران ناویان لێناوە مۆنۆلۆگی لەگەڵ خود interior monologue تایبەتمەندییەکی دیاری بەخشیوە بە ڕۆمانی - یۆلیس - لە نووسینی «جیمس جۆیس» (١٨٨٢ - ١٩٤١) و لە هەر جۆرە ڕۆمانێکی هاوشێوەی خۆی جیای دەکاتەوە. ئەم شێوازی دواندنی دەروونە کە دەتوانێ ماوە زەمەنی و شوێنییەکان ببڕێت و ڕابردوو و ئێستە بداتە دەم یەک، هەڵبەت بێ لە جۆیسن لەلایەن هەندێ نووسەری دیکەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، وەک کنوت هامسۆن، ویلیام فاکنەر، ڤیرجینیا وۆلف-، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا دەرکەوتنێکی پێگەیشتووانە نەبووە بەقەت ئەوەی کە لەم بەرهەمەی -جۆیس- دایە.

لەگەڵ ئەمەشدا- فرانس کافکا (١٨٨٣ - ١٩٢٤)، سامۆیل بێکت، هەر یەکە و لە لایەنێکەوە پێوەندییان هەیە بەم باسی مۆنۆلۆگ و جیهانی ناهۆشیارییەوە.

هەڵبەت گەڕانەوە بۆ دنیا. ناهۆشیارییەکان کە یاسا گەلێکیان هەبوو بۆ خۆیان بێ لە یاسا ئاساییەکان و پابەندنەبوون بە بابەتی ڕەها کە بۆچوونی -ئەرەستورین ڕۆمان لەسەر ئەو بنچینەیە بوو- بۆچوونی پێداویستی ڕووداو، گرێ و گرێ کردنەوە لە هەر جۆرە ڕۆمانێکدا، بەدڵنیاییەوە هەندێ لە نووسەرانی ناچار کرد کە بگەڕێن بە دوای ڕۆمانێکدا کە بتوانێ ئازاد بێت لەم جۆرە کۆت و بەندانەی کە دەرەنجامی کولتوورن- بێگومان لەسەرەتاییترین ئەو ئەزموونانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام درا ڕۆمانی The way of all flish بەرهەمی سامویل باتلەر (١٨٣٥ - ١٩٠٢)، دەبێ وەیاد بێنینەوە کە تێیدا نووسەر بە هێنانە کایەی ڕۆمانێک کە خاڵی بێت لە گرێی ڕووداو (plot)، لایدابوو لە نەریتی ڕۆماننووسینی سەردەمی ڤیکتۆریا. «یۆلیس» بەرهەمی جیمس جۆیس لادانێکی دیکە بوو، بەڵام ئەم بەرهەمە شتێک نەبوو کە بتوانرێ بەپێی پێوەرە نەریتییەکان بخرێتە ڕیزی ڕۆمانەوە. وەک بڵێی لادانی لە ڕادەبەدەری نەخوازراو و لە یاسا بەدەر کە نووسەر بە سوود وەرگرتن لە شێوازی «زنجیرەی لێکدانەوەی ئازاد» و «وتوویێژ لەگەڵ خود»دا کە لەم بەرهەمە و بەرهەمێکی دیکەدا بەناوی- نەخۆشی فینیگان- بەکاری هێنابوو، ڕوویەکی نەخۆشانەی پێ داون و هەربەم هۆیەوە لەوکاتەدا کە هەندێ لە ڕەخنەگران بەچاوی بەرهەمگەلێک تێیان ڕوانیوە کە لە ئەدەبیاتدا کاریگەری ڕێکەرەوەیان هەیە، خەڵکی دیکە بە چاوی ئەدەبیاتێکی بێ زیان تێیان نەڕوانیوە. لە ڕاستیدا لە نەریتی ڕۆماننووسیشدا، دۆخی هەڵواسراوی و چاوەڕێ بوونی خوێنەر Suspense لە دەرەنجامی بوونی گرێی ڕووداوەوە بەدی دەکرێت، هەر چەندە ئەم گرێیە لە جۆری ڕۆمانە بەربڵاوە جیهانییە پانۆرامایییەکاندا (panoramic) وردبینانە و بێ کەموکووڕی نییە،

**لە نەریتی ڕۆماننووسیشدا، دۆخی هەڵواسراوی و چاوەڕێ بوونی خوێنەر Suspense لە دەرەنجامی بوونی گرێی ڕووداوەوە بەدی دەکرێت**

وەک ئـەوەی لە جـــــۆری تاڕادەیـەک سنووردار بێ نمایشی (Dramatic noni)یدا باوە؛ بەڵام گـرنگی دان بە گرنگی خولّق و خووی کارەکتـەرەکانی نێـــــو ڕۆمـــــان (character) و بەتـایبــــــەت بـە ڕۆڵـی بـارودۆخ (Situation) کـە زۆربەی کـات بە هەوێنی سەرەکی هەر جۆرە گرێیـەکی ڕوداو بەدی دەکــــرێت، کــــەم کــــەم لە ڕوانـگەی ڕەخنەگرانیشـەوە ئەو خاڵەی کە گرێی ڕووداو بنچینەی ڕۆمانە، وەبەر پتر تێفکرین و لێ وردبوونەوە دەکەوێت. بەو شێوەیەی کە هەرچەندە- هینری جیمس -(١٨٤٣ - ١٩١٦) لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هێشـتاکە دەیپرسی کە مـەگەر خولّق و خووی کاراکتـەرەکانی نێو ڕۆمـان جگە لە بەدیارخسـتنی ڕوداو و خـودی ڕوداویش جگە لە بەدیارخسـتنی خولّق و خووی کاراکتـەرەکانی ڕۆمـان شـتـێکی دیکەیە، لەم سـەردەمـەدا ئارنۆلّد بنت (١٨٦٧ - ١٩٣١) بەتایبـەت و لەگـەڵ ئەو زاڵبـوونەی نەریتی ئەرەسـتـووین بەسـەر هەلومـەرجی سـەردەمـدا، وەبیـری دەهێنایەوە و دەیگوت کـە بنچینەی چیـرۆکی باش تەنیا خولّق و خووی کاراکتـەرەکانی ڕۆمانە، نەک شتێکی دیکە، بەڵام دیارە کە ئەگەر ڕەخنەگر و نووسەر لایەنی ئەخــلاقی و دەروونی بە جــەوهەری ســەرەکی چیرۆک نەبینێت ناتوانێت ئەم حوکمە بێ ئەملاو ئەولایە قــەبوڵ بکات. هەر چۆنێک بێت ئەم ســەدەیە کــە لە هەموو نەریتەکانی ڕابردوو لایدا- نەکەوتە سنووری ئەو نەریتـانە- هەوڵی دا کە لە نەریتەکانی چیرۆکنووسـیش لابـدات، لەوانـە ئەنـدرێ ژیـد (١٨٦٩ - ١٩٥١) لـە ڕۆمـانی «دروسـتکەرانی سکە»، ئەم بابەتەی وروژاند کـە بەبێ گـرێ و ڕووداویش دەکـرێت ڕۆمــان دابنرێت، هەروەک ژان پۆل سارتەر (١٩٠٥) لە زنجیرە وتارەکانی «شوێنگە» نیشـانی دا کە لە چیرۆک نووسیندا، پشت بەستن بە گرنگی خـولّق و خووی کـاراکـتـەرەکـانیش لە دژوازی بەدەر نیـیـە، چونکە کـاتێ کە خـوێنەر بزانێت لە ڕەفتـارکردن لەگەڵ فلانە گرفـتدا بەحـوکمی کـاریگەری بۆمـاوەیی، یان خـواستی شوێنگە، قارەمـانی چیرۆکەکە دەبێ وەهاو وەها هەڵسوکەوت بکات، ئیدی لە چیرۆکدا نیشـانەیەک لە ژیان و ئیرادەی قارەمـان بـەدی ناکرێت و ناچار ئەو نـووســـەرەی کـــە دەیەوێت قــارەمـــانەکـــەی زیندووبێت دەبێ بە ئازادی بیهـێڵێـتەوە. لەگـەڵ ئەمەشدا ئەم ڕەخنە و ناڕەزاییەش لەسەر سارتەر هەیە کە ئەم ئازادی قارەمانە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەوە خۆی بنوێنێت کە ئێمە چاوەڕێین لە کاریگەری بۆماوەیی و خواستی شوێنگە چیرۆک لە لۆژیک بەدەر دەبێت و هێزی کێشکردنی نامێنێ.

## بنچینەی چیرۆکی باش تەنیا خولّق و خووی کاراکتەرەکانی ڕۆمانە، نەک شتێکی دیکە

لە ڕاستـیدا، بەدوور لە کێشـمەکێشە تیـۆرییـەکان، لە پراکـتـیکدا هێـشـتـا ئەو ڕۆمـانەی کـە ڕووداو و گـرێ و خولّق و خووی کاراکتەرەکانی تێدا نییە نەیتوانیوە هێزی کـێـشکردنی ڕاسـتـەقـینەی هەبێت، لەم ڕووەوە لەوانەیە هێـشـتـاکـە بتـوانرێت ئەم وتەیەی «فـارسـتـەر» قـەبووڵ بکەین کـە دەڵێت: تا ئێـسـتـا هەر ئەزمـوونێک کـە بۆ هێنانە کــایەی ڕۆمــانی بێ گـرێ و ڕووداو بە ئەنجــام گەیەندراوە، سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە.

**سەرچاوە:**

**د. عبدالحسین زرین کوب، نقد ادبی.**

# سایکۆلۆژیای زیرەکی

**د. کەریم شەریف قەرەچەتانی**
**(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە)**

هەتا ئەمڕۆش مشتومڕ و بگرە و بەردەیەکی زۆر لە بارەی زیرەکییەوە هەیە و زاناکان لەنێوان خۆیاندا لەسەر پێناسەیەکی سەرتاسەری و هەمەلایەنە ڕێک نەکەوتوون، هەر لەبەر ئەوەشە چەندان پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە و هەندێک جار نەک پێناسەکان دوورن لە یەکەوە بگرە دژ بەیەکیشن، ئەوەش زیاتر بۆ جیاوازی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی زاناکان دەگەڕێتەوە. جیاوازییەکان تەنیا تایبەت نین بە پێناسە، بەڵکو زۆر لە ئەوە بەرفراوانترە و سەرجەم ڕەهەند و لایەنەکانی چەمکی زیرەکی دەگرێتەوە، بۆ نموونە هەتا ئێستاش هۆکار و سەرچاوە سەرەکییەکانی زیرەکی یەکلا نەبۆتەوە، هەندێک لە زاناکان لەو بڕوایەدان کە سەرچاوەی سەرەکی زیرەکی بۆماوەییە و زیرەکی توانستێکی بۆماوەییە و لە ڕێگەی کرۆمۆسۆم و جیناتی تایبەتیەوە لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوێزرێتەوە، بەڵام لە بەرانبەر ئەواندا، ژمارەیەکی تر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە زیرەکی پەیوەستە بەو ژینگە و دەوروبەرەی کە لە منداڵیدا تێیدا دەژی و ڕۆڵی بۆماوە زۆر کەم و لاوازە. ئەوەی زیاتر جێگەی بڕواو متمانەی زۆر لە زانایانە، ئەوەیە کە زیرەکی لە ئەنجامی کارلێککردنی هەردوو فاکتەری بۆماوە و ژینگەوە گەشە دەکات و هیچ یەکێک لەو دوو هۆکارەی سەرەوە بە تەنیا ناتوانێت زیرەکی بەرهەم بهێنێت.

هەموومان دەزانین کە زیرەکی چەمک و زاراوەیەکی ڕووت و ئەبستراکتە (مجرد) و ناتوانین لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە درکی پێبکەین، بەڵکو لەمیانەی شوێنەوار و کاریگەرییەکانیەوە کە لە هەڵسوکەوت و

ڕەفتاری تاکەکاندا بەرجەستە دەبێت، هەست بە بوونی دەکەین. بۆ نموونە (کاتێک دەڵێین یەکێک زۆر زیرەکترە لە یەکێکی تر، مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە زۆر زیرەکە زۆربەی کات کار و چالاکییەکانی سەرکەوتوو و کاریگەرن و بە شێوەیەکی زیرەکانە و زۆر بە وردی و دیقەت و لەماوەیەکی کەمدا جێبەجێیان دەکات. (Cronbach, 1977, P:275).

## زاراوەی زیرەکی

بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەی زیرەکییە لەلایەن فەیلەسووفی ڕۆمانی «شیشرۆن» بەکارهات و وشەی لاتینی (Intelligentia) بۆ دانا، دواتر کەمێک گۆڕانکاری زۆر بچووکی بەسەرهاتووە، تا ئێستاش هەر وشەی «Intelligence» بۆ زیرەکی لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەکاردەهێنرێت، کە لەلاتینی زمانەوانییەوە بە مانای عەقڵ «Intellect» و تێگەیشتن «Understanding» دێت «جۆهان، ١٩٨٢، ل٥» بە بڕوای ئینگلیش و ئینگلیش «English & English» سێ چەمکی سەرەکی بۆ زیرەکی «وەک زاراوە» هەیە و زۆرجار لەلایەن زانایانەوە بەکاردەهێنرێن، کە ئەوانیش ئەمانەن:

١- توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و دیاردە و گرفتە ناهەستی و ڕووت و ئەبستراکتەکان.

٢- توانای فێربوون.

٣- توانای مامەڵەکردن لە تەک دیاردە و کێشە و گرفتە نوێیەکان (Watson & Lindgren, 1973, P:286).

## چەمکی زیرەکی

زیرەکی چەمکێکی ئاڵۆز و بەرفراوان و هەمەلایەنەیە، بە قەدەر ئەو بەرفراوانی و ئاڵۆزی پرۆسە عەقڵیانەی کە بەشداری تێدا دەکات، زیرەکی چەمکێکی شاراوە و ناوەکییە و لە ڕێگەیەوە وەسفی ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دەرەکییەکانی پێدەکەین. ئەوەی شایانی ئاماژە بۆ کردن بێت ئەوەیە کە گرفت و کێشەی پێناسەکردنی چەمکی زیرەکی هەیە، واتە زیرەکی چییە؟ تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ زیرەکی نییە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢١ پرسیار لە کۆمەڵێک دەروونزان کرا کە مانای زیرەکی لێک بدەنەوە، لە ئاکامی ئەو پرسیارە، بیست وەڵامی جۆراوجۆر دەرکەوت و هەر زانایەی بە جۆرێک لێکی دایەوە «Jardan, 1953, P:372».

ئەم بۆچوون و پێناسە جۆراوجۆرانە کارێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی زیرەکی دیاردەیەکی شاراوە و نادیارە و هەر زانا و قوتابخانەیەک لە گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیەوە سەیری دەکات و ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکات، هەر لەبەر ئەوە دەبینین چەندان پێناسە و لێکدانەوەی جیاجیا بۆ زیرەکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە: ژمارەیەک لە زانایان زیرەکی پێوەند دەکەن بە خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر، واتە ئەو کەسانە زیرەک و بەتوانان کە دەتوانن خۆیان لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر و گۆڕانکارییە نوێیەکاندا بسازێنن.

أ- ستێرن «Stern»: زیرەکی بریتییە لە توانای خۆگونجاندنی عەقڵی لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیان و ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە سەرهەڵدەدەن.

ب- پینتنر «Pintner»: زیرەکی بریتییە لەتوانای خۆگونجاندنی سەرکەوتووانە لەگەڵ ئەو پێوەندی و شتە نوێیانەی کە ڕوودەدەن.

٢- توانای فێربوون: بە بڕوای ژمارەیەکی تر لە زانایان، زیرەکی بریتییە لە توانای فێربوون، یان ئامادەباشی بۆ فێربوون، واتە ئەو کەسانە زیرەکی و بە توانان کە بەردەوام توانای فێربوونی شتی نوێیان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە کە شارەزایی و زانیاری نوێ وەربگرن.

أ- گالڤن «Golvin»: زیرەکی بریتییە لە توانای فێربوونی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە.

ب- وۆدرۆ «Woodrow»: زیرەکی بریتییە لە توانای وەرگرتنی شارەزایی و کارامەیی و لێهاتوویی.

ج- گۆدارد «Goddard»: زیرەکی بریتییە لە توانای سوود وەرگرتن لە شارەزایی و لێهاتوویی و زانیاری ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئێستا و داهاتوو، واتە گرفتە نوێیەکان.

٣- توانای بیرکردنەوە: هەندێکی تر لە زانایان زیرەکی بە بیرکردنەوەوە دەبەستنەوە و لەو بڕوایەدان، ئەو کەسانەی کە توانای جۆرەها بیرکردنەوەی زانستی و ئەبستراکت و «مجرد» و مەنتیقیان هەیە، ئەوا کەسانی زیرەک و بلیمەتن.

أ- تیرمان «Terman»: زیرەکی بریتییە لەتوانای

بیرکردنەوەی ئەبستراکت.

ب- بینیــــە «Binet»: زیرەکی بریتـیـیـە لە توانای تێگەیشتن و داهێنان و ڕەخنەی خودی و ئاراستـەکـردنی بە ئامانجی ڕەفتار و هەڵسوکەوت.

ج- مـیـومـان «meuman»: زیرەکی بریتـیــیـە لە ئامادەباشی بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەرهەم هێنەر و داهێنەرانە «یاسین، ١٩٨١، ل٤٥-٤٦».

٤- پێـوانەکـردن: ژمـارەیەکی تر لە زاناکـان، زیرەکی پەیوەست دەکـەن بە پێـوانەکـردن و زیرەکی پێـوەکـانەوە «إختبارات الذکاء». واتە بە بڕوای ئەم زانایانە، کەسی زیرەکی ئەوەیە کـە بـتـوانێت، زۆرترین و بەرزترین نمرە لە ڕێگەی پێوانەکردن و زیرەکی پێوەکانەوە بەدەست بهێنێ.

بـوریـنـگ «Boring»: زیرەکی بریتـیـیـە لەتواناو لێهاتوویی بۆ بەدەست هێنانی باشترین نمرە و هەڵهێنان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناو زیرەکی پێوەکان.

ئەمـانەی سـەرەوە و چەندان پێناسـەی تریش لە بارەی زیرەکی هەن لێـرەدا پرسـیـارێک دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە ئایا کام لەو پێناسانەی سەرەوە ڕاستن و گوزارشت لە چەمک و زاراوەی زیرەکی دەکەن.

هەرچەندە وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیــارە ئاسـان نیـیـە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بۆ تیۆرەکەی گاردنەر «Gardner» بکەین، کە بریتییە لە تیۆری جۆرەها زیرەکی «نـظـریـة الذکـاءات المتـعـددة» «Multiple Intelligences Theory» بە بۆچوونی گـاردنەر، یەک جـۆر زیرەکی نیــیـە، بەڵکو هەفت جۆر زیرەکی هەیە و پێـشـبـینی ئەوەش دەکات هەشتەم جۆری زیرەکیش بدۆزێتەوە. دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، گـاردنەر گەیشـتـە ئەو بڕوایەی کە لەجیاتی یەک جۆر زیرەکی ئەم زیرەکیانەی خوارەوە هەن «زیرەکی زمانی «الذکاء اللغوي»، زیرەکی مەنتیقی «الذکـاء المـنطـقـي»، زیرەکی کـارلێککردنی «الذکـاء التـفـاعلي»، زیرەکی خودی «الذکاء الذاتـي»، زیرەکی جەسـتـەیی- جـووڵەیی «الذکـاء الجنسي- الحـــرکي»، زیرەکی مۆسیقی «الذکاء الموسیـقي»، زیرەکی بینینی- بۆشایی «الذکاء البصري- الفضائي»، زیرەکی سروشتی «الذکاء الطبیعي».

ئینجا ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرەکەی گاردنەرەوە سەیری ئەو پێناسانەی پێشوو بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەر زانایە و پێناسەی لایەکی زیرەکی کـردووە، واتە هەندێکیان تەنیا پێناسەی زیرەکی کۆمەڵایەتیان کردووە، هەندێکی تریان پێناسەی زیرەکی ئەبستراکتیـان کردووە، ژمارەیەکی تریان بەلای زیرەکی ئەکادیمیدا چوون...تاد. کـەواتە سـەرجـەم ئەو پێناسـانە ڕاستن، بەڵام کـەم و کورتییـان تێدایە و لە گۆشە و لایەکەوە سەیری زیرەکیـان کردووە و زیرەکی هەمـوو ئەوانەیە، واتە زیرەکی بریتـیـیـە لە توانای «بیـرکـردنەوەی ئەبسـتـراکت و مـەنتـیـقی و داهێنـانەوە و توانای فـێـربوون و خۆ گـونجـاندن و دانانی پێـوەندی کـۆمـەڵایەتی و سـوود وەرگـرتن لە شـارەزایی و زانیـاریـیـە نوێیـەکـان» بەڵام بە ڕێژەی جـۆراوجـۆر کـە لەیەکێکەوە بۆیەکێکی تر دەگۆڕێ و کۆمەڵێک فاکتەری بۆماوەیی و بایۆلۆژی ژینگەیی کاری تێدەکەن.

## گەشەکردنی زیرەکی

زیرەکیش وەک هەمـوو دیاردەکـانی تر گـەشـە دەکـات، واتە کـاتێک منداڵ لە دایک دەبێت، زیرەکی و توانای بیـرکردنەوە و تێگەیشـتنی سنووردارە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژە و بڕی زیرەکـیـیـەکـەی بەرەو هەڵکشـان و زیاد بوون دەچێت. توێژینەوەی زۆر لە سـەر گـەشـەکـردنی زیرەکی کـراوە، بەڵام هیـچـیـان ئەوەندەی هەردوو توێژینەوەکـەی «بیرکلی» و «پەیمانگای فلس» تیشکیان نەخستۆتە سەر ئەم لایەنەوە، لە توێژینەوەکەی بیرکلی چاودێری چۆنێتی گـەشـەکـردنی زیرەکی شـەست منداڵی شیـرەخـۆر کـرا و بەردەوام ڕێژەی زیرەکـیــیـان دیاری دەکـرا تا تەمـەنیـان گـەیشـتـە قـۆناغی کـامـڵی، هەروەها لە توێژینەوەکـەی پەیمانگای «فلس» توێژینەوە لەسەر چۆنێتی گەشەکردنی دووسەد منداڵی شیرەخۆر هەر لەدوای لەدایک بوونیانەوە تا گەورەبـوونیان کرا. دەرئەنجامی ئەو دوو توێژینەوە گرنگ و بەناوبـانگە ئامـــاژە بۆ ئەوە دەکـــەن کــــە زیرەکی بەشێوەیەکی جێگیر ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر گەشە دەکات و تا تەمـەنی منداڵەکـە گـەورە بێت «لەنێـوان ٣-١٢ ساڵی» ئەوا ڕێژەی زیرەکـیـیـەکەشی زیاتر دەبێت، بەڵام کـاتێک منداڵ تەمـەنی دەبێت بە دوازدە سـاڵ ئەوا وردە وردە ڕێژەی زیرەکی و گەشەکردنی کەم دەبێتەوە و هەمان گـــۆڕوتـینی پێش دوازدە سـاڵی نامـێـنێت، تا دەگـاتە تەمـەنی بیـسـت و یەک سـاڵان کـە لەم تەمـەنەدا هیچ گـــۆڕانکاری و زیادبوونێک ڕوونادات «الحـمـــداني، ١٩٨٩، ل٢٤٤- ٢٤٥».

کـــەواتە زیرەکی بە پێی تەمـــەن زیاد دەکـــات، ئەم زیادبوونەش بوو کە پاڵی بە زانایەکی وەک «بینیە»وە نا

کە تەمەنی عەقڵی وەک یەکەیەک بۆ پێوانە کردنی زیرەکی بەکاربهێنێ، هەروەها ڕێژەی زیرەکی بەرێگەی دابەشکردنی تەمەنی عەقڵی لەسەر تەمەنی کاتی (زمنی) دیاری دەکرد، واتە ئەو منداڵانەی کە تەمەنی عەقڵییان یەکسان بوایە، بە تەمەنی کاتییان (واتە تەمەنی ئاساییان) ئەوا ڕێژەی زیرەکییان مامناوەندی دەبوو، بەڵام ئەوانەی تەمەنی عەقڵییان زیاتر بوایە لە تەمەنی کاتییان «زمنی» ئەوا منداڵی زیرەک و بلیمەت دەبوون، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تەمەنی عەقڵییان کەمتر بوایە لە تەمەنی کاتییان ئەوا بە منداڵی دواکەوتوو وبیرکۆڵ لە قەڵەم دەدران.

دەتوانین ئەم ڕاستیانەی خوارەوە لە بارەی گەشەکردنی عەقڵی و زیرەکییەوە دەستنیشان بکەین:

١- گەشەکردنی عەقڵی بەبیرێکی یەکسان و نەگۆڕ بەپێی گەورەبوونی منداڵ زیاد ناکات، بەڵکو گەشەکردنی زیرەکی لە پێنج ساڵی یەکەم زۆر خێرایە و دواتر وردە وردە خێراییەکەی کەم دەبێتەوە.

٢- تا ئێستا زانا و توێژەران لەسەر ساڵی وەستان و گەشەنەکردنی زیرەکی کۆک نین و چەندان بیروباوەڕی جیاجیایان هەیە، بە بڕوای زانایەکی وەک (تێرمان) کە لە ساڵی ١٩١٦ زیرەکی پێوەکەی بینیەی بۆ ژینگەی ئەمریکی گونجاند و ستاندەری کرد، زیرەکی تا تەمەنی شازدە ساڵ گەشە دەکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٧ لەو بڕوایەی پاشگەز بوو و وتی تەمەنی ١٥ ساڵان لووتکە و پۆپەی گەشەکردنی زیرەکییە و ئیتر لەدوای پازدە ساڵانەوە ڕێژەی زیرەکی وەک خۆی دەمێنێتەوە، واتە ئەگەر مرۆڤ تەمەنی چەند زیاتر بێت لە ١٥ ساڵان، ئەوا تەنیا تەمەنی کاتی ١٥ ساڵی بۆ هەژمار دەکرێت.

بەڵام بەبڕوای هەردوو زانایان «جۆنس، Jones» و «کۆنراد، Conrad» زیرەکی تا تەمەنی ١٨ ساڵ گەشە دەکات، هەروەها بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر بەستاندەرکردنی «تقنین» زیرەکی پێوی «وکسلر- بلفیو» کرا دەرکەوت کە تەمەنی بیست ساڵان کۆتایی گەشەکردنی زیرەکییە. «محمود، ١٩٧٩، ل١٥٩-١٦١».

کەواتە بەپێی ڕاوبۆچوونی سەرجەم زانایان و دەرئەنجامی توێژینەوە زانستەکانی بواری زیرەکی، گەشەکردنی عەقڵی هەر بەردەوام نابێت، بەڵکو لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەوەستێت و لەوە زیاتر گەشە ناکات، بەڵام ئەو تەمەن و ساڵەی کە زیرەکی تێیدا دەوەستێت، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، واتە لە لای هەموو کەس وەک یەک نییە، بۆ نموونە ڕێژەی زیرەکی لەلای منداڵانی بلیمەت و زۆر زیرەک تا تەمەنی بیست ساڵان گەشە دەکات و بەردەوام دەبێت بەڵام لەلای منداڵانی مام ناوەندی و ئاسایی، زیرەکی تا تەمەنی شازدە ساڵان گەشە دەکات و لەدوای ئەو ساڵەوە ئیتر دەوەستێت و لەوە زیاتر نابێت «فهمی، ١٩٧٧، ل١١٨-١١٩».

منداڵ کاتێک لە تەمەنی شەش ساڵان دەچێتە قوتابخانە و دەست دەکات بە فێربوون و وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە زانیاری و شارەزایی، سەرەڕای ئەوەش پێوەندی و کارلێککردنە کۆمەڵایەتییەکانی بەرفراوانتر دەبێت و شارەزای کۆمەڵ و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری و هەژماردن دەبێت، کە سەرجەم ئەو فاکتەر و گۆڕانکاریانە دەبنە هۆی زیادکردن و گەشەپێکردنی توانا عەقڵییەکانی «معوض، ١٩٨٣، ل١٩٠»

٣- ڕێژەی زیرەکی تارادەیەک نەگۆڕە. ئەوەی تا ئەمڕۆ زۆربەی زانایان لەسەری کۆک و تەبان، ئەوەیە کە ڕێژەی زیرەکی تارادەیەکی باش نەگۆڕە و ئەوە نییە کە ڕێژەی زیرەکی لەنێوان چەند ڕۆژێکدا بگۆڕێ، بەڵکو ئەگەر ڕێژەی زیرەکی منداڵێکمان لە تەمەنی شەش ساڵیدا پێوا و دەرکەوت مامناوەندییە، ئەوا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کە ڕێژەی زیرەکی ئەو منداڵە لە تەمەنی شازدە ساڵیشدا هەر مامناوەندی دەبێت بەڵام ئەوانەی کە ڕێژەی زیرەکییان زۆرە ئەوا لە داهاتووشدا هەر زۆر دەبێت و ئەو منداڵانەش کە لە تەمەنی شەش ساڵیدا ڕێژەی زیرەکییان زۆر نزمە ئەوا لە تەمەنی شازدە ساڵیشدا هەر نزم دەبێت «دافیدوف، ١٩٨٣، ل٥٤٠». نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە پێوەندی لەنێوان ڕێژەی زیرەکی منداڵ لە تەمەنی زۆر بچووکدا و دواتر لە گەورەییدا زۆر لاوازە، بۆ نموونە زانایەکی وەک «بایلی، Bayley» ئەوەی دەرخست کە پێوەندی لەنێوان ڕێژەی زیرەکی منداڵ لە تەمەنی یەک ساڵی و ڕێژەی زیرەکی هەمان منداڵ لە ساڵەکانی داهاتووی نییە و ناتوانرێت پشتی پێ بەسترێت (Honzik, 1970, P:646).

مەبەست لە نەگۆڕی ڕێژەی زیرەکی ئەوەیە کە پێوەندی نێوان تەمەنی عەقڵی «العمر العقلي» و تەمەنی کاتی «العمر الزمني» نەگۆڕ بێت، واتە ئەگەر منداڵ مامناوەندی و ئاسایی بێت ئەوا لە بەرانبەر هەموو

سالێکی کاتی سالێکی عەقلیش زیاد دەبێت، بەڵام ئەگەر منداڵەکە بیرکۆڵ و دواکەوتوو بێت ئەوا لە بەرانبەر هەر سالێکی کاتی شەش، یان حەفت مانگ تەمەنی عەقلی زیاد دەکات، بە پێچەوانەشەوە لەلای منداڵی زیرەک و بلیمەت لە بەرانبەر هەر سالێکی کاتی تەمەنی، سالێک و پێنج، یان شەش، یان هەفت مانگ تەمەنی عەقلی زیاد دەکات، واتە ئەو پێوەندییە هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، بەڵام لە هەندێک بارودۆخی تایبەتی و نائاساییدا، کە منداڵ رووبەرووی نەبوونی و بێبەش بوون و پشت گوێ خستن یان بە پێچەوانەوە بارودۆخی نائاسایی و زۆر دەوڵەمەند و پڕ لە ورووژێنەر و فاکتەری جۆراو جۆری بۆ دەخولقێندرێ، ئەوا دوور نییە کە گۆڕانکاری لە ڕێژەی زیرەکی ڕووبدات و ئەو پێوەندییەی نێوان تەمەنی کاتی و تەمەنی عەقلی وەک خۆی نەمێنێ و هەندێک گۆڕانکاری ڕووبدات. کە ئەمەش وامان لێدەکات کە گرنگی بە بارودۆخ و ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری منداڵەکانمان بدەین و لە بێبەش بوون و گرفت و نەخۆشی دەروونی و جەستەیی بیانپارێزین، بۆ ئەوەی گەشەکردنی زیرەکیان زۆر بێت و تا ئەوپەڕی توانا گەشە بکات «خیرالله، ١٩٧٨، ل٣٤٣- ٣٤٦».

دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕێژەی زیرەکییەی دوای تەمەنی دە ساڵان دەستمان دەکەوێت، تا ئاستێکی باش نەگۆڕە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەگەر یەکێک ڕێژەی زیرەکییەکەی لە تەمەنی دە سالیدا نزم بوو ئەوا ڕێژەی زیرەکییەکەی لە تەمەنی هەژدە سالیش هەر نزم دەبێ، لەبەر ئەوەی هاوکۆلکەی پەیوەستی «عامل الإرتباط» نێوان ڕێژەی زیرەکی دە سالی و ڕێژەی زیرەکی هەژدە سالی (٠,٧٠)ە نەک یەک، کەواتە کۆمەڵێک هۆکاری تری وەک «خاسیەتەکانی کەسایەتی و باری دەروونی و ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و حەز و ئارەزوو و پاڵنەر و جۆری پەروەردە و ....تاد» ڕۆڵی خۆیان لە زیاد و کەمکردنی ڕێژەی زیرەکی هەیە «مسن، ١٩٨٦، ل٣٤٤».

### پێوانەکردنی زیرەکی

گەورە زانایەکی وەک «تۆرندایک» لەو بڕوایەدایە کە هەر شتێک هەبێت، ئەوا ئەو شتە بڕێکی (مقدار) دیاریکراوی هەیە، هەر شتێکیش بڕێکی دیاریکراوی هەبوو، ئەوا توانای پێوانەکردنی هەیە.

زیرەکیش وەک هەموو دیاردەکانی تر، بوونی خۆی هەیە و لەتوانادا هەیە کە پێوانە بکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش چەندان زیرەکی پێو ئامادە کراون و لە ڕێگەیانەوە ڕێژە و بڕی زیرەکی تاکەکانی کۆمەڵی پێ دیاری دەکرێن.

زانایەکی وەک بۆرس «Buros» لە سالی ١٩٧٢، توانی ئامارێک بە هەفتاو چوار زیرەکی پێوی بە کۆمەڵ و سی و سێ زیرەکی پێوی تاکی و چواردە زیرەکی پێوی تایبەت بە پێوانەکردنی توانستە عەقلییەکان بکات «Sundberg, 1977, P:232» بێگومان ئەگەر ئێستا ئامارێک بۆ ژمارەی زیرەکی پێوەکان بکەین، ئەوا ژمارەیان چەندان جار لەو ئامارەی بۆرسی زیاترە، ئەم ژمارە زۆرەش بۆ گرنگی زیرەکی لە ژیانی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە، سەرەڕای سوود و قازانجەکانی زیرەکی پێوەکان. بۆ نموونە «بی، Bee» لە سالی ١٩٩٢ ئاماژەی بۆ ئەم سوود و قازانجانەی زیرەکی پێوەکان کردووە کە بریتین لە:

١- لەبواری تاقیکردنەوەدا: ئایا ئەم منداڵە ئامادەیە بۆ چوونە قوتابخانە، یان بۆ دەرچوون و گواستنەوەی بۆ پۆلێکی تر. کەواتە زیرەکی پێو بۆ ئەم مەبەستە گرنگی خۆی هەیە.

٢- پێشبینی کردن بۆ دەرچوون لە قوتابخانە، واتە دەتوانین لە ڕێگەی دەرئەنجامی زیرەکی پێوەکانەوە پێشبینی دەرچوون، یان دەرنەچوونی قوتابیان بکەین لەبەر ئەوەی هاوکۆلکەی پێوەندی نێوان زیرەکی و دەستکەوتی قوتابخانە «التحصیل» نزیکەی (٠,٦٠)ە.

٣- دەستنیشان کردن: دەتوانین لە ڕێگەی زیرەکی پێوەکانەوە دەستنیشانی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی توانا و زیرەکی قوتابیان بکەین و دواتر ڕێنمایی پێویستیان پێشکەش بکەین.

٤- جیاکردنەوە و پۆلینکردنی قوتابیان: زیرەکی پێو کەرەستەیەکی گرنگە بۆ پۆلینکردنی قوتابییە زیرەکەکان لە قوتابییە ئاسایی و دواکەوتووەکان هەروەها دەتوانین ئەو منداڵانە دیاری بکەین کە پێویستییان بە خزمەتگوزاری تایبەتی و دیاریکراو هەیە.

٥- دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی: دەتوانین لە ڕێگەی دەرئەنجامی زیرەکی پێوەکانەوە، هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری پرۆسەی فێرکردن بکەین و لە هەمان کاتدا بەراورد لەنێوان قوتابخانەکان بکەین، ئەویش لە ڕێگەی ڕێژەی دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابیەکانی. «Wadeley, 1996, P:168».

## زیرەکی پێوەکان، پێوانەی چی دەکەن؟

زۆرجار ئەم پرسیارە دەکرێت و دەگوترێت، ئایا زیرەکی پێو پێوانەی زیرەکی بۆماوەیی «Innate» دەکات؟ بێگومان هەتاوەکو ئێستا هیچ زیرەکی پێوێک نییە کە پێوانەی زیرەکی بۆماوەیی بکات و زۆر زەحمەت و مەحاڵە کە لە داهاتووشدا بگەینە ئەو جۆرە زیرەکی پێوەی کە پێوانەی ئەو جۆرە زیرەکییە بکات، لەبەر ئەوەی زیرەکی پێوەکان پێوانەی ئەو زیرەکی و توانا بۆماوەییانە دەکەن کە لە ڕێگەی ژینگە و دەوروبەرەوە هەموار و دەستکاری کراون «Ausubel & Robinson, 1969, P:219-220».

بەواتایەکی تر زیرەکی پێوەکان، پێوانەی ئەو شتانە دەکەن کە تاک فێریان دەبێت، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە زیرەکی پێوانە تاڕادەیەکی زۆر نزیکن لەدەستکەوتە پێوەکانەوە (الإختبارات التحصيلية)، لەبەر ئەوە دەبێت پێش ئەوەی زیرەکی پێوانە بکەین، لەوە دڵنیا بین کە ئەو منداڵانەی زیرەکییەکانیان دەپێوین، هەمان بوار و دەرفەتی فێربوون بۆ هەموویان وەک یەک ڕەخساوە و کەسیان تووشی بێبەش بوون و پشتگوێ خستن نەبوون (Dowine, 1961, P:222». کەواتە دەتوانین بڵێین کە زیرەکی پێوەکان ناتوانن پێوانەی زیرەکی بۆماوەیی ڕەسەن بکەن، بەڵکو پێوانەی ئەو توانست و چالاکی و لێهاتووییە عەقڵیانەی ئێستا دەکەن کە کاریگەری هەردوو فاکتەری بۆ ماوە و ژینگەیان لە سەرە «Cronback, 1977, P:274».

ڕاستە بۆماوە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری خۆی لەسەر دیاریکردنی چوارچێوە و سنووری زیرەکی هەیە، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری ژینگەش زۆر دیارە و دەتوانرێت لە ڕێگەی دیاریکردن و دابینکردنی کەلوپەل و وورووژێنەری پێویست و هاندان و پشتگیری کردنی بەردەوامەوە پەرە بە زیرەکی و توانای تاکەکانی کۆمەڵ بدرێت.

ئینجا تا لە تەمەنی بچووک و سەرەتای ژیانەوە بێت، ئەوەندە باشترە، لەبەر ئەوەی لەسەرەتای ژیاندا، گەشەکردنی مێشک و پێکهاتەکانی زۆر خێرایە و پێش ئەوەی منداڵ بچێتە قوتابخانەی سەرەتایی، مێشک دەگاتە دوا قۆناغەکانی گەشەکردنی «باکوس و ڕومان، ٢٠٠١، ل٨».

## زیرەکی لە ڕوانگەی گاردنەرەوە

زانایەکی وەک «هوارد گاردنەر Howard Gardner» تیۆرێکی لەژێر ناونیشانی «تیۆری زیرەکییە جۆراوجۆرەکان»، (Multiple Intelligences Theory) دانا و لەناو کتێبە بەناوبانگەکەی (Frames of mind) لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوی کردەوە.

بە بڕوای گاردنەر چەندان جۆر زیرەکی هەیە لەوانە زیرەکی مۆسیقی و سەماکردن و بالیەو...تاد، بەڵام ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن ئەو توانایانە جۆرێکن لە بەهرەی تایبەتی نەک جۆری زیرەکی، بەڵام گاردنەر لەسەر بۆچوونەکانی خۆی سوورە و دەڵێت زۆر هەڵەیە و نابێت تەنیا پشت بەو جۆرە زیرەکی پێوانە ببەستین کە لە ڕێگەی کاغەز و قەڵەمەوە وەڵام دەدرێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی چەندان جۆر زیرەکی پراکتیکی.

بە بۆچوونی گاردنەر، سەرکەوتن لەژیان پێویستی بە زۆر جۆرە زیرەکی هەیە و یەک جۆر زیرەکی نابێتە هۆی بەختەوەری و سەرکەوتن لەژیان، لەبەر ئەوە باشترین و سەرکەوتووترین ڕۆڵ و بەشداری کە پرۆسەی فێربوون بتوانێت پێشکەش بە کۆمەڵگا و داوو دەزگاکانی بکات، ئەوەیە کە ئاراستە و ڕێنمایی منداڵان بکات و بواری گونجاو بۆ توانا و بەهرەو ئەو پسپۆڕیانەی کە تێیدا سەرکەوتوون، بڕەخسێنێت، بەواتایەکی تر دەبێت پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە خزمەتی توانا و لێهاتوویی و بەهرەی منداڵەکان بێت و گەشە بە توانا تایبەتییەکانیان بدات، نەک هەموویان لە قاڵب بدات و یەک جۆر بەرنامە و پرۆگرام بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی بەهرە و تواناکانیان، پێشکەشیان بکات، بە بڕوای گاردنەر سەدان و بگرە هەزاران ڕێگاو توانا و بەهرەی جیاجیا هەیە و مرۆڤ دەگەیەنێتە سەرکەوتن و بەختیاری، بەڵام دۆزینەوەی ئەو ڕێگاو توانا و بەهرە جیاجیایانە و بوار ڕەخساندن بۆ گەشەکردنیان، ئەرکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە.

## جۆرەکانی زیرەکی لەلای گاردنەر

هەتا ئێستا گاردنەر بوونی حەفت جۆر زیرەکی سەلماندووە و لەو بڕوایەشدایە کە دووجۆری تریش لە زیرەکی هەن کە ئەوانیش «زیرەکی ئاکاری و بوونی و زیرەکی پەیوەست بە ژینگە»ن، بەڵام هێشتا لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدان. ئەمانەی خوارەوە لە گرنگترین ئەو زیرەکیانەن کە گاردنەر لە تیۆرەکەیدا

ئاماژەی بۆ کردوون:

١- زیرەکی زمانی (Linguistic In-telligence) ئەم جۆرە زیرەکییە لە بواری زمان و ئاخافتن و نووسیندا دەردەکەوێت و ئەم کەسانەی ئەم جۆرە زیرەکییەیان هەبێت، ئەوا لە بواری قسەکردن و گفتوگۆ و مشتومڕو ئاڵوگۆڕکردن و وشەو دیالۆگدا سەرکەوتوون و هەروەها لە بواری نووسینی هۆنراوە و نواندن و ڕۆژنامەگەری و نووسینی کتێبدا بەتوانا و لێهاتوون و فەرهەنگی زمانیان زۆر دەوڵەمەندە، سەرەڕای ئەوەش توانای ڕازی کردنی بەرامبەرو کارکردنە سەر کەسانی تری هەیە و لە ڕەوانبێژی و داڕشتن و ڕێزمانیشدا دەستی باڵایان هەیە.

٢- زیرەکی مەنتیقی ماتماتیکی «Logical-mathematical Intelligence»: ئەم جۆرە زیرەکییە بریتییە لە توانای بەکارهێنانی ژمارە و بە ئاکام گەیاندنی هەژماردن کە بەزۆری لەلای ژمێریار و بیرکار هەیە، سەرەڕای بوونی توانای بیرکردنەوەی مەنتیقیانە و دانانی زۆر جۆرە گریمانی وەک «ئەگەر ئەوە ئاوا ڕوویدات، ئەوە دەرئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت»، لەبەر ئەوەی کەواتە... هۆکەی.. دەبێتە دەرئەنجامی.. بەواتایەکی تر ئەو کەسانەی خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکییە بن، ئەوا زۆر هەستیار و بە ئاگا دەبن بۆ بوونی چەندان جۆر پێوەندی مەنتیقی لەنێوان دیاردەکانی ژیان، سەرەڕای توانای بیرکردنەوەی ئەبستراکتی، ئەم جۆرە کەسانە بۆ بە ئاکام گەیاندنی کارو چالاکییەکانیان پەنا بۆ جۆرە پرۆسەی عەقڵی وەک «پۆلینکردن و تاقیکردنەوەی زۆر جۆرە گریمان و جێبەجێکردنی هەژمارکردن و بیرکاری».

٣- زیرەکی شوێنی (الذكاء المكاني) (Spatial Intelligence): ئەم جۆرە زیرەکییە، بریتییە لەتوانای هەست و درکپێکردنی جیهانی بینین و زانینی ئاراستە و ڕەهەندی شتە بینراوەکان و وێناکردنی «تصور» دیاردە بینراوەکان لە مێشک و عەمبارکردنیان لە کۆئەندامی یادکردنەوە و بەکارهێنانیان لە کاتی پێویست. ئەم توانا و زیرەکییە بە ئاسانی لەلای ڕاوکەرو چاوساغی زیرەک و لێهاتوو بە دەردەکەوێت. زۆرجار نەخشەسازی دیکۆر و ئەندازیاری بیناسازی و هونەرمەندی شێوەکار و داهێنەری ئامێرو کەلوپەلەکان، خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکییەن و بۆ بە ئاکام گەیاندنی کارو چالاکییەکانیان سوودێکی زۆری لێدەبینن. شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم کەسەی خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکییە بێت، ئەوا زۆر هەستیار دەبێت بۆ ڕەنگ و هێڵکاری و نەخشەسازی و شێوە و وێنە و بۆشایی و پێوەندی نێوان ڕەنگ و جووڵە و هێڵ و شێوە و وێناکردنی گۆڕانکارییە جوگرافییەکان و بەرز و نزمی و پێچ و پەنا و جووڵەی پارچە و شت و کەلوپەلەکان.

٤- زیرەکی جەستەیی- جووڵەیی (الذكاء الجسمي- الحركي) (Bodily- kinesthetic In-telligencre): ئەم جۆرە زیرەکییە بریتییە لە توانای گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنیان لە چەندان جووڵە و چالاکی جەستەییدا وەک «نواندن و سەماکردن و هەڵپەڕکێ و وەرزشکردن» سەرەڕای توانای بەکارهێنانی هەردوو دەست و دروستکردنی زۆر جۆرە کەلوپەل بەشێوەیەکی داهێنەرانە و سەرکەوتوانە وەک چۆن لەلای پەیکەرتاش و پزیشکی نەشتەرگەر و ئەندازیار و فەرمانبەری میکانیکی لەم جۆرە زیرەکییەدا خاوەنەکەی توانای زۆر جۆرە کارامەیی و شارەزایی و جەستەیی وەک «ڕاگرتنی هاوسەنگی و پێکەوە کارکردنی دەست و قاچ و پەنجەکان، بەهێزی و خێرایی و لەنگەرگرتن و ڕاکردن....تاد».

٥- زیرەکی مۆسیقی «Musical In-telligence»: ئەم جۆرە زیرەکییە بریتییە لە توانای شیتەڵکردنەوەی مۆسیقا وەک چۆن لەلای ڕەخنەگری مۆسیقی هەیە، هەروەها توانای بەرهەم هێنانی مۆسیقا وەک چۆن لەلای ئاوازدانەر هەیە، سەرەڕای توانای گوزارشتکردن لە مۆسیقا وەک چۆن لەلای مۆسیقاژەنەکان هەیە، دەگەیەنێ، واتە ئەو کەسەی ئەو جۆرە زیرەکییەی هەبێت، ئەوا زۆر هەستیار و بەتوانا دەبێت لە بواری ڕەزم و نەزم «إیقاع» و نۆتە و گوێی مۆسیقی و پلە و پارچە مۆسیقییەکان و پێکەوە گرێدانی سەرجەم ئەم توانایانەی سەرەوە و پێکەوە کارکردنیان بۆ ئەوەی بەرهەم و داهێنان و شاکارێکی مۆسیقی لە دایک ببێت «خوالده، ٢٠٠٤، ل٣١»

٦- زیرەکی کۆمەڵایەتی «ذكاء العلاقة مع الاخرين» «Interpersonal Intelligence»: ئەم جۆرە زیرەکییە بریتییە لە توانای تێگەیشتنی کەسانی تر و زانینی پاڵنەر و حەز و ئارەزوو ڕاو بۆچوونەکانیان و درک پێکردن و زانینی مانای گۆڕانکارییەکانی دەم و چاو و تۆنی دەنگ و جووڵاندنی دەست و قاچ و

هەســـتكردن و زانینی مـــانای ناواخنی قـــســـەكـــان و هەڵنەخەڵەتاندن بە قسەی خۆش و ساف و لووس. واتە توانای خۆگونجاندن و كاركردنە سەر كەسانی تر و دانانی پێـــوەندی ســـەركـــەوتوو لەبەرچاوگـــرتنی دابونەریتی كۆمەڵایەتی.

٧- زیرەكی خـودی و كـەسـێـتی (الذكـاء الشـخـصـي الداخلي) (Personal Intelligence): ئەم جـۆرە زیرەكـییە بریتییە لە توانای شارەزابوونی خود و زانین و دركـــپـێكردنی خـــاڵە بەهێـــز و لاوازەكـــانی و بوونی تێڕوانینێكی باش لە بارەی خود بە هەمـوو لایەنەكانییەوە «جەستەیی و عەقڵی و هەڵچوونی ویژدانی...تاد».

واتە زانـینی حـــەز و ئارەزوو و پـاڵـنەر و بیــــرو بۆچوونەكـانی خـۆی و مـامـەڵەی دروست لەگـەڵیـان (حـسـین، ٢٠٠٣، ل٣٧-٣٩). نابێت ئەوەمـان لە یاد بچـێت كـە گـاردنەر گـرنگیـیـەكی زۆر بەكـولتـوور و ڕۆشنبـیـری دەدات و بە فـاكـتـەرێكی گرنگی دادەنێت، ئەمەش مـانای ئەوە نییـە كە گاردنەر گرنگی بە هەردوو هۆكـاری بۆمـاوە و ژینگە نادات، بەڵكو بە پێـچـەوانەوە گـاردنەر لەو بڕوایەدایە كـە هەردوو فـاكـتـەری بۆمـاوە و ژینگە ڕۆڵی خـۆیان لە دیاریكردن و گـەشـەپێكردنی زیرەكی و تواناكـانی تاك هەیە، بەڵام لە هەمـان كـاتدا ڕۆڵی ڕۆشنبیری و كولتووری تاكەكان بە ئاشكرا لەسەر دیاریكردن و گەشەپێكردنی زیرەكی دەردەكەوێت و هەر ئەم ڕۆشنبیری و كولتوورەیە كە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زیرەكی گشتی و توانا بۆماوەییەكانی تاك.

زیرەكی و ڕەگـەز: لە ڕاستـیـدا زۆر زەحـمـەتە بـتـوانین بڵـێین كە ڕەگەزێك (نێر بێ یان مێ) لە ڕەگەزێكی تر زیرەكی و بە تواناترە، لەبەر ئەوەی كۆمـەڵێك فـاكـتـەری وەك: بۆمـاوە و ژینگە و ڕۆشنبیری و كەسایەتی تاك و باری دەروونی و...تاد، كـــاریگەری خـــۆیان لەســـەر دەركەوتن و گەشەپێكردن، یان دواخستنی گەشەپێكردنی زیرەكی هەیە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەردەوام توێژەر و زانایان لە هەوڵی تاقـیكردنەوە و زانینی ئەوەدا بوون، ئایا جیـاوازی لەنێوان نێرومێدا هەیە و ڕەگەزێكیان لە ئەوی تر زیرەكترە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیـارە دەرئەنجـامی هەندێك لە توێژینەوەكـان ئامـاژە بۆ زیرەكی لایەك و دواكەوتنی لایەكی تر دەكەن.

بۆ نموونە تـوێژەرێكی وەك (بۆرت) دوای پێــــوانی زیرەكی سێ هەزار منداڵی لەندەنی، گـەیشـتـە ئەو دەرئەنجامەی كە لە تەمەنی نێوان (٣-٤) ساڵی زیرەكی كچـان زیاترە لە زیرەكی كوڕان، بەڵام تەنیا لە تەمەنی ١٠ سـاڵیـدا زیرەكی كـوڕان زیاترە لە زیرەكی كـچـان، ئەمـەش بە بڕوای (بۆرت) بۆ ئەوە دەگـەڕێتـەوە كـە پێگەیشتنی كچان خێراترە و وەك هەموو لایەنەكانی تری جەسـتـەیی پێش كـوڕ پێـدەگـەن و دەگـەنە ترۆپكی كامـڵبوون، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی تر هەن كە ئاماژە بۆ پێشكەوتنی كوڕ دەكەن. زۆربەی زۆری زانایان و توێژەرانی بواری زیرەكی لەو بڕوایەدان كـە جیـاوازی سەرەكی لەنێوان كوڕ و كچدا نییـە و سـەرجەم ئەو توانایەی كـە لەلای ڕەگەزی نێر هەیە بە هەمان شێوەش لەلای ڕەگـەزی مێ هەیە، بەڵام جیـاوازی لە بڕی ئەو توانستانەدا هەیە، بۆ نموونە كوڕان لە بواری میكانیكی و مـاسولكەیی سەركەوتووترن، بەڵام كچان بە زۆری لە بواری زمـان و قـسـەكـردن و كـاری سكرتاریەتدا سەركەوتووترن هەرچەندە لە توانای هەردوو توخمدا هەیە كە سەرجەم كاروچالاكیەكان بكەن لەبەر ئەوەی جیاوازی لەنێوان ڕێژەی زیرەكی كوڕ و كچدا نییە و تاڕادەیەكی زۆر نزیكن لەیەكەوە (عاقل، ١٩٧٢، ل٤٤٨- ٤٤٩).

**پەراوێز:**

**١- باكـــوس، آن و رومـان، كریسـتـیـان (٢٠٠١). (١٥٠) طریقة لتنمیة ذكـاء الطفل، ترجمة فادیا عبـدوش، دارالفراشة، بیروت/ لبنان.**

**٢- حسین، مـحـمـد عـبـدالهـادي، ٢٠٠٣، تـربـویات المسح البشري، دارالفكر، عمان/ الأردن.**

**سەرچاوە:**

**١- عـــاقل، فـــاخــر، (١٩٧٢). علـم النفس، ط٥، دارالعلم للملایین، بیروت/ لبنان.**

**٢- خوالده، محمود عبدالله محمد (٢٠٠٤). الذكاء العاطفي (الذكاء الانفعالي)، دارالشروق، عمان/الأردن.**

# هولدرلین و گەوهەری شیعر

**مارتن هایدیگەر**
**لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو)**

- بۆ یادی نوبیرت فۆن هیلینگرات کە لە
ڕۆژی ١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٦دا کوژرا.
* پێنج وشە دروشمەکان*
١- شیعر دانان لە هەموو کارێکی تر بێگوناهترە
(٣-ل ٣٧٧).
٢- ترسناکترین بەهرەو چاکەیەک ئەوەیە کە:
زمان بە مرۆڤ دراوە بۆ ئەوەی شایەدی بدات
ئەو خۆی چییە؟!
(٤- ل ٢٤٦).
٣- مرۆڤ زۆر شت شارەزا بووە
زۆر شتی ئاسمانی ناو ناوە
لەکاتی یەک وتووێژەوە ئێمە هەین و
دەتوانین دەربارەی یەکتری ببیستین
(٤- ل ٣٤٣).
٤- بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە.
شاعیرەکان بنیاتی دەنێن
(٤- ل٦٣)
٥- ئەوپەڕی شایستەیەو بگرە شاعیرانەش
مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە نیشتەجێیە
(٦- ل٢٥)

بۆچی بۆ مەبەستی نیشاندانی گەوهەری شیعر بەرهەمی هولدرلین هەڵبژێردراوە؟ بۆچی هۆمەر یاخود سۆفۆکلیس نەبێ، بۆچی فرجیل یاخود دانتێ نەبێ، بۆچی

شێکسپیر یاخو گۆتێ نەبێ؟ لە کاتێکدا لە شیعری ئەم شاعیرانەدا پتر و بگرە بە پیت و پێزتر لە داهێنانەکانی پێش وەخت براوەی هولدرلین ئەمە پیادە کراوەو ڕەنگی داوەتەوە.

دەکرێ ئەمە وابێت، کەچی هولدرلین و ئەو بەتەنیا هەڵبژێردرا، بەڵام ئایا دەشێ بەتێکڕایی لەبەرهەمی تاکە شاعیرێکەوە گەوهەری تێکڕایی شیعر پوختە بکرێت و دەستگیر ببێ؟ گشتی ئەوەیە لە چاوی زۆر کەسەوە ڕاست بێت، ئێمە تەنیا بە ڕێگای وردبوونەوەی بەراورد کارییانە بەم مەبەستە دەگەین.

بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ئەوپەڕی زۆر و زەبەندەی هەمە چەشنەیی شیعرو جۆرەکانی شیعر پێویست دەبێت. لەم کایەیەدا شیعری هولدرلین تەنیا نموونەیەکە لەنێو زۆری تردا. بەهیچ جۆرێک ئەو بەتەنیا خۆی وەک پێوانەیەک بۆ دەستنیشانکردنی گەوهەری شیعر بەس نییە، ئیتر بۆیە، لەبەر ئەمە نیازو مەبەستەکەی ئێمە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە شکستی هێناوە. شکستێکی گومان هەڵنەگر- مادام ئێمە وا لە گەوهەری شیعر دەگەین کە بریتی بێ لەوەی لە چەمکێکی گشتیدا پوختەکرابێ و بەهەمان شێواز وەک یەک هەموو جۆرەکانی شیعر بگرێتەوە، بەڵام ئەم گشتییە، کە بۆ هەموو تایبەتیەکی هەندەکی دەگونجێ و دەیگرێتەوە، هەمیشە بەلایەوە هیچ جیاوازیەکی لێ ناکەوێتەوە، کە ئەو «جەوهەرە» بەهیچ جارێک نەکرێ ببێ بەشتێکی جەوهەریی. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە سەرگەرمی گەڕانین بەدوای ئەو جەوهەرییەی ئەم گەوهەرەوە، ئەو، کە ناچارمان دەکات بڕیار بدەین ئایا و چۆن ئێمە لە دوا ڕۆژدا شیعر بە گرنگ دادەنێین و ئایا و چۆن ئێمە لەو هەلومەرجانە دەستبەردەبین کە لە کایەو مەیدانی شیعردا دەمانهێڵێتەوە.

هولدرلین لەبەر ئەوە هەڵنەبژێردراوە، چونکە بەرهەمەکەی وەک یەکێک لەنێوان ئەوانی تردا جەوهەری گشتی شیعر وەک ڕاستەقینەیەک پیادە دەکات وەدە داتە دەست Verwirklicht، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی چونکە شیعری هولدرلین هەلومەرج و بنەما شیعرییەکانی تیادایە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی جەوهەری شیعر بەشیعر دەربېردرێ. هولدرلین بۆ ئێمە بە واتایەکی دیارو بەرچاو شاعیری شاعیرانە. ئەمەیە مایەی ئەو بڕیاردانەمان.

بەڵام- دەربارەی شاعیر شیعر بگوترێ، ئایا ئەوە لە خۆیدا نیشانەی خۆ پەسندییەکی تەفرەدەری بەهەڵە بەر و لەهەمانکاتدا دانپیادانان نییە بە کەموکورتی لە تێکڕای جیهاندا؟ شیعر دەربارەی شاعیر بوترێ، ئایا ئەمە زیادە ڕۆییەکی سەر لێشێواو و دوا کەوتوو و کۆتاییەک نییە؟

وەڵامەکە بەهۆی ئەوەوە کە دێت دەدرێتەوە: بێ ئەگەر و سێ و دوو کردن ئەو ڕێگایەی بەهۆیەوە وەڵامەکەمان دەستگیر دەبێت، ڕێگایەکی ناچارەکییە، ئێمە ناتوانین لێرەدا، وەک دەبێ وابێت، شیعرەکانی هولدرلین یەک بەیەک هەموویان لە چوارچێوەیەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراودا ڕاڤە بکەین و لێک بدەینەوە. لە جیاتی ئەمە لە پێنج وشە دروشمی شاعیر دەربارەی شیعر ورد دەبینەوە. ڕێک و پێکی و بەدوای یەکتریدا هاتنی دیاریکراوی ئەم وشانە و بەیەکەوە بەندبوونی ناوەکییەکەیان دەبێ گەوهەری جەوهەرییانەی شیعر بخەنە بەرچاو.

-١-

لە نامەیەکدا کە لەکانونی دووەمی ساڵی ١٧٩٩ز بۆ دایکی ناردووە، هولدرلین شیعر دانان بە «بێگوناهترینی هەموو کارێک»ی ناوبردووە (٣-ل٣٧٧). تا چ ڕادەیەک ئەمە «بێگوناهترینیانە؟» unschuldigste. شیعر گوتن لە ڕوخسارو شێوەی سادەو ساکاری گەمەکەدا دەردەکەوێ. بێپەیوەست جیهانی خۆی لە چەند وێنەیەک دا دەهێنێ و نقوم بوو لە وردبوونەوەو ڕاماندا لە مەیدان و کایەی ئەو شتانەدا کە بە خەیاڵیدا هاتوون دەمێنێتەوە. ئەم گەمەیە بەمە لە ڕاستی و دروستیی ئەو بڕیارە کە هەموو کاتێک بەم جۆرە، یان بەشێوەیەکی تر مرۆڤ پابەند دەکات دەرباز دەبێت. شیعر دانان بۆیە بە تەواوەتی بێ زیانە. هەروەها لە هەمانکاتدا بێ کاریگەرییە: چونکە هەر تەنیا بە قسەو گوتەی ڕووت دەمێنێتەوە. هیچ پەیوەندییەکی بەکردەوەوە نییە، ئەو کردەوەیەی ڕاستەوخۆ، هەڵدەکوتێتە ناو واقیعەوەو دەیگۆڕێ. شیعر وەک خەونێک وایە بەڵام هیچ ڕاستەقینەیەک Wirklichkeit نییە، گەمەکردنە بە وشە، بەڵام هیچ کردارێکی بەڕاستی تیادا نییە. شیعر بێوەی، بێزیان و بێ کاریگەرییە. چی لە زمانی ڕووت و سادە بێ مەترسیترە؟ کاتێک شیعر بەوجۆرە دادەنێین کە

«بێگوناهترین کرداره» ئەوا بێ هیچ ئەگەرێک ئێمە جەوهەرەکەیمان نەپێکاوە و ڕێمان پێ نەبردووە. بەڵام بەمە بەلای کەمەوە نیشاندرا لە کوێ پێویستە ئێمە بگەڕێین و بپێچینەوە. شیعر بەرهەم و بابەتەکەی لە مەیدان و کایەو (کەرەسەی) زمانەوە دادەهێنێ. هولدرلین دەربارەی زمان چی دەڵێ؟ ئێمە گوێ لە دووەم وشەی شاعیر دەگرین.

-٢-

لە نەخشەیەکی پارچە پارچە ئاسادا کە لە هەمانکاتی نووسینی نامەی پێشوودا ساڵی (١٨٠٠) ڕەنگی ڕشتووە شاعیر وتوویەتی:

مرۆڤ لە کۆختەدا نیشتەجێیە، خۆی بە سیپاڵی حیشمەت داپۆشیوە، چونکە لە ناخدا ئەوپەڕی بەپارێزەو گیانی خۆی، وەک چۆن کەشیشی ژن، ئاگری پیرۆز دەپارێزێ، پارێزگاری دەکات، ئەمەیە فام و تێگەیشتنەکەی. ئیتر بۆیە هەڕەمەکییانە هێزی بەرزی فرماندان و جێبەجێکردنی، وەک خواوەندەکان، پێدراوەو هەر بۆیە چاکترین و ترسناکترین بەهرە، کە زمانە، بە مرۆڤ دراوە چونکە کاتێک ئەو شت دادەهێنێ و کاول دەکات و کاتێک لەبەرچاو ون دەبێ و بۆ لای ئەوەی هەتا هەتایە دەژی، بۆلای سەرۆک و دایک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیە شایەدی بدات ئەو خۆی چییە، لەوەوە شتی بە میرات گرتووە، لێوەی فێر بووە خواوەندێتی چییە، واتە ئەو خۆشەویستییەی هەموو گەردوون دەپارێزێ (٤-ل٢٤٦).

زمان کە کایەو پاوانی «بێگوناهترینی کردارەکانە» و «چاکترینی مەترسییەکانە». چۆن ئەم دووانە بەیەکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن؟

ئێمە لە پێشدا ئەم پرسیارە دەخەینە لاوەو سێ پرسیاری تری پێشیانە دەکەین:

١- بۆ کێ زمان بەهرەو چاکەکاری دەبێ؟!

٢- تاچ ڕادەیەک ئەمە چاکترینی مەترسیەکان دەبێ؟!

٣- بەچ مانایەک ئەو بەگشتی خێروبێر دەبێ؟!

ئێمە یەکەمجار سەرنج دەدەین بزانین لە چ شوێنێکی برگەکەدا ئەم وشەیە دەربارەی زمانەکە هاتووە: لە چوارچێوەی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی پارچە هەڵبەستێکدا هاتووە کە دەیەوێ بڵێ: مرۆڤ بە جیاوازی و بەرامبەر بە گەوهەرەکانی تری سروشت کێیە، گوڵ و قازو ئاسکی دارستان ناویان هاتووە (٤-ل ٣٠٠ و ٣٨٥). لە بەکەم دانانێکدا بەرامبەر بە جەوهەرە زیندووەکانی تردا برگەی ناوبراو بۆیە بەم جۆرە دەست پێ دەکات: «بەڵام مرۆڤ لە کۆخەکاندا نیشتەجێیە».

مرۆڤ کێیە؟ ئەو کەسەیە کە دەبێ شایەدی بدات ئەو چییە. شایەدیدان لێرەدا مانای ئەوەیە جارێک دەربخرێ و نیشان بدرێ، هەروەها لە هەمانکاتدا بەو واتایەیە: پابەندبوون بەوەی لە دەرخستن و نیشاندانەکەدا دەرخراوەو نیشان دراوە، مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی لە پشت ڕاستکردنەوەی بوونی تایبەتیدا وایەو هەیە. ئەم پشتڕاستکردنەوەیە لێرەدا دەربڕینی بەسەرچوو یاخود لەمەوپاش و سەرپێی بوونی مرۆڤ ناگەیەنێ، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی بوونی مرۆڤ، بەڵام دەبێ مرۆڤ چی پشت ڕاست بکاتەوە؟ ئەوە کەسەر بە خاک و زەوییە. ئەم پەیوەندی بوونە لەوە پێک هاتووە، مرۆڤ میرات گرەو لە هەموو شتێکەوە فێر دەبێ، بەڵام ئەمانە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکن. ئەوەی شتەکان لە ناکۆکی جیا دەکاتەوەو بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، هولدرلین بە «پەیوەندی گەرم و گوڕی ناوەکی» Innigkeit ناوی دەبات، پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی مرۆڤ سەر بەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی ناوەکییە بەهۆی داهێنانی جیهانێک و دەرکەوتنی لە ئاسۆوەو بەهۆی هەرەس هێنان و لەناوچوونی هەمان جیهانەوە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە. پشت ڕاستکردنەوەی Bezeugung بوونی مرۆڤ و ئینجا بەدیهاتنە تەواوەتییە تایبەتییەکەی لە ئازاد بڕیاردانەوە دەکەونەوەو پەیدا دەبن، ئەمە ناچارییەکە بەدەست دەگرێ و خۆی بەوپەڕی خاوەن ماف دادەنێ. بوون بەشایەدی سەر بە بوونەوەر بوون لە هەمەکییەکەیدا وەک مێژوو ڕوودەدات، بۆ ئەوەی مێژوو شیاوەکی بێت، زمان بە مرۆڤ دراوە، ئەو بەهرەو چاکەیەکە بۆ مرۆڤ.

بەڵام تا چ ڕادەیەک زمان «ترسناکترین بەهرەو چاکەیە؟ ئەو ترسناکترینی هەموو مەترسییەکانە، چونکە ئەو پێش هەموو شتێک تواناو شیاوەکی مەترسییەک دادەهێنێ. مەترسی ئەو هەڕەشەو گەفەیە بەهۆی بوونەوەرەوە لە بوون دەکرێت. ئێستاش مرۆڤ هەر بەهۆو سایەو هێزی زمانەوەیە بەگشتی دووچاری سرووش و ئاشکرا بوون

بووە، ئەم سرووشە بەوپێیە بوونەوەرە پاڵە پەستۆ دەخاتە سەر مرۆڤ لە بوونیداو ئاگری پێوە دەنێ، بەوپێیەش کە نابوونەوەرە تەفرەی دەدات، دەیخاتە هەڵەوەو بێ هیواو دەستخەڕۆی دەکات. زمان هەر لە سەرەتاوە کایەو جێگاو مەیدانی سرووش و دەرخستنی هەڕەشەو گەف لە بوون بەهەڵەبردن و شیاوەتی بوون لە دەستدان واتە ترسناکی دادەهێنێ، بەڵام زمان تەنیا هەر ترسناکترینی مەترسییەکان نییە، بەڵکو ئەو لە خۆیداو بۆ خۆی ناچارەکی مەترسییەکی بەردەوامی لە خۆیدا شاردۆتەوە ئەو ئەرکە بە زمان سپێردراوە بوونەوەر وەک بوونەوەر لە کارکردندا دەربخات و بیپارێزێ. لەودا دەکرێ بێگەردترین و شاردراوەترین و هەروەها تەمومژاویترین و سادەترین شت بێنە دوان و دەربېردرێن.

وشەی جەوهەریی بۆ ئەوەی تێی بگەیشترێ و موڵکی ناوکۆیی گشتی بێت تەنانەت پێویستە باوو هەمەکیی gemein بێت. بەم پێیە ئەمە لە کۆپلەیەکی تری هولدرلیندا هاتووە دەڵێ: «تۆ قسە بۆ خواوەندێتی دەکەی، بەڵام ئێوە گشتتان لە یادتان چووە کە نۆبەرە بۆ ئەوانە نییە کە لەناو دەچن، چونکە ئەو هی خواوەندەکانە. پێویستە بەرو میوەکە زەبەندەو باوو بابەتی رۆژانە بێت ئینجا بۆ ئەوانەی لەناو دەچن دەگونجێ و دەست دەدات.» (٤-ل٢٣٨). بێگەردو باووگشتی بەهەمان شێواز ئەوەن کە گوتراوێکە، وشە وەک وشە هیچ کاتێک، ئیتر، دەستەبەری ڕاستەوخۆی ئەوە نابێ ئایا ئەو وشەیەکی جەوهەرییە یاخود بەرهەمێکی کوێر و پووچە. بە پێچەوانەوە- وشەیەکی گەوهەریی زۆرجار لەبەر سادەو ساکارییەکەی لەبەرگی یەکێکی ناگەوهەریدا دەردەکەوێ. هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەوەی لەبەرگێکی ڕازاوەی دەستکرددا خۆی وەک جەوهەرییەک نیشان دەدات و دەنوێنێ، ئەوا تەنیا قسەی پاشە ملەو ڕیایی و دووزمانییە. بەم پێیە زمان دەبێ بەتۆبزیی بەردەوام لە ڕواڵەتێکدا کە خۆی دایهێناوە، دەربکەوێ و ئینجا بەمە شتە تایبەتمەندییەکەی خۆی، کە ڕاست گوتنە، دووچاری مەترسی دەکات.

بەچ واتایەک، ئیتر، ئەم ترسناکترینە، بۆ مرۆڤ چاکەو خێر دەبێ؟! زمان موڵک و ماڵی خۆیەتی. ئەو بۆ مەبەستی دەربڕینی ئەزموون و شارەزایی و بڕیاردان و هەست و سۆز دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ. زمان بۆ لەیەکتری گەیشتن بەکار دەهێنرێت. بەو شێوەیەی کە ئامرازێکی سوود بەخشە بە چاکەو خێر دادەنرێت. گەوهەری زمان تەنیا هەر ئەوە نییە کە ئامرازو ڕێگایەکی لەیەکتری گەیشتنە. بەم دەستنیشانکردنە گەوهەرە تایبەتییەکەی ناپێکرێ، بەڵکو ئەنجامێکی جەوهەرەکەی نیشان دەدرێت. زمان تەنیا تاکە ئامرازێک -Werk zeug نییە کە مرۆڤ لەگەڵ هی تردا لەبەردەستیدا بێت، بەڵکو زمان بەگشتی وپێش هەموو شتێک ئەو تواناو هەلە دابین دەکات لە ناوەندی بوونەوەری ئاشکراو بەرچاودا Offenheit ببی. تەنیا لەو جێگایەدا کە زمان هەیە، جیهانیش هەیە، واتە: بازنەیەکی هەمیشە گۆڕاوی بڕیاردان و کارکردن، کردەوەو ئۆباڵی ئەستۆ، بەڵام هەروەها ئەوەش دەگرێتەوە کە هەڕەمەکی و جەجاڵە، بە کەوتن و سەرگەردانییەوە. تەنیا لەو جێگایەی جیهان زاڵە لەوێ مێژوو هەیە. زمان بەمانایەکی بنەڕەتییانە بەهرەو چاکەیە، بۆیە ئەو چاکەیە، بەو واتایە: ئەو زامنییە دەستەبەر دەبێ کە مرۆڤ بتوانێ بوونەوەرێکی مێژوویی بێت. زمان ئامرازێکی لەبەردەستدا بوونییە، بەڵکو ئەم ڕووداوەیە کە دەسەڵاتی بەسەر ئەوپەڕی توانای باڵای مرۆڤبووندا دەشکێ. پێویستە لەسەرمان پێش هەموو شتێک لە جەوهەری زمان دڵنیا بین، بۆ ئەوەی بە کایەو بواری کاری شیعر و بەئەمە خۆی بەڕاستی و دروستی پەی بەرین و تێی بگەین، بەڵام چۆن زمان سروشتی مێژووی پێدەبڕێ؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستگیربێت، وشەی سێیەمی هولدرلین دێنینەوە بیر خۆمان:

-٣-

لەنێو نەخشەیەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوی تەواونەبوونی هەڵبەستێکی ئاڵۆزدا ڕووبەڕووی ئەم وشەیە دەبینەوە کە بەم جۆرە دەست پێدەکات:

«هۆ ئەوەی دەتەوێ ڕێک بکەوی، کە تۆ هیچ کاتێک بڕوات پێی نەبووە»

(٤- ل١٦٢بە دواوەو هەروەها ل٣٣٩ بە دواوە:

مرۆڤ زۆر شت شارەزا بووە
ناوی لەزۆر شتی ئاسمانی ناوە
لەکاتی وتوویژەکەوە ئێمە هەین و

دەتوانین دەربارەی یەکتریی ببیستین (٤:ل ٣٤٣).

دەبا لەم پارچە شیعرانەوە ئەوشتە دیارو دەستنیشان بکەین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە کە قسەمان لەسەر کرد: «لەکاتی وتووێژێکەوە ئێمە هەین»... ئێمە- مرۆڤ- وتووێژێکین ein Gespaech.

بوونی مرۆڤ لە زماندا پێک دێت و دێتەدی، بەڵام ئەمە پێش هەموو شتێک بەشێوەیەکی تایبەتی لە وتووێژدا ڕوودەدات و پەیدا دەبێ.

ئەمە، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا شێوازێک نییە، کە زمان خۆی پێ دەنوێنێ و پیادە دەکات، بەڵکو تەنیا وەک وتووێژ زمان جەوهەرەکەیە، ئەوی ئێمە بەتایبەتی «بەزمانی» دادەنێین واتە بەندێکی ڕستە ئاسای وشەو قانوون و ڕێ و شوێنی ڕێزمان، تەنیا پێشەکی و ڕواڵەتی دەرەوەی زمانە، بەڵام کەوابوو «وتووێژێک» مانای چییە؟ ئاشکرایە بریتییە لەوەی دەربارەی شتێک لەگەڵ یەکتری بدوێی. لەمەوە کەوابوو زمان ئەو ئامرازەیە کە بۆ لای یەکتری هاتن دابین دەکات، بەڵام ئەوەی هولدرلین دەیڵێت ئەمەیە: «لە کاتی وتووێژێکەوە و ئێمە هەین و دەتوانین دەربارەی یەکتری ببیستین». توانای یەکتری بیستن، لە پێش هەموو شتێکدا ئەنجامێکی قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا نییە، بەڵکو بەرلەمە بەپێچەوانەوە خۆی پێشەکی و مەرجی ئەمەیە. بیستن لە خۆیدا لەلایەکی ترەوە تەنیا بەشیاوەکی و توانای وشەوە بەندەو پێویستی بەمە هەیە. توانای قسەکردن و توانای بیستن لە بنەڕەتدا وەک یەکن. ئێمە وتووێژێکین- ئەمە دەیەوێ بڵێ: ئێمە دەتوانین لە یەکتربیبیەوە ببەین و ببیستین. ئێمە وتووێژێکین، ئەمە لە هەمانکاتداو هەمیشە مانای ئەوەیە: ئێمە یەک وتووێژین. یەکێتی یەک وتووێژ لەوە پێک دێت: هەموو جارێک لە وشەی گەوهەریدا یەکێک و خۆی هەمانشت دەردەکەوێ و دیارە، ئەوی ئێمە لەسەری پێک دێین و دەبین بەیەک و هەر بەهۆی ئەوەوە ڕێککەوتووین و ئێمە بەڕاستی دەبین بەخۆمان.

وتووێژەکە. یەکێتییەکەی بنەماو بنەڕەتی بوونمانە.

بەڵام هولدرلین بەسووک و ئاسانی ناڵێ: ئێمە یەک وتووێژین- بەڵکو دەڵێ: «لەوکاتەوە ئێمە یەک وتووێژین....» لەو جێگایەی توانای دوان و قسەکردنی مرۆڤ هەیە و ئەو توانایە پیادە دەکرێت و بەکاردێت لەوێ زمان بەبێ چەندوچۆن ڕووداوە جەوهەرییەکەی- کە وتووێژە پێ نەبڕاوە، لەکەیەوە ئێمە یەک وتووێژین؟ لە چ جێگایەک پێویست بێت یەک وتووێژ هەبێت، ئەوا دەبێ وشە جەوهەرییەکە بە پابەندبوون و بەند بەیەکەوە هەمان شت خۆیەوە بێت، بەبێ ئەم پابەندو بەندییە ئەوا هەروەها و ڕاستەوخۆ مشتومڕی وتووێژ نەشیاوەکییەو نەلەکردن دێت. تەنیا لەژێر تیشکی مانەوەو بەردەوامیدا دەکرێ یەکەکەو هەمان شت خۆی ئاشکراو دیاروبەرچاوبێ. بەردەوامی و مانەوە ئەوکاتە دەردەکەون کە سووربوون و تێنەپەڕ تیشک بپژێنن ئەمەش لەو سات و چاوترووکانەدا دەقەومێ کە کات لە کشان و درێژبوونەوەی خۆیدا خۆی دەکاتەوە. لەوکاتەوە مرۆڤ خۆی هاویشتۆتە نێو تێنەپەڕی مانەوەو بەردەوامییەک، هەر لەوکاتەشەوە دەتوانێ بەدەستی ئەوەی دەگۆڕێ و ئەوی دێت و ئەوی بەسەر دەچێ خۆ گیرۆدە بکات، چونکە تەنیا ئەوی لەسەرمانەوە سوورە ئەوەیە کە دەگۆڕێ، لە پێشەوە، لەوکاتەوە «کاتی ڕامالّکەر» لە تێنەپەڕو ڕابردوو و داهاتوودا پچڕپچڕ کراوە ئەو توانا و شیاوەکییە، خۆ لەگەڵ شتێکی سوور بوو لەسەرمانەوەدا بگونجێ هاتۆتە گۆڕێ و پەیدا بووە. ئێمە لەکاتی یەک وتووێژەوە هەین، چونکە «کات هەیە». لەوکاتەوە کات هەستاوە سەرپێ و بۆ هەستانە سەرپێ بەکارهێنراوە، لەوکاتەوە ئێمە بووین بە مێژوویی. هەردووکیان یەک وتوووێژ و مێژوویی بوون وەک یەک کۆنن و سەربەیەکترین و یەک شتن.

لەکاتی یەک وتووێژەوە ئێمە هەین- مرۆڤ زۆرشت شارەزا بووە و چەندین خواوەندی ناوناوە، لەوکاتەوە زمان بەتایبەتی وەک وتووێژو قسەکردن هاتۆتە گۆڕێ خواوەندەکان بەقسە هاتوون و جیهانێک دەرکەوتووە. بەڵام جارێکی ترو دیسانەوە دەبێ سەرنج بدرێ و دووپات بکرێتەوە کە: ئێستایی و تێنەپەڕی و بوونی خواوەندەکان و دەرکەوتنی جیهان تەنیا ئەنجامێکی قەومان و ڕووداوەکان و هاتنە گۆڕێی زمان نییە، بەڵکو ئەوان هاوکات و هاوساتی یەکترین، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی لەناونانی خواوەندەکان و لەوشەدا پەیدابوونی جیهان وتووێژی ڕاستەقینە، کە ئێمە خۆمانین پێک دێت.

بەڵام خواوەندەکان کاتێک دەتوانن بەقسەکردن بێن و بدوێن ئەگەر ئەوان خۆیان قسە لەگەڵ ئێمەدا بکەن و بمانخەنە ژێر ڕکێفی داخوازییەکانیانەوە. وشەکە کە خواوەندەکان ناودەبات هەمیشە وەڵامی ئەم داخوازیانەیە، ئەم وەڵامە هەموو جارێک لە ئۆباڵی سەرشانی چارەنووسێکەوە دەکەوێتەوەو هەڵدەقوڵێ. لەکاتێکدا خواوەندەکان باسی بوونی ئێمە دەکەن، ئێمە دەخرێینە ناو کایەی بڕیاردان لەو بارەیەوە ئایا: بەدەنگانەوە بێین و گوێڕایەڵیان بین یاخود سەر پێچیان بکەین.

لێرەوە دەتوانین پەی بەوە بەرین ئەمە مانای چییە: «لەکاتی یەک وتووێژەوە ئێمە هەین»... لەوکاتەوە خواوەندەکان ئێمەیان بەقسە هێناوە، لەوکاتەوە کات هەیە، هەر لەوکاتەوە بنەمای بوونی ئێمە یەک وتووێژە. ئەم ڕستەیە: زمان گوایە بالاترین ڕووداوی بوونی مرۆڤە، بەمە لێکدانەوەو پاکانەو پشت ڕاست بوونەوەی خۆی دەستگیربوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە: چۆن ئەم وتووێژە کە ئێمە هەین دەست پێدەکات؟ کێ ئەو ناوانەی لە خواوەندەکان ناوە؟ کێ لەنێو کاتی ڕامالکەردا سووربوون لەسەر مانەوەیەک شتێکی بەی پێبردووەو بەقسە وای لەو شتە کردووە لە بووندا بەردەوام بێت؟ هولدرلین بە ڕاشکاوی دڵنیایی شاعیرانە ئەمە بە ئێمە دەڵێت. با گوێ لە وشەی چوارەم بگرین.

-٤-

ئەو وشەیە کۆتایی پارچە هەڵبەستی «بادگار»ی لێ پێک هاتووەو دەڵێ: بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە شاعیرەکان دایدەمەزرێنن (٤- ل٦٣) بەم گوتەیە پرسیارەکەمان دەربارەی گەوهەری شیعر ڕوون دەکرێتەوە. شیعر دانان بنیادنان و دامەزراندنە بەهۆی وشەو لەوشەدا، بەڵام چی دادەمەزرێنرێت؟ ئەوەی دەمێنێتەوە. بەڵام ئایا دەکرێ ئەوی دەمێنێتەوە بنیاد بنرێت و دابمەزرێت؟ ئایا ئەمە ئەوە نییە کە هەمیشە هەیە و لەبەر دەستدایە؟ نەء! پێویستە یەکسەر ئەوی دەمێنێتەوە وای لێ بکرێت لەبەرامبەر ڕامالکردندا خۆی بگرێ و بمێنێتەوە، ئەوی سادە و ساکارە پێویستە لە ئالۆزی و ئاژاوە دابماڵرێ، پێوانە لە پێش بێپیوانەو بەر لە بێ سەرو بەر دابنرێت.

دەبێ ئەوەی بەگشتی بنەمای بوونەوەرو بەسەریدا زاڵە بەدەربکەوێت. دەبێ بوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بوونەوەر بەدەر بکەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەمێنێتەوە بەسەرچوو دەبێ: «ئیتر بەم پێیە هەموو ئەوانەی ئاسمانیی خێراو دەست و بردوو لەناودەچن، نەک هەروا بێهوودە» (٤- ل١٦٣ بەدواوە). «بەڵام ئەمە نهێنی ئەوا بە شاعیران سپێردراوە مشووری بخۆن و خزمەتی بکەن». (٤- ل١٤٥). شاعیر خواوەندەکان و هەموو شتەکان خۆیان چۆنن وەها ناویان دەهێنێ. ئەم ناوهێنانە بەو جۆرە پێک نەهاتووە شتێک پێشتر ناسرابێ ناوێکی پێ بدرێت بەڵکو بەوە دەبێ کە شاعیر ناوی وشە جەوهەرییەکە دەهێنێ و بەو ناهێنانە لە پێشدا بوونەوەر ئەو ناوەی دەدرێت کە خۆی چییە. ئینجا وەک بوونەوەرێک دەناسرێت. شیعردانان دامەزراندنی بوونە بە قسەو گوفتار. ئەوی دەمێنێتەوە، بەهیچ جۆرێک لە بەسەرچوو پەیداناکرێ و داناهێنرێ. سادەوساکار ناکرێ و نابێ ڕاستەوخۆ لە ئالۆز و تەمومژاوییەوە بکەوێتەوە. پێوانە بەهیچ جۆرێک لە بێپیوانەو بێ سەروبەریدا نییە، هیچ کاتێک بنەما لە هەڵدێرو بێ بنەمادا نادۆزرێتەوە.

بوون هیچ جارێک بوونەوەر نییە، بەڵام چونکە بوون Sein و گەوهەری شتەکان بە هیچ جۆرێک بە ژماردن نابن و ناکرێ لەوەی لەبەر دەستدایە بکەونەوە، دەبێ ئازادانە دابنرێن و دابنرێن ببەخشرێن.

ئەم بە ئازادی بەخشینە بریتیە لە دامەزراندن.

کاتێک خواوەندەکان لە بنج و بناوانەوە ناو دەهێنرێن و ناویان لێ دەنرێت و جەوهەری شتەکان بەقسەکردن دێن، بۆ ئەوەی شتەکان دەست بە درەوشان بکەن و لە کاتێکدا ئەمە دەقەومێ، بوونی مرۆڤ بە پەیوەندییەکی پتەوو لەسەر بنەمایەک دادەمەزرێ. قسەی شاعیر نەک تەنیا هەر بە واتای بەخشینی ئازاد، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەمانای دامەزراندنی پتەوی بوونی مرۆڤ لەسەر بنەمای خۆی مانای دامەزراندنە.

ئەگەر ئێمە پەی بەو جەوهەرەی شیعر بەرین لەوەدا کە بە وشە بوون بنیات دەنێ، ئێمە دەتوانین شتێک لەو ڕاستییە ئەو وشانەی کە هولدرلین وتوونی بزانین کاتێک ئەو پێش ماوەیەکی درێژ لە ژێر باڵی تاریکی شەوی شێتیدا پێچاونیەتەوە.

-٥-

ئەم وشە دروشمەی پێنجەم لەو پارچە شیعرە مەزنەو لە هەمان کاتدا بەرزەدا کە بەم جۆرە دەست پێدەکات دەبینین:

**لە کەشێکی شینی دڵڕفێندا لەگەڵ سەربانی کانزای کڵێسەکەدا دەگەشێتەوە** (٧- ل٢٤) لێرەدا هولدرلین دەڵێ: (٥- ل٣٢ بەدواوە):

**ئەوپەڕی شایستەو بگرە شاعیرانە**
**مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە نیشتەجێیە.**

ئەوەی مرۆڤ دەیکات و هەوڵی بۆ دەدات بەهۆی کۆششی تایبەتی خۆی بەدەستی هێناوەو شایستەشیەتی. «بگرە وایە.» هولدرلین بەوپەڕی پێچەوانەیەکی سەختی ئەمەوە دەڵێ: ئەمە هەمووی تخونی جەوهەری نیشتەجێ بوونەکەی لەسەر زەوی ناکەوێ و ئەمە هەموو ناگاتە قوولایی و ناخی بوونی مرۆڤ. ئەمە لە بنەماکەیدا «شاعیریەتیەکە». شیعر ئێمە ئێستا وا تێیدەگەین کە ناونانی داهێنەرو دامەزرێنەرانەی خواوەندەکان و گەوهەری شت بێت. «شاعیرانە نیشتەجێ بوون» مانای ئەوەیە: لەبەردەم خواوەندەکاندا ئامادەو بوەستین و نزیکی جەوهەریی شتەکان بمانگرێتەوە. «شاعیرانە» بوونە لەبنەماو بنەڕەتێکدا- کە لە هەمان کاتدا دەڵێ: ئەو بوونە بەو پێیە دامەزراوە (لەسەر بنەمایەک بنیاد نراوە) هیچ جۆرە بەدەست هاتوویەک نییە بەڵکو بەخششێکە.

شیعر تەنیا هەر ڕازاندنەوەیەکی یاوەری بوون نییە، تەنیا خرۆشانێکی کاتەکی نییە یاخود تەنیا سەرگەرم بوون و دەمەتەقێ و خۆشی نییە. شیعر ئەو بنەمایەیە مێژوو پشتی پێدەبەستێ، بەڵام تەنیا دیاردەو دەرکەوتنێکی شارستانی و کەلەپوورو کولتوور نییە و باشتر وایە کە «دەربڕینێکی» ڕووت و ساکاری «گیانی شارستانیەت و کولتوورێک» نەبێت.

بوونی ئێمە لەبنەڕەتدا شاعیریانەیە، ئەمە دەکرێ لە کۆتاییدا مانای ئەوە نەبێ کە ئەو بەڕاستیی تەنیا گەمەیەکی بێ زیبانە. لەگەڵ ئەمەدا ئایا هولدرلین لەو کۆپلەیەدا کە لە پێشەوە هێنامانەوە شیعر بە «بێگوناهترینی هەموو کارەکان» دانانێ؟ ئیتر ئەمە چۆن لەگەڵ گەوهەری شیعردا کە کرایەوەو دەرکەوت دەگونجێ؟ جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاسپاردەی کە پێشتر خستمانە لاوە. لەوەدا کە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە با هەوڵ بدەین، لە هەمان کاتدا پوختەی گەوهەری شیعرو شاعیر بخەینە بەرچاوی دڵ و ناخ.

لەسەرەتادا ئەم ئەنجامە کەوتە بەردەست: مەیدان و کایەی کاری شیعر زمانە، بۆیە گەوهەری شیعر دەبێ لە جەوهەری زمانەوە پەی پێ ببردرێ.

دوای ئەمە ڕوون بۆوە کە: شیعر و شیعر دانان ناوهێنانی دامەزرێنەری بوون و جەوهەری هەموو شتێکە- نەک گوتەی تر، بەڵکو ئەوانەی بەهۆیەوە لە پێشەوە هەموو شتێک، ئەوەی ئێمە لە زمانی ڕۆژانەدا قسەی پێدەکەین و ئیش و کاری پێ ڕادەپەڕێنین بەدەرکەوێت. ئیتر هەر بۆیە هیچ جارێک شیعر زمان وەک کەرەسەیەکی لەبەردەستدا بوونی کارکردن دانانێ بەڵکو شیعر خۆی لە پێشەوە وا دەکات زمان شیاوەکیی بێت. شیعر زمانی سەرەتای گەلێکی مێژووییە، بۆیە دەبێ بە پێچەوانەوە، گەوهەری زمان لە گەوهەری شیعرەوە تێی بگەیشترێت.

بنەمای بوونی مرۆڤ وتوویژ کە ڕووداوی تایبەتی ڕاستەقینەی زمانە، بەڵام زمانی سەرەتایی Ur-sprache شیعرە بەو پێیەی بنیاتنەری بوونە، زمان لەگەڵ ئەمەشدا «چاکترینی مەترسییەکانە».

ئاوەها شیعر وتن کارێکی ترسناکەو لە هەمان کاتدا «بێگوناهترینی هەموو کارێکە».

ئەوی ڕاستی بێت، لەسەرەتاوە ئەگەر ئێمە ئەم دوو دەستنیشانکردنە لە یەکێکدا بە پوختەکراوەیی بەبیری خۆماندا بهێنین، ئێمە تەواوی جەوهەری شیعر تێدەگەین.

بەڵام ئایا شیعر گوتن ترسناکترینی کارە؟ لە نامەیەکدا بۆ هەڤاڵێک کە ڕاستەوخۆ پێش دەستپێکردنی دواگەشتی بەرەو فەرەنسا هولدرلین نووسیویەتی دەڵێ:

«هۆ هەڤاڵ جیهان پترو ڕاستتر لە هەموو جارێکی پێشتر ڕوون و ڕەوان لەبەردەممدایە، زۆر بەدڵمەو ئەوی بۆم دێتە پێشەوە بە دڵمەو پێی ڕازیم، هەروەک ئەو ڕەزامەندییەی کە لە دەروونەوە دەکەوێتەوە کاتێک لە هاویندا ڕوودەدات کە پیرە باوکی پاک بە دەستە هێمن و لەسەرخۆیەکەی هەورە سوور هەڵگەڕاوەکان بە تیشکێکی پیرۆز کردنەوە دەهەژێنێ».

ئیتر لەنێو هەموو ئەو شتانەدا کە من دەربارەی خودا

دەتوانم بیبینم، ئەم نیشانەیە بۆتە نیشانەی پەسندو هەڵبژێردراوی من. ئەگەر نا ئەوا توانیومە لە ڕابردوودا گەشکەی ڕاستییەکی نوێ بمگرێت، دیتنێکی باشتری ئەوەی لە سەرووم‌انەوەیە و لە دەوروبەرمان‌دایە، ئێستاش دەترسم لە کۆتاییدا ڕەوشم باش نەبێت و بەمەرەی تەنتالۆسی کۆن بچم کە لە خواوەندەکانەوە پتر لەوەی پێگەیشتووە کە بتوانی هەرەسی بکات (٥- ل٣٢١).

شاعیر دووچاری دەستی هەورەتریشقەی خواوەند دەبێ. دەربارەی ئەمە پارچە هەڵبەستەکە دەدوێ کە دەبێ ئێمە وەک بێگەردترین پارچە هەڵبەستی گەوهەری شیعر دانی پیادابنێین کە دەڵێ:

**هەروەک چۆن ڕۆژی جەژن**
**جووتیاریک سەر لەبەیانی بۆ دیتنی**
**کێڵگەکە دەچێ** (٤- ل ١٥١ بەدواوە).

لە دوا کۆپلەدا، لێرە، دەڵێ:

**لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەهێنی و شایستەیەتی، لەسایەی هەورەتریشقەی خوادا**
**ئێوەی شاعیران، بەسەری ڕووتەوە ڕابوەستن**
**بریسکەی باوک، ئەو خۆی، بە دەستی ڕاستەقینە بگرن و**
**بەخشندەو بەهرەی ئاسمان بە سروود لوولدراو بگەیەننە میللەت.**

ساڵێک دواتر، هولدرلین دوای ئەوەی دووچاری شێتی ببوو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی دایکی، لەو یادگارانەوە کە کاتی مانەوەی لە فەرەنسا تۆماری کردوون بۆ هەمان هەڤاڵی نووسیویەتی وتوویەتی:

«کەرەسەیەکی سەخت و گران، ئاگری ئاسمان و هێمنی و بێدەنگیی مرۆڤ، ژیانیان لەسروشتدا، کەم و کوڕی و سنوورداریی و ڕەزامەندییان هەمیشە منی دەستگیرکردووە و وەک چۆن مرۆڤ باسی پاڵەوانەکان دەکات منیش دەتوانم بڵێم ئەپۆڵدۆ دەستی لە من وەشاندووە (٥- ل٣٢٧) ڕووناکیی ئەوپەڕی بەهێزوتین شاعیری خستۆتە ناو تاریکییەوە. ئایا پێویست بە شایەدی پتر دەکات بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ئەوپەڕی ترسناکیی کارەکەی؟» ئەو چارەنووسە تایبەتییەی شاعیر هەموو شتێک دەڵێ و دەردەبڕێ. وەک پێشبینییەک وشەکەی ئیمپێدوکلیسی هولدرلین دەزرنگێتەوە:

**... ئەو دەبێ لەکاتی خۆیدا دوورکەوێتەوە**
**ئەوەی بەهۆیەوە گیان بەقسەکردن هات.** (٣- ل١٥٤)

لەگەڵ ئەمەشدا: شیعر «بێگوناهترینی هەموو کردارەکانە،» هولدرلین لە نامەیەکدا ئاوەها نووسیویەتی نەک بۆ ئەوەی دایکی دڵنیاو خاترجەم بکات بەڵکو چونکە ئەو دەزانێ کە ئەولایەنەی دەرەوە کە بێوەیی و بێ زیانە سەر بە گەوهەری شیعرەو هەروەک چۆن دۆڵ لە چیا جیا ناکرێتەوە، ئیتر چۆن دەکرێ ئەم ترسناکترین کارە کاربکات و خۆی بپارێزێت ئەگەر شاعیرەکە «فرێی نەدابێتە دەرەوەی» ئیمپێدوکلسیس ٣- ل١٩١) ژیانی ئاسایی ڕۆژانەو دژی ژیان نەپارێزرابێ بەهۆی بێ زیانی و بێوەیی کارەکەیەوە دەردەکەوێ؟

شیعر وەک گەمەیەک دێتە بەرچاو کەچی واش نییە. گەمە خەڵک پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەوجۆرە کە هەریەکێک ڕاستەوخۆ خۆی لەبیر دەچێتەوە. کەچی لەشیعردا، بەپێچەوانەوە، مرۆڤ لەسەر بنچینەی بوونەکەی کۆ دەبێتەوە. لەودا هێمن دەبێ، بەڵام نەک هێمنییەکی ڕواڵەتیانە و ناڕاست کە لە بێ چالاکیی و پووچیی بیرەوە کەوتبێتەوە، بەڵکو ئەو هێمنییە بێ کۆتایی و بێ سنوورەی کە تیایدا هەموو هێز و تواناو پەیوەندییەکان چوست و چالاک دەبن و دەوروژێن (بڕوانە ئەونامەیەی لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٧٩٩ بۆ براکەی نووسیویەتی: ٣- ل ٣٦٨ بە دواوە).

شیعر دەبێتە مایەی دەرکەوتنی ناڕاستەقینەو خەون و ئەندێشە لەبەرامبەر واقیعی پەی پێبراو و جەنجاڵ کە ئێمە لەوباوەڕەدابین لەوێدا نیشتەجێین، بەڵام بەپێچەوانەوە واقیع ئەوەیە کە شاعیر وتوویەتی و بوونەکەی پەسندکردووە. ئەمە پانتیالە ئیمپێدوکلسدا بەزانینێکی ڕوون و ئاشکرا بۆکچە هەڤاڵەکەی دانی پیادا دەنێ (٣- ل٧٨)

**ئەو خۆی هەبوو بێ ئەمە**
**ژیانەو ئێمە کەسانێکی ترین کە خەونی پێوە دەبینن.**

بەم پێیە وا دەردەکەوێ گەوهەری شیعر لە دەرکەوتنی

تایبەتی ڕاستەقینەی لایەنی دەرەکیەکەیدا بێت و بچێت کەچی خۆی پتەوو جێگیرە. ئەگەر ئەو خۆی لە جەوهەردا دامەزراندن بێت ئەوا ئەمە واتایەکەیەتی: بنیادنانی قایم و پتەو.

گومان هەڵنەگرە کە هەموو دامەزراندنێک بەخششێکی ئازادەو هولدرلین دەبیستریٚ کە دەڵێ:

**«هۆ شاعیران وەک پەرەسێلکەکان ئازاد بن»**
(٤-ل١٦٨).

بەڵام ئەم ئازادییە هەرەمەکییەکی پێ پابەندبوون و ئارەزوویەکی بێ سەروشوێن نییە، بەڵکو بەرزترین ناچارییە.

شیعر وەک دامەزراندنی بوون لەدوولاوە بەندە. لە ڕوانگەی ئەم قانوونە ناوەکییە تایبەتییەوە لەسەرەتاوە ئێمە لە جەوهەرەکەی دەگەین.

شیعر دانان ناوهێنانێکی بنەڕەتیی خواوەندەکانە، بەڵام کاتێک وشەی شیعر هێزی ناوەکەی پێدەبڕێ ئەگەر خواوەندەکان خۆیان ئێمە بەقسە بهێنن. چۆن خواوەندەکان قسە دەکەن؟

**هەر لەکۆنەوە هیماکان**
**زمانی خواوەندەکانن** (٤- ل١٣٥)

قسەی شاعیر ڕاوکردنی ئەو هێمایانەیە بۆ ئەوەی پتر ببێتە مایەی ئەوەی ڕووی گوفتار بکرێتە میللەت. ئەم ڕاوکردنەوەی هێماکان یەک وەرگرتنەو لە هەمانکاتیشدا بەخششێکی نوێیە کە شاعیر لە «یەکەم نیشانەدا» کە تەواوبووە دەیبینێ و دلێرانە ئەم دیتنە دەخاتە نێو وشەوە بۆ ئەوەی ئەوەی کە تەواو نەبووە پێشبینی بکات. بەم پێیە:

**گیانی ئازاودلێر وەک هەڵۆ بولای**
**هەوره تریشقەکان لە شەقەی باڵ دەدات و**
**پێش خواوەندە هاتووەکانی پێشبینی دەکات**
(٤- ل١٣٥)

دامەزراندن و بنیادنانی بوون بە هێماکانی خواوەندەکانەوە بەستراوەتەوە. لە هەمانکاتیشدا وشەی شاعیرانە تەنیا ڕاڤەو لێکدانەوەی «دەنگی میللەتە». هولدرلین بەم شێوەیە ناوی ئەو وتە و پەندانە دەهێنێ کە تیایاندا میللەتێک یادی ئەوە دەکاتەوە کە سەر بە بوونەوەرە بەگشتی.

بەڵام زۆرجار و فرە ئەم دەنگە کپ دەبێت و لەخۆیدا خەفە دەبێت. ئەو بۆ خۆی لە خۆیەوە بەگشتی ناتوانێ ئەو ڕاستییە دەربببڕێ بەڵکو ئەو پێویستی بەوە هەیە کە لێکی دەدەنەوە و ڕاڤەی دەکەن. ئەو شیعرەی ئەم ناونیشانەی هەیە: «دەنگی گەل» بە دوو جۆرە دارشتنی بۆمان ماوەتەوە: بەتایبەتی پێش هەموو شتێک کۆپلە دواییەکان لەیەکتری جیاوازن، ئەگەرچی یەکتری تەواو دەکەن. لە دارشتنی یەکەمدا کۆپلەی کۆتایی وا دەڵێ:

**«لەبەر ئەوەی چونکە ئەو بە ئیمان ولە خواترسە**
**لەبەر خاتری دەنگی گەل کە هێمن و لەسەر خۆیە**
**ڕێز لە شتە ئاسمانییەکان دەنێم.**
**بەڵام پەنا بە خواوەندو مرۆڤ**
**ئەو بە دڵنیاییەوە هەمیشە هێمن و خامۆش نابێ.»**
(٤- ل١٤١)

لە دارشتنی دووەمدا بەم جۆرە هاتووە:

**«...... باشە**
**پەندو وتەکان چاکن**
**ئەوان یادگاری**
**پایەبەرزەکەن و بگرە پێویستی**
**بە یەکێک هەیە کە شتە پیرۆزەکان**
**ڕاڤەو لێک بداتەوە.**
(٤- ل١٤٤).

بەم پێیە جەوهەری شیعر خراوەتە نێو قانوونەکانی هێماکانی خواوەندو دەنگی گەلەوە، ئەو قانوونانە کە بۆ لەیەکتری جیابوونەوەو یەکتری گرتن کۆشش دەکەن.

شاعیر خۆی لەنێوان خواوەندەکان و گەلدایە. ئەو فرێدراوەتە دەرەوە دەرەوەی ئەو نێوانە، نێوانی خواوەندو گەل، بەڵام بەتەنیاو لەسەرەتاوە لەم نێوانەدا خۆی بۆ لایەک بڕیار دەدات، کێ مرۆڤە و لەکوێوە ئەو بوونی ڕاستەقینەی خۆی جێگیر بووە گیرساوەتەوە. «شاعیرانە مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە جێگیر و نیشتەجێیە».

بێ وچاندان، هەمیشە و بەردەوام بەدڵنیایەوە و، لە پیت و پێزو تێروپڕیی وێنەکان، هەمیشە بەساکارییەوە هولدرلین وشە شیعرییەکانی خۆی بەم کایە ناوەڕاستە

بەخشیوە. ئەمە تۆبزیمان لێدەکات بڵێین ئەو شاعیری شاعیرەکانە.

ئایا دوای ئەمە ئێستا ئێمە دەگەینە ئەو ڕادەیەی بڵێین هولدرلین بەهۆی کەم و کورتییەوە بەرامبەر بە تێروپڕیی جیهان لە چوارچێوەی بۆش هەستی سنوور بەزێنی خۆ پەسندیدا نقوم بووە؟ یاخود دانی پیادا دەنێین کە ئەو شاعیرە بە سایەی تۆبزییەکی لە ڕادەبەدەر بە بیری شیعرییەکەیەوە تەوژم دێنی تاکو دەگاتە بنەماو ناوەندی بوونەوە؟ ئەم وتەیە هولدرلین خۆی دەگرێتەوە، کە ئەو لە پارچە شیعرێکی دواییدا «لە کەشێکی شینی دلڕفێندا» دەربارەی ئودیپوس وتوویەتی:

«Der Konig Oedipus hat ein
Auge Zuviel Vieleicht»(VI,26)

**دوور نییە شا ئۆدیپوس**
**چاوێکی زیادی هەبێت**
(٦- ل٢٦)

هولدرلین جەوهەری هەڵبەست دەکات بەشیعر، بەڵام نەک بەواتای چەمکێکی دەستبەکاری کات بەزاندوو. ئەم جەوهەرەی هەڵبەست سەر بەکاتێکی دیارو دەستنیشانکراوە، بەڵام نەک بەوجۆرە کە ئەو لەگەڵ ئەو کاتەدا دەگونجێ هەروەک ئەوەی ئەم پێش بوونەکەی هەبووبێ، بەڵکو هولدرلین کاتێک سەر لەنوێ جەوهەری هەڵبەست دادەمەزرێنی و بنیاد دەنێ یەکەمجار کاتێکی نوێ دەستنیشان دەکات. ئەمەش کاتی ئەو خواوەندانەیە کە لە ئارادا نەماون وهی ئەو خواوەندەی کە دێت. ئەمە کاتی کلۆڵییە، چونکە ئەو جووتە کەم و کورتیەکی تیادایە و هیچە و هیچ لە ئارادایە. کەم و کورتی ئەو خواوەندانەی لەبەرچاو بزربوون و کەم و کورتی و هیچیی ئەوەی کە تا ئێستا نەهاتووە.

جەوهەری هەڵبەست کە هولدرلین بنیاتی دەنێت بە پێودانگی ئەوپەڕی باڵا مێژوویییە چونکە کاتێکی مێژوویی پێشبینی دەکات، وەک جەوهەرێکی مێژوویی ئەو تاکە گەوهەرێکی جەوهەرییە.

کات کلۆڵەو بۆیە شاعیرەکەی ئەوپەڕی دەوڵەمەندە- ئەوەندە دەوڵەمەندە کە ئەو بە ئاشکراو زۆرجار بە بیرویادی ئەوانەی لە ئارادابوون ون بوون و لە چاوەڕوانی کردنی ئەوەی دێت سست و خامۆش دەبێ و لەم بۆشاییە ڕواڵەتیەدا تەنیا حەز دەکات خەو بیباتەوەو بنوێ.

بەڵام ئەو بەپشوو درێژیی و دان بەخۆ داگرتن لە هیچی ئەم شەوەدا دەمێنێتەوە کاتێک شاعیر لە تاک و تەنیایی بەرزدا دەربارەی چارەنووسەکەی لەلای خۆی دەمێنێتەوە، ئەوا وەک نوێنەر و کارگەری ڕاستەقینە ڕاستیی بۆ گەلەکەی دابین دەکات. ئەمە لە کۆپلەی حەوتەمی پارچە هەڵبەستی «نان و شەراب»دا باس کراوەو هاتووە» (٤- ل: ١٢٣ بە دواوە). لەوێدا شاعیریانە ئەو شتە گوتراوە کە لێرەدا تەنیا بە بیر توانرا توێ توێ بکرێ و خراوەتە بەرچاو:

**«بەڵام هۆ هەڤاڵ ئێمە زۆر درەنگ هاتین**
**ڕاستە خواوەندەکان دەژین بەڵام**
**لەسەروو پایتەختی بەرز لە جیهانێکی تردا**
**بێ وەستان و بێکوتایی کاردەکەن و وادەردەکەوێ کەم دەربایست بێن**
**ئایا ئێمە دەژین، ئیتر شتە ئاسمانیەکان فرە بەتەنگ ئێمەوەن**
**لە تواناد نییە هەمیشە دەفرێکی پەڕپووت جێگای ئەوانی تیادا بیێتەوە.**
**جاروبار مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە شان بداتە بەر فروپێزیی خواوەندەکان**
**بە خەون دیتن بەوانەوە تەمەنی ژیان درێژە دەکێشێ.**

بەڵام هەڵەی بەردەوام وەک وەنەوز و خەوبردنەوە یارمەتی دەدات و لە لێقەومان و پێداویستیی Not و تاریکی شەو هێزوتوانا پەیدا دەبن لە بێشکەی سەخت و گرانیدا قارەمانەکان گۆش دەبن دڵ و توانای بەهێزەکان، وەک باوە، وەک شتە ئاسمانیەکانی و وەک هەورە تریشقە دێن و دەردەکەون. من وای بە باش دەزانم کە بەبێ هەڤاڵان چاکتر دەنووم، چاوەڕێ بکرێت و چ بکرێت و ئینجا لەمەدا چ بوترێ نازانم لەکاتی کلۆڵیدا شاعیر چ مەبەستێکی بەمەیە؟ بەڵام ئەوان، تۆ دەڵێیت، وەک کاهینە پاکەکانی باخۆس کە لەشەوی پیرۆزدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەچن.

# تۆماس هۆبز
# گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک بنیاتی کۆمەڵگای ڕامیاری

**د. کەمال پوولادی**
**لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی**

**کورتەیەک لە بارەی ژیانی هۆبز**

تۆماس هۆبز (١٥٨٨- ١٦٧٩) کە بەیەکێک لە مەزنترین فەیلەسووفە ڕامیارییەکان دادەنرێت لە شاری وێست پۆرتی بەریتانیا لە دایک بووە باوکی قەشەی بچووکی گەڕەکێک بوو کە نەیتوانی منداڵەکانی بەخێو بکا و هۆبز لەلای مامی کە پیاوێکی دەوڵەمەند بوو گەورە بوو. هۆبز قۆناغی سەرەتایی لە پێشدا لە قوتابخانەی کەنیسە پاشان لە قوتابخانەیەکی تایبەتی تەواو کرد و سەرئەنجام خوێندنی خۆی لە ئۆکسفۆرد تەواو کرد. پاش بەکۆتایی هێنانی خوێندن لەلای ئاریستۆکراتێک بەناوی کاوندیش بووە مامۆستای سەرماڵان و تا کۆتایی تەمەنی پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە پاراست. لەدەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەمدا لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە و کوڕەکەیان کە قوتابی هۆبز بوو لە ساڵەکانی (١٦١٠، ١٦٢١ و ١٦٢٥) سێ گەشتی بۆ ئەوروپای کیشوەری، فەرەنسا و ئیتالیا کرد. هۆبز لەم گەشتانەیدا چاوی بە زانایانی گەورەی ئەو سەردەمەی ئەوروپا کەوت وەک گالیلۆ، کوپلێرو هەروەها بیکۆن، گاسندی و دیکارت. لەم گەشتانەدا هۆبز لەگەڵ ئەندازەی ئیستدلالی ئۆقلیدوس و ئەندێشەکانی مادەگەرایی میکانیکی ئاشنا بوو کە هەریەک لەوانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شێوازی کار و هزرەکانی ئەودا هەبووە.

بەرهەمەکانی هۆبز بریتین لە: وەرگێڕانی مێژووی توسیدید، توخمەکانی یاسا، دوسیوە (هاووڵاتی) و سەرئەنجام لڤیاتان کە گەورەترین بەرهەمی ئەوە لە بواری

فەلسەفەی ڕامیاریدا.

## نەخشەی گشتی فەلسەفەی ڕامیاری هۆبز

گرنگترین کتێبی هۆبز بەناوی «لڤیاتان» پێوەندی بە چۆنێتی شکڵ گرتنی کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەیە لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی ئاوەزیانەی تاکی مرۆیی. هۆبز لەم کتێبەدا سەرەتا لە هەلومەرجی پێویست بۆ ئارامی و ئاسایش دەکۆڵێتەوە و پاشان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی دەوڵەتی ئیدیال بۆ ئەم هەلومەرجە خەریک دەبێ. واتای سەرەکی تیۆری هۆبز مافی سروشتییە لە جیاتی یاسای سروشتی کە لەتیۆرییەکانی هزرڤانانی کۆندا هەبووە و ئێمە لە بەرگی یەکەمدا باسمان کردووە. لە بنەڕەتدا مافی سروشتی لە ڕوانگەی هۆبزەوە بریتییە لە مافی پاراستنی گیان. کۆمەڵگای ڕامیاری بۆ دروستبوونی دەسەڵاتێک پێک دێت کە مافی پاراستنی گیان و یاسای سروشتی پارێزراو بیت. دەتوانین بەڵگە هێنانەوەی هۆبز بەم جۆرەی خوارەوە کورت بکەینەوە: بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگای ڕامیاری دروستکردنی هەلومەرجێکە کە تێیدا یاسای سروشتی لەلایەن هەموانەوە پەیڕەو بکرێت و مافی سەرەتایی و سروشتی پاراستنی گیان پارێزراو بێت. ئەم هەلومەرجەش تەنیا دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت دێتە دی. لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنی نەبێت «ڕەوشی سروشتی» زاڵ دەبێت کە تێیدا تاکەکانی بەشێوەیەکی هەمیشەیی گومانی خراپیان بەرامبەر بە یەکتر هەیە و کەس لەگیان و ماڵی خۆی دڵنیا نییە. لە هەلومەرجێکی وەهادا هەموو کەسێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ئاسایشی خۆی هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی زیاتر بکات، چونکە دەسەڵات شتێکی ڕێژەییە و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەڵدەسەنگێندرێت و لە حاڵەتێکی وادا ململانێیەکی بێ کۆتایی دروست دەبێت، بەڵام ئەم ململانێ بێ کۆتاییە بە قازانجی کەس نییە و لە ئەنجامدا تەگەرە دەخاتە بەردەم هەمان مافی سروشتی پاراستنی گیان. کەوابوو دەبێ ئەم ڕەوشە سروشتییە کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەم ڕەوشە سروشتییەش تەنیا بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێ دێت. ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە کۆتایی بە جەنگی هەمووان دەهێنێ. ئەم گرێبەستە بەم جۆرە دروست دەبێ کە هەر کەسێک لەگەڵ هەموو کەسانی تردا پەیمان دەبەستێ کە هەموو مافی دادوەریکردن لە بارەی پاراستنی گیانی خۆی و دروستکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ ئارامی و ئاسایش بەتاک یا کۆمەڵێک لە تاکەسێهەمەکان بسپێرێت. بەم جۆرەیە کە دەسەڵاتدارییەک سەرهەڵدەدات کە هۆبز بە سیفەتی «لڤیاتان» ناوی دەبات.

لەم وێنە گشتییەی تیۆری هۆبز لەمەڕ چۆنێتی سەرهەڵدانی دەسەڵاتدارێتی ڕامیاری و کۆمەڵگای مەدەنی هەندێ چەمکی وەک ڕەوشی سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی مەدەنی بە چەمکی کلیل ئاسا لە قەڵەم دەدرێن کە لە باسەکانی داهاتوودا پتر باسیان لێوە دەکەین.

## ١- شێواز و تێڕوانینی هۆبز لە تۆژینەوە ڕامیارییەکاندا:

### بنیاتەکانی هزری ڕامیاری مۆدێرن

سەدەی حەڤدەیەم سەدەی گەشەکردنی زانست بوو و زانایان لە هەموو بوارە زانستییەکاندا بۆ کردنەوەی دەرگا بەسەر سنوورە نوێیەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو شتێک لەسەر بنەمای عەقڵ زۆر بە چڕی لە هەوڵدا بوون. لە هەلومەرجێکی وەهادا هۆبز هەوڵی خۆی دەست پێکرد بۆ ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی بوونی کۆمەڵگای ڕامیاری لەسەر بنەمایەکی عەقڵی. هۆبز بەدوای ئەوەدا بوو کە بەبێ پشت بەستن بە باوەڕە میتافیزیکییەکان بەدوای سەرچاوەی کۆمەڵگای ڕامیارییدا بگەڕێت. هەروەک بینیمان بەرلە چەرخی ڕێنسانس و بەر لە ماکیاڤیللی، بوونی سیستەمی ڕامیاری و دەوڵەتیان یا لەسەر بنەمای یاسای سروشتی ڕاڤە دەکرد (لە ئەفلاتوونەوە تا هەیوانییەکان و تەنانەت ئەکونیاس) یا لەسەر بنەمای ویستی خوداوەندی (سێنت ئاگۆستین و شوێنکەوتووە هزرییەکانی ئەو). هۆبز کە ڕۆڵەی ڕێنسانس، هیومانیزم و زانست گەرایی چەرخی نوێ بوو دەیویست بۆچێتی و چۆنێتی سیستەمی ڕامیاری لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی عەقلانی مرۆڤ شی بکاتەوە.

هۆبز لە هەمان کاتدا ڕۆڵەی سەردەمێک بوو کە دەیویست هەموو زانستی نوێ لەسەر بنەمای بیرکاری و لەسەر بناغەی ئەو وردەکارییە بنیات بنێت کە شایستەی بیرکارییە. گالیلۆ و دیکارت، لە ناودارانی زانستی نوێ، دەیانویست هەموو شتێک بۆ زانستی بیرکاری

بگەڕێننەوە. هۆبزیش کە دەیویست زانستی ڕامیاری بە وردبینی بیرکاری پشت ئەستوور بکات شێوازی هەڵێنجانی باو لە ئەندازەی بۆ تۆژینەوەکانی خۆی گرتە بەر. ئەو دەیویست بۆ ڕاڤەکردنی سیستەمی ڕامیاری تیۆرییەکی مەزن بنیات بنێت کە لە ڕووی شێواز، بەهای زانستی و ڕوون بوونی باسەکە لەگەڵ تیۆری گالیلۆ لە مەڕ تەنە مادییەکاندا بە تەواوی گونجاویێت.

هۆبز بەشێوازی هەڵێنجان و شیکاریی خۆی سەرەتا کۆمەڵگای سیستماتیک وەک گشتێک بەسەر بەشە سەرەتاییەکانیدا دابەش دەکات و ئینجا بەدەست پێکردن لە سادەترین بەشەوە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو گشتی ئاڵۆز هەنگاو دەنێت. هۆبز بەشیکردنەوەی کۆمەڵگا بەسەر بەشەکانی خۆیدا گەیشتە تاک و پاشان سروشتی تاکی شیکردەوە و گەیشتە ئارەزوو و عەقڵ. لە ڕوانگەی هۆبزەوە عەقڵ لە خزمەتی ئارەزوودایە. لەلایەکی ترەوە سادەترین و سەلماوترین ئارەزووی مرۆڤ پاراستنی گیانە. لە هەلومەرجێکدا کە سیستەمی ڕامیاری بوونی نییە گەڕان بەدوای ئەم ئارەزووەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوشی جەنگی هەموان دژ بە هەموان، بەڵام جەنگی هەموان دژ بە هەموان لەگەڵ خواستی پاراستنی گیان لە دژایەتی دایە. لێرەدایە کە عەقڵ دێتە یارمەتی ئارەزوو و ڕێگای گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سپاردنی ئاسایش بەدەسەڵاتێکی ناوەندی پێ نیشان دەدات. بەگشتی زانایانی سەدەی حەڤدەیەم سیستەمی جیهانیان بە ماشێن دەچواند و دەیانویست لەسەر شێوازی ماشێن کارەکەی ڕوون بکەنەوە. (٢) هۆبزیش دەیویست لەسەر شێوازی ماشێن سیستەمی ڕامیاری و دەوڵەت شی بکاتەوە.

## دەوڵەت وەک دەستکرێکی مرۆیی

بەگشتی بەر لە چەرخی ڕێنسانس دەوڵەتیان بەشتێکی سروشتی لە قەڵەم دەدا نەک بەشتێکی دەستکرد. هەڵبەت ژمارەیەک لە سۆفیستاییەکان و بەتایبەت ئیپیکۆرییەکان ئەم هزرەیان خستبووە ڕوو کە کۆمەڵگای ڕامیاری یا دەوڵەت ئامادەکارییەکی مرۆییە، بەڵام ئەوان نەیانتوانیبوو ئەم هزرە بکەنە تیۆریەک و لە چوارچێوەیەکی تیۆریی ڕێکوپێکدا ڕاڤەی بکەن و بیخەنە ڕوو. ماکیاڤێللیش کە بوونی دەوڵەتی لە چوارچێوەیەکی هیومانیستی و عورفی گەرا (سکۆلار)دا خستبووە بەر لێکۆڵینەوە نەیتوانیبوو لەم بارەیەوە تیۆرییەکی بەڵگەدار دابڕێژێت. هۆبز یەکەمین بیرمەندی ڕامیاری بوو کە بەشێوەیەکی تیرۆتەسەل و لە چوارچێوەی تیۆرییەکی ڕێکوپێکدا دەوڵەتی وەک دەزگا یا ماشینێک خستە بەر شیکردنەوە.

هۆبز جگە لەوەی کە دەوڵەتی بەدەستکردی مرۆڤ لە قەڵەمدا لە هەمان کاتدا لەسەر ئەم شێوازە ڕۆیشت کە مرۆڤ دەوڵەتی لەسەر بنەمای مۆدیل هەڵگرتنەوە لە جێگایەک یا بەپشت بەستن بە عەقڵێک لە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤ دروست نەکردووە. هۆبز دەیویست دەوڵەت وەک دەزگایەک شی بکاتەوە کە خاوەن پاساوێکی عەقلانییە و تاکەکان دەبێ نەک بەشێوازێکی شەرمنانە بەڵکو و بەشێوازێکی چالاک ملکەچی بن و ئەم ملکەچییەش بەعاقلانە بزانن.

تیۆری دەوڵەت وەک دەستکردی مرۆڤ لە بەرامبەر تیۆریی ئۆرگانیکی دەوڵەتدا ڕادەوەستێ. لە تیۆری ئۆرگانیکی، دەوڵەت و کۆمەڵگای سیستماتیک وەک گشتێکی ئۆرگانیک لە قەڵەم دەدرێن کە لە غەریزەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە تیۆری ئۆرگانیکی، دەوڵەت ماشێن یا ئامێرێک نییە کە مرۆڤ بە ویستی ئاگایانەی خۆی دروستی کردبێت.

## دەوڵەت وەک بەرهەمی هاوکاری تاکەکان

ئەم تێڕوانینە کە دەوڵەت بە بەرهەمی دەستکردی مرۆڤ دەژمێرێت لە هزری هیومانیزمەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد. بەپێی ئەم هزرە مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵە و دەتوانێ لەسەر بنەمای عەقڵی مرۆیی کۆمەڵگای خۆی ڕێک بخات. بە پەسندکردنی ئەم بیروباوەڕە هەندێ پرسیاری لەم جۆرە دێنە ئاراوە: مرۆڤ بە چ شێوەیەک دەتوانێ دەوڵەتێکی لەم جۆرە دروست بکات و بۆچی دەبێ ئەم دەوڵەتە دروست بکات؟ تاکەکانی مرۆڤ دروستکردنی چ جۆرە دەوڵەتێک بە باشتر دەزانن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەمەیە کە دەوڵەت دەبێ دەرەنجامی ڕێککەوتنی نێوان تاکەکان بێت. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەیە کە سیستەم و یاسا سەرهەڵدەدات. بەڵام ئەم دەوڵەتە خاوەنی دەسەڵاتێکە سەرووتر لە دەسەڵاتی تاکەکان.

تیروانینی هۆبز بۆ سیستەمی ڕامیاری یا دەوڵەت وەک بەرهەمی ویست و دەستکردی مرۆڤ بەشێوەیەکی

لۆژیکی دەگاتە ئەم بڕیارە کە دەوڵەت لەسەر ڕەزامەندی تاکەکان بنیات نراوە. کەوابوو دەوڵەت نە دیارەیەکە کە لەویستێکی سەرووترەوە سەرچاوەی گرتبێ و پێشەکی مۆدیلێکی تایبەتی بۆ دیاری کرابێت و نە گشتێکی ئۆرگانیکە لەدەرەوەی ویستی تاکەکان کە بەپێی سیستەمێکی تایبەتی لە کاروبار و پلەکانی فەرماندەیی و فەرمانبەرییەوە سەری هەڵدابێت. دەوڵەت بەرهەمی هاوکاری، ڕەزامەندی و گرێبەستە.

## ٢- بەشە سەرەکییەکانی تیۆری ڕامیاریی هۆبز:

### ڕەوشی سروشتی

گوتمان کە هۆبز دەیەوێ عەقڵانییەت واتا چۆنێتی و بۆچێتی کۆمەڵگای ڕامیاری (دەوڵەت لە واتا گشتییەکەیدا) ڕاڤە بکات. و هەروا گوتمان کە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، بەشێوازی هەڵێنجان کە لە سەردەمی خۆیدا باو بووە، کۆمەڵگا وەک گشتێکی لێکدراو بەسەر بەشەکانیدا شی دەکاتەوە تا دەگاتە بچووکترین بەشەکەی. هۆبز دەڵێ ئەگەر شیکاریی کۆمەڵگای ڕامیاری بکەین دەگەینە تاکە پەراکەندەکان، ئەوکەسانەی کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی تاک بۆ ئاسایشی خۆیان هەوڵ دەدەن هۆبز بەپێی دیدگای نۆمینالیستی (ناوگەرایی) مرۆڤەکان بەبوونەوەرێک دەزانی کە هەریەکەیان جیهانێکی زەینی تایبەت بە خۆیان هەیە و ناتوانن بڕۆنە ناو جیهانی زەینی کەسێکی ترەوە. هەربۆیە بوونەوەرگەلێکی خۆ خواز (یا بە دەربڕینێک کە ڕەنگە هەندێک لە تێگەیشتنی هۆبزەوە دوور بێت) خۆ پەرستن. کەوابوو لە هەلومەرجێکدا کە ڕێکوپێکی هاوبەش دروست نەبووە سەرهەڵدانی بەدگومانی لەنێوان تاکەکاندا شتێکی حەتمییە. هۆبز ئەم هەلومەرجە بە «ڕەوشی سروشتی» ناودەبات. «ڕەوشی سروشتی» زاراوەیەکە لە بەرامبەر «ڕەوشی مەدەنی». ڕەوشی مەدەنی بەو هەلومەرجە دەگوترێ کە ڕێکوپێکی هاوبەش شکڵی گرتووە و دەوڵەت دروست بووە.

«ڕەوشی سروشتی» لە ڕوانگەی هۆبزەوە بریتییە لە بارودۆخی بەدگومانی، ڕکەبەریی بێ کۆتایی بۆ دەسەڵات و ترس لە مەرگی نا سروشتی. لەڕەوشێکی وەهادا ئارامی و ئاسایش بوونی نییە و شارستانیەت ناتوانێ سەرهەڵبدات. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ڕەوشی سروشتی ڕەوشێکی گریمانەییە نەک ڕەوشێکی مێژوویی (واتە ڕەوشێک کە لە قۆناغێک لە مێژووی مرۆڤدا بەڕاستی بوونی هەبووە). هەروەک گوتمان هۆبز بەپێی شێوازی خۆی بەشیکاری کردنی کۆمەڵگای ڕامیاری وەک گشتێک و بەسەرنجدان بە دەروونناسی تاک ئەمەی وەک چەمکێکی زانستی هەڵێنجاوە.

### گرێبەستی کۆمەڵایەتی

گرێبەستی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو چەمکە گرنگانەیە کە هۆبز لە فەلسەفەکەی خۆیدا خستوویەتە ڕوو. گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک بناغە و پەیڕەوی ناوخۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ڕامیارییە. ئەم زاراوەیە و تیۆرییە پێوەندارەکەی ئێستاشی لەناو گەورەترین هزرڤانانی ڕامیاری لایەنگری هەیە و بنیاتی گەلێک لە تیۆرییە ڕامیارییە جۆراوجۆرەکانە دەربارەی شێوازی ئیدیالی ڕێکخستنی کۆمەڵگای ڕامیاری. زاراوەی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»یش چەمکێکی گریمانەییە بۆ ئاماژەکردن بە پەیمانێک کە مرۆڤەکان بۆ دەرچوون لە ڕەوشی جەنگ (کە لە ڕەوشی سروشتیدا زاڵە) لەگەڵ یەکتردا دەیبەستن. بەگرێبەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت هاوکات و لەیەک جێگادا دروست دەبن. ئەگەر مافی پاراستنی خود و ئارەزووی پاراستنی خود هۆکاری دووری پێکهێنانی دەوڵەت بێت، ئەوا گرێبەستی کۆمەڵایەتی هۆکاری نزیکیەتی.

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک بناغە و سەرچاوەی دەوڵەت لە بەرامبەر تیۆری مافی خودایی پاشاکاندا ڕادەوەستێ کە ئەم تیۆرییە لەسەردەمی هۆبزدا تیۆری پاشایەتیە ڕەهاکانی ئەوروپا بووە کە لەسەدەکانی ١٦ و ١٧ زایینی بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵ بوون. ئەم تیۆرییە هەروا لە بەرامبەر تیۆری سروشتی بوونی سەرچاوەی دەوڵەتدا ڕادەوەستێ کە لە یۆنانی کۆن و ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبووە. ئەم تیۆرییە لە ناوەڕۆکدا تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەیە، چونکە ڕەوابوونی حکوومەت بە ڕەزامەندی و ڕێککەوتنی خەڵکەوە گرێ دەدات. پاش هۆبز هەندێ تێگەیشتنی نوێ لە مەڕ گرێبەستی کۆمەڵایەتی پەیدابوون، بەڵام بەپێی تیۆری هۆبز گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەم جۆرەیە کە هەرکەسێک لەگەڵ ئەویتردا پەیمان دەبەستێ کە مافی حکوومەت کردن لەسەر خۆی بەتاک یا کۆمەڵەیەک بسپێرێت و ئەو دەسەڵاتەی

پێ بدات کە دادوەریکردن لە مەڕ ئاسایشی تاکەکان ئەنجام بدات. بەم پەیمانە تاکەکان مافی خۆیان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان بۆ کەس یا دەستەیەکی سێیەهەم دەگوازنەوە.

## ڕەوشی مەدەنی

بەم گرێبەستە کە لە ڕاستیدا گرێبەستی گواستنەوەی مافەکانە، هاوکات دەسەڵاتداری ڕامیاری و کۆمەڵگای ڕامیاری دروست دەبن. بەم جۆرە ڕەوشی جەنگ کۆتایی پێ دێت و لەمەو بەدوا دەسەڵاتدار بەزەبری شمشێر پاسەوانی لەم پەیمانە دەکات. کاتێک کە حکوومەت دامەزرا ترس لە مەرگی ناسروشتی دەبێتە ترس لە حکوومەت. ئێستا ئیدی ئارەزووی پاراستنی خود دەتوانێ ئاستێکی بەرباڵاوتر بەخۆیەوە بگرێت و بەرەو پاڵنەری پاراستنی ئارامی و بەرزترکردنەوەی هەلومەرجی ژیانێکی باشتر گەشە بکات.

## جۆری حکوومەت

بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی چ جۆرە حکوومەتێک دروست دەبێت هۆبز لایەنگری پاشایەتی بوو و سیستەمی پاشایەتی زیاتر پەسند دەکرد، چونکە دەبووە هۆی یەکگرتوویەکی کارامەتر، بەڵام گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەتوانێ هەریەک لە حکوومەتەکانی پاشایەتی، ئارستیۆکراسی یا دیموکراسی بنیات بنێت. فۆرمی حکوومەت بەستراوەتەوە بە توانایی ئەو حکوومەتە بۆ پاراستنی ئاسایش و دابینکردنی ئاشتی و ئارامی. گرێبەستی کۆمەڵایەتی هۆبز جۆرێکە لە حکوومەتی ڕەها، چونکە دەسەڵاتدار لایەنێک نییە لە گرێبەستەکەدا و خەڵک ناتوانن لە سنووورداکردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتداردا پاپەندی هەندێک مەرجی بکەن. تاکەکان هەر دوابەدوای بەستنی گرێبەست دەبنە هاوڵاتی. لە تیۆری هۆبز سپاردنی دەسەڵاتداریتی مەرجدار نییە و لە بنەڕەتیشدا ناتوانێ مەرجداربێت. پاش دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی فەرمانی دەسەڵاتدار وەک یاسایە. بەم حاڵەش دەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە بەهۆی گرێبەست و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دروست دەبێت ڕەهایی دەسەڵاتداریتییە نەک دەسەڵاتداریتی ڕەها.

ئەو شتەی کە ڕەهایە لە ڕاستیدا خودی پرەنسیپی «دەسەڵاداریتی»یە. دەسەڵاتداریتییە کە دەتوانێ هەموو یاسایەک دابنێت، بەڵام ڕەهابوونی پرەنسیپی دەسەڵاتداریتی: بە پێچەوانەی وتەی ڕاشکاوانەی هۆبز، ناتوانێ بەشێوەیەکی لۆژیکی بەواتای ڕەهابوونی حکوومەت بێت.

بۆ ڕەهابوونی دەسەڵاتداریتی پێویستە کەلیسا ملکەچی دەوڵەت بێت. دەسەڵاتداریتی هەموو ئەوشتانەی کە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵگا پێویستە و لەوانەش ئاینەکان و بیروباوەڕەکان دەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە هۆبز دەسەڵاتدار بە «لڤیاتان» و «خودای زەمینی» ناودەبات.

## ئازادیی هاووڵاتیان

هەموو ئەو شتانەی کە تاکەکان لەکاتی گرێبەستدا بەدەسەڵاتداریان نەسپاردووە بۆ خۆیانی دەپارێزن. ئەو شتەی کە تاکەکان بەدەسەڵاتداریان سپاردووە سەقامگیرکردنی هەلومەرجی ئاشتی و ئارامی و ئاسایشە. کەوابوو هاووڵاتیان لەکاروباری تایبەتی خۆیان لەوانەش چالاکی ئابووری، مامەڵەکردن، هەڵبژاردنی پیشە، شوێنی نیشتەجێ بوون و شێوەی ژیانی خۆیان ئازادن.

خەڵک دەسەڵاتی گیانی خۆیانیان بەدەسەڵاتدار نەسپاردووە. جگە لەمەش هەر کاتێک کە دەسەڵاتدار نەتوانێ گەرەنتی پاراستنی ئاشتی و ئارامی و پاسەوانی کردنی هاووڵاتیانی بکات ئەوا ئەرکی ملکەچیبوون بەرامبەر بەدەسەڵاتدار لەناو دەچێت.

دەسەڵاتدار یا لڤیاتان ناکۆکییەکی تایبەتی لەگەڵ ئازادیدا نییە. زەین و ویژدانی تاکەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە. دەسەڵاتدار دەست تێوەردانی بیروباوەڕی تایبەتی ناکات. کەوابوو لەتیۆری هۆبزدا دەسەڵاتدار ناتوانێ دەسەڵاتدارێکی پاوانخوازبێت.

## ٣- هەڵسەنگاندن و پشکنینی تیۆری هۆبز:

## ڕەهابوونی دەسەڵاتداریتی یا ڕەهابوونی دەسەڵاتدار؟

تیۆری هۆبز لەمەڕ دەوڵەت شمشێرێکی دوو دەمە. هەم دەتوانین پاساوی حکوومەتی دەسەڵات گەرای پێ بکەن و هەم دژ بەم حکوومەتە بەکاری بهێنین. لە ڕواڵەتدا خودی هۆبزیش دەیزانی شمشێرێکی دوو دەمی خولقاندووە.

(٣) هۆبز دەڵێ کاتێک کە تاکەکان هاوکات مافی سروشتی خۆیان بەدەسەڵاتدار دەسپێرن دەبنە «تاک»ێکی یەکبوو.

دەتوانین ئەم بڕیارە هەم دژ بەدەسەڵاتدار بەکاربهێنین بۆ بەرگـری کـردن لە مـافی هاووڵاتیـان و هەم دژ بە هاووڵاتیان بەکاری بهێنین بۆ بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار، هەربۆیە هەم لایەنگرانی پاشایەتی و هەم شۆڕشگێڕان هەردووکیان بایەخیان بەسەر بیروبۆچوونەکانی هۆبز داوە ئەو ڕەخنەیەی کە لەگرێبەستی کۆمەڵایەتی، تیۆری هۆبز گیراوە ئەوەیە کە ئەم گرێبەستە بێ مەرجە و هەڵناوەشێنرێتەوە. ئەم گرێبەستە لە ڕاستیدا دەبێتە گرێبەستی خۆ بەدەستەوەدان. ڕەخنەگان دەپرسن ئێستا کە لەسەر بنەمای گرێبەست دەوڵەت و حکومەت دادەمەزرێنین ئەی بۆچی نەتوانین هەر لەسەر ئەم بنەمایە حکوومەت سنووردار بکەین. بۆچی دەبێ تاکەکان ملکەچی گرێبەستێک بن کە بۆ یەکجارو بۆ هەمیشە حکوومەت بە دەسەڵاتدارێک بسپێرن کە هەتا هەتایە بەسەریاندا فەرمانڕەوایی بکات. ئەم ڕەخنەگرانە دەڵێن کە ئەم گرێبەستە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەوشێکی پارادۆکس ئامێز. چونکە کاتێک کە تاکەکان هەموو دەسەڵاتەکانی خۆیان بۆ دەسەڵاتدار دەگوازنەوە ئیدی لە ڕاستیدا سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دەدەن و ناتوانن وەک بوونەوەرگەلێکی سەربەخۆی بوونیان هەبێت.(٤)

ڕەخنەیەکی تر کە لەم بارەیەوە دەگیرێت ئەمەیە کە ئەگەر تاکەکان بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆیان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی گرێبەست و دامەزراندنی دەوڵەت بۆچی دەبێ بەدەست بەستراوەیی خۆیان تەسلیم بەدەسەڵاتدار بکەن؟ ئایا باشتر نییە کە هێزێکی دەسەڵاتداری وا بخولقێنین کە لە بەرامبەریدا هەندێک ماف بۆ خۆشیان دیاری بکەن؟(٥)

لە ڕواڵەتدا هۆبز ئەم شتەی بە مەیسەر نەزانیوە. بەپێی بەڵگەهێنانەوەی ئەو هەر ڕێککەوتنێک لە مەڕ سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار تەنیا لە گریمانەیەکی ئابستراکت (ئینتزاعی)دا شیاوی وێناکردنە نەک لە کرداردا. لە جیهانی واقیعیدا هەرکە بمانەوێ ئەم سنوور بەندییانە بەکاربهێنین ڕاڤە و لێکدانەوە جۆراوجۆرەکان دێنە ئاراوە و هەزاران ناکۆکی سەرهەڵدەدەن. ئینجا پێویست بە مەرجەعێکی سێهەم دەکات، چونکە تا کاتێک کە چارەنووسی ڕاڤەکردنەکان دیاری نەکراوە ئاشتی و ئاسایش دەکەوێتە بەر هەڕەشە، بەڵام هەرکە مەرجەعێک بۆ دادوەریکردن دەبارەی ڕاڤەکردنەکان دیاریکرا لە ڕاستیدا ئەم مەرجەعە هەر دەسەڵاتدار دەبێت.(٦)

## یەکبوونی دەسەڵاتدارێتی و دەسەڵاتدارێتی یاسا

ئەم مەتەڵە لەسەردەمی هۆبزیشدا هەبووە و هێشتا لە هزری ڕامیاری ئەو سەردەمەدا ڕێگا چارەیەکی بۆ نەدۆزرابۆوە. ئەم مەتەڵە پاشان بەسەرهەڵدانی بیربۆچوونی دەسەڵاتدارێتی یاسا چارەسەرکرا. بەپێی بۆچوونی دەسەڵاتدارێتی یاسا دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ئۆرگانە جۆراوجۆرەکاندا دژایەتی لەگەڵ یەکبوونی دەسەڵاتداریدا (پرەنسیپی یەکێتی دەسەڵاتدارێتی) نییە. ئەمڕۆ ئەم پرەنسیپە پەسند کراوە کە دەسەڵات دەبێ لەنێوان ئەنجومەنی یاسادانان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دیوانی باڵای دادوەریدا دابەش بکرێت. ئەم سێ دەسەڵاتە وێڕای ئەوەی کە یەکتری سنووردار دەکەن لە هەمان کاتدا هیچ کامیان بەبێ مۆڵەتی دوو دەسەڵاتەکەی تر دەسەڵاتیان نییە. ئەم کارەش بەم شێوازە مەیسەر کراوە کە هەریەک لەم سێ دەسەڵاتە بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کە لە دەستووردا هاتوون دەسەڵاتیان پێدراوە. دەستوور چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی هەرسێ دەسەڵات و ئەو ڕێگاچارانەی دەست نیشان کردووە کە لە حاڵەتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەک سەرهەڵدەدەن. ئەوان بەپێی دەستوور دەسەڵاتی دیاریکراویان هەیە و هەریەکەیان لە ملکەچبوون بەرامبەر بە یاسا و دەسەڵاتدارێتی یاسا هەمان ئەو قازانجەیان هەیە کە لە تیۆری هۆبزدا هاوڵاتیان لە ملکەچبوون بەرامبەر بە دەسەڵاتدار هەیانە.

## پێگەی عەقڵ لە تیۆری هۆبزدا

هەروەک گوترا عەقڵ لە تیۆری هۆبزدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتی دەربچێت و بگاتە بارودۆخی مەدەنی و عەقڵ لێرەدا لەخزمەتی حەز و ئارەزووەکان دایە و باشترین ڕێگای تێرکردنی ئەوان پیشان دەدات. عەقڵ بەندەکانی ئاشتی بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەرچوون لە ڕەوشی جەنگی پێشنیار دەکات. هەتا حەز بۆ ئارامی و ئاسایش زیاتر نەبێت عەقڵ ناتوانێ ڕێگای ئاشتی پیشان بدات و دۆخی ئاشتی

سەقامگیر بکات.

لەم بارەیەشەوە ئەم ڕەخنەیە لە هۆبز گیراوە کە لە جێگایەکدا ڕۆڵی عەقڵی بە کەم بایەخ و لە جێگایەکی تردا بە پڕ بایەخ لەبەرچاوگرتووە. ڕەخنەگران دەڵێن ئەمە هەڵەیە کە عەقڵ بخەینە خزمەتی حەز و شەهوەتەکان و بە کۆیلەی هەندێ ئامانجی لە قەڵەم بدەین، نەک بە دیاریکەر یا مۆڵەتدەری ئامانجەکان. ئەم ڕەخنەگرانە دەڵێن کە هۆبز هەندێ جار وا قسە دەکات کە دەڵێی ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانی نەبوایە هەر دیسان خاوەنی ئەو حەزو ئارەزووانە دەبوو. لەکاتێکدا کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ هەندێ حەز و ئارەزووی هەیە کە ئەگەر خاوەنی عەقڵ نەبوایە ئەم حەز و ئارەزووانەی نەدەبوو. لە ڕێگای عەقڵەوەیە کە مرۆڤ هەندێ وێنای دەربارەی خۆی و ژینگەی خۆی و پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا هەیە. ئەم وێنایانەش بە نۆرەی خۆیان کاریگەریی هەمەلایەنەیان لەسەر سۆز و ئارەزووەکانیدا هەیە. (٧)

ڕاستییەکەی ئەمەیە کە هۆبز عەقڵی بە شوێنکەوتووی ئارەزووەکان داناوە، بەڵام کاتێک کە عەقڵ دەکەوێتە خزمەتی بەهێزترین ئارەزووەکانی مرۆڤ واتە ئارەزووی پاراستنی گیان ئەوا دەبێتە بەهێزترین توخمی ژیان و سیستەمگەلێکی نوێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەخولقێنێ.

## بایەخی هزری ڕامیاری هۆبز

هۆبز بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفە ڕامیارییەکان و بە بنیاتنەری «فەلسەفەی ڕامیاری نوێ» دادەنرێت. بەشێکی زۆر لە فەلسەفەی ڕامیاری مۆدێرن لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ئەوەدان. چەندین وەچە لە هزرڤانانی پاش ئەو هزرەکانی ئەویان کردە سەرچاوەیەک بۆ هەڵێنجانی تیۆرییە نوێیەکان.

ئەو یەکەمین بیرمەند بوو کە ئەفسوونی دەوڵەتی هەڵوەشاندەوە و وەک ماشێنێک چاوی لێکردە ئەم تێڕوانینە و بیروبۆچوونی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژووی هزری ڕامیارییدا هەبووە. هۆبز بنیاتنەری زنجیرەیەکی دوور و درێژە لەو ئەندێشانەی کە بەشێوازە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ لیبرالیزم لە پێوەندیدان و ئێمە لە پاژەکانی داهاتوو زیاتر لەگەڵیاندا ئاشنا دەبین. بەو هۆیە هۆبز بە دامەزرێنەری لیبرالیزم لە هزری ڕامیاری دەزانین، چونکە ئەو وێڕای خستنەڕووی تیۆری دەستکردبوونی دەوڵەت بۆ یەکەمجار مافی تاکی لە پێشەوەی ئەرکی ئەو دانا و ئەرکی ڕامیاری تاکی لە مافی ئەو (مافی سروشتی پاراستنی گیان) هەڵێنجاند. زانایانی پێشوو هەمیشە ئەرکی تاکیان لە پێشەوە دادەنا و مافی ئەویان لە ئەرکەکەی هەڵدەهێنجاند. هۆبز ئەم هاوکێشەیەی پێچەوانە کردەوە و مافی کردە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت و لە تیۆری ڕامیاریی خۆیدا ئەرکی بەسەر چاوە گرتوو لەمافی و لە پاش ماف دانا (٨) و ئەمەش شۆڕشێک بوو لە هزری ڕامیارییدا.

هۆبز بە هەموو هێزی خۆیەوە هەوڵیدا کە فەلسەفەی ڕامیاری لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و لە تیۆرییە میتافیزیکییەکان دەربارەی دەوڵەت ڕزگاری بکات. هەر لەسەر ئەم بناغەیە بوو کە ئەو هەوڵیدا فەلسەفەی ڕامیاری لەسەر بنەمای دەروونناسی مرۆڤ و تێڕوانینی میکانیکی دەربارەی بزاوتن بنیات بنێت. (٩).

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- توماس هابز، لویاتان، ترجمه حسین بشیریه، تهران، نشرنی، ١٣٨٠.**

**2- C.L. Wayper, Political Thought, Eng-Lish Vaiversity Press LTD. 1943. P. 43.**

**3- Richard Ashcraft, "Ideology and Class in Hobbeses. Political Theory", Political Theory, Vol 2, No 1 Febraury 1978, PP 27-67.**

**4- Ernest Cassirer, The Myth of The state, yale university Press, 1946, P. 175.**

**5- Ibid. P. 176.**

**6- John Plamenat 2, Man and Society, London, Longman, 1963, P. 148.**

**7- Ibid. P. 121.**

**٨- لئوا شتروس، حقوق طبیعی و تاریخ، ترجمه باقر پرهام، تهران، نشراگه، ١٣٧٣، ص٢٠١.**

**٩- فردریک کاپلستون، تاریخ، فلسفه، جلد پنجم، ترجمه امیر جلال الدین اعلم، انتشارات علمی و فرهنگی- سروش، چاپ دوم، ١٣٧٠، ص٦٤.**

**سەرچاوە: کتێبی (تاریخ اندیشه سیاسی در غرب)- جلد دوم- از ماکیاولی تا مارکس، تهران، ١٣٨٣.**

# تیۆرەکانی کردەی کۆمەڵایەتی

ئیان کریب
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

(٢ - ٢)

**فرمانگەرایی بونیادی وەکو یۆتۆپیایەک:**
**کێشەی ململانێ و گۆڕان**

زۆرجار گوتراوە نموونەی تیۆری پارسۆنز بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ڕاڤەی هەردوو دیاردەی ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات، چونکە لە بنچینەدا جەخت دەکاتە سەر هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئاڵوویری هاوسەنگ و پێوەندییە فرمانییەکان. داهرندرۆف بە یۆتۆپیای ئەدەبی چواندبوو، واتا بە تێڕوانینێک بۆ کۆمەڵگا کە سەرتاپای باشە یا خراپەیە، واتا بینینی جیهانێکی هاوسەنگ کە هەست بە مێژوو ناکات و هیچ سەرچاوەیەکیش لەنێو کۆمەڵگادا نییە بۆ گۆڕانکاری. ئەو جۆرە ڕەخنەیە زۆرجار فراوان دەبێت و دەگاتە ئەوەی بڵێت تیۆرەکە بەرەو کۆنسێرڤاتیزم دەڕوات. نایەکسانی و دیاردەی دابەشبوونی چینایەتی بە دیاردەیەکی فەرمانگەرایی دادەنرێت و شێوازێکی کاریگەرە بۆ پارێزگاریکردن لەبەردەوام بوونی سەمت، هەروەها لە بارەی جیاوازی شوێنگە کۆمەڵایەتییەکانیش، بەڵام دەسەڵات بەشێوەیەک دابەش دەبێت کە سەمت ئامانجەکانی تێدا بەدەست بێنێت.

بە ئەنقەست نموونەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ڕۆشنبیری لاوانم هێنایەوە، تا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەو ڕەخنانە فریودەرن. بە ڕاستی لەوکاتەی پارسۆنز دەینووسی، کەسانی تر هەبوون هەمان چوارچێوەی تیۆریان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی گۆڕان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە ڕۆبەرت میرتۆن بەرەو ئەوە دەچێت کە جەختکردنە سەر یەکێتی و هاوسەنگی، بووە هۆی ئەوەی چاوپۆشی

لە مەسەلەی پلەی یەکێتی و هاوسەنگی و ئەو کردارانە بکرێت کە ئەو کارە بەدی دێنن. ئەو خۆشی جیاکارییەکی گرنگی لەنێوان فرمانی دیار و فرمانی شاراوە داناوە، لەنێوان فرمان و خەلەل، ئەوانەش دوو چەمکن دەشێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی گۆڕان و ململانێ بەکاربێت.

ئەلڤین گولدنەر لە ساڵی (١٩٧٠)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە تەواوکاری سەمت دەشێت مانای حاڵەتی تەدەرووج بگەیەنێت لە پشت بەستنی هەمەکی بە بەشەکان بەرەو سەربەخۆیبەکی ڕێژەیی بۆ هەر یەکێک لە هەمەکی و بەشەکان. هەردوو نووسەریش لە تیۆرەکانیاندا ڕووەو ڕادەیەکی کەمتر لە بەگشتگیرکردن چوون بە بەراورد لەگەڵ پارسۆنزدا. میرتۆن ناوی لەو خولیایە ناوە خولیای ئاست ناوەندی کە ڕەفتار لەگەڵ هەندێک بەشی جیاواز لە سەمت دەکات، نەوەکو سەمت وەکو هەمەکییەک.

لەکۆتاییدا، لویس کۆسەر لە کتێبی «فرمانەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی» کە لە ساڵی (١٩٦٥)دا نووسیویەتی، بەرەو ئەوە دەچێت کە دەشێت وا بڕوانرێتە ململانێ بەوەی دیاردەیەکی پۆزەتیڤە و کاریگەرییەکی تەواوکاری گرنگی هەیە، چونکە لە سایەی ململانێوە سەمت بارگەی ناوەوەی خۆی دەنێرێت و زنجیرەیەک گۆڕانکاری بەسەر میکانیزمی کارەکەیدا دێنێت. ئەو شیکردنەوەیەش بەسەر هەمان شوێن پێی شیکردنەوەی پارسۆنزدا دەڕوات بۆ دیاردەی ڕۆشنبیری لاوان.

ئەگەر هاوشێوەیی نێوان سەمتی کۆمەڵایەتی و سەمتی ئۆرگانی لای پارسۆنز گەیشتۆتە پۆپکە، ئەوە ئەو ڕەخنانەی پێشتر بەتایبەتیش ئەوانەی میرتۆن و گولدنەر، دەشێت وا تەماشا بکرێن گوایە پاشگەزبوونەوەیە لە لێکچوونی هەردوو سەمتی ئۆرگانی و کۆمەڵایەتی.

### ڕاڤەکردنی مەبەستدار و ڕاڤەکردنی فەرمانگەرایی

پێم وایە ڕەخنە هەرە گرنگەکان ئەوانەن کە پەیوەستن بە شکستی فەرمانگەرایی بونیاد لای پارسۆنز لە دەرخستنی جیاکاری نێوان سەمتە ئۆرگانی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەو جیانەکردنەوەیە بووە هۆی بەگشتگیرکردنی ئەو تیۆرەی تایبەتە بەتاکەکان و وای لێهات بووە تیۆرێک لە بارەی کۆمەڵگاوە. تاکەکان جگە لە هەموو سیفەتەکانی تریان، بوونەوەری ئۆرگانین، ئەوەش مانای وانییە هەموو ئەو شتانەی بەسەر ئەواندا پراکتیک دەبێت بەسەر کۆمەڵگاشدا پراکتیک بێت.

یەکێک لەو ڕایانەی لەبەردەستدایە، پێی وایە ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە سەمتە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک پێداویستییان هەیە بۆ ئەوەی لە وجوود بەردەوام بن و دەبێت بۆیان دابین بکرێت، ڕەخنەگرانی پارسۆنز پێیان وایە ئەو ڕایە لەلایەنی کردەیییەوە هیچ مانایەکی نییە. بۆسەلماندنی ڕاستیی ئەو بانگەشەیە، دەبێت ئەوە بسەلمێنین کە کۆمەڵگا هەبووە لەناو چووە و ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە لەناوچوونی ئەو کۆمەڵگایانە لەبەر ئەوە بوو چونکە نەیانتوانیوە هەموو پێداویستییە فەرمانگەراییەکان دابین بکەن. ئەگەر کۆمەڵگا هەرە سادەکان بەلاوە بنێین، ئەوە زۆر زەحمەتە نموونەیەکی وا بدۆزینەوە. پێدەچێت ئەوەی زۆرجار ڕوودەدات ئەوە بێت هەر کۆمەڵگایەک کەمتر بتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێت لە ڕێگای سەربازی یا ئابووری لەلایەن کۆمەڵگایەکی ترەوە کە باشتر لەگەڵ ژینگەدا گونجاوە دەستی بەسەر دادەگیرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵگایە ون نابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی تر وەکو بەشێک لەو کۆمەڵگا گونجاوە دەمێنێتەوە. بەو پێیەش هەندێک لە هۆزە ڕەسەنەکانی ئەمریکا لە ڕێگای جەنگی سەربازییەوە بە تەواوی لەناوچوون، کەچی هەندێکی تریان تا ئەمڕۆش لەنێو کۆمەڵگای ئەمریکیدا پارێزگارییان لە ناسنامەی تایبەتی خۆیان کردووە.

پێدەچێت جیاوازی لەنێوان ئەو هۆزانەی لەناوچوون، لەگەڵ ئەو هۆزانەی ماونەتەوە، زیاتر لەهەر شتێک پشت بەو بارودۆخە سیاسییەی جەنگاوەرە سپی پێستەکان ببەستێت، جگە لەوەی خودی مانەوەی هەندێک لەو هۆزانە و ئاوێتە بوونیان لەنێو کۆمەڵگای ئەمریکیدا، مەسەلەیەکە وتوێژ هەڵدەگرێت. ڕەنگە ڕوونترین نموونە لەسەر قسەکانمان ئەو شێوازە لە ئاوێتەکردن بێت لەنێوان ناوچەکانی باشووری ئەمریکا و ئەمریکای لاتینی کە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی پیشەسازی باکووری ئەمریکا و ئەوروپا خاوەنی بنەمایەکی کشتوکاڵ و جووتیارین لە ڕاستیدا ناکرێت ئەو هەڵوێستەی پارسۆنز قبووڵ بکرێت، مەگەر کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان وەکو ئاژەڵ لەململانێدا بن و ئەوەیان بمێنێتەوە کە دڕندە و ئازاترە.

دووەم، ڕەخنەگران پێیان وایە ئەوەی سەمتی کۆمەڵایەتی پێداویستی هەیە، ڕاڤەی ئەوە ناکات کە چۆن ئەو پێداویستییانە دابین دەکرێت. بۆ نموونە، دەشێت بڵێین کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکان پێویستییان بە سیستەمێکی پێشکەوتووی فێرکردن هەیە، بەڵام دەبینین هەریەک لە بەریتانیاو فەڕەنسا و ئەمریکا سێ کۆمەڵگای پێشکەوتوون و تا ڕادەیەکیش لە ڕووی پێشکەوتنەوە لێک نزیکن، کەچی سیستەمی فێرکردنیان جیاوازە. دەشێت بە کۆمەڵێک ڕێگا پێداویستی دابین بکرێت، ڕاگەیاندنی هەبوونی ئەو پێداویستییانە، ڕاڤەی ئەوە ناکات چۆن دابین دەکرێت.

سێیەم، ئەنتۆنی گیدینز دەڵێت: «بە پێچەوانەی فەرمانگەرایی، ڕاڤەکردنی ڕاست وا دەخوازێت ئاماژە بۆ کەسەکان و کارەکان بکرێت، بەپێی ئەوەش دەکرێت سەرلەنوێ ڕاڤەکردنە فەرمانگەراییەکان بنووسرێنەوە، بۆیە ڕاڤەکردنی بوونی شتێک لە سایەی ئەو فەرمانەی کە دەیبینێت، مانای گۆڕینی بیرۆکەی هۆکارە بۆ قسەی قۆڕ، چونکە بەپێی ئەو لۆژیکە، تێرکردنی هەر فرمانێک، ئەنجام نادرێت، تەنیا مەگەر پێشتر ئەو شتە بوونی هەبێت، خۆ ئەگەر فرمان هۆی بوونی ئەو شتە بوو، ئەوە ئەنجامەکە بوونی شتەکەیە، دەبێت بەر لەهۆیەکە بێت، واتا فرمان، ئەوەش مانای سەراوژێرکردنی تەرتیبی زەمەنیانە.

گوتم ڕەخنەی یەکەم جێبەجێ نەدەکرا، ئەگەر سەمتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بوونەوەری ئاژەڵی ببووان. ڕەخنەی دووەم و سێیەمیش جێبەجێ نەدەکرا، ئەگەر سەمتە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕاستی وەکو کەسە کاراکان بووبان. ئەگەر وا ڕێکەوتبا سەمتێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی هەندێک ئۆرگانی هەستیار بووایە، ئەوە دەیتوانی لە سایەیانەوە بابڵێین چۆن جەستە هەستی بە برسێتی دەکرد، ئەویش هەستی دەکرد پێویستی بە سیستەمی فێرکردن هەیە. ئەگەر بکرابووایە ئەو شارەزاییە بگوازرێتەوە بۆ مێشک بەشێوەیەک بگۆڕێت بۆ بیرۆکەی ڕەمزی بشێت تێڕامان و شیکردنەوەیان لەسەر بکرێت و ئەگەر عەقڵی کۆمەڵایەتیش بیتوانیبوایە بڕیار لەسەر جۆری ئەو سیستەمە فێرکارییە بدات کە دەیەوێت و لە ڕێگای کۆئەندامی دەمارەوە ئاماژەی بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمە فێرکارییە بکردبووایە، تەنیا ئەوکاتە، ئەو ڕەخنانە دەبوون بە ڕەخنەی نالۆژیکی و ناواقیعی، بەڵام دیارە سەمتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو تاکەکەس پێداویستی و ئامانجیان نییە.

جیاوازییەکە ئەوەیە بوونەوەری ئادەمیزادی لە کۆمەڵێک بەش پێکدێت و هیچ بەشێک ناتوانێت بە تەنیا بۆ خۆی بیربکاتەوە، هەموو ئەو بەشانە لەلایەن یەک بەشەوە ئاراستە دەکرێن کە توانای ئاراستەکردنی هەیە، بەڵام سەمتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە بەپێی خودی قسەکانی پارسۆنز، لەکۆمەڵێک بەش پێکدێت، ئەو بەشانەش لەکاتی ئەنجامدانی ڕۆڵی خۆیاندا توانای تێڕامان و بیرکردنەوەیان هەیە، لەکاتێکدا پێوەندی ئۆرگانی نێوان بەشەکانی جەستە، زۆر لەوە جیاوازترە. لەکاتێکدا مانای جیاوازی سەمتی کۆمەڵایەتی لە سەمتە زیندووەکانی تر، مەسەلەیەکە پارسۆنز خۆی ماندوو نەکردووە لێیان بکۆڵێتەوە.

## بەرژەوەندی ماددی و پێوەری

لێرەدا پشت بە دوو لێکۆڵینەوەی دیڤید لۆکوود دەبەستم ئەوکاتە نووسیویەتی کە پارسۆنز بەسەر کۆمەڵناسیدا باڵادەست بووە. ئەو دوو لێکۆڵینەوەیە جەخت دەکەنە سەر جیاوازی نێوان تاک و کۆمەڵگا، بە ئاماژەکردنی بۆ تایبەتمەندییەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی، ناکرێت لە سایەی فەرمانگەرایی بونیادی تێیان بگەین.

بەدرێژایی قسە و باسەکانم لەسەر بۆچوونەکانی پارسۆنز، جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە مانا لەنێو تیۆرەکەدا لە پێشەوەیە، ئەو مانایانەش پێوەر و بەهان و لەسەر ئەو بنچینانەش کردە و سەمتی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات. کەچی لۆکوود پێی وایە فاکتەرێکی تریش هەیە کار لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات و ناوی دەنێت (چینی ئاست نزمی مادده) کە بەمانای تەسریفکردنی شێوازەکان لە هەڵوێستی کردەوەدا دێت کە دەستنیشانی بونیادی جیاواز دەکات لە دەرفەتەکانی ژیاندا و کۆمەڵێک بەرژەوەندی خاوەن ڕەنگێکی پێوەری بەرهەم دێنێت، واتا ئەو بەرژەوەندییانەی لەدەرەوەی بەرژەوەندی کەسەکاندایە کاتێک لەگەڵ پێناسەی پێوەرییانەی هەڵوێستدا دەگونجێن. لەبەر ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە سایەی ئەو دەرفەتانە دێتەدی کە لەبەردەم خەڵکدایە بۆ موڵکدارێتی کردنی کاڵا و زەوی و زار و هەموو ئەو

شتانەی پاشکۆی مولکداریتی کردنن. بۆ نموونە، لە هەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکا دابەشکردنی مولکداریتی بەو شێوەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی ماددی ڕەش پێستەکان جیاواز بێت لە سپی پێستەکان. ڕەنگە بەرژەوەندی ماددی سپی پێستەکان لەوەدابێت جیاوازی ڕەگەزی بپارێزن و پەرەی پێبدەن بەشێوەیەک ڕەش پێستەکان دەستیان نەگاتە هەندێک کاری دیاریکراو، ئەوەش شتێک دەتوانێت بەسەر یەکێک لە بەها بنچینەییەکانی سەمتی کۆمەڵایەتیدا زاڵ بێت کە یەکسانی ڕەگەزییە. نموونەیەکی تریش هەیە، کاتێک خەڵک دەچنە سەر کارەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە نییە گوێ لە پێوەرەکانی سەمتی کۆمەڵایەتی و بەهاکەی دەگرن کە پێیوایە کارکردن یەکێکە لە سیفاتەکانی چاکەکاری، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو خەڵکە بەرژەوەندی ماددیان لە کارەکانیان دەست دەکەوێت و لەلایەنی کەم برسییان نابێت. بیر لەو پرسیارە بکەوە: تۆ بۆچی کار دەکەیت؟

لۆکوود لە لێکۆڵینەوەی دووەمیدا کە لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسیویەتی، جیاوازی دەخاتە نێوان ئەوەی ناوی دەنێت تەواوکاری کۆمەڵایەتی کە بابەتێکە پەیوەستە بە پێوەندی نێوان کەسەکان، لەگەڵ تەواوکاری سەمت کە پەیوەستە بەپێوەندی بونیادنراوی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەمت. ئێمە دەتوانین قسە لە بارەی ئەو کۆمەڵگایانە بکەن کە تەواوکاری کۆمەڵایەتی یا پێوەری بە ڕوونی تێدا دیارە، بەڵام تەواوکاری سەمتی تێدا دیار نییە. بۆ نموونە، دەشێت قەیرانی ئابووری ئاماژە بێت لەسەر ناهاوسەنگی سەمت، واتا کەموکورییەک لە تەواوکاری، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو قەیرانە ئابوورییەش، بەڵام خەڵک هەر بڕوایان بە بەهاو پێوەری کۆمەڵگا دەمێنێت. دەکرێت بیرۆکەی بەرژەوەند ماددیش هەر بەو شێوەیە تەماشا بکرێت، چونکە دیارە دەشێت سەمتی پێوەری بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ماددی تایبەتیش بەکاربێت. ڕەنگە بەرژەوەندی ماددی تایبەتیش بەکاربێت. ڕەنگە بەرژەوەندی ماددی کۆمپانیا مەزنەکان لەوەدابێت حکومەت باجیان لەسەر کەم بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت پارەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە، ئالێرەدا ڕەنگە سەمتی پێوەری ئەو بەهایانە لە خۆیەوەی دەگرێت کە سەمتێکە ڕەنگە بڕوای وابێت دەبێت کەرتی تایبەتی ئازاد بکرێت و دەوڵەتیش دەستیان تێوەرنەدات، ڕەنگە ئەو سەمتە ببێتە هۆی ئەوە وا لەو کەسانە بکات کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییان لێ کەم کراوەتەوە، بگەنە ئەو باوەڕەی ئەو داشکاندنانە پێویستن. پێدەچێت تیۆرەکەی پارسۆنز و فەرمانگەرایی بونیادیش بەگشتی لەتوانایاندا نەبێت ئەو دیاردانە لە خۆوە بگرن، ئەگەرچی لە یەکەم دەرفەتدا بڕوا پێبهێنیشن. ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک تەماشای ژیانی کۆمەڵایەتی بکات جگە لەوەی سەمتێکی پێوەرییە و بەهاکان ئاراستەی دەکەن، نەوەکو سەمتێکی ماددیش بێت. بۆ گەیشتن بەوە، واتا گەیشتن بە جیاوازی لەنێوان تەواوکاری کۆمەڵایەتی و تەواوکاری سەمت، پێویستە جیاوازی لەنێوان تاک و کۆمەڵگاکان بکرێت.

## ئایا تیۆری فەرمانگەرایی بونیادی توانای ڕاڤەکردنی هەیە؟

کاتێک چەند نموونەیەکی دیاریکراوی ڕاڤەکردنی فەرمانگەرایی بونیادیم خستەڕوو، گوتم ئەو زاراوەیە (ڕاڤەکردن) بەشێوەیەکی فش و فۆڵ، بەکاردێنم و ئاماژەم بۆ هەندێک لە ئیشکالییەتەکانی ڕاڤەکردنی بونیادی کرد، ئێستاش حەزدەکەم ئەوە پێشنیار بکەم کە فەرمانگەرایی بونیادی لەناوەڕۆکدا تیۆرێکی وەسفییە نەوەکو تیۆرێکی ڕاڤەکردن، بەڵگەی هەرە ڕوونیش ئەوەیە کە دەتوانێت ئەو زمانە ئاڵۆزەی پارسۆنز، بە چەند لاپەڕەیەکی کەم و بەشێوەیەکی ساناتر دابڕێژرێتەوە، بەبێ ئەوەی بیرۆکەی جەوهەری بشێوێت، ئەوەش کارێک بوو سی ڕایت میلز لەنێو کتێبی (خەیاڵی کۆمەڵایەتی)دا ئەنجامی دا. پێم وایە هۆی سەرکەوتنی لەو مانایەدایە کە پارسۆنز دەیخاتە سەر تیۆر، چونکە تیۆر لای ئەو هەڵوەشاندنەوەی شتەکانە و دواتر لێکدانەوەیانە. بەو جۆرە تۆپەکە بەشێوازی نووسینی پارسۆنز دەبێتە ئەو شتە خڕە ڕەنگ سوورە تۆخەی لەماددەی مەتات دروست کراوە و لەسەر زەویدایە و پێوەندیشم لەگەڵ ئەو خانمەی سەرپەرشتی کارەکان دەکات، بەزاراوەی پارسۆنزی، پێوەندییەکی تایبەتی ویژدانی نێگەتیڤە و ڕووەو دەسکەوت و تایبەتمەندیکردن ئاراستەکراوە، واتا من حەز بەو ئافرەتە ناکەم، بەڵام بۆبە پێوەندییەکی سۆزداریم

لەگەڵ داناوە، چونکە چاوم لەوەیە پلەکەم بەرزبکاتەوە لە ئیشدا.

ئەگەر ڕاڤەکردن پێویستی بەڕوونکردنەوەی کردەکان و میکانیزمی هۆکاریێتی بێت، ئەوە دیارە تیۆرەکەی پارسۆنز ناتوانێت ئەو کارە بکات، لەبەر ئەوەی چەمکەکانی وەکو سەمت و سەمتە لاوەکییەکان و...تاد، بریتین لە ئەبستراکت، لە کاتێکدا کردە و میکانیزمە هۆکاریێتییەکان شتی بەرچاون، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاڤەکردنانەی لەو کتێبەدا پێشکەشم کردوون، دەبینین وەسفێکی فراوانە و هەندێک ڕاڤەکردنیشی تێدایە کە لە بیرۆکەی تەراتبی سبرنتیکی و کردەی پێشڤەچوونی تایبەت بەخۆی وەرگیراون. دەتوانین بڵێین پارسۆنز خاوەنی خولیای (حەتمییەتی کولتوورییە) لە بەرانبەر مارکس کە خاوەنی خولیای حەتمییەتی ئابوورییە، بەڵام ئەگەر وردبینەوە دەبینین ئەو قسەیە زۆر نارۆشنە.

وۆڵف هایدبراند ئەوەی روون کردۆتەوە کە ئینسیاب لەنێو کردەی سبرنتیکیدا بە دوو ڕووگەدا دەڕوات: وزە لە خوارەوە زانیاریش لەسەرەوە، هەردووکیشیان دەتوانن بە فاکتەرێکی دیاریکراو یا هۆکاری دیارەکان دابنرێن. ئەگەر نموونەکەی هایدبراند بەسەر پۆلیسدا جێبەجێ بکەین، ئەوە دەڵێین پۆلیس هێزێکە ئاراستەکراوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەهای کولتووری و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بکات، واتا کۆنترۆڵکردن لە سەرەوەڕا، بەڵام مانەوەی پۆلیس خۆی لەخۆیدا پشت بەو سیستەمە ئابوورییە دەبەستێت کە بایی ئەوەندە بەرهەم دێنێت، بۆ ئەوەی پۆلیس بەردەوام بێت.

لەو نموونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ناتوانین بڵێین کامە هۆکار لە پێش ئەوی ترە. پێم وایە ئەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕەخنەیەکی تر لەتیۆرەکەی پارسۆنز، کە چەند جارێک ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەویش ئەوەیە تیۆرەکەی لەگەڵ پێشڤەچووندا گۆڕاوە لە تیۆرێکی تاکەکەسی کە باس لەخەیاراتی کەسەکان دەکات، بۆ تیۆرێکی هەمەکی کە مامەڵە لەگەڵ سەمتە دیاریکراوەکانی خەیاراتی کەسەکان دەکات. بەڕاستیش هەر هەموو کارو لێکۆڵینەوەکانی جەختیان کردۆتەوە سەر توێژینەوە لە سەمتەکان، زیاتر لەوەی جەخت بکەنە سەر توێژینەوە لە تاکەکان، زۆرجاریش لەولایەنەوە ڕەخنە ئاراستەی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەو ڕەخنەیە پاساوێکی هەبێت، چونکە پارسۆنز مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان دەکات (تاک و کۆمەڵ)، گرنگی گۆڕاوەکانی جۆریش لەوەدایە کەوای لێدەکات مامەڵە لەگەڵ هەردووکاندا بکات. کەچی ئەو ناتوانێت لە یەک کاتدا بەیەکەوە ئەو کارە بکات، چونکە پێویستە لەسەری لە تیۆرێکەوە باز بدات بۆ یەکێکی تر، ئەوەش هەمان شتە کە شێوە جیاجیاکانی تیۆری کردە ئەنجامی دەدەن، چونکە بایەخی فەرمانگەرایی بونیادی و تیۆری ململانێ بەچەندین شێوەی جیاجیا، دەچێتە سەر تۆژینەوە لە سەمتەکانی کردە، لەکاتێکدا کارلێکردنی ڕەمزی و لقە تازەکانی بایەخ بە توێژینەوە لەکارلێکردنی نێوان تاکەکان دەدەن، پارسۆنزیش ناتوانێت یەکێکیان بخاتە بەر لە ئەوی تریان، چونکە سەمتی کۆمەڵایەتی بەمانایەک لەماناکانی بریتییە لە تاک شێوەیەکی گەورەتر، کەسی بەرانبەریش بریتییە لە وێنەی بچووککراوەی سەمتی کۆمەڵایەتی. هیچ پێشینەیەکی هۆکاریش لەنێوانیاندا نییە، بۆیە تیۆری کردە بە سەرجەم شێوە جیاجیاکانی دەتوانێت جەخت بکاتە سەر ئەو لایەنە یا ئەوی تریان (سەمتی کۆمەڵایەتی یا تاک) ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە پارسۆنز لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا کردی.

## فەرمانگەرایی نوێ و تیۆری ململانێ
## فەرمانگەرایی نوێ: کردنەوەی سندووقی دۆسییەکانی بە تۆبزی

دوای ئەوەی پارسۆنز مرد، شتێک بڵاوبۆوە، ئەویش بە سووک تەماشاکردنی تیۆرەکەی بوو، بەوەی بەشێکە لەمێژوو: تەنانەت یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی وەکو (پیتەر هامیلتۆن) کە هاوسۆزیش بوو لەگەڵ پارسۆنز لەساڵی ١٩٨٣دا ناوی نابوو (باوکی لەسەر کار لادراو)، کەچی پارسۆنز هەروەکو باوکی ئەسڵی لای فرۆید، کە لەسەر دەستی کوڕەکانی دەکوژرێت، تاوەکو ژنەکانی بۆ خۆیان بەرن، سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی مۆدێرن لە میانەی کۆمەڵێک کاری تازە گەڕایەوە کە بە فەرمانگەرایی نوێ ناوزەد دەکرێن. جێفری ئەلکسەندەر کە یەکێک بوو لەناودارترین شوێنکەوتووانی قوتابخانەی فەرمانگەرایی نوێ، دانی بەو ڕەخنانە نا کە ئاراستەی پارسۆنز کراون و بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ کردن، ئەوەش بووە هۆی

ئەنجـامـدانی هەندێک کـاری پڕ بەها، بەڵام پێم وایە جـۆرێکن لە درزبردنی ناوخـۆیی تیـۆرەکـە، وەکـو ئەوەی یەکێـک چووبێتە نێـو سندووقی دۆسیەکـانی پارسۆنز و هەمووی تێکەڵاوی یەکتر کردبێت و دواتریش بڵێت ئەو سیستەمەی بۆ هەڵگرتنی دۆسییەکان بەکارهاتووە، بێ بایەخە.

ئەلکسەندەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فرمانگەرایی نوێ) کـە لەسـاڵی (١٩٨٥)دا نووسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە، خۆی لەکۆڵ نزمترین ئاستی ڕاڤەکردنی هۆکارێتی دەکاتەوە کە بیرۆکەی تەراتبی سبرنتیکی حەتمی دەکات. هات و گوتی پێویستە لەسەرمان وا دابنێین کە پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی بەهۆی کۆمەڵێک دەستنیشانکردنەوە بەڕووی هەموو شێمانەیەکدا کراوەتەوە و فرمانگەرایی نوێش وەسفێکی گشتی هەموو پێوەندییە ئاڵووێرەکان پێشکەش دەکات و بیرۆکەی هاوسەنگی وا بەکاردێنێت بەو سیفەتەی خاڵی سەرچاوەیە نەوەکو شتێک بێت لەواقیعدا هەبێت، چونکە هاوسەنگی بەردەوام هاوسەنگییەکی جووڵاوە.

ئەو جیاکارییەی پارسۆنز لەنێوان کولتوور و کۆمەڵگا و کەسایەتی دایناوە، جیاکارییەکی زۆر گرنگە، وەکو بیرۆکەی جیاوازی کە شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەلکسەندەر بە پێچەوانەی پارسۆنز پێیوایە بە ڕاستی ئەو جیاوازییە گرنگە، بەڵام تێگەیشتنێکی تەواومان لە بارەی هەموو شتێک پێنادات.

پێدەچێت ئەو گۆڕانە لە فرمانگەرایی بونیادی و کردنەوەی دەروازەکانی، لە چوارچێوەی بیرۆکەکەی ئەلکساندەر زیاتر تێگەیشتراو بێت، واتا ئەوەی کە دەبێت تیۆری کۆمەڵایەتی بیکات، ئەوەش ناودەنێت (فرەیی لە ڕەهەندەکانییەوە). ئەلکساندەر لە بەرگی یەکەمی کتێبە گەورەکەیدا (لۆژیکی تیۆری لە کۆمەڵناسیدا) کە لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوی کردۆتەوە، پێیوایە ئێمە دەبێت سێ کۆمەڵە لە بەرانبەر یەکتری دابنێین، یەکەم، بەرانبەری نێوان تیۆر و ڕووداو (ڕەهەندی میتافیزیکی و عەینی کۆمەڵناسی). دووەم، بەرانبەری نێوان ویستی تاک و باڵادەستی کۆمەڵ. سێیەم، بەرانبەری نێوان کردەی پێوەری و کردەی ئامێری. لەو کتێبەدا لە بارەی پارسۆنزەوە دەڵێت: «ئەو بەرەو ئاوێتەکردنی شتە عەینی و تیۆرییەکان چووە و مەسەلەی زۆرەملێ بەلاوە دەنێت کە کۆمەڵگا بۆ سەپاندنی پێوەر و بەهاکانی خۆی بەکاری دێنێت، ئەوە جگە لە لایەنە ماددییەکانی کردەش» لایەنی بۆ تیۆرەکەی پێشکەش دەکات. ئەوەش وا دەکات سەرجەم جۆرە هزرەکان بتوانن بێنە ناو تیۆرەکەی پارسۆنزەوە.

بۆ نموونە، گۆڵد پێی وایە دەشێت وا تەماشای مارکسیزم بکرێت کە تیۆرێکی خۆکردەییە، بەو شێوەیەش دەکرێت ئاوێتەی تیۆرەکەی پارسۆنز بکرێت، لەکاتێکدا سیولی پێی وایە ئێمە دەتوانین بنەمایەک بۆ تیۆری ڕەخنەیی لەکارەکانی پارسۆنزدا بدۆزینەوە.

## تیۆری ململانێ

هێزی بیرکردنەوەی ئەلکساندەر لە ڕەخنەگرتنی لەتیۆری ململانێدا دەردەکەوێت، ئەو تیۆرە ناکۆکەی لەگەڵ پووکانەوەی سەروەری فرمانگەرایی بونیادی سەری هەڵدا. پێشتر گوتم فرمانگەرایی بونیادی دەتوانێت لە دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی و گۆڕان بکۆڵێتەوە، ئەوەش شتێکە تیۆریی ململانێ خستییە ڕوو و ڕێگای بۆ زۆر لێکۆڵینەوەی پراکتیکی لە کۆمەڵناسیدا ڕۆشن کردەوە، بەتایبەتیش لە چوارچێوە ڤێبەرییەکەیدا. کەسایەتییە سەرەکییەکانیش داهرندرۆف و جۆن ڕکس و دیڤید لۆکوود بوون.

پێرسی کۆهن ناکۆکی نێوان فرمانگەرایی بونیادی و تیۆری ململانێ وا دەخاتە ڕوو، گوایە ناکۆکییە لەنێوان دوو نموونە کە زنجیرەیەک گریمانە لە بارەی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی دەخەنە ڕوو، بەڵام گریمانەکان ناکۆک و دژکاری یەکترین. ئەوەش خاڵێکی باشمان پێدەدات بۆ دەسپێکردن وەکو ئەوەی لەم نەخشەیەدا دیارە.

## تیۆری ململانێ

١- بەرژەوەندییەکان توخمی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی.

٢- ژیانی کۆمەڵایەتی وا دەخوازێت شێوازی زۆر لێکردن و ئارەزوو پێکردن بەکاربێت.

٣- ژیانی کۆمەڵایەتی دابەشکراوە.

٤- ژیانی کۆمەڵایەتی ناکۆکی و دژایەتی بەرهەم دێنێت.

٥- ژیانی کۆمەڵایەتی ململانێی بونیادی بەرهەم دێنێت.
٦- ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستکردنی بەرژەوەندی چین و توێژ.
٧- جیاکاری کۆمەڵایەتی مانای جیاکاری هێزە.
٨- سەمتە کۆمەڵایەتییەکان ناتەواون و پڕن لە دژکاری.
٩- سەمتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو گۆڕان دەچن.

## تیۆری کۆدەنگی

١- پێوەر و بەهاکان توخمی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتین.
٢- ژیانی کۆمەڵایەتی ئیلتیزام دەخوازێت.
٣- کۆمەڵگاکان دابەش نەکراون و یەکگرتوون.
٤- ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر هاریکاری دامەزراوە.
٥- ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هاوکاری دامەزراوە.
٦- کۆ دەنگی بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتییە.
٧- کۆمەڵگا دان بە دەسەڵاتی شەرعیدا دەنێت.
٨- سەمتە کۆمەڵایەتییەکان سەمتی تەواون.
٩- سەمتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو جێگیری دەچن.

## «نەخشەی تیۆری ململانێ و تیۆری کۆدەنگی»

وەکو ئەوەی دیارە، زاراوەی سەرەکی لایەنی ڕاستی نەخشەکە بریتییە لە (بەرژەوەندی) و (هێز) یا (دەسەڵات). گوتیشم بەکارهێنانی لۆکوود بۆ چەمکی بەرژەوەندی، فرمانگەرایی بونیادی دووچاری هەڵوێستی وا دەکات نەتوانێت ڕاڤەیان بکات. ئەوەش زیاد دەکەم کە تیۆری ململانێ سوودی لەو بیرۆکەیە وەرنەگرتووە، بۆیە بەردەوام جێگای ڕەخنەی ئەلکسەندەر بوو. بەو جۆرە تیۆری ململانێ لە چوار دەوری فەرمانگەرایی بونیادی دەخولایەوە و بە بەراوردیش لەگەڵ ئەو تیۆرێکی کەمتر ڕێکخراو و گشتگیرتر بوو، ئەوەش مانای وایە دەکرێت تیۆری ململانێ بەلقێک لە فرمانگەرایی بونیادی دابنرێت.

لەو بارەیەوە جەخت دەکەمە سەر کارەکانی داهرندرۆف، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تیۆرەکەی ئەو مەبەستی نییە جێگای تیۆری کۆ دەنگی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی هەردوو تیۆر مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەی جیاواز دەکەن و هەردووکیشیان هەمان چەمک بەکاردێنن، بەڵام بە پێچەوانەی یەکتری، بۆ نموونە هەر توخمێکی کۆمەڵایەتی خەوشێکی فەرمانگەرایی هەیە و کۆدەنگی و تۆبزیش لە تەنیشت یەکەوە بوونیان هەیە. تیۆری جیاوازی هەمان جیهان بەشێوەیەکی جیاواز ڕێکدەخات بەپێی جۆری ئەو کێشەیەی کە دەمانەوێت چارەسەری بکەین و خودی تیۆری ململانێش تەنیا شێوازێکە بۆ تەماشاکردنی جیهان، بۆیە دەشێت جیهان خۆرەتاو و جوان بێت پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، یا تاریک و بێزارکەر بێت بەیانی ڕۆژی دووشەممە.

بەو جۆرە، تیۆری ململانێ هیچ خوازەیەک یا لێکچوونێک بۆ بونیادنانی وێنەی خۆی لە بارەی جیهانی کۆمەڵایەتی بەکارناهێنێت، بەڵام دەشێت لە دەرەوەی تیۆرەکە خوازەیەک پێشکەش بکات، چونکە جیهان بەشێوەیەک لەشێوەکان گۆڕەپانی جەنگێکی شڵەژێنەرە و ئەگەر لە بەرزاییەکەوە تەماشای ئەو گۆڕەپانە بکەین کۆمەڵێک گرووپ دەبینین کە لەگەڵ یەکتری لە ململانێدان، بۆیە ئەو گرووپەیان پێکدێت دواتر دیسان خۆی پێکدێنێتەوە و هاوپەیمانێتی دەبەستێت و ئەو هاوپەیمانێتییەش دەشکێنێت. تیۆری ململانێ لەمارکسیزم نزیکە، وەکو تیۆری مارکس، گرووپەکانیش تاڕادەیەک بوون و ئاشکران و جۆری ململانێیەکەش نزیکە لەجێگیری، لەکاتێکدا هەندێکی تر هەندێک پلە و ڕێبەندی دەکەن، داهرندرۆف یەکێکە لەوانە.

لای داهرندرۆف چەمکی (سەمتی بەتۆبزی بەیەکەوە پەیوەستبوو) کە لەڤێبەر وەرگیراوە، جێگای هاوشێوەیی ئۆرگانی و بیرۆکەی سەمتی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، پێم وایە ئەو چەمکەش چەمکێکی ئاڵۆزە و داهرندرۆف بۆ ئەوە بەکاری دێنێت تاوەکو دەلالەت لە سەمتی (دەسەڵات) و سەمتی (هێز) بکات. لە یەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵات و هێز لە هەندێک سیاقدا گرنکە: هێز بەرەو ئەوە دەچێت پشت بە زۆرە ملێی ببەستێت، کەچی دەسەڵات هێزێکی شەرعییە، واتا هێزێکە لەسەر بڕیار و دانپێدانی گشتی بونیادنراوە،

بەڵام ئەو لێک جیاکردنەوەیە لە سیاقی ئێستاماندا کەمتر بایەخی هەیە، چونکە خاڵی یەکلاکەرەوە ئەوەیە کە (سەمتی بەتۆبزی بەیەکەوە پێوەستبوو) بریتییە لە هەر ڕێکخستنێک کە دەسەڵاتی تێدابێت، ئەوەش بە کردەیی مانای هەموو ڕێکخستنێک و بوونی دەسەڵات یا هێز خۆی لەخۆیدا مەرجەکانی ململانێ دروست دەکات. خاڵی دەسپێک لای داهرندرۆف بۆ تێرامان لە هێز یا دەسەڵات زۆر لە هی پارسۆنز جیاواز نییە، هەردووکیان پێیان وایە پێویستە، ئەگەرچی داهرندرۆف بەزاراوەی (پێداویستی فرمانی) ڕازی نابێت کە پارسۆنز بەکاری دێنێت. هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکن کە فرمانی هێز بریتییە لە پاراستنی یەکێتی سەمت و دابینکردنی ملکەچی لەکاتێکدا کە پێوەر و بەهاکان بێ سوودن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتێکدا پارسۆنز جەخت دەکاتە سەر لایەنە تەواوکارییەکان کە هێز پێداویستی سەرجەم سەمتەکە دابین دەکات، ئەوە داهرندرۆف پێی وایە فرمانی هێز ئەوەیە، چونکە سەرچاوەی دووبەرەکی و جیابوونەوەیە و دژکاری و ناکۆکی لە بەرژەوەندییەکان بەرهەم دێنێت. هێز و دەسەڵات دوو سەرچاوەی دەگمەنن، ئەوانەی موڵکداریتیان دەکەن بەرژەوەندییان لەوەدایە بارودۆخەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی بێبەشن بەرژەوەندییان لەوەدایە سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوە، واتا بەرژەوەندییان لەگۆڕینی بارودۆخەکەدایە. بەڕای داهرندۆرف ئەو بەرژەوەندییانە بەرژەوەندییەکی بابەتین و لەنێو بونیادی ڕۆڵەکاندایە لەپاڵ بەرژەوەندی یا فرمان کە هەموو ڕۆڵەکان دەبینین بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکە بەگشتی. ئەوەش مانای وایە جیهانی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵێک گرووپی ململانێکەر دامەزراوە، وەکو ئەوەی داهرندرۆف ناویان دەنێت نیمچە گرووپ.

ئەوە ئەو ئاستەیە کە تیۆرەکە بەو سیفەتەی تیۆرە پێی دەگات، بەڵام هەنگاوەکەی تر لە کۆمەڵێک مەسەلە پێکدێت کە لەسەر ئەزموون و معاینەکردن دامەزراوە لە بارەی ئەو بارودۆخەی کە لە سایەیەوە نیمچە گرووپەکان دەبنە گرووپی ململانێ و ئەو بارودۆخە جیاوازەی کە دەبێتە هۆی جۆرەها ململانێ و ئەو بارودۆخەی دەستنیشانی سروشتی ئەنجامەکانی دەکات. بۆیە تیۆرەکەی داهرندرۆف بە بەراورد لەگەڵ فرمانگەرایی بونیادی، دەبێتە تیۆرێک تایبەت بە ئاستی نزم و لەدوو بەش پێکدێت:

١- هەڵوێستێکی تیۆری سێنتەری: ئەویش ئەوەیە کە بونیادی ڕۆڵەکان بەرژەوەندی دژیەک و هەندێکی تری تەواوکار بەرهەم دێنێت.

٢- وەسفی گشتی ئەو بارودۆخەی دەبێتە هۆی ململانێ.

هەموو شێوەکانی تیۆری ململانێ بونیادی هاوشێوەیان هەیە، ئەوەش کۆمەڵێکی زۆر لێکۆڵینەوەی پراکتیکی بەرهەمهێناوە، ئەوەیە کە هانی لێکۆڵینەوە دەدات لە وتەزای وەسفی گشتی کە دەستنیشانی ئەو ڕەهەندانە دەکەن کە دەشێت هزری تیۆری پێی بگات.

ڕەخنەی خۆم لە تیۆری ململانێ ئەوەیە تیۆرێکە هیچ شتێک ڕاڤە ناکات، ئەگەر جارێکی تریش چاو بەو دوو بەشەدا بگێڕینەوە کە نمایشمان کردووە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئێمە ئەگەر بمانەوێت ململانێیەک لەململانێ ڕاستەقینەکان ڕاڤەبکەین، ئەوە دەبێت ئەو بارودۆخەش وەسف بکەین کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی، کەچی گریمانەی تیۆریی هیچ شتێکمان پێناڵێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە ململانێ مومکینە. مادام ئەوەشمان پێدەڵێت کە کۆدەنگیش مومکینە، ئەوە کەواتە شتی زۆرمان پێدەڵێت، چونکە هەمان شت ئەنجامی ناکۆکی لێدەکەوێتەوە. بۆیە هەرگیز ئێمە هیچ ڕاڤەکردنێکی هۆکاریمان دەستناکەوێت، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی خاوەنەکانی ئەو تیۆرەیە ڕوویان کردە توێژینەوەی عەینی.

ئەلکسەندەر لەساڵی ١٩٨٧دا ڕەخنەیەکی لە بارەی تیۆری ململانێ پێشکەش کرد کە پێم وایە بە قووڵی لەم خاڵە دواوە. لە ڕاستیدا تیۆرەکانی ململانێ کردن، یا تیۆری خۆکردەیین بە زاراوە پارسۆنزییەکەی و ڕاڤەکردنی جێگیری کۆمەڵایەتی ئەو تیۆرانە دەخاتە بەردەم کێشەوە. یا ئەوەتا جێگیری وا ڕاڤە دەکات کە جۆرێکە لە تۆبزیکاری، بەوەش دەسبەرداری خۆکردەیی دەبێت، یا ناچارە ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر کە ئەلکسەندەر ناوی دەنێت (فرە ڕەهەندی) کە بەمانای ئەوە هەموو توخمە فەرمانگەراییە پارسۆنزییەکانی تێبخات کە ویستی لەتیۆردا ڕەتیان بکاتەوە. داهرۆندرۆف بەشێوەیەک لە شێوەکانی ئەوەش دەکات گوایە ئێمە پێویستیمان

بەتیۆرێک هەیە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی جێگیری، تیۆرێکی تریش بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی ململانێ، کەچی لە هەمان کاتیشدا تیۆرەکەی توانای ڕاڤەکردنی هەردوو تیۆری بەیەکەوە پێدەدات. ئەلکسەندەر ئاماژە بە ئەوە دەکات کە کێشەکە بەهانا بردنە بەر فاکتەری عەینی چارەسەر دەکرێت کە گونجاوبن لەگەڵ هەڵوێستی میکانیکی بۆ ڕاڤەکردنی جێگیری، ئەوەش مانای دەسبەرداربوونە لە توانای بونیادنانی تیۆرێکی ڕێکخراو، پێشی وای لە حاڵەتی داهرندرۆفدا (فرەیی) بونیادی دەسەڵاتی بەشێوەیەک دابڕیوە کە هەڵگیرسانی ململانێیەکی جیددی بۆتە شیمانەیەکی دوور.

پێم وایە ئەلکسەندەر لەسەر حەقە، کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ڕایە ڕووەو چەمکی پارسۆنز دەچێت لە بارەی جیاکارییەوە، بەگشتی پاساوەکەشی ئەوەیە کە خاوەنەکانی ئەو تیۆرە هەمان تێڕامانی لایەنگرانی پارسۆنز بەکاردێننەوە بۆ دروستکردنی ئامانجی ناڕاستەقینە لەناو ئەو کێشانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، دەکرێت بە هەمان ڕادەش لە چوارچێوەی پارسۆنزدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لەلایەکی ترەوە، ئێمە ناتوانین فرمانگەرایی بونیادی بخەینە نێو هەمان چوارچێوەی تیۆری داهرندرۆف-ی، لەبەر ئەوەی داهرۆندرۆف وەکو پارسۆنز ئەوەندە ورد نییە لە ڕێکخستندا و دوور مەوداش نییە. ڕەنگە ئێمە بتوانین چاکەتێکی تریش لەنێو جانتایەکدا جێگا بکەینەوە، بەڵام ناتوانین جانتاکە لەگیرفانی چاکەتەکە جێگا بکەینەوە. بۆیە لە باشترین حاڵەتدا ئەو شێوەیە لە شێوەکانی تیۆری ململانێ حاڵەتێکی تایبەتە لە فەرمانگەرایی بونیادی، واتا یەکێکە لە لقەکانی.

### فەرمانگەرایی نوێ و مۆدێرنە

چی بۆتە هۆی ئەوەی تیۆرەکەی پارسۆنز بەو شێوەیە بخرێتە سەر گازی پشت، بەشێوەیەک بۆتە سەرچاوەی ئەو هەموو فرە کارە؟ پێم وایە دوو هۆکار هەیە: یەکەم، ئەوەیە کارەکانی ئەلکسەندەر باشترین گوزارشتی لێدەکات، ئەویش درککردنی ئەوەیە کە تیۆری کۆمەڵایەتی خاوەنی فرە ڕەهەندییە و تیۆرە گەورەکەی پارسۆنزیش دان بەو ڕەهەندانەوە دەنێت، جگە لەوەی دان بەوەدادەنێت کە فرەییەک هەیە لە کردە هۆکارییەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوەش مانای وایە ناشێت جیهان وا بە سانایی بەپێی سیستەمی پاراستنی دۆسیەکان ڕێکبخرێت و یەک تاکە کلیلیشی هەبێت. لەلایەکی تریشەوە دەسبەرداری گەڕان بەدوای کلیل بوون بە هەموو جۆرەکانییەوە دەردەخات، چونکە شێوازی توێژینەوەی وەسفی گیرایە بەر بەپێی ئەو گریمانەی کە دەڵێت دەشێت بەشێوەیەکی عەینییانە دەستنیشانی کردە هۆکارێتییەکان بکرێت.

پێدەچێت دەستنیشانکردنی تیۆرییانەی میکانیزم و کردە هۆکارێتییەکان بە یەکجاری لەدەستچووبن و ئەوەی ماوەتەوە ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێت جیهان شوێنێکی ئاڵۆزە. ئەوەش بەرەو وەڵامی دووەممان دەبات کە پێمان وایە یەکێک لەو ئەنجامانە ئەو سروشتە ئاڵۆز و نادیارەی مۆدێرنەیە، کە بریتییە لە دەسبەرداربوونێکی جوزئیانە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەر پتەوییەک لەنێو جیهاندا. فرانک لکنەر لە دوو لێکۆڵینەوەدا بە دوای ئەو بۆچوونەدا چووە و پێی وایە پارسۆنز دەیتوانی درک بە کێشە بنچینەییەکانی مۆدێرنە بکات، ئەویش ئەوەیە کردەی کۆمەڵایەتی بە سروشتی خۆی بە تەنیا سیستەم دروست ناکات، بەڵکو ئاژاوەش دەنێتەوە و ئەو چوار ڕەهەندەی پارسۆنزیش بۆ سیستەمی داناوە، لە هەمان کاتدا چوار ڕەهەندی ئاژاوەشن. جگە لەوەش پێی وایە پارسۆنز دانی بەوە داناوە کە ئاڵۆزی ژیانی نوێ وا دەخوازێت دان بە کۆمەڵێک تەئویلاتی جیاواز بۆ واقیع دابنێین، بەڵام ناکۆکی و دژکاری لەوە دابوو ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سەمتە تیۆرییەکەی تاکە سەمتی تیۆرییە. پارسۆنز مەبەستی بوو تیۆرێکی گشتگیر بونیاد بنێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەمتە هزرییەکەی وا دەرکەوێت وەکو ئەوەی کۆن بووە.

لەو چوارچێوەیەدا، دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کە درزبردنی سەمتە تیۆرییەکەی پارسۆنز ئەنجامی حەتمی ئەوکردانە بوو کە خودی پارسۆنز هەوڵیدەدا تێیانبگات. موفارەقەی تیۆری کۆمەڵایەتی لەوەدایە هەوڵدەدات بگەڕێتەوە سەر پارسۆنز، وەکو ئەوەی گرنگترین تیۆریستی مۆدێرنە بێت، چونکە دەبینین هەریەک لە هۆڵتۆن و تێرنەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو لایەنەی لەنێو تیۆرەکەی پارسۆنزدا زۆر سەرنج ڕاکێشە، ئەوەی کە تیۆرێک لە بارەی مۆدێرنە پێشکەش دەکات،

جەخت دەکاتە سەر ئەوەی هەندێک بەها هەیە هەردەبێت قبـوولّمـان بێت ئەگـەر بمانەوێت مـۆدێرنە بێـتـە واری پراکتیکییەوە. پارسۆنز نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەلەف یا بەهاکـانی بەر لەمـۆدێرنە تا وەکـو کـۆمـەڵناسـانی تر زیندوویان بکاتەوە. بەو پێیەش هەریەک لە ڕۆبەرتسۆن و تێـرنەر پێـیـان وایە ئێـسـتـاکـە دەبێت پارسـۆنز وا بخـوێنرێتـەوە وەکـو ئەوەی تیـۆریسـتی کـۆمـەڵگا سەرمایەدارییە تازەکان بێت، لە بارودۆخێکدا کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بەهادار نییە بۆ سەرمایەداری و ئەو ڕایەی پارسـۆنزیش سـەلمێنرا کـە دەیگوت وڵاتە سۆسیالیستییەکان ڕوو بەڕووی کارەسات دەبنەوە، دەرکەوت ئەو ڕایەی زۆر لەوە ڕاستتر بوو کە وەهم بێت، ئەو قسەیەی لە کاتی جەنگی ساردا وەسفیان پێدەکرد.

جگە لەوانەش، ئێـسـتـا وا دەگـوترێت کـە پارسـۆنز (لوتکەی ئەخـلاقی) فـرەیی لیـبـرالیـیـە، بەوەی هانی لێبووردن و کرانەوەی دەدا. ڕەوتی فەرمانگەرایی نوێی ئەلکسەندەر لە ئەمریکا پەیوەستە بە ڕەوتی لیبـراڵی پێشکەوتووخواز کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان پارسـۆنز خـۆی پێیەوە گرێدابوو، پێموایە ئەو تەئویلاتە سیاسییانەی پارسـۆنز پێوەندییەکی تووند و تۆڵتری بەو چوارچێوە سیاسییەوە هەیە کە لەمیانەیەوە کارەکانی دەخوێنرێتەوە لە پێوەندی بە جەوهەری بیری، بەڵام ئەو خوێندەوانە زۆر بە ڕاشکاوی ڕەهەندی سیـاسی و ئەخـلاقی تیـۆری کۆمەڵایەتی دەخەنە ڕوو کە من لە بەشی دووەمدا باسم کرد و دوای کەمێکی تریش دەگەڕێمەوە سەریان.

## پوختەیەکی کورت

تیۆرەکەی پارسۆنز لە زۆر لایەنەوە وانەیەکە لەبارەی چالاکی تیـۆریسـتی و مـەترسـییـەکـانی، جگە لەوەش جەخت دەکاتە سەر لایەنە سەمتییە فراوانەکانی وجودی کۆمەڵایەتی کە پێدەچوو وەکو ئەوەی بۆ ماوەیەک لەنێو تیۆرە باوەکانی کردەدا ونبوو بێت. پێم وایە ئەوەش هۆی ئەوە بوو کـۆمـەڵناسە ئەمریکییەکان گەڕانەوە سەری، چونکە ڕاسـتـە بایی ئەوەندە هەڵەی تێـدایە، بەڵام بەلایەنی کەم تیۆرێکە لە بارەی کۆمەڵگا بەگشتی. من بۆ ئەوە چووم بنچینەی کێشەکە لەو بەگشتیکردنەی کەسەکانەوەیە بۆ سەمتی کـۆمەڵایەتی، بۆیە ئەو دەرفەتەی لە دەسـتـداین لە قـووڵایی کـردەی تاک و قووڵایی کۆمەڵگا تێبگەین، هەوڵەکانی فەرمانگەرایی نوێ بۆ ئەوە بوو سـەرلەنوێ ئەو ڕەهەندانە پێـشکەش بکاتەوە و دەسبەرداری بیرۆکەی تیۆری ڕاڤەکاری بێت و پۆلێنەکـانی پارسـۆنز وا قـبـووڵ بکات کـە ئامـرازی یارمەتیدەرن بۆ وەسفکردن. پێم وایە ئەو سەمتە تیۆرییە توانای تێگەیشـتنی یەکـێک لە بوارەکـانی وجـودی کۆمەڵایەتییان پێدەدات.

لە بەشی دووەمدا ئاماژەم بۆ (کایەی ناوەڕاست) کرد، کـە ناوچەیەکـە لەواقـیع بەیەکـەوە و دەربڕی تایبەتمەندییەکانی تاک و کـۆمـەڵگایە. هەندێک ڕێکخراوی وەکو حزبی سیاسی و گرووپە ئاینییەکان و کۆمپانیاکان، دەشێت وا تەماشا بکرێن وەکو ئەوەی بوونێکی سـەربەخـۆیان هەیە، وەکـو ئەوەی خـاوەنی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی کردەی مرۆڤایەتی بن وەکو ئامانج و پێوەر و بەها کەوا لە ئەندامەکانیان دەکەن بێن بەیەک یەکـەی گـشـتی. ڕەنگە بکرابووایە وا لەو دەزگایانەش تێبگەین کە شێوەیەکی سەمتی ئۆرگانین و بەوردی دەستنیشانی پێداویستییە فرمانییەکانیان بکەین و ئاماژە بۆ لەناوچوونی هەندێکیشیان بکەین بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە پێداویستییە فەرمانییەکانیان دابین بکەن، هەروەها تێگەیشتن لە مـیـکانیـزمی دابینکردنی پێداویستییەکان و میکانیزمی گونجان و تەواوکـاری و...تاد. واتا هەندێک بۆنە هەیە گـرووپە مرۆڤایەتییەکان بەیەکەوە کاری تێدا دەکەن (نەوەکو کـۆمـەڵگا بەگـشـتی) و دەشێت بەپێی شـێـوازی ئیشیکردنیان بەسەمتی زیندووی تری وەکو بوونەوەری ئادەمـیـزادی بچـوێنرێن، بەبێ ترس لەو خـەوشـانەی باسمان کردن.

یەکێک لەو ڕێگایانەی تێرامان لەو ئاستەنگیـیانەی دووچاری فـەرمـانگەرایی بونیـادی دێن، تێـرامـانە لە داخـزانەکـانی خـوازە. لایەنی داهێنەری تیـۆر لە بەکـارهێنانی زمـانی مـەجـازیدایە، چونکە لەلای ئەو سەمتە کۆمەڵایەتییەکان لە سەمتە ئۆرگانییەکان دەچن. کـەچی پارسـۆنز ئەو لێکچـوونە زیاتر لەوەی بەرگـەی دەگرێت بەرەو پێش دەبات و سەمتە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە جۆرێک لە سەمتی زیندوو، پێشم وانییە پێویست بکات ئەو خـوازەیە تا ئەو ڕادەیە پێـشـڤـە بچـێت، ئەنجـامـدانی ئەوکـارە مـانای دانانی گـریمانەیەکی

میتافیزیکییە کە هیچ پاساوێکی نییە لە سروشتی جیهاندا، ئەوەش وادەکات بایەخ بە مەسەلەی وەکو ململانێ و گۆڕان نەدرێت.

دەکرێت وا تەماشای هەریەک لەمیرتۆن و گولدنەر بکرێت کە تارادەیەکی زیاتر پاڵیان بەخوازەوە نا، تا پلەیەک هەڵسان بەوێنەکردنی جیاوازییەکان و دەستنیشانکردنی لەنێوان سەمتە کۆمەڵایەتی و سەمتە زیندووەکانی تردا، فەرمانگەرایی نوێش ئەو ڕەوتەی لەوەش زیاتر برد. هەر ڕاڤەکردنێکی فەرمانگەرایی گەر وانەکات ئەوە بێگومان بەرەو پارێزگاریکردن هەنگاو دەنێت، کەچی ئەو ڕووگەیە بەشێکی پێویست نییە لە تیۆری فرمانگەرایی بونیادی. ئەوەش وانەیەکی گرنگی بیرکردنەوەی تیۆریی تێدایە کە بریتییە لەوەی خوازە و پێوەرەکان تەنیا سەرنج بۆ هاوشێوەیی کێش ناکەن، بەڵکو سەرنج بۆ جیاوازییەکانیش کێش دەکەن.

لە کۆتاییدا بەکارهێنانی بێ پاساوی خوازە لەگەڵ خۆیدا دانپێدان بە بەها گشتییەکانی سەمتیش دێنێت، هەروەها پابەندبوون بە مۆدێرنە بەبێ حەزکردن بە ڕابردوو. ڕەنگە ئەوە دوا شت بێت کە پێویستە لە تیۆرەکەی پارسۆنز تەبەنی بکەین. من پێشتر باسی هەندێک دیاردەی کۆمەڵایەتیم کرد لە شێوەی ڕۆشنبیری لاوان و سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی خولیای نەتەوەخوازی لە ئەورووپای خۆرهەڵات، ئاماژەن بۆ ئەوەی بەهاکانی مۆدێرنە، ئەوانەی نەزعەیەکی گشتییان هەیە، ناتوانن پابەندبوون بچەسپێنن، یان تاک ناچار بکەن پێیانەوە پابەند بێت و ناچاریش نییە وابێت، چونکە بەهاکانی مۆدێرنە بۆ کۆمەڵگای لیبراڵی پێویستن جا شێوەی ئەو کۆمەڵگایە هەر چۆنێک بێت، لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەو بەهایانە بەشدارن لە دروستکردنی حاڵەتی بێ ئینتیمایی کە لە بنەمادا لیبرالیزم هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەگەر بیرۆکەی پارسۆنز لە بارەی مۆدێرنە وەکو خۆی بەبێ ڕەخنەگرتن وەربگرین، وەکو ئەو کەسەمان لێدێت کە گوتبووی: «سەرەڕای هەموو شتێکیش، بەڵام تایتانیک کەشتییەکی جوان بوو».

ئەگەر کردە وەکو خاڵی سەرەتا وەربگرین، پێم وایە واباشترە، هەر شێوەیەک لە شێوەکانی تیۆری کردە لەنێو چوارچێوەی فەرمانگەرایی بونیادی ئاوێتە بکەین، بەتایبەتیش کاتێک ئەو چوارچێوەیە دەسبەرداری هێزی بنچینەیی ڕاڤەکردنی خۆی دەبێت. ئەلتەرناتیڤیش ئەوەیە دەسبەرداری هەر بیرۆکەیەک بین کە پێی وایە کۆمەڵگا لە ئاست تاکەکاندا بوونێکی سەربەخۆی خۆی هەیە.

ئەو شێوە جیاوازانەی تیۆر کە لە بەشەکانی داهاتوودا دەیانخەمە ڕوو، زۆرجار ئەو بوونە سەربەخۆیەی کۆمەڵگا ڕەت دەکەنەوە، یا ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕاڤەکردنی پتەوی کۆمەڵایەتی دەخەنە ڕوو، وەکو ئەوەی بڵێین کە ئەنجامی کردەی تاک و پێوەندییەکانیەتی، ئەو تیۆرانەش ناتوانن لەو پردە بپەڕنەوە کە نێوانی تاک و کۆمەڵگا بەیەک دەگەیەنێت.

بەڵام بڕواناکەم ئەوانە تاکە ئەلتەرناتیڤ بن، چونکە ئێمە لای لۆکوود بیرۆکەی بەرژەوەندی ماددی بەدی دەکەین، ڕکس-یش بیرۆکە ئاوێتەی تیۆری تایبەت بەململانێ دەکات و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ مارکسیزم ئاشکرایە. ئێمە مادام مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە دەکەین گوایە لایەنێکن لەلایەنەکانی تیۆری خۆکردەیی، ئەوە ئەو قەیرانە وەکو خۆی دەهێڵێتەوە کە ئەلکسەندەر ڕوونی کردۆتەوە، بەڵام ئەگەر توانیمان بەرژەوەندییە ماددییەکان وا لێ بکەین بایەخێکی قووڵتریان پێ بدرێت و ئاڵۆزییەکی زیاتریش لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی مادیدا دروست بکەن، ئەوە دەشێت چەمکێکی جیاواز لەبارەی کۆمەڵگاوە سەرهەڵبدات. ئەوەش ئەو شتەیە لەو بەشەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە کە لەبارەی مارکسیزمی بونیادگەریدایە.

**سەرچاوە: النظرية الاجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ايان كريب، ترجمة: د. محمد حسين غلوم، الكويت، ١٩٩٩.**

# سووورداش

دێی سووورداش لە ئەسڵدا یەکێکە لە کۆمەڵە شارێکی کۆنی کوردستان، کە تائێستا مێژوویان ونە و هیچێکی ئەوتۆیان لە بارەوە نازانین. ئێستا: شارۆچکەیەکی سەر بە دووکانە لە پارێزگای سلێمانی و دەوری ٥٥کم لە باکووری خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە و ١٧کم-ێکیش لە خۆرهەڵاتی زێی بچووکەوە دوورە و دەکەوێتە بەری دەستەڕاستی ڕێگای سلێمانی- دووکانەوە. جێگەیەکی دڵگیری هەیە و ڕوو لە باشوورە. شاخی گەورەی پیرەمەگروون وا لە باشووری خۆرهەڵات و نێزیکیەوە و ئەمیش پاڵی بە زنجیرە چیایەکی بەردینەوە داوە کە یەکێکە لە شاخە جوانەکانی کوردستان و چەند لووتکەیەکی بەرزی وەک سەرە خەنجەر بەرەو ئاسمان بڵند بوونەتەوە و بە «شاخی سووورداش» بەناوبانگە، زێی بچووک لەلای دووکان شاخی سووورداشی لە چیای کۆسرەت دابڕیوە، ئەم زنجیرەیە بەرەو خۆرهەڵات تا پشت شاری سلێمانی درێژ دەبێتەوە و دەبێتە سنووری باکووری دەشتی شارەزوور (شەهرزور). دەشتی سووورداش دەکەوێتە باشووریەوە و لە ڕووی کشتوکاڵەوە جێی بایەخە.

### دیمەنێکی گشتیی سووورداش

شاخی پشت سووورداش زۆر سەختە و تەنیا ڕێی «پلە گەورە»ی هەیە بۆ پیادە، ئەویش گەلێک سەخت و نارەحەتە بۆ هەموو کەسێک نابێ. ڕێی «بووک و خەسوو»یشی بۆ پیادە هەیە کە نێزیکەی ٣-٤کم-ێک لە باکووری خۆراوایەوە دوورە. تەنیا (دابان)ی خۆرهەڵاتی «شەدەڵە» و لای «جاسەنە» کە هەردوو لە یەکەوە دوورن- ڕێی وڵاخیان بەسەرەوەیە و هەروەها دەربەندی

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

قەمچوغە.

دەزگای گشتێتی شوێنەوار لە بەغدا بەوەی نەزانیوە کە سووڕداش شارێکی کۆنی خاوەن شوورا و قەڵا بووە و جێیەکی شوێنەوارییە و ناوی تۆمار نەکردووە، وەک چۆن ناوی بەشی هەرە زۆری شوێنەوارەکانی کوردستانی باشوور لەلایەن ئەم دەزگایەوە تۆمار نەکراون. باسی سووڕداشم لە سەرچاوەکانی کاتی ئیسلامەتیشدا نەدیوە. ڕەنگە بەناوێکی ترەوە ناوی لە هێندێک سەرچاوەدا هاتبێ. خەڵکەکەی دەڵێن: ناوە کۆنەکەی «قەڵای سپی حەسار» و «قەڵای زەنگی» بووە(١) سەبارەت بە یەکەم ناویان وابزانم چەند مێژوونووسێکمان لەم سەدەیەدا ئاماژەیان بۆ کردووە. هەرچی «قەڵای زەنگی»یشە، خەڵکەکە دەڵێن: ئەمە لەوەوە هاتووە کە «زەنگ»ێکی گەورە لە قەڵاکەدا هەبووە، کە لێدراوە، دەنگی تا ڕووباری زێ چووە، بەڵام من بەدووری نازانم کە ئەم ناوە لە بنەماڵەی «زەنگی»یەوە هاتبێ. کەوا لە سەدەی دوازدەیەمی زایینیدا حوکمی ناوچەی شارەزووریان کردووە. عیمادەدین زەنگیی کوڕی ئاق سونقوور، کە لە ئەتابەکانی سەلجووق بووە پێتەختەکەیان مووسڵ بووە، لە ساڵی ٥٣٤ی کۆچیدا ١١٣٩-١١٤٠ زایینی ناوچەی شارەزووری داگیرکردووە، کە پێشتر لەژێر دەستی (قەفجاق)ی کوڕی ئەرسەلان تاشی تورکمان بوو، بۆیە سەیفوددین غازیی کوڕی عیمادوددین لە ناوچەی شارەزوور دادەنیشت، چونکە موڵک و «اقطاع»ی ئەو بوو. پاش کۆچی دوایی کردنی عیمادوددین، ناوچەکە هەر پارچەیەک بووە لە دەوڵەتی زەنگی. تا لە ساڵی ٥٨١ی کۆچیدا سەلاحەددینی ئەیوبی بۆ داگیرکردنی مووسڵ هاتەوە «ژمار»ی کردە بارەگای خۆی، بەڵام ئەم لەگەڵ «عیزەددین مەسعوودی» کوڕی مەودوودی کوڕی «عیمادەددین» زەنگیدا پێک هات لەسەر ئەوەی کە «سەلاحەددین» واز لە مووسڵ بهێنێ و ئەویش شارەزوور و ویلایەتی «دەربەند قەرابلی» کە شوێنی بۆمان دیار نییە و هەموو ناوچەکانی خۆرەڵاتی زێی گەورەی وەک هەولێر بداتە سەلاحەددین بەم پێیە ئەوپەڕی کوردستانی باشوور کەوتە نێو دەوڵەتی ئەیوبییەوە. سەلاحەددین لە ساڵی ٥٨٦ی کۆچیدا، بەرانبەر بە حەڕڕان و ڕەها (ئورفا)، هەولێری دایە سوڵتان موزەففەری هەولێری مێردی خوشکەکەی تەنانەت شارەزوور و «ویلایەتی قەرابلی» و بنەماڵەی «قەفجاق»یشی خستە ژێر دەستی سوڵتان موزەففەرەوە، لەلایەن سەلاحەددین-ەوە سەرپشک کرابوو کە حوکمیان تێدا بکات(٢).

جا بۆیە بە دووری نازانم کە سووڕداش مەڵبەندی



حوکمداریی زەنگییەکان (واتە مەڵبەندی ناوچەی شارەزوور) بووبێ و ئیتر لەمەوە ناوی زەنگییەکانی پێوە مابێ. هەروەها پێدەچێ زەنگییەکان دەستێکی باشیان بە قەڵا و شووراکەیدا هێنابێ و دیسان ئاوایان کردبنەوە. مێژوونووسی گەورە «محەمەدئەمین زەکی» لەسەر ئەو ڕایەیە کە ناوی سووڕداش لە ناوە کۆنەکانی «لۆلۆ» و «گۆتی»یە کە بە «ئاش» کۆتاییان دێت(٣). ئەگەر وابێ، دەبێ مێژووی بەلانی کەمەوە بگاتە نێزیکەی چوار هەزار ساڵێک لەمەوبەر، هێندێکی دیکەیش هەن لەسەر ئەو ڕایەن کە ناوی سووڕداش لە زەمانی عوسمانییەوە پەیدا بووە و، لە دوو بەش پێک دێت: کە عەرەبییە و، یانی شوورا و، «تاش»ی تورکی کە بووە بە «داش»، واتە بەرد. هەردوو بەسەریەکەوە، مانای شوورای بەردین دەگەیەنن(٤). من بۆ ئەوە دەچم کە زۆربەی ناوە تورکییەکانی ناوچەی سلێمانی کە تا ئێستایش ماون، وەک ناوی سووڕداش و یاخسەمەر و باوەگێڵوی و...تاد، لەپێش زەمانی عوسمانی- واتە بەر لە سەدەی شازدەیەم- پەیدابوون، یانی لەکاتی سەلجووقییەکاندا و پاش هاتنەوەی تورکمانی سەلجوقی بۆ ناوچەی شارەزوور پاش وەفاتی میری کورد سوهراب «سرضاب»ی کوڕی بەردی ئانازی «عنازی» لە ١١٠٧ و لەکاتی میرنشینی «قەفجاق»ی تورکماندا کە ئەمانە موڵکی کوردیان زەوت کرد، ئیتر لەمەوە ئەم ناوانە سەریان هەڵدا کە ناوی دێهاتیان دەگۆڕی بە تورکمانی، بەڵام لەکاتی عوسمانیدا، تورک وەک دانیشتوان لە شار و گوندەکانی ئەم ناوچانەدا بڵاونەبوونەوە، ئەوانەیان نەبێ کە بە کەمی وەک فەرمانبەر لەنێو شارەکاندا مانەوە، دیارە ئەمەیش نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەوەندە ناوی تورکی لە دەرەوەی شارەکاندا تەشەنە بکەن، بەڵام لەکاتی سەلجووقی و ئەتابەگەکاندا لەنێوان سەدەی یازدەیەم و دوازدەیەمدا تورکێکی زۆر بە هەموو ناوچەکانی کوردستان وەربوون و



نیشتەجێ بوون و توانییان بە زۆری خۆیان بەربەرەکانێی کورد بکەن. لە زەمانی دەوڵەتی زەنگیدا چەند ساڵێک شەڕ لەنێوان هەردوو لادا و لە هەرێمی جزیرە و مووسڵ و دیاربەکر و خەلات (خلاط- لەسەر زەریاچەی وان) و شام و شارەزوور و ئازربایجاندا درێژەی کێشا. ئەم شەڕە لە ساڵی ٥٨١ی کۆچییەوە (١١٨٥-١١٨٦ی زایینی) دەستی پێکرد و، خەڵکێکی زۆر لە هەردوولایش تێدا کوژران، هەتا «مجاهدالدین قایماز»ی وەزیری زەنگییەکان توانیی هەردوو لای بەشەڕ هاتوو پێک بهێنێتەوە(٥). سووورداش لە دەورانی عوسمانیدا جاروبار مەڵبەندی ناوچەکەی بووە، واتە مەڵبەندی ناحیەیەک لە لیوای سلێمانی. تا ئێستایش هەر بە مەڵبەندی ناحیە دادەنرێت، ئەگەرچی ڕژێمی بەعس وێرانی کردووە.

سووورداشی ئێستا دوو بەشە و گردی قەڵا لەنێوانیاندایە. بەشە کۆنەکەی بریتییە لە گردی قەڵا و بەشی خۆراوا. بەڵگەیش لەسەر کۆنیی سووورداش، ئەو گۆزە گۆڕانەن کە لە قووڵایی زیاتر لە دوو مەتری خاکی بەشی خۆراوایدا لەلایەن خەڵکەکەوە دۆزراونەوە. جگە لە دۆزینەوەی خشتی سوورەوەکراو لە بناخە کۆنەکاندا و ساخ کردنەوەی دەبێ تەمەنی ڕاستەقینەی سووورداش بە پشکنین (تنقیبات)ی شوێنەوارناسی دەستنیشان بکرێت لە داهاتوودا.

### شوورای سووورداش

لەمێژ بوو، هەم لە ڕێی خەڵکی سووورداشەوە و هەم بە سەردانی ساڵی ١٩٨٤م بۆ ئەوێ، بەم شوورایەم دەزانی، بەڵام تا ٢٢ی ئابی ١٩٩٢ هیچ کارێکی زانستی و شوێنەوارناسیم لە بارەیەوە ئەنجام نەدابوو. تا لەو ڕۆژەدا لەگەڵ برایان خەیام کارگەچی و سەردار مەردان لە ئەندامانی کۆمەڵەی کەلەپووری کوردییەوە لە سلێمانی چووم بۆ سووورداش. ئەوسا سەرۆکی کۆمەڵە بووم(٦). ئیدی کەوتینە پێوان و گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی شوورا و قەڵاکەی. کاک سەردار وێنەگری ڤیدیۆمان بوو. سووورداش ئێستا وێرانە و تازە خەریکە تاکە تاکە خانووی تێدا دروست دەکرێتەوە، لە ١٩٦٣دا جارێکی دیکە لەلایەن بەعسییەکانەوە وێران کراوە.

شوورا سێ لای خۆرەڵات و باشوور و خۆراوای شاری سووورداشی گرتووە، لای پشتەوەی نەبێ کە شوورای نەبووە، چونکە پێویستیی پێی نەبووە شاخێکی بەرز و سەختە. شوورا وەک لە چەند جێیەکیدا بناخەکەی بە ساخڵەمی ماوە و بە چاو دەبینرێت، بە بەردی سپی و گەچ ئاوا کراوە. بەشی خۆرەڵات و خۆراوای هێندێک بەردی زۆر گەورە لە بناخەکەیاندا بەکارهاتوون. بە پێی قسەی برێک لە خەڵکەکەی کە بە ڤیدیۆ و بە شریتی کاسێت تۆمارمان کردووە، شووراکە تا کاتی هاتنی ئینگلیز بۆ ئەم ناوچەیە بە بەرزی دەوری مەترێک یا زیاتری مابوو، بەڵام حکوومەت کرێکاری خستە سەر شووراکە و بەردە تاشراوەکانی هێنا بۆ دروستکردنی قشڵەیەک لە بەشی خۆرەڵاتدا کە بریتی بوو لە دائیرەی ناحیەکە و جێی پۆلیس- کە حەفتا پۆلیسی دەگرت- و هەروەها جێی ئاخوڕی وڵاخەکانیان کە چل وڵاخ دەبوو. ئەم قشڵەیە، یان بڵێین پاسگە (مەخفەر) گەورەیە، بە بەردی شوورا ئاوا کراوە و، باسی ئاواکردنەکەیشیم لە خوالێخۆشبوو وەستا عەلیی وەستا حەسەنی فاتمە غەزایی وەستای بیناساز وەرگرتووە کە خۆی لەگەڵ وەستا سەعید و وەستا ئەمینی جووتەبرای یا لەگەڵ یەکێکیاندا لە دوادواییەکانی ساڵانی بیست یا سەرەتاکانی ساڵانی سیدا ئاوایان کردووە، ئەوی ڕاستی بێ، قشڵەکە بەدیمەن یەکجار جوان بوو و سێ کەلوو (بورج)ی هەبوو، بەڵام حکوومەتی تاوانباری بەعس تەواو ئەو قشڵەیەی وێران کرد، بە جۆرێک کە مرۆڤ هەست ناکات ئەو جێیە شتێکی وای لێ هەبووە. ئەگەرچی پێشتر گەلێک بەشی وێران کرابوو. جگە لەوە، خەڵکەکەیشی برێک لە بەردەکانی شووراکەیان دەرهێناوە و خانوویان پێ کردووە. ئێستا پاش بردنی بەردەکانی شوورا، کۆمەڵە گاشەبەردەکانی نێو دیواری شووراکە دەبینرێن. پانیی شوورای خۆراوا ١٦٠سم و لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژ دەبێتەوە و ئەم لایە لە جێیەکەوە دەست پێدەکات کە شاخە و پێی دەڵێن «شاخی کنێرە» و ساڵی ١٩٧٧ بەشێک لە شاخەکە هەرەسی هێناوە لە تەنیشتی ناوەوەی شووراکەدا. پارچەیەکی شووراکە لە دەست پێکردنیدا

باش دیارە و شووراکە لەوێدا بە لاری بەرەو باکووری خۆراوا دەچێ بە دوورایی دەوری ٥٠م-ێک و بە بینین ساخ دەبێتەوە کە ئەوکاتەی شووراکە ئاواکراوەتەوە پانیی ئەم بەشەیان بە کۆن و نوێوە نێزیکەی ٣م بووە. پێدەچێ ئەمە لقێکی شووراکەیش بێ و شوورا بنەڕەتیەکەیش بە ئەندازەی ٣٠ مەترێک کەوتبێتە بن بەردە زلەکانی هەرەسەکە.

شووراکە پاش ئەو لارییە کە باسمان کرد، بەرەو خوار دێت تا بەردەم کانیی ژنانی پشت ماڵان کە نێزیکی کانیاوەکەیە و تاقە کانیی شارەکە بووە. واتە بەشی خۆراوای سوورداشی ئەمڕۆ. لەم مەودایەدا لانی کەم شوێنەواری شەش کەلوو (بورج) دەبینرێن کە نێوانی هێندێکیان ٢٠م-ە. شوێنەواری هێندێک بینایش لە هەردوولای شووراکەدا هەن، هێندێکیان بە خڕی هەڵکەوتوون و بینای عەسکەرین و هێندێکیشیان نێزیکەی ٢٠م-ێک لە دەوری شووراکەوە دوورن. ئەمەیش دیمەنی بەشێکی دیکەیە لە شووراکە.

دەرگای خۆراوای شار- بە قسەی خەڵکەکەی- دەکەوتە ڕاست کانیی ژنان. درێژیی بەشی خۆراوا لە شووراکە دەوری ١,٥کم-ە. شوێنەواری بەشی باشووری شووراکە کە لە خوار کانیی ژنانەوە تا گردی قەڵا درێژ دەبێتەوە، زۆر بە کەمی دیارە، واتە کوێر کراوەتەوە،



چونکە خەڵکەکە لەم بەشەیاندا شووراکەیان تێکداوە و ئەو ناوەیان کردووە بە باخ. دەتوانین هەر ئەوە بڵێین کە هێندێک لە دیواری باخەکان شوورایە. بەشی باشووری شووراکە بە زەوییەکی نزماندا ڕەت دەبێ کە لە شێوە دۆڵێک دەچێ. بەردێکی خڕی یەکجار گەورە لەناوەڕاستیدا و لە پشت مزگەوتدا هەیە، بەرزیی دەوری ٥م-ە ئەم بەردە کاتی خۆی کەوتووەتە نێو شووراکە. بەم پێیە دەکرێت بەرزیی شوورا بە پێنج مەتر، واتە لانی کەم بە بەرزیی ئەم بەردە، مەزەندە بکەین.

### شوورای خۆرهەڵات

شوورای خۆرهەڵات بە گردی قەڵادا هەڵگەڕاوە، بەڵام پتر بەسەر بەشی لای خۆراوایدا. پاشان هێنراوەتە لای خۆرهەڵاتی گردەکە لە ئاست بەردە قیتەکەی قەڵادا تا بۆ نزماییەکەی نێوان گردی قەڵا و شاخەگەورەکە شۆڕبووەتەوە و بە دامێنی شاخە گەورەکەدا بەرزبووەتەوە تا گەیشتووەتە شاخە بەردەڵانەکە. بەشی هەرە زۆرە شوێنەواری شوورای ئەم بەشەیش کوێرکراوەتەوە. بڕێکی باشی شووراکە لە نێزیک کۆتایی بەرانبەر بە گردی قەڵا و لە دامێنە لێژەکەی شاخە گەورەکەدا ماوە و پانیی ١,٥م-ە.

### دەرگای خۆرهەڵات

دەرگای خۆرهەڵاتی کۆنە شاری سوورداش وا لەژێر کۆتایی گۆشەی خۆرهەڵاتی گردی قەڵا، لەو جێیەدا کە گردی قەڵای لە شاخە گەورەکە جوێ کردووەتەوە. ئێستا شوێنەواری دەرگاکە هەر گاشە بەردە هەڵڕژاوەکانی هەردوو کەلووی هەردوو بەری دەرگاکەن کە ئەمە وێنەکەیانە. دیمەنی بەشی باکووری قەڵا هەر لەم وێنەیەدا دیارە. کاک سلێمان ڕەشید قادری خەڵکی سوورداش کە تەمەنی ٦٣ ساڵە (٧) دەڵێت: لە باشووریشدا و لە خوار مزگەوتەکە و لەلای کۆتایی بەری خۆراوای گردی قەڵادا دەرگایەک هەبووە و، ڕێگەیەک هەر لە دەمی دەرگاوە بە پلە کرابوو بۆ سەرکانی و ناوی ئەم دەرگایە (دەربە) بووە. من بەدوور نازانم ئەم شوورایەی سوورداش یێ کاتی ساسانی بێ.

### قەڵا

قەڵای سوورداش وا لەسەر گردی نێوان هەردوو بەشی سوورداش. گردەکە لە هەر چوار لاوە لێژە و بەشێک لە بەری خۆراوای- واتە بەری خۆراوای قەڵایش- شاخە بەردەڵانە و قەڵا لەو تەنیشتەوە سەختە، بەڵام مەوداکەی

کـــەمـــە و دەوری ٥-٦م-یَک بەرزە و شـــوورایش لە باشـــوورەوە بەرز بووەتەوە تا گـەیشـــتووەتە ئەم بەشـە بەردەڵانە. ئەم بەشەی گردی قەڵا کە بەرزترین جێیەتی، بەردی زل زلی لێ هەن و یەکێکیـان و بەرزترینیـان وەک کـەللەشـەکرێکە سـەرەکـەی لە دووریی نیـزیکەی پێنج مەترەو لەو ناوەڕاسـتەدا قنج بووەتەوە. ئەگەر ئەم بەردە گـەورە و بەدیمەن جـوانە هێندە گـەورە نەبوایە، مـرۆڤ دەیگوت بە دەست دانراوە، بەردەکـە ژێری بۆشـە و وەک ئەشکەوتە و رووبەرەکەی ٦×٢م-ە و ڕووی ئەشکەوتەکە لە خـۆرەڵاتە. ئەم ئەشکەوتە لە بنەڕەتدا بچـووک بووە، بەڵام خەڵک بۆ خۆ ڕزگارکردن لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی عـیـراق گـەورەیان کـردووە و کـردوویانە بە کـونە تەیارە- قەمووش.

لە «بەردی قـەڵا»وە تا ئەوسـەری گـردەکـە کـۆتایی باکووری تەختە و سەر ئەم تەختییە شوێنەواری بڕێک خانووی کۆنی لێیە. ساڵانی ڕابردوو هێندێک کەس چەند خـانوویەکیـان هەڵکۆڵیـوە و بە شـوێن کەرەسـتەی کـۆنی شـوێنەواریدا گـەڕاون. ئەو خـانوانە تا بەری خـوارووی بەردە قنجەکە کە بە «بەردی قـەڵا» ناسراوە بریتی بوون لە قـەڵا، چونکـە شـوێنەواری چەند خـانوویەک لەم بەشـەیشـدا هەیە، بەڵام ژمـارەیان کـەمـترە. واتە بەردە قنجـەکـە کـەوتووەتە نێـو جـەرگـەی قـەڵا و لەگـەڵ ئەشکەوتەکـەیدا بەشـێک بووە لە قـەڵای سـووورداش. خانوەکانی قەڵا بە بەرد و گەچ کراون و جگە لە شووورای گەورەی قەڵا، شوورای تایبەتی خۆیانیـان هەبووە. واتە شوورا لە هەر چوارلای کۆمەڵە خانووەکانی گردی قەڵادا هەبووە و شوورا گەورەکە لایەکی ئەو شوورایە بووە.

چەند کەسێکی خەڵکی سووورداشمـان لەگـەڵدا بوو، گـوتیـان: قـەڵا کـۆنێکی تێـدایە چووەتە خـوارەوە بەنێـو زەوییەکەی تەنیشتیـدا و لەنێو قەڵا و «کانیی چیمەن»ی خۆرەڵاتی قەڵا-دا کە کانیی بەشی خۆرەڵاتی سووورداشە- سـەری کـونەکـە ئاودز (لەغم)ی کـردووە و لەوێ دەرکـەوتووە و وەک بیـرەکـارێزێکە، چونکە بە گـونجـە ئاویان لەکـانیـەکـەوە بۆ ئەو بیـرە ڕاکێـشاوە. جـا زۆر پێـدەچێ هەر لە کـۆنەوە لەکـاتی شـەڕ و ئابلووقـەداندا ئاویان لێ هەڵگرتبێ بۆ قەڵا.

### بەردە قیتەی قەڵا

ئەو برایانەی کـە لەگـەڵمـاندا بوون گـوتیـان: سـەری بەردەکە گەچکاری کرابوو و هەندێک شوێنەواری گەچی پێـوە مـابوو، بەڵام لە ساڵانی شـەسـتدا کـە سـووورداش تۆپبـاران کـرا، گـوللە تۆپێک بەر سـەرەکـەی کـەوت و گەچەکەی پێوە نەهێشت و تائێستاش شوێنەواری ماوە.

هەروەها گـوتیـان: لە جـێژنەکـاندا ئاگـر لەسـەر سـەری بەردەکـە دەکرایەوە تا خەڵـک بزانن بەیانی جێژنە، نەک هەر خـەڵکی سـووورداش بەڵکوو هیی ئەو دێهـاتانەی دیکەش کـە قـەڵای سووورداشیـان لێوە دیارە گـوتیـان: کە خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک لێرە مـامۆستا بـوو ئاگری نەورۆزی لەسـەر ئەم بەردە دەکردەوە، ئەوەیش لە ١٩٣٩ یا لـەو دەوروبەرەدا. بەردەکـە جـێی پێـداهەڵگەڕانی بۆ نەکراوە. واتە ئەم بەردە کراوەتە (فەنەر)یش بەشەوان تا ڕێبوار بەرەو شار بێت و ڕێگا بزر نەکا دووریش نییە ئەم بەردە لە سـەردەمـانێکی کـۆندا لەلایەن دانیـشـتـوانی سووورداشەوە کراوە بە «پەرستگا»، یان بەشێک بووە لە پەرسـتگاکـە بە ئەشکەوتەکـەیەوە و لەکـاتی ئایینی زەردەشتـیـشـدا لە ناوچەکە ئاگری لەسەر کـراوەتەوە. شوێنی ئاگر لە پەرستگای زەردەشتـیـدا بچـووک بووە، وەک هۆدەیەکی بچـووکی نیـزیکەی ١٠م-ی نێـو پەرستگا. جا بۆیە پێدەچێ بینایەکی وا بچووک و جێی ئاگـر پەرستن لەنیـزیک بەردەکـەوە دروست کـرابێ یان ئەشکەوتەکەی ژێری، یان یەکێ لە بینایەکانی سەر گردی قـەڵا پەرسـتگای گـەورەی شـار بووبێ و شـوێنەواری ئەو گـــەچەی ســـەری بەردەکـــەیش هیـی ئەوە بووبێ. پەرستگاکانی سەرەتای ئایینی زەردەشتی لە کوردستان و ئێـران لەسـەر زەویی سـەرواڵا (مکشـوف) بوون و ئاگـری پیرۆزی ئایینی لەسەر سەکۆی بەردین و لەکاتی ئاووهەوا خۆشـیـدا بۆ خـواپەرستی دەکرایەوە. لە دووەم قـۆناخـدا شـوورایان لە دەور دروست کـردووە. سـێـیـەم قـۆناخ پەرسـتگایان لە شـێـوەی بینایەکـدا ئاوا کـردووە، بەڵام گشتی نەبووە و تایبەت بووە بە کۆشکی پاشایان و پێی گـوتراوە (ئایادانا) وەک هەر بەم ناوەوە لە نووسـینی داریووشی ئەخمینی و لە شاخی بێستوون-ی کرماشاندا هاتووە. لە چوارەم قۆناخدا بینایان بۆ پەرستگای گشتی دروست کـردووە. پەرسـتگاکـانی زەردەشـتی بەو چوار قۆناغەدا تێپەڕ بوون.

«ئەندرێ گـدار» لە باسە گرنگەکـەیدا بە ناونیـشـانی «آذرکـدەها» دەریخـسـتـووە کـە دەوری سی پەرسـتگای زەردەشتیی لە ئێران لە پەرستگاکانی دیوە. شێوەی یەکەم بە «محراب مجرد» واتە سەکۆی تەنیاو خاڵیی لە بینا ناوی بردوون. ئەم شـێـوەیە تا کـاتی سـاسـانی ٢٢٤- ٦٣٧ی زایینی دروست کراوە و هێندێکیان لە سەردەمی ئەشکانیـیـدا لە ئێـران و کـوردسـتـان (١٢٧ی پ.ز تا ٢٢٤ی پاش.ز) لە چەشنی کـــەلوو (بورج)دا وەک لە تەخـتی ڕۆسـتـەمی ناوچەی تاراندا دەردەکـەوێ، بە

تۆکـمـەیی لە بەرد و قـسڵ کـراون. بە ڕای من قـەڵا (سەکۆ)ی خـان ئەحمـەد خان لە کۆنە شـاری (زەڵم) لە چیـای هەورامـانی بەرانبـەر دەشـتی شـارەزووریش سەکۆیەکی زەردەشتییە، یانی پەرستگایەکی وەها بوون و قـەڵا نەبووە. جـا ئەو پەرسـتگایانە (سـەکـۆی تەنیـا- محراب مجرد) کاتێک هەوا خۆش بووبێ بۆ خواپەرستی بەکارهاتوون و ئاگرەکانیان لە بینایەکی بچووکەوە هێناوە کە تایبەت بووە بە ئاگر پاراستن لە کاتی نوێژێکەوە تا کـاتی نوێژێکی دیکە و پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسـمی خواپەرستی ئاگرەکەیان بردووەتەوە نێو بیناکە، چونکە دەبێ ئاگری ئایینی نەکوژێتەوە. لەکاتی بەفر و باران و سەرمایشدا لەنێو بینایەکدا خواپەرستییان کردووە، جا ئیـتـر هۆدەیەکی نێـو کـۆشکێک یا هی نێـو هەر پەرسـتگایەکی دیکەی شـێـوە بینا بووبێ. (لە بارەی سەکۆی تەنیاوە بڕوانە ل٧٠ی کتێبی- آذرکـدەها- و چەند لاپەڕەیەکی دیکەیشی کـە وێنەی هێندێک لەو سەکـۆیانەی تێدا هاتوون). پێش پاکنووس کردنی ئەم گـوتارەم لەلایەن برای هێـژا کـاک (سـدیق سـالح ئەحمـەد)ەوە، دوو پەرستگای دیکەی «میـترا»ییم لەم ساڵەماندا (١٩٩٤) دۆزییەوە لە دێی «قەمچووغە»ی باکووری خۆراوای سوورداش و لە پشت دێی «نەوێ»ی بناری چیـای «سـوورێن» و خـۆرەڵاتی شـارەزوور و لە توێژینەوەیەکی تایبەت بە قەمچووغە و یەکێکی دیکەی تایبەت بە شوێنەوارەکانی «نەوێ»دا باسی هەر یەکەیانم کردووە، دووریش نییە قەمچووغە زەردەشتی بێ.

شـایانی باسـە مـامـۆسـتـا «تۆفـیق وەهبی»ی زانای خوالێخۆشبووی کورد دەڵێت: هێرۆدۆتس لە مێژووەکەیدا نووسیویە فارسەکان (فـارسـە کۆنەکـان) دەچوونە سـەر لووتکەی چیـا بەرزەکـان و قـوربانیـیـان بۆ «زیۆس»ی خواوەند دەکرد. تۆفیق وەهبی دەڵێت: دەبێ میدیەکانیش هەمان شێوە خواپەرستییان کردبێ، هەروەها دەڵێت: لە سـەروبەندی خـولی بەردینی یەکـەمـدا لووتکەی چیـای پیـرەمەگروون وەکوو خوایەک دەپەرستـرا. پاشـانیش بە درێژایی مـێـژوو کـراوە بە پەرسـتگایەک بۆ قـوربانی بەخشین بە خواوەندە کۆنەکانی میللەتانی دێرینی ئەو دەورووپشـتـە (٨). واپێـدەچی مـەبەسـتـیش (العـصـر الحجری الحدیث) بێ کە بەدووری دەزانم. جـا بەڕای من «بەردی قـەڵا» پەرستگایەکی کۆن بووە و دانیشـتـوانی سـوورداشـیـش زەردەشـتی بوون و ئاگـری ئـایینیـیـان لە هێندێک ڕێوڕەسـمی ئاینیـدا لەسـەر ئەم بەردە قنجـە کـردووەتەوە. لە دەورانی مـوسـڵـمـانەتیـشدا کە بوون بە مـوسـڵـمـان ئەو ڕێوڕەسـمـە کۆنەیان لە یاد نەکردووە و



ئەمجا بۆ جێژنە ئیسلامیەکان و لە شەوی جێژنەکان و سەرەتای ڕەمەزاندا ئاگریان لەسەر ئەو بەردە کردووەتەوە. پێـدەچێ لە بۆنەی دیکەی ئاینیـشـدا ئاگـریان لەسـەر پێکردبێ تا خـەڵکی سوورداش و دێهاتەکانی دیکەیش بزانن سبـەی جێژنە یا جێـژنی نەورۆزە یا هەر بۆنـەیەکی دیکەی ئاینییە.

## بازاڕە کۆن

خەڵکی سوورداش ناوی بازاڕە کۆن بە جێیەک دەڵێن کەوا لە خوار قەڵا و نێزیک بەو شوێنە کە شووراکە لە خـۆراوادا دەگـاتە گـردی قـەڵا. ئەم بازاڕە کـەوتووەتە خـۆرەڵاتی مـزگـەوتەکـە و بە گـردەکـەوەیە و ئێـسـتـاش شوێنەواری هێندێک خانووی کۆن لەو شوێنە دەبینرێت، خەڵک دەڵێن لە سـەردەمێکی کـۆندا ئەوە جـێی بازاڕی شـارەکە بووە. ئەوسا بەشی خۆرەڵاتی سوورداش ئاوەدان نەبووە و باشـتـر ئاواکـراوەتەوە و بازاڕ کـەوتووەتە ئەو بەشەی خۆرەڵات هەتا خومخانەیش، واتە جێی جلوبەرگ ڕەنگ کـردن، لەوێ هەبووە و، جـوولەکـەیشی لێ بوون ئیشی کڕین و فرۆشتنیان کردووە.

## گۆڕستانی «شەمس و قەمەر»

گـۆڕسـتـانی سـوورداش وا لە باشـووری گردی قـەڵا و بڕێک کێلی نەخشدار و نووسراوی لەنێودا هەیە؛ دوانیان

کێلی گۆڕێکن بەناوی گۆڕی «شەمس و قەمەر»ەوە کە ناوەکەیان بەسەر گۆڕستانەکەدا براوە، چونکە وێنەی خۆر و مانگ بەسەر هەردوو کێلەکەوە هەن لەگەڵ هێندێک نەخشی دیکەی ئەندازەیی و گیایی و نووسینیشیان بەسەرەوە. ئەم گۆڕە لە گۆڕە نووسراو و نەخشداەرەکانی دیکە کۆنترە و ڕێی تێدەچێ گۆڕی ژنێک بێ. وێنەی مانگەکە لە هەردوو کێلەکەدا لە نێزیک بنی کێلەکەدایە و وێنەی خۆرەکەیش لە کێلی ژێر سەردا لە سەراوردەوەیە و لە کێلی ژێر پێشدا لەناوەڕاستیدا هەڵکۆڵدراوە و تیرۆژەکانی کەمترن و کێلەکەش وەک لەناوچەی سلێمانی و هەولێر نەریتە لە هیی ژێر سەری مردوو بچووکترە.

چەند گۆڕێکی دیکە لە نێزیک ئەو گۆڕەوەن بەلای خوارەوە و لەلای یەکترەوەن پێدەچێ هیی بنەماڵەیەک بن. کێلەکان زۆربەیان شکاون. وێنەیانم گرت، بەڵام دوور نییە جێی هێندێک لەتە کێل گۆڕابن. دەبێ ڕۆژێکی تایبەت بۆ ڕێکخستنەوە و خوێندنەوەیان تەرخان بکرێت. تا ئێستا نووسینەکانی نێو وێنەکانیشم بۆ نەخوێندراونەوە و هیچ مێژوویەکم بەرچاو نەکەوتووە. کێلێکی شکاو ناوی «حسن» یان «حسین»ی کوڕی «سلیم بیک»ی لەسەرە. دوورنییە بەشێکیان هیی بنەماڵەیەکی (بابانی) بووبن کە لە سووورداش بوو. لەسەر لەتە کێلێک نووسراوە «هنه المرحومة المغفورة المبرورة شمس-ة ظاهر مهدیعلی بیک توفیق خامس عشر ذی القعدة...». بە داخەوە مێژووی ساڵەکەی شکاوە و نەماوە و مانەوەی زۆر گرنگ بوو و هیچ زانیارییەکمان نییە لە بارەی ئەم ژنە (شەمش)ە و مەهدی عەلی بەگی برای.

### میری سووورداش

بیستوومە بنەماڵەیەک لە میرانی بابان لە سووورداش نیشتەجێ بووە و حوکمی ئەو دەوروبەرەی کردووە هەر لەنێو قەڵەمڕەوی میرنشینی باباندا. وەک چۆن لە (قزڵجە) بنەماڵەیەکی بابانی هەبووە و، لە «میرەدێ»ی سەر ڕێی دەربەندیخانیش کە بە «خزر بەگی» ناسراوە.

(سالم)ی شاعیر لەو شیعرە بەناوبانگەی خۆیدا ئاماژەی بۆ «میری سووورداش» کردووە کە لە بارەی شۆڕشی عەزیز بەگی عەبدولڕەحمان پاشای بابانی داناوە. هەر لەکاتی شۆڕشەکەیدا لە ١٨٥٠ کە عەزیز بەگ هەوڵی دا تورکەکان دەربکات و میرنشینی بابان زیندوو بکاتەوە. ئەوە بوو هێزێکی زۆری کۆکردەوە و بۆ ئەم کارە گەلێک سەرخێڵی دڵسۆزی وەک مەحموود ئاغای شیوەکەڵ و جووکل و فەقێ قادری هەمەوەند و فەخری میری بازیان و میری سووورداشی لە دەور کۆبوونەوە و عەزیز بەگ شاڵاوی هێنایە سەر سلێمانی و لە شەڕێکی یەکجار قورسدا لە «پیر مەنسوور»ی خۆرەڵاتی «قشڵە» بە گوللە تۆپ بریندار بوو و شۆڕشەکەی سەرنەکەوت (٩). سالم باسی ئەوەی کردووە کە میری سووورداش لەگەڵ پیاوێکی ئازای خۆیدا کە ناوی «ئەمینە» بووە لەو شەڕەدا شەهید بوون و وتوویەتی خێڵەکەیان «ئەگەر» تا مردن لەسەریان بگرین هەر کەمە، بەڵام سالم ناوی ڕاستەقینەی ئەم میرە ئازایەی سووورداشی نەهێناوە ئەوەتا دەڵێت:

**موددەعی کوێر بێ، نیظام ئیفلیج، مەکان زێر و زەبەر**
**میری سووورداش و ئەمینەی پیاوی هەردوو ئەنگوان**
**گەر عەشیرەت گریەکەن هەریەک هەتا دەمرن کەمە**
**کوژتنی میر بای موخالیف بوو بە شەمعی دوژمنان**

### مەدرەسەی سووورداش

لە بارەی مەدرەسەی سورداش زانیارییەکی باشم کۆنەکردۆتەوە و بە باشی دەزانم کە ئیشارەت بدەمە نامەیەکی شێخ مەعروفی نودهی کە بۆ میرێکی بابانی نووسیوە و تێیدا ناوی مەلا محەمەد و مەلا ئەحمەدی کوڕی هێناوە، کە مامۆستا و ئیمامی سووورداش بوون و زەکاتی دێی (کانی شاڵەبەگ) لەو ناوچەیە تەرخان کرابوو (لەلای بابانییەکانەوە) بۆ مەعیشەتیان یەک لەدوای یەک و داوا لە میری بابان نەکەن (کە ناوی نەهێناوە و مێژووش لەسەرنامەکەی نەنووسیوە) دیسان زەکاتە هەمووی بدەنە مەلا ئەحمەد وا پێدەچی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا مەلا محەمەد مودەڕس بووە لە سووورداش.

### چەند جێگەیەک

**١- شاخی سووورکێ نێو زیندان:** ئەو بەشە شاخە سوورەیە کە لە پشت لای خۆراوای سووورداشەوەیە. شوورای خۆراوا دەگاتە بن ئەم شاخە.

**٢- پلە گەورە و بەردە کونتیلە:** یەکەم ڕێی پیادەیە لە شاخەکەی پشت سووورداشدا. دەڵێن: ئەم ڕێیە زۆر سەختە و هەموو پیادەیەک ناتوانێ پێیدا بڕوات. ئەم ڕێیە لە پشت بەشی خۆراوای سووداشەوە دەست پێدەکات و بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت و لە نێزیک سەری شاخەکەدا ڕێیەکە بە کونێکدا دەڕوات بۆ ئەودیوی شاخ و پێی دەڵێن (کونتیلە- بەردە کونتیلە) وشەی (گەور) یانی (گاور) یانی کاتێ پێش ئیسلامەتی.

**٣- ڕێگەی بووک و خەسوو:** ئەم ڕێگەیەش هەر پیادە

ڕێیـه و لـه دووریی نیـزیکەی ٤کم-ێک لە باکـووری خۆراوای سووورداشەوەیە و بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت و دەمی ئەشکەوتێک لەوێ دیارە، واتە لە نیزیک سەری شاخەکە. لە پەنا ئەو دەمە ئەشکەوتەدا دوو بەرد هەن لە مرۆڤ دەچن، دەڵێن بووک و خەسوو بوون، لەو ناوەدا بەڕێوە بوون. دڕندەیەکیان لێ پەیدا بووە و ئەوانیش لە ترساندا دوعایان کرد ببن بە بەرد و بوون بەرد.. ئەشەوتەکەیش هەر بەناوی «ئەشکەوتی بووک و خەسوو»ەوەیە. دەڵێن ئەم ڕێگەیەش زۆر سەختە بۆ پیادە و بۆ وڵاخ نابێ و تاکە ڕێی وڵاخ وا لەخۆراوای ئەم ڕێگەیە و لەلای دێی «جاسەنە»وە. لە خۆرهەڵاتی دێی «شەدەڵە»وەیش بە شاخی «دابان»ەوە ڕێگەیەکی دووەم بۆ وڵاخ هەیە. نێوانی ئەم دوو ڕێگەیە دەوری **٣٠**کم-ە ئەم ڕێیانە دەگەنە گوندەکانی پشت سووورداش: دێی باخ و سێکانیان و هەلمێ و توکلان و سەرگەڵوو.

**٤-هەنگڵە گۆزە:** لە باکووری کەندەسوورەیە بەلای باکووری خۆراواوە و لە دووریی نێزیکەی **٥**کم-ەوەیە.

**٥- بەردی پالان و هەلا:** لە بەشی خۆرهەڵاتی شاخی پشت سووورداشەوەیە.

**٦- ئەشکەوتی قازی:** بەڕێز کاک فەوزیی ڕەفیق حیلمی چەند جارێک پێی گوتووم ئەم ئەشکەوتە وا لەنێو موڵکی ئێمەدا و لە پشت خۆرهەڵاتی سووورداشەوەیە دەڵێت: باپیرم لە سووورداش فەرمانبەر بووە کە ناحیە بووە لەکاتی عوسمانیدا.

**پەراوێزەکان:**

* لە کوردستانی ئێران لەناوچەکانی ڕۆژئاوای مەهاباد قەڵایەکی دیکە بەناوی «قەڵای زەنگی»یەوە هەیە لە شاخی کەنێرە کە قەڵایەکی سەختە و شوورەیەکی پانی هەیە.

شەهید جواد سەید عەلی ئیسماعیل لەم بارەوە زانیاری بەدەستی خۆی بۆ منی نووسیوە کە بەداخەوە لە ٩/١٠/١٩٩٣ لە تەنیشتی باکووری مەهاباد شەهید بوو کە خەڵکی ئیندرقاشی نیزیکی مەهاباد بوو و لاوێکی ڕۆشنبیر و شاعیر و ئازا بوو لە کادرانی حزبی دیموکرات و برای مامۆستا مستەفایە لە کادرانی حزب.

١- ابن الاثیر، الکامل، ب١١، ل٧٢- ٧٤ و ١١٣، چاپی پێڕست کراو.

٢- هەمان سەرچاوە، ب١١، ل٥١٩ و ب١٢، ل٥٦.



٣- محمد أمين زكي، تأريخ السليمانية، ل٢١.

٤- د. جمال رشيد، دراسات كردية في بلاد سوبارتو، ل٥٧.

٥- ابن الاثیر، ب١١، ل٥١٩.

٦- پاشان لە ٤/١١/١٩٩٢دا دەستم لە کاری کۆمەڵەی کەلەپوور کێشایەوە.

٧- جگە لەکاک سلێمان، سوودمان لەم برایانەیش وەرگرت سەبارەت بە سووورداش: عەلی حسێن عەبدوڕەحمان و محەمەد خاڵە حسێن و هیوا محەمەد مستەفا کە خەڵکی سووورداشن، هەروەها برای پێشمەرگە سەردار قادر نادری خەڵکی دێی عەسکەری ئاغجەلەر و کاک سدیق کوێرەکانی، سوپاسی هەموویان دەکەین.

٨- تۆفیق وەهبي، سفرة من دربندی بازیان الی ملەی تاسلوجە، ل٢٩- ٣٠.

٩- دوو بەڵگەنامەی تورکی کە لەکاتی شۆڕشی عەزیز بەگی باباندا نووسراون وان لەلامان، پێوەندییان بەو شۆڕشەوە هەیە. یەکیان ئیمزای ئیسماعیل پاشای تورکی قایمقامی سلێمانی و نۆ ئەفسەری دیکەی عوسمانیی بەسەرەوەیە و دانەی ئەسڵییە. ئەم دوو بەڵگەنامەیە دیاریی خوشکی شاعیر و بەڕێز «خورشید بابان»ە. بەتەماین هەردووکیان بە لێکۆڵینەوەکەوە بڵاوبکەینەوە.

لە کاتی نووسینی ئەم باسەدا، ناجیە محەمەد مستەفا



کۆیی خەسووم لەلامان بوو، گوتی: ناوی میری سوورداش لە گۆرانییەکی هەڵپەڕکێدا هاتووە کە بەم شێوەیەیە:

**داری سەر جۆگەی ئاشی، داری سەر جۆگەی ئاشی**
**حەسوودیانت پێ نابەم، بەخیلیانت پێ نابەم**
**ببیە حاکمی سوورداشی، ببیە میری سوورداشی**

چەندین ئەفسانە و حیکایەتی زارەکی لەسەر جێگە کۆنەکانی کوردستان هەن. دەبێ سەرجەمیان کۆبکەینەوە و نەهێڵین لەنێو بچن. لە بارەی سوورداشەوە هێندێک حیکایەت هەن، وەک:

١- خەڵکی سوورداش دەڵێن: بەسەرهاتی شەڕی نێوان ڕۆستەم و زۆرابی کوڕی لە سوورداش ڕوویداوە. ئەگەرچی ئەمە ڕاست نییە، بەڵام نیشانەیەکی کۆنیی شاری سوورداشە. یانی ئەم ئەفسانەیە لەبەر کۆنیی سوورداش خۆی دراوەتە پاڵی.

٢- کاک هیوا محەمەد مستەفا سوورداشی دەڵێت: حاجی عەبدوڵڵا سوورداشی زۆر پیر بوو و یەکجار حەزی لە مێژووی کورد دەکرد، بۆی گێڕاینەوە کە کاتی خۆی «پیرەمێرد»ی شاعیر هاتووەتە سوورداش و نووسراوێکی پێ بووە و ئەم حیکایەتەی خوارەوەی بۆ خوێندوونەوە. حاجی عەبدوڵڵا ماوەیەکە کۆچی دوایی کردووە. حیکایەتەکە ئەمەیە:

پیاوێکی هەژار لەناوچەی «چەمی ڕێزان» هەبووە، خەیاری کردووە و خەیارەکەی زوو پێ گەییوە و دڵی نەهاتووە نۆبەرەکەی بخوات، بردوویەتی بۆ پاشای سوورداش تا پارەی بداتێ. کە هاتووە لای دەرگەڤان دەرگای خۆراوای شوورای سوورداش یانی حەرەسی دەرگای شار. پێی گوتووە: ڕێم بدە، دەچمە لای پاشا، ئەم خەیارەی بۆ دەبەم. ئەویش پێی گوتووە: ڕێ نییە و پاشا تۆ نابینێ. کابرا زۆر لە دەرگەڤان پاڕاوەتەوە، ئەویش پێی گوتووە ئەگەر بمکەی بە شەریکی خۆت لە پارەکەی پاشادا ڕێت دەدەم. کابرا گفتی پێ داوە. پاشان پێی گوتووە: مادام خەیارەکەت نۆبەرەیە، ئەوە پەنجا لیرە بۆ تۆ، کابرایش گەڕاوەتەوە بۆ لای دەرگەڤان و گوتوویە پاشا ئەم پەنجا لیرەیەی پێ داوم. دەرگەوان پارەکەی بردووەتە لای قاپیچیی پاشا و داویەتیەوە گوتوویە: کابرا دەڵێت پارەکە کەمە وەری نەگرت، بەڵکو پاشا بۆمی بکات بە (٧٥) لیرە یا بڕێکی وەها، پاشا تووڕە بووە و گوتوویە بچۆ پەنجا دار لە کابرا بدەن. (٢٥) داری لەکابرا داوە، کابرا گوتوویە: بەسم لێ بدە شەریکم هەیە، (٢٥) دارەکەی تر لەو بدەن. پیاوەکەی پاشا گەڕاوەتەوە لای پاشا و قسەی کابرای گێڕاوەتەوە. پاشا بانگی کردووە و گوتوویە کێ شەریکتە. ئەویش گوتوویە قاپیەوانەکەت، کە نەیهێڵاوە بێمە لات تا هەرچییەکم بدەیتێ بەنیوەیی لەگەڵیدا بەشی نەکەم. ئیتر پاشا پارەکەی بۆ کردووە بە حەفتاوپێنج لیرە و قاپیەوانەکەی هێناوە و زیندانی کردووە. ئەم پاشایەی سوورداش زۆر بەدەسەڵات بووە و، پاشایەک هاتووەتە سەری، بەڵام نەیتوانیوە سوورداش داگیر بکات، تا بە فێڵ بۆی چووە و بەلبادی خوری شێوەی چەند حوشترێکی لەسەر شاخی سەختی «پلە گەورە»ی بەرانبەر قەڵای سوورداش دروست کردووە. بۆ بەیانی کە پیاوەکانی پاشای سوورداش هەستاون، حوشترەکانیان دیوە هێندێکیان بە پێوەن و هێندێکیان دانیشتوون. بە پاشا دەڵێن: دەورمان گیراوە و ئەو پاشایە حوشتری گەیاندووەتە سەر شاخەکە. پاشای سوورداشیش دەڵێت: مادام توانیویەتی حوشتر بگەیەنێتە سەر شاخی پلە گەورە، دەبێ تەسلیم ببین. ئیتر سوورداشیان تەسلیم کردووە و ئاوا خەڵەتاون. شایانی باسە لە بارەی داگیرکردنی قەمچوغە لە لای عەرەبە ئیسلامەکانەوە هەمان حیکایەت هەیە. هەندێ بەڵگەنامە لە بارەی سوورداشەوە لەلامان هەیە لە کاتێکی دیکەدا بڵاوی دەکەینەوە.

# بنج و بناوانی میتۆلۆژی خەتەنەکردن

هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە تاکو ئێستاش مرۆڤ هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات کە دەستکاری و ڕەفتار لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی خۆی و لەشی خەڵکی دیکە بکات، هەر لە تەپڵی سەریەوە بگرە تا دەگاتە پەنجەکانی پێی هەروەها بە ئەندامە سێکسییەکانیش. جا بە نەخش و کوتان بێت یا کونکردن یا لێکردنەوە یا داخکردن یا لێککشاندنی یا هێنانە پاڵ یەک، هەندێک لەم جۆرە ڕەفتارانە کاریگەرییەکی بەردەوام و هەتا هەتایێ هەیە وەک: کوتان و کونکردنی گوێ و لووت یا داخکردنی، بەڵام ئەندامە جنسییەکان زیاتر تووشی ئەم بەدبەختیە بوونە کە مرۆڤ خۆی بەسەر خۆی دێنێت. هەندێک لەم بڕوایەدان کە لێکردنەوە و شێواندنەکانی دیکەش پێوەندییەکی ڕەمزی هەیە لەگەڵ سێکسدا و پەیوەستن لەگەڵ یەکتر جگە لە خەتەنەکردن گەلێک نەریت و ڕەفتاری جیاجیا لەلای خێڵە سەرەتاییەکاندا هەیە کە پەیوەستن بە ئەندامە سێکسییەکانی نێر و مێ، لەوانە هەیانە سەری ئەندامی نێرینە کون دەکات و پەڕەمووچێکی پێوە دەکات یا بەناویدا دەبات، هەیانە کالانێک وەک کالانی شیر بەسەری ئەندامی نێرینەکەی وە دەخات و دەیگەیەنێتە لای ناوکی، هەیانە کونی میزکردنی نێرینە قڵێش دەکات و دەیبڕێت و وەک دەروازەی ڕەحمی لێدەکات، هەیانە لچەکانی ڕەحم ڕادەکێشێت و لێکدەکشێنێت... تاد(١).

هۆی ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە جیاوازن و هەندێک لەپێناو جوانکردن، ئەنجام دەدرێن و هەندێکی دیکە وەک سزادان ئەنجام دەدرێن، جۆرە سزادانێکە کە

محەمەد سلێمان عەباس

دەوڵەت یا خێڵەکە بەسەر تاوانبارێک ئەنجامی دەدات (دەست بڕینی ئەو مرۆڤانەی کە دزییان کردووە یا گوێ بڕینی ئەوانەی کە لە سەربازی سوپای عیراقدا ڕایان کردبوو). هەندێک بڕوایان وایە ئەم ڕەفتارانە وەک (داخکردن یا خوێن بەردان) شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی. کەچی زانا دەروونناسەکان ئەم نەریت و ڕەفتارانە دەگەڕێننەوە بۆ نارێکی و ناتەواوی عەقڵ لای ئەوانە و دەشێ ببێتە خووێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر کەسەکە ڕێز و هەیبەتی هەبێت یا پرۆسەی خەساندن کە بۆ نەزۆک کردن و بێبەشکردنی دوژمن و کۆیلە لە منداڵ بوون بەکاردەهات. بۆچوونێکی دیکە بە ئامرازێکی خۆ نزیککردنەوە لەخودا دادەنێت.

لێرەدا ئێمە باس لە یەک لەو جۆرە ڕەفتارانە دەکەین کە یەکێکە کۆن و لێڵ و نادیار و زۆر بڵاوانە، ئەویش پرۆسەی خەتەنەکردنە.

**خەتەنەکردن**

بە کورتی بریتییە لە بڕین و لێکردنەوەی بەشێک لە پێستی ئەندامی زاوزێ (نێر یا مێ). جا زۆربێ یا کەم بە هەردوو حاڵەتەوە شێواندن و بێبایەخکردنی ئەندامەکانە(٢). زاراوە یا وشەی (الختان) بۆ نێر و مێ بەکاردێت و لە زاراوەکانی دیکە باوترو بڵاوترە و گشت فەرهەنگە عەرەبییەکان ئەم زاراوەیە بەکاردێنن و کوردیش هەر ئەم زاراوەیە بەکاردێنن و عیبریەکان وشەی (میلا) بەکاردێنن کە بەمانای (بڕین) دێت. ئەم وشەیە لە تەک دەستەواژەی (بریت میلا) بەکاردێت کە بە مانای پەیمانی بڕین (عهد القطع) دێت. لە تەوراتدا وشەی (تبر)یش بەکارهاتووە کە بە مانای فەوتان یا لەناوچوون دێن کە لەگەڵ وشەی (بتر)ی عەرەبی هاومانان ئەویش مانای لێکردنەوە یا قرتاندن دێت و ئەو بەشەی کە دەبڕدرێت بە عیبری پێی دەڵێن (غرلة) و مرۆڤی خەتەنە نەکراو بە (ئەغرل) ناودەبرێت).

لە زمانە ئەوروپاییەکاندا وشەی (Cilcumcisoin) بەکاردێت کە دەلالەت لە خەتەنەکردنی نێر و مێ دەکات. بنەڕەتی ئەم وشەیە لاتینییە و بە واتای بڕینی بازنەیی دێت، بەڵام هەندێک نووسەر ئەم وشەیە تەنیا بۆ خەتەنەکردنی نێر بەکاردێنن و وشەی (excision) بۆ خەتەنەکردنی مێ بەکاردێنن کە بە مانای هەڵی کەند دێت(٣).

زاراوەی خەتەنە چەمکی پێویستی بڕینی بەشێک لە لەشی مێ دەچەسپێنێ تاکو لەبار و گونجاو بێت بۆ پێوەندی ژنخوازی و شووکردن ئەمەش چەمکێکی هەڵە و ناتەواوە سەبارەت بە سروشتی جنسی و کۆمەڵایەتی ئافرەت. هەروەها زاراوەی پاکژی (الطهارە)ش چەمکێکی هەڵەی دیکە دەسەپێنێ لە بارەی سروشتی ئافرەتەوە کەوا وەسف دەکرێت کە لە زگماکدا و لە ڕووی پێکهاتەوە پاکژ و خاوێن نییە و وشەی (الخفاض) لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەندامی مێینە بەشێکی زیاد و بەرزی تێدایە و پێویستە لێبکرێتەوە و نزم بکرێتەوە(٤).

**خەتەنەکردن نیشانە و مانای چییە؟**

مارسیل موس دەڵێت: بنجی خەتەنەکردن دەگەڕێتەوە بۆ کوتان واتە نیشانەی خێڵ یا هۆزە.(٥-٢٤٦) کەچی (بیرگوردون) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خەتەنەکردن بریتییە لە بەشداریکردن لە گەردوونی خواوەندی و سرووتێکە کە مەبەستی نزیککردنەوەیە لە خوداو ئامانجی پاڵدانی کۆمەڵگەیە بۆ حاڵەتی هۆشیاری و ڕایەکی دیکە دەڵێ: سرووتێکە ئەنجام دەدرێت بۆ تەرخان کردن لە هەرزەکاری بۆ باڵق بوون و خەتەنەکردنی منداڵ یا لاو گوازتنەوەیەکە بۆ جیهانی گەورە و باڵقەکان (البالغین) و پاشان شیان و ئامادەیی بۆ گونجان و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و بەرپرسیاری ئەوەش لە ڕێگەی خوێن و ئازار.(٥)

ڕایەکی دیکە هەیە کە خەتەنەکردن بە بەدیل و لەجیاتی قوربانیدانی مرۆیی دادەنێت و نەزر کردنە بۆ فەوتان و فەنا بوون لە ڕێگەی خودا واتە خەتەنەکردن خۆ بەختکردنە بۆ قوربانی و ڕمزە بۆ پەیمانی مرۆڤ لەگەڵ خودا. دەشێ خەتەنەکردن کە هێماو ڕەمزێکی کۆنە، ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە بەراییەکان کاتێک باوک یا سەرەک خێڵ لە ترسی گەورە بوونی منداڵ و ڕۆڵەکانی ئەنجامی داوە نەوەک ململانێی بکەن لەسەر مێیەکان بۆیە هەڵساوە بە قرتاندن یا لێکردنەوەی بەشێکی ئەندامی نێرینە و پاشان ئەم کردارە گۆڕاوە و بۆتە عادەت و خووێک و بۆ بڕینی پێستەکەی سەری ئەندامەکە، چونکە بەدید و بڕوای (فرۆید): خەتەنەکردن نەریتێکی زۆر کۆنە بۆیە دەرک پێکردن و تێگەیشتنی گران و زەحمەتە و دەڵێ: خەتەنەکردن بەدیلێکی ڕەمزی خەساندنە کاتێک باوکی بەرایی خاوەن توانای کولی و تەواو کوڕەکانی سزادا بە خەتەنەکردن و ئەوکەسەی بەو هێما و نیشانەیە ڕازی بوایە نیشانەی ئەوە بوو کە ئامادەیە خواستی باوک جێبەجێ بکات هەتا ئەگەر وا

پێـویست بکات کـە دووچاری توندترین ئازار و ئێش و قـوربانیش ببێتـەوە(٦). پاراسـتنی ئەم نەریتـە جێگای شکۆداری و شانازی بووە و مرۆڤەکە وا هەست دەکات کە ئەم نەریتـە نیـشـانەی وچاخ زادەییـەو ڕێزێکی گـەورە و باشی دەبێت هەربۆیە ڕقی لە مـرۆڤی خـەتەنەنەکـراو (الاغلف) دەبێتەوە و بە پیسی دادەنێت.(٧).

بە بۆچوونێکی دیکە خـــەتەنە، داهێنراوێکی میسریەکانە کە بە مەبەستی خاوێنی و پاکژی پەیرەویان کـردووە پاشـان بۆتە نەریتـێکی کـاهینەکـان و منداڵی کـاهینەکـان خـەتەنە دەکـران بەڕەزامـەندی و چاودێری کاهینی گەورە.(٢-١٢٥).

### خەتەنەکردن لای میللەتان

دەسـتنیـشـانکردنی شـوێنی سـەرهەڵدانی بیـرۆکـە و نەریتی خـەتەنەکـردن و مـێـژووی پەیدابوونی زەحـمـەتە بزانرێ و دیاربکرێ؟ چونکە خەتەنەکردن لای کۆمەڵگە و ئایینی جـیـاجـیـا هەبووە و ناسـراوە تەنانەت لەناو کۆمەڵگەی نا ئایینیشدا هەبووە لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تا ڕۆژئاوا و یەکـەم مـرۆڤ کـە باسی خـەتەنەکـردنی کـردووە (هیـرۆدۆت) بووە لە سـەدەی پێنجی پ.ز. پرۆسـەی خەتەنە لای میسرییەکان و خەڵکی (مایا) لە مەکسیک و کەنعانییەکان و لە ئوسترالیا و ئەندونیسیا و بەرازیل و ملایا و پاکستان و ڕووسیا و قبتییەکانی میسر و تایفـەی (Skoptisi) مەسیحی لە ڕووسیادا ئەنجام دراوە(٨).

واتە خەتەنەکردن تایبەت نییە بە ئایین یا میللەتێک و تەنیا لە کیشوەری ئەفریقیادا نییە، بەڵکو ئەم داب و نەریتـە لای گەلێک میللەت و ئایینی جیـاواز هەبووە و هەروەک د. (نوال السعداوي) دەڵێ: «زانستی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیا سەلماندوویانە کە ئەو کردارانە وەک خەتەنە یا خەسـاندن پێوەندی بە میـسـرییـەکـان یا عـەرەب یا مـوسڵـمان یا جوولەکـە یا مەسـیـحی یا بوودیدا نییـە، بەڵکو پێوەستە بە جۆری ڕژێمی کۆمەڵایەتی و ئابووری باوی ناو کۆمەڵگەکە» (٩).

لێرەدا بە کورتی باسی خەتەنەکردن لای خێڵ و گەل و ئایینەکان دەکەین:

### خەتەنەکردن لە ئەفریقیا

کرداری خەتەنەکردن لەگەلێک ناوچەکانی ئەفریقیـادا ئەنجام دەدرێ، بەڵام بەشێـوەیەکی ڕێک و ڕەوان نییە و لای هەندێک هۆز باو نیـیــە، ئەم نەریت و کـرداره لە هەرێمـــەکـــانی هێـــڵی ناوەندیدا زۆر باوە و هەیە و بە پێچەوانەی خەتەنەکردن لە ئاییینی جوولەکە و ئیسلامدا خەتەنە لە ئەفریقیادا لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەکرێت و بەشێکی گرنگ و جیانەکەرەوەیە لە سرووتی تەلقیندا و ئەمە وەک ئەزموونکردنی پیاوەتی کوڕە هەرزەکارەکەیە و توانای ئەو بۆ بەرگەگرتنی ئازار و ناخۆشیەکان. بۆ نموونە خـەتەنەکـردن لە ناوەڕاسـتی (زوسا) دەکـرێت کـاتێک سەرەک خێڵ ئامادە بێت بۆ بەشداریکردن لەم سرووتەدا لەگەڵ هەرزەکـارەکانی دیکە و واباوە کە ئەم پرۆسەیە لە وەرزی زسـتـانـدا ئەنجـام دەدرێت، چونکە تاکـو برینەکـە زووتر و باشتر چاک ببێتەوە، پاش تەواوبوون و ڕەتبوونی قـۆناغی خـەتەنەکـردن، لاوەکـانی (زوسا) کـۆخـەکـانی خـــەتەنەکـــردن جێ دەهێـــڵـن و پاشـــان ئەم کــۆخــانە دەسووتێنرێن و دوای ئەوە لاوەکان چەور دەکرێن ئەوکاتە مـافـیـان هەیە بەشـداربن لە سـرووتە ئاینییـەکـان و لەبەڕێوەبردنی کـاروباری خـێڵ و ئەو مـرۆڤـەی خـەتەنە نەکراوە لەم خێڵەدا بەدیدی ئەوان، شیاوی ئەوە نییە ئەم کاروبارانە ئەنجام بدات(١٠).

### خەتەنەکردن لە میسر

چەندین وێنە و نەخش هەیە ئەوە دەردەخــات کــە خـەتەنەکردن لە سـەردەمە کۆنەکانەوە لە مـیسـر هەبووە، یەک لەو وێنانە کـە دەگـەڕێتـەوە بۆ بنەمـاڵەی شـەشـەم (٢٣٥٠- ٢٠٠٠) پ.ز کـــە لاوێک دیارە خـــەتەنە دەکرێت، لەوێنەیەکی دیکەدا کـە لە (هەیکەلی کرنەک) دایە و هی ســەدەی پازدەی پێش زایینە، وێنەی دوو منداڵ لە تەمـەنی حـەوت یا هەشت ساڵانە دەبینرێ کـە خـەتەنە دەکرێن هەروەها لە میلێک کە دەگـەڕێتـەوە بۆ سەدەی بیست و سێ پ.ز یەک لە فەرمانبەرانی دەوڵەت نووســیــوبەتی کــە ئەو لەگــەڵ (١٢٠) کــەسی دیکەدا خەتەنەکران و لە پەرستگای کـەرنەکدا هەندێک وێنەی خـەتەنەکـردن کـێشـراوە جگە لەمـانە لە مـۆزەخـانەی شـوێنەواری مـیـسـر گـەلێک پەیکەر هەیە دیارە کـە خـەتەنەکـراون ئەمـانە نیـشـانەی ئەوەن کـە کـرداری خەتەنەکردن لە میسری کۆن ئەنجام دەدرا(١١).

یا هەروەک (هیـرۆدۆت) دەڵێت: نەریتی خـەتەنەکـردن لە مـیـسـر و ئەثیـوپیـادا زۆر کــۆنە و هەروەها لای میللەتێک هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەشدا دەژین و قژیان وەک قژی میسریەکانە و نەریتیان وەک ئەوانە کە دوور نیـیـە ئەمـەیان مـوسـتـەعـمـەرەیەکی مـیـسـری بێت(١٢).

ڕایەک هەیە دەڵێ: بیرۆکەی خەتەنەکردن لە میسری کۆندا پێوەندی هەیە بە ئەفسانەی کوژرانی (ئۆزیرس) و بڵاوکردنەوەی جەستەکەی و کاتێک (ئیزیس) توانی بەشەکانی جەستەکە کۆبکاتەوە ئەندامی نێرینەی نەدۆزییەوە و لەسەر هەیکەلی خواچە (ئیزیس) لە دوورگەی (فیەلە) نووسراوە قەدەغەیە مرۆڤی خەتەنە نەکراو بچێتە ناو هەیکەل(١٣).

**خەتەنەکردن لای کەنعانییەکان**

هەندێک بەڵگەی مێژوویی هەیە کە دەردەخات پرۆسەی خەتەنەکردن لە چەندین شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵات ئەنجام دراوە، لە سوریا سێ پەیکەر (بت)ی مەعدەنی دۆزراوەتەوە کە هی سەدەی (١٨) پ.ز کە دوویان خەتەنەکردنیان پێوە دیارە و بەدیدی هیرۆدۆت فینیقی و فەلەستینییەکان خەتەنەکردن لە میسریەکان فێربوونە. کەنعانیەکان گەلێک سرووت و ڕێوڕەسمیان بۆ منداڵەکان ئەنجام دەدا بە بۆنەی هاتنە ناو کۆمەڵ کە خەتەنە یەک لەو سرووتانەیە و بەڵگەی دیار هەیە کە کەنعانیەکان ئەم کردارەیان ئەنجام داوە لەگەڵ ئەوەشدا خەتەنەکردن لە وڵاتی کەنعانیەکان گشتی نەبووە، بەڵکو بە حەز و ئارەزوو بووە و تایبەت بووە بە کاهینەکان(١٤).

**خەتەنەکردن لە ئایینی جوولەکەدا**

کتێبە پیرۆزەکانی جولەکە وا دەردەخەن کە خەتەنەکردن بە ئیبراهیم پێغەمبەر دەستی پێکردووە کاتێک خواوەند فەرمانی پێدەکات کە دەبێ خەتەنە بکرێت و لەگەڵێک ئایەت و شوێنی تەوراتدا باسی خەتەنەکردن هاتووە:

(التكوين فصل ١٧): خوا فەرمانی دا کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و نەوەکانی خەتەنە بکرێن.

(التكوين فصل ٢١): خەتەنەکردنی ئیسحاق.

(الخروج فصل ٤): خەتەنەکردنی کوڕی موسا لەلایەن دایکییەوە (سەفورە).

(الخروج فصل ١٢): خوا فەرمانی خەتەنەکردنی دا وەک مەرجێک بۆ ئەنجامدان (الفصح).

(الخروج فصل ١٢): خوا فەرمانی دا هەموو نێرێک هەشت ڕۆژ پاش لە دایک بوونی خەتەنە بکرێت.

(يشوع فصل ٥): خەتەنەکردنی جووەکان لە چۆڵایی هەروەک يشوع ئەنجامی دا.

گوتمان جووەکان وشەی (بريت ميلا) بەکاردێنن بۆ خەتەنەکردن کە بە مانای (پەیمان بڕین) دێت ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو پەیمانەی نێوان ئیبراهیم و خودا کاتێک خودا پەیمانی بە ئیبراهیم دا کە نەوەکانی زیاد بکات و زەوی میعاد (زەوی کەنعان)یان بداتێ لە بری ئەوە داوای لە ئیبراهیم کرد کە دەبێ هەموو ئەندامانی نێرینەی خێزانەکەی خەتەنە بکرێن هەروەها کۆیلە نێرەکانیش.

**خەتەنەکردن نیشانەی ئینتیما و جیاوازی و ڕزگاربوونە**

خەتەنە لای جووەکان نیشانە و هێمای ئینتیمایە و ئەو کەسەی دەیەوێت بێتە ڕیزیان و ببێتە جوو پێویستە خەتەنە بکرێن، هەروەک لە (سفری ئەشعیا)دا هاتووە: ئەوانەی کە ڕێزی شەمە و خەتەنەکردن دەگرن ئەوانە بە جوو دادەنرێن و جووەکان خەتەنەکردن بەند و پەیوەست دەکەن بە چارەنووسی هەموویان (کۆمەڵگەیان) و ڕیوایەتەکان وا باس دەکەن کە جووەکان لە میسر دەرباز بوون، چونکە ناوەکانی خۆیان نەگۆڕی و نهێنیەکانیان ئاشکرا نەکرد و وازیان لە خەتەنەکردن نەهێنا و بەدید و بڕوای ئەوان خەتەنەکردن وایان لێدەکات کە پشتگیری و هاوکاری یەک بکەن بۆیە جووەکان کۆیلەکانیشیان خەتەنە دەکرد تاکو شەڕو بەدخوازی نەیێتە ناویان.(١-٧٨) (موسای کوڕی مەیموون) دەڵێ: خەتەنەکردن نیشانەی یەکگرتوویی و هاوکارییە لەناو جووەکاندا و جیایان دەکاتەوە لە میللەتەکانی دیکە، چونکە وەک زانراوە خەتەنەکردن وەک ئامرازێکی ناسینەوە و جیاکردنەوە بەکاردەهات دژی جووەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا. بەدیدی نووسەری جولەکە (فیلون) خەتەنەکردن دوو شتی تێدایە: خەتەنەکردنی لەش بە بڕینی (غرلە). و خەتەنەکردنی فکر و هزر کە پێویستە لەسەرمان ئەو شتەی زیاد و زیان بەخشە و خراپە بیبڕین و خۆمان لێی ڕزگار بکەین. هەروەک لە (أرميا ٤:٤)دا هاتووە: (أزيلوا غلف قلوبكم) واتە جگە لە خەتەنەکردنی زەکەر خەتەنەکردنی دڵ و دەم و گوێش پێویستە کە ئەمە گوزارشت لە پاککردنەوەی نەفس دەکات و دوورکەوتنەوە لە تاوان یا ئەنجام نەدانی تاوان بەم ئەندامانە(١٥). بەبۆچوونی (تۆمای ئەکوینی) خەتەنەکردن وەک لە ئاو هەڵکێشان (المعمودية) وایە لە ڕووی کاریگەری ڕۆحییەوە و چۆن خەتەنە لێکردنەوەی بەشێکە لە لەش، لە ئاوهەڵکێشانیش هەروا هەوەس و مەیلە جەستەییەکان لادەبات.

**خەتەنەکردن لە ئیسلامدا**

لە هیچ ئایەتێکی قورئاندا باسی خەتەنەکردنی نێر یا مێ نەکراوە، بۆیە هەڵوێستی قورئان لەمەڕ خەتەنەکردن دیار و ڕوون نییە؟ تەنانەت وشەی (الختان) بەهیچ شێوەیەک لە قورئاندا نەهاتووە، تەنیا وشەی (أغلف) لە دوو دەقی قورئاندا هەیە کە تەعبیر و گوزارشت لە (غلف القلب) دەکات نەک (غلف الجسد) و هیچ ڕاڤەندێک ئەم دوو دەقەی بە مانای خەتەنەکردن ڕاڤە نەکردووە نە کۆنەکان و نە نوێیەکان(١٦). (البقرە: ٢: ٨٧-٨٨). (النساء) ٤: ١٥٥) کەواتە قورئان بێدەنگ بووە بەرامبەر خەتەنەکردن و باسی نەکردووە، ئەمەش وای لە پیاوە ئایینییەکان (الفقهاء) کرد کە بەدوای هەندێک ئایەتی چون یەک (الایات المتشابهات)دا بگەڕێن لە قورئاندا بۆ ئەوەی هەندێک ئایەت بدۆزنەوە کە مانا و مەبەستی خەتەنەکردن بدات بەدەستەوە.

بۆیە ڕاڤەندەکان ئەو ئایەتانە (الایات المتشابهات)یان وا لێکداوەتەوە و ڕاڤەکردووە کە لەگەڵ میتۆد و ڕێبازی ئەوان بگونجێت کە پشتگیری خەتەنەکردن دەکات و ئەو ئایەتانەی کە ڕاڤەندەکان پشتیان پێبەستووە ئەمانەن:

(ثم أوصينا إليک أن اتبع ملة ابراهيم حنيفا وماكان من المشركين) (النحل ١٦:١٢٣)

(قل صدق الله فاتبعوا ملة ابراهيم حنيفا وماكان من المشركين) (ال عمران ٣:٩٥)

(اولئک الذين هدى الله فبهداهم اقتد)- (الانعام ٦:٩٠)

(ومن يرغب عن ملة ابراهيم إلا من سفه نفسه ولقد اصطفيناه في الدنيا وانه في الاخرة لمن الصالحين)- (بقرة ٢: ١٣٠).

**ئەم ئایەتانە باسی دوو شت دەکەن:**

١- پێویستە پەیڕەوی لە ئایینی (ملة) ئیبراهیم بکەیت.

٢- ئیبراهیم فەرمانەکانی خودای جێ بەجێ کرد، بۆیە لە بری ئەوە خودا ئیبراهیمی کردە پێشەنگی خەڵک.

باسی خەتەنە لە هیچ لەم ئایەتانەدا نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیرەکانی خەتەنەکردن هەوڵیان داوە کە دەستەواژەی (واذا ابتلى ابراهيم ربه بكلمات) وا ڕاڤە بکەن کە خودا ئیبراهیمی بە خەتەنە کردن ئەزموون کرد، بۆیە موسڵمانان دەبێ پەیڕەوی (ملة ابراهيم) بکەن کەواتە دەبێ خەتەنە بکرێن وەک چۆن ئیبراهیم خەتەنە کرا. هەروەها ئایەتی (صبغة الله)یان بەواتای خەتەنەکردن لێکدایەوە دەرئەنجام لایەنگرانی خەتەنەکردن (الكلمات)یان بەواتای لێکدایەوە(١٧). بەم شێوەیە خەتەنەکردنی ئیبراهیم دەبێتە بنەڕەتی خەتەنەکردن لە ئیسلامدا.

لە قورئاندا هاتووە (صبغة الله ومن أحسن من الله صبغة ونحن له عابدون)
(البقرة:٢: ١٣٨)

ڕاڤەندەکان بڕوایان وایە کە وشەی (الصبغة) بە مانای خەتەنە دێت و بەڕای ئەوان خەتەنە (صبغە)ی خوایە بۆ موسلمان و ئەوەش لەجیاتی (العماد)ی کریستانییەکانە کە بەمەبەستی پاکژکردن ئەنجامی دەدەن.

ئەو کەسانەی کە دژی خەتەنەکردنن، دەڵێن: خەتەنە لەگەڵ فەلسەفەی قورئاندا ناگونجێ و دژی یەکن، چونکە قورئان جەخت لەسەر کەمال و تەواوی ئافەریدە کراو دەکات بۆ نموونە:

١- خلق كل شئ فقدره تقديرا)- (الفرقان ٢٥: ٢).

٢- (فطره الله التي فطر الناس عليها لا تبديل لخلق الله)- (روم ٣٠:٣٠)

٣- (و صوركم فأحسن صوركم ورزقكم من الطيبات)- (غافر ٤٠: ٦٤).

٤- (لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم) (التين: ٩٥: ٤).

ئەگەر خەتەنەکردنی نێر و مێ بریتی بێ لە لێکردنەوە و بڕینی بەشێک لە ئەندامێکی سەلیم و تەواو کە دەورێکی گرنگی هەیە لە پێوەندی سێکسیدا ئەوا ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان.(١٨)

لە بارەی خەتەنەکردنی پێغەمبەرەوە (د.خ) بە تەواوی چۆنیەتی خەتەنەکردنی دیار نییە و نازانرێ چۆن و بە چ شێوەیەک خەتەنەکراوە. هەروەها دوو سەرچاوەی گرنگ و بنەڕەتی ژیانی پێغەمبەر کە ئیبن ئیسحاق (م٧٦٧). و کوڕی هیشام (م. ٨٢٨)ن بە هیچ شێوەیەک باسی خەتەنەکردنی پێغەمبەریان نەکردووە؟! جگە لەمە کتێبە دینی و (الفقهە)یەکانیش بە دوور و درێژی باسی خەتەنەیان نەکردووە بۆ نموونە کتێبی (فتاوي الهندية) کە ژمارەی لاپەڕەکانی (٣) هەزار زیاترە تەنیا بە سێ لاپەڕە باسی کردووە و (غەزالی)یش لە (إحياء علوم الدين)دا بەشەش دێڕ باسی کردووە، هەرچی (العيني)یە کە هەڵساوە بەشەرحکردنی (صحيح البخاري) و نزیکەی (٩) هەزار لاپەڕەیە هیچ باسی نەکردووە؟

## پێوەندی نێوان خەتەنەکردن و قوربانی و ژن هێنان و بەروبووم

هەندێک نەریت و رەفتار کە مرۆڤی کۆن هەیبووە، گەلێک رەق و توند و گران بووە جا بۆیە بەپێی گۆڕان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ هەندێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و هەندێکیان نەماون و مرۆڤ بنج و پێوەندی نێوان ئەم نەریتانەی لەیاد کردووە. قوربانیدان یەک لەو چەمک و شتانەیە کە پێوەندی لەگەڵ خەتەنەدا هەیە و بە بڕوای هەندێک کەسی خەتەنەکردن کردارێکی جێگرە و لەجیاتی قوربانیدانی مرۆیە و هەروەها یەکسان و هاوتەریبە لەگەڵ قوربانیدان بە ئاژەڵ و دەکرێ بڵێین خەتەنەکردن قوربانیدانێکی رەمزی و جوزئییە و لێکردنەوەی بەشێک و خوێن رشتن وەک قوربانیدانە.

هەروەک زانراوە میللەتەکانی رۆژهەڵات یەکێک لە رۆڵەکانیان دەکردە قوربانی بۆ خوداوەند، پاشان قوربانیدان بە مرۆڤ گۆڕا و قوربانیدان بە ئاژەڵ شوێنی گرتەوە و ئەم گۆڕانە هاوکات بوو لەگەڵ زۆر بوونی داهات و بەرەبووم و دیارترین هۆکارەکانی ئەم گۆڕانانە بریتین لە فراوانبوونی ناکۆکی لەنێوان بنەماڵە و خێڵەکاندا و پێویستیان زۆر بە سوپاو شەڕکەر هەبوو بۆیە قوربانیدان بە مرۆڤی شەڕکەر زیانیان لێدەکەوت، بۆیە کاهینەکان جێگرەوەی مرۆڤیان دۆزییەوە، هۆکارێکی دیکە دروستبوونی گوند و شار و پەرستگا پێویستی بە کرێکار هەبوو هەروەها پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ. بەم شێوەیە ئەم هۆکارانە وای کرد کە قوربانیدان بە ئاژەڵ و بەروبوومی کشتوکاڵی جێگای قوربانی مرۆیی بگرێتەوە. (١٩)

هەروەها پێوەندیەک هەیە لەنێوان خەتەنەکردن و زۆرکردنی وەچەو نەوە و زۆر کردنی بەروبووم، چونکە هەندێک بڕوایان وایە کە خەتەنەکردن بۆ ئەوانە بوو کە باڵق بوون هەروەک لە خەتەنەکردنی ئیسماعیل و کوڕی موسا و ئەوانەی لە چۆلایی بوون پاشان دەرچوونیان لە میسر دەردەکەوێت ئەمەش مانای وایە خەتەنەکردن کردار و پرۆسەی بوونە پیاو و گەیشتنە قۆناغی ژن هێنانە و بڕوایان وابوو کە کاتێک پیاو پێش ژن هێنان خەتەنە دەکرێ و خوێنی لێدێت ئەمە یەکسان و هاوشێوەی ئەو خوێنەیە کە لە شەوی بووکێنیدا لە ئافرەت دێت و دەرژێت بەهۆی درانی پەردەکە، بۆیە وشەی (الختان) و (الختن) لە زمانی عەرەبیدا گوزارشت لە کرداری زەواج دەکات یا مێرد، تەنانەت لە هەندێک شوێنی دوورگەی عەرەبیدا لاوەکان پێش ژن هێنان خەتەنە دەکرێن.

لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە فیرعەونیەکان پرۆسەی خەتەنەیان دانەهێناوە، بەڵکو میراتێکی مرۆڤی کۆن و بەرایی بووە کە بۆیان ماوەتەوە وەک ژێرخان و کەلەپوورێکی مرۆڤی سەرەتایی نەیانتوانیوە خۆیان لێ رزگار بکەن، وەک چۆن ئێمە ناتوانین وازی لێبێنین و بەردەوامبوونی ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ موکوڕبوونی کاهینەکان کە نەیاندەویست واز لەم کردارە بێنن و زانیمان ئەم رەفتارە لای زۆربەی میللەتان باو و بڵاوبووە و هەریەک لەو میللەتانە مەبەست و ئامانجێکی هەبووە لە ئەنجامدانیدا و راوبۆچوونی و لێکدانەوەی جیاواز هەبووە لە بارەی خەتەنەکردن. دەشێ بڵێین خەتەنەکردن هێماو رەمزێکی کۆنەو رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە بەراییەکان وەک نەریتێک بەمیراتی بۆمان ماوەتەوە.

دەرئەنجام خەتەنەکردن گوزارشت لە ترس دەکات لە مەسەلەی سێکسی و هەروەها بەرجەستەکردنی (سادیزم)ە کە کاهین و پیاوە ئاینییەکان لە گشت سەردەمەکاندا هەیانبووە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- سامي الذيب، ختان الذكور والاناث، عند اليهود والمسيحيين والمسلمين، بيروت، (٢٠٠٠)، ل٢٨.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٨.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٩.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٠.**

**٥- عبدالوهاب بوحديبه، الاسلام والجنس، ت: هالة العسوری، القاهرة، (١٩٨٧)، ل٢٤٦.**

**٧- سەرچاوەی ژمارە(١)، ل٤٠.**

**٨- مجلة النهج، العدد (٤٥)، (١٩٩٧)، ل١٦٦.**

**٩- سەرچاوەی ژمارە (١)، ل٥٣.**

**١٠- جيفري بارندر، الجنس في اديان العالم، ت، نورالدين بهلول، دمشق، (٢٠٠١)، ل١٨٠.**

**١١- سەرچاوەی ژمارە (١)، ل٧١.**

**١٢- سەرچاوەی ژمارە (١)، ل٧١.**

**١٣- محمود مصلح البكر، الروح الاخضر، بيروت، (١٩٩٢)، ل١٢٥.**

**١٤- هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.**

**١٥- سەرچاوەی ژمارە (١)، ل٩٥.**

**١٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٦.**

**١٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨.**

**١٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.**

**١٩- سەرچاوەی ژمارە (١٣)، ل١٢٦.**

# چۆن زمانی نەتەوەکەمان تێدەگەین

زمان بە گرنگترین داهێنانەکانی شارستانی مرۆڤ دادەنرێت و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زمانی هەیە و بەهۆی زمانەوە لە یەکتر دەگات، بەڵام چۆن تێیدەگەین؟ ئەمە پرسیارێکە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی بدەینەوە.

هەموو مرۆڤێک لە زگماکەوە ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەو ئاگادارکردنەوە دەنگیانەو بیندراوانەی کە پێی دەڵێن زمان وەرگرێت، بەڵام کرداری هەستکردن دوا پێگە نییە لە کرداری گەیاندن، بەڵکو دوای ئەو کرداری تر دێت گرنگی لەو کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، ئەویش کرداری دەرککردن و بەبیرهاتنەوەیە، تا دەگاتە قۆناغی تێگەیشتن. توێژەرەوەکان دەڵێن کردارەکانی دەرککردن سلبی نین کە تێیدا هەستکردن دەگۆردرێت بۆ ڕەمزەکانی دەنگ، بەڵکو کردارێکی کاریگەرە.

زانای زمانەوانی (ورن Warren) و هاوڕێکانی چەندین توێژینەوەیان لەم بارەیەوە ئەنجام داوە، بەڵام گۆڕینی بۆ زمانی کوردی سوودێکی ئەوتۆ بە بابەتەکەمان نابەخشێت. بۆیە نووسەری بابەت هەندێک ڕستەی کوردی هاوشێوەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە کۆمەڵگەی کوردیی دارشت، بەڵام ئەمانەتی زانستی وامان لێ دەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئێمە تەنها دووبارەکەرەوەی ئەزموونەکەی زانای ناوبراوین.

سەرەتا نووسەری بابەت ئەم ڕستەیەی ئامادە کرد:

(ئەنجوومەنی شارەوانی لە بارەگای شاری... کۆبۆوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە)

---

**زەیتۆ شێخانی**

لەم ڕستەیەدا وشەی دووەمی شارەوانی دەنگەکانی (و، ا، ن، ی) لێ بڕاوە، لە پاشان بەدەنگی نووسەری بابەت لەسەر شریتێکی ئاسایی تۆمارکراوە و لەباتی تۆمارکردن چەند کۆخەیەک شوێنی دەنگە بڕاوەکانی گرتەوە.

بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی ژمێریاری (المجتمع الاحصائي)، هەر وەک چۆن زاناکە قوتابی هەڵبژارد، نووسەری بابەتیش بەحوکمی شوێنی کارەکەی کۆمەڵێک لە قوتابییانی ناوەندی کارۆخی بەڕێگای هەڕەمەکی (عشوائي) هەڵبژارد.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەزموونەکە قوتابییان یەکە یەکە بەجیا بەهۆی ڕیکۆردەرەوە گوێیان لە ڕستەکە بوو. ئینجا داوایان لێ کرا ڕستەکە دووبارە بکەنەوە، هەموو قوتابیەکان ڕستەکەیان دووبارەکردەوە بەبێ ئەوەی هەست بە دەنگە بڕاوەکان بکەن. ئەزموونەکەی (ورن)یش گەیشتە هەمان ئەنجام، بەڵام لە ئەنجامەکەی ئەو لە کۆی بیست قوتابی تەنها یەک قوتابی هەستی بە دەنگە بڕاوەکان کرد. لە تۆژینەوەیەکی تر (ورن) چەند ڕستەیەکی تری ئامادەکرد کە لەیەک وشە جیاوازی هەبوو، ئێمەش بەهەمان شێوەی پێشوو ڕستەی کوردی هاوشێوەمان داڕشت کە ئەمانەن:

- قوتابییەکە کتێبێکی زۆری کۆکردەوە.
- قوتابییەکە وتەیەکی زۆری کورت کردەوە.
- قوتابییەکە پارەیەکی زۆری کەم کردەوە.

ئینجا چەند فۆنیمێکمان بڕی بۆ ئەوەی تەنها لە یەک وشە جیاوازییان هەبێت بەم شێوەیە:

- قوتابییەکە کتێبێکی زۆری ک... کردەوە.
- قوتابییەکە وتەیەکی زۆری ک... کردەوە.
- قوتابییەکە پارەیەکی زۆری ک... کردەوە.

لە پاشان بەهەمان شێوەی پێشوو، داوا لە کۆمەڵە قوتابییەک کرا ڕستەکان بنووسنەوە، لە ئەنجامدا هەموو قوتابییەکان ڕستەکانیان بەڕاستی نووسییەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ فۆنیمە بڕاوەکان بکەن.

لەم دوو ئەزموونە بۆمان دەردەکەوێت کە بیسەران ئەو ڕستانەی بیستوویانە دووبارە دادەڕێژنەوە بەپێی ڕێزمان و واتاکان.

لە کۆتایی ئەزموونەکە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نووسەری بابەت هەموو ڕێگایەکی بەکارهێناوە بۆ پاراستنی سەلامەتی ناوخۆی ئەزموونەکە (السلامة الداخلیة) وەک بەکارهێنانی ڕێگای هەڕەمەکی لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی ئەزموونی و پرسینی جیاجیا لە قوتابییان بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر یەکتر نەبێت... تاد.

هەردوو زانای زمانەوانی (میلەر Miller و نایسلی Nicely) دەڵێن مرۆڤ بەگرانی دەتوانێت هەندێک دەنگی وەک (کاف، تاء)، (میم، نون)... تاد لە یەکتر جیا بکاتەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردی ئەگەر وشەی (تەوەر) و (مازێ) و (تەون) لەنێو تەشویشێکی دەنگی تۆمار بکەین، لە پاشان بۆ هەندێک خەڵک لێی بدەین ئەوا گوێیان لە سێ وشەی تری جیاواز دەبێت کە ئەمانەن (کەوەر) و (نازێ) و (کەون).

لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕ بمێنێت ئەگەر بزانێت خەڵک وشەکانیان بەتەواوی لە دەم دەرناچێت. بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە (میلەر Miller) دەستی کرد بە تۆمارکردنی گفتوگۆیەک لەنێوان هەندێک خەڵکدا، دوای ئەوەی دڵنیابوو وشەکان تێگەیشتوون، بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی وشەکانی لێک جیا کردەوە، ئینجا هەر یەک لە وشەکانی بەتەنها تۆمارکرد و بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی لێیدایەوە. بینی کۆمەڵەکە نەیانتوانی ١٧ ٪ی وشەکان تێبگەن.

دراسەکانی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان وای بۆ دەچن کە گوێگر ڕاگەیاندراوە دەنگییەکان بە بێگەردی وەردەگرن، بەڵام هەندێک لە زانایان ئەم گریمانە بەهەڵە دادەنێن چونکە ئێمە کە گوێمان لە قسە دەبێت زۆرجار ئەو قسانە لەنێو قسەی تری خەڵک دەمانگاتێ. ئێمە کە لە بازاڕ گوێ بۆ قسەی کەسێک دەگرین، ئەوا قسەکانی لەنێو دەنگە دەنگی خەڵک دەمانگاتێ. بۆیە پرسیار دەکەین ئەو قسانە چۆن دەگاتە ئێمە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەرەوان ڕێگایەکی تایبەتییان بەکارهێنا، ئەویش دانانی دوو مایکرۆفۆن بوو، لە هەردوو گوێی ئەو کەسانەی بەشدارییان پێکرا لە ئەزموونەکە. ئینجا پەیامێکیان نارد تەنیا بۆ یەک گوێ و داوایان لێکرا ئاگاداری بن و گوێی لێ بگرن، بەڵام گوێیەکەی تر پەیامێکی هاوشێوە یان جیاوازی بۆ نێردراو داوایان لێکرا گوێی بۆ نەگرن و فەرامۆشی بکەن. ئەم تۆژینەوەیە زانای زمانەوانی (تریسمان Treisman) ئەنجامی دا

و چەند دەرئەنجامێکی تێبینی کرد، کە ئەمانەن:
١- هەر چەندە جیاوازی نێوان دوو پەیامەکە لە رووی شـوێن و دەنگ و مـانا زیـاتر بێت، کـاریگەری پەیـامی دووەم بۆ سـەر پەیامی یەکـەم کـەمـتـر دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر گوێی چەپە پەیامێکی بە دەنگی ئافرەت پێ بگات و باسی رووەک و گـــوڵ بکات، داوای لێـــبکرێت فـەرامـۆشی بکات، بەڵام گـوێی راسـتـە پەیامـێکی بە دەنگی پیاو پێبگات و باسی مووشەکی ئەتۆمی بکات و داوای لێ بکرێت گوێی لێ بگرێت و گرنگی پێبدات، ئەوا گـوێگر بە ئاسـانی دەتوانێت پەیامی گـوێی چەپە فەرامۆش بکات. هەروەها ئەگەر هەردوو گوێ بە دەنگی یەک کەس پەیامی بۆ هات و باسی دوو شتی جیاوازی دەکرد لە یەک بابەتدا، ئەوا گـوێگر ناتوانێت باش تێی بگات.
٢- ئەگەرچی گوێگر یەکێک لەم پەیامانەی داوای لێ دەکرێت فەرامۆش دەکات، بەڵام بەبێ دەستی خۆی سوود لەم زانیـارییـانە وەردەگـرێت کـە لە پەیامـە فـەرامـۆش کراوەکەدا هاتووە. بۆ ئەوەی ئەو تەمومژەی کە لە پەیامی یەکەمدا هەیە لێک بداتەوە. بۆ نموونە ئەگەر داوامان لە گـوێگرێک کـرد گـوێ بۆ ئەم پەیامە بگرێت (پیاوەکـە لە پێش باڵەخانەیەکی کۆن وەستاوە) کە بۆ گوێی راستەی دێت، بەڵام ئەم پەیامـە فـەرامـۆش بکات کـە بۆ گـوێی چەپەی دێت و دەڵێت (دەرگای کۆنم خۆش دەوێت).
بەهۆی پەیامی دووەم کـە فـەرامـۆش کـراوە گـوێگر تێدەگات دەرگاکە کۆنە بەڵام مەرج نییە باڵەخانەکە کۆن بێت. ئەمە بۆچوونی هەردوو زانای زمانەوانی (لاگنە و گـارێت)ە. هەروەها دوو زانای تریش (مکی و کـۆرتین Mckay, Cortteen) دەڵێن گـوێگر بەبێ دەسـتی خۆی هەڵدەستێت بە نیمچە شیکردنەوەیەک بۆ پەیامە فەرامۆش کراوەکە.
بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین تێگەیشتنمان بۆ قسە لەنێو ئەم خاڵانە دیاری دەکرێت:
١- قسـە دەرک ناکـرێت وەک زنجیـرەیەک لە برگەی دەنگی جیاواز بەڵکو تاک پێشبینی ئەوە دەکات کە چی پێ دەگوترێت. لە لێکۆڵینەوەی (مالسن و ولسن) داوا لە کۆمەڵەی ئەزموونی کرا، ئەوەی لە ریکۆردەر گوێیان لێ دەبێت بەزووترین کات بیڵێنەوە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکـەوت جـیـاوازی نێـوان دەنگی ئەوان و دەنگی ریکۆردەر تەنها (٢٥ و.) چرکە بوو، ئەم کـاتەش تەنهـا بەشی گوتنی یەک برگەی دەنگی دەکات، ئەم خێراییە لە گوتنەوە تەنیا ئەوە دەگەیەنێت کە تاک پێشبینی قسەکان دەکـات پێش ئەوەی بۆی بوترێت، بۆ دڵنیـا بوون لەم ئەنجـامـە توێژەران دەسـتیـان کـرد بە تۆمـارکـردنی چەند رسـتـەیەک کـە هەڵەی کـەمی رێزمـانی تێـدابوو. دوای گوێگرتن دەرکەوت گوێگران رستە راستەکان دەڵێنەوە، بەبێ ئەوەی ئاگایان لە هەڵەکانی ریکۆردەر بێت.
٢- وا دیارە ئێمە کە گوێمان لە قسە دەبێت بە دوای زانیـاریدا دەگـەرێین. بۆ نموونە ئەگـەر داوا لە تاکـێک بکەین لە گـوێیـەک گوێ بۆ کلێشە زمانییەکان بگرێت و لە گوێیـەکەی تر رستە رێزمانییـەکـان فـەرامـۆش بکات، دەبینین تاکەکە ئەوەی داوای لێکراوە فەرامۆش دەکات و گـوێ بۆ رسـتـە رێزمـانییـەکان دەگرێت. ئەم ئەزمـوونەش زانای زمانەوانی (کیری Cherry) ئەنجامی دا.
٣- تاک لە قۆناغی یەکەم بەبێ دەستی خۆی قسەکان شی دەکـاتەوە. لە لێـتـوێژینەوەی دەرککردنی قـسـە دەرکەوتووە، گـوێگر ئەو رستانە شی دەکاتەوە کە داوای لێکراوە فەرامۆشی بکات، لە پاشان فەرامۆشی دەکات، یان بەهۆی بریارێکی پێشوو وەری دەگرێت.
(مـکـی Mckay) دەڵێت ئەگـەر رستەیەکی ناتەواو کـە دوو مـانای جیـاوازی هەڵگرتبێت بدەینە تاکێک و داوای لێـبکەین تەواوی بکات، ئەوا کـاتێکی زیاتری پێـویستـە لە رسـتـەی روون و ئاشکرا بۆ تەواوکـردنی، بۆ نموونە ئەگەر داوا لە تاکـێک بکەین ئەم رسـتـەیە تەواو بکات:
(من دەزانم سـەردانی خـزمـان لەوانەیە ناخـۆش بێت) لێـرەدا دەبینین تەواوکـردنی رسـتـەکـە کـاتێکی زیاتری دەوێت لە رسـتـەی ئاسـایی، چونکە دوو مـانا بەخـۆیەوە هەڵدەگرێت:
١- سەردانی کردنیان بۆ من لەوانەیە ناخۆش بێت.
٢- سەردانی ئەوان بۆ من لەوانەیە ناخۆش بێت.
هەندێک لە توێژەروان دەڵێن گـوێگر تەنهـا یەک مـانا لەم جـۆرە رسـتـانـە وەردەگـرێت، چونکە خـەڵک هیچ تەمـومژێک لە رستـەدا نابیـنن تا ئاگـاداریان نەکـەینەوە. بەڵگە ئەزمـوونییـەکـان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کـە مـاوەی داواکـراو بۆ تەواوکـردنی رستـە زیاد دەبێت بە زیادبوونی ژمـارەی مـاناکـانی. بۆ نموونە ئەگەر داوا لە تاکێک کـرا

ڕســـــتـــەیەک شی بکاتەوە یان تەواو بکات، زیاتر لە مانایەکی بەخۆیەوە هەڵگرتبێت ئەوا بەزۆری دەوەستێت و قـــســـەکـــان دووبارە دەکـــاتەوەو ڕســـتـــەی ناڕێزمـــانی دەهێنێتەوە. لەم تۆژینەوانەی لە پێشەوە خستمانە ڕوو دەتوانین چەند دەرئەنجامێک دەربهێنین کە ئەمانەن:

١- کـە خـەڵک ڕووبەڕووی ڕسـتـەی تەمـومـژاوی و نادیار دەبێتەوە مانای جۆراوجۆر دەردەهێنن.

٢- گـــوێگر هەوڵ دەدات باشـــتـــرین شـــیـکردنەوە هەڵبـژێرێت بۆ ئەوەی لەگـەڵ ناوەرۆکی تەواوی ڕسـتـەکە بگونجێت.

٣- ئەگـەر تاک نەیتـوانی لەنیوەی ڕستەکە تەمومژو نادیارییەکەی چارەسەر بکات ئەوا یەکێک لە ئەگەرەکان وەردەگرێت.

٤- ئەگـەر گـوێگر بینی ئەو شـیکردنەوەی پشـتی پێ بەستووە قەبووڵ ناکرێت، دووبارە ڕستەکە دێنێتەوە یادی و سەرلەنوێ شی دەکاتەوە.

## ڕۆڵی ئاواز لە تێگەیشتنی زمان

هەر چەنـدە زمــــــان ئاوازی زۆر بـێت، ئـەگـــــەری گواستنەوەی زانیارییەکان بە هۆیەوە کەمتر دەبێت، ئەگەر ئاگـادارکـردنەوەیەکـمـان نارد کـە دەڵـێت (ق ق ق ق ق) ئەوا لەوانەیە ڕەمزی دواتریش هەر (ق) بێت. سەر لەنوێ دەرکەوتنی ڕەمزی (ق) زانیارییەکی نوێ نییە. هەروەها ئەگەر لەکاتی خوێندنەوە تووشی وشـەی (توێژە) بووین، ئەوا لەوانەیە ڕەمــــزی دواتر (ر) بێت، ئەم (ر)ایەش زانیارییەکی نوێ نییە. بەم شێوەیە خوێنەر دەتوانێت لە هەڵەی چاپ ئەم بارانە دەستنیشان بکات.

ئاواز لە زمـانە سـروشـتـیـیـەکـانی جـیـهـان چەند سـەرچاوەیەکی جـۆراوجـۆری هەیە بەم شـێـوەیە دەتـوانین کورتیان بکەینەوە:

١- فۆنیمەکان بەشێوەیەکی گشتی جیاوازن لەڕێژەی دەرکــەوتنیــان واتە هەندێک فـــۆنیم زیاتر لەوانی تر دەردەکەون.

٢- فـۆنیـمـەکـان بەشـێـوەیەکی گـشـتی لە زمـانی سروشتیدا جیاوازن لە بەدوای یەکداهاتنیان. بۆ نموونە لە زمانی کوردی دوو پیتی بزوێن بەیەکەوە لە یەک وشەدا نایەن. ئەگـەر بەیەکـەوە هاتن ئەوا یەکـێکیـان بە نەبزوێن دادەنرێت.

٣- وشـەکـان جـیـاوازن لە دووبارەبوونەوەیان، واتە هەندێک وشە زۆر بڵاون و بەکاردێن، بەڵام هەندێکی تر کەمتر بەکاردێن.

٤- وشەکان جیاوازن لە تەرتیبی دەرکەوتنیان. بۆ نموونە لە زمـانی کـوردی وەکـو زمـانی عـەرەبی ناڵێین (لێـیـدا کـوڕەکە کـچـەکـە) بەڵکو دەڵێین (کـوڕەکـە لە کچکەی دا)

٥- هەندێک کـۆت و زنجـیـری عـەمـەلی هەیە دەبێـتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە گوێمان لێ دەبێت. بۆیە ئەو ڕستانە دیاری دەکرێت کە گوێمان لێ دەبێت. بۆ نموونە پێشبـینی ئەوە ناکەین کە گوێمـان لە ڕستـەیەکی وەک ئەم ڕستەیە بێت (لەسەر دەرگای قوتابخانەمدا بۆ ئەوەی بەسەر دیواری بچمە ژووری).

٦- گەیاندن پشت دەبەستێت بە خەملاندنی قسەکەر بۆ تێگەیشتنی گوێگر. بۆیە هەندێک جار بە ئەنقەست هەندێ وشە دووبارە دەبنەوە.

هەروەها هەندێک ڕستەو وشە کورت دەکرێنەوە، ئەگەر قسـەکەر هەستی کرد گوێگر تێدەگات، بۆ نموونە ئەگەر خێزانێک چاوەڕوانی کەسێکی دیاریکراویان دەکرد ئەوا وشـەی (هات) بەسـە بۆ تێگەیشـتنی هەمـوویان، بەڵام ئەگەر کەسێک پێش (١٥) ساڵ پێوەندیان لەگەڵ هەبوو، لە پاشان پێوەندییەکە پچڕا، لێرەدا ئێمە پێویستیمان بە ئاوازێکی زۆر هەیە بۆ ڕاگــەیاندنی، بۆ نموونە لەوانە ڕاگەیاندنەکە بە ڕستەیەکی پرسیاری دەست پێبکەین و بڵێین (لە بیـرتانە کە لە سلێـمـانی بووین؟ مـاڵی کاکە حەمـە دراوسێـمان بوو، کوڕێکی بچـووکی هەبوو بەسەر دارگـوێزەکـەمـان دەکـەوت، ناوی (ڕزگـار) بوو. دوای ئەم هەموو پێشەکییە ڕاگەیاندنەکە دەست پێدەکات، (ئەمڕۆ لە هەولێر بینیم) و لەوانەیە پێش ڕاگەیاندنەکە هەندێک سیفەت و هەڵسوکەوتی تریش بڵێین، تا ڕاگەیاندنەکە بە تەواوی تێبگەن.

## بنیاتنانی ڕستەو تێگەیشتنی

بنیـــاتنانی ڕســـتـــە ڕۆڵێکی زۆر گـــرنـگ دەبینێت لە تێگەیشـــتنی زمـــان، بۆ نموونە کـــاتی پێـــویست بۆ وەڵامــدانەوەی ڕســـتـــەی کـــارای دیار کـــەمـــتـــرە لە وەڵامـدانەوەی ڕستـەی کـارای نادیار. هەروەها هەردوو زانای زمانەوانی (گراف و ثوری) بینییان لێککردنەوەی

ڕستە درێژەکان لە یەکتری وادەکات تێگەیشتنی ئاسانتر بێت. بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە دەستیان کرد بە داڕشتنی چەند ڕستەیەک و نیشاندانی بەدوو کۆمەڵە، کۆمەڵەی ئەزموونی و (المجموعة التجريبية) کۆمەڵەی ڕێکاری (المجموعة الضابطة) کۆمەڵەی یەکەم ڕستەی لێک جیاکەرەوەیان نیشان درا، بەڵام کۆمەڵەی دووەم ڕستەی تێکەڵاوی نیشان درا، بەم شێوەیە:

**کۆمەڵەی یەکەم:**

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم،
سەرکردە سەربازییەکان،
پلانی ناواقعییان بەکارهێنا،
چونکە سەرکردەکان،
بڕوایان وابوو،
ئەمە دەبێتە هۆی
کەمکردنەوەی ماوەی جەنگ و
کەمکردنەوەی خوێن ڕژان.

**کۆمەڵەی دووەم:**

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم سەرکردە سەربازییەکان، پلانی ناواقعییان بەکارهێنا چونکە سەرکردەکان بڕوایان وابوو، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی جەنگ و کەمکردنەوەی خوێن ڕژان.

لەم ئەزموونەدا بۆیان دەرکەوت کۆمەڵەی یەکەم زووتر لە ڕستەکان دەگەن لە کۆمەڵەی دووەم. چونکە ئەنجامی ژمارەیەکی تر لە لێتۆژینەوەکان دەریانخستووە، مرۆڤ ئەو قسانەی گوێی لێ دەبێت لەسەر شێوەی کورتە ڕستە لە یادەوەری کورتە ماوە دەیانپارێزێت. هەروەها نووسەری بابەت لەو کاتەی قوتابی بوو لە قۆناغی چوارەمی کۆلیژی ئاداب، بەشی دەروونزانی لە زانکۆی (المستنصريه)، لەسەر داوای مامۆستای دەروونزانی ئەزموونی لە تاقیگەی دەروونزانی، ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەنجام دا، بەم شێوەیە: لە سەرەتادا گریمانێکمان لە تیۆرەکانی دەروونزانی داڕشت، کە دەڵێت (لێککردنەوەی دێڕە شیعرەکان دەبێتە هۆی زوو لەبەرکردنی) لە پاشان حەوت دێڕ شیعری (بدر شاکر السياب)مان ئامادەکردو (١٠) قوتابیمان هەڵبژاردو دابەشمان کرد بۆ دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی ڕێکاری، ئینجا حەوت دێڕ شیعرەکەمان لەیەکتر جیا کردەوەو دێڕ دێڕ دامانە کۆمەڵەی ئەزموونی. شیعرەکەمان بەیەکەوە دایە کۆمەڵەی ڕێکاری، بۆ ئەوەی هەردوو کۆمەڵەکە لەبەری بکەن. دوای دیاریکردنی کات، بۆمان دەرکەوت کۆمەڵەی یەکەم زووتر دێڕە شیعرەکانی لەبەرکرد لە کۆمەڵەی دووەم.

کۆمەڵێک زانای وەک (کەمین Kemen و ئامۆن Amon و فۆدەر و بیڤەر Fodor and Bever) هەریەکە بەجیا تۆژینەوەی خۆیان ئەنجام دا، ئەم ڕستەیەش وەک نموونە دەهێنینەوە (ئەکتەرە موئەدەبەکە سوپاسی ئافرەتە پیرەکەی کرد، کە سەیوانە ڕەشەکەی بۆ هەڵگرتبوو) ئەم ڕستەیە لەسەر ڕیکۆردەر تۆمارکراو بۆچەند کەسێک لێدرا و داوایان لێکرا دوای وشەی (ئەکتەر) بەخێرایی بڵێن چ وشەیەک دێت. توێژەرەوان دەڵێن ئەگەر گوێگر لەسەر شێوەی کورتە ڕستە قسەکان لە یادەوەری تۆمار بکات، ئەوا بەخێرایی وشەکە دەڵێت، لە ئەنجامدا گریمانەکە ڕاست دەرچوو.

لێتۆژینەوەی زانای زمانەوانی (لارڤێلا Larvella) دەڵێت گوێگر واز لە دەقێک دەهێنێت و لە یادەوەری دەیسڕێتەوە ئەگەر داوای لێکرا دەقاودەق ڕستەکان بڵێتەوە، ژمارەکەی لە ڕادەبەدەر بوو. بۆ دەرخستنی ئەم گریمانە، توێژەر ئەم شێوازەی بەکارهێنا، دەقە پەخشانێکی درێژی بەهۆی ڕیکۆردەر تۆمارکرد، ئینجا بۆ کۆمەڵێک لێیدایەوە، بەڵام لە هەندێک شوێنی دیاریکراو ڕیکۆردەرەکەی دەوەستاندو داوای لە گوێگر دەکرد هەر شتێکی دێتەوە یاد دەقاودەق بینووسێت و توێژەر بەپێی پێکهاتووەکانی ڕستە شوێنی وەستانی دیاری دەکرد، بەم شێوەیە:

شێوازی یەکەم: شێوازی پەیمانەکە زۆر توندو تیژ بوو (نەیتوانی تاوانەکان لابدات) بۆیە دواتر بەڕێوەبەر لە کارەکەی لادا.

شێوازی دووەم: پەیمانەکە لۆمەی خستە سەری و وتی (نەیتوانی تاوانەکان لابدات) بۆیە دواتر بەڕێوەبەر لەکارەکەی لادا.

دەتوانین هەر یەک لە شێوازەکان بۆ سێ پێکهاتە دابەش بکەین و ناوی لێ بنێین أ، ب، ج، (أ) سەرەتای ڕستەیە، (ب) دەکەوێتە نێو کەوانەکان. (ج) ئەو وشانە

دەگـرێتـەوە دوای کـەوانەکـە دێن. لەشـێـوازی یەکـەم گوێگرەکـان پێکهاتووەکـانی أ، ١٢٪ و ب، ٥٤٪ و جـ ٨٦٪ هـاتەوە یـادیـان، بـەڵام لەشـــێـــوازی دووەم پێکهاتوەکانی أ، ٢٠٪ و ب، ٣١٪ و جـ ٨٤٪ هاتەوە یادیان.

لەم ئەنجـامـە بۆمـان دەردەکـەوێت پێکهـاتووی (جـ) هەمـوو کـاتێک لە یادی زۆرینەی گـوێگران بووە، وە پێکهـاتووی (أ) لای زۆرینەی گـوێگران سـڕاوەتەوە لە یادیان. وە پێکهـاتووی (ب) جـیـاوازە لەنێـوان دوو شێـوازەکە گـوێگران بەپێی شـوێنیـان لە ڕسـتـە هاتەوە یادیان.

هەروەها لێتـۆژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێـمە لەم ڕسـتـانە دەگـەین کـە وشـەی باو و زۆر بەکـارهاتووی تێدا بێت، بەڵام وشەی دەگمەن پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە بۆ شـیکردنەوەی. بۆ نموونە ئێـمـە ڕسـتـەی یەکـەم خێراتر تێدەگەین لە ڕستەی دووەم.

- قوتابییەکە نانی بەیانی نەخوارد.
- قوتابییـەکە لەبەر نەبوونی پێخۆر ئەم بەیانییە برسی بوو.

## ڕۆڵی هاتنەوە یاد لە تێگەیشتنی ڕستە

شـتـێـکی ئاشکرایە هاتنەوەیادی مـاوە کـورتی مـرۆڤ مـاوەکـەی دیاری کـراوە. مـرۆڤ بۆ تێگەیشـتنی ڕسـتـە پێویستە لە هاتنەوە یادی ماوە کورتی خۆی بیهێڵێتەوە تا لە شـیـکردنەوەی تەواو دەبێت، بۆیە زیادبوونی درێژی ڕستەو دووری نیهاد و گوزارە لە یەکتر تێگەیشتنی گران دەکـات. بۆ نموونە ئەم ڕسـتـەیە تێگەیشـتـنی گـرانە (ئەو پیـاوەی دزەکـەی گـرت کـە بڕوانامـەکـەی دەدزی، ئەو بڕوانامـەیەی کـە لە شـوێنێکی تەقـەت هەڵگیـرابوو لە ترسی بزربوون، بە هۆی گرنگی بۆ ئێـمـە و خزمـوکەس و کارمان، برادەری ئامۆزای دەستگیرانی برام بوو).

ئەم ڕسـتـەیە تێگەیشـتنی گـرانە چونکە گـوێگر ناچارە بەدرێژایی ڕسـتـەکە لە یادی خۆی بیـهـێڵـێـتـەوە تا شی دەکاتەوە.

ئەم دیاردەیە کـۆمـەڵێک زانای وەک (بلومنشـاڵ و Blumenthal ستۆلزو Stolts شلنسنگەر و Shle-singer هی تر) لێتـۆژینەوەیان کردو تێیـدا دەرکەوت هەرچەندە ڕسـتـە لەناو ڕسـتـەی بنەڕەتی زیاد بێت، قورسایی لەسەر بەبیرهاتنەوەی ماوە کورت زیاد دەبێت. ئەمـەش دەبێـتـە هۆی بەربەست لەڕێی شـیکردنەوەو تێگەیشتن.

بەپێی ئەو بۆچوونانەی لە پێـشـەوە باسـمـان کـرد، دەتوانین بڵێین ئەو کـەسـەی ئاگـادارکـردنەوە وەردەگـرێت هەڵدەستێت بە:

١- لەوکاتەی گوێی لە ئاگادارکردنەوەکە دەبێت، کاری زمـانەوانی و ناوەرۆکی ئاگـادارکـردنەوەکـە و بیـر و بۆچوونەکەی دیاری دەکات.

٢- لە یادەوەرییـەکـانی خـۆی دەگـەڕێت بۆ ئەوەی زانیـارییەک بدۆزێتەوە بەرامبەر ئەو زانیـارییە بێت کە وەریگرتووە.

٣- بەپێی ئەو کـارانەی لە خـاڵی یەکـەم و دووەم ڕوودەدات، تاک زانیـارییـە نوێیـەکـە بە یەکـێک لەم ڕێگایانە چارەسەر دەکات:

أ- ئەگەر ڕستەکە خەبەری بوو ئەوا زانیـارییە نوێیەکە دەخاتە سەر زانیارییەکانی تری.

ب- ئەگـەر ڕسـتـەکـە پرسـیـاری بوو، وەڵامی (بەڵێ و نا)ی بەخـۆیەوە هەڵدەگـرت، ئەوا لە یادەوەری خـۆی لە زانیاری گونجاو دەگەڕێت بۆ ئەوەی بەراوردیان بکات تا وەڵامی ڕاست بداتەوە.

جـ- ئەگـەر ڕسـتـەکـە پرسـیـاری بوو و داوای زانیـاری دەکـرد، ئەوا لە یادەوەری خۆی لە زانیـاری دەگـەڕێت بۆ ئەوەی لەسەر شێوەی ڕستەی وەڵامی ڕێکی بخات.

د- ئەگەر ڕستەکە ئەمر بوو یان لە داخوازی و پاڕانەوە نزیک بوو ئەوا فرمانێکی پێویست دادەنێت، یان بەڕازی نەبوون وەڵام دەداتەوە.

## پلان دانان بۆ قسەکردن و جێبەجێکردنی

لەو کـاتەی پلان بۆ قـسـەکـردن دادەنێین هەندێک شت دەخـەینە بەرچاومـان، دەتوانین بەم شـێـوەیە کـورتیـان بکەینەوە:

١- دەست دەکەین بە خەملاندنی زانیارییەکانی گوێگر دەربارەی بابەتەکە. بەپێی خەملاندنەکەمان وشەی گونجاو بەکـاردەهێنین. بۆ نموونە کـە دەڵێین (باشـتـرین و دڵسۆزترین سەرکردەی کورد بوو) دەزانین گوێگر ناوەکەی دەزانێت بۆیە ناوی ناهێنین. هەروەها ناتوانین لەگـەڵ کـەسێکی نەخوێندەوار هەمـوو وشـەیەک بەکاربهـێنین،

چونکە دەزانین تێناگات.
٢- چەمکی هاوکاری: قسەکەر پێشبینی ئەوە دەکات کە گوێگر هاوکاری دەکات، قسەکەر قسەی ڕاست و ڕوونی دەوێت ئەو بابەتەی قسەی لێ دەکات هەمان بابەتی گفتوگۆکەیانە.
هەروەها قسەکەر لە بابەتێک ناچێت بۆ بابەتێکی تر بەبێ ئاگاداری و هاوکاری گوێگرەکەی.
٣- چەمکی واقعی: قسەکەر پێشبینی ئەوە دەکات کە گوێگرەکەی وا دادەنێت ئەو باسی ڕووداوە ڕاستییەکان دەکات. بۆ نموونە کە دەڵێت (وێنەی کەو) وا دادەنێت گوێگرەکەی تێدەگات ئەمە وێنەیەکی کەوە، نەک وێنەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەو یان وێنەیەکە کەو دروستی کردووە.
٤- هەڵوێستی کۆمەڵایەتی: هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ قسەی جیاواز ڕاماندەکێشن. واتە هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بەجۆرە قسەیەک هەیە، بۆ نموونە پیاو لەوانەیە لەماڵەوە بە جۆرە ناوێکی تایبەت بانگی هاوسەرەکەی دەکات، بەڵام بەرامبەر خەڵک پێی دەڵێت دایکی فلان. هەروەها هەندێک پێداویستی کۆمەڵایەتی هەیە چەندایەتی و چۆنایەتی قسە دیاری دەکات.
٥- ئامرازە زمانییەکان و جێگریان: هەندێک شت هەیە دەمانەوێت باسی بکەین، بەڵام شێوازی ئامادەکراوی زمانی نییە بۆ دەربڕین.
بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت کەسێک ڕاسپێرین بۆ کڕینی جۆرە مەرکانێکی دیاریکراو، لەم کاتەدا وشەیەکی ئامادەکراومان نییە بەکاری بهێنین بۆ تێگەیاندنی، بەڵکو پێویستە ڕستەیەکی وەک ئەمە بەکار بهێنین (مەرکانێکی سەوزی شووشەیی قەبارە مامناوەندی بەنەخش و نەخشەکەی لە ناوەڕاستی بێت... تاد).
ئەمانەی لە پێشەوە باسمان کرد هەموو شتێک یەکلاناکەنەوە و لەوکاتەی تاکێک پلان بۆ قسەکردن دادەنێت، کارەکە زۆر بە خێرایی دەچێتە سەر، بۆیە زۆر گرانە بۆ توێژەران لێتوێژینەوەی قۆناغ و ڕووداوەکانی پلاندانان بۆ قسەکردن بکەن، بەڵام توێژەران شێوازی ناڕاستەوخۆیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانج.
بەپێی ئەو شێوازانەی بەکاریان هێناوە دەتوانین بەم شێوەیە قۆناغەکانی پلاندانان بۆ قسەکردن کورت بکەینەوە:
١- پلانەکانی قسەکردن: پێویستە لەسەر قسەکەر یەکەم جار بڕیار لەسەر سروشتی قسەکەو بەشداریکردن تێیدا بدات. جا قسەکە گێڕانەوەی چیرۆک بێت یان باسکردنی ڕووداو بێت یان ئامۆژگاری کردن بێت یان پەیماندان بێت... تاد. هەریەک لەم هەڵوێستانە پێویست بە دانانی قسەیەکی جیاواز دەکات. بۆیە لەسەر تاک پێویستە بڕیار لەسەر سروشتی هەڵوێستەکە بدات و پلانی بۆ دابڕێژێت تاکو قسەکانی لەگەڵ هەڵوێستەکە بگونجێت.
٢- پلانەکانی ڕستە: لەو کاتەی بڕیار دەدات لە قۆناغی یەکەم چی بکات دێتە سەر دانانی پلان بۆ ڕستە، لەکاتی دانانی پلانەکە یەکەم جار گۆڕاوەکان و جێگیرەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە بیروبۆچوونە گرنگەکان وەردەگرێت، یەکەم بنەماش دانانی ڕستە ئاسانەکانە، ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕێی پێدرابێت، مەگەر هۆکارێک هەبێت ببێتە هۆی پێچەوانە.
پێویستە بڕیاربدات چۆن ئاگادارکردنەوەکە ڕوون بکاتەوە، هەروەها دووبارە پێویستە بڕیار بدات ئایا ئاگادارکردنەوەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. بۆ نموونە ڕستەی (ئاوی خواردنەوەم بدێ) ئاگادارکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆیە، بەڵام دەتوانین بە ناڕاستەوخۆیش هەمان ئاگادارکردنەوە ڕابگەیەنین.
وەک: ڕۆژی گەرم وام لێ دەکات زوو تێنووم بێت.
خۆزگە هەندێک ئاوت دەدامێ.
دەتوانی هەندێک ئاوی خواردنەوەم بدەیتێ.
زانای زمانەوانی (لاکۆف Lackoff) دەڵێت هەڵبژاردنی هەریەک لەم دەربڕینانە بەپێی دوو بنکەی ئەدەبی دەبێت کە ئەمانەن:
أ- خۆت لەسەر خەڵک فەرز مەکە.
ب- ئەگەرەکان بەخەڵک بدە بۆ ئەوەی هەڵبژێرن.
٣- پلانی پێکهاتووەکانی ڕستە: ئەوەی لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە دەربارەی پلاندانان بۆ قسەکردن بۆچوونێکی هەڵە دەداتە خوێنەر، ئەویش ئەوەیە تاک بەیەکجاری هەموو پلانەکان دادەنێت، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە تاک پێکهاتووەکانی ڕستە دیاری دەکات پێش ئەوەی پلان دابنێت بۆ شتەکانی تر. بۆ نموونە لەوانەیە بڕیار بدەین کەسێکی دیاریکراو کارێکی

دیاریکراوی لە شوێنێکی دیاریکراو ئەنجام داوە.

وەک: مەلەوانەکە لەسەر پردەکە خۆی فڕێ دا.

لەم بارەدا تاک ئەو مانایە هەڵدەبژێرێت کە ناوەڕۆکی پێکهاتووەکەیە، لە قۆناغی دواتر هەڵبژاردنی شێوەکەی دێت کە تێیدا پێکهاتووەکانی دادەڕێژێت (واتە هەڵبژاردنی شێوەی قسەکردنەکە ئایا پەتی بێت، یان قسەی گشتی خەڵک بێت). دوای ئەوە قۆناغێکی تر دێت، ئەویش هەڵبژاردنی وشەکانە، یەکەم جار بەناو و فرمان دەست پێدەکات ئینجا پێشگرو پاشگرو ئامرازەکانی بۆ هەڵدەبژێرێت.

٤- دانانی بەرنامەی قسەکردن: بەرنامەی قسەکردن لە یادەوەری کاتی دادەنرێت پێش جێبەجێکردنی، یادەوەری کاتی توانای پاراستنی هەموو پێکهاتووەکانی ڕستەی هەیە کە مرۆڤ پلان بۆ قسەکردنی دادەنێت. کە پێکهاتووە لە ڕەمزی بڕگە فۆنیمەکان و شێوەی دەنگ و ئاوازی پێویست کە لە قۆناغی دواتر جێبەجێ دەکرێت.

٥- قسەکردن یان جێبەجێکردنی بەرنامە:

قسەکردن بەهۆی ئەو میکانزمانەی کە دەخرێتە سەر بەرنامەی قسەکردن جێبەجێ دەکرێت. ئەوانیش هۆکاری بەدوای یەکداهاتن و کاتن کە فەرمانەکانی دەماری دەنێرن بۆ ئەو ماسولکانەی کە بەرپرسن لە قسەکردن لەکاتی دیاریکراو و بە ئاوازی دیاریکراو.

لەو کاتەی کە بەرنامەکە بەم قۆناغانەدا دەڕوات کە لەپێشەوە باسمان کرد، بەبێ تووشبوونی هیچ کۆسپ و بەربەستێک، ئەوا قسەکردنەکە بەوە جیا دەکرێتەوە کە زۆر ڕەوانە. مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لەناو ڕستەدا دەوەستێت. لەوکاتەی هەموو پێکهاتووەکانی ڕستە تەواو دەبێت دەوەستێت. زانایانی دەروونزانی زمان دوو جۆر وەستان لەیەکتر جیادەکەنەوە. ئەویش وەستانی بێ دەنگ و وەستانی بە دەنگە.

وەستانی بێ دەنگ ئەوەیە مرۆڤ ماوەیەکی زۆر کەم دەوەستێت کە لە بەشەکانی چرکە درێژترە (وەستانی ڕێزمانی ڕەوان لەناو ڕستە دەگاتە (٠و٧٥) چرکە و وەستانی ڕێزمانی ڕەوان لە کۆتایی ڕستە دەگاتە (١و٣٠) چرکە) بەڵام ئەگەر مرۆڤ ڕەوان نەبێت ئەوا ماوەکە درێژترە. ئەمە بۆچوونی زانای دەروونزانی (بوومەر Boomer)ە.

وەستانی بەدەنگ ئەو وەستانەیە کە مرۆڤ بە قسەی ڕاڕایی پڕی دەکاتەوە، وەک (ئمم، ئا، ئە... تاد).

هەروەها هەردوو زانا (ماکلی و وازگود Mclay, Osgood) دەڵێن ئەم وەستانانە مرۆڤی ڕەوان و ناڕەوان لە یەکتر جیادەکەنەوە، کاتی پێویست بۆ دەرکردنی وشەکان لای مرۆڤی ڕەوان و ناڕەوان وەکو یەکە، ئەوەی جیاوازە تەنها ئەو ماوانەیە کە لە کاتی قسەکردن تێیدا دەوەستن.

لە کۆتایی بابەتەکەمان ئەوە ماوە کە هۆکاری ئەو هەڵانە ڕوون بکەینەوە کە لە قسەی خەڵک ڕوودەدات. بۆ نموونە هەندێک جار قسەکەر کە دەگاتە نیوەی ڕستە دەگەڕێتەوەو ڕستەیەکی نوێ دادەڕێژێت بەم شێوەیە:

کاروان..... کاروانی برام حەز لە وێنەگرتن دەکات،

حەز لە وێنەی فۆتۆگرافی دەکات.

توێژەران ئەم جۆرە هەڵانە دەگێڕنەوە بۆ دوو هۆ:

١- لە گرانی پلاندانان دروست دەبێت، ئەمە بەهۆی ڕاڕایی پێش قسەکردن و ڕاستکردنەوەی قسەکان و ڕوونکردنەوە.... تاد دروست دەبێت.

٢- ئەم هۆیە پەیوەستە بە پلانی بەرنامەی قسەکردن کە تاک ئامادەی دەکات، ئەمەش قسە لەدەم دەرچوون دەگرێتەوە. ئەم قسە لەدەم دەرچوونەش زیاد دەبێت ئەگەر قسەکەر ماندوو بێت یان بەپەلە قسە بکات یان هەست بکات گوشاری لەسەرە.

**سەرچاوەکان:**

**١- د. الحمداني. موفق، اللغة وعلم النفس، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ١٩٨٢.**

**٢- لندال. دافيدوف. ترجمة (د. سيد الطواب، د. محمود عمر و آخرون) مدخل علم النفس، دار ماكجروهيل للنشر، القاهرة ١٩٨٣.**

**٣- ڕێزمانی کوردی، پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی ناوەندی.**

# ترۆپکی چێژ گەیاندن بە بینین

## «لە ئەزموونێکی نوێی سوریالیدا»


سۆران ئیسماعیل

ناسینی هەوڵی شتەکان بەدیهێنانی ئەو حاڵەتە بوو کە سوریالیزمەکان لە ئەنجامی گۆڕینەوەی هەموو ڕوانگەیەکی عەقڵی «Ratinal Vision» بوو بۆ ڕوانگەیەکی بێ ئاگا. ئەم دەربڕینە سووچێکی ئەو کەلێن چوونە ژوورەوەیە کە لەوێوە دەکرێ گوزەرێک بکەم بەنێو دنیای حەقیقەت و واهییمەتی ئەو خەون و خەیاڵە پڕ لە ئەندێشەو ئەفسووناوییانەی هونەری «جەمال-ی شێوەکار».

وا دیارە «هونەرمەند جەمال حەمەد ئەمین» بە درێژایی تەمەنی ( ٣٠ ) ساڵی ژیانییدا زەخیرەیەکی پڕ لە هونەری شێوەکاری ئەو چەند ساڵەی دوایی لێ قەتیسماوەو پتر بە ئەزموونێکی تێرو تەسەلی ڕێبازی سوریالیزم پراکتیزە کردووەو تەواو گەلاڵەی کردووە و کوڵاوە.

هەروا کاریگەرێتی زۆری هەست و نەستی بەسەر ناوەرۆکی بابەت و بەرهەمەکانییەوە دیارە و لە ناخیدا خەملێنراوە تا ئەو ڕادەییەی لای بینەرانی شێوەکاری ببێتە مایەی قسە لەسەر کردن و گفتووگۆو وەرگرتنی تێبینی و سەرنج و ڕەخنەی هەمە چەشن، منیش وەکو یەکێک لەو بینەرانە تێڕوانینی خۆم لە بارەی پەیوەندیی نێوان ڕێبازی سوریالیزم و هونەرەکەی جەمال حەمەد ئەمین-ی شێوەکار دەخەمە ڕوو کە خۆی بەڕێچکەیەکی نزیکی ئەو ڕێبازە زانییەوو لێی دەست بەکارە. ئەو هەمیشە خەریکی ئەوەیە کە داهێنانێکی تازە بونیادی بکا بەسەر پەڕینەوەی مێژووی بەسەرچووی ڕێبازی سوریالیزم و بە ئەدایەکی ترو شێوازێکی تری ناسراوی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. ئەمیشە پاش پراوە کردن و تەکانێکی زۆری ئەو بوارە.

وەک ئاشکرایە قوتابخانەو ڕێبازو شێوازە هونەرییەکان



بەدرێژایی سەردەمی بەسەرچوو، قۆناخ بەدوای قۆناخ هاتووەو بە بڕینی هەر هەنگاوێکی ئەو قۆناخانەش چینێک و کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و جەماوەری لەخۆ کۆکردۆتەوەو چێژ و دیدگایەکی هونەرییانەی خۆی بەسەر دەوروبەرەکە بەجێ هێشتووە. جا ئایا تا چەند جێی ڕەزامەندی بووەو جێبەجێ کراوە یان نا ئەوە دەوەستێتە سەر ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی ئەو سەردەمە، هەروەک چۆنیش گوتراوە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دەکرێ لەم خۆ خولدانەوەی مێژوودا هەڵقۆزینە ناو فیکرەی هونەرەکەی جەمال حەمەد ئەمین کە تیایدا وابەستەیی ئەزموونێکی زۆر و پەیڕەوی بنەماکانی هێڵکاری ئەکادیمیی و ڕەنگڕێژی زانستی هونەری سوریالیزم بێت و بۆ دواجار شیکارکردنی ئەو سەلماندنە بێت کەسەر لەنوێ بۆ هاتنە بەرهەمی چێژێکی نوێی سوریالیزم بێت و تێکەڵ بەدوو قوتابخانەی تری کلاسیکی و ڕیالیزمی کردووە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕەنگدانەوەی ژینگەیی کوردستان و دەوروبەری بەسەردا زاڵە، بەڵام بەگوتارێکی تایبەت بەلایەنە ئەپستمۆلۆژی و فیکرەییەکانی زاتی خۆیەتی، ئەگەرچی نزیکە لە شێوازی کارکردنی هونەریی هونەرمەندی بەناوبانگ سلڤادۆر دالی بەڵام بەدەست و پەنجەی هونەروەرێکی هەستگەرایی ژینگەییەک جوانتر لەوانی تر و بەتەکنیک و میتۆدێکی هونەری وا مامڵەی لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی ناو پێکهاتەی تابلۆکانی کردووە کە تایبەتمەندی خۆی بەسەر ڕەنگداوەتەوە و بەتوێکڵێکی تر سوریالیزمیترووکاندووە لە کوردستان.

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی ئیشەکانیان بەڕێبازی سوریالیزم ئەنجام گەیاندووە.

جا سوریالیزمێکی واقیعی بێت یان سوریالیزمێکی- تەجرید بێت هەروەک چۆن سەرەتای دروست بوونی سوریالیزم لە دووبەش چینی هونەرمەندان پێک هاتبوون.

* بۆ نموونە هونەرمەندانی پێشووی سوریالیزمەکان بابەتەکانییان لەسەر وێناکردنی خەون و خەیاڵ و ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی کە شازن و لەخەوندا دەبینران پیادە دەکرا، وەک هونەرمەندان ئەرکمبولدو Archimboldo خاوەنی جووتە وێنەیی و فوسلی Fussli هونەرمەندێکی خەون دیدەنی سەرمەدی و سەرسامی و ترس تۆقێنەر بوو و هەروا هونەرمەند ولیەم بلیک خاوەن بینینە ئاسمانییەکان بوو و لەتەک ئەمانە هونەرمەندانی تر هەبوون پێشەنگ بوون و نوێخواز هاتنە گۆڕەپانی سووریالیزم و بەو خاسیەتانە ناسرابوون کە پاشخانێکی سوریالیزمی ڕوون و دیاریان هەبوو لەبەرهەمەکانیاندا.

لەوانەش مارک شاجاڵ «Marcchagall» و جیور جیودی کیریکو.

بەڵام جێگەی ئاوایە ئەوەی من کارەکانی هونەرمەند جەمال حەمەد ئەمین لەوانی تر جیاوازتر دەبینم بە میتۆدێک کە پێلکاوەی چەندین شێوەو ڕێچکەی

گرێدراوی تازە بابەتییانەیەو نوێ گۆڕانێک بەسەر مەغزای ڕێبازی سوریالیزم دەهێنێت لەسەراپای کارەکانیدا هەر لە داڕشتن و بەکارهێنانی ڕەنگە ساردو گەرمەکان و هارمۆنیایی نێوانیان و تەکنیک و فیکرە هەڵبژێراوەکانی و فەلسەفەو زانستێکی گلۆبالیزمی ئەو سەردەمەی ئێستا.

کە دیارە من نەک هەر لە هونەرمەندانی کوردستان جیاوازترو کاراتر دەبینم بەڵکو بگرە لەسەر ئاستی دەوروبەریش بەبێ ئەوەی لاسایی و گیرۆدەی شێوازە کارکردنەکانی هیچ هونەرمەندێکی ناوەخۆو بیانی بێت.

هەر ئەوەندە نەبێت کاریگەری لایەنێکی تێڕوانینی هونەرمەندی ئیسپانی سلڤادۆر دالی لێکەوتۆتەوە کە پێشتر ئیشارەتمان پێدا، بەڵام نەبووە بەشوون هەڵگری جێپەنجەی ئەو.

ئەندریە بریتون دەڵێ: هیوادارم کە سوریالیزم هیچ هەوڵێکی لەوە باشتری نەنواندبێ کە تێکۆشاوە هەودایەک بدۆزێتەوە بەهۆیەوە پەرش و بڵاوی جیهانی بێداری و خەون، واقیعی دەرەوەو ناوەوە، عەقڵی، شێتی، هێمنی، زانین و خۆشەویستی و ژیان بۆ ژیان و بۆ شۆڕش کۆ بکاتەوە.

هەڵبەت ئەم وتەیە زۆر شت لەخۆ دەگرێت کە هونەری سوریالیزم ئاگاداری هەموو شتە ئاشکراو بەرچاو کۆنترۆڵە عەقڵانییەکانی بەشەریەت بێ و نکوولی لەوە نەکردبێت کە هەرگیز ئەم پێودانگە دەرەکییەیی ئادەمیزادو هەموو فۆرمێکی فیزیکی و کیمیاگەرای سروشت لە بنەڕەتا بە ناوەرۆک و هێزی سەرووی ئەو شتەو بوونانە بەستراوەو لە کرۆکی ئەو بوونانەدان کە ئەگەر هونەرمەند بە بیرێکی ڕۆشن و مەعریفی لێکیان نەداتەوە ئەوە دەستبەرداری لایەنێکیان دەبێتەوەو تەواوکەری یەکتر نابن لەم هەستکردن بەو لێپرسراوەتی کردنەی شۆڕشی هونەری دەکرێ فیکر هونەرمەند جەمال نزیک بێت لەو هەڵچوونە شۆڕشەی ناخ و دەروونییەی کە دەیەوێت لە ڕێگەی گوزارە کردنێکی خەون و خەیاڵ ئامێزییانە بەناخی بابەتەکان بچێت و لەسەرووی ئەوانەوەو (سەرووی سروشت) لێکیان گرێ بدات و «سوپەر- واقیع»ێکی سوریالیزمی لەناو هەودایەک بیان گرێتەوە بەر، ئەویش لە ڕێگەی بەڵگەی خۆشەویستی ئەو بۆ ژیان دەبێت هەروەک چۆن خۆی دەڵێ.. «ئەو هەستانەی کە تابلۆکانمی پێ دەردەبڕم کە هەموو کاتێک بەرەو خاڵێکی تری ژیانم دەبەن هەردەم حەز دەکەم بیرۆکەو تەکنیک بەیەک بگەیەنم تا لەناو گەردەلوولێکی پڕ کارەساتە دەستکردەکان بە تابلۆیەک دەرکەوم، ئەگەرچی پێکەنینم لێ دەستێنێ چونکە تێکەڵ بە ژیانمە!

خۆشەویستیشم لە ڕەنگەکانم کۆ دەکەمەوە ئەو ڕەنگانەی کە هەردەم بە دوایاندا دەگەڕێم چونکە جیهانێکی شیرین و تاڵە، ئاوازێکە لەگەڵ هەر تابلۆیەک خودی خۆم ون دەکەم تەنها بۆ هەستەکانم کە بێ کۆتایین و زمانێکن بۆ ژیانی پڕ لە هیوام.

فەلسەفەکاری ئیسپانی «خۆرسیا ئۆرتیگای گاسید» ڕۆڵێکی گەورە لە پێکهێنانی خەیاڵی نوێ دەگرێت ئەویش بەهۆی ڕەوتی ئەبستراکت کردنی هونەر لە بەرایی ئەم قسەیەییدا دەتوانین بەرەو قووڵتر شی کردنەوەی ناو فیکرەو بیرۆکە بابەتییەکان و بەرهەمەکانی هونەرمەند شۆڕببینەوەو لە فۆرمێکی پتەوو پەیکەرێکی توندو تۆکمە بەناخی پێکهاتەی گەردو توخمەکان تەنی نەرمو نیانی شکڵە بەرجەستەبییەکان بچینەوە و ئەوەش بێگومان سوریالیزمییانە دەبێ بەباڵی خەون بفڕێ بۆ سەرووی ئەوانە واتە واقیع یان بەباڵی سۆفیگەری بفڕێ بۆ جیهانی ڕۆح، بۆ بێکۆتایی، بۆ ئەودیوی سروشت کە خۆی لە خۆیدا ئەوانە فۆرمی ئەو ڕەگ و ڕیشاڵە پێکهاتانەی شتەکانن هەر خۆیانن سروشتێکی واقیع پێکهێنراوی بەربینای چاوی ڕاست و گومڕاین.

بۆ نموونە ئەگەر تابلۆیەکی هونەرمەند جەمال بۆ بەر ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەست و تێگەیشتنەمان شیکردنەوەو ڕاڤەکردنێکی هەمەلایەنی پێکهاتەی کارەکانی بکەین، ئەوا تابلۆی کۆپیکردن دەهێنینەوە بەر چاو کە لە ڕووی بیرۆکەوە پرۆژەیەکی تازەی هاوسەردەمانەی پێشکەوتنە زانست و زانیارییە جیهانگەراییەکانە. ناوبراو بەڕێبازی سوریالیزمی بەسەرچوو پەنای بردۆتە بەر ئەو لێکدانەوە مەعریفیەی کە بەسەر ئێستاو دوارۆژی کۆپیکردن دێت وەک کۆپیکردنەوەی ئامێری تەنۆکەی بێگیان زانستێکی تەکنەلۆژییایی بگوازێتەوە بۆ کۆپیکردنەوەیەکی بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی بەشەرییەت کە ئەم گۆڕانکارییەش بە مەترسی دەزانرێت لە پێشکەوتنی ئەو زانستەدا، هونەرمەند لە ڕێگەی ئەو تابلۆ هونەرییەدا کە سووریالیزمیانە ئەنجامی داوە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە کاری بۆ کردووە و دیارە کوزارەکردن لەو تابلۆیە زۆر مانا هەڵدەگرێت چونکە یەک لە کردەکانی سوریالیزم خۆدانە نێو پشکنینی قووڵاییەکانی دەروون و جیهانی نهێنییەکانی بێئاگایە، جیهانی ئازارو ئاوات و هیواو ئومێد و ئارەزووە دامرکێندراوەکانە، دیسان لە تابلۆکەی هونەرمەندا مەترسی فەوتانی مرۆڤایەتی و بەها جوانەکان نیشان دەدات دەتگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێکهاتەی پرۆتینەکانی ناوخانەکانی مرۆڤ لە ڕێکخستنی شریتەکانی بشێوێنرێت و جیناتی

مرۆڤ تێکەڵ بەیەکتر بن تەنیا بۆ ماوەیی جیناتەکانمان بۆ بمێنێ، مرۆڤ تەنیا بەکرۆمۆسۆمەکانی مرۆڤ بێت کە ئەمەش لە ئەنجامی تەنینەوەی بۆمباکانی ناوکی و زەرەیی بیێتە فەوتاندنی ئەو بونەوەرانە کە ئەو زیاتر لە تابلۆکەی مرۆڤ وەکو بەها پیرۆز و هەستە جوانەکان لێ بێبەری کردووە دوو ریز بەرامبەر یەکتر وەستاون دوالیزمەیان تەنها بۆ کۆرپەیەکی شێوێنراو لە جەستەیی مرۆڤ شێوەکانی شێوەو فۆرم لەگەڵ ناوەرۆک تێکەڵ بەیەک لێکچوون و پێکچوونی شکڵێکن بە ئەشباح و شێوەی شەیتانی دەچن، بەڵام لە بنەڕەتدا مرۆڤن و هەر بەدەست مرۆڤ وایان بەسەر هاتووە، ئەویش هەر لەو چەمکەی کە هونەری سوریالزم لێوەی نزیکە بۆ ئەم هەڵبژاردنە بابەتیانەی کە تێیدا گوزارشت لە تەنگ و چڵەمەی کۆمەڵی سەرمایەداری دەکات، ئەو کۆمەڵە سەرمایەدارییەی کە زۆر جار چنگ بەهەژاری کۆمەڵگاو بەشەرییەت دەنێ و لە بەهاو ڕۆحی و ئینسانی کەم دەبێتەوەو بۆبەش دەبینرێ هونەر لەگشت ساوێکی نەرم و نارەسەن وەرس بووە، بەشەوقەوە ڕووەو ساوی ڕەسەن و زبری ژیان دەچێ.

هونەرمەند کە دەست بۆ چەقۆکەی دەبا ڕووێکی ساف و لووسی پێ بڕوشێنێ مەبەست ئەوە نییە دەشتایی خۆی یان خودێکی نوێ پیشان بدا، بەقەد ئەوەی کە ئەو دڕیە یا لە باڵیەک دەرهاتنە کاردانەوەییێکی سروشتییەو جۆرە نارەزایی دەربڕینێکە دژ بەهەموو دیوارێکی دیارو نادیار، کە ئەم وای بۆ دەچێ لە تاودان و کامڵ کردنی خۆی دەیوەستێنێ، ئەو لە باڵ یەک و دەرهاتن و رووشانەشیی تەماتیکی و خۆکار نییە.

جێی ئاماژە پێکردنە زۆربەی هەرەزۆری تابلۆ نمایشکراوەکانی ناو هۆڵی پێشانگا هەر سەر بە ڕێچکەی سوریالیزمی بوون بەڵام بەلادان و تێکەڵ کردن بە ڕێبازی تری وەک سوریالیزم- ڕیالیزمانەی مۆرینزم- سووریالیزمێک دەربڕینکارەی واقیعییەت کلاسیک، ئەوانە زۆربەیان تەوزیفکراوی ئەدای ئیشکردنی هونەرمەند جەمال بوونەو بەرجەستەی کردون تێیدا سەرکەوتووش بووە، بەس ئەوەی بەرێژەیی لە هەندێکیانە جێی سەر لێشێواندنی بیناگەی هونەرییانە زۆری و چڕی لە تۆناتی ڕەنگڕێژی هارمۆنییای بەکارهێنراوە لەتەک مامەڵەی کوتلە تەکنیکیەکانی شکڵ و فیگەری هەمە چەشن لەناو خودی یەک تابلۆدا بووەتە هۆی ئەوەی ڕوانگەی گۆشە دابەشکراوەکانی داڕشتن بۆ خوێندنەوەی ڕاست و دروست لە تێڕوانین فەرامۆش بکات، ئەگەر بهاتبایە پێشتر ڕەچاوی کەم بابەتیی کردبایە یاخود دانەنانی چەند فیکرەیەک لەیەک تابلۆدا هەروا کەمتر هەڵاسینی ژمارەی تابلۆکانی لەناو هۆڵەکە ئەوا ئەوکاتە قەرەبووی هاوکێشە پێوانەییەکەی تێڕوانین دەهێنایەوەو چاو لەبەریی ئاسوودەتر دەبوو، دیسان ئەوەی زێتر مایەی سەرنجی تابلۆکانی هونەرمەندە بەچوارچێوەکردنی تابلۆکانییەتی، ئەو پەرواوزە گەورانەی بۆی تەرخانکراوە لە حەقی هێزو توانا بەخشینی بابەتی فۆرمی ناوفۆرمی بابەتی فیکرەی تابلۆکانی زەوت کردووە، بۆ نمونە ڕەنگی قاوەیی چوارچێوەکانی بەشێوەیەکی پان و بەربن و گەورەن هەروا لە دیوی ژوورەوەی چواردەوری تابلۆکانی ڕەنگێکی سپی زەقە ئەو کۆنتراستەی نێوان قاوەیی دەرەوەو سپی ژوورەوە هەر خێرا لەشوێن خۆت ڕادەگرێت و ڕەتی دەرەوەت دەکا، ناهێڵێی بەحاڵەتی شرۆڤەکردندا بچیت، ئەگەر چی جێگای پێداهاتنەوەو توێژینەوە لەسەرکردنن بەڵام بۆ هونەرمەند شتێک جێ دەمێنێ کە ئەویش خۆی سەر پشکە لە هەڵبژردنی کەرەستەی تابلۆ جا چ مەبەست و نیازێکی هەبێ ئەوەیان هەستیارو جێی مەسئولییەتە، سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسمان کرد ئەوەی ماوە لەبیری نەکەین و ڕەچاوی هونەرمەند جەمال بکەین، بەبێ تەواوکردن و خوێندنی هیچ قوتابخانەیەکی ئەکادیمیی هونەری بەو ئاستە بەرزە هونەرییە گەیشتووەو لەگەڵ یەکەم پێشانگای بتوانێ بورکانێ لە پرۆشکی بەتین و بەهێزی هێڵ و شکڵ و ڕەنگ و بریسکێنێ و دوا ڕۆژێکی پڕشنگداری تری چاوەڕوان بێت.


**سەرچاوەکان:**

**١- کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، ساڵی ١٩٧٩**

**٢- سارة نیومایر، قصة الفن الحدیث**

**ترجمة: رمسیس یونان، زنجیرە ژمارە (٢) لە کتێبی (الفکر المعاصر)**

**٣- حەسەن سلێمان سەرەتایێک بۆ تێگەیشتنی هونەری تەشکیلی چاپی یەکەم- بەغداد ساڵی ١٩٨٦، وەرگێرانی بۆ کوردی نەژاد عەزیز سورمێ.**

# فیستیڤاڵی موزیکی کوردی یان کۆنسێرت و گۆرانییە دووپات کراوەکان؟

**نەشمیل کرمانج**
**(بۆکان)**

فیستیڤاڵ چییە؟ چۆن بەڕێوە دەچێ و بۆچی و بەچ مەبەستێک بەڕێوە دەچێ؟

فیستیڤاڵ یانی کۆبوونەوەی کەسانێکی شارەزا بە بابەتی فیستیڤاڵ و هەروەها کەسانێک کە پێوەندییان ببێ بە بابەتەکەوە بۆ نواندنی چالاکییەکانیان لەو بوارەدا.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتا ئەو دەزگایەی بەهیوای ئەوکارەیە لەچەند کەسێکی شارەزا (لەباری زانستییەوە و بە ئەزموون دەگێڕێتەوە و ئەوانیش پێکەوە دادەنیشن و تەوەرەکان و کاتەکەی دیاری دەکەن و لە میدیاکاندا بڵاوی دەکەنەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێک بەرهەمێکی هەبێت بینێرێ، پاشان دیسان ئەم کەسانە کۆدەبنەوە و سەنگ و سووکی بەرهەمە ناردراوەکان دەکەن و بە بەڵگەیەکی شیاوەوە کارەکان هەڵدەبژێرن و لەو کەسانە دەگێڕنەوە بۆ نواندنی چالاکی و کارەکانیان. فیستیڤاڵ بە دوو جۆری ناوەوەی وڵات و نێونەتەوەیی بەڕێوە دەچێت کە ئەمانەش جاری وایە بۆ خۆیان پلە بەپلە بەڕێوە دەچن. مەبەست لە فیستیڤاڵیش ناساندنی هێزو تواناکانە لەوبوارەدا و ئەوەی کە چ جۆر چالاکییەک لەم بوارەدا لەلایەن چ کەس یا چ ناوەندێکەوە هەیە، هەروەها دروست کردنی پردێکی پێوەندی لەنێوان ئەم کەس و ناوەندانەداو گۆڕینەوەی بیرورِا لەم بوارەدا و گەشەپێدان و پەرەستاندنی چالاکییەکان و ناساندنی کەسە چالاکەکان.

پاش ئەو باسە بچووک و گشتییە سەبارەت بە فیستیڤاڵ با بزانین ئەگەر بابەتی فیستیڤاڵەکە مۆسیقا بێت و ئەویش مۆسیقای کوردی چۆن بابەتێک دەبێ.

مۆسیقا بەناوی هونەری پێشەنگ مێژووە دووورودرێژەکەمان پێ نیشان دەدات و ئەوەی کە

کـۆمـەڵگای مـرۆڤـایـەتی لە کـۆنەوە بەچاوی ڕێز و حـــورمـــەتەوە وەک هونەرێـک چاویان لـێکردووە و ئێستاکەش یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی فەرهەنگ و کـولتـووری نـەتەوەکـان و زیاتـرین شـوێنەواری لەسـەر فــەرهەنـگ هەیە، چونکە ژن، پیـاو، پیـر، گـەنج، خـوێندەوار، نەخـوێندەوار، خـەڵکی شـارودێ، لە تەنیایی و لەکۆمەڵدا لە خۆشی و ناخۆشیدا ئەندامانی کۆمەڵگا گوێیان لە مۆسیقا دەبێت. ئەگەر بتهەوێ نەتەوەیەک بناسی دەتوانی گوێ لە مۆسیقاکەی بگری کە پێویستی بە زمانی وەرگێڕان نییەو بۆ خۆی وەک زمانێکی جیهانی بۆ کولتووری نەتەوە وایە.

هەروا بۆخۆی بە چەندین جۆر پۆلین بەندی کراوە. بەشە گرینگەکانی مۆسیقا وەک ئاواز، دەنگ، شیعر، چۆن وتن، چۆن ژەندن بەیەکەوە یەکـەیەکی چێژ بەخش و ڕیتـماوی وهونەری بەناوی مـۆسـیـقـا و گـۆرانی دەخوڵقێنن و پێموایە لە فـیـسـتـیـڤـاڵێکدا دەبێ لەم شتانە و زۆر شتی دیکەش بکۆڵنەوە.

جا ئەو جار دەگەینە سەر مۆسیقای کوردی. ئێمەی کـورد لە هەمـوو ئەو شـتـانەی سـەرەوە ئاگـادارین، بۆیە لەسـەدەی پێـشـوودا بەوپەڕی بێ دەسـەڵاتی و بێ ئیمکاناتی کەسانێکی گەورە وەک مامۆستایان سەید عـەلی ئەسـغـەر، حـەسـەن زیرەک، عـەلی مـەردان، تاهیـرتۆفـیق و... تاد لێ هەڵکەوتووە کـە ئەوانیش مـیـراتگری نەوەکـانی بەر لە خـۆیان بوون و هەروەها بۆشـمـان دەردەخـات کـە ئاواز دانەر و ژەنیـاری بەتوانامـان هەبووە، وا دیارە لەگـەڵ خـوێن و ئاو و مـێژوو و فەرهەنگمان تێکەڵاوی هەیەو بە مـۆسیـقا نامۆ نین. هەنووکەش کە سەردەمی پێوەندی جیهانیە ئەرکی سـەرشـانمانە گـەشـەی پێ بدەین و بە گـەلانی دیکەی دنیای بناسێنین و لەگەڵ دنیادا پێوەندی پێوە سازکەین. سازدانی فیستیڤاڵ بۆ خۆی لە ناخی خۆیدا دەبێ ئەوەی لێ بکەوێتەوەو وەک مەشقێک وابێت بۆ بەشداریی کردن لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا.

بەکردنەوەی ئەم دەلاقە چکۆلەیە لەو دنیـا گـەورەیە چاوێک بە فـیـسـتـیـڤـاڵی مـۆسـیـقـای کـوردی هەولێـر (٢٥- ٢٩- ١١- ٢٠٠٥)دا دەگێڕین.

ئەوەی ئێمە دیتمان تاقە مـەرجێکی لەمەرجەکانی فـیـسـتـیـڤـاڵ کە لەسـەرەوە لێی دواین وەدی هێنابوو ئەویش کۆبوونەوەی هونەرمەندان و کەسانێک بوو کە پێـوەندییـان بە مـۆسـیـقـای کـوردییـەوە هەبوو. لێـژنەیەکـمـان نەدیت تەوەرەکـانی دیاری کـردبێت، سـەنگ وسـووکی کـارەکـانیـان کـردبێت و لەو چەند ڕۆژەدا قـسـە لەسـەر یەک کـاریش نەکـرا. هێـزو چالاکـیـیـەکی تازەمـان پێ نەناسـرا، لەوە دەچوو هونەرمـەندان لەگـەڵ کـۆنسـێرت لێـیان تێک چووبێ، زۆربەی گـۆرانیـیـەکـان هەر ئەوانە بوون وا ڕۆژانە لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا چەندین جار دەیانبینین و گوێمان لێ دەبێت. دووپات بوونەوەی گـۆرانی هونەرمـەندانی خـوالێخـۆشبـووی پێـشـوومـان بیـست بێ ئەوەی هیچ تازەگـەرییـەکی تێدا بەدی هاتبێ. دەمێکە و زۆر کـەس لاسایی ئەوان دەکـەنەوە بەبێ ئەوەی بە هەمـوویان وەک یەکـێـک لەوانی پێ بکرێ، ئەگـەر بەخـەمـن فـۆلکلۆر نەفـەوتێ ئەوان لەسـەردەمی خـۆیدا زۆر بەباشی ئەو ئەرکـەیان بەجێ هێناوە و لە فـەوتانیـان ڕزگـار کـردووە پێـویست بەوە ناکـات لەو فـیـسـتـیـاڵەداً گـوێمـان لێ بێـتەوە. ئەوە لە حـاڵێکدایە کـە مۆسیقای کـوردی بەو بنـاغـە قـایم و بەو هەمـووە زاراوەیەی هەیەتی دەکـرا لە شوێنێکی ئاوادا زۆر کاری جوانترو باشتری بۆ بکرێت، لە کۆتاییدا وا دەرکەوت هەموو کارەکان لەیەک ئاستدا بوون و کـاری هونەرمـەندانیش هەر بە قـەرای خـانمی بەڕێوبەری سـەر شـانۆی نرخ هەبوو. ئەگـەر ئەم کـارانە بەهۆی ساوا بوونی کـارەکـەوەیە ئەوە ئێـمـە ئەزمـوونی گەلانی دیکەمان لەبەر دەستەو دەتوانین زۆر بە باشی بۆ کاری خۆمان کەڵکی لێ وەرگرین ئەگەر بمانهەوێت تازە دەست پێبکەین بەچەند سەدەی دیکەش ناگەینە ئێستای ئەوان. وای بۆ دەچم ڕەنگە کـاربەدەسـتـانی ئەم جـۆرە کارانە پێیان وابێت گەلی کورد زۆر بە ئاگا نییە و لەو جۆرە کارانە ناگات کە بەم باسە بچووکە دەرکەوت قەت وانییە ئەگەر هاتوو واشبایەت مۆسیقا لەوە بە نرخترە کـۆڕی ئاوای لە سـەدەی بیـست و یەکدا بۆ بگیـردرێت. بەڕێوەبەرانی فـیـسـتـیـڤـاڵەکـە بۆ خـۆیان لە مـۆسـیـقـا ئاگـادارن و بەناوی خـزمـەت ئەوکـارە دەکـەن تکایە لە چۆنیـەتی خزمـەتیش بکۆڵنەوە ئێـمـەی کـورد چاک لە واتای زۆر و بۆر دەگـەین. ئەگـەر مەبەست کێبەرکێیـە ئەوە ئێمەی هۆگرانی مۆسیقای کوردی تەماشاوانین و دەبینین ئەم یارییـە بە بەرەو دواچوونی مـۆسـیـقـاکـەمـان کۆتایی پێدێت، ئەو پارەیەی لە خەزانەی نەتەوەییـمان بۆ ئەم جـۆرە کـارانە خـەرج دەکـرێت شایانی ئەوەیە زۆر کاری جوانترو شیاوتری پێ بکرێ. با فـیـسـتـیـڤـاڵەکە هەمـوو سـاڵێک بەڕێوە نەچێ، بەڵام ئەگـەر بەڕێوە چوو وابێت کـەوا ئەو کـەسـانەی بە چاوی هیـواوە چاوی لێ دەکەن ناهومێد نەبن.

بەو هیـوایەی کە فـیـسـتـیـڤـاڵی داهاتوو ببێـتە هۆی گەشەساندنی مۆسیقاکەمان وهێز و توانای چاکمان پێ بناسـێنێ و دڵخـۆشـمـان کـەن بەوەی کـەوا ئەوان بەدرێژەپێدانی کاری هونەرمەندانی گەورەی پێشوومان و لەسەر ئەو بناغـەیەی ئەوان دایانناوە شاری مۆسیقای کوردیمان لە وڵاتی مـۆسـیـقـای جیـهـانیـدا وا جـوان بۆ دەڕازێنینەوە کە سەرنجی گەشتیارانی ئەم وڵاتە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بیسەلمێنن کە ئێمەش توانایی ئەوەمان هەیە لەگەڵ گـەلانی دیکە پێوەندی ساز بکەین و مافی نەتەوەیەکی خاوەن کولتوورمان پێ ڕەوایە.




# من و پیتەر بروک

**دانا ڕەووف**
**(سوێد)**

لەم ڕۆژانەدا ریژیسۆری «پیتەر بروک» پاداشتێکی یەک ملیۆن دۆلاری وەرگرت. پاداشتەکە بە ناوی «دان داڤید»ە و سەر بە وڵاتی ئیسرائیلە. هۆکاری پاداشتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی بێ وێنە و تەقەللا تایبەتمەندەکانی ئەم هونەرمەندە لە بواری شانۆ و هونەری ئۆپێرادا. «دان داڤید»یش کەسایەتیەکی ناسراوەو وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی فۆتۆگرافیی داهێناوە و لە ساڵی ۲۰۰۱ەوە ئەم پاداشتە ساڵانە بە بڕی سێ ملیۆن دۆلار دەبەخشرێت بەسێ کەسی داهێنەر کە لە بوارە جیا جیاکانی هونەردا ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی کولتووری دوێنێ، ئەمڕۆ و ئایندەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە.

ڕەوتی هونەری پیتەر بروک زیاتر لە شەست ساڵە، شەست ساڵی ڕەنگاو ڕەنگ و ئەزموون و داهێنان. شەست ساڵی دەوڵەمەند لە بوارەکانی شانۆ، ئۆپێرا، سینەما و نووسین و گەشتی جۆراوجۆردا. شەست ساڵی پڕ لە گۆڕانکاری و کاریگەری.

کاریگەرییەکانی پیتەر بروک بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە گەلێ فراوانە و هەموو سنوور و بەربەستەکانی شکاندووە، بەڵام تەقەللاکانی خۆشی لە هیچەوە سەری هەڵنەداوەو دادەنرێت بە بەردەوامییەکی ئاسایی ڕەوتی شانۆی جیهانی.

شانۆی پیتەر بروک شتێکی لەخۆوە دروست بوو نییە؛ شتێکی نییە کە پیتەر بروک خۆی خوڵقاندبێتی، بەڵکو شانۆی پیتەربروک شانی لەسەر ئەزموونی شانۆکارانی هەزارەی ڕابردوو داداوە: ئارتۆ، برێشت، ستانیسلاڤیسکی، مایرهۆڵد و گۆردن گریک سەرچاوەیەکی بە پێزی فیکری و ئیستاتیکی پیتەر بروکە.

لە ماوەی زیاتر لە شەست ساڵی کار و پرۆژە تیۆری و پراکتیکیدا گەڕاوەتەوە سەر ئەم شانۆکارانە و سوودی

لێوەرگرتوون، لێکۆڵینەوە و ئەزموونە شانۆییەکەی خۆی پێدەوڵەمەند کردووە.

پیتەر بروک خۆی سەبارەت بەم کاریگەری و سوود لێوەرگرتنە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵیا وتی: «شانۆ بۆ ئارتۆ ئاگرە، بۆ برێشت شانۆ دیالیکتیک و دیدێکی ئایدۆلۆژی ئاشکرایە، بۆ ستانیسلاڤیسکیش شانۆ هەموو مرۆڤایەتییە. بۆچی دەبێت ئێمە یەکێک لە نێوان ئەمانەدا هەڵبژێرین.»

پیتەر بروک دەتوانێ لەیەک کاتدا لەگەڵ سێ چوار رۆژنامەنووسدا، یەک لەدوای یەک قسە بکات، گوێ لە هەمان پرسیار بگرێت، بەڵام بۆ هەر یەکێک لەو رۆژنامەنووسانە وەڵامێکی تایبەتی هەبێت، وەڵامی جیاواز نا، هێندەی وەڵامەکانی وشەی جیاواز و هەندێ جار ناوەرۆکی جیاوازیش لە خۆ دەگرن، ئەمەش گەمە یان تاکتیکێک نییە کە پەیڕەوی بکات، بەڵکو بارێکی راستگۆی تێفکرینی ئەم هونەرمەندە گەورەیەیە، هەموو پرسیارێک، هەرچەندە هەزاران جاریش لەوەوبەر لێکرابێتەوە، وەک ئەوە وایە بۆ ئەو کە یەکەم جار بێت پرسیاری وای لێبکرێت.

پیتەر بروک هەمیشە ئاماژەی وشەی «لە چاوترووکاندنێک»دا دەکات. ئەم وشەیە سەودایەکی ئەفسوونی، رەهەندێکی فیکری و چەمکێکی کردەیی و راهێنانی ئەکتەر و شانۆ لە خۆ دەگرێت. من بۆ خۆم لەساڵی ٢٠٠٤دا رۆژێک میوانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە بووم. هەروەها رێگای پێدام کە بەشداری ساتەوەختێکی دەوڵەمەندی داهێنان و ئەزموونە بەهاکەی بکەم. لەگەڵ گرووپەکەی و لە شانۆی «بۆڤ دی نور» و لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا چەند تێکستێکم بە کوردی، عەرەبی و سوێدی خوێندەوە. هەوڵمدا تێکستەکان زۆر بەخێرایی و لەوساتەدا بکەمە عەرەبی و سوێدی و بە پێچەوانەوە. پیتەر بروک زمانی عەرەبی زۆر سەرنجی رادەکێشێ. ئەم هونەرمەندە گەورەیە بەردەوام بە سیمایەکی پڕ لە زەردەخەنەو هێمنییەکی گەورە و ساکارەوە، هەوڵی دەدا هێدیم کاتەوە، من هەندێ شپرزە بوو بووم: هێمن بەرەوە، بیر لەم ساتەوەختە بکەرەوە و بزانە لەم چاوترووکانەدا چی روودەدات، بیر لەم ساتەوەختە پڕ لە ژیانە بکەرەوە.

نەمزانی چۆن، بە چ شێوەیەک و لە چ چرکەساتێکدا، رووبەڕووبوونەوەیەکی زیندوو، ساتەوەختێکی پڕ لە ژیان لە نێوان من و پیتەر بروک و ئەکتەرەکانیدا رووی دا. ئامادەبوونێکی راستگۆ و راستەوخۆ، بەبێ هیچ بەربەستێک!

دوای ئەوە پیتەر بروک رووی کردە هەموومان و وتی: «هەمیشە بواری بەرەو باشتربوون هەیە، هەرگیز شتێکی تەواوەتی لە شانۆدا نییە. پەیکەرتاشێک دەتوانێ بەبێ شک پەیکەرەکەی تەواو بکات، کتێبێک کە نووسراوو چاپ بوو، تەواو دەبێت.

لە سینەماشدا کە فیلمەکە مۆنتاژ کرا، ئیتر بە تەواوەتی تەواو دەبێت، دوای ئەوە ناتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەڵام سەبارەت بە شانۆ مەسەلەیەکی ترە، شانۆ تەنیا هونەرێکە کە دەتوانین لە هەر کات وشوێنێکدا بێت، گۆڕانکاری تێدا بکەیت.» پیتەر بروک وەک هونەرمەندێکی نەسرەوت، ئامادەی هەموو رۆژانی نمایشەکانی دەبێت و تا دوا رۆژی شانۆنامەکان گۆڕانکاری لە نمایشەکانیدا دەکات.

پیتەر بروک بڕوایەکی تەواوی بە ئەکتەرەکانی و بە بینەران هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لەگەڵ بینەردا کاردەکات. بۆ نموونە لەگەڵ هەر پرۆژەیەکی تازەدا، هەر ئەوەندەی ئەکتەرەکانی دیالۆژەکانیان لەبەر کرد و پیەسەکانییان وەلاوەنا، ئەمە بەر لە تەواوبوونی راڤە رێژەی دیمەنەکان و ئامادەکردنی جلوبەرگ، بە ئەکتەرەکانی دەڵێت: هەفتەی داهاتوو کاتژمێری پێنج لە Lycee Montaign e نمایشەکەمان پێشکەش دەکەین، ئەکتەرەکان تووشی شڵەژان دەبن، نمایشی چی، ئێمە هێشتا لەسەرەتا داین: چۆن؟ لە کوێ؟ لەگەڵ کێ؟ بۆ کێ؟

بەڵام پیتەر بروک زۆر بەهێمنی وەڵامیان دەداتەوە، بابزانین؟

ئەم یەکەم رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بینەران و لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارەکەدا، زۆر گرنگە بەلای پیتەر بروکەوە.

پیتەر بروک لەم قۆناغە سەرەتاییانەدا روودەکاتە بەندیخانە، نەخۆشخانە یان قوتابخانەکان: مامۆستا و قوتابییەکانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی، یاخود ناوەندی و پۆلێکی وانەوتنەوە گۆڕەپانێکی گرینگی ئەوکارکردنەیە لەگەڵ بینەراندا.

ئەو رۆژە زۆر لە نهێنییەکانی پیتەر بروکم بۆ دەرکەوت. هەروەها رووبەڕووی ئەو راستییەش بوومەوە کە زانیارییەکانی کتێبەکەشم، لەگەڵ هەموو کەم و کورییەکانیدا، دەوڵەمەندە.

تاکو ئێستا بە هەزاران کتێب بە زمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی لەسەر پیتەر بروک بڵاوکراوەتەوە. بڕوانامەی دکتۆرا و لێکۆڵینەوەی جیاواز و نوێ هەموو ساڵێک تیشکی تازە و خوێندنەوە نوێ دەبەخشێتە رۆڵ و رەوتی شانۆی پیتەر بروک. نووسین و کتێبەکانی خۆیشی وەرگێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان. کتێبەکەی منیش دڵۆپێکە لەو دەریا گەورەیەی لێتۆژینەوەکانی پیتەر بروک.

هیوادارم لە ئایندەدا بتوانم زیاتر قووڵ ببمەوە بەم شانۆ گەورە مرۆڤایەتییەدا. ئەو رەخنانەش کە ئاراستەم دەکرێت، لە دەوڵەمەندکردنی دیدی نووسینم زیاتر بۆ من هیچ شتێکی تر ناگەیەنێ.

# ڕۆژێک دێ، با بمانبات

رِوانینی دەرهێنەری بەناوبانگی ئێرانی
عەباس کیارۆستەمی بۆ کوردستان

بێگومـان عـەباس کـیارۆسـتـەمی، تەنیا دەرهێنەرێکی سادەو ساکاری سینەمایی نییە. کیارۆستەمی سەرەتای شێـوە ڕوانینێکی جوانیناسانەی تایبـەتە، بۆ مـرۆڤ و سروشت و ژیان. کـیارۆسـتـەمی ٣٠ سالّی تەواو ڕەنجی داوە تا بە هەموان بسەلمێنێ کە جوانترین دێڕی فەلسەفە، هەر ئەو دێڕەیە کە «ئاندرێ ژید»ی فەڕەنسی گوتوویەتی: «هیوادارم، نیگای تۆ گرنگ بێ، نەک ئەو شتەی وا بۆی دەڕوانی». ئەمـە لە خودی خۆیدا ڕێبـازی بیـرکـردنەوەی جیاوازی کـیارۆسـتەمی بۆ کامێراو ژیان ئاشکرا دەکات. سادەترین مرۆڤەکانی سینەمای کیارۆستەمی تەماویترین بەسەرهات و تەماویترین شوناسیان هەیە.

لەم سـیـنـەمـایـەدا، جـاری وا هەیە «ڕووداو» ئەوەندە خـەمـبـار و تراژیک پێناسـە دەکـرێت کـە تەواوی ژیان دەخـاتە ژێر کـاریگەریی خـۆیەوە. بۆ وێنە لە فـیـلمی بەناوبانـگی «١٠» کــە بەرهەمــێکی یاســاغ کــراوو باوەنەکراوەی کیارۆستەمی-یەو بەشێوەی شاراوە لەلای لایەنگرانی سینەما پەیدا دەبێت، کچێک بەنیازە مێرد بکات، چەن جار بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارەزووی خۆی، دەڕواتە لای ئیمامزادەیەک و لەسەر قەبری ئیمامزادەکە نوێژ دەکـات، بەڵام کـاتێک تووشی شکست دەبێ، قـژی خۆی وەکو مـێـردێک دەتاشێ و هەمـوو شـتـێک لەبیـر دەباتەوە. هەر لەو فیلمەدا کاتێک کە لە ژنێکی سۆزانی دەپرسن: بۆچی لەشی خـۆت دەفــرۆشی؟ دەڵێ ئێــمــە هەمووومـان هەڵواسراوین! هەرکامـەمان بەشێوەیەک خۆمان

**عەلی دەسماڵی**
**(سنە)**



**عەباس کیارۆستەمی**

بەکەسێکدا هەڵواسیوەو مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

ئەم شێوازە گێڕانەوەیە تایبەتە بە خودی کیارۆستەمی و لە فیلمەکانی تردا بەدی ناکرێت، بەڵام کاتێک کیارۆستەمی بڕیاری دا فیلمێکی درێژی خۆی، بەناوی «ڕۆژێک دێ با بمانبات» لە کوردستانی ئێران بەرهەم بێنێ، هەندێ شت تووشی ئاڵوگۆڕ بوو. خەمەکان، ڕەنگەکان و شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوە گۆڕدران. پێکەنینێکی جوان، شادییەکی شاراوە، دووپات بوونەوە، چاوەڕوانی، عەشقی مرۆڤی کوردی لادێ، ڕوانین لەمەرگ و چەند بابەتی سەرەکیی تر بەشێوازێکی نوێ و مانادارەوە خزانە نێو فیلمەکەوە. ئەم فیلمە چیرۆکی تاقمێکی سینەماییە کە دێنە گوندێکی کوردستانی ئێران و لەوێ دەیانەوێ دوایین ساتەکانی ژیانی پیرەژنێک بکەن بە فیلم و شێوازی شیوەن و شەپۆڕی تایبەتی ئەو ناوچەیە بۆ مردووان تۆمار بکەن، کەچی پیرەژن نامرێت و تاقمەکە بەدەستی خاڵی بەرەو تاران دەگەڕێنەوە.

«ڕۆژێک دێ، با بمانبات» ناوی یەکێک لە شیعرەکانی ژنە شاعیری بەناوبانگی ئێرانی «فرووغ فەرخزاد»ە. کیارۆستەمی بۆ خۆی ئەکتەری یەکەمی ئەم فیلمەیەو دەوری دەرهێنەرێک دەگێڕێ کە تاقمە سینەماییەکەی لەگەڵ خۆی بۆ کوردستان هێناوە.

ژیانی تایبەتی مرۆڤی کورد، پێوەندییە کۆمەڵناسانەکانی گوندی کوردستان و ژنی کورد و منداڵی کورد سەرەکیترین بابەتی ئاماژە پێکراوی فیلمەکەن. لێرەدا کیارۆستەمی بەشێوەیەکی زۆر شاعیرانە بۆ کوردستان دەڕوانێ و ئەوەی وا پیشانی دەدات بە تەواوی لە شیعر دەچێت. پەیداکردنی جوانترین و گونجاوترین سووچەکانی دانانی کامێرا، نیشاندانی جوانترین دیمەنەکانی گوند و ڕوانینی نەرم و نیان لە خانووەکان و کۆڵانەکان، یەکسەر بە زمانی شاعیرانە، کراوەتە فیلم.

شایانی باسە دەرهێنەری بەناوبانگی کورد «بەهمەن قوبادی» لەم فیلمەدا یاریدەری کیارۆستەمی بووە، بەڵام بەڕاستی هیچ لایەنگرو بینەرێکی سینەما ناتوانێ نکوولی لەو ڕاستییە بکات کە قوبادی و هونەرمەندانی تری سینەماگەری کورد، لە تەواوی ئەو بەرهەمانەی کە هەتا ئێستا سازیان کردووە هیچ کامەیان ئەوەندەی کیارۆستەمی، نیگایەکی جوانیان بۆ کوردستان نەبووە.

شتێ کە بووەتە هۆی ئەوەی کیارۆستەمی ئەوەندە پاک و سەمیمی و جوان، چاو لە گوندێکی کوردستان بکات و فیلمێکی بەم شێوەیە بەدی بێنێ، تەنیا گرێدراوی ئەزموون و ناوبانگی ئەو نییە. لە ڕاستیدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەندانی کورد لە کوردستان کاتێک دەچنە گوندێک و فیلم ساز ئەکەن، تەنیا چاویان لە سروشتەو نیگایان لە تووریست دەچێت نەک لە کەسێک کە دەیهەوێ ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شاروگوندی کورد، شی بکاتەوەو چیرۆکەکانی بدۆزێتەوە و بیگێڕێتەوە. ئەگەرچی بە داخەوە ئەم بەرهەمەش بەشێوەی نارەسمی و شاراوە کەوتۆتە بەرچاوی تاقمێک لایەنگری سینەمایی وەکو من و هاوڕێیانی تر، بەڵام بێگومان لە تەواوی جیهاندا- جیا لە ئێران- بڵاو کردنەوەی فیلمی «ڕۆژێک دێ با بمانبات» دیمەنێکی جوان و ئینسانی و میهرەبانانەی لە کوردستان، خستە بەرچاوی هەمووان.

# وێنەگرتنی دیجیتاڵی


## بەراوردکارییەک لە نێوان تەکنیکی «CCD و CMOS» دا

ئەگەر سەرنجێکی بازاڕەکانی کامیراو وێنەگەری بدەین، دەبینن و هەست بەوە دەکەین نرخی کامیرا دیجیتاڵییەکان لە دابەزینێکی زۆر بەرچاودایە، ئەمە وای کردووە کامیراو ئامێرەکانی دیجیتاڵی زۆر بڵاو ببێتەوە و کەسانێکی زۆر بیکڕن و بەکاری بهێنن، زۆر کۆمپانیای تازەش هاتوونەتە نێوەندەکە و هەندێ بەشی ئەو تەکنیکە بەرهەم دەهێنن، لە لایەکی ترەوە یەکەی بەشەکانی وێنەگەری دیجیتاڵی تا دێت بەهاو نرخەکەی کەم دەبێتەوە و پارەی کەمتری تێ دەچێت، لە هەمان کاتدا تەکنیکی CMOS یش پەیدا بووە لە جیاتی (CCD) بەکاری دەهێنن و جێی گرتۆتەوەو نرخەکەشی زۆر کەمترە.

لەم باسەماندا بەراوردکارییەک دەکەین لەنێوان ئەم دوو تەکنیکە کە هەستیارن و وێنە لەسەریان دروست دەبێت. CCD ئامێری جووت چارچەبڵ واتە (Charge-Cowpled Dvice) و cmos واتە ئامێری نیمچە گەیەنەری ئۆکسیدی کانزادی تەواوکەر یا (Complimentary Metal- Oxide Semi-conductor) ئەمەیان ڕووناکی دەگۆڕێ بۆ ئیلیکترۆنات. ئەم ئەرکە لای خەڵکی ئاشکراو ڕوونە، ئەوەی بزانێ ئالیەتی شانەی ڕووناکی (Solarcell) چۆن ڕەفتار دەکات.

یەکێک لە ڕێگاکانی تێگەیشتن لە ئالیەتی ئەم سێنسەرانە (Sensors) لە کامیرای دیجیتاڵیدا ئەوەیە، چەندین هەزار ڕیزو خانەی هەستیار لەناو کامیرادا هەن، کە زۆر بچووکن، هەر یەکێک لەو خانە سێنسەرانە بەرپرسیارن بەرامبەر بە بەشێکی زۆر کەم لە ڕووناکی کە دێتە ناو کامیراو دەیگۆڕێ بۆ ئیلیکترۆنات. (CCD) و (CMOS) هەردووکیان هەمان کار

فارس سەعدی



**ئالیەتی گواستنەوەی چارج لە CCD**

دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز.


دواتر خوێندنەوەی ئەو بڕە ڕووناکییەی کە دەکەوێتە سەر ئەو سێنسەرەو لەسەری کۆبۆتەوە. لە سێنسەری (CCD)دا، ڕووناکییەکە لە میانیدا بەشێوەی چارج ڕەت دەبێت لە گۆشەیەکیدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و بەهای پێکسڵەکان دەگۆڕێ بۆ ژمارەیی، واتە بەهای پێکسڵی دەکاتە بەهای ژمارەیی.

لە ئامێری (CMOS)دا چەندین ترانسستەر هەیە لە دەورەی پێکسڵەکان، کارەکەشیان ئەوەیە بارگەکە یا چارجەکە قەبە یا گەورە دەکەن پاشان دەگوازنەوە بەهۆی گەیەنەری نیمچە باو یا تەقلیدی.

لەم ڕوانگەوە (CMOS) مروونەتی زۆرە بۆ خوێندنەوەی هەر پکسڵێک بەتاکی و سەربەخۆیی.

ئامێرەکامی (CCD) لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیەو بەشێوەیەکی وا دروست کراوە کەوا گواستنەوەی چارجەکان لەمیانی بگوازرێتەوە بەبێ شێواندن، واتە وەک خۆی، بۆیە ئەم ئامرازە نرخەکەی زۆر گرانەو بەزۆری لە کامیرای دیجیتاڵی گرانبەها دادەنرێ چونکە بارگەکان زۆر بە ئەمانەت دەگوازێتەوەو پێکسڵەکان دەکاتە سیستمی ژمارەیی یا دیجیتاڵی.

لەلایەکەی ترەوە، (CMOS) پێویستی بە بەرهەمهێنانی ئاسایی هەیە، واتە ئاڵۆزیەکی وا لە



**ئالیەتی گواستنەوەی چارج لە CMOS**

بەرهەمهێنانیدا نییە، تا ڕادەیەک بەرهەمهێنانی وەک بەرهەمهێنانی پرۆسیسەرە وردەکان وایە. لەبەر ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو دوو ئامێرە یا ئامرازە جیاوازن، بۆیە جیاوازی تەواو لەنێوانیاندا هەیە.

* سینسەری CCD وێنەی زۆر ڕێک بەرهەم دێنێ و کەمترین دەنگە دەنگی (Low Noise) یشی هەیە. بەڵام لە (CMOS)دا شێواندن زیاترە و بەو دیقەتەی سینسەری پێشوو نییە.

* هەر پێکسڵێک لە (CMOS)دا چەندین ترانسستەری لە دەورەی هەیە بۆیە هەستیاری بەرامبەر بە ڕووناکی کەمترە، چونکە فۆتۆناتێکی کەمتر دەکەوێتە سەر ئەو سێنسەرە. ڕووناکییەکە زیاتر دەکەوێتە سەر ترانسستەرەکان وەک لەسەر دایۆدەکانی ڕووناکی.

* سێنسەری (CMOS) و زەوی کەمتر سەرف دەکات، لەوکاتەی سینسەری (CCD) وزەیەکی زۆر زیاتر بەکاردێنێ و سەرف دەکات. دەتوانین بڵێین ئەو وزەیەی بەکاری دێنێ دەگاتە سەد هێندەی وزەی بەکارهاتوو لە سینسەری (CMOS)دا.

* سینسەری (CMOS) دەتوانرێ بەرهەم بهێنرێ لەهەمان ئەو هێڵە بەرهەمهێنەرەی کە سلیکۆنی ستاندەرد بەرهەم دێنێ، بۆیە نرخەکەی واتە نرخی (CMOS) کەم دەوەستێ، ئەگەر بەراورد بکرێ بەجۆری پێشوو.

* ئاشکرایە کە سینسەری (CCD) زۆر لەپێش سینسەری (CMOS) بەرهەم هاتووەو کاریان تێدا کردووە بۆیە بەهاو خودی سینسەرەکە شتێکی زۆر باشەو جێی بڕواو متمانەیە سەرەڕای ئەوەی ڕیزۆلیوشنەکەشی زۆر بەرزە.

لەم بەراوردکاریەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە کەوا ئەو کامیرایەی بیەوێ وێنەی جوان و ڕێک ئەنجام بدات ئەوا ئەم ئامرازە لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی بیانەوێ نرخی کامیراکانیان لە دابەزین دابێت و پاتریش زۆر سەرف دەکەن و واتە بە وزەیەکی کەم وێنەیان پێ بگیرێ ئەوا ڕوو لەوە دەکەن سینسەری (CMOS) بەکاردەهێنن، لێرەدا چارجی پاتریەکانیان درێژ خایەنتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەش هەندێ کۆمپانیا، بەتایبەتی کۆمپانیای (Canon) لە کامیراکانی مۆدێل (EOS) ڕوونتر (EOS IDS Mark II)دا سیستەمی (CMOS)ی بەکارهێناوەو ڕیزۆلیوشنی وێنەکانیش گەیاندۆتە (16.7) میگا پێکسڵ، گۆڕانکاری باشی بەسەر ئەو سێنسەرەدا هێناوەو بەردەوامیشە، بۆیە ئەمیش بەرەو باشی دەچێت.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# نوستووی بەرباران

**لێدوانی: کەریم سۆفی**

«شیعر هەمیشە خوێی ژیانم بووە... ئەگەر شیعر نەبووایە، ژیانیشم هیچ مانایەکی نەدەبوو.. لای ئێمە، لە شاخەکان، خانەخوێ هەرگیز لەبیری ناچێ، خوێدانێ لەسەر سفرەی میوانان دابنێ..»

ئەم وتە بەرزەی ڕەسووڵ هەمزاتۆف کە بەڕاستی دەبێ میدالیای سەرسینگی هەموو شاعیرێکی خودان هەستی ناسک و بەسەرو سەلیقە بێت، لەبەرایی ئەو «کۆمەڵە شیعرە هەڵبژاردەیە لە ئەدەبی بێگانانەوە» وەک پێشەکییەک نووسراوە کە ناوی «نووستووی بەرباران»ە و لە وەرگێڕانی کاک «نەژاد عەزیز سورمێ»یە. وەک ئاماژەی پێکراوە، چاپی دووەم ٢٠٠٥ بە «زیاد و بژارکراو»ی لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان چاپ کراوە. دیارە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپخانەی (علاء) لە بەغدا لە چاپ دراوە.

با واز لەو پرسیارە سواوە بێنین کە دەڵێ: ئایا شیعر وەردەگێڕدرێ؟ چونکە زۆربەی ڕا و بۆچوون و وەڵامەکان بەرەهایی لەگەڵ وەرگێڕانی شیعردا نین، بەڵام وەکو خواست و پێداویستی ژیان و ژیاری و کولتوور و ڕەگەز و ڕەنگ و ڕووی جیاواز، زمانی جیاواز و جۆراوجۆریش هەیە، سەرتاپای مرۆڤ و مرۆڤایەتیش لەگێن نییە بەیەک زمان بدوێن و بەیەک زمان لێک حاڵی بن بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانی ژیان، بۆیە وەرگێڕان بەگشتی وەکو کایەیەکی مەعریفی و زانستی هۆکارێکی گرینگی پێکەوە بەستان و لێک نزیک کردنەوەی کولتووری نەتەوان، کاری خۆی ئەنجام داوە، لەو میانەشدا، شیعریش لێی بێبەش نەبووە، واتە لەگەڵ هەموو «نامومکین» بوونی وەرگێڕانی شیعر، «مومکین» بوونی وەرگێڕانیشی بەکردەوە خۆی سەپاندووە، ئەوەندەش هەیە لەگەڵ هەموو ڕایە پێچەوانەکانیشدا لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەوە، وتراوە ئەوەی شیعر وەردەگێڕێ، ئەگەر خۆی شاعیر بێت باشترە، ئەگەرنا هەستێکی شاعیرانەشی هەبێت هەر باشە.



«نوستووی بەرباران» ناونیشانی شیعرێکی شاعیری بەرەنگاری و بەرخودانی فارسی «خەسرەوی گوڵسورخی»یە کە سەردەرەی ئەم کتێبەی ڕازاندووەتەوە، بەڵام خۆزگە وشەی «نوستووی» بە دوو (و)

بنووسیبایە، هەروەکو لەسەرچاوەی شیعرەکانیشدا بەم جۆرەی نووسیوە «نووســـتـــووی بەرباران» ل١٦٧ هەڵبـــەتە لە زۆر بواری دیکەی وەرگــێــڕاندا، دەلوێ وەرگــێــڕ ناونیــشــانی بابەتێک لەناو بابەتەکانی وەرگێڕدراودا وەکو سەرناو بۆ کتێبەکەی هەڵبژێرێت ئەگەر پێویستی کرد.

گــوڵســورخی لە دوا کــۆپلەی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**من بەرەشایی دووچاوی رەشی تۆ دەنووسم**
**لە هەر لایەکی ئەم باخچەیەدا**
**دەستێ هەمــیشــە چاوەڕوانی دەستێکی ترە**
**چاوێ هەیە هەرگیز ناچێتە خەو..**
ل٥٣

ســەرەتای ئەم دیوانە شــیــعــرە وەرگێڕدراوە جۆراوجۆرە، بەچوار گۆرانی داریۆش دەست پێدەکات کە لەسەر کاسێتەوە وەرگێڕ خۆی دەقەکانی نووسیوەتەوە. گۆرانییەکان هەموویان دەربڕی دڵتەنگی و بێزاری و خەم و خەفەت و لێک دابڕان و ماڵئاوایی و دەربەدەری و هەمیشە لەسەر سەفەربوون دەکات کەمایەی مەینەتی و دەردەسەری و کارەساتی ناخۆشن. لە دوا کۆپلەی گۆرانی سێیەمدا دەڵێ:

**ئەی زەردەی خۆر هەلات**
**ئەی هاوڕێکەم!**
**خودا حافیز، سەفەرت خێر**
**ئەی تاکە هاوڕێم!**
**بۆ هەر کوێ بڕۆی**
**لەهەر جێیەکی دنیا بی**
**لەو دیو سنوور**
**لە ئەو دیوی ساتەکان**
**وەبیرت بێ، کە دڵت**
**قەڵغانی بەلای من بوو**
**تەنها دەستی تۆ هاوڕێی**
**دەستی پاکی من بوو**
**ئەی هاوڕێی هەمیشەییمان**
**ئەتۆ بڕۆ، سەفەرت خێر**
**غەمی من مەخۆ**

**کـــــە دووری بۆ مـن بـووەتـە عادەت..»**
ل١٩- ٢٠

لەلاپەڕە ٢٤دا کورتە شیعرێکی «ئیسماعیل شاهرودی» بەناوی «عــیــشق» وەرگــێــڕدراوە، ناوی تەواوی شــاعــیــر «ئیــســمــاعــیل شاهرودی»یە نەک (شاهروەردی!) و لەســاڵی ١٩٢٥ لە دایک بووە و لەساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە و کــورێکی لە پاش بەجێ مــاوە بەناوی «ئایندە» «بڕوانە: کــتــێــبی عاشقانەها، نیاز یعقوبشاهی، چاپ پنجم، ١٣٨٢ هەتاوی، ل١٠١»

لــە لاپــەڕە ٣٥- ٤٨ لــەژێــر سەرناوی «دەستەچیلەیێک شیعری ئەرمــەنی» شــەش پارچە شــیــعــری ئەرمــەنی هەڵبــژێردراوە. لێــرەدا بەهەلی دەزانم ئامــاژە بە شــێــوە ڕێنووسی وشەی «دەستەچیلەیێک» و هاوشــێــوەکــانی بکەم و ئەم روونکردنەوەیە بدەم: «من پێم وایە لە زمانی گۆکردنیش خۆشتر دێت و نیگاری نووسینیشی جوانترەو بە دروستتریشی دەزانم کە ئەو وشانەی کۆتاییان بە (ا، ۆ، وو، ێ، ە) دێت لەکاتی زێدەکردندا- اضافـە- بەم شــێــوەیە بنووســرێن؛ زانایەک، هەڵۆیەک، پشــوویەک، دێیــەک، کاریلەیەک، دەستەچیلەیەک... تاد»

ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعری ئەرمــەنی بە ناوی «پاســەوان» کـە ئاشامیر مەگردیچ نووسیویەتی:

**هەموو ماڵ و دەوڵەتی من،**
**بە دیواری ئەشکەوتەوە**
**چوار وێنەیە..**
**چوار وێنەی پارچەپارچە**
**خاک: برسی و گۆشەگیرە**
**ئاو: بەلێوی وشکهەڵاتوو**
**ئاگر: بەچاوی بێ ڕوناهی**
**(با) بریندار**
**لەسەر پێخەفدا کەوتووە**
**لە دەروازەی ئەشکەوتەکەم**
**گوڵەبەرۆژێ پاسەوانەو**
**بەرابەر هێرشی خۆر وەستاوە**
ل٤٠

جگە لەو شــاعــیــرانەی ناومــان هێنان، دیوانەکەی شــیــعــری ئەم شاعیرە فارسانەشی لەخۆ گرتووە: فەرەیدوونی مــوشــیــری، ئیــرەجی جەننەت عەتائی، نادری نادر پوور، مەهدی ئەخەوان ثالث (م. ئومێد)، عاتیفەیێ گۆرگین، لەگەڵ شیعرێکی ئەحمەدی شاملو بەناوی «پەریا» کە درێژترین شیــعــری ئەم دیوانەیە، لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

**خۆرە خاتوون بفەرموو**
**لەو بەرزاییە وەرە خوارێ**
**ئێــمـــە زوڵم و زۆرداریمان تێک شکاند**
**(ئازادیی)مان کرد بە قیبلە**
**لەوکاتەی خەڵکی ڕاپەڕین**
**ژیان بووە هی خۆمان**
**لە شادی بێزار نابین**
**چیتر بەندەو دیل نابین**
ل١٠١- ١٠٢

لاپەڕە ٨١- ١٣٠ تەرخان کراوە بۆ چەند پارچە شیعری شاعیرانی عــەرەبی و تورکی و فــەرەنسی و سۆڤیەتی و... تاد لەوانە: سوعاد تاشەر، گریگۆری کۆرسۆ، کەفافی، فــازل عــەززاوی، هاینریخ هاینە، ماکسیم تانک، ستیڤان ئۆکتاڤیان، مەعین بەسیسۆ، رامبۆ، ژاک بریڤێر، یاشا میراج و.. تاد.

مــەعین بەسیــســۆ لە کۆپلەی شیعرێکیدا بەناوی «ستــرانێک بۆ سەمەرقەند» دەڵێ:

**چ هیلاکە ئەو دنیایەی**
**سیماو رووی چۆڵەکەی هەیەو**
**دڵی ئەژدیها...**
**(چ هیلاکە... خانمەکە....)**
ل١٢٤

لە لاپەڕە ١٣١دا شــیــعــرێکی فــۆلکلۆری یازدە کــۆپلەیی پڕ لە دیمەنی دڵگیــری ئەڤین و دڵداری و ئاوێتــە بەخـەیاڵی فـەنتــازیایی و سیمای ئەفسانەیی وەرگێڕدراوە کە پەیوەستە بە ئەدەبیات و فۆلکلۆری مــاســادۆنیــا، ئەو وڵاتەی دوای

خـــەباتێکی درێژخــــایەنی پڕ لە کارەسات و مەینەتی لەدوای شەڕی دووەمی جـیـهـانی توانی ئازادی و سەربەخۆیی وەدەست بێنێ. ئەدەب و فۆلکلۆر و گۆرانییەکانی ئەو میللەتە پارچەیەکـــە لە تراژیدیای خـــودی میللەتەکە کە پەیوەستە بەخەبات و شـــێـــوازی پێـــوەندییـــەکـــانیـــان. دیمەنەکانی ناو کۆپلەکانی ئەم شیعرە فۆلکلۆرییە میللیە، ڕەنگە نموونەیان لەناو ئەدەبیاتی ڕەسەنی میللەتاندا پەیدا ببـێت. لە کـۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا هاتووە:

**خۆر دادەکشێ**
**کچێک**
**لەبەینی دوو دارستانی سەوز و**
**دوو دەریاچەی سارد**
**گوڵ دەچنێ...**
**لە خوا بەدەر**
**کەسی لەگەڵدا نییە**
**کەسێ نییە ئاگای لێ بێ**
**کە لەسەر خۆڵێدا پاڵ کەوت**
**بەردێکی لەژێر سەرا بوو**
**بەرد مارێکی لەسەر بوو**
**«خوایە!**
**ئەو کیژە بمرێنە!**
**تا پرچی بکەم بە هێلانە و**
**لە گۆشتی دەم و چاوی بخۆم و**
**چاوەکانی بخۆمەوە...»**
**خوا نزای ماری قبوول کرد**
**کچە مرد**
**مار پرچی کرد بە هێلانەو**
**لە گۆشتی دەم و چاوی خوارد و**
**چاوەکانی خواردەوە...**
ل١٣٥- ١٣٦

بەشـــێکی دیکەی دیوانەکـــە دەقـێکی کـۆنی لە ئەدەبی دێرینەوە بەناوی «گـــفـــتـــوگـــۆی کـــۆیلە و خـاوەنەکـەی» لە خـۆگـرتووە کـە لە زمـانی عـەرەبییەوە کـراوە بە کوردی. نموونـەیەکــــە لەو ئەدەبەی وێـنـەی داتەپینی شارستانی و کۆمەڵایەتی سەردەمی سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەکـــێـــشێ. ئـەم گفـتوگۆیەش لەشێوەی دیالۆگێکی نێوان «کۆیلە و خاوەنەکەی» دەست پێـدەکـات، کـۆیلەکـە بەرئەمـر و فـەرمـانی خـاوەنەکـەیەتی هەرچی خـاوەنەکـەی بیـڵێ، ئەو بێ سێ و دوو، پەسندی دەکاو ملکەچە!

کـــە خـــاوەنەکـــەی پێی دەڵێ: پەیتـوونم بۆ ئـامـادە کـە، دەمـەوێ بچمە کۆشکی پاشا. کۆیلەکە دەڵێ: بڕۆ گەورەم، بڕۆ!

کـە خـاوەنەکـەی دەڵێ: نا ئەی کۆیلە نا... ناچمە کۆشک...

کـۆیلەکـە یەکـسـەر دەڵێ: مـەچوو گەورەم...

ئێـدی دیمەنەکـان بەم شـێـوەیە دەڕۆن، هەر شـتێ خـاوەنەکـەی بڵێ دەیکـەم، کـــۆیلەکـــە دەڵێ: بیـکە گـەورەم، وەختێ خاوەنەکەی دەڵێ: نەخێر نایکەم! هەمیـسـان کۆیلەکە دەڵێ: مـەیکە گـەورەم... تا دیمەنی کـۆتایی شـانۆگـەرییـەکـە دەگـاتە ئەو ئاسـتـەی کـە خـاوەن کـۆیلەکـە بە کۆیلەکە دەڵێ:

**ملی تۆ و ملی خۆم پەل دەدەم!**
**یا هەردووکـمـان خـۆمـان بە ئاوێ دادەین!**
**ئا ئەمەیە شتی باش!!**

بەڵام کە خاوەن کۆیلەکە پەشیمان دەبێـتـەوەو ڕای خـۆی دەگـۆڕێ و دەڵێ:

**نە کۆیلە، تەنیا تۆ دەکوژم!**
**مەرگی تۆ بەپێش خۆم دەخەم**

لە وەڵامدا کۆیلە دەڵێ:

**داخـۆ گـەورەم، لە دوای مندا تۆ دەتوانی**
**تەنانەت بۆ سێ ڕۆژیش بژی؟**

هـەڵبـــــەتە لێـــــــرەدا بـاس لەسـەردەمێکی زووی مێـژووییە کـە کـــۆیلایەتی باو بووە و خــــاوەن کـۆیلەش بەبێ کـۆیلە بەڕێوەچوون و ژیانیـــان ئاســـان نەبووە، کـــۆتایی دیوانەکە بە بیبۆگرافیاو سەرچاوەی بابەتەکان تەواو دەبێ.

لە برگـــــەیەکی «ســـــەرچاوەی شیعرەکان»دا ئاماژە بە ناونیشانی شیـعـرێکی نادری نادرپوور کـراوە بەناوی «ئێوارە» کەچی هیچ شیعری بەم ناونیشانە تێدانییە، تەنیا سێ شیعری نادری نادرپووری تێدایە بەم ناوانە: «ســـتــەم، پەنجـــەرەیەکی خامۆش، نیاز»


وەرگـێـڕ ئازادە لەو بەرهەمـەی بۆ وەرگـێـڕان هەڵـیـدەبژێرێ، یان ئەو زمـانەی کـاری وەرگـێـڕانی لەسـەر دەکات بەپێی تواناو دەرەقەت هاتن. ئەگـەرچی ئەو دەقـە شـیـعـریانەی وەرگێڕ لێرەدا هەڵیبژاردوون، لەگەڵ ئەو دەقـە ئەدەبی و فـۆلکلۆرییـە دێرینانەی میللەتانی جۆراوجۆر کە خـودان کـولتـوورو داب و نەریتی جیاوازن، دەقی سەرکەوتوون، بەڵام خۆزگە بۆ کاری داهاتووی، ئەمجۆرە تێکەڵاوییە لە ڕووی جۆری بابەت و ئەدەبی نەتەوەکـــان و زمــانی لێ وەرگێـڕدراو بەیەک لادا بشکێـتەوە، تا بتـوانێ بەشـێـوەیەکی ڕوونتـرو ناونیشان و ئامانج باشتر بپێکێ و لای خوێنەریش ڕۆشناییەکەی بەرچاو و ڕوونتر بێت و هەست بە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی نەکات. بەمەش گەیاندنی پەیامـەکـەی بەهادارتر و جـێگیـرتر دەبێت.

خاڵێکی دیکە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم وەکــو دیارە زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیعریان وەرگێڕدراوە، هەموویان لەسەر یەک ڕێچکەو ڕێباز و بەیەک شـێـوە شـیـعـر نانووسن و هەریەکەو سیمای سەردەمی خۆیەتی و لەشوێنی خۆیان، بە زمانی خۆیان، شێوازی دەربڕینی جیـاوازیان هەیە، ناکرێ هەمـوو بەیەک هەواو هەناسە وەربگێڕدرێن، بۆیە ئەم قسەیە دەکەم وەرگێڕانەکە ڕاستە زمانێکی بێ گرێ و گـــۆڵ و نەرمـــە دەربـڕینە و لە خـوێندنەوە خـۆش دێ، بەڵام جـۆرە شێوازێکی لێکچوو بەسەریاندا زاڵە و وەک بڵێی، شاعیرەکان هەموویان یەک شـێـوازیان هەبووبێت! ئەمـەش زیاتر خـۆی لەشـێـوازی وەرگـێـڕانی وەرگێڕەوە نواندووە، نەک لەشێوازی شـیـعـر نووسـینی شـاعـیـرەکـان. لە کـۆتاییـدا ئومـێـدی تەمـەن درێژی و بەرهەمی زیاتر بۆ برای وەرگـــێـــڕ دەخوازم.

# هاوار و هاوارییەکان

لێدوانی: عەتا عەبدوڵڵا
(سلێمانی)

ڕەنگە یەکێک لەو باس و خواسانەی کە ئەمڕۆ بۆ ئێمەی کورد زۆر پێویست بێت، گرنگییدانە بە کولتوور و نەریتی نەتەوایەتی و لێکۆڵینەوە لە سەرجەم ترادیسیۆن و ئایین و بیروباوەڕە کۆنەکان بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بە وردی و بە ڕاستی لە بنەچە و ڕیشەی هەموو پێکهاتە نەتەوایەتییەکانی کورد بە ئاگابین، یەکێکیش لەو ئایین و بیروباوەڕە کۆنانەی کە لەناو کورددا پێگەیەکی بەهێزی هەیە ئایینی کاکەییە کە لە زۆرێک لەناوچەکانی کوردستان و عێراق بوونیان هەیە و بەداخەوە تا ئێستا زۆر بە کەمی




قسەیان لەسەر کراوە، ئەم بێدەنگییەش بێگومان بە پلەی یەکەم ئێمە وەک کورد زەرەرمەندی یەکەمین.

لەو کتێبانەی کە لەم بوارەدا نووسراوە و لە چەند مانگێک لەمەوبەر کەوتە بازاڕەوە کتێبی (هاوار و هاوارییەکان- باسێکی مێژوویی)یە لە بەرگێکی جوان و لە دووتوێی ١٥٠ لاپەڕەدایە و لەلایەن شاعیری میللی هاواریی (ڕەمەزان همیرخان) نووسراوە.

جگە لەو باس و وێنە ئەرشیفیە دەوڵەمەندانەی کە لەم کتێبەدا هەیە، دیارترین خاڵی سەرنجڕاکێشیش ئەو زمانە تایبەتەیە کە لای هاوارییەکان هەیە و تایبەتە بە کەلەپووری هاواری و نووسەر خۆیشی شاعیرێکی میللی کاکەیی و هاوارییەکانە و توانیویەتی لە زۆ لایەنەوە بە شیعری میللی و وتەی نەستەق و بەیتی هاواریی بابەتەکەی زیاتر دەوڵەمەند بکات.

«هاوار» ناوی گوندێکی کاکەییەکانە لە ناوچەی هەڵەبجە، کە دادەنرێت بە بنەچەی کاکەیی لە ناوچەکەدا و لە حەوزی شارەزوور و هەڵەبجەشدا لە بری وشەی کاکەیی زۆرجار وشەی «هاواری» بەکاردەهێنرێت، ئەم گوندە دەکەوێتە

ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەوە و تەنیا ١٧ کیلۆمەتر لەو شارەوە دوورەو ڕاستەوخۆ کەوتووەتە پشتی شاخی شنرویّ کە بەرزترین شاخی ناوچەکەیە.

لە یەکەم باسی کتێبەکەی نووسەردا دوای پێشەکی باس لە فۆرمی ژیان دەکات لای هاوارییەکان، کە لە باسێکی مێژوویيەوە دەیهێنێت چۆن لە کۆندا هاوارییەکان لەو گوندەدا ژیانی خۆیان بەڕێ کردووە و سوودیان لە سروشت و پێکهاتە سروشتییەکان بینیوە، بە جۆرێک ڕاستەوخۆ ئەوان وەک کوڕی سروشتیان لێهاتووە، لەو سروشتەدا و لەو درەختانەی کە سوودیان بینیوە ئەم باسی سێ درەختی سەرەکی دەکات کە بریتین لە:

*** داربەڕوو:**

ئەم درەختە پێگەیەکی بەهێزی لای هاوارییەکان و کاکەییەکان هەیە، چونکە داربەڕوو زۆر سوودی لێدەبینن لەوانە لەکاتی تازە پێگەیشتنیدا بەکاریان دەهێنا بۆ مادەی جۆرێک لە شیرینی کە لە هەنگوین دەچوو، ئەمە جگە لەوەی لەکاتی پێگەیشتنیدا بەرەکەیان کۆدەکردەوە بۆ زستان و لەبەر ئاگردان دەیان برژاند و دەیانخوارد، جگە لەوەش بۆ ئاژەڵەکانیشیان سوودیان لێدەبینی، لەگەڵ چەند سوودێکی تر.

*** داری کەوت یان کەوتە:**

ئەم دارەش زۆر سوودیان لێبینیوە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان بە تایبەتی بۆ دروسکردنی کەوچک و کەرەستەی ماڵ و مزراحی منالان و چەندین کەرەستەی تری ماڵ.

*** داری قەزوان (داری ئابووری و پزیشکی و فەرهەنگی)**

ئەم دارە یەکێکە لە بنەما بە هێزەکانی ئابووریی کاکەیی و هاوارییەکان لە گوندی هاوار کە چەندان سوودی لێدەبینرێت لەوانە بەرهەمەکەی قەزوان لەکاتی سەوزیدا بۆ خواردن و بۆ ناو دۆ و زۆر سوودی تریش، ئەمە جگە لەکاتی پێگەیشتنیشدا قەزوانی سەوز خواردنێکی دانسقەیە و بارێکی ئابووری باشیشە بۆ ئەوان، لە هەمووی گرنگتر «بنێشتکردن»ە کە لە داری قەزوان بەرهەم دێت و گەورەترین سەرمایەی ئابووری ئەوانە و تا ئێستاش لەسەری بەردەوامن و چەندین وەستای کارامە هەیە لەم بوارەدا کە نووسەر بە چڕوپڕی لێی دواوە.

ئەمە جگەلەوەی لە بەشێکی تردا باسی گژوگیا و ئەو ڕووەکە تایبەتانەی کردووە کە لەم گوندەدا ڕواون و بوونەتە سیمای تایبەتمەندی هاوار و جیاکردوونەتەوە لە سەرجەم گوندەکانی ناوچەکە، بێگومان ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی کاکەیی لە هەموو شوێنێکدا، پێم وایە هەر کەسێک بیەوێت شارەزایی لە دابونەریتی هاوارییە کاکەییەکان هەبێت ئەوا پێویستی بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبێت.

پاش ئەمە دێتە سەر ئافرەتە ناودارەکانی هاوار و پێگەی ئافرەت لای هاوارییەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی پیاوان لەگەڵ ئافرەتاندا و ڕادەی زرنگی و لێوەشاوەیی ئەوان بە وردی باس دەکات، لەو نموونانەی کە باس دەکات باس لە ژنێکی هاواری دەکات لەکۆندا بەناوی (سانی لفت الله محەمەد) ئەم ژنە زرنگە لەدوای مردنی مێردەکەی توانیویەتی ببێتە وڵاخدار و لەگەڵ پیاوانی هاوار بۆ کاروانی ڕێگەی دوور سەفەری کردووە و وەک ڕێگەی نێوان (هاوار- پێواز) (پێواز- خانەقین) (هاوار- ماهیدەشت) هەموو ئەم ڕێگە دوورانەی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی منالەکانی بەخێو بکات و داوای یارمەتی لە کەس نەکات.

ئەمە جگە لە چەندین شۆڕەژنی تر کە ئاماژە بەناویان دەکات وەک (پووره سانی، عەینا شاقوولی، سۆسەن خالید، تلێخان، یاسەمین و مای جەمین...تاد).

دواتریش دێتە سەر پێگەی هاوار لە ناوچەکەدا لە کۆنەوە تا ئێستا بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژی سنووری بووە لەنێوان (ئێران و عێراق)دا، بۆیە زۆرێک لە گەڕیدە و پیاوچاکان و بازرگان و شاعیر و ناوداران ڕێیان لەم گوندەکەوتووە، ئەم نموونەی یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی هەورامانی ئەودیو دێنێتەوە کە میرزا عەبدولقادری پاوەیی، کە جارێکیان بە ڕێکەوت لە (هاوار) دەمێنێتەوە و خەڵکەکەی زۆرچاک دەبن لەگەڵیدا و ئەویش شیعرێکی زۆر جوانی (٣٣) بەیتیان

بۆ دەڵێت بەناوی (دەروون زوخـاڵم) کە بەم شێوەیە:

**دەرون زوخاڵم دەرون زوخاڵم**
**پەی دوری یاران دەرون زوخاڵم**
**دڵداران یاران چەند پەشێو حاڵم**
**هاوار بی زێدم هاوار بەماڵم**
**باجە داخ ڕۆزگارە**
**هاوارم بەرزە هاوار جە هاوار**
**هاوار مەترسۆ جە ڕای نەدامەت**
**هاوار بۆ زێدم تا ڕۆژی قیامەت**
**مەعلوم بۆ یاران خالق ڕوی ئەزەل**
**پـەی هـاوار مـنـیـش ئـاوەرد بـە عەمەل**

دواتر نووسـەر بەوردی دێتـە سـەر ژمـاردن و باسکردنی سەرجەم ئاو و کـانـی و چەمـەکـانـی (هاوار) و گـرنگی هەریەکـەشـیـان لەوسـا و ئێستـای ئەم گوندەدا باس دەکـات، پاشتر لە بەشێکی سەربەخۆدا باس لە گەڕەکەکانی (هاوار) دەکات، کە بەم شێـوەیە ڕیزبەندی گـەرەکـەکـانی هاوار دەکات:

١- **گـەڕەکی بەردەڕەشی:** کۆنترین گەڕەکی هاوارە.

٢- **ئـاوایـی ژورنـگ:** ئەم گـەڕەکە بەهۆی ڕێگەی نێـوان (هەڵـەبجـە و ئێـران) شـوێنێکی قــەرەباڵغ و ستراتیژیە.

٣- **گـەڕەکی باسکی:** ئەم گەڕەکە خۆشترین گەڕەکی هاوارە و چەندین چاخانە و شوێنی کۆبوونەوەو شوێنی ئاهەنگگێرانی تێدابووە.

٤- **گـەڕەکی خـەرمـانێ:** دواتــر سەرژمێری باخەکانی هاوار دەکات لەگەڵ ئەو جۆر و بەرهەمانەی کە لە باخـەکـانی هاواردا بـوونیـان هەیە پـاشــتـر دێتــە ســەر بـاسکردن و لێکۆڵینەوە لە شوێنە ئایینییەکانی هاوار و لێکۆڵینەوە لە پێکهـاتە و مەڵبەندی هاوار کە لە سێ گوندی سـەرەکی پێکهـاتووە کـە ئەوانیش (هاوار، هەوارەکـۆن، دەرەتوێ)یە، کـە دانیـشـتـوانی ئەم سێ گـوندە پەیڕەوی ئایینی کاکەیی دەکەن.


پـاشــتــر لە بەشــەکــانی تری کــتــێــبــەکــەیدا ســەرجــەم بوارە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکانی هاوار شی دەکـاتەوە لە بواری هۆنراوە و ئەدەب و ڕۆشنبـیـری و فـەرهەنگدا لەگــــەڵ بـاسکردن لە چـەندیـن کـەســایەتی دیاری هاوار کــە لە یەکێک لە بوارەکانی کۆمـەڵایەتی و ســـیــــاسی و فــــەرهەنگی لەناوچەکەدا بەناوبانگ بوون.

پـاشــــــان وێـنـە و پـێـگـەی هاواریەکــــان لە ســــەرجــــەم شۆڕشەکانی کورددا باس دەکات و ناوی چەندین شـەهیـد بە وێنەوە دەخاتە ڕوو کە لە شۆڕشی ئەیلوول و شــۆڕشی نوێدا شــەهیــد بوون، ئەمــــەش ئەوە دەردەخــات کــە هاوارییەکان لە هەموو کەس زیاتر خـــۆیان بە کـــورد دەزانـن و بۆ سـەرکـەوتنی مـیللەتەکـەشـیـان چەندین ڕۆڵەی جــوامــێــریان پێشکەش بە کـورد و کـوردسـتـان کردووە.

# کەسێتی تاکی عیراقی

توێژینەوەیەکە سەبارەت بە باری دەروونی گەلی عیراق لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵناسی نوێدا

**لێدوانی: ئارام عەلی سەعید (سلێمانی)**




**د. عەلی وەردی**
**لە عەرەبییەوە: محەمەد وەسمان**
**قەبارە: ٧٢ لاپەڕە**
**چاپی یەکەم: ٢٠٠٤**

هزرڤـانی و پڕ توانایی د. عـەلی وەردی کـەسایەتی بلیـمـەتی بواری دەروونـناسی و کــۆمــەڵایەتی و پەروەردەیی عـیـراقی لە فـۆرمـێکدا ناســراوە کــە لەلایەن زۆرێک لە خوێندەوەران و زانستخوازانی زانکۆ و ئەکـادیمیـاو تاوەکـو خـەڵکانی دەرەوەی ئەمانەشەوە جێگای گرنگی و بایەخی تایبـەتی بوو لە ناوخـۆ و دەرەوەشدا هەربۆیە کـتـێبـەکانی بۆ زۆرێک لە زمـانەکـانی جـیـهـان وەرگـێـڕدراون، بێگومـان پلەی بایەخدان بە نووسراوەکانی دکتۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە توانایەکی بێ سنوورەوە باس لە دەروونشـیکاری و نهـێنی ئەودیوی نەست و پێناسی کـــەســــێــــتی و دوانەیی و بەرجەستـەبوونی لەنێـو کـۆمـەڵگا و تاکـەکـاندا دەخـاتە ڕوو، هەربۆیە کـاتێک خـوێنەر ئاشنا دەبێت بە نووسینەکانی و دەیانخوێنێتـەوە لە ناخی خۆیدا وا هەست دەکات کە ئەو گـوتارە یاخـود نووسـینەی دکـتـۆر کـۆمـەڵگاکـەی دەیلـێن یان خـودی خـۆی دەری دەبڕێت دکــتــۆر بـۆی نووسـیـوە واتا هێندە بە قـووڵایی دەروونـدا ڕۆچووە و قـسـە لەوپەڕی نهـێنییـەکـان دەکـات، کـە لەگـەڵ قـەناعەت و ویست و نەریتەکـانی کۆمەڵگادا یەکانگیر بووە.

کتێبی (کەسێتی تاکی عیراقی) نووسەر کە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە باری دەروونی گـەلی عــیــراق لەبەر ڕۆشنایی کـۆمـەڵزانی نوێدا، لەم مـاوەیەی پێـشـوودا چاوی خوێنەران و عاشقانی بۆچوونەکانی وەردی ڕووناک کردەوە کـە لەلایەن (کـاک مـحـەمـەد وەسـمـان)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی کـــوردی و لە قـــەبارەی (٧٢) لاپەڕەدایە.

کـتـێـبـەکـە هەرچەندە لە ڕووی قـەبارەوە بچـووکـە و بە فـۆنتـێکی گـەورە نووسـراوە، بەڵام هەر دێڕو هەر وشەیەکی پڕ ناوەڕۆکترین واتا و مـەعـریفـەی بە سـوودی لەخـۆ گرتووە.

### کەسایەتی مرۆیی

هەروەکو لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە د. عـەلی وەردی لەبەر ڕۆشنایی سێ تیـــــۆریدا هەوڵیداوە دیاردەکانی کۆمەڵگای

عیراقی ڕاڤە بکات.

**یەکەم**: (دووانەتی کەسایەتی کە لە «مکایفر»ی وەرگرتووە).

**دووەم**: (کێشە و ململانێی نێوان دەوارنشینی و شارنشینی) کە لە (ئیبن خەلدوون)ی وەرگرتووە.. ل٥.

**سێیەم**: (نەسازی کۆمەڵایەتی کە لە (ئۆکبرن)ی وەرگرتووە.

کە هەموو ئەمانەی لەگەڵ سروشتی تاکی عیراقیدا گونجاندووە. نووسەر لە دەستپێکدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەم توێژینەوەیەی هەموو مەرجە زانستییەکانی تێدانییە و دەڵێت زێتر لە وتارێکی ئەدەبییەوە نزیکە نەوەک توێژینەوەیەکی زانستی، بەڵکو دەبێت خوێنەر دوابەدوای خوێندنەوەی پێشگۆییەکە بیری بۆ ئەوە بچێت کەوا دابەشی سەر دوو بەندی سەرەکی کراوە، کە بەندی یەکەم لە کەسایەتی مرۆیی دەکۆڵێتەوە هەروەها بەندی دووەم تایبەتە بە توێژینەوە لە (کەسایەتی تاکی عیراقی) ل١١ هەروەکو دەڵێت: (لە ڕاستیدا بیرم بۆ ئەوە چوو کەوا ناتوانم لە کەسایەتی عیراقی بکۆڵمەوە ئەگەر پێش ئەوە بە وردی لە کەسایەتی مرۆیی نەکۆڵمەوە، سەرەڕای ئەوەش بەگشتی بابەتی کەسایەتی لە زمانی عەرەبیدا توێژینەوەی تێروتەسەلی لەسەر نەکراوە، زۆربەی ئەوانەی لێی توێژیبونەتەوە پسپۆڕانی دەروونزانی بوون، ئەمەش واتای ئەوەیە کە کەسایەتی تەنیا لەلایەن تاکایەتیەکەی لێی توێژراوەتەوە و کەمێکیان نەبێت بایەخ بە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی نەدراوە)ل١١. نووسەر زۆر بە ڕوونی لەسەر بنەمای هزری هەندێک لەبیریاران یان زانایانی کۆمەڵناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەسایەتی نوێنەری ڕاستەقینە کۆمەڵگایە یان کەوا (تاک و کۆمەڵ دووڕووی ڕاستین) یان وەکو (کولی) دەڵێت: (تاک و کۆمەڵ دوو چەمکن پێکەوە لە دایک دەبن..) هەر لەم ڕوانگەیەوە نووسەر دەیەوێت نموونەیەک لەو واقیعەی کۆمەڵگای عیراقی تێیدا گوزەری کردووە بخاتە ڕوو کە ئەم کۆمەڵگایە لە ئاقاری کۆمەڵگاکانی دی بە بەراورد زۆر جودایە و دەڵێت (کە دەستم بە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی تاکی عیراقی کرد، تووشی دژوارییەکی گەورە هاتم، ئەویش دۆزینەوەی تایبەتیەکان هەلاواردەکانی کۆمەڵگای عیراقیە کە وا دەکات نموونەیەکی دیاریکراو لە کەسایەتی بێتە بەرهەم و جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی دیکە)وە لە کۆتایی دەستپێکەکەیدا مەبەستێکی دیکەی هەوڵەکەی باس دەکات کە ئەم هەوڵدانە هاندانی کەسانی دیکەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە گرنگە وورووژاندنی هەندێک لە هزرمەندانە بۆ ئەوەی کەمێک لە بورجە عاجیەکان بێنە خوارەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگای عیراقی بن بۆ توێژینەوە و لێگەڕان بەشێوەیەک بێزیان لە نزیکبوونەوەیان نەیەتەوە و خەڵکی ڕەش و ڕووت بە کەم نەزانن.

لە ڕووی کەسایەتییەوە و لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا کەسایەتی (شخصیات) خانەی پۆلێنکردن و ئارایشتێکی ڕاستەوخۆی بۆ کراوە کە فلان کەس خاوەنی کەسایەتی بەرزە و فلانە کەسایەتیەکی تری هەیە و (کەسایەتی) دابەش دەکرێت لەنێو توێژە جیاجیاکاندا هەربۆیە دکتۆر پەنجەی ئاماژە بۆ ئەو هەڵەیە دەکات بەوەی دەڵێت: (خەڵکەکە بە هەڵە ڕاهاتوون کاتێک یەکێکیان بە ئەوی دیکە دەڵێت، فلان کەسایەتی نییە و بە یەکێکی دیکەش دەڵێ فلان خاوەن کەسایەتیە، وەک ئەوەی کەسایەتی وەک جوانی وابێت هەندێک کەس هەیەتی و هەندێکی دیکەش نییانە) ل١٤-١٥ وە (لە ڕاستیدا هەر یەک لە ئێمە خاوەن کەسایەتیەکی تایبەتی خۆیەتی، کەس نییە بێ کەسایەتی بێت، جیاوازی لەنێوان کەسێک و کەسێکی دیکە لە بەهێزی کەسایەتیدایە یاخود لە بێ هێزی کەسایەتیەکەدا، نەوەک لە بوون و نەبوونیدا)ل١٤.

وە دەڵێ: (کەسایەتی ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوەیە لەبیر و داب و نەریت و واز و ڕەوشتانەی کەوا کەسێک لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە)ل١٥.

وە ئەو کەسایەتیەش تەنیا بەمرۆی خاوەن ئاوەز بەخشراوە و چوارچێوەی بیروهۆشی پێوەری سەنگی کەسایەتییە، وەردی-ش ئەمە دووپات دەکاتەوە: (پێویستە بزانین کەوا کەسایەتی بە تەنیا

سیـفـەتێکی مـرۆڤـە و ئاژەڵان کـەسـایەتیـیـان نیـیـە، هەروەها منداڵیش کــە لە دایک دەبێت کـــەســـایەتی نیـــیـــە، بەڵام کەسـایەتیـیـەکەی بەرە بەرە پەرە دەسـێنێت هەرچەندە لە تەمـەن گەورەتر دەبێت..ل٢٤) مرۆڤ بە گەورەبوونی بەنێـو کۆمـەڵگادا و کـــاریگەری دەوروبـەر لە ڕووی مـامـەڵە و هەڵسـوکـەوتەوە کەسایەتی پێ دەبەخشێت وە.. کەسایەتی بەهرەیەکی سروشتی نییە کەوا مرۆڤ لەگەڵ شتەکانی دیکەدا لە باب و باپیـرانەوە بۆی مـابێـتـەوە، لە ڕاسـتـیـدا دەردەستکراوە و لە کـۆمـەڵگادا پێک دێت بەبێ کـۆمـەڵگا کەسایەتیش دروست نابێت ئەگەر هاتو لە منداڵیـیـەوە مـرۆڤـێک لەنێـو ئاژەڵاندا پەروەردە بوو ئەوا کـەسـایەتی تێـدا نارسکێت و هەست بە خـۆکـردنی تێـدا پەیدا نابێت..)ل٢٥ ئێمە هەتا لە ژیان بین لە کـۆمـەڵگەدا دەژین، بەشی هەرە زۆری بیـرکـردنەوەمـان، کـاروباری ڕۆژانەمـان لەسـەر بنچینەی سروشتی کۆمـەڵایەتی دامـەزراوە ئەو سـروشـتـەی هەر لەڕۆژانی منالێماندا وەری دەگرین لە قـوولایی هۆشی ناومـاندا جـێگیـر دەبێت لەسـەر ئەو ڕێچکەیەشـدا دەڕۆین چ لێی بە ئـاگـابین یـان لێـی بـێ ئاگابین..)ل٣١.

نووسـەر هەروەکـو لەسـەرەتاوە خسـتـمـانە ڕوو توێژینەوەکەی بۆ دوو بەش یان بەسـەر دوو لایەندا (کـەسـایەتی مـرۆیی و کـەسـایەتی تاکی عیـراقی) دابەش کـردووە کـە کەسایەتی تاکی عیراقی سەنتەری ناونیشـان و بنەمـای تێر و تەواوی بابەتەکەیە.

## کەسایەتی تاکی عیراقی – شخصية الفرد العراقي

لەبەر تیشکی توێژینەوە لە ڕووی دەروونشـیکاری و پەیبـردن بە نهێنییەکانی ئەودیوی نەست و بەڵگە تیۆری و پراکتیکییەکان کە وەردی لە توێژینەوەکەیدا تایبەت بە کەسایەتی مرۆڤ تیۆریزەی کردووە و ئەوەش دەخاتە ڕوو کە بە تەواوی دڵنیا نییە لە دروستی ئەو ئاکامە هیوا خوازە ئەم وشەیە هاندەرێک بێت بۆ کەسانی دیکە لە توێژەرەوان بەردەوام بن لە بەدواداچوونی ئەم توێژینەوەیە کە دەشێ بگەنە ئاکامی یەکلاکەرەوە، بەڵام بۆ پەنجە خستنە سەر خەوشەکان، وەردی وای بەباش دەزانێت لەم قـۆناغـە ناسکەی مێژووی عیراقدا زەین بدرێتەوە خەوشەکان و بۆ ئەوەی بتوانرێت چاک بکرێنەوە و لە بری ئەوەی باس لەلایەنە چاکەکان بکرێت کە هیچ سوودی تێدا نییە جگە لە خۆ بە گەورەکردنێکی خراپ.

ئینجا نووسەر لە پاش ئەوەی دەگاتە نیوەی دووەمی توێژینەوەکەی دەڵێت : (دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر تێبینی ئەوەم کرد کەوا کەسایەتی تاکی عیراقی جۆرە دووفاقییەکی تێدایە...)ل٤٢، من نکوڵی لەوە ناکەم کەوا دووفاقی کەسایەتی دیاردەیەکی گشتییە و بە سووکی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە لە هەر شوێنێک کە مرۆڤی لێ بێت..ل٤٣.

مرۆی عیراقی زێتر لە کەسانی دیکە عاشقی نموونە باڵاکانە و لە ئاخاوتن و نووسینەکانیدا زیاتر بانگەشەی بۆ دەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە هەموو خەڵک زێتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەم نموونانە لادەدات.

دواتر نووسەر بۆ دەرخستن و لێکدانەوەی هۆیەکانی کەینونەی دووفاقیەی کەسایەتی تاکی عیراقی لە سێ لایەنی زۆر هەستیاری ئەو دیاردەیەوە (لایەنی ژیاری، لایەنی کۆمەڵایەتی، لایەنی دەروونی) قسان دەکات.

لە دەستپێکیدا لە ڕووی ژیار (حضاری)یەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆنی مێژوویی کە بیابانی ڕۆخی عیراق سیفەتی تایبەتی خۆی هەبووە، بەدرێژایی سەدەکانیش وشکانییەکەی ڕوو لە زیادبوون بووە، وەپاش کەمبوونەوەی باران لە چەرخی بەستەڵەکی چوارەمدا وڵاتی عیراق دەبێتە دیاردەی بیابان و زۆرترین دانیشتوانی تێدا جێگیر دەبێت کە ئەودەم لە ڕووی ژیانی کشتوکاڵییەوە کەشێکی گونجاو و لەباری هەبووە کەواتە لە عیراقدا، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتەوە دوو ژیار لە ململانێدابوون (ژیاری دەوارنشین) و (ژیاری کشتوکاڵی) یاخود ئەوی یەکەمیان (بەهێز) و دووەمیان (بێ هێز) کەواتە (لەسەر ئەم بنچینەیە

دوو سیستەمی بەهاکان دروست بووە، سیستەمێک باوەڕی بەهێز و ئازایەتی هەیە و بەهاکانی سەرفرازی و ئازایەتی و شکۆداری.. هتد تێدا باوە لە سیفەتەکانی جەنگاوەری داگیرکەر کە لە تەک ئەویشدا سیستەمێکی دیکە هەیە باوەڕی بە ماندووبوون و خۆڕاگری و باجدان و ملکەچی و بۆخۆگریان هەیە...)ل٤٦.

وەردی لە ڕووی مێژوویيەوە جەختگێڕی لەسەر ئەو دوفاقیە دەکات کە تاک و کۆمەڵگای عیراقی دوچاری بوون بە تایبەتی ڕووە کۆمەڵایەتیەکەی کە لەسەردەمی عەباسیدا جێگیر بووە کە لە عیراقدا زۆربەی زانستە ئیسلامیيەکان پەیدابوون و لۆجیکی یۆنانی وەرگێڕدرا، گەر ئاوڕێک لەو بیرمەندانەی کە هاوبەشیيان لەم بزووتنەوە زانستییە گەورەدا کردووە بدەینەوە دەبینین زۆربەیان لە چینی ژێردەست و زۆربەشیان شارستان بوون کەسیان لە ڕۆڵەکانی دەوارنشینان نەبوون، بەڵام کارەکان لەژێر بەها دەوارنشینەکان مایەوە..)ل٤٧ هەروەها کاتێک باس لەو جودایی و نەریتە دوفاقیەی خەڵکی عیراق دەکات ئەوە لە بۆچوونەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە تاکی عیراقی لە هەموو ڕووەکانەوە جودایی نییە لەگەڵ تاک و خەڵکانی تر تەنها لە ڕووی بیرکردنەوە وە نەبێت کە (بیر لە چەندان بنەما دەکاتەوە و توانای جێبەجێکردنیانی نییە، هەروەها بانگەواز بۆ ئامانجێک دەکات کە ناتوانێ بیگاتێ..)ل٤٩.

لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە توێژەر دابەشبوونی بەرچاو لەنێوان پیاو و ئافرەت و منداڵدا دەبینێت کە سێ توخمی خێزانن لە کۆمەڵگادا و دەڵێت لە عیراقدا (بواری ئافرەت ماڵە و پێویستە لێی دەرنەچێت و پیاو لەکاتی بێ ئیشیدا چایخانەیە و منداڵ دەچێتە کۆڵان و لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا بەملاوبەولا بەرەڵا دەبێت..)٥٢ لەم سۆنگەیەوە وای دەردەخات کە عیراق بە چایخانەکانی بەناوبانگە، (دیارە دەشێت ئەوە هۆیەکەی یەکەم سەرپۆشی ئافرەتان بێت (حیجاب) دووەم پیاو خۆی لەوە گەورەتر دەگرێت کە لەماڵەوە بمێنێتەوە لەگەڵیدا..)ل٥٢. یان (گەر خەڵک زانییان پیاوێک زۆر لەماڵدا دەمێنێتەوە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بەنێرەمووک ناوی دەبەن...) هەمان لاپەڕە.

وە لە عیراقدا لادانی سێکسی زۆربڵاوە ئەویش بەهۆی لێک جیانەکردنەوەی نێوان پیاو و ئافرەت توێژەر دەڵێت: (لادەری سێکسی دەردی دووفاقی کەسایەتی تێدا زۆرترە و کەسێکە ئەوەی شاردوویەتییەوە جیایە لەوەی دەری دەبڕێت و بە دیاری دەخات، کەواتە ناچارە لەبەردەم خەڵک وادەرکەوێت جیا لەوەی لە دەروونیدایە، لەبەر ئەوە دوو کەسایەتی هەیە، کەسایەتییەک بەرامبەر خەڵک خۆی پێدەنوێنێت، کەسایەتیەکی دیکە بەدوای چێژی لاڕۆی خۆیدا دەبات..)ل٥٤ وە بە نیسبەت منداڵانەوە کە پێکهاتەی سەرەتای کۆمەڵگان و لەوانەوە دواتر ئەو نەوانەی دوارۆژ دروست دەبێت کە هەریەکە و هەڵگری جۆرێک لە سلوکی تایبەتی خۆیەتی و توێژەر کە لە پەروەردەی منداڵی عیراقی دەکۆڵێتەوە دەڵێت: (منداڵانمان لە عیراقدا بۆیاری دەچنە کۆڵان.. لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا جۆرە گرووپێکی لە شێوەی چەتەکان پێکدێنن... لێرەوە تەوەری خۆهەڵکێشان لە کۆڵانەکاندا لەو جەمسەرەدا کۆدەبێتەوە کە بەدوو وشەی (بەهێزی و بێ هێزی) دەردەبڕدرێت، هەر منداڵێک هەوڵدەدات بەهێز بێت و بێهێزی لە خۆی دووربخاتەوە، نایەوێت پێی بڵێن: (ژنانی)، خۆی پێ پاڵەوانە هەوڵدەدات پاڵەوانیەکەی بە دەست درێژی کردنە سەر کەسانی دیکە بەدەربخات... گەڕەکچێتی دەکا دوژمنی گەڕەکەکانی دیکەیە... ئەم دەمارگیریە لە گەورەییدا دەبێتە دەمارگیری هۆزگەری یان شارگەری یان تایفەگەری یان ئایینی یان هەر شتێکی لەم چەشنانە، بەم جۆرە تاکی عیراقی زۆر بە توندی دەمارگیر دەبێت...) ل٥٤-٥٥.

کۆتا لایەنی هۆکاری دووفاقیە لە کەسایەتی عیراقیدا (لایەنی دەروونیە) کە زێتر لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکە دوو ڕووی یەک دراون و تێکهەڵکێشی یەک دەبن کە توێژەرەکان ئەم دیاردە دەروونییە لە هەندێک کەسدا وا لێکدەدەنەوە کەوا درێژە پێدانی جۆری ئەو هەڵسوکەوتەیە کە دایک و باوک

لەگەڵ منداڵی کردووە، لەکاتی تەمەن منداڵیدا لەبەر ئەوە (توندی لە پەروەردە و وشکی لە سزادان زۆرجاران دەبێتە هۆی پەیدابوونی ڕیاکاری و دوورڕوویی لە منداڵدا و منداڵی ڕیاکار و دوو ڕوو پێدەگات ئەوەی دەیڵێت مەبەستی نییە و ئەوەی مەبەستیەتی نایڵێ و ئەوەی دەیکا بڕوای پێی نییە و بڕوای بەوە کە نایکات..)ل٥٨ ئینجا شاردنەوەی ئافرەتان لە منداڵ لە تەمەنی پێگەیشتندا و چەپاندن و خەفەکردنی ئەمەش هۆکاری توند و تیژی لەو منداڵەدا بەرجەستە دەکات، لەبەر ئەوە زانایانی بواری پەروەردەی نوێ دەڵێن، واچاکە ڕێساکانی سەپاو بەسەر منداڵان پێویستە ئاسان بکرێن و بواری بدرێتێ، لەبەر ئەم هۆیانەیە منداڵانی عیراق لەژێر گرانی ئەم لەمپەرانەدا کە سەپێنراوەتە سەری دەناڵێنێت و هەوڵدەدات لێیان یاخی بێت لە ڕێگای لادانی یا پشت لێ گرتن و فڕوفێڵ..).

نووسەر پێش ئەوەی کۆتایی بە توێژینەوەکە بهێنێ وەکو فاکتەرێکی کارا باس لە زمان دەکات کە ئەویش ڕوویەکی تری دیاری کەسێتی عیراقی بووە لە زەمەنی ژیاری و کۆمەڵایەتی چۆنیەتی ئاراستەکردنی گوتارەکانیاندا تایبەت بەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان زمانی باو و زمانی پەتییە لەنێوان زمانی کاری ڕۆژانە و زمانی نووسین و دوانبێژی و هێما دەکات بۆ ئەوە کە (وا ڕاهاتووین بە دووزمان قسە بکەین وەک بڵێین بە دوو شێوازی لێک جیاواز بیرکەینەوە، ئێمە لە ژیانی ئاساییدا بەزمانی باوی بازاڕ قسە دەکەین، بەڵام کە ڕووبەڕووی ئاهەنگێک دەبینەوە یان کە دەمانەوێت وتارێک بنووسین یەکسەر بە زمانی پەتی خۆمان هەڵدەکێشین، بەم شێوەیە دوو کەسایەتیمان لەبەردایە بەدوو چەشن بیرکردنەوە...)ل٦٣، نووسەر لە لێکدانەوە و ڕوانینی هزری خۆیدا ئەمە بەدەردێکی کوشندە دێنێتە هەژمار کە ئەمیش هۆیەکی دیکەیە لە هۆیەکانی دووفاقی کەسایەتی عیراقی وە دەڵێت: (لەنێوان زمانی باو و زمانی پەتیدا لە ئەوروپا لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، ئەوروپییەکان شۆڕشیان لەسەر ئەم دووفاقییە کرد لە سەرەتای ڕێنسانسەوە هەردوو زمانیان یەکخستن ئێستا تەنیا جیاوازییەکی کەم ماوە کە جیاوازییەکی سروشتییە لەنێوان زمانی ڕۆشنبیران و زمانی خەڵکە ڕەشۆکییەکە لە هەموو کات و شوێنێکدا بەم شێوەیە دەروونیان لە دووفاقی ڕزگاربوو...)ل٦٥، کەواتە لە دەرئەنجامی ئەمانەدا پێویستە ڕێگاچارە دیاری بکرێت بە:

**یەکەم**: بەرزکردنەوەی ئاستی هاوبەشی کردنی ئافرەت لە جیهانی پیاودا بۆ ئەوەی بەهاکانی پیاو و ئافرەت هیواو ئاوات و نموونە و ئامانجەکانیان وەک یەکیان لێبێت.

**دووەم**: کەمکردنەوەی جیاوازی لەنێوان زمانی باو و زمانی پەتی وەک چۆن خیتاب دەدەن قسە بکەن و چۆن قسە دەکەن وتاربدەن.

**سێیەم**: یاریگە یان باخچەی منداڵان بۆ منداڵان ئامادەبکەن کە تیایدا خۆیان ئامادەکەن بۆ ژیانی چاک لەژێر سەرپەرشتی پێگەیشتووانی بەتوانا.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەو دووفاقییەی کە هەوڵمداوە لە کەسایەتی تاکی عیراقیدا بیدۆزمەوە بە هەموو چینە جیاجیاکانەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و جێی ڕامان و لێوردبوونەوەیە، وابزانم لە بوارەکانی ژیانی نوێدا بە سەرسامی دەمێنێتەوە.. هەتا ئەم کەلێنەمان لەنێوان کارەکانمان و بیرکردنەوەمان و بانگەواز بۆ شتێک بکەین و ئێمە هەروا لەم بارودۆخە ناهەموارەدا پڕ لە بێ ئارامی و پشێوییە بێ کۆتاییەدا دەژین...)ل٦٨.

بەو ئومێدەی توانیبێتم لێدوانێکی کورت و خستنەڕوویەکی شاکارەکەی وەردی-م (کەسێتی تاکی عیراقی) کردبێت کە دڵنیام زۆر زۆر زێتر هەڵدەگرێت.

# ئەلف و بێی کوردی به پیتی لاتینی

لێدوانی: جەلال سنجاوی

له بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان -زنجیره کتێبی منداڵان- لەم ماوەیەدا کتێبی «ئەلف و بێی کوردی به پیتی لاتینی» له دووتوێی ٤٦ لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ و له ئامادەکردنی «محەمەد وەسمان» له چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ له هەولێری پایتەخت چاپ و بڵاوکرایەوە و کەوته بەر دیدی زمانزانان و ئاشقانی ڕێنووسی لاتینی و بزەی خسته سەر لێوی قوتابییه ڕۆح سووکەکانی کوردستان.

ئەم کتێبه دانسقەیه هەوڵدانێکه بۆ بەکارهێنانی ئەلف و بێی لاتینی به ئومێدی ڕزگار بوون له پیتی عەرەبی و گەیشتن به زمانی ستانداری کوردی- زمانی یەکگرتوو-.

لەسەر بەرگی کتێبەکه وێنەی دوو منداڵ «کوڕو کچ» دەبینرێ که جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییان پۆشیوەو به ڕاوەستاوی کتێب دەخوێننەوە، له ڕووپەڕی بەرگی دووەمیش وێنەی «میر جەلادەت عالی بەدرخان» دەبینرێ که ڕۆڵێکی کارای لەم بوارەدا گێڕاوە.



ئاشکرایه پرسی به لاتینی کردنی ڕێنووسی کوردی بەر له پتر لەنیو سەدە لەسەر دەستی ئەم زاته له شام هاته ئاراوە، ئیدی بەم داهێنانه زمانی کوردی بەتایبەتی زاری کرمانجی ژووروو له کۆمەڵێک گیروگرفتی ڕێنووسی و زمانەوانی ڕزگار کرد و هەر خۆیشی لەگەڵ میرانی بنەماڵەکەیدا کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامه و بڵاوکراوەی وەک «هاوار، ڕۆناهی، ستێر، ڕۆژا نوو.... تاد» بەم ڕێنووسه دەرکرد و شۆڕشێکی بڵاوکردنەوەی کوردی له شامدا بەرپاکرد که تا ڕۆژی ئەمڕۆش بڵێسه گڕە نارنجییەکەی له برەودایه، له بارەی بیرۆکەی داڕشتنی ئەم پیتانەوە و بەلاتینی کردنی ڕێنووسی کوردی، میر جەلادەت بەدرخان له لاپەڕە ۳ی ئەم کتێبه دەستەبژێرەدا دەفەرمووێ:

«ئەم ئەلفوبێیەی له ئارادایه و پێی دەنووسین له ئاکامی کۆششێکی زۆرەوە له ساڵی ۱۹۱۹ زایینی هاتۆته ئاراوە، لەوکاتەی به چیاکانی «مەلاتیە»دا ڕەت دەبووین لەنێو ئێلی ڕەشوون، عەقیدی ئێنگلیزی «نوئیل»مان لەگەڵدابوو که دیالێکتی سۆرانی دەزانی، له هەمان کاتدا خوازیار بوو دیالێکتی کرمانجی بزانێت لەبەر ئەوە هەموو

وشەیەکی ببیستایە دەینووسییەوە، منیش لای خۆم دەمنووسییەوە، چ پەندی پێشینان بوایە یان چیرۆکی کوردی، هەندێ جار بەیەکەوە دەمانخوێندەوە بۆ بەراورد کردن، تێبینی ئەوەم کرد عەقید «نوئیل» دەستنووسەکەی لەمن ڕەوانتر دەخوێنێتەوە، بەڵام من تووشی گرفت و دژوار دەبووم لە دەربڕینی هەندێ لە پیتەکان، کەچی «نوئیل» زۆر بەجوانی وشەکانی دەردەبڕی، ئەوەیان هانی دام لە هۆی ئەم دژوارەم بکۆڵمەوە، دواتر بۆم دەرکەوت کە نهێنییەکە لەوەدایە «نوئیل» بە پیتی لاتینی دەنووسێت بۆیە بە ئاسانی دەخوێندرێتەوە، من کە پیتی عەرەبیم بەکارهێناوە وانەبووم، لەبەر ئەوە بڕیارم دا ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئامادە بکەم».

لەم سەرو بەندەدا ناکرێ ڕۆڵی جوامێرانەی زانایانی ڕۆژهەڵاتناسی و دۆستی کوردان فەرامۆش بکەین کە لە قۆناغی پێش میر جەلادەت بەدرخات و پاش ئەم زاتەش بەکردەوە هەوڵ و کۆششی سەرکەوتوانەیان داوە و تا ڕادەیەکی باش ئامانجەکانیان پێکاوە، بۆ نموونە: «ئەگەر بایەخدانی (گارزۆنی M- Garzoni) لە ساڵی ١٧٨٧دا بە زمانی کوردی بەسەرەتای دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی دابنرێت، بە کتێبەکەی لەمەڕ ڕێزمانی کوردی و بایەخدان بە نووسینەوەی زمانی کوردی و فۆنەتیکی زمانی کوردی و دروست کردنی ئەلفوبێی گونجاو لەگەڵ دەنگەکانی، دەکرێت بەسەرەتای بایەخدان بە ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی بژمێردرێت»... ل٢.

بەڵام یەکەم کەس کە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی داڕشت زانای زمانزانی ئەرمەنی «مورگولوف درەسپیان»ی دۆستی گەلی کورد بوو کە ئەلفوبێیەکەی لە ساڵی ١٩٢١ دانا بۆ ئەو کوردانەی لە کۆماری ئەرمینییای سۆفیەتیدا بوون- دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧- کە بە فەرمی ڕێیان پێدرا تا قۆناغی سەرەتایی بە زمانی کوردی بخوێنن، ئەم ئەلفوبێیە کاری پێ کرا.

هەروا «محەمەد وەسمان» هەوڵەکانی مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩١٣ و شوکری فەزڵی لە ١٩١٣ و هاگوب گازاریان لە ١٩٢١ بە ڕێڕەوە سەرەتاییەکانی داڕشتنی ئەلف و بێ کوردی بە پیتی لاتینی دادەنێ، کەچی لە ل٥ دەڵێ: «لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین سەرکەوتووترین ئەلفوبێ ئەوەیە کە لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی زمانەکە دامەزرابێت و پرۆفیسۆر «وریا عومەر ئەمین» ئەم فۆنیمانەی لە زمانی کوردی دەست نیشان کردووە».

پاشان لە لاپەڕەکانی (١٣،١٢،١١)ی کتێبەکە پیتە لاتینییەکان بە هەردوو شێوەی گەورە و بچووک «کەپیتەڵ و سمۆڵ» نیشان دراوە بە دوو ڕەنگی جیاواز، ئینجا بۆ هەر پیتێک لاپەڕەیەک تەرخان کراوە و لە هەر لاپەڕەیەکیش چوار وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ کێشراوە کە ناوەکانیان گوزارشت لە پیتەکە دەکات بۆ ئەوەی خوێنەر پتر چێژ لە خوێندنەوەی کتێبەکە وەربگرێ و ئاشنای پیتەکان بێ.

لە ل٤٦ دوازدە وێنە بە ڕەنگی (ڕەش، سپی، زەرد، سۆر، کەسک، مۆر) دەبینرێ لەگەڵ وێنەی هەندێ میوەجاتی دی بەهەمان ڕەنگ و ڕەنگی جیاواز.

لە کۆتاییدا «محەمەد وەسمان» دەڵێ:

«ئەم کتێبە هەنگاوێکە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و خاڵی سەرەتاییە بۆ خوێندنەوەو گەیشتن بە دیالێکتەکەی دی بەرەو زمانێکی یەکگرتووی خاوەن یەک ئەلفوبێ بۆ ئەوەی لە ئێستاو داهاتوو یەکتر بخوێنینەوەو نەوە دوای نەوە کولتووری نەتەوەییمان دەوڵەمەندتر بێت بە زمانی دایک کە ناسنامەی نەتەوەییە.»

هیوادارین ئەم کتێبە هەنگاوێک بێت بۆ هێنانەدی هیوایەکان کە ئامانجەکەی خزمەت کردنی زمانی شیرینی کوردییەو لە خزمەتی منداڵانی کورد دایە، بۆیە هەموومان بەیەکدەنگ کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ببێ بە وانەیەک و لە قۆناغی سەرەتایی قۆتابخانەکان بخوێندرێت، چونکە بەتەنیا پیتە لاتینییەکان دەتوانن دەنگ و فۆنیمەکانی زمانی کوردی وەک خۆیان بگوازنەوە سەر کاغەز و کێشەی شێوەزاری پارچەکانی کوردستان چارەسەر بکات و زمانی یەکگرتووش لە دایک ببێ، ئێ خۆ هەتا سەریش کوردستان هەروا بە پارچە پارچەکراوی نامێنێتەوە و زوو یا درەنگ کوردستانی گەورەی یەک پارچە هەر دروست دەبێ، ئەوکات کێشەی ڕێنووسی کوردیمان نابێ ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زمانی کوردی زمانێکی بێ کێشەو گرفتە، بەڵام پیتە عەرەبییەکان گیروگرفتی بۆ دروست دەکەن بەتایبەتی لە ڕێنووسی زاری کرمانجی ژووروودا.

جێگای ئاماژەیە کە محەمەد وەسمان لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا سوودی لە سایتە کوردییەکانی ئینتەرنێت وەرگرتووە بەتایبەتی WWW. dibistanikurdi. com هەروا کتێبی ئەلفوبێی کوردی کرمانجی (Kirmanci) لە ئامادەکردنی- کەمال ماڤانە، ڤیرۆز، ماڤانە/١٩٩٩- وانەکان لەم کتێبە وەرگیراون و دیالێکتی کرمانجی باشووری بۆ زێدەکراوە و بابەتەکە بە ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاری کراو بۆ کوردی نووسراوەتەوە.

# دووەم خەلاتێ ئۆسمان سەبری ب دانیال میتەران را هاتە پێشکەشکرن

ئا: ئەحمەد قەرەنی

ژبەر کو ئاپۆ ئۆسمان سەبری خەباتەکا دوور و درێژ هەبوویە دناڤ بزاڤا رزگاریخوازا کوردستانێ داو، ژ ئالیێ نڤیسین و رەوشەنبیریا کوردی ژی دا خزمەتەکا بەرچاڤ کرییە، لەورا چەند خێرخواز و رووناکبیرێن کورد هزرا دانانا خەلاتەکی کربوو، و هەر سال ب یەکی ژ کەسایەتیێن ب ناڤودەنگ ددەن، وەکو رێزلێنانەک ژ بۆ خەبات و خزمەتا وان ژ گەلێ کورد رە.

بەری هەیامەکی گۆڤارا رامان دهەژمارا (١٠٢)دا، ب دوور و درێژی نووچەیا دانانا ئەڤی خەلاتی و چەوانیا پێکهێنان و پەژراندنا وی بەلاڤکر و، هەروەها ژیاننامە و خەبات و شاکارێن ئاپۆ ئۆسمان سەبری ژی ب تێروتەسەلی هاتنە باسکرن، لەورا دئەڤێ گوتارێ دا ئەم ئەوان زانیارییان دووبارە ناکەینەڤە، بەلکو تەنێ نووچەیا دانین و نیشانکرنا خەلاتێ دووەم بەهسکەین کو ل رۆژا (٢٠/١٠/٢٠٠٤)یێ ل پاریسێ پایتەختا فرەنسایێ هاتە پێشکەشکرن ژ بۆ دایکا کوردان خانما دانیەل میتەران، کو ب دەستێ هەلبەستڤانا هێژا (دیا جوان) گەهشتە خانما میتەران، ئەڤە ژی شانازییەکا مەزن بوو ژ بۆ دیا جوان کو ژیان و بەرهەمێن خوە هەموو ژ خزمەتا دۆزا گەلێ خوەدا برینەسەر و دانینە، لەورا ژی ئەو ژ شامێ پایتەختا سووریێ بەرەڤ پاریسێ رێکەفت و ئەرکێ خوەیێ نیشتمانی جێبەجێکر، و ئەڤێ هەلبژارتنێ ژی گەلەک رامان هەنە:

١- هەلبژارتنا دیا جوان ژ بۆ ئەڤی ئەرکی پەیوەندییەکا راستەوخۆ ب خەباتا گەلێ کورد ل رۆژئاڤایا کوردستانێ

ڤـە هەیە و، ب تایبـەتی سـەرهلدانا (١٢)ی ئادارا سـالا پار کـو دەرەنجـامـا ئێش و ئازارێن چەندین سالێن ژیانا کوردانە ل وێ دەرێ.

٢- خـەباتا دیا جوان بەردەوامبـوونا خـەباتا ئاپۆ ئۆسـمـان سـەبری یە و، هیـڤی و ئومـێدێن وی دهێنە بەرهەم، و رەچەلەک و نفشێن کوردان دەست لدویڤ دەسـتی ئالایێ سـەربەسـتـیێ ددەنە یەکـو دوو، و بازنەیێن خەباتا وان هەر مەزن و هێژاتر دبە.

٣- شانازییە ژ بۆ خەباتا ئافرەتا کورد، کو نوینەرا گەلێ کورد ئافرەتەکا خەباتکار بێت و، ئەوا خەلات ژی وەرگـرتی ئـافـرەتا دۆسـتـا گـەلێ مـە بیت، کـو د هەمـوو دەلیـڤـەیان دا پالپـشـتی و پشـتـەڤانیـا دۆزا گەلێ کورد کریە.

٤- بەردەوامـیـا بەخـشـینا ئەڤی خـەلاتی دێ دۆستێن کوردان زێدەتر کەت و، ئەوێ پەیوەندیێ پتر پێشڤەبەت، بەلکو دێ بیـتە شەنگسـتـەکێ موکم کو کورد دۆستێن خوە ژبیر ناکەن.

٥- ئەنجـامـدانا ئەڤـان بیرەوەرییـان و خـەمـلاندنا ئەوان ب سـەمـبـۆلێن نیـشـتـمـانی و ب کـارهێنانا کەلەپوورێ کوردی د رێڤەبرن و رێکخستنا ئەوان دا، ئالیـەکی دن ژ خـەباتا گـەلێ مـەیا چاندی و ژیاری دیار و خویا دکەت.

هەژییە بێژین کو خەلاتێ یەکێ ژ بۆ دۆستێ گەلێ کورد د. ئیسماعیل بێشکچی هاتبوو پێشکەشکرن. خەلاتی دوویێ ژی ب هەمان تەدارەک و ئاهەنگێران ڤە هاتە ئەنجامدان. د ئەوێ شەڤا کو ئاهەنگ هاتیە گێران رێزدار د. کەندال نەزان سەرۆکێ ئەنستیتوتا کـورد - پاریس پەیڤـەک ب زمـانێ فـەرەنسی پێشکەشکر و تێدا خەباتا دانیال میتەران و جهێ وێ ددلێ گـەلێ کـورددا بەحسـکر. پاشـان گـەلەک گۆتار هاتنە خویندن، وەکـو گۆتارا رێزدار مـحەمـەد مـەلا ئەحـمـەد کـو یەک ژ هەڤـالێن بەرێ یێن ئـاپۆ ئۆسمان سەبری بوو. هەروەسا گۆتارەکا دن ژ ئالیێ رێزدار حەیدەر عومەر هاتە پێشکەشکرن، گۆتارەک ژی ب زمانێ عەرەبی ژ لایێ دۆستی گەلێ کورد ڤە نزار نەیوف ڤە ئاهەنگ پتر خەملاند.

چونکە ئاپۆ ئۆسـمـان سـەبری ل (١١)ی مـەها چریا پێشین سالا ١٩٩٣ چوو بوو سەر حەقیا خوە، لەوما ئەڤ خەلاتە ژی هەمـوو سالێ د ئەڤی مەهێ دا دهێتە پێشکەشکرن. ئاهەنگا سالا (٢٠٠٤)ێ ل ئاڤاهیێ ئەنیستیتوتا کوردی ل پاریسێ هاتبوو رێکخستن و گـەلەک سیاسـەتمەدار و نڤـیسکار و دۆستێن گەلێ کورد یێن فرەنسی تێدا بەشدار بوون ژ ئەوانان نوینەری حکومـەتا هەرێما کـوردسـتـانێ سـەیوان بـارزانی و، نوینەرێ پارتیـا دیموکـراتا کوردستان - ئیران و، نوینەرێ پارتیا سوسیالیستا باکوورا کوردستانێ و نوینەرێ پارتیا یەکیتیا کورد ل سـوریا و هەروەسـا گـەلەک ژ نڤـیـسکار و رووناکبیـرێن کـورد وەک جەواد مـەلا، جان کـورد، فەرید مەلا، کەمال سەیدۆ، ئاڤین چیچەک، هیـڤی ئۆسمان سەبری، د. محەمەد زەینۆ و خانما وی، و رێزدار عـەبدولبـاست حەمـۆ و گـەلەکێن دن کـو ژ وەلاتێن ئالمانیـا، ئینگلتـرە، سـوێد، سـویسـرە، هۆلەندا هاتبوون.

هەروەسـا هنەک دوورتر ژ نووچەیا خـەلاتا ئاپۆ ئۆسـمـان سـەبری، ل رۆژا (٨/١/٢٠٠٥)ێ ئەنجـوومەنا پارتیـا کورد ل سـووریێ (رێکخسـتنا هۆلەندا) ب بۆنا سەد سالیا ژ دایکبوونا نڤیسکار و نیـشـتـمـانپـەروەرێ مـەزن ئاپۆ ئۆسـمـان سـەبری چالاکیـەک رێکخست و، هەر د ئەڤێ هەلکەفتنێ دا ئەنجومەنا ناڤبری داخویانەک ژی دەرخستبوو.

ژ ئالیەکی دن ڤە گەلەک رۆشنبیرێن کورد هەول ددەن کـو ئەڤ سـالە (٢٠٠٥) بکەنە سـالا ئاپۆ ئۆسـمـان سـەبری، ژ بەر جـهێ وی یێ مـەزن و خۆشەویست لجەم گەلێ کورد، هەم ژی چونکە ئەڤ سـالە سەد سـالیـا ژ دایکبـوونا وی یە کـو ل رۆژا (٥/١/١٩٠٥)ێ ل گـوندێ نارنجێ ژ دایکبـبوو. نارنجێ ژی گـوندێ روونشـتگەهـا سەرەکێن عـیـلا مـەردیسـان بوو، کـو دکـەڤـیـتە دناڤـبەرا باژارێن مـالاتیـا، روها، سوەرەک و سـەمـسـوورێ دە ل کوردستانا باکوور.




# شیعر وەک چالاککردنی هەستەکان

سەباح ڕەنجدەر



لە هەر ڕۆژێکدا چاوەڕوانی زۆری ڕووداو دەکەم بۆ زانین، بەڵام بۆ سەرناسین و ماناداركردنی ژیان لەڕێی شیعرەوە چاوەڕوانی ڕوودانی خەیاڵی خۆمم.

هیچ ڕۆژێکیش لە بوونم تێنەپەڕیوە بەبێ ئەوەی تێیدا بیر لە شیعر و چێژە مەستکەر و سرووش هێنەکانی نەکەمەوە، مەرجیش نییە نووسیبێتم. دەشزانم هەندێک کپیی خود و گیانی مرۆڤ لە ئارادان تەنیا شیعر لە توانایدا دەبێت شتیان لە بارەوە بڵێیت و پرۆژەی جوانناسییان دامەزرێنێ.

هەقیقەتی ناساندنیان لە شیعرییەتدا کورت بکاتەوە بۆ تیشکۆی بینین، یان گەوهەرێک لەو بۆشاییە بدرەوشێنێتەوە کە لە خود و گیان پەیدا بووە، خود و گیانی داهێنەریش هەمیشە لە بۆشاییدا نقوومەو سۆسەیەتی. ئەمە کێشەیەکی گرینگە لەمێژە مرۆڤی هەستەوەر پێوەیەوە خەریکە.

شاعیر گەمە جیاکانی ئەدەب ئەزموون دەکات، بەومانایەی شیعری فرەدەنگ و نوێبەخش تانوپۆی لە ناو هەموو لکەکانی ئەدەب و نووسین دەچنێ و خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە، پنتی باڵای لکەکانیش ئاشکرا ناکات، ئاشکراکردن بۆ وەرگر دەکات بە پانتاییەکی خەملاّن و چالاککردنی هەستەکان، لەم بارەدا وەرگر وەک توخمێکی زاڵ و کارای نووسین ئیش لە کایەکان دەکات.

شیعر هیچ خاڵێک ڕاناگەیەنێ، بەڵکو خاڵ دەکاتەوە تەنیا شیعرییەتیش یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی. دیمەنی بەشکۆ لە زەیندا دەخاتە پاڵ یەک و گیان ڕێکدەخاتەوە. لە نسکۆ چۆکشکێنەکان شیعر گیانی کۆمەڵگای کوردی ڕێکخستووەتەوەو خستوویەتییەوە سەر هێڵی بووژانەوە.

هەرچەند جارێک ویستبێتم دەربارەی شیعر بدوێم پرسیاری هەستیارتر ڕووبەڕووم دەبێتەوەو ترسێک دوانەکەم دوا دەخات. تەنیا دەقی فرەدەنگیش کە دەنگ و بەردەنگەکان تێیدا یەک یەکتری وەردەگرێتەوە و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن، لەسەردەمی خۆیدا بیر دەکاتەوە، لە پێوەندیی نێوان وێنەو کەسایەتییەکان دەکۆڵێتەوە؛ کۆ دەنگ قووڵ دەکاتەوە، بەهای دۆزینەوەش لەم قووڵکردنەوەیەدا دەبێتە بوونێکی بەرجەستەو جووڵەی لێوە پەیدا دەبن.

خاوەن دەقی فرەدەنگ گشتبینە و بینینی ئاسمانی و زەویی و خەونی بەڕێوەی دەبا. نەک هەر دەبێ تەنیا تەواوی دەنگ و بەردەنگەکان ئاشق بکات، بەڵکو دەبێت هێزی ئاشقبوون لە یەکە یەکەی دانە پەیڤەکانیش نیشان بدات.

شیعر مێژوویەکی دیاریکراوی نییە، لە دەرەوەی مێژوو ڕێڕەوێک بۆ هاتوچۆکردنی شەق دەکات، بە دەگمەنیش نەبێت پێوەندی بە مێژووی نووسینیەوە نامێنێت، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک باری لە پێشینەیە چرکەی تەقینەوەکە دەبێتە مێژووی نووسینی، چرکەی تەقینەوەش تەنیا ئاوازو ئامادەکردنەو بەس، بەڵکو پێکهاتەو دروستبوونەکە کۆمەڵە بارەکەی پێشینەیە. ئەم کۆمەڵە بارە هەڵگری مانان و چرکەی تەقینەوەکەش فۆرم و هێڵی ڕەوتی بەردەوام دەدات بەومانایەی کە کۆمەڵێک باری لە پێشینە زاڵە تێیدا و ماڵی شیعر وەک شوێنێکی تاقانە بۆ تاکی داهێنەر دادەمەزرێنێ.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ هەولێر**